# کورد و بەرخودانەکانی
# لە بەڵگەنامەکانی
# ئەرشیڤی عوسمانیدا

سینان هاکان

# کورد و بەرخودانەکانی لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیڤی عوسمانیدا (١٨١٧-١٨٦٧)

وەرگێڕانی لە تورکییەوە
بەکر شوانی

پێشەکی و پێداچوونەوە
دکتۆر جەبار قادر

* ناوی کتێب: کورد و بەرخودانەکانی لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیڤی عوسمانیدا (١٨١٧–١٨٦٧).
* نووسەر: سینان هاکان.
* وەرگێڕانی لە تورکییەوە: بەکر شوانی.
* بەرگ و سەرپەرشتیاری هونەری: عوسمان پیرداود .
* نەخشەسازی: عیسام موحسن.
* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(١٦١).
* چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.
* تیراژ: ١٠٠٠ دانە.
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٦٧٠)ی ساڵی ٢٠١٢ی پێدراوە.

# کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| M. | محرم |
| S. | صفر |
| Ra. | ربيع الاول |
| R. | ربيع الاخر |
| Ca. | جمادي الاولى |
| C. | جمادي الآخرة |
| B. | رجب |
| Ş. | شعبان |
| N. | رمضان |
| L. | شوال |
| Za. | ذو القعدة |
| Z. | ذو الحجة |
| s. | لاپەڕە |
| BOA. | ئەرشیڤی عوسمانی لە سەرۆکایەتیی وەزیران |
| Fon Kodu | کۆدی سندووق. کەرەستەی ئەرشیڤی سەردەمی عوسمانی بە سیستەمی سەرچاوە لە ژێر "سندووق"ی دەستنیشانکراودا پۆلێندراون. |
| G.No | ژمارەی خانەی ژێر کۆدی سندووقی بەڵگەنامەی جێی مەبەست |
| D.No | ژمارەی دۆسیەی بەڵگەنامەی ژێر کۆدی سندووقی جێی مەبەست |
| A.AMD. | بەڵگەنامەکانی قەڵەمی ئامەدی سەدارەت |
| A.DVN. | بەڵگەنامەکانی قەڵەمی دیوانی (بەیلکچی) سەدارەت |
| A.DVN.MHM | بەڵگەنامەکانی قەڵەمی موهیمەی بابی ئاساف |
| A.MKT. | بەڵگەنامەکانی قەڵەمی مەکتوبی سەدارەت |

| | |
|---|---|
| A.MKT.DV. | بەڵگەنامەکانی بەشی نووسراوگۆڕینەوە لەگەڵ فەرمانگەکان لە قەڵەمی مەکتوبی سەدارەت |
| A.MKT.MVL. | بەڵگەنامەکانی بەشی نووسراوگۆڕینەوە لەگەڵ "مەجلیسی ڤالا" لە قەڵەمی مەکتوبی سەدارەت |
| A.MKT.NZD. | بەشی نووسراوگۆڕینەوە لەگەڵ وەزارەتەکان و فەرمانگەکان لە قەڵەمی مەکتوبی سەدارەت |
| A.MKT.UM. | بەشی نووسراوگۆڕینەوە لەگەڵ سەرجەم ویلایەتەکاندا لە قەڵەمی مەکتوبی سەدارەت |
| HAT | خەتی هەمایۆن. بە واتای فەرمانی نووسراوی سوڵتانەکان بەکار دەهێندرێت |
| HR | بەڵگەنامەکانی نەزارەتی خارجییە (وەزارەتی دەرەوە) |
| MVL. | بەڵگەنامەکانی سەرۆکایەتیی "مەجلیسی ڤالا" |
| DH. | نەزارەتی داخلییە (وەزارەتی ناوخۆ) |
| DH.SAIDd. | دەفتەرەکانی نەزارەتی داخلییە (تۆمارەکانی وەزارەتی ناوخۆ) |
| I. | ئیرادەکان |
| I.MVL. | ئیرادەی مەجلیسی ڤالا |
| I.MMS. | ئیرادەی مەجلیسی مەخصوصە |
| I.MSM | ئیرادەی مەسایلی موهیمە |
| HR. | خارجییە (دەرەکی) |
| HR.TO | ژووری وەرگێڕانی دەرەکی |

## پێشەكی:

كتێبی " كورد و بەرخودانەكانی لە بەڵگەنامەكانی ئەرشیفی عوسمانیدا " بەرهەمێكی زانستیی پڕ لە زانیاری مێژووییە. سەرچاوەی سەرەكی زانیارییەكانی ئەم كتێبە بەڵگەنامەكانی ئەرشیفی عوسمانییە. ئەوەی پەیوەندی بە كورد و كوردستانەوە هەبوو لەو ئەرشیفە بۆ ماوەیەكی زۆر بە ڕووی مێژوونووسان و توێژەراندا داخرا بوو. لەم ساڵانەی دواییدا دەرفەتی ئەوە پەیدا بووە كە توێژەران كەڵك لەو گەنجینەیە وەربگرن و هەوڵبدەن دیمەنێكی نزیكی لە ڕاستی پێشكەشی خوێنەرانی كورد و بیانی بكەن.

ئەم كتێبەی توێژەری بەتوانا و لاوی كورد (سینان هاكان) دەربارەی سەردەمێكی گرنگی مێژووی نوێی گەلی كورد لەو بەشەی كوردستان كە بەكوردستانی عوسمانی ناوی دەبرێ. هەندێ بەرهەمی زانستی لە بارەی ئەم سەردەمەوە لە لایەن كوردناسانی یەكێتی سۆڤیەتی جارانەوە بڵاوكراونەتەوە. بەرهەمە زانستییەكانی پرۆفیسۆر جەلیلێ جەلیل" كوردەكانی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە نیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەهەمدا"، كە لە مۆسكۆ لە ساڵی ١٩٧٣ دا بڵاوی كردەوە، هەنگاوێكی گرنگ بوو لەم بوارەدا. پێش ئەوەش تێزی دوكتۆراكەی بۆ " بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد لە پەنجاكان و هەشتاكانی سەدەی نۆزدەهەمدا" تەرخان كرد و لە ساڵی ١٩٦٣ بەرگری لێ كرد. هەروەها كتێبەكەی لە بارەی " سەرهەڵدانی كوردان لە ساڵی ١٨٨٠ " كە لە ساڵی ١٩٦٦ لە مۆسكۆ بڵاوكرایەوە. ئەو لە بەر ڕۆشنایی بەڵگەنامە و دەكومێنتەكانی ئەرشیفی ڕووسیای چاری و سەرچاوە ڕووسی وئەرمەنی و ڕۆژئاواییەكان لە پرسەكانی ئەو سەردەمەی مێژووی كوردی كۆڵیوەتەوە و گەلێ پرسی گرنگی ئەو سەردەمەی ڕوون كردۆتەوە، بەڵام دەستی نەدەگەیشتە ئەم بەڵگەنامانەی كە (سینان هاكان) دەستی پێیان گەیشتووە.

کوردناسی سۆڤیەتی خالفین لە " ململانێ لە سەر کوردستان – پرسی کورد لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سەدەی نۆزدەمیندا "، کە لە ١٩٦٣ لە مۆسکۆ بڵاوکرایەوە، ململانێ و کێبڕکێی دەوڵەتە زلهێزەکانی سەدەی نۆزدەهەم لە سەر باڵادەستیی لە کوردستان شیکردووەتەوە و کاریگەرییەکانی لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان لە کوردستان خستۆتە ڕوو. ئەمیش وەکو جەلیلێ جەلیل پشتی بە سەرچاوەکانی ئەرشیفی ڕووسیا و گەشتنامە و بەرهەمەکانی ڕۆژهەڵاتناسانی ئەورووپا بەستووە. پێش ئەمانیش بە زیاتر لە نیو سەدە، ئەڤریانۆف لە کتێبی " کورد لە شەڕەکانی ڕووسیا لە دژی ئێران و تورکیا لە سەدەی نۆزدەهەمدا"، کە لە تفلیس لەساڵی ١٩٠٠ دا بڵاوکرایەوە، زانیارییەکی زۆری دەربارەی کوردانی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران و جوگرافیای بڵاوبوونەوەیان وهۆز و خێڵەکانیان و توانای سەربازییان و ڕۆڵیان لە شەڕەکاندا ...هتد تۆمار کردبوو.

هەروەها دیپلۆمات و گەڕیدە و پەیامبەرە رۆژئاواییەکانیش هەندێ زانیارییان لە بارەی ئەم ڕووداوانەوە تۆمار کردووە و بە شێوەیەك لە شێوەکان خوێنەری کورد پێیان ئاشنا بووە. لێرەدا باس لە بەرهەمی نووسەران و مێژونووسانی کورد ناکەین، چونکە لە بەردەستدان و بە ئاسانی خوێنەر دەتوانێ بۆیان بگەڕێتەوە. واتا خوێنەری کورد زانیاری گشتی لە سەر کەسایەتییە کاریگەر و ڕووداوە مێژووییەکانی ئەو سەردەمە هەیە، بەڵام ئەم ڕووداوە مێژووییانەی هاکان لە ڕێگەی بەڵگەنامە و دەکومێنتەکانی ئەرشیفی عوسمانییەوە دەیانگێڕێتەوە، پانتاییەکی فراوانتر لە زانیاری و وردەکاری پێشکەش بە خوێنەر دەکەن.

ڕەنگبێ ئەم بەڵگە و چیرۆکانە بۆ ئەوانەی خەریکی هەڵبەستنی مێژوویەکن کە دڵ دەیخوازێ و لە هەوڵی ئەوەدان کەسایەتییە مێژووییەکان بێ بەڵگەی مێژوویی باوەڕپێکراو فریشتەئاسا وێنا بکەن، مایەی واقوڕمان و سەرسوڕمان بن، بەڵام بۆ ئەوانەی بە دوای مێژووی ڕاستەقینەدا دەگەڕێن،

بابەتەکانی ئەم کتێبە دەرفەتێکی باشن بۆ تێڕامان و خوێندنەوەی بابەتیانە و ڕەخنەگرانەی مێژووی نەتەوەییمان. پاڕانەوە و وتەکانی مێر و بەگزادانی کوردیش بۆ ئەمانەی دوایی نابنە مایەی بێ هیوایی و نەفرەت لێکردن، چونکە لە چوارچێوەی کات و شوینی خۆیاندا سەیریان دەکەن و دەیانرخێنن.

لە ماوەی سێ سەدەی ڕەبەقدا، کە لە سەرەتای سەدەی شازدەهەمەوە دەسپێدەکات و لە دەسپێکی سەدەی نۆزدەهەمدا کۆتایی دێت، دەوڵەتی عوسمانی سیاسەتی دەستکاری نەکردنی پێکهاتە و پەیکەری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی و کوردستانی پەیرەو دەکرد و دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی کار و باری هۆز و گەلێ دەڤەری دوورەڕێی دابووە دەست میر و دەرەبەگ و سەرەك هۆزەکان. ئاکامەکانی ئەم سیاسەتە کاریگەری و شوێنەواری زۆری لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان لە کوردستان بەجێهێشت.

لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمەوە، کاتێ کاربەدەستەتانی دەوڵەتی عوسمانی لەوە بە ئاگا هاتن کە لە وڵاتانی ئەورووپا بە جێماون و دەرکیان بەوە کرد لە گەلێ بواردا، بە تایبەتی لە بواری سوپا و بەڕێوەبەرایەتی و خوێندن ....هتد وەدواکەوتوون و ئەگەر کار بەو شێوەیە بڕوات ئەوا دەوڵەتەکەیان لە بەین دەچێت، دووربینەکانیان بڕیارپیاندا هەندێ گۆڕانکاری و چاکسازی بکەن. کاروانی چاکسازی بە ئاسانی بەڕێ نەکەوت و ڕوو بە ڕووی بەرهەڵستی و کۆسپ و تەگەرەی زۆر هات. بەڵام دەسەڵاتداران چاریان نەبوو دەبوایە سوپا ڕێکبخەن و بەچەك و ڕاهێنانی هاوچەرخ تەیاری بکەن. لە بوارەکانی بەڕێوەبەرایەتی و ئابوری و ماف گەلانی ناموسوڵمانیشدا بە زۆر بە سەریاندا هەندێ چاکسازی سەپێندران. لە مێژووی عوسمانیدا ئەم پرۆسەیە بە تەنزیمات نێوی ڕۆیشتووە.

ئەم کتێبە لە بەر ڕۆشنایی بەڵگە و دەکومێنتەکانی ئەرشیفی عوسمانی ئەو پرۆسە پڕ لە ئێش و ئازارەمان لە کوردستان بۆ دەگێڕێتەوە و وردەکارییەکانی شیدەکاتەوە.

دۆخی نیوە سەربەخۆی میرەکانی کورد و هەڵوێستیان لە بەرانبەر دەوڵەتی عوسمانی بە تێپەر بوونی کات بوو بە هۆی ئەوەی لە دەروازەی باڵا سیاسەت دابڕێژرێت بە مەبەستی دامەزراندنی بەڕێوبەرایەتی ناوەندی لە کوردستان و کۆتایی هێنان بە میرنشینە کوردییەکان. هەوڵەکانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ گەیشتن بە ڕەوتی دەوڵەتانی پێشکەوتووی ئەورووپا پێویستییان بە دەسەڵاتێکی ناوەندی بە هێز هەبوو و ئەم پێویستییە لە کوردستان ڕێکخستنەوەیەکی نوێی سەپاند.

ئا لێرەوە سیاسەتی نوێی دەوڵەتی عوسمانی لە کوردستان سەرچاوەی گرت و لە ماوەیەکی کورتدا میرنشینەکان لە بەین بران و گۆڕانکاری لە بەڕیوەبەرایەتی و پەیکەری کارگێڕی کوردستان ئەنجام دران. لە نیوەی دووەمی سییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا کوردستان بوو بە گۆڕەپانی شەڕ و پێکدادان لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و میرە کوردەکاندا. ناتوانین باسی شەڕی دوو بەرە بکەین چونکە هێزەکان هاوسان نەبوون. میرنشینەکانی کوردستان هەرچەندە لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەژیان، لێ لە ڕاستیدا ئەوان قەوارەی سەدەکانی نێوەڕاست بوون، نەك سەردەمی نوێ. بێ ئاگا بوون لە پێشکەوتنەکانی دونیا و تەنانەت گۆڕانکارییەکان لە نێو خودی دەوڵەتی عوسمانیدا، ئەوەتا بەدرخان بەگ دوای گرتنی و بردنی بۆ ئەستەموڵ دەڵێت " ئەگەر بمزانیبایە تەنزیمات بەم چەشنەیە، ئەوا بەر لە پێنج ساڵ بە خۆم دەهاتم بۆ ئەستەموڵ". سەرباری ئەمانە ئەو میرنشینانە هەرچی هێزیان هەبوو لە ململانێی دژ بە یەکدا بە فیڕۆیان دابوو و بەشێکی گرنگیان لە دانیشتووانی کوردستان کردبوو بە دوژمنی خۆیان. خەیانەتکاریش ڕۆڵێکی زۆری هەبوو لە لاوازکردنی بەرخودانی میرانی کورد لە دژی عوسمانیان. لە

بەر ئەو هۆیانە و چەندین هۆی تر خۆیان لە بەردەم سوپای عوسمانیدا بۆ نەگیرا و لە ماوەیەکی کورتدا لە بەین چوون.

بەشی چوارەمی تەنزیمات سەرچاوەی سیاسەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی بە ئاراستەی لە نێوبردنی میرنشینە کوردەکان و بە هێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندی لەو هەرێمە بوو. جێبەجێکردنی تەنزیمات لە دژی ئەو پێکهاتەیە کۆمەڵایەتی و کارگێڕییە بوو کە میرنشینەکان لە ماوەی سەدەکانی ڕابردوو دا پاراستبوویان و ڕوو بە ڕووی دەوڵەتی کردنەوە. باشترین نموونە بەدرخان بەگ بوو کە بۆ ساڵانێکی زۆر هاوپەیمانی دەوڵەت بوو، بەڵام تەنزیمات کردی بەنەیاری عوسمانیان. تەنزیمات لە کوردستان، کە ڕوو بە ڕووی نارەزایی میرانی کورد بووەوە، خاڵە سەرەکییەکانی ئەمانە بوون:

١. ئەنجامدانی چاکسازی و سەر لەنوێ ڕێکخستنەوەی کارگێڕی و دەستکاری سنوورەکانی ویلایەت و سەنجەق و قەزاکان.

٢. دانانی فەرمانڕەوای سەربازی لای هەر والیەك بۆ هێزەکانی دەڤەرەکە و دەفتەرداریش بۆ کاروباری دارایی.

٣. دامەزراندنی ئەنجومەنی خۆجێیی لە ویلایەت و سەنجەقەکان و نوێنەرایەتیکردنی مسوڵمانان و نامسوڵمانان بە پێی ژمارەیان لەو ئەنجومەنانەدا.

٤. کۆکردنەوەی باجی دەیەك (عەشار) لە لایەن فەرمانبەرانی داراییەوە و کۆکردنەوەی باجی (جزیە)ش لە لایەن پەتریارکەکانەوە.

ئەم ئامانجانە بە تەواوی پێچەوانەی پێکهاتەی باوی کوردستان بوون، چونکە میرنشینەکانی کورد هەموو باجەکان لە لایەن خۆیانەوە کۆ دەکرانەوە و لە جێگەی ئەنجومەنی خۆجێیی میر و دەرەبەگەکان دیوەخانیان هەبوو. میر بە خۆیشی فەرماندەی هێزەکان بوو. تا ئەو کاتە دەسەڵات لە میرەوە بۆ کوڕەکەی یا خزمێکی نزیکی دەڕۆیشت، تەنانەت کە میری سۆران لابرا ڕەسول بەگی برای لە شوێنی دانرا. کاریگەرییەکانی تەنزیمات و

سیاسەتی بە ناوەندیکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی یەکیان گرت و لەماوەی چەند ساڵێکدا لە کوردستان خۆیان خستە ڕوو، بە تایبەتی دابەشکردنی نوێی زەوی و مەسەلەی کریستیانەکان بە ڕابەریەتی مار شەمعون کە لەگەڵ ڕاگەیاندنی تەنزیماتدا خۆی لە سایەی پاراستنی ئەورووپای کریستیانیدا دەبینی و بەو پەری بێباکییەوە هەڵس وکەوتی دەکرد.

دواکەوتنی پەلامارەکانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ ناوەڕاستی سییەکان پەیوەندی بە یاخیبوونی هێزەکانی یەنیچەری (ئینکیشاری) لە پایتەخت لە چارەکەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، خەباتی گەلی یۆنان لە پێناو سەربەخۆیدا، سەرهەڵدانی بزاڤی وەهابی لە عەرەبستان و یاخیبوونی محەمەد عەلی پاشای میسرەوە هەبوو.

ئەو بەڵگەنامانەی لەم کتێبەدا بەکارهاتوون بریتین لە ڕاپۆرتەکانی کاربەدەستانی باڵای سەربازی و کارگێڕی لە ناوچە کوردییەکان لە بارەی سەرهەڵدانەکانی میر و سەرەك هۆز و دەرەبەگە کوردەکانەوە، کە بەرزکراونەتەوە بۆ دەروازەی باڵا " بابی عالی". نامە و نامەکارییەکانی والییەکانی سیواس و بەغدا و موسڵ چ لە نێوان خۆیاندا و چ لە گەڵ کاربەدەستانی باڵای دەوڵەتدا لە ئەستەمولّ لە بارەی ئامادەکارییەکانەوە بۆ لە نێوبردنی میرنشینەکان، بەباشی بەکار هێنراون. ئەوەشی کە بۆ ئێمە زۆر گرنگە نامەکانی میران و سەرەك هۆز و دەرەبەگە کوردەکانە، کە بەشێکیان لە کاتی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکاندا دەستیان بە سەردا گیراوە و لە ئەرشیفی سەرۆکایەتی وەزیران پارێزراون. ئەم بەڵگانە گەنجینەیەکی مێژوویی گرنگن کە تا چەند ساڵێك بەر لە ئێستا دەرفەتی ئەوە لە ئارادا نەبوو کەڵکیان لێ وەربگیرێت.

لەم بەڵگانەدا کۆچ و بەهارە هەواری خێڵە کوردییەکان لە نێوان ئێران و دەوڵەتی عوسمانی، کە بوونەتە هۆی ئاڵۆزی و ناکۆکی گەورە لە نێوان هەر

دوو دەوڵەتدا، خراونەتە ڕوو و باس لەو ئالۆزییانە کراوە کە جم و جوڵی هۆزە کوردییەکان دەبوونە هۆیان، هەڵبەتە لە تەك هەوڵی هەردوو دەوڵەتدا بۆ بەکار هێنانی ئەو هۆزانە لە دژی یەکدی. بەڵگەنامەکان بە دوور و درێژی باس لە هۆز و خێڵەکانی سەر سنووری نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێران دەکەن و چۆن ناکۆکی ئەم هۆزانە و سەرهەڵدان و کردەوەکانیان بوونەتە هۆی ئالۆزکردنی پەیوەندییەکان. یەکێ لە نموونە سەرەکییەکانی ئەم بگرە و بەردانە کێشەی عەشیرەتی جەلالی بوو کە لە خاکی ئێرانەوە پەڕیببوونەوە بۆ ئەو ناوچانە کوردییانەی لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوون .

یەکێ لە پرسە سەرنج ڕاکێشەکان باسی ئەو کانزایانە، کە لەو سەردەمە زووەی مێژووی نوێدا بوونەتە هۆی ململانێی ئێران و دەوڵەتی عوسمانی و پەلاماردانی یەکدی. کانزای زەرنیخی هەکاری نموونەیەکی زەقی ئەو بگرە و بەردە و بازرگانییە بوو لە نێوان کاربەدەستانی عوسمانی و ئێران، هەروەها بووە هۆی پەلاماردانی مێرنشینی هەکاری. قەڵاکانی کوردستان، کە مەڵبەندی سەرەکی بەرخودانی میرانی کورد بوون، هۆیەکی گرنگی ململانێی ئێران و دەوڵەتی عوسمانیش بوون، چونکە بایەخی سەربازییان بۆ هەردوولا زۆر بوو.

هێرشی سوپای عوسمانی بۆ سەر میرنشینی سۆران پەیوەندی بە ئەنجامەکانی یاخیبوونی محەمەد عەلی پاشای میسرەوە هەبوو. دەوڵەتی عوسمانی بۆی دەرکەوت دەبێ هێزی سەربازی خۆی زیاتر نۆژەن و مۆدێرن بکات. کۆتایی شەڕی میسری - عوسمانی دەرفەتی هێناوە کایەوە بۆ پەلاماردانی میری سۆران لە لایەن سوپای عوسمانیەوە. کشانەوەی ئێرانیش لە دەڤەری بابان و یارمەتینەدانی میری سۆران دەستی عوسمانیەکانیان کردەوە. هێرشەکانی میری سۆرانیش لە نێو خۆی کوردستان دوژمنی زۆریان بۆی پەیدا کردبوو.

بەڵگەکان باسی ئەو نامانە دەکەن کە سەرەك هۆز و مەلا و دەرەبەگی کورد لە دژی یەك نووسیویانە و داوایان لە دەوڵەت کردووە کە تەمێی ئەم میر و ئەو میر بکات. تەنها بۆ نموونە داواکاری سی و سێ کەسایەتی برادۆست، بەرواری، مزووی، زێباری و موفتی و شێخانی زاخۆ و ئاکرێ و ئامێدی لە ڕەشید پاشا بۆ تەمێ کردنی میری سۆران. هەروەها چوونیان بۆ لای والی بەغدا بۆ ئەوەی لە دژی میری سۆران هانی بدەن. ئەمە هەڵوێستی میرانی سۆران و شێروان و گارزانیش بوو. ئەم نامە و بەڵگانە و سەدانی تریش دژی ئەو بۆچوونە نا زانستییانەن کە دەیانەوێ ئەو میرنشینانە وەکو قەوار و حکومەتی نەتەوەیی و سەرکردەکانیان وەکو سەرکردەی نەتەوەیی وێنا بکەن، لە کاتێدا بیری نەتەوەیی لە ئەورووپاش لەو ئاستەدا نەبووە، کە ئەمانە باسی لێوە دەکەن.

نامەکارییەکان ئەو ململانێیانەش دەخەنە ڕوو کە لە نێوان والیەکانی عوسمانیدا بوونە، بۆ نموونە والی بەغدا پێی خۆش نەبووە، والی سیواس دەست بخاتە کاروباری ئەو ناوچانەی سەر بەو بوون وەکو ئامێدی، بابان، سۆران. ئەوەی سەرنج ڕاکێشە هەر چەند والی بەغدا خۆی بە بەرپرسیار زانیوە، بەڵام دانیشتوانی کوردستان زیاتر سەیری سیواسیان کردووە وەکو سەرچاوەی چارەسەر کردنی کێشەکان، نەك بەغدا.

پەلهاوێشتنی میری سۆران بۆ ناوچەکانی بابان و بادینان، کە سەر بە ویلایەتی بەغدا بوون و هەرێمەکانی جەزیرە، بۆتان، گارزان و شێروان، کە سەر بە ویلایەتی سیواس بوون، وایان کرد کە هەردوو ویلایەت خۆیان لە کاروباری سۆران هەڵقورتێنن. لەم بارەیەوە نامە و نامەکاری زۆرمان لە بەر دەستن لە نێوان بەغدا و سیواس وموسڵ و دەروازەی بالادا بۆ یەکخستنی هەوڵ و پیلانەکان لە دژی میری سۆران.

مایەی تێڕامانە کە سەرکردەکانی دەوڵەتی عوسمانی، وەکو ئەوانەی لە دوایی ئەوانیش هاتن ڕقێکی ئەستوریان لە کورد هەبووە، بۆ نموونە ڕەشید

پاشـای موشـیری سـیواس لـه ڕاپۆرتێکـدا لـه یـەکی نۆڤەمبـەری ١٨٣٥ بـە (ئەکرادی لەعین) و ( قەومی چیا ) ناوی کورد دەبات.

نامە و ڕاپورتەکانی موشیر ڕەشـید پاشـای سـیواس وردەکـاری شـەڕ و پــەلامارەکانی لــە دژی مــیری ســۆران دەخەنــە ڕوو و ڕێگــە دەدەن ڕەوتــی ڕووداوەکان سەرلەنوێ دابڕێژینـەوە، وەکـو دەرهێنـانی جـەزیرە لـە دەسـتی هێزەکانی میری سۆران. لە کاتێکـدا مـیر سـەیفەدین، کـە ئـامۆزای بـەدرخان بەگ و باوکی یەزدانشێر بوو و بەدرخان بـەگ بـە کودەتایـەك دەسـەڵاتی لـێ زەوت کردبوو وئەو ململانێیە لە دواییدا دەبێتـە هـۆی گـورزێکی سـەخت لـە دەسەڵاتی بەدرخان بەگ لە جەزیرە، بە ناوی میری سۆرانەوە فـەرمانڕەوایی جەزیرەی دەکرد، عوسمانییەکان لە پاش دەرکردنی جەزیرە لە دەست میری سۆران دایان بە بەدرخان کە پەیوەندی باش بوو لەگەڵ عوسمانییەکاندا.

هــەروەها ڕاپۆرتــەکانی ڕەشــید پاشــا باســی ئــەوەش دەکــەن کــە بەدرخانیـەکان خۆیـان بـە نـەوەی خالیـدی کـوڕی وەلیـد دادەنـا، زۆر جـار ناسناوی "خالیدی" بەو میرانە دراوە. ئەمـەش یـەکێکی تـرە لـە کێشەکانی مێژووی زوربەی میرانی کورد، کە ڕەچـەڵەکی خۆیـان بـە بـێ بەڵگـەی بـاوەڕ پێکراو بردۆتەوە سەر بنەماڵە و کەسایەتییە عەرەبە ناودارەکان.

شکستی میری سۆران باشـوری کوردسـتانی بـە تـەواوی شـەکەت کـرد. میرانــی بابــان گوێڕایــەڵی خۆیــان بــۆ دەروازەی بــاڵا ڕاگەیانــد و بەڵێنیانــدا پەیوەندییان لەگەڵ ئێراندا ببڕن. سەیر لەوەدایە مـیری سـۆران لـە پایتـەخت پلەی "فەریقی" پێدرا و هیچ سزایەکی بۆ دەر نەچوو و بـە پێـی بەڵگەیـەکی ئەرشیفی عوسمانی ڕێگەی پێدرا بگەڕێتەوە بـۆ کوردسـتان و کۆیـە، هـەریر، ڕەواندز، پردێ و هەولێرش، کە پێشتر لە ژێـر دەسـەڵاتیدا بـوون، بخرێنـەوە ژێر دەستی. کـەتخودای والی بەغـدا ( لێـرەدا بـە واتـی نوێنـەری والـی بەغـدا بـەکار هـاتووە) حـاجی بـەکر ئاغـا، کـە لەگـەڵ مـیری سـۆراندا چـوو بـووە ئەستەمۆڵ، لە ڕاپۆرتێکدا سەبارەت بە میری سۆران ئەوەی ڕاگەیانـدووە کـە

خاوەن دەسەڵات و پێگرییەکی بەرفراوانە و ئەگەر لایەنگیری لە دەوڵەت بکات، ئەوا دەتوانێت خزمەتی پڕ بایەخ پێشکەش بکات، بەڵام نیگەرانی خۆشی نا شارێتەوە لە لێبوردن و گەڕانەوەی بۆ دەڤەرەکە. والی بەغدا زۆر دژی گەڕانەوەی میری سۆران بوو و پشتیوانی والی سیواسیشی لەم بارەیەوە بەدەستهێنا بوو و داوای کرد تا ڕوونبوونەوەی پرسەکان لە ئەماسیا ڕایبگرن. موتەسەریفی ئەماسیا بە فەرمانی دەروازەی باڵا خۆی و حاجی ئاغا، کە خرا بووە تەکی ڕادەگرێ و نیشتەجێیان دەکات. والی بەغدا پێشنیاری ئەوەشی کردبوو کە ڕەوانەی ڕۆمیللی بکرێت. هەرچەندە نازانرێ میر چۆن لە نێوچوو، بەڵام بە هۆی ڕاپۆرتێکەوە دەزانین کەی کۆچی دوایی کردووە، لە ٢٦ دیسەمبەری ١٨٣٨ بە "موتەوەفا" تۆمار کراوە.

یەکێ لە نامە سەرنجڕاکێشەکان باسی تەلەعفەر دەکات، کە دوازدە سەعاتەڕێ لە سنجارەوە دوورە و دەڵێ ژمارەی دانیشتوانی دوو هەزار خێزانە و وەکو شەنگالیەکان ئێزیدین. هەروەها ئاماژە بە کردەوەکانی سوپای عوسمانی لە دژی ئێزیدییەکان دەکات.

دەربارەی شەڕی گازران مارشاڵی ئەڵمانی هێلمۆت فۆن مۆلتکە، کە لەو شەڕانەدا لە ڕیزەکانی سوپای عوسمانیدا بوو، لە نامەیەکیدا لە تەمموزی ساڵی ١٨٣٨ دیمەنێکی ترسناکی ئەو شەڕانە دەکێشێ و دەڵێ "ناکرێت بۆ ئەم شەڕە ئیرەییمان پێ ببەن، لە سەرەتاوە تا کۆتایی قێزەون و ترسناک بوو ........ ژنانی بریندار هەن، بەڵام هەبوونی ئەو منداڵانەی کە بە نووکی ڕم بریندار بوون، تیشکێکی تاڵ و پڕ ئازار بە سەر ئەم بزوتنەوە سەربازییەدا دەکشێت".

سەنگەر گۆڕینی میران و کاربەدەستانی کورد لە نێوان سەرهەڵدان و لایەنگیری کردندا لە سوپای عوسمانی و ململانێیان لەگەڵ یەکدیدا و بەشداری کردنی کوردانی موسڵمان لە هێرشەکانی سوپادا لە دژی کوردی ناموسڵمان بەشێکن لە دیمەنە خەمگینەکانی ئەم مێژووەی کە لەم کتێبەدا

نووسەر لە ڕێگەی بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانییەوە دەیگێڕێتـەوە. زۆر لەو میرانەی لە دژی دەوڵەت ڕاپەڕیون دژی ئەوە نەبوونە لە پاش ماویەك لـە تەك هێزەکانی دەوڵەتدا شـەڕی هاوپـەمانانی دوێنێیـان بکـەن. نـوورڵڵا بـەگ میری هەکاری نموونەیەکی زەقی ئەم ڕەوشەیە.

خاڵێکی تری سەرنج ڕاکێـشی ئـەم میرانـەی کـورد لـە وەدایـە کـە دوای ئەوەی ڕاپەڕینەکانیان دادەمرکێندرێن و خۆیـان ڕادەسـتی دەوڵـەت دەکـەن، بەڵێن دەدەن گوێڕایەڵی دەوڵەت بن و بـەپێی فەرمایـشتەکانی کاربەدەسـتان هەڵسوکەوت بکەن. تەنها کاتێ لە شکست نزیك دەبنـەوە بـیر لـە هاوکـاری و یەکریزی دەکەنەوە.

هەڵبەتە نابێ ئەو ڕاستیە لە یاد بکەین کە ئەم بەڵگەو دەکۆمێنتانـە لـە کۆتاییـدا لــە لایــەن کەســانێکەوە نووســراون، کــە زوربــەیان ڕاســتەخۆ سەرپەرشتی دامرکاندنەوەی سەرهەڵدانەکانی میران و بەگزادەکانی کوردیـان کردووە، یـا بـەلانی کەمـەوە بەشـداریی چـالاکیان تێـدا کـردووە. هەڵوێـستی پێشوەختەی ئەو کاربەدەستە سەربازی و کارگێڕیانە لە دژی میر و سەرکردە کوردەکــان کــارێکی چــاوەڕوانکراوە، بۆیــە خوێندنــەوەی ڕەخنەگرانــە و بابەتیانــەی ئــەم بەڵگەنامــە و دەکومێنتانــە ئــەرکی زانــستی توێــژەر و خوێنەریشە. دەتوانم بڵێم نووسەر ئەم کارەی بەباشی کردووە و شـیکردنەوە و بەدواداچوونەکانی مایەی بایەخ و سەرنجدانن.

دەوڵەتی عوسمانی کە بە درێژایی چـوار سـەدە سـتەمی زۆری لـە کـورد کردووە، بەڵام بە پاراستنی بەڵگەنامە و دەکومێنتەکانی تایبەت بە کورد، بێ ئەوەی بیەوێ خزمەتێکی گەورەی بە کورد کـردووە بـۆ ئـەوەی لـە دوا ڕۆژدا بتوانێ مێژووەکەی خۆی بنووسێتەوە.

ئەنجامی هێرشەکانی سوپای عوسمانی لە ساڵانی ١٨٣٤ – ١٨٣٩ ئەوە بوو کە سوپای عوسمانی گەیشتە شوێنگەلێك، کە چەند سەدەیەك بـوو هـیچ هێزێکی سوپا نەیگەیشتبوونێ. میرانی جـەزیرە لـە شـەڕەکانی دەوڵەتـدا لـە

دژی میرنشینە کوردییەکانی لایەنگری دەوڵەتی عوسمانی بوون. شکستی دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕی نیزیپ لە بەرانبەر سوپای میسر دا بە ڕابەرایەتی برایم پاشای کوڕی محەمەد عەلی پاشا لەساڵی ١٨٣٩، دەرفەتێك بوو بۆ لاواز بوونی دەستی ئاسنینی دەوڵەتی عوسمانی لە کوردستان و خۆ کۆکردنەوەی میرانی کورد.

ئەم بەڵگانە ئەو ڕاستییە بە باشی دەردەخەن کە دابڕاندنی جەزیرە لە دیاربەکر و لکاندنی بە موسڵەوە یەکێ لە هۆیە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی بەدرخان بەگ جەزیرە بوو. هەرچەندە ئەو کارەی بەدڵ نەبوو، بەڵام بە ناچاری ڕەزامەندی خۆی بە والییەکانی بەغدا و مووسڵ ڕاگەیاند بوو. هەروەها تاوانبارکردنی بەدرخان بەگ لە لایەن کاربەدەستانی عوسمانییەوە بە پەیوەندی و هاوپەیمانی لەگەڵ مەحمود خاندا یەکێ لە هۆیەکان بوو. وادیارە عوسمانیەکان لە پەیوەندی و هاوپەیمانی میرانی کورد زۆر نیگەران دەبوون (وەکو پەیوەندییەکانی بەدر خان و محمود خان)، چونکە دەیانزانی ئەوە دەتوانێ کێشەیان بۆ دروست بکات.

ئەوەی مایەی تێڕامانە لەم بوارەدا، ئەو هەموو پاکانانەیە کە بەدرخان بەگ کردوویەتی، گوایە هیچ پەیوەندی بە سەرهەڵدانی میرانی بادینان و محمود خانەوە نیە و ئامادەیە تەنانەت لە دژیان بجەنگێ، تەنانەت ئامادە بووە بچێت لە دیاربەکر دابنیشێ بۆ ئەوەی لەو "تومەتانە" ڕزگاری ببێت. زۆریش هەوڵی داوە مەحمود خان پەشیمان بکاتەوە لە ململانێ لەگەڵ دەوڵەتدا و ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ لە نێوبردنی سەرهەڵدانەکەی ئەگەر دەستی لەو کارە هەڵنەگرت.

لەم کتێبەدا و لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامەکان وردەکاری زۆر لەسەر بەرخودانی ئیسماعیل پاشای ئامێدی تۆمار کراون و ئەوە ڕوون کراوەتەوە کە چۆن هەوڵی داوە هۆزە کوردییەکان هان بدات لە دژی والی مووسڵ ڕاپەڕن. لە ڕێگەی ئەم بەڵگەنامانەوە ئەوەش دەزانین کە لە نامە نووسیندا

میرانـی ئامێـدی و سـۆران و بابـان و مـەحمود خـان و گـەلێکی تـر زمـانی فارسـییان بـەکار هێنـاوە و بـەدرخانیش زمـانی عـەرەبی . لـە نامـەکانی ئیسماعیل پاشادا بە فارسی بۆ میرانـی خۆشـناو، نوێنـەری قـەزای هـەولێر، ئاغـای مـزوری، مـیری هـەکاری، بـرای مـیری سـۆران و هەنـدێ لـە ئاغاکـانی زێبـاری و زاخـۆ دەنووسـێ، کـە پێـشتر هـەواڵی گرتنـی قـەڵاکانی ئامێـدی، کامەری، چالك و شێخۆی پێیان ڕاگەیاندبوو، ئەمجار گوندی قۆشیشی گرت و لێـرەوە تـا چـیایی مـەقلوب هەرچـی گونـد هەیـە هـەمووی تـاڵان کـردووە و دانیشتوانەکەی کوشتووە، هەندێکیـشیانی بـەدیل گرتـووە. قـەڵای ئاکرێـشی گرت و دوو میری تێدا بەجێ کرد تا ئەو دیوی چیای مەقلوب سـەربازی زۆری هەیـە و هـەر هـەموویان بـە هـۆز و عەشـیرەتەوە لـە گونـدی شـێخان جـێگیر کراون. ئەوەشی پێ ڕدەگەیەنێ لە نامەکەیدا کە کەس توانای ئەوەی نیە لـە ویستی ئەو لا بـدات وپێیـان دەڵـێ " ئێـوەش غـیرەت بنـوێنن و کاتێـك ئـەم نووسراوەمان دەگاتە لاتان، بە پێی توانا بە سەربازی پیادە و سـوارەوە ڕوو لە ئێمە بکەن. ڕۆژی خزمەت ئەمڕۆیە. ئەوەی لەم مەسەلەیەدا خزمەت بکات، بەری ڕەنجی خۆی دەبینێت".

لە نامە گۆڕینەوەشدا لەگەڵ ڕەسووڵ بەگی ڕەواندز ئـەو خەباتـە وەکـو "هـەولی کوردسـتان" ئامـاژەی پێکـراوە و بـاوەڕی بـەو وتەیـە هـەبووە کـە دەڵێت "با تەمەنت کورت بێت و سـەرت بڵنـد بێـت" بـە ئاشـتی ڕازی بـووە، بـەڵام بەلایـەوە گـرینگ بـووە چـۆن ئاشـتیەك و بەچـی شـێوەیەك؟ لەگـەڵ ئەوەشدا دوای ئەوەی سەرۆك هۆز و دەرەبەگەکان لایەنگری لێناکەن خۆی و سەعید پاشا و سەراجەدین پاشای برای خۆیان ڕادەستی والی موسڵ دەکـەن و لـە بەغـدا نیـشتەجێ دەکـرێن و بـەم شـێوەیە میرنـشینی ئامێـدیش سـەر دەنێتەوە.

یەکێ لە بابەتە گرنگەکانی ئەم کتێبە بابەتی جزیرە و بەدرخان بەگـە و هاوپەیمانێتییەتی لەگەڵ نورولا بەگی هەکاری و مەحمود خاندا. لەم بـوارەدا

باسی کێشەی بەدرخان بەگ لە گەڵ نەستورییەکاندا کراوە و بەوە دانراوە کە بەدرخان بەگ لە ئاڵ و گۆڕە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان تێنەگەیشتووە و ئاگای لەوە نەبووە کە تەنزیمات چی گۆڕانکاری لەو بوارەدا هێناوەتە کایەوە. دەستێوەردانی ئینگلیز وفەرەنسی و مسیۆنێرەکان لەم کێشانەدا بە زەقی دیارن و کرستیانەکان هەندێ جار لێکدانەوەی نادروستیان بۆ خەتی هەمایۆن و گویلخانە هەبووە کە کارگەرییان لەم ڕووداوانەدا هەبووە. دەستێوەردانی دەوڵەتانی زلهێز ئەورووپایی لە پرسی کرستیانەکاندا ئاکامەکانیماڵوێرانکەر بوون. لە گەڵ ئەوەشدا ئاماژە بۆ ستەم و زۆردارییەکانی بەدرخان بەگ لە بەرانبەر کرستیان و ئێزیدییەکان کراوە کە بە دیلی گرتوون و لە بازارەکانی بەغدا و حەڵەب فرۆشراون.

ئەوەی سەرنج ڕاکێشە، هەرچەندە بەدرخان بەگ بە هەموو مەرجەکانی دەروازەی باڵا قایل بووە و ملکەچی خۆی ڕاگەیاندووە، بەڵام دادی نەداوە، چونکە دەوڵەت بڕیاری وابوو هەموو ناوچەکان ڕاستەوخۆ بەڕێوە ببات و هیچ شێوازێکی سەربەخۆیی و نیمچە سەربەخۆیی لە ئارادا نەمێنێ. هەرچەندە بە هۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ نەستورییەکاندا، ئینگلیزەکان خۆشیان بە چارەیدا نەدەهات، لەگەڵ ئەوەشدا بەدرخان بەگ پەیوەندی بە کۆنسوڵی ئینگلیزەوە لە مووسڵ کردووە و هەوڵی داوە ئەو هەوڵ بدات پەیمان و ملکەچی بگەیەنێت بە دەروازەی باڵا و ئەوەشیان پێ ڕابگەیەنێت کە بە هەموو مەرجەکان قایل بووە. هەرچەندە ئینگلیزەکان داخوازییەکانیان گەیاندە جێگەی مەبەست، بەڵام دادی نەدا و دەوڵەت پێگیر بوو لەسەر ئەوەی هێرشی بکاتە سەر.

دەوڵەت لە دوورەوە وایدەزانی کە بەدرخان بەگ بەهێزە، بەڵام بە وتەی نازم ئەفەندی، کە بە ناوی دەوڵەتەوە چووبووە لای بەدرخان بە باشی لە "دەردە کوردە" گەیشت و بۆ دەوڵەتی بەیان کرد، کە ئەگەر سوپای عوسمانی هێرش ببات، ئەوا "زۆربەی ئەوانەی لە دەروبەری کۆ بوونەتەوە

سـەنگەری خۆیـان دەگـۆڕن". واتـا دەوڵـەت لـە لاوازی و بێهێـزی قـەوارەی بـەدرخان بـە باشـی گەیـشتبوو. دەوڵـەت پـەنای بـردە بـەر هەڵوەشـاندنی هاوپەیمانی میرانی کورد و یەك بە دوای یەکدا لە بەدرخانی دوورخـستنەوە و دەکەوتنە پاڵ دەوڵەت دوای دیاری و نیشان وەرگرتن وەکو شـەریف پاشـا و نورولا بەگی هەکاری....هتد.

لـە ڕاپۆرتێکـدا کـە لـە ڕێکـەوتی ٢٤ ئایـاری ١٨٤٧ ئامـادەکراوە، ئەمـە هاتووە "بەدرخان بەگ لە بەرانبـەر سـوپای عوسمـانی بـەرگری پێناکرێـت و ئاشـکرایە هەڵـدێت و ئـەو کاتـە بـۆ خۆقـایمکردن دەچـێتە قـەڵای وان. بـۆ ڕێگەگرتن لـەو ئەگـەرە، بڵاوەپێکردنـی تـاقمی مـەحمود خـان و دابینکردنـی ئاسایشی وان کارێکی گونجاو دەبێت".

لێرەشدا ناپـاکی سـەرۆك هـۆز و دەرەبەگـە کوردەکـان ڕۆڵی خۆیـان لـە شکـستەکاندا کـەم نـەبوو، وەکـو ناپـاکی عەبـداڵ خـان و فـازڵ بـەگی بـرای مەحمود خان، کە یەکەمیان خۆشی بە چارەی بەدرخاندا نـەدەهات، چـونکە لە ساڵی ١٨٣٨، کاتێ مەحمود خان و براکانی لـە دژی دەوڵـەت دەجـەنگان، بەدرخان و لایـەنگرانی لەتـەك دەوڵـەت بـوون و ئـەمانیان بەزانـد. لەدوایـشدا فازڵ بەگ قەڵای وانی بەدەستەوە دا و بوو بە پیاوی عوسمانییەکان.

ئەوەی گرینگە لەم کتێبەدا نامە ونامەکاری میران و دەرەبەگ و سەرۆك هۆزە کوردەکانە کە بۆ یەکیان ناردووە یـا و بـۆ کاربەدەسـەتانی دەوڵـەتیان ڕەوانە کردووە، ئەمەش پێشتر بە هۆی ئەوەی کوردی بۆ خۆی ئەرشیفی نیە و ئەرشیفەکانی داگیرکەرانی کوردستانیش بەداخراوی ماونەتەوە  خاڵێکی پڕ بایەخی ئەم کتێبەیە. لە ڕێگەی زانیارییەکانی ئەرشـیفی عوسمـانی دەزانـرێ کە میرانی بۆتان و بەتایبەتی بەدرخان بەگ نامەکانی بە عەرەبی نووسیووە. ئەوانی تریش بە فارسی یان بە تورکی. هیچ زانیارییەکمان لە بەردەستدا نیە کە بـاس لـەوە بکـات کـە یـەکێ لەمانـە نامـەی بـە کـوردی نووسـیبێت، لـەم کتێبەشدا بەڵگەیەکی وا بەرچاو نەکەوتووە .

نامه و بەڵگەکان ئەوەش دەخەنە ڕوو کە بەدرخان بەگ خەریکی ئەوە بووە ڕێگە خۆش بکات بۆ ئەوەی ڕابکات بۆ ئێران، بەڵام نوێنەرانی ڕووسیا و بەریتانیا هۆشدارییان داوە بە ئێران کە ڕێگەی نەداتێ چونکە ئەوە کێشەی نێو دەوڵەتی لێدەکەوێتەوە و پێویستە ئێران خۆی بە دوور بگرێت لە هەڵس و کەوتی لەو جۆرە. کاربەدەستانی عوسمانی هەوڵی زۆریشیان دا شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی لە بەدرخان دووربخەنەوە و لەم بارەیەوە سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێنا.

ناپاکی یەزدانشێر کوڕی میری پێشووی جەزیرە سیفەدین و زاوای نورولڵا بەگی هەکاری گورزێکی پشتشکێن بوو بۆ بەدرخان، بەڵام هیچ ئاماژەیەك نیە بۆ ئەو چیرۆکەی گوایە ئەو یەکێ لە سەرکردەکانی سوپاکەی بەدرخان بووە. واپێدەچێ ئەم چیرۆکە دوای سەدەیەك هەڵبەسترابێ لە لایەن نەوەکانی بەدرخان بەگەوە، چونکە ئەو میر سەیفەدین و یەزدانشێری کوڕی لە دەسەڵات دوورخستبووەوە و ڕێی تێناچێ ئەرکی پاراستنی میرنشینەکەی پێ سپاردبێت. ململانێی بەدرخان بەگ و میر سەیفەدین و یەزدانشێر نموونەیەکی زەقی ململانێ بوو لە سەر دەسەڵات لە میرنشینی بۆتاندا.

ئەوەی دەبێ لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە لەتەك ململانێی دوور و درێژی عوسمانی ـ ئێراندا لە کوردستان، لەم سەردەمەی مێژوودا وڵاتانی وەکو ڕووسیا، بەریتانیا، فەرەنسا و بگرە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بوونە بە خاوەن قسە و بڕیار لە پرس و کێشەکانی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئێران وەکو جاران نەیدەتوانی هاوکاری کورد بکات، سەردارانی کورد لە گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان لە ناوچەکە بێئاگا بوون و باشترین بەڵگەش لێدانی نەستورییەکانە لە لایەن بەدرخانەوە، کە بەڵگەیەکی باشی دا بە دەست وڵاتانی ئەورووپاوە بۆ ئەوەی پێگە و دەسەڵاتی خۆیان بەهێز بکەن. هەروەها ستەمی بەدرخان لە کرستیانەکان بارێکی هێنایە کایەوە لە لای بیروڕای گشتی ڕۆژئاوایی کە عوسمانیەکان مافیان هەیە لە

کوردەکان بدەن و تەمێیان بکەن و درزێکیشی خستە نێوان کورد و ئەرمەن و هەموو کرستیانەکانی کوردستانەوە کە بۆ ماوەیەکی زۆر زیانێکی گەورەی هەبوو. ڕەنگبێ ڕۆڵیشی کەم نەبووبێ لەو وێنە دزێوەی گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسەکان بە درێژایی سەدەی نۆزدەهەم بۆ کوردیان کێشا و بە جیهانیان پیشاندا.

ئەوەی پێویستە لەم بارەیەوە ئاماژەی پێبکرێ ئەو ستەمەیە کە بەدرخان بەگ لە ئێزیدییەکانی کردووە، بەڵام لە بەر ئەوەی ئەورووپاییەکان لە سەر کرستیانەکان هاتنە دەنگ و باس و خواسی زۆریان لە بارەیەوە بڵاو کردەوە و کەس لای لە ئێزیدییەکان نەکردووە، ئەم پرسە بایەخی پێویستی لە مێژووی ئەو سەردەمەدا پێنەدراوە.

ئەو چەکانەی میرە کوردەکان لە بەرانبەر سوپای نوژەنکراوی عوسمانی بە یارمەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەکاریان دەهێنا، وەختیان بەسەرچوو بوو و لە توانایاندا نەبوو بەرگەی تۆپەکانی سوپای دەوڵەت بگرن. تۆپی چیایی کاریگەر بوو لە شەڕەکاندا و بە هۆی ئەو تۆپانەوە کورد فاکتەری خاکی شاخاوی لە دەستدا و ناپاکی دەرەبەگ و سەرەك هۆزە کوردەکان سوپای عوسمانییان گەیاندە سەختترین ناوچە چیاییەکانی کوردستان. قەڵاکانیش کە سیمبولی دەسەڵات و بەرخودان بوون، بوون بە ئامانجی تۆپەکان و وێران کران. ڕەنگبێ ئەمەش وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە زۆر جار دەکرێت دەربارەی ئەو میرنشینانە لە کوردستاندا کە بە دەگمەن شوێنەواریان لە پاش بەجێماوە.

بەڵگەنامەکان بە چارەنووسی خەمگینی میر و سەرکردە کوردەکانمان ئاشنا دەکەن و لە ژیان و ڕۆژانی دەربەدەرییان ئاگادارمان دەکەن. بۆ نموونە بەدرخان بەگ و مەحموود خان کاتێ خۆیان ڕادەستی سوپای عوسمانی دەکەن، لە ئابی ١٨٤٧دا لە لایەن قایمقامی پێشووی دیاربەکرەوە محەمەد ڕەشید بەگ و بە پارێزراوی ڕەوانەی ئەستەموڵ دەکرێن. ژمارەی

سەرجەم ئەوانەی لە گەڵ بەدرخان بەگ و مەحمود خاندا بۆ ئەستەموڵ دوورخرانەوە ٢٢٥ کەس بوون، ١١٠ کەسیان سەر بە مەحموود خانن و ١١٤ شیان سەر بە بەدرخان بوون. تەنانەت براکانی مەحمود خانیش کە لە کاتی ڕاپەڕینەکاندا ناپاکیان کرد، لە گەڵ ئەودا ڕەوانەی ئەستەموڵ کران. بەدرخان و پێنچ کوڕی، برازایەکی، مامێکی، چوار ژنی، ١٠ کچی، ٩ کەنیزەك، ١٠ خزمەتکار، سێ ژنی ساڵح بەگی برای و چوار کۆیلەی ئەوان و کچێکیان تۆمار کراون. ناوی سێزدە کەس لە بنەماڵەی بەدرخان بەگ و یازدە یاریدەدەری لە بەڵگەنامەکان تۆمار کراون و لە لیستێکی تریشدا ناوی چل و نۆ کەس وەك پەیوەنداری بەدرخان تۆمارکراون.

بەدرخان بەگ و مەحموود خان لە ئەستەموڵ لە گرتووخانە قایم کران و لە ڕۆژی چواردەیەمدا دەست کرا بە وەرگرتنی وتەکانی هەردووکیان و کەسە ناودار و لە پێشەکانی تر و هەموو وتە وەرگێراوەکان کراون بە ڕاپۆرت.

وتەکانی بەدرخان بەگ پاڕانەوەی زۆریان لە سوڵتان تێدایە و پەشیمانی زۆریشی دەربڕیوە لە هەڵس و کەوتەکانی لە بەرانبەر دەروازەی باڵادا. داوی لێخۆشبوون دەکات لە سوڵتان و دان دەنێ بەوەدا کە ئەو بە باشی تێنەگەیشتووە لە تەنزیمات، ئەگەر بیزانیبایە بەو جۆرەیە، ئەوا پێنج ساڵ لەوەبەر دەهاتە ئەستەموڵ. ئەوەندە شەیدای ئەستەموڵ دەبێت، دەڵێت" ئەوەی نەیەت بۆ ئەستەموڵ، لە ڕەگەزی مرۆڤ نیە". هەموو کێشەکانی خۆی لە گەڵ دەوڵەتدا بۆ ئەوە گەڕاندوەتەوە کە پاشاکانی سیواس و موسڵ و ئەرزەڕۆم داوای دوو هەزار تورەکە ئاقچەیان لێکردووە، ئەویش نەیداوە، بۆیە بوونە بە دوژمنی و لە لای سوڵتان بە خراپی باسیان کردووە. هیوای بە سوڵتان هەبووە کە بیبەخشێ و لەم بارەیەوە دەڵێ "نەمدەزانی ئەستەموڵ بەم جۆرەیە، ئێستا زانیم، بە خێزان و کوڕەکانمەوە هاتم بۆ سێبەری سایەی شاهانە و پەنام هێناوە. ئەمڕۆ فەرمان بە دەست خۆیەتی، من کۆیلەی سوڵتانم و ڕازی نابم ئازادم بکات. خێزانم کەنیزەیەکی

سـولّتانه و كوڕەكانيـشم كۆيلـەزادەی ويـن و ئەگـەر ئـارەزوو دەكـات بـا هـەمومان فـڕێ بداتـە دەريـاوە، يـان ئەگـەر ئـارەزوو دەكـات لـە ڕووی ميهرەبانييەوە لێبوردن بفەرموێت. هەرچيەك بۆ شەئنی شاهانە گونجاوە، با بفەرمووێت وا بكرێت. بە گشتی ئەگەر پيـاوی بـچووك كـاری نابـەجێ بكـات، كاری پياوی گەورە لێبوردنە". ئەم وتانەی بەدرخان بەگ كـە لـە كـاتی وتـە وەرگرتنەكانيدا تۆمار كراون دەبـێ لـە چوارچـێوەی كـات و شـوينی خۆيانـدا بخوێنرێنەوە.

وتەكانی مەحموود خـانيش زۆر جيـاواز نـين لـە وانـەی بـەدرخان بـەگ، ئەوانی تر بە تايبەتی براكانی مەحموود خان هەميـشە پێيـان لـە سـەر ئـەوە داگـردووە كـە ئـەوان لـە تـەك دەوڵەتـدا بوونـە نـەك " يـاخيبووان" و هـيچ پەيوەنديان بە مـەحمود خـانی برايانـەوە نيـە و نـازانن بـۆ گـيراون. سـوڵتان وەڵامی ئـەرێنی پاڕانـەوەكانی بـەدرخان بـەگ و ئـەوانی تـری نەدايـەوە و لـە ئاكامدا بڕيار درا بەدرخان بەگ و تايفەكەی بۆ دوورگەی كريت دووربخرێتەوە و مـەحموود خـانيش بـۆ بولگارسـتان و تـامردن ڕێگـەی پێنـەدرا ئـەوێ بـە جێبهێڵێ. بەدرخان بەگ و مەحموود خان بران بۆ دەروازەی باڵا وپێيان وتـرا ئـەو هـەڵس و كەتـەی لـە بەرانبـەر خراپەكارييـەكانيان كـرا، لوتـف و خێـری سوڵتانە بۆ ئەوان و داوايان لێكرا لە شوێنی نوێی نيشتەجێبوونيان تا كۆتايی ژيـان سـەرقاڵی حـاڵی خۆيـان بـن و پەيوەنـديكردنيان بـە كوردسـتانەوە بـە هەموو شێوەيك لێ قەدەغە كرا.

بـە بۆنـەی سـەركەوتنی دەوڵەتـەوە بـە سـەر ميرانـی كـوردا ميـداليای ڕێزلێنان بە ئەفسەرانی سوپای عوسمانيدا بەخشرا و پلەی ميری ميرانيش لە بەدرخان بەگ وەرگيرايەوە.

يـەكێ لـە باسـە گرنگـەكانی ئـەم كتێبـە باسـی دامەزرانـدنی ويلايـەتی كوردستانە لە ساڵی ١٨٤٧ و زانياری لە بارەی ئەو دەڤەرانەوە كە سەر بـەم ويلايەتــە بــوون. دامەزرانــدنی ويلايــەتی كوردســتان بــە خــاڵی كۆتــايی

دەسەلاَتی میرنیشینە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستانی عوسمانیدا دانرا (هەرچەندە میرنشینی بابانی کەنارگرتوو یەك و دوو ساڵێکی تریش دوای ئەو مێژووە مایەوە). ئەمە ڕەنگدانەوەی تەنزیمات بوو لە کوردستانی عوسمانیدا. ویلایەتی کوردستان لە ( هەکاری، وان، موش، جەزیرە، بۆتان و قەزاکانی مێردین) پێکدەهات. یەکێ لە ناوچەکانی وان کرا بە ناوەندی ئەم ویلایەتە، چونکە لە ناوەندی پێشوو کە خەرپوت بوو، نزیکتر بوو لە سنوورەکانی ئێران و ڕووسیاوە و بۆ جێگیر کردنی هێزی سوپا لە بار بوو و دەکەوتە ناوجەرگەی کوردستانەوە. ناوچەکانی دەوروبەریشی بە هۆی سەرهەڵدانەکانی مەحموود خانەوە بە ناوچەی ئاژاوەگێڕی و بگرە بەردە دادەنران، بۆیە جێگیر کردنی سوپا لەوێ بە کارێکی پێویست زانرا. دواتر لە ساڵی ١٨٥١ دیاربەکر کرا بە ناوەندی ویلایەتی کوردستان. شاری دیاربەکر نزیکەی شازدە ساڵ ناوەندی ویلایەتی کوردستان بوو. بە پێی سەر لە نوێ ڕێکخستنەوەی ساڵی ١٨٦٧ ویلایەتی کوردستان و مەعموریەتولعەزیز (ئەلعەزیز، ئەلازیگی ئێستا) یەکخران و ویلایەتی بە ناو دیاربەکریان لێ پێکهێنرا. بەو جۆرە دوای بیست ساڵ کۆتایی بە ویلایەتی کوردستان هێنرا.

لە ڕێگەی ئەم بەڵگەنامانەوە ئەوەش دەردەکەوێ کە پێدەچێ تێکەلاَوی خێزانی و ژن و ژنخوازی ڕۆڵی زۆری هەبووبێ لە هەڵوێستی میر و دەرەبەگە کوردەکان لە بەرانبەر یەکتری. گەلێ لەو میرانە لە ڕێگەی ژنخوازییەوە تۆڕێکی ئالۆزی تێکەلاَوییان هۆنیبووەوە، بۆ نموونە یەزدانشێر زاوای نورولاَ بەگ بوو، ئەمیش ئاوەڵزاوای شای ئێران بوو.

زوربەی میرانی ئەو سەردەمەی کوردستان شانازییان بەوەوە کردووە کە ڕەچەڵەکیان دەچێتەوە سەر بنەماڵەیەکی دیاری عەبباسی یا عەرەبی تر، بەلاَم هەندێکیان نەفرەتیان لەوە کردووە بە کورد دابنرێن. نورولاَ بەگی هەکاری لە نامەیەکی پاڕانەوەدا بۆ سوڵتان دوای خۆ بە دەستەودانی نووسیویەتی" ئەگەر لە ڕوانگەی تایفەی کوردەوە سەیرمان دەکرێت، ئەعوزو

بیلاهـی تـەعالا ئێمـە وەك بـەدرخان بـەگ و مـەحموود خـان لـە توێـژی سەرهەڵداوان نین. ئەگەر لە سەردەمی هاڕونە ڕەشیدەوە تا ئێستا کەسێك لە ڕەچەڵەکی ئێمە سنووری بەزاندبێت، یـان لـە بازنـەی پابەنـد بـوون دەرچـوو بێت، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە تەنانەت کوێلەی خۆتـانیش کـورد بێـت". واتـا نورولاَ بەگ بە کوفری دەزانێ کە ئەو و بنەماڵەکەی بە کورد دابنرێن، چـونکە ئەوان عەبباسین. جەخت لە سەر ڕەچەڵەکی عەبباسـی خـۆی و بنەماڵەکـەی دەکات و دەڵێت هـەرگیز لـە بەرانبـەر دەوڵـەت بـەرخودانی نـەکردووە و تکـا دەکات لە گەڵ بەرخودانی وەك بـەدرخان بـەگ و مـەحمووود خانـدا نەخرێتـە تای هەمان تـرازووەوە. لـە گـەڵ ئەوەشـدا وەك بـەدرخان دوور خرایـەوە بـۆ کریـت و پەیوەنـدی کـردن بـە کوردسـتانەوە لێـی قەدەغـە کـرا. ئـەم ((عەبباسییە)) نامەکانی بە فارسی دەنووسی.

لە دوای لە نێوبردنی بزافەکانی بەدرخان، مەحموود خان و نـورولاَ بـەگ دەوڵەتی عوسمانی دەست دەکات بە یارییەك بۆ بەکارهێنانی مار شەمعون لە دژی میرانی کورد، بۆیە بانگی دەکەن و ڕێزی لێدەگرن و هەوڵ دەدەن کـەڵك لە نەستورییەکان وەربگرن بـۆ پاراسـتنی هاوسـەنگی لـە ناوچـەکە و زۆریـش هەوڵـدەدەن مـار شـەمعون نەچـێتە ئێـران و لـە لایـەن حکومـەتی ئێرانـەوە بەکاربهێنرێ، بۆیە موچەی بۆ دەبڕنەوە. ئەم یارییە بـە قڕکردنـی ئەرمـەن و مەسیحییەکانی تریش لە دەوڵەتی عوسمانی کۆتایی هات.

دەوڵەت بە مەترسی دەزانێ هەموو سەرداره کوردەکان لە یەك شوێن کۆ بکرێنـەوە، بۆیـە کـاتێ بڕیـار دەدرێ عەبـدالّ بـەگیش بـۆ کریـت بنێردرێـت، کاربەدەستان پێیان باش دەبێ نەینێرێن بۆ ئەوێ، بەڵکو ڕەوانەی دوورگـەی ڕۆدوسی بکەن.

ڕاپـەڕینی یەزدانشێر یـا ئێـزدین شـێر و چارەنووسـی یـەکێکی تـرە لـەو باسانەی لەم کتێبەدا لە بەر ڕۆشنایی بەڵگەنامەکانـدا خراونەتـە ڕوو. ئێـزدین شـێر لـە دوای سـەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکـەی بـەدرخان بـەگ لـە سـاڵی ١٨٤٩

ڕەوانەی ئەستەمۆڵ کرا و دوای ئەوەش نێردرا بۆ موسڵ و لە ساڵی ١٨٥٤ داوای لێکرا سەرباز کۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی لە دژی ڕووسیا بجەنگێ. ئەویش دەستدەکات بە سەرباز کۆکردنەوە لە موسڵ و جەزیرە. ڕووسەکان هانی سەرەك هۆز و دەرەبەگە کوردەکانیان لە دژی دەوڵەتی عوسمانی دەدا، بۆیە هەڵوێستیان گرینگ بوو بۆ سەرهەڵدانەکەی یەزدانشێر. لە بەرانبەردا فەرەنسا و بەریتانیا پشتگیرییان لە دەوڵەتی عوسمانی دەکرد و یەزدانشێریان ئاگادار دەکردەوە، چونکە بەهێز بوونی پێگەی ڕووسیا لە کوردستان وکشانی بەرەو باشور مایەی مەترسی و ناڕەزایی بوو بۆ ئەو دوو دەوڵەتە.

ئەوەی ئاشکرایە یەزدانشێر خۆی نادات بە دەستی سوپای عوسمانیەوە، بەڵکو لە مووسڵ خۆی دەدات بە دەستی ویلیامزی ئینگلیزەوە، کە پلەی فەریقی درابوویە لە سوپای عوسمانی، یەزدانشێر لە بارەگای کونسولخانەی ئینگلیز لە مووسڵ نیشتەجێ کرا. ئینگلیزەکان بۆی تێدەکەون لە لای دەروازەی بالا، بۆیە لە کۆتاییدا ڕەوانەی ئەستەموڵ دەکرێت. کاروانی یەزدانشێر بەرەو ئەستەموڵ بە هەموو کوردستاندا تێدەپەڕێ و لەو گەشتەدا تەنها دوو سەد سەربازی عوسمانی خرابووە تەکی. مایەی تێڕامانە کەسێك لە سەری نایەتە دەنگ و هەوڵ نادات ڕزگاری بکات. دوای ئەوەی دەگەیەنرێتە ئەستەموڵ ڕەوانە ڤیدین دەکرێت کە دەکەوێتە بولگارستانی ئەورۆوە. بە پێی ڕاپۆرتێك لە ڕێکەوتی ٩ کانونی دووەمی ١٨٥٨ یەزدانشێر و مەنسور بەگی برای ڕایانکردووە، بەلام لە بوسنیا دەستگیر کران و لە ٨ نیسانی ١٨٥٨ برانەوە بۆ ڤێدین.

لە سالانی دواتردا بەدرخان بەگ، نورولا بەگ و ئێزدانشێر بەخشران وپلەی جۆراو جۆریان پێ بەخشرا. بەدرخان و یەزدانشێر کران بە پاشا. بەلام مەحمود خان و براکانی نە بەخشران و تا مردن هەر لە ڕۆسچوك بوون لە بولگارستان .

له ڕێگەی بەڵگەنامەکانەوە نووسەری ئەم کتێبە ژیانی دەربەدەری میران و ڕابەرانی کوردمان بۆ تۆمار دەکات و پێمان دەڵێ کەچی زەحمەتیان کێشاوە، بە تایبەتی هەموویان ژمارەیەکی زۆر کەس وکار و دەست و پێوەندییان لە گەڵدا بووە. هەندێ لە کوڕەکانیان لە قوتابخانە سەربازییەکان ئەستەمۆڵ وەرگیران و لە دواییدا خزمەتی دەوڵەتی عوسمانیان کرد. هەرچی ماڵ و موڵکیان هەبوو فرۆشران و چی خەرجێکیان بۆ کرا بوو، تەنانەت خەرجی دوورخستنەوەشیان لەو پارانە دەبردران. هەروەها هەر باجێك لە کاتی خۆیدا نەیاندابوو بە دەوڵەت لەو پارەیە گل دەدرانەوە، هەروەها ئەو سەرانە و باجانەی کە لەکاتی خویدا کۆیان کردبووە، هەمووی لە سەریان کرا بەماڵ و دەبوایە بیدەنەوە، سەرباری فرۆشتنی ماڵ و موڵکیان زۆرجار قەرزاریش دەردەچوون. لەم بوارەدا مەحمود خان نموونەیەکی زەقی ئەو مامەڵە کردنەیە. تا ڕۆژی مردنی لە ٤ دیسەمبەری ١٨٦٦ لە ڕۆسچوك ژیا و نەوەکانی لەوێ ژنیان هێنا و ڕەنگبێ ئێستاش کەسانێك هەبن سەر بەو بنەماڵەیە لە بولگارستان ژیان بەسەر بەرن.

ئەوەی مایەی سەرنج وتێڕامانە میرە کوردەکان لە دەربەدەری و تاراوگەشدا لە ململانێی بێ واتا و ئیرەیی بەیەکبردن نەکەوتوونە. نورولا بەگ لە نامەیەکی پاڕانەوەدا بۆ سوڵتان داوا دەکات ئەویش وەکو بەدرخان بەگ بەر "مەرحەمەتی" سوڵتان بکەوێ و ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو و باو باپیرانی لە سەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانونییەوە ملکەچی دەوڵەت بوونە و هیچ کاتێك لە دژی دەوڵەت کارو کردەوەی یاخیبونیان نەکردووە، بۆیە زۆر دلگرانە بە خەلاتکردنی بەدرخان بەگی "چەتە" و لە بیرکردنی کەسێکی دڵسۆزی وەکو خۆی. نورولا بەگ لە نامەکەیدا بۆ دەربارەی سوڵتان دەڵێ "بۆ خاتری رەسوالله ئەم داوایەم لەبەر چاو بگرن". نورولا بەگ لە ساڵی ١٨٦١ دا لە ئەستەمۆڵ کۆچی دوایی دەکات.

هەروەها لە ١٨٦٥ يەزدانشێریش بەر لێبوردن دەکەوێ، بەڵام ڕێگەی پێنادرێ بگەڕێتەوە بۆ کوردستان. پلەی پاشایەتی پێدرا و دواتر لە سەنجەقی ڤیدین دامەزرێنرا بە موچەی دوو هەزار و دوو سەد و پەنجا قروش. ئەمانە و دەیان باس و خواسی گرنگی تری مێژووی نوێی کورد لە کتێبی " کورد و بەرخودانەکانی لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیڤی عوسمانیدا ١٨١٧ — ١٨٦٧" ی سینان هاکان دەخوێنینەوە.

چەند ساڵێك بوو بڕیارڕ درا بوو ئەم کتێبە وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی و من بۆ خۆم بەشێکم لێ کردبوو بە کوردی، بەڵام بە هۆی سەرقاڵییەوە دەستم لە وەرگێڕانی هەڵگرت و داوام لە وەرگێڕی بە توانا کاك بەکر شوانی کرد بیکات بە کوردی. ئەویش زۆر بە ئەمانەتەوە و بە کوردییەکی پاراو ئەم وەرگێڕانە نایابەی پێشکەش بە هەموومان کرد، کە دەبێ پڕ بە دڵ سوپاسی بکەین.

لە کۆتاییدا هیوادارم باسەکانی ئەم کتێبە ببنە هۆی خوێندنەوەیەکی نوێی ڕەخنەگرانە و بابەتیانەی مێژووی کورد و دوورکەوتنەوە لە هەڵبەستنی چیرۆکی بێ بەڵگە و بێ بنەمای زانستی لە بارەی میر و سەردارانی کوردەوە.

**د. جەبار قادر**

# پێشگوتن

ئامانج لـەم كتێبـە ڕۆشـنكردنەوەی ڕەهەنـدە جۆراوجۆرەكـانی "دوایـین قۆناغی كلاسیكیی پەیوەندییەكانی عوسمانی و كورد"ە و لـە ئامادەكردنیـدا سـوود لـە سـەدان بەڵگەنامـەی ئەرشـیڤی عوسمـانی وەرگـیراوە. ئەرشـیڤی عوسمانی، گەیشتنمان بە زانیاریی زۆر گرنگ سـەبارەت بـە كوردسـتانی ئـەو سـەردەمە، پەیوەنـدیی نێـوان میرەكـانی كـورد[1] لـە نێـوان خۆیانـدا و پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتی و عوسمانی و تێڕوانینی دەوڵەتی عوسمانی بـۆ بەڕێوەبەرایـەتیی خـۆجێیی و هەرێمەكـە مـسۆگەر دەكـات و ژمارەیـەكی زۆر خاڵی تاریكمان بۆ ڕووناك دەكاتەوە. لەو ئەرشیڤانەی جێی باسدا نـەك تـەنیا نووسـراوەكانی لێپرسـراوانی عوسمـانی سـەبارەت بـە كوردسـتان، یـان ئـەو ڕاپۆرتانەی كە لە دەرسەعادەت[2] سـەبارەت بـە هەرێمەكـە نووسـراون، بگـرە ڕووبـەڕووی چـەندین نووسـراو و نامەگۆڕینـەوەی نێـوان میرەكـانی كـوردیش دەبینەوە.[3] هـەروەها نامەگۆڕینـەوەی میرەكـانی كـورد لەگـەڵ لێپرسـراوانی دەوڵەتی عوسمـانی، نامـەكانی دەوڵـەتانی بیـانیی وەك ئێـران و ئینگلتـەرا و ڕووسیا بۆ میرەكانی كورد و ڕاپۆرتەكانی لێپرسراوانی دەوڵـەتانی بیـانی لـەو هەرێمـە بەشـێكی گرنگـی بەڵگەنامـەكان پێكـدەهێنن. گەیـشتنی دەسـت بـە نووسراوی گشت لایەنـەكان سـەبارەت بـە بابەتـەكان بـووە بـە هـۆی ئـەوەی مەسەلەكان بەهەموو وردەكارییەكانیانەوە و بە شـێوەیەكی بێلایـەن بكەونـە بەر تیشكی خۆر.

گـرنگترن سـوودی بەڵگەنامـەكانی ئەرشـیڤ بریتییـە لـە ڕێكخـستنی ڕووداوەكانی ئەو سـەردەمە بـەپێی سیـستەمێكی كرۆنۆلۆجیـك "ڕێكخـستنی ڕووداوەكـان بـەپێی كـاتی ڕوودانیـان"، چـونكە لـە كـاتی وردبوونـەوە لـەو كتێبانـەی پێـشتر سـەبارەت بـەو بابەتنـە بڵاوكراونەتـەوە، دەبینـدرێت لـە زۆربەیاندا هەڵەی كرۆنۆلۆجیكی كراوە و كێماسـیی زۆریـان تێدایـە. بـێ هـیچ

گومانێك ئـەو دژوارییانـەی لـە كـاتی گـەڕان بـەدوای بەڵگەنامـەی نووسـراودا ڕووبەڕووی لێكۆڵەران بوونەتەوە، دیـارترین هۆكـاری ئـەو كەموكورتییانـەن.[٤] ئەرشیڤی عوسمانی سەرچاوەیەكی زۆر گرنگە بۆ ئـەم بابەتـە و نەكردنـەوەی تا ئەم قۆناغانەی دوایی، زیـانی بـە لێكۆڵـەران گەیانـدووە و بـووە بـە هـۆی نەبوونی توانای خۆلادان لە هەبوونی كێماسی و هەڵە لـە زانیـاریی سـەبارەت بە بابەتە مێژووییەكاندا.[٥]

ئێمە دەتوانین ماوەی نێوان سالانی ١٨١٧–١٨٦٧ بە سەرەتای هەندێك لەو كێشانە دابنـێین كـە تـا ئـەم ڕۆژگـارەش درێژبوونەتـەوە و لـەم كتێبـەدا پەیوەنـدیی كـورد و عوسمـانی لـەو سـالانەدا و وردەكارییـەكانی و ڕەهەنـدە جیاوازەكـانی هەڵـسەنگێندراوە و بـە ژمارەیـەكی زۆر زانیـاری و بەڵگـەوە خراوەتە بەر لێكدانەوەی خوێنەر. ئەو سەردەمەم ناو ناوە "دوایـین قۆنـاغی كلاسیك" و هۆكارەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ بەكۆتاهاتنی سیستەمی "میرایەتی (بەگایەتی)" كە لە سەردەمی یاوز سوڵتان سەلیمەوە درێژەی كێشاوە، بەڵام لەو قۆناغە پڕ لە شەپۆلەدا كۆتایی پێ هاتووە. پەیوەندییە كلاسیكییەكانی كـورد و عوسمـانی لەگـەڵ ڕووداوەكـانی وان لـە سـاڵی ١٨١٧دا پێـی نایـە قۆناغێكی نوێ. بەتایبەتیش ماوەی نێوان سالانی ١٨٣٤–١٨٤٧ بەرخودان و شەڕی چڕوپڕی بەخۆیەوە دی و دەوڵـەتی عوسمـانی لـەو ماوەیـەدا هاوكـات لەگەڵ ڕاگەیاندنی ''تەنزیمات''دا سیاسـەتگەلێكی نـوێی پـەیڕەو كـرد و لـە ئاكامی ئەو سیاسەتانەشدا پەیوەندیی كلاسیكیی كورد و عوسمانی بەتەواوی لە ناو چوو. كاریگەرییەكانیشی تا بەفەرمی بەكۆتاهاتنی ویلایەتی كوردستان لـــە ســـاڵی ١٨٦٧دا درێـــژەی كێـــشا. ویلایـــەتی كوردســـتان لـــە دوای دامركاندنەوەی بەرخودانی ساڵی ١٨٤٧ بەناوی "سەرلەنوێ فەتحكردنـەوەی كوردستان" هاتبووە دامەزراندن.[٦]

بـاوكم، ئـەمیرخان هاكـان، لـە ئامـادەكردنی ئـەم كتێبـەدا زانیـاری و شیكردنەوەی بەنرخی نایە بەردەستم و ناهیدە هاكان لە كاروباری ئەرشـیڤدا درێغی نەكرد لە هاوكاریكردنم. سوپاسی ئەوان و گشت ئەو دۆستانەم دەكەم كە لە بەرهەمهێنانی ئەم كتێبەدا ڕەنجیان كێشاوە.

## دەروازە

دەوڵـەتی عوسمـانی پـاش فـەتحکردنی ئیـستانبوڵ ڕووی خـۆی بـەرەو ڕۆژهەڵات وەرگێڕایەوە و بەوەش شەڕەکانی عوسمانی و ئێران گڕیان گـرت و هاوکات پەیوەندیی عوسمانی و کورد پێـی نایـە قۆنـاغێکی نـوێ و پێـشهاتی گرنگی تۆمار کـرد. هـەبوونی کوردەکـان هەمیـشە یـەکێك بـووە لـە فاکتـەرە گرنگەکانی سیاسەتی عوسمـانی و ئێـران لـە بەرانبـەر یەکدی و سیاسـەتیان بەڕووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لە سەردەمی درێژخایەنی شەڕی چڕوپڕەوە کە لە دەورانی یاوز سـوڵتان سەلیمەوە تا واژۆکردنی پەیماننامـەی قەسـری شـیرین[٧] لـە ١٦٣٩دا درێـژەی کێـشا، زۆربـەی میرەکـانی کـورد، جگـە لـە چـەند هەڵاوێردەیـەك، لـە ڕیـزی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون. دەکرێت هۆکارگەلێکی زۆری کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری بدۆزرێتەوە بۆ نەبوونی توانای میرەکانی کـورد بـۆ دانەمەزرانـدنی یەکیەتی لە نێوان خۆیاندا و پاڵدانیان بە دەوڵەتی عوسمانییەوە.

لـەو سـەردەمەدا ئیدریـسی بدلیـسیش ڕۆڵێکـی گرینگـی تێـدا گێـڕا و لـە مـاوەی فـەرمانڕەوایی یـاوز سـوڵتان سـەلیم و سـوڵتان سـلێمانی قانوونیـدا سەربەخۆیی میرەکانی کوردستان لە هەرێمەکانی خۆیاندا لەلایـەن دەوڵـەتی عوسمانییەوە گەرانتی کرابووو. نزیکەی ٣٠ میرنشینی کورد بەناوی موڵکداری (یورتلوك) و میراتگری (ئۆجاكلك) لـە هەرێمـەکانی خۆیـان لەلایـەن دەوڵـەتی عوسمانییەوە بە فەرمی ناسرابوون و بە دەرکردنی فـەرمان خرابوونـە قـاڵبی فەرمیبوونەوە. لە بەرانبەر ئەوەشدا میرنـشینەکانی کـورد ددانیـان نـابوو بـە دەسەڵاتی عوسمانیدا و بەتایبـەتیش ڕۆڵێکـی زۆر گـەورەیان گێـڕا لـە شـەڕە گەرمـەکانی عوسمـانی و ئێرانـدا. میرەکـانی کـورد سـەردەمێکی درێـژ ڕۆڵـی هەرێمێکی دابڕاو و پارێزگاریکار لە دەوڵەتی عوسمانیان گێڕا.

مەیلی میرەکانی کورد بەلای دەوڵەتی عوسمانیدا لە کاتی ململانێکانی عوسمانی و ئێراندا بابەتێکی بەردەوامە و هێشتا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت. ئاڕاستەی ڕووی دەوڵەتی عوسمانی لە ڕۆژئاوا، سیستەمەکەی و پێشکەوتنی لە بواری دامەزراوەییدا، ڕۆڵی لە سیاسەتی ئەورووپا و جیهاندا، هێزی سەربازی و ئابووری، دانەمەزراندنی سیستەمێکی پتەو لە پەیوەندییەکانی کورد و ئێراندا و هۆکاری مەزهەب مەیلی خستبووە بەر کوردەکان تا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا پەیمان ببەستن. بێگومان پێداویستیی دەوڵەتی عوسمانی بە کوردستان و کورد وەك بەربەستێك لە بەرانبەر باندۆری مەزهەبی و کاریگەری سیاسیی ئێراندا تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەریی بەسەر ئەو سەردەمەوە هەبوو.

لەم ڕووەوە، دەوڵەتی عوسمانی پێویست بوو ئەو نیشتمانەی بە کوردستان دەناسرێت، پەسەند بکات. گەڕیدەی ناسراوی تورك ئەولیا چەلەبی تێروتەسەلترین زانیاریی سەبارەت بە نیشتمانی کوردستانی سەردەمی عوسمانیمان پێ دەگەیەنێت. ئەولیا چەلەبی زۆر جار هەلی گەڕان بە هەرێمەکەدای بۆ ڕێك کەوتووە و لە گەشتنامەی بەناوبانگی خۆیدا سنوورەکانی هەرێمەکانی کوردستان بەم شێوەیە دەناسێنێت:[٨]

"لە باکوورەوە تا دەگاتە ئەرزەرووم، وان، هەکاری، جزیرە، ئامێدی، موسڵ، شارەزوور، هەریر، ئەردەڵان، بەغداد، دەرنە، دەرتەنك، یان بەسرە حەفتا قۆناغ بە کوردستان دادەندرێت و لە چیا و ناوچەکانی نێوان عێراقی عەرەب و نیشتمانی گەرمیانیدا شەش هەزار عەشیرەت و هۆزی کورد هەن. پانتاییی کوردستان هێندەی درێژییەکەی فراوان نییە. لەلای ڕۆژهەڵاتەوە، لە هەریر و ئەردەڵانی سەر سنووری ئێرانەوە تا خاکی شام و حەڵەب مەودایەکی ٢٠–٢٥ قۆناغی و هەرە کەمیش پازدە قۆناغییە. لەو هەموو وڵاتەدا ٥٠٠٠٠٠ تفەنگ هەڵگر هەن و هەر هەموویان سەر بە مەزهەبی شافیعین. سەرجەم ٧٧٦ قەڵای تێدایە و هەر هەمووشیان ئاوەدانن."

ئـەم سـنوورە جوگرافیانـەی کـە ئـەولیا چـەلەبی (١٦١١-١٦٨٤) دەستنیـشانی کـردوون، دیـارە لـە سـەردەمەکانی دواتریـشدا مایـەی پەسەندکردن بـوون. وەك دواتـریش بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە، ئـەم سنوورانە سەرەداوی خاڵی سـەرهەڵدانی کێـشەکانی عوسمـانی و ئێـران و کوردیـشمان دەخەنە بەردەست، چـونکە وەك ئـەوەی لـەو پێناسەیەشـدا دەردەکـەوێت، سـنوورە فەرمییـەکانی عوسمـانی و ئێـران لەگـەڵ سـنوورەکانی ژیـانی کۆمەڵایەتیی کوردەکاندا نـاگونجێن. هـەبوونی کـورد لـە هـەردوو دیـوی ئـەو سـنوورە سیاسـییانەی بـەپێی پەیماننامـەی قەسـری شـیرین داڕێـژرابوون و پەیوەندیی چڕی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردەکان لە ئەنجامی خزمایـەتی و کولتووری کۆچبەریدا بووە بە هۆی زۆر کێشەی تری نوێ لە نێـوان دەوڵـەتی عوسمانی و ئێراندا. هەرچەندە لەگەڵ پەیماننامەی قەسـری شـیریندا شـەڕی گەرم لە نێوان سوپاکانی عوسمانی و ئێراندا بەکۆتایی گەیشت، بـەڵام کێـشە و شەڕە ناوچەییەکانی سەر سنوور بەهیچ جۆرێك نەبڕانەوە.

دەبیندرێت پەیوەندیی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ میرەکانی کوردسـتاندا لە پاش پەیماننامەی قەسری شیرین پێی ناوەتە قۆنـاغی سـڕبوون. ناوەنـدە گـەورە گـشتییەکانی لـێ دەربـچێت، تاکـە نیـشانەی دەسـەڵاتی دەوڵـەتی عوسمـانی لـە ناوچـە دوورەدەسـتەکانی کوردسـتان ئـەو باجانـە بـووە کـە میرەکان داویانە بە دەوڵەت. ئەو سەردەمە تا سەدەی نۆزدەیەمی خایەنـد و دەوڵەتی عوسمانی لەو ماوەیەدا کوردستانی لـە دوو ناوەنـدی گـەورەی وەك سیواس لە باکوور و بەغداد لە باشوورەوە بەڕێوە برد. ویلایەتەکانی سیواس و بەغداد بوون بە دەرگای کراوەی دەوڵەتی عوسمانی بە ڕووی کوردسـتاندا. دەسەڵاتی ئەرزەڕۆمی سەر بە سیواس و بەشێك لە پاشایەتییەکانی دیاربەکر و هەرێمـەکانی بـاکووری هێڵـی جزیـرە و هـەکاری لـە ژێـر دەسـتی ویلایـەتی سیواسدا بوو. لە باشووریش ویلایەتی بەغداد پاشایەتیی موسـڵ و باشـووری هێڵی جزیرە و هەکاری لە ژێر دەستدا بوو. لێپرسراوانی دەوڵـەتی عوسمـانی دەسـتیان لـە پێکهاتـەی گـشتیی میرنـشینەکانی [٩] کـورد نـەداوە و لـە کـاتی پێویستدا ناسناوی پاشایەتییان داوە بە هەندێك لە خێزانی میرە کوردەکـان.

له باكوور میرەکانی کورد له بایەزید و مووش، له باشووریش میرەکانی بابان، سۆران و ئامێدی وەك میرەکانی تری کورد ماوەیەکی دوور و درێژ به سەربەخۆیی ماونەتەوە و ناوونیشانی پاشایەتییان له عوسمانییەکان وەرگرتووە و گەشەی زیاتریان داوە بە حکوومەتەکانیان لە هەرێمەکانی خۆیان. دەوڵەتی عوسمانی ئامانجی ئەوە بووە لەو ڕێگەیەوە بەستنەوەی میرەکانی کورد بە دەوڵەتەوە بەهێزتر بکات.

قۆناغی پەیوەندییەکانی کورد و عوسمانی لە سەردەمی یاوز سوڵتان سەلیمەوە تا ساڵی ١٨١٧ لە چوارچێوەی بابەتی ئەم کتێبەدا نییە. بەڵام کاتێك دەگەینە ساڵانی سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، پێویست دەکات ئاماژە بکرێت بۆ چۆنیەتیی گەیشتن بە ساڵەکانی گرگرتن و ئەو ڕاپەڕینانەی کە بناغەی قۆناغی نوێی پەیوەندییەکانی کورد و عوسمانییان داڕشت. ئەگەر شەڕی چالدێران وەك سەرەتا پەسەند بکرێت، ناتواندرێت بگوترێت میرەکانی کورد لە قۆناغی ١٥١٤–١٨١٧ سوودی زۆریان لە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی لە هەرێمەکە وەرگرتووە. میرەکانی کورد بەردەوام لە نێوان خۆیاندا لە ناکۆکیدا بوون و لەو سۆنگەیەشەوە نەیانتوانی یەکگرتنێکی گەورە پێك بهێنن. شەڕی میرەکانی کوردیش لەسەر ئاستی سەرانسەری کوردستان کاریگەریی ئەوەی نەبوو سەرجەم میرەکانی کوردستان لە ژێر یەك چەتردا کۆ بکاتەوە و ببێت  بە هۆی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی کوردیی بەهێز. هەرچەندە میرەکانی کورد دەیانتوانی بەپێی پەیماننامەکانی سەردەمی دەسەڵاتی یاوز و قانوونی زۆرێك لە کێشەکانیان لە نێوان خۆیاندا چارەسەر بکەن، کەچی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان خۆیان گواستووەتەوە بۆ دەرسەعادەت. ئەم هەڵوێستەی میرەکانی کورد بووە بە تەگەرەی بەردەم بەدەستهێنانی ئیمتیاز و ماف زیاتر لە دەوڵەتی عوسمانی.[١٠]

لەگەڵ هاتنی ساڵانی سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا (١٨٠٠)، گەورەترین ناڕەزایی بەرانبەر بە ناکۆکییە مێژووییەکانی نێوان میرەکانی کورد لە شوێنێکی چاوەڕوان نەکراوەوە، لە شاعیری ناودار و زانا ئەحمەدێ خانییەوە

دێت کە یەکێکە لە پایە بنەڕەتییەکانی ئەدەبیاتی کورد. (نووسەر لێرەدا لە ڕووی مێژووییییەوە کەوتووەتە هەڵەوە، چونکە خانی پێش ئەو مێژووە ژیاوە: ١٦٥١–١٧٠٧... وەرگێڕ) بەشێك لە پێشەکیی شاکاری "مەم و زین" سەبارەت بەو بابەتە دەکەوێتە خانەی پڕۆتێستۆکردنی ڕۆمانسییانەی ئەو ڕاستییە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە. بەیتەکانی خانی لە ژێر سەردێڕی "دەردێ مە"دا کە نزیکەی ٢٥٠ساڵی پێشووتر کورت دەکەنەوە، بەم جۆرەن: [11] بڕوانە: مەم و زین، ئەحمەدێ خانی، وەرگێڕانی: م. ئەمین بۆزئەرسەلان، وەشانخانەی حەساد، ١٩٩٠، ئیستانبوڵ، ''بە زمانی تورکی''.

ئەز مامە د حکمەتا خودێ دا
کــورمانج د دەولەتا دنێ دا
ئایا ب چ وەجهـێ مانە مەحـرووم
بیلجوملە ژ بۆ چی مانە مەحکووم
وان گرتی ب شیری شێرێ شوهرەت
تەخسیری کرن بیلادێ هیممەت
هەر میرەکێ وان ب بەزلێ حاتەم
هەر میرەکێ وان بە ڕەمزێ ڕۆستەم
بفکر ژ عەرەب هەتا وە گورجان
کورمانجییە بوویە شوبهێ برجان
ئەڤ ڕۆم و [12] عەجەم ب وان هەسارن
کورمانجی هەمی ل چار کەنارن
هەردوو تەرەفان قەبیلێ کورمانج
بۆ تیرێ قەزا کرنە ئامانج
جوامێری و هیممەت و سەخاوەت
میرینی و غیرەت و جەلادەت
ئەو خەتمە ژ بۆ قەبیلێ ئەکراد
وان دانە ب شیر و هیممەتێ داد

هندی ژ شەجاعەتێ غەیوورن
ئەو چەندێ ژ مرنێ نەفوورن
ئەڤ غیرەت و ئەڤ علوییێ هیممەت
بۆ مانعێ حەملێ بارێ نیعمەت
لەو پێکڤە هەمیشێ بێ تفاقن
دایم ب تەمەرڕد و شیقاقن
گەر دێ هەبوا ئیتیفاقەك
ڤێکرا بکربا مە ئینقیادەك
تەکمیلی دکر مە دین و دەولەت
تەحصیلی دکر مە علم و حیکمەت
تەمیزی دبوون ژ هەڤ مەقالات
ممتازی دبوون خودان کەمالات
...

ئەو بەیتانەی سەرەوە گوزارەی شاعیرێکن بە زمانێکی ڕۆمانسی لە ڕێکنەکەوتنی میرەکانی کورد لە ناو خۆیاندا سەرەڕای دەرکردنی ناوبانگی جوامێری لە مەیدانەکانی شەڕدا و گوزارەن لە دووبەرەکیی نێوان میرەکانی کورد وەك ئەنجامێکی ڕێکنەکەوتنیان و هەروەها گوزارەن لە بارودۆخی کوردستان کە لە عەرەبستانەوە تا گورجستان کشاوە و لەو سەردەمەدا بووە بە مەیدانی شەڕی نێوان دەوڵەتە بەهێزەکان و بووە بە هەرێمی قەدەغە. بێ هیچ گومانێك بەیتەکانی خانی بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا تیشك دەخەنە سەر ڕەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان لەو سەردەمەدا.

لەگەڵ سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا گۆڕانکاریی گەورە بەسەر سیاسەتی سەرانسەری جیهاندا هات و پێ نرایە سەردەمێك کە بناغەی هاوکێشەی نوێی لە جیهاندا چەقاند. کاتێك پێ نرایە ئەو سەردەمە نوێیە، گرنگترین میرنشینەکانی کورد لە باشوورەوە بۆ باکوور بریتی بوون لە میرنشینی بابان لە سلێمانی[١٣]، میرنشینی سۆران لە ڕەواندوز[١٤]، میرنشینی بادینان لە ئامێدی[١٥]، میرنشینی هەکاری لە چوێلەمەریك [١٦] و بەگایەتییەکانی

جزیـره–بۆتــان، گــارزان[17] و شــیرڤان[18]. هەرچــەندە دەیـان میرنـشینی لــە مێژینەی کوردی وەك بتلیس، مەحموودی و هیزان درێژەیان هەبوو، بەڵام لـە دۆخێکی دوور لە ڕەوش و هێزی ڕابردوویان هاتوونەتە بەرچاو. مویکویـسی[19] مەڵبەندی بەگایەتیی مەحموود خانیش پاش دەسەڵاتێکی نزیکەی ١٥٠ ساڵی بەسەر هەکارییەوە گەیشتە دۆخێك وەك یـەکێك لـە قـەزا باوەکـانی هـەکاری پەسەند بکرێت. لە ئەنجامی بزووتنـەوەی سـەربەخۆییدا کـە لەسـەر دەسـتی ئەیووبخان بەگی باپیری مەحموود خان و عەبدی بەگی باوکیـدا دەسـتی پـێ کرد، بەگەکانی مویکویس سەرلەنوێ جێی خۆیان لە مێژوودا گرت.[20]

سـەدەی نۆزدەیـەم سـەدەیەکی پـڕ لـە جـۆش و جووڵـە بـوو و بناغـەی کۆمەڵگەی پیشەسازی و جیهانێکی نوێی لەسەر بنەمای ئەوروپا تێـدا هاتـە دارشــتن. کاریگــەریی ئــەو ســەردەمە دەوڵــەتی عوسمــانی و هــەرێمی کوردستانیشی (کوردسـتانی عوسمـانی... وەرگێـڕ) داوەتـە بـەر و دەوڵـەتی عوسمـانی نـەیتوانی کـارێکی وا بکـات بـای ئـەو گۆڕانکارییـە کۆمەڵایـەتی و ئابوورییانە بیگرێتەوە. ئازارەکانی گۆڕانکارییە جیهانییەکانی سەرچاوەگرتوو لە ئەورووپاوە لە پاڵ فاکتەری ناوخۆیی و هەرێمیی چەندین وڵاتدا لە سـاڵانی ١٨١٧–١٨٥٦دا بوون بە هۆکاری چەندین شەڕی گەرم لە هەرێمی کوردستان (کوردسـتانی عوسمـانی... وەرگێـڕ).[21] کوردسـتانی ئـەو سـەردەمە بـوو بـە مەیـدانی شـەڕی کـورد و عوسمـانی، کـورد–کـورد، کـوردی سـونی–کـوردی ئێزیدی و کورد–ئاشووری[22] و هێرشی هاوبەشی عوسمانی و کوردی سونی بۆ سەر ئێزیدییەکان. لە ئەنجامی ئەو شەڕ و پێکادانەدا هەزاران کەس کوژران و چـەندین ڕووداوی نـەرێنیی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی قـەومان کـە تـا ئـەم سەردەمەش کاریگەرییان بەردەوامە.

فەرمانی ''تەنزیمات'' کـە دەوڵـەتی عوسمـانی پـاش دۆڕانـدنی شـەڕی نیزیـپ لــە دژی محەمــەد عــەلی پاشـای میـسر و لــە ژێـر کاریگــەریی ئەورووپاشداڕایگەیاند، یەکێك بوو لە وەرچەرخانە گرنگەکانی ئەو سـەردەمە. لەگـەڵ فــەرمانی ''تــەنزیمات''دا کاریگـەریی دەوڵــەتانی ئــەورووپایی و کرســتیانی وەك بــەریتانیا و فەرەنــسا بەســەر ناموســڵمانەکانەوە لــە

کوردستانیش کاردانەوەی هەبووە و بە تێپەڕبوونی کات جیاوازییە ئاینییەکانی کوردستان بوو بە هۆی زیاتر تاودانی شەڕی نێوان گەلان. ئەو شەڕانە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردستانیان تا ڕادەیەکی زۆر بریندار کرد و شەڕی کوردە موسڵمانەکان لە دژی کوردی ئێزیدی و ئاشووری (نەستوورییەکان)، بوو بە هۆی ئەوەی کوردەکان لە ڕاپەڕینیاندا لە دژی دەوڵەتی عوسمانی لە پشتیووانیی نێودەوڵەتی بێبەش بن. وەك دواتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە، هەڵوێستی هەندێك لە میرە کوردەکان لە نموونەی بەدرخان بەگی جزیرەیی لە دژی نەستوورییەکان کە گەیشتووەتە ئاستی کۆمەڵکوژی، دامەزرێنەرانی نەزمی نوێی جیهانی کردووە بە دوژمنی ئەمان. لە ئەنجامی ئەوەدا میرەکانی کورد لە دواین ڕاپەڕینەکانی خۆیاندا ناچار بوون نەك تەنیا لە دژی خەلیفەی ئیسلام، بگرە لە دژی ئەورووپای کرستیانیش شەڕ بکەن. بەم جۆرە میرەکانی کورد نەیانتوانی پێ بنێنە ئەو سەردەمە جیهانییەی لەگەڵ سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا دەستی پێ کرد. دواین میرەکانی کورد دووربین نەبوون و نەیانتوانی لێکی بدەنەوە کە ئیدی ئەورووپای کرستیانیش لە پاڵ فاکتەری باوی ئێراندا کاراکتەرێکی گرنگە لە پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا و سەرەڕای هەموو هەوڵ و تێکۆشانێك سەرگەوتوو نەبوون.

بەتایبەتیش لەگەڵ شەڕە گەرمەکانی عوسمانی و کورد لە ساڵانی ١٨٣٤-١٨٤٧دا لە کوردستان کۆتایی بە سیستەمی میرایەتی هات و لەگەڵ دوورخستنەوەی دواین میرەکاندا لە هەرێمەکە چەندین بوومەلەرزەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری ڕوویان دا کە کاریگەرییان تا ئەم سەردەمەش بەردەوامە.

وەك ئەوەی لە کۆی ئەم کتێبەدا دەبیندرێت، لەو سەردەمە چڕەی شەڕدا میرە کوردە گرنگەکانی وەك میر محەمەدی ڕەواندوزی، بەدرخان بەگی جزیرەیی و مەحموود خانی میری مویکویس دێنە بەرچاو. یاخیبوونی پاسەوانی وان دەروێش پاشا یەکێکە لەو ڕووداوە گرنگانەی کە مۆرکی سەرەتای چوونە ناو ئەو سەردەمەی پێوەیە.

# بەشی ١

## پەیوەندییەکانی عوسمانی و کورد
## لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم و
## یاخیبوونی دەروێش پاشای فەرمانڕەوای وان

یاخیبوونی فەرمانڕەوای وان میری میران دەروێش پاشا لە ویلایەتی وان لە گرنگترین ڕووداوەکانی چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمە لە هەرێمی کوردستان (کوردستانی عوسمانی... وەرگێڕ).[٢٣] یاخیبوونی دەروێش پاشا پێکهاتەی سۆسیۆپۆلەتیکی کوردستانمان لە سەروبەندی پەڕینەوە بەرەو قۆناغی نوێدا باشتر بۆ شی دەکاتەوە و بە هۆی ئەوەی هاوکات بووە لەگەڵ قۆناغی سەرەتای بزووتنەوەکەی میری ناسراوی کورد مەحموود خان و پەیوەندیی پێوە هەبووە، گرنگییەکی زۆری هەیە. دەڤەرەکانی وان و هەکاری لە سەردەمەدا لە ژێر دەسەڵاتی والییەکانی ئەرزەڕۆم و سیواسدا بوون و قەزای ناوەندی وان لەلایەن قایمقامێکەوە بەڕێوە دەبرا کە وەك پاسەوانی قەڵا لەلایەن ویلایەتی ئەرزەڕۆمەوە دامەزرێندرابوو. لە هەکاری و زۆربەی ناوچەکانی تریش ستاتۆی باوی میرنشینیی کورد لەە ئارادا بوو.

فەرمانڕەوای قەڵای وان دەروێش پاشا کە ساڵی ١٨١٦ وەك قایمقام دامەزرێندرابوو، لەبەر ئەوەی دەبێت بە هۆکاری هەندێك ئاڵۆزی، لەلایەن ئەحمەد پاشای والیی ئەرزەڕۆمەوە داوا دەکرێت لەسەر کار لابرێت. بیر لەوە کراتەوە ئیبراهیم یومنی بەگی مستەفا پاشازادە کە یەکێك بووە لە دەرگاوانەکانی "دەرگاهی عالی"، لە جێی ئەو بکرێت بە قایمقامی وان و ئەم داخوازەی والیی ئەرزەڕۆم لەلایەن دەرسەعادەتیشەوە بە گونجاو زانراوە.[٢٤]

والیی ئەرزەڕۆم لە داخوازینامەی لەسەر کار لابردندا بۆ دەرسەعات ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە دەروێش پاشا چوونە دەرەوەی لە شاری وان

ڕەتکردووەتەوە و لەگەڵ هەندێك لە کوردەکانی هەرێمەکەدا ڕێك کەوتووە و چەندین ناوچەی تاڵان کردووە و مستەفا بەگی میری هەکاری لەبەر پەلاماری دەروێش پاشا پەنای بۆ ئێران بردووە. مەسەلەی ڕەتکردنەوەی چوونە دەرەوە لە وان و هەوڵی یاخیبوونی دەروێش پاشا هەر بەوەندەوە نەگیرسایەوە، بگرە بە هۆی خاوەن دەرکەوتن لە عەشیرەتی سپکی کە لە ئێرانەوە پەڕیبوونەوە دیوی عوسمانی، هەردوو دەوڵەت گەیشتنە ئاستی تەنگژە و شەڕی گەرم لە دەڤەری وان ڕوویدا.

دەرسەعادەت (ئیستانبوڵ)، لە ڕووی ئەو سکاڵایانەی لە دەروێش پاشا کراون، بەمەبەستی زانینی کرۆکی بەسەرهاتەکە داوای زانیاری لە عەلی پاشای والیی سیواس دەکات. والیی سیواس بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەکان ڕۆژی ١٨١٧/٢/٢٢ ڕاپۆرتێك بۆ دەرسەعات ئامادە دەکات و تیایدا دەنووسێت: دەروێش پاشا لەگەڵ چەند گرووپێکی کورددا ڕێك کەوتووە و سەربازی لێیان نانوونس کردووە، هەندێك لە ناوچەکانی تاڵان کردووە و ئاشکرا بووە دەستەیەك لە خەڵك لە پاش ئەو ڕووداوانە کە لە ١٢٣١ی کۆچی (١٨١٦) قەماون، پەڕیونەتەوە بۆ دیوی ئێران.[٢٥] بەڵام لە نامەگۆڕینەوە فەرمییەکاندا ئاماژە بۆ هۆکاری ئەو ئاڵۆزییە بنەڕەتییە نەکراوە کە بووە بە هۆی ئەوەی دەروێش پاشا هەڵوێستێکی لەو جۆرە بنوێنێت. بەداخەوە ئەو خاڵە زۆر گرنگە لە تاریکیدا ماوەتەوە. بە شتێکی لۆجیکی نایەتە بەرچاو ئەگەر پاشایەکی عوسمانی بێ پشتبەستن بە هۆکارێکی ماقوڵ تەنیا بە ئارەزووی خۆی و بە پێچەوانەی هۆشیارکردنەوەکانی دەوڵەتەوە هەڵوێستێکی لەو جۆرە پێشان بدات. بەپێی ڕاپۆرتی والیی نوێی ئەرزەڕۆم جەلالەدین پاشا لە ١٨١٧/٨/٨دا، ئەوانەی لە تاو دەروێش پاشا چوونەتە دیوی ئێران، بەگی هەکاری مستەفا بەگ و چوار هەزار خێزانن لە ڕەعیەتەکانی و هەروەها هەواڵی پێ گەیشتووە ئەو وانییانەی بۆ گازندەکردنیش چوونەتە لای دەروێش پاشا، ئەم ستەمی لێیان کردووە.

سـەرەڕای ئـەوەش، والیـی ئـەرزەڕۆم بـەم شـێوەی خـوارەوە ڕوونـی دەکاتەوە ئەوانەی بە ڕەزامەنـدیی خۆیـان چـوونەتە دیـوی ئێرانـەوە، تـەنیا مستەفا بەگ و ڕەعیەتەکانی نین:[٢٦]

"لەبەر ئەوەی دەروێش پاشا پێشتر پەلاماری ناوچەیەکی سەر بە ئێرانی داوە، ئێرانییـەکانیش هاتوونەتـە نزیکـی وان و قـەڵای ''ماتمـانس''[٢٧] یـان سووتاندووە و وێران کردووە. گوندەکانی ئاکبولاك، پیرسەلان و ڕەحمانیان[٢٨] تاڵان کردووە و دانیشتووانەکانیان دەستبەسەر کردووە."

فەرمانڕەوای وان دەروێش پاشا هێرش دەکاتە سەر ناوچەیەك لـە دیـوی ئێـران، لــە بەرانبەریــشدا ئێرانییــەکان ناوچــە ســنوورییەکانی دەڤــەری مەحموودی (خۆشاب) تاڵان دەکەن و بەشێك لە دانیشتووان بۆ دیوی خۆیـان دەگوازنەوە. دەروێش پاشا لەگەڵ دەسـتپێکردنی هێرشـەکانی ئێرانـدا داوای چـەك و کەرەسـتەی شـەڕ لـە ئـەرزەڕۆم دەکـات، بـەڵام ویلایـەتی ئـەرزەڕۆم سەرەڕای هێرشەکانی ئێران زۆر بە گەرمی بۆ یارمەتیدانی پاشای یـاخیبووی وان ناڕوانێت.

تەنگـژەی نێـوان دەروێـش پاشـا و دەرسـەعادەت سـاڵی ١٨١٦ لەگـەڵ لەسەر کار لابردنی پاشادا دەستی پێ کرد و لەگەڵ کۆچـی مـیری هـەکاری و بەشێك لە ڕەعیەتەکانی بۆ ئێران لەبەر هەڵویستی دەروێش پاشا، تەنگژەکـە ئەوەندەی تر گەورە بووەوە. بەڵام کێشەیەکی لەوە گەورەتر پەسـەندکردنی کۆچی عەشـیرەتی کـوردی سـپکیی ئێرانـە بـۆ خـاکی وان لەلایـەن دەروێـش پاشـاوە. دەوڵـەتی عوسمـانی چـەند هـەوڵی دا نـەیتوانی دەروێـش پاشـا بـە دەرچوون لە وان قایلی بکات و گوشاریشی نەخستە سەری بۆ ئەو مەبەستە. ئەو ڕەوشە بووە بە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی گەرم لـە دەڤـەری وان. بـەپێی ڕاپۆرتی محەمەد ئاغا سەبارەت بەو بابەتە کـە لـە وانـەوە بـۆ دەرسـەعادەت نێردراوە و مێژووی ١٨١٧/١٢/٤ی بەسەرەوەیە:[٢٩]

عەشیرەتی سپکیی کوردی ئێرانی ئێرانیان بەجیٚ دەهێڵێت و پەنا دەبات بۆ سەلیم پاشای موتەسەریفی مووش و ئەویش لەسەر داوای بالّیۆزی ئێران ئەو کوردانە وەرناگرێت. بەڵام عەشیرەتەکە بۆ ئێران ناگەڕێتەوە و لەسەر داوای دەروێش پاشا پەنا بۆ ئەو دەبات و ئەویش لە قەڵای ئەرجیشی هەڵکەوتوو لە کەناری باکووری دەریاچەی وان و دەوروبەری نیشتەجێی دەکات. لەبەر ئەوەی دەوریش پاشا بە ئەرێنی وەڵامی باڵیۆزەکانی ئێران ناداوەتەوە، هێزێکی حەوت هەشت هەزار کەسی لە ئێرانەوە دێت و پازدە ڕۆژ قەڵای ئەرجیش گەمارۆ دەدات، زیان بە کوردەکانی ئەو ناوچەیە دەگەیەنێت و گوندەکانی دەوروبەری دەسووتێنێت و وێران دەکات.

عەباس میرزای جێنشینی تەختی پاشایەتیی ئێران و حوسێن خانی سەرداری ڕەڤان[30] (یەریڤان) دەڵێن ئەندامانی عەشیرەتی سپکی کوردی ئێرانن و داوا لە دەروێش پاشا دەکەن بیانگەڕێنێتەوە تا ئەمان لە ڕەڤان نیشتەجێیان بکەن. بەڵام دەروێش پاشا وەڵامی بەخێری ئەو داخوازەی لایەنی ئێرانیی ناوەتەوە. لەبەر ئەوە عەباس میرزای شازادەی ئێران نامەیەك سەبارەت بەو هەڵوێستەی دەروێش پاشا بۆ سوڵتانی عوسمانی دەنووسێت و تیایدا گازندەی لیٚ دەکات.[31]

لەبەر ئەوەی لایەنی ئێرانی وەڵامی بەخێر لە دەروێش پاشا وەرناگرێتەوە و دەوڵەتی عوسمانیش ناتوانێت پاشای یاخیبوو جڵەو بکات، کێشەکان لەگەڵ ئێراندا گەورە بوونەتەوە و شەڕە ناوچەییەکان لەسەر سنوورەکان تاوان سەندووە. دیارترین نموونەی ئەو شەڕانە ناردنی سەرداری ڕەڤانە لەلایەن عەباس میرزای جێنشینی تەختی پاشایەتیی ئێرانەوە بۆ قەڵای خۆشابی ستراتیجیترین خاڵی نێوان دەڤەری وان و ئێران و مەڵبەندی میرنشینی مەحموودیی یەکێك لە میرنشینە دێرینەکانی کورد. بەو پێیە، ئەو ڕاپۆرتەی جەلالەدین پاشای والیی ئەرزەڕۆم لە (18/2/1817) 1/R/1232 بۆ دەرسەعادەتی نووسیوە، بەم جۆرەیە:[32]

"ئێرەیی لە نێوان عەشیرەتی سپکی و حوسێن زیلانی کوردی ئێرانیدا هەبووە و پاسەوانی وان سەعادەتی دەروێش پاشا پارێزگاریی لە عەشیرەتی سپکی کردووە و بردوونی بۆ خاکی وان. سەرداری ئێرانیش بانگەشەی ئەوەی کردووە ''ئەو عەشیرەتە لە عەشیرەتە کوردەکانی ئێرانە'' و حوسێن زیلانی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر کورددا ڕەوانەی وان کردووە و عەشیرەتی سپکیی لە قەڵای ئەرجیش گەمارۆ داوە و تەنگی پێ هەڵچنیوە. ئەمجار دەروێش پاشا بە دوو لیست نامەی بۆمان نووسیوە و ڕایگەیاندووە هەرچەندە حەسەن خان[٣٣] لەگەڵ سەربازی عەجەمدا لە قەڵای مەحموودیە[٣٤] دامەزرێندراوە، سەربازی ناردووە و بە هانای مەحموودیەوە چووە و شەڕی کردووە و حەسەن خان دۆڕاوە و هەڵهاتووە.

دەروێش پاشا دەستەودامێن بووە و تکای کردووە لە ئەرزەڕۆمەوە چەك و کەرەستەی شەڕی پێ بگات، گەیاندنی چەك و کەرەستەی شەڕ بە دەروێش پاشا بە پێویست زانرا و پێنج کاروان بارووت و چەك لە هێستر بار کرا و بەپەلە بۆی نێردرا.

یەکێك لەو دوو ڕاپۆرتەی لە دەروێش پاشاوە بە دەستمان گەیشتووە و پەیوەندیی بەم کارەوە هەیە، بۆ سەعادەتی ئێوەمان ناردووە. هۆکاری بەو جۆرە چوونە ژوورەوەی سەربازی عەجەم بۆ خاکی وانی سەر بە ''سەرحدودی هاکانیە'' چییە؟ لای خۆمانەوە بە پیاوێکی جێی بڕوای خۆماندا نامەمان نارد بۆ سەرداری ڕەڤان و نووسیمان ئەگەر مەسەلە عەشیرەتی سەبکی بێت و عەشیرەتی ناوبراو یەکێك بێت لە عەشیرەتە ئێرانییەکان، پێویستە لای دەوڵەت بەدوای مافدا بگەڕێن و داواکاری پێشکەش بکەن و بەپێی پەیماننامەکان و بەگوێرەی مەرجەکان سەربازەکانی بکێشێتەوە و بەرژەوەندی چۆن بێت لەگەڵ دەوڵەتدا سازی بکات و باری ئاسایی بگەڕێنێتەوە دۆخی پێشوو."

وەك بیندرا، دەروێش پاشا لە بەرانبەر هێرشی ئێران بۆ سەر دەڤەری مەحموودی، لە وانەوە بەرەو خۆشاب بەڕێ کەوتووە و بەرپەرچی حەسەن

خانی داوەتەوە. ویلایەتی ئەرزەڕۆمیش کە لە سەرەتادا ڕازی نەبووە چەك و کەرەستەی شەڕ بۆ پاشای یاخیبوو بنێرێت، دواتر ناچار بووە بۆی بنێرێت. داوا لە ئێران کراوە لەبری ئەوەی لە پای دەروێش پاشای یاخیبوو هێرش بکاتە سەر خاکی عوسمانی، لە دەوری مێزی گفتوگۆ دابنیشێت. لە هاوپێچی هەمان ئەو ڕاپۆرتەی سەرەوەدا هاتووە ویلایەتی ئەرزەڕۆم هەمان کات پیاو دەنێرێت بۆ وان بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە ڕاستیی ئەو ڕووداوانەی کە دەروێش پاشا لە ڕاپۆرتەکانیدا ئاماژەی بۆیان کردووە.

هەرچەندە زانیاریی تەواو لەبەر دەستدا نییە سەبارەت بە قەڵای خۆشابی بەناوبانگ و مەڵبەندی میرنشینی مەحموودیی کورد لەو ساڵانەدا، بەڵام دەتوانین بڵێین لە سەردەمی ئەولیا بەگی میری میرنشینی بەناوبانگی کورددا دیمەنێك لە گەورەیی و هەیبەتی خۆی لە دوور نمایش کردووە. ئەگەرچی میرنشینی مەحموودی لەو سەردەمەدا ستاتۆی کلاسیکی کۆنی خۆی پاراستووە، بەڵام هێزی ئەوەی نەبووە بەتەنیا بەرپەرچی هێرشەکانی ئێران بداتەوە. بەگی مەحموودی لەو سەردەمەدا محەمەد ئەمین بەگ بووە کە هەمان کات دوایین میری کلاسیکی مەحموودی بووە.

عەشیرەتی سپکی کە لەلایەن دەروێش پاشاوە لە ئەرجیش نیشتەجێ کرابوو، لە ناوچەی نوێی خۆیشی بوو بە هۆی ئالۆزی نانەوە و ناوچەی بولانکی[٣٥] سەر بە سەلیم پاشای[٣٦] موتەسەریفی مووشی داگیر کرد. ئەو ڕەوشە سەلیم پاشای موتەسەریفی مووش و دەروێش پاشای پاسەوانی وانی ڕووبەڕووی یەکدی کردەوە. سەلیم پاشا لە ڕێی هەردوو ویلایەتی سیواس و ئەرزەڕۆمەوە دەرسەعادەت ئاگادار دەکاتەوە ئەگەر سپکییەکان نیازی نیشتەجێبوونیان لەو ناوچەیە هەبێت، ئەم ناچار دەبێت تۆڵە بکاتەوە.[٣٧]

لەگەڵ گەورەبوونەوەی مەسەلەکەدا والیی سیواس لە ڕاپۆرتەکانی خۆیدا بۆ دەرسەعادەتی ڕوون دەکاتەوە ئەگەرچی سەبارەت بە دەروێش پاشا بڕیاریان داوە تا ئەو کاتە بە ئارامی بۆی بڕوانن، بەڵام هیچ ئەنجامێکیان دەستگیر نەبووە. لێپرسراوانی دەوڵەتی عوسمانی بە شێوەیەکی نهێنی

کاریان لەسەر ئەو مەسەلەیە کردووە و هەوڵیان داوە بەمەبەستی زانینی ڕەوشی دەروێش پاشا لە ناوچەکە زانیاری کۆ بکەنەوە. لە ڕاپۆرتەکانی سەید ئەفەندی کە بەمەبەستی نۆژەنکردنەوەی قەڵای وان چووەتە ئەو شارە و گەڕاوەتەوە و عەبدوڵا ئاغای سەرتیپی چەپی قەڵای وان لە دەرسەعات ڕوون دەبێتەوە کە دەروێش پاشا بەردەوامە لە جووڵە بە پێچەوانەی ویستی دەرسەعادەت و لەسەر ئەو هەڵوێستەشی بەردەوام دەبێت. هەروەها زانراوە دەورێش پاشا جگە لە دانیشتووانی وان، سەربازی تری لەبەر دەستدا نییە.

بابەتێکی تری گرنگ کە لەلایەن لێپرسراوانی دەوڵەتی عوسمانییەوە دەستنیشان کراوە، بریتییە لە متمانە نەکردنی میرەکانی کورد بەیەکتر، ساردیی نێوانیان و پێویستیی "متمانە نەکردنی دەوڵەت پێیان." سەرنج ڕاکێشراوە بۆ سەر هەبوونی ساردی لە نێوان میرەکانی هەکاری و دەروێش پاشادا و ڕوون کراوەتەوە ئەگەر تەنانەت عەشیرەتی سپکی و هەندێك لە عەشیرەتەکانی تریش هاوکاری دەورێش پاشا بکەن، لەو بارودۆخەدا بەزاندنی پاشا کارێکی دژوار نابێت و بەڵام دیسان ڕوون کراوەتەوە کە نابێت بەهیچ جۆرێك متمانە بە عەشیرەتەکانی کورد بکرێت. [٣٨] لەو ڕاپۆرتانەدا بە ڕوونی گوتراوە متمانەکردن بە میرەکانی کورد شیاو نییە، بۆیە ئەگەر متمانە بە سەلیم پاشای مووشی و سەربازە کوردەکانی ژێر فەرماندەییی ئەو نەکرێت و ئەرکی چارەسەرکردنی مەسەلەی وان تەنیا بەو نەدرێت و ئەگەر بە خۆی و سەربازە کوردەکانی ژێر فەرمانی خۆیەوە بچنە وانەوە، ناتوانرێت تەناهی دابین بکرێت. لەو نووسراوەدا گوتراوە ئەو سەربازانەی لە ئەرزەڕۆم ئەرکیان پێ دەسپێردرێت، پێویستە بەهەر جۆرێك بووە لەو جووڵەیەدا بەشدار بکرێن. لە درێژەی نووسراوەکەدا هاتووە:

"... ئەگەر سەلیم پاشا بەتەنیا بکرێت بە فەرمان پێدراوی وان، وەك ئەوەی لە ڕابردوودا ڕوویداوە، هەندێك کەس ئەم بابەتە بە شەڕی عەشیرەت دەپێون و لەوانەیە بچن بە هانای دەروێش پاشای فەرمانڕەوای وانەوە. بەم جۆرە ئەگەری ئەوە هەیە تەنانەت دانیشتووانی وانیش ناچار بن بۆ پاراستنی

ماڵ و ئابڕووی خۆیان لەگەڵ دەروێش پاشادا پەیمان ببەستن. گومانی لە جۆری ئەوەمان بە خەیاڵدا دێت سەلیم پاشا بچێتە وانەوە و ئەگەر دەرنەچێت، دەروێش پاشا هانای بۆ ببات و تکای لێ بکات لە دۆخی کۆنی خۆیدا بیهێڵێتەوە، یان ویلایەتی وان تکا بۆ برای و کوڕی و خزمەکانی تری بکات و لە ئەگەری هاوکاری نەکردنیدا بیکات بە بەڕێوەبەری دانیشتووان..."

والییەکانی ئەرزەڕۆم و سیواس زۆر ڕاشکاوانە دەریان بڕیوە متمانەیان بە سەلیم پاشای کورد نییە کە بە ناوونیشانی پاشا موتەسەریفی مووشە. بێ هیچ گومانێك یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم هەڵوێستەی والییەکانی سیواس و ئەرزەڕۆم ئەوە بووە نەیانویستووە جڵەوی پێشهاتە چاوەڕوانکراوەکانی کوردستانیان لە دەست دەربچێت.

لەو سەروبەندەدا کاتێك والییەکانی عوسمانی سەرقاڵی جموجووڵی سەربازین لە دژی دەروێش پاشا، هەواڵ دەگات کە بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو هێرش براوەتە سەر دەروێش پاشا. لە هەمان ئەو ڕاپۆرتەدا بەم جۆرە باس لەو بابەتە کراوە:[٣٩]

"... دەروێش پاشا نێوانی لەگەڵ بەگەکانی هەکاری و میرەکانی هیزان و بۆتان و شیرڤان تێکچووە و چ هێزەکانی ئەو میرە باسکراوانە و چ هێزەکانی زۆرینەی عەشیرەتەکانی سەر بە وان لە چەند لایەکەوە هێرشیان کردووە بۆ وان. تا مەودای نزیکەی نیو سەعات دوور لە شار دەستیان بەسەر پردەکاندا گرتووە و بەو شێوەیە گیرساونەتەوە و گواستنەوەی خواردەمەنییان بۆ شار قەدەغە کردووە..."

مووشیری ئەرزەڕۆم (مووشیر: پلەیەکی سەربازی بووە لە سەردەمی عوسمانیدا... وەرگێڕ.) بۆ ئەوەی ئەو هەلە لە دەست نەدات، دەستوبردی کرد لەو ڕێوشوێنانەی کە پێویست بوون لە بایەزید لەبەر چاو بگیرێن و چووە سەنجەقی خنسی پازدە سەعات دوور لە ئەرزەڕۆم و لەگەڵ سەلیم پاشادا بارودۆخەکەی هەڵسەنگاند. نامە بۆ عەباس میرزای شازادەی ئێران و حوسێن خانی سەرداری ڕەڤان دەنێردرێت بۆ ئەوەی ئەگەر لە کاتێکدا هێرشی

سەربازی کرایە سەر وان، ڕێگری بکرێت لە هاوکاریی کوردەکانی ئێران بۆ دەروێش پاشا. سەبارەت بەو بابەتە زانیاری دراوە بە عەباس میرزای شازادەی ئێران و داوای لێ کراوە پابەندی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بێت و هاوکاری دەروێش پاشا نەکات.[40]

هێرشی چاوەڕوانکراو بۆ سەر دەروێش پاشای یاخیبوو چەند جارێک دواکەوت. لە کۆتاییی ساڵی ١٨١٨دا ڕێگای بەبێ سەرئێشە سەرکوتکردنی یاخیبوونەکە گیرایە بەر، ئەم ئەرکە لە شێوەی دوایین بڕیاردا خرایە ئەستۆی سەنجەقی قرشەهیر و بڕیارەکە بە دەورێش پاشا ڕاگەیەندرا و داوای لێ کرا لە وان دەربچێت.[41] بەڵام لەبەر ئەوەی هەڵوێستی دەروێش پاشا ڕوون نابێت، ئیبراهیم یومنی بەگ (پاشا) کە بە ناوونیشانی میری میران بۆ وان دەستنیشان کرابوو، لەگەڵ سەلیم پاشای مووش و عەلی پاشای سیلاحداردا بە خۆیان و هێزەکانیانەوە بەرەو وان بەڕێ دەکەون. ئیبراهیم یومنی پاشا چووە مەودای چەند سەعاتێك دوور لە وان و لەوێ چاوەڕێی سەلیم پاشای کرد کە لە ئەرجیشەوە بەڕێ کەوتبوو.[42] عەلی پاشاش بە هێزەکانی خۆیەوە تەقلی ئەوان بوو. سەلیم پاشا ١٨١٨/١٢/٢٤ گەیشتە جانیك.[43] لەگەڵ نزیکبوونەوەی هێزەکانی عوسمانیدا لە وان، دەروێش پاشا لێی ڕوون بوو بەرگری پێ ناکرێت و لەگەڵ موفتی تاهیر ئەفەندی، ئاغای ڕاست ئیسحاق ئاغا، مستەفا ئاغا و ئاگۆپی سەڕافیدا لە وان دەرچوون و چوونە ئەرچەکی سەر ڕێگای (خۆی).[44] کاتێك یومنی پاشا دەگاتە گوندی "ئالای"ی نزیك لە وان، بەگی میرنیشیی مەحموودی و سەرۆکی عەشیرەتی شکاك پابەندبوونی خۆیانی بۆ ڕادەگەیەنن.[45]

نزیکبوونەوەی سوپای عوسمانی لە وان نیگەرانی و ترسێکی گەورە دەخولقێنێت.. دانیشتووان بە گەرمی بۆ سوپای عوسمانی ناڕوانن و ئەمەش پاڵی بە ئیبراهیم یومنی پاشاوە ناوە بەرەو نیگەرانبوون. دواجار کاتێك یەکینەکانی عوسمانی لە ژێر فەرمانی سەلیم پاشای مووشدا دەگەنە گوندی ئەسکەلە[46]ی زۆر نزیك لە ناوەندی شاری وان، دانیشتووانی وان داوای

پاراستن دەکەن و هێزەکانی عوسمانی لە ١٢٣٤/Ra/١ (١٨١٨/١٢/٢٩)دا دەچنە شارەوە. ئیبراهیم یومنی پاشا بۆچوون و نیگەرانیی خۆی بۆ ئەحمەد پاشای والیی ئەرزەڕۆم دەنێرێت و ئاگاداری دەکاتەوە لەوەی کە خەڵکی وان لە دڵەوە لایەنگری لە دەروێش پاشا دەکەن و ئەگەر دەروێش پاشا هەلی بۆ بڕەخسێت، دەکەوێتە هاوکاری لەگەڵ وانییەکان و بۆی هەیە بگەڕێتەوە بۆ شار.[٤٧]

## گەڕانەوەی دەروێش پاشا و خۆکوشتنی ئیبراهیم یومنی پاشا

گومان و دڵەڕاوکێکانی ئیبراهیم یومنی پاشا کە لەبری دەروێش پاشا وەك پاسەوانی وان هاتبووە دامەزراندن، ڕاست دەرچوون و تەنانەت سەریشیان خوارد. والیی نوێی ئەرزەڕۆم حافز عەلی پاشا سەبارەت بەو بارودۆخە نوێیە زانیاری داوە بە دەرسەعادەت و لە ڕاپۆرتێکدا نووسیوێتی دەروێش پاشا لەگەڵ ئەو سەربازە کوردانەی لە ئێران کۆی کردوونەتەوە، هێرشی بردووەتە سەر وان و چووەتە شارەوە و ئیبراهیم یومنی پاشاش لە بەرانبەر ئەو دۆخەدا خۆی کوشتووە. ئەوەندەی زانراوە دەروێش پاشای یاخیبوو لە بەهاری ساڵی ١٨١٩دا مردنی ئەحمەد پاشای والیی پێشووی ئەرزەڕۆمی بە هەل زانیوە و ئەو کارەی ئەنجام داوە. حکوومەتی ئێران پشتیووانیی لەو جموجووڵە نەکردووە، بەڵام دەروێش پاشا لە بەدەست هێنانی پشتیوانی لە ناو کوردەکانی ئێراندا سەرکەوتوو بووە.

بە هۆی ئەو پێشهاتانەوە بڕیار دراوە ئەرکی وان بخرێتە ئەستۆی سەرت مەحموود پاشای موتەسەڕیفی سەنجەقی ئیچیل و داوای لێ کراوە بەپەلە دەست بکات بە بزاوتی سەربازی و ئەگەر بە بەکارهێنانی هێزیش بووە، ئەو یاخیبوونە سەرکوت بکات. فەرماننامە بۆ والییەکانی سیواس، ئەرزەڕۆم، مووش، ترابزۆن، ماراش، دیاربەکر و مادەن نێردراوە و داوایان لێ کراوە دەست بکەن بە ئامادەکارییەکانی شەڕ. هەروەها فەرماننامە گەیەندراوە بە

موتەسەڕیفی قەزاکانی وەك چلدر، ئیسپیر و بایبووت داوایـان لـێ کـراوە لـەو شەڕەدا هاوکاری بکەن.[٤٨]

حـافز عـەلی پاشـای والیـی نـوێی ئـەرزەڕۆم لـە نامەیەکـدا کـە مێـژووی 19/B/1234 (١٨١٩/٥/١٤)ی بەسـەرەوەیە، بـۆ دەروێـش پاشـای نووسـیوە چەندین سوپا بە چەکی قورسەوە ئامادە کراون بـۆ بەڕێکـەوتن بـەرەو وان و پێی ڕاگەیاندووە ناتوانێت بەرەنگاریان ببێتەوە و داوای لێ کردووە بەرانبـەر بە بەڵێنی پاراستنی ئاسایشی ژیانی، خۆی بەدەستەوە بدات.[٤٩] حـافز عـەلی پاشـا لـەو بارەیـەوە دەرسەعادەتـشیی ئاگـادار کردووەتـەوە و زانیـاریی سـەبارەت بـە گـشت قۆناغـەکانی شـەڕ بـە دەرسـەعادەت گەیانـدووە.[٥٠] دەرسـەعادەتیش فـەرمانی داوە ''ئەگـەر دەروێـش پاشـا، وەك ئـەوەی لـە نامەکەدا ڕوون کراوەتەوە، مل کەچ بکات و خـۆی ڕادەسـت بکـات، زیـان بـە گیان و ماڵی نەگەیەندرێت و دەستگیر بکرێت بۆ ئەوەی بەزۆر لە دوورگەیـەك نیشتەجێ بکرێت. خۆ ئەگەر ملی کەچ نەکرد و لـە ئاکـامی شـەڕدا دەسـتگیر کرا و داوای پاراستنی سەر و ماڵی کرد، داخوازەکەی پەسەند نەکرێت و وەك پێویست ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت.'' هـەوڵێکی تـری والیـی ئـەرزەڕۆم بـریتی بووە لە بڕینی پشتیووانیی بەگەکانی کوردی ئەو ناوچەیە لە دەروێش پاشـا. حافز پاشا ئەو کارەی لە ڕێی سەلیم پاشـای موتەسـەڕیفی مووشـەوە بـەجێ گەیاندووە. گەورەترین سەرکەوتنی سەلیم پاشـا بـریتی بـووە لـە ڕازیکردنـی مستەفا بەگی هەکاری بە دووبارە ئیتاعەت کردن بۆ دەوڵەتی عوسمانی پاش ئەوەی بەهۆی هەڵوێستی دەروێش پاشاوە مەیلی دابوو بە ئێران. نـەتوانراوە لە ڕێی دانوستاندنەوە ئیتاعەتی دەروێش پاشا مسۆگەر بکرێت و لەبەر ئەوە یەکینەکانی ژێر فـەرمانی سـەرت مـەحموود پاشـا و سـەلیم پاشـای مووشـی بـەرەو وان بـەڕێ کـەوتوون. سـەرت مـەحموود پاشــا ڕۆژی ١٢٣٤/١/١٩ (١٨١٩/٨/١١) گەیـشتووەتە[٥٢] گونـدی "ئـالای".[٥٣] سـەعات پێـنج و نیـوی ئێوارەی هـەمان ڕۆژ هێزەکـانی عوسمـانی چـوونەتە شـاری وانـە و دەروێـش پاشـای یـاخیبوو بـێ ئـەوەی بـەرگری بکـات، ون بـووە.[٥٤] دەروێـش پاشـا

نەیتوانیوە خۆی بشارێتەوە، یان هەڵبێت. ڕۆژی ٢١ شەوالی ساڵی ١٢٣٤ (١٨١٩/٨/١٣) لە شوێنی خۆ حەشاردانی دۆزراوەتەوە و لە دار دراوە.[٥٥] سەلیم پاشای مووشی لە پای هەوڵەکانی بۆ چارەسەکردنی مەسەلەکە ڕێزی لی نراوە و بە لە داردانی دەروێش پاشای یاخیبووش کۆتایی بە یاخیبوونەکە هاتووە.

**ئەنجامەکانی یاخیبوونی دەروێش پاشا**

متمانە نەکردنی دەوڵەتی عوسمانی بە میرەکانی کورد و ئێران وەك دەوڵەتێکی هاوسەنگ و بەرپەرچدەرەوە گرنگترین دوو هۆکاری کاریگەر بوون بەسەر سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانییەوە لە نیشتمانی کورد کە هێشتا گرانییەکی دامەزراوەیی بەدەست نەهێنابوو. هەرچەندە میرەکانی کورد سەدان ساڵ بوو لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا لەسەر بناغەی خۆبەڕێوەبردن وەك خاوەنی زەوی (یورتلوك) و میراتگریی زەوی (ئۆجاغلك) هەرێمەکانی خۆیان بەڕێوە بردبوو، ئاشکرایە هیچ کاتێك زەمینەی متمانەکردن لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و کورددا پێك نەهاتووە. ئەم ڕەوشە بە ئاشکرا بە زۆربەی نامەگۆڕینەوەکانی تایبەت بەو هەرێمەدا هەیە.

بێگومان یاخیبوونی دەروێش پاشای پاسەوانی وان ئاماژە بووە بۆ دەستپێکی قۆناغێکی پڕ لە جووڵە لە پەیوەندییەکانی عوسمانی و ئێران. میرەکانی کورد کە دەکرێت بە نیوە سەربەخۆ ناو ببرێن، لە سەرانسەری شریتێکی نزیك لە سنووری نێوان هەردوو وڵات دەسەڵاتی باوی خۆیان گەیاندبووە ئەو سەردەمە و وەك دەبینردێت پەیوەندییەکانی ئێران و عوسمانیش هەڵگری زەمینەی یاخیبوونی میرەکانی کورد و ئەو لێپرسراوانەش بووە کە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دەهاتنە دامەزراندن.

هەمان کات ئاڵۆزییە بەردەوامەکانی سنوور لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێراندا دەوڵەتی عوسمانیی ناچار کردووە لەبری گرتنەبەری

ڕێبازی سەربازی، بەرخودانەکانی هەرێمەکە بە ڕێگای گفتوگۆ چارەسەر بکات.

دەبینرێت دەوڵەتی عوسمانی نەك تەنیا هەکاری، تەنانەت بۆی دژوار بووە دەست بخاتە کاروباری وانەوە، ئەگەر لە ڕێی قایمقامێکی لەلایەن خۆیەوە دەمەزرێندراویش بەڕێوەی بردووە. هەبوونی دەسەڵاتی عوسمانی لە زۆرینەی هەرێمەکانی کوردستان لە سنووری ئەو باجە ساڵانەیەدا بوو کە میرەکانی کورد دەیاندا بە پاشاکانی عوسمانی لەو هەرێمانە.

### پەیوەندییەکانی عوسمانی و ئێرانی

### لە پاش یاخیبوونی دەروێش بەگ و مەسەلەی عەشیرەتی حەیدەران

چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم کۆچی عەشیرەتی کوردی لە ئێرانەوە بۆ دیوی عوسمانی، بەتایبەتی بۆ باکووری دەریاچەی وان و دەڤەری مووش بە خۆیەوە دیوە. هاوکات لەگەڵ کۆچی عەشیرەتی سپیکدا، عەشیرەتی سڤیدان (سڤیدی)یش لە دیوی ئێرانەوە هاتووە و لە دەوروبەری مووش نشیتەجێ بووە.[٥٦] بێ هیچ گومانێك کۆچی عەشیرەتی حەیدەران گەورەترین و دیارترین کۆچی عەشیرەتەکانی کوردە لە پاش مەسەلەی عەشیرەتی سپکی.[٥٧] ئەو کۆچە لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا بوو بە هۆی کێشەیەکی گەورە. چیرۆکی عەشیرەتی حەیدەران ڕووداوێکی گرنگە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەو سەردەمەی کورد و بەتایبەتیش ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی چەمکی عەشیرەت دەخاتە ڕوو.

لەگەڵ هاتنی ساڵی ١٨٢٠دا قۆڵێك لە عەشیرەتی حەیدەران لە ناوچەکانی مووش–بولانك–مەلازگرد و ئەرجیشی کوردستانی عوسمانی[٥٨] و قۆڵەکەی تریشی لە ناوچەی (خۆی)ی دیوی ئێران دەژیان.[٥٩] نزیکەی ٥٠٠ خێزانی قۆڵەکەی عەشیرەت لەسەر خاکی عوسمانی بە سەرۆکایەتیی محەمەد ئاغا و ١٠٠٠ خێزانی قۆڵەکەی تری عەشیرەت لە ئێران بە سەرۆکایەتیی قاسم ئاغای برای هاوخوێنی محەمەد ئاغا بووە. قاسم ئاغا

نێــوانی لەگــەڵ خــانی (خــۆی)دا تێکــچووە و عەشــیرەتی بەمەبەســتی بەسەربردنی وەرزی زستان بردووە بۆ دەڤەری مووش. سەلیم پاشای بـەگی مووشیش لەم ڕووەوە هاوکاریی کردووە و ئەم هـەنگاوەش عوسمانییـەکان و ئێرانی گەیاندووەتە لێواری شەڕێکی قورس.

لایەنی ئێرانی داوای گەڕاندنەوەی عەشـیرەتەکەی کـردووە و هەڕەشـەی هەڵگیرسانی شەڕی کردووە. نامەکانی[٦٠] سەلیم پاشـای موتەسـەڕیفی مـووش لە ٨/٣١ و ١٨٢٠/٩/٢دا کە تیایاندا زانیاریی داوە بـەی ویلایـەتی ئـەرزەڕۆم، تیشکێکی گرنگ دەخەنە سەر کۆچی عەشیرەتی حەیدەران لە (خۆی)ەوە بۆ فارقین[٦١]. بە بۆچوونی سەلیم پاشا عەشیرەتی حەیدەران سەر بە مەزهـەبی شـافیعییە[٦٢] و عەشـیرەتێکی کـوردی عوسمـانین. عەشـیرەتی حەیـدەران سەرەتا لە فارقین نیشتەجێ بووە و پاشان بە شێوەیەك لـە شـێوەکان ڕووی لە باکوور کردووە و لە مووش، مەلازگرد[٦٣]، بایەزید[٦٤] و ئەرجیش[٦٥] نیشتەجێ بووە. سەلیم پاشا ڕوونی کردووەتەوە عەشیرەتی نیشتەجێ بوو لەو دەڤەرە هەنـدێك سـاڵ پەڕیوەتـەوە بـۆ دیـوی ئێـران. قـۆڵێکی هـەزار خێزانیـی ئـەو عەشیرەتە کە لە سەردەمی موراد پاشای بـاوکی سـەلیم پاشـادا نزیکـەی ١٠ سـاڵ لـە ناوچـەی مـەلازگرد نیـشتەجێ بـوون، لـە مـاوەی چـەند سـاڵێکدا پەڕینەتەوە بۆ دیوی (خۆی) و پیروس و بـوون بـە پێوەنـداری ئێـران. بـەڵام ئەو عەشیرەتانەی سونە بوون و نەیانتوانی لەو ساڵانەدا خۆیان لەگەڵ لایەنی ئێرانیدا بگونجێنن، بڕیاریان دا دیسان بگەڕێنەوە بۆ دیوی عوسمانی. سـەلیم پاشا خۆی لـە عەشـیرەتە کـرد بـە خـاوەن و بـە پێداگرتنـەوە لای دەوڵـەتی عوسمـانی گوتوویـەتی ئـەو عەشـیرەتە کـوردی عوسمـانین و دەسـتیان لـە خزمەتکردنی ئێران هەڵگرتووە و سەر بە ئەمانن.

پاش ئەوەی عەشیرەت ئێرانی بـەجێ هێشت و گەیـشتە مـووش، خـانی (خۆی) فەتحعـەلی خـان و حوسـێن خـانی سـەرداری ڕەوان نامـەی هەڕەشـە ئامێزیان بۆ قاسم ئاغا نارد. حوسێن خان لە نامەیەکدا دەڵێت شازادە بەهیچ جۆرێك ئەم ڕەوشە پەسەند ناکات و دەنووسێت:

"... ئێوە لەبەر ئەوەی بوون بە هۆکاری سەرهەڵدانەوەی ناکۆکیی نێوان دوو وڵاتی موسڵمان، تا ڕۆژی قیامەت ڕزگارتان نابێت... !"

سەرداری ڕەوانیش (یەریڤان) دەڵێت ئەگەر لە بڕیاری خۆتان پەشیمان نەبنەوە، دەدەین بەسەر مووشدا و دەنووسێت:

"... باوەڕ بکەن تا دیاربەکریش بڕۆن، هەر ناتوانن ڕزگارتان بێت... !"

ناوبراو بەو جۆرە ڕاشکاوانە گوزارەی لە تووڕەیی و بەبڕیاریی لایەنی ئێرانی کردووە.[٦٦] وەك دەبینـدرێت لایەنی ئێرانی لەم ڕووەوە هەڵوێستی تاوانبارکرنی لە بەرانبەر دەوڵەتی عوسمانی نەگرتووەتە بەر و قاسم ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی حەیدەرانی بە بوون بە هۆکاری سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو وڵات تاوانبار کردووە. لایەنی ئێرانی بەمەبەستی ئەنجامدانی هێرشی سەربازی دیسان سوودی لە عەشیرەتە کوردەکانی زیلان و سپکی وەرگرت و دەستە چەکدارەکانی پێکهاتوو لە پیاوانی ئەو عەشیرەتانەی لە شاری ڕەوان کۆ کردەوە.[٦٧]

کاتێك کێشەکە گەورە دەبێتەوە و ڕەهەندێکی بەهەند لە خۆ دەگرێت، لەلایەن حوسێن پاشای والیی ئەرزەڕۆم و عوسمان ئاغای جێگریەوە نامە بۆ دەرسەعات دەنووسرێت و داوای فەرمان دەکەن تا بزانن لە ئەگەری هێرشی ئێراندا چی بکەن.[٦٨]

حوسێن ئاغای باڵیۆزی ئێران بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکە بە نامەگەلی سەبارەت بە عەشیرەتی حەیدەران و پڕ لە گازندەی دژ بە موتەسەڕیفی مووشەوە دەگاتە ئەرزەڕۆم. لەسەر تکای شازادەی ئێران باڵیۆزی ئێران لە ئەرزەڕۆم ڕاناگیرێت و بەمەبەستی بە یەکجاری چارەسەرکردنی کێشەکە ڕەوانەی دەرسەعات دەکرێت. ڕاستییەکەی، ئێران لەلایەك لە هەوڵی ئەوەدا چارەسەری دیپلۆماسی بۆ کێشەکە بدۆزرێتەوە و لەلایەکی تر خۆی لەوە نەدەپاراست کە بەدرێژاییی سنوورەکان بچێتە شەڕەوە و پەیوەندییە دووقۆڵییەکان لەناو ببات.

کاروانێکی بازرگانی لە کاتێکدا لە بایەزیدەوە بەرەو ئەرزەرۆم بەڕێوە دەبێت، لە نزیك گوندی حاجی بایرامی نزیك لە ڕەڤان دەکەوێتە بەر هێرشی هێزێکی ئێرانیی پێکهاتوو لە سێسەد ئەسپسواری حوسێن ئاغای زیلان و بڕێك ئەسپسواری عەجەم. لەو هێرشەدا زۆربەی کاروانچییەکان دەکوژرێن و کاروانەکەش بەتاڵان دەبرێت. هاوکات عەشیرەتی جەلالیی نیشتەجێی دیوی ئێران سێ گوندی سەر سنوور تاڵان دەکەن.[٦٩] ئەو تایبەتمەندییەی لێرەدا مایەی سەرنجە، سپکی و حەیدەران و جەلالی و زیلان هەموویان عەشیرەتی کوردن.

فەرمانڕەوای قارس، ئەرزەرۆم ئاگادار دەکاتەوە لەوەی کە هێزەکانی ئێران هێرشیان کردووەتە سەر گوندەکانی قەزای کاغزمانی سەر بە قارس و تاڵانیان کردوون. هەواڵیش دەگات ئەو هێزانەی ئێران بۆ پەلاماردانی مووش ئامادەیانی کردووە، نزیکەی ١٢٠٠٠ سەربازن.

بەهلول پاشای موتەسەڕیفی بایەزید لەبەر ئەوەی توانای پاراستنی سنووری نابێت، ڕێك لەو سەروبەندەدا لەسەر کار لادەبرێت و ئەمەش دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی ترس و نیگەرانی لە ناوچەکە. پێشبینی دەکرا ئەگەر بەگی قەزای ئەلەشکیرد بڕیار بدات عەبدول حەمید بەگ بکات بە میرئالای و لێپرسراوی بایەزید، ئەوا بەهلول پاشا لەو بڕیارە هەڵدەگەڕێتەوە و پەنا دەباتە بەر ئێران.[٧٠] بەڵام بە پێچەوانەی ئەو پێشبینییەوە، بەهلول پاشا بەرەنگای بڕیارەکە نەبووە و پەنای بۆ ئێران نەبرد.[٧١]

والیی ئەرزەرۆم عەشیرەتە کوردەکانی ئێرانی بە هۆکاری ئاژاوەگێڕی دەزانی و لە مێژ بوو سەلیم پاشای مووشی بە داڵدەدانیان تۆمەتبار دەکرد. پاشا بۆچوونی وا بووە لە چارەی عەشیرەتە کوردەکانەوە پەیماننامەی سنوور لەگەڵ ئێراندا هەڵدەوەشێتەوە و ترسی نەمانی ئاشتی دێتە ئاراوە.

لەگەڵ هاتنی ساڵی ١٨٢١دا هێشتا نەتوانرابوو کێشەکانی نێوان هەردوو وڵات چارەسەر بکرێن و هێرش و پەلامارەکانی ئێران بەدرێژاییی سنوور زۆر چڕ بووبوونەوە. بەپێی ڕاپۆرتەکانی عوسمان پاشای پاسەوانی نوێی قارس

له ١/م/١٢٣٧ (١٨٢١/٩/٢٨)، حوسێن خانی سەرداری ڕەڤان لە ڕێی حەسەن خانی برایەوە دەستی گرتووە بەسەر تۆپراکقەڵای سەر بە سەنجەقی بایەزیددا، هێرشی بردووەتە سەر قەزای ئەلەشكیردی سەر بە ئەرزەڕۆم، لەگەڵ هێزەكانی گرێدراوی والیی ئەرزەڕۆمدا كەوتووەتە شەڕەوە و بووە بە هۆكاری زەرەر و زیان.[٧٢]

سەرداری ڕەڤان لە ئاكامی ئەو ڕووداوانەدا بە نیازی پەلاماردانی مووش بە سوپایەكی گەورەوە تا نزیكەی ناوچەی بولانك دەچێت و حەسەن خانی برای تا گوندی گومگومی* شەش سەعاتە ڕێ دوور لە قەڵای ئەرزەڕۆم پێشڕەوی دەكات.[٧٣] سەلیم پاشای موتەسەڕیفی مووش ڕۆژی ١٨٢١/١٠/١٩ هێرش دەكاتە سەر سوپاكەی حەسەن خان و هێزەكانی ئێران تێكدەشكێن و ناچار دەبن بكشێنەوە.[٧٤]

هێزەكانی ئێران سەرەڕای كشانەوەیان، لە ساڵی ١٨٢٢دا سەرلەنوێ دەست بە هێرش و پەلامار دەكەنەوە و یەكینە سەربازییەكانی سەر بە سەرداری ڕەڤان لە ٥/ش/١٢٣٧ (١٨٢٢/٤/٢٧) لە سنوور دەپەڕنەوە و هێرش دەكەنە سەر قەزا و گوندەكانی قارس. ڕەووف پاشای سەركردەی سەربازی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەگەری پەلاماری هێزەكانی ئێران بۆ سەر ناوەندی قارس دەكەوێتە خۆ و فەرمان دەدات ئامادەكاریی پێویست ئەنجام بدرێت بۆ بەرگریكردن و هێرشی پێچەوانە.[٧٥]

بێگومان كێشەی عەشیرەتی حەیدەران دوایین كێشەی عەشیرەت نەبووە لە نێوان عوسمانی و ئێراندا و هەرچەندە دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێی خۆسازدانی سەربازییەوە تا ڕادەیەك بەری بە هێرش و پەلامارەكانی ئێران گرتووە، بەڵام كێشەكان هەرگیز نەگەیشتن بە چارەسەری بنەڕەتی. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە سنوورە سیاسییەكانی نێوان هەردوو دەوڵەت نەیانتوانیوە ببن سنوورێكی گونجاو بۆ ژیانی كۆمەڵایەتیی عەشیرەتە كوردەكان. لایەنی ئێرانی بە بیانووی كۆچی عەشیرەتی حەیدەران هێرشی زۆری كردووەتە سەر لایەنی عوسمانی. هێرش و پەلامارەكان هێرشی سوپا ڕێكخراوەكانی ئێران نەبووە، بگرە لەلایەن

"زیلان" و ئەو عەشیرەتە کوردانەی ترەوە، کە زۆرینەیان لە ئێراندا ژیاون، ڕێك خراون و بە یەکینەی ئەسپسوار ئەنجام دراون. هێرشەکانی ئێران سەرەتا لە باکوورەوە دەستیان پێ کردووە و دواتر بە تێپەڕبوونی کات فراوان بوونەتەوە و ناوچەکانی مەحموودی[٧٦] و هەکاریشیان لە باشوور گرتووەتەوە.

## بەشی ٢

### داگیرکاریی ئێران لە هەکاری و دەڤەری مەحموودی، میرەکانی هەکاری و مەحموودی و مویکویس

یاخیبوونی دەروێش پاشا کە لە وان دەستی پێ کرد و بوو بە هۆی تەنگژەیەکی قووڵ لە نێوان دەوڵەتەکانی عوسمانی و ئێراندا، لە دوای خۆی زەمینەی خۆش کرد بۆ چەندین گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی نوێ. بێ هیچ گومانێك یەکێك لە گرنگترین ئەو گۆڕانکارییانە بریتی بوو لە دەرکەوتنی مەحموود خانی میری مویکویس لەسەر شانۆی مێژوو.

سەنجەقی مویکویس بە بەراورد لەگەڵ میرنشینەکانی تری کورددا بە بچووك دادەنرا، لە هەردوو سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا لە نێوان میرنشینەکانی جزیرە و هەکاریدا دابەش کرابوو[٧٧] و ناوەندی سەنجەقەکە لە ژێر دەسەڵاتی میری هەکاریدا بوو. دەسەڵاتی هەکاری بەسەر مویکویسەوە نزیکەی سەدساڵی خایەند و هێندە کاریگەر بوو، زۆربەی مێژوونووسان مویکویسیان بە خاکی هەکاری و میرەکانی مویکویسیان وەك میری هەکاری لە قەڵەم داوە. وەك دواتر بۆمان دەردەکەوێت تەنانەت لە سەروبەندی یاخیبوونی ئیسحاق پاشای وانیش لە ساڵی ١٨٣٠دا لێپرسراوانی دەوڵەتی عوسمانی لە ئەرزەڕۆم وەك یەکێك لە سەنجەقەکانی هەکاری ناوی مویکویسیان هێناوە.

وەك ئەوەی لە شەرەفنامەی بەناوبانگیشدا باس کراوە، میرەکانی مویکویس بە ڕەچەڵەك پەیوەندییان بە میرەکانی هەکارییەوە نییە. میرەکانی مویکویس خزمی میرەکانی هیزان و سپایەرتن و هاتوونەتە قەڵای بیلیجانی سەر بە خنس و لەوێشەوە بە هاوکاری سەلجوقییەکان چوونەتە ناوچەکانی باشووری دەریاچەی وان و لەوێ نیشتەجێ بوون.[٧٨] ئەگەری

ئەوە هەیە ئەم بنەماڵەیە قۆڵێك بێت لە خانەدانەکانی ئەیووبی کە ساڵی ١٢٠٧ی کۆچی لە ناوچەی ئەخلات (خەلات... وەرگێڕ) نیشتەجێ بوون و ساڵی ١٢٢٩ کۆچی پاش ئەوەی خوارزمشاە دەستی بەسەر ئەو دەڤەرەدا، ئەمان ناوچەکەیان بەجێ هێشت.

لەگەڵ هاتنە پێشەوەی سەدەی نۆزدەیەمدا میری مویکویس ئەیووبخان بەگ دەستی دایە شەڕی سەربەخۆیی لە دژی هەردوو میرنشینی هەکاری و جزیرە، ئەم تێکۆشانە لە سەردەمی عەبدی بەگی کوڕیشیدا درێژەی هەبوو. دەکرێت سەردەمی شێخی بەگی کوڕە گەورەی عەبدی بەگ بە سەردەمی گەیشتنی مویکویس بە سەربەخۆیی خۆجێی دابنرێت. پاش مردنی ئەم، مەحموود خانی برای بوو بە میری مویکویس و وەك ئەوەی لە بەشەکانی داهاتوودا دێینەوە سەری، بە تێپەڕبوونی کات بوو بە یەکێك لە میرنشینە هەرە بەهێزەکانی کوردستان.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی لە ویلایەتی ئەرزەڕۆمەوە بۆ دەرسەعادەت نێردراون[٧٩]، هێزەکانی ئێران لە ساڵی ١٨٢٥ بەدواوە دەڤەرەکانی هەکاری و خۆشابیان داگیر کردووە و میرە کوردەکانی دەڤەرەکەیان بە خۆیانەوە گرێ داوە. دەوڵەتی عوسمانیش شەڕەکانی ئێران و ڕووسیای بە هەل زانیوە و بە پشتیووانیی میرەکانی کورد سەرلەنوێ دەستی بەسەر دەڤەرەکەدا گرتووەتەوە. بەڵام لە پەیماننامەی ئاشتی و دەستنیشانکردنی سێکوچەکەکانی سنووردا ناکۆکی سەبارەت بە چەند قەڵایەك بەردەوام بووە و دانوستاندنەکانی ئاشتی درێژەیان کێشاوە. لەو قۆناغەدا سەنجەقی خۆشاب و بەتایبەتیش هەکاری و دۆخی نوورڵڵا بەگی میری هەکاری و مادەی زەرنیخ لەو دەڤەرە بووە بە گەورەترین خاڵی ناکۆکی. هەروەها کێشەی عەشیرەتە کوردەکانی سپکی و حەیدەران کە پێشتر ناکۆکییەکی گەورەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێران بوو، دەبیندرێت لەو قۆناغەدا دیسان دێتە ئاراوە. بەناوی دەوڵەتی ئێرانەوە ئاغا حەسەن دانوستاندنەکانی ئاشتیی سنووری بەڕێوە بردووە. بەناوی دەوڵەتی عوسمانیشەوە ئەحمەد ئاغای

ڕاپەڕێنەری کاروبارەکانی غالیب پاشای والیی ئەرزەڕۆم دانوستاندنەکانی بەڕێوە بردووە، هاتوچۆی ئێرانی کردووە و پەیوەندارییی میرە کوردەکانی هەکاریی بە "دەوڵەتی عالی"یەوە بنیات ناوە. دانوستاندنەکانیش بەزۆری لە ئەرزەڕۆم ئەنجام دراون.

ساڵی ١٨٢٥ و دواتریش، میرنشینی هەکاری و داگیرکردن و دەرپەڕاندنی یەکتر تاکە بابەتی سەرچاوەی کێشەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێران نەبوو. هەندێك لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیف لەوانەی تیشك دەخەنە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمە، تایبەتن بە عەشیرەتە کوردەکانی شکاك[٨٠] و ئەرتۆشیی[٨١] خاوەن دەسەڵاتی فراوانن لەو قۆناغەدا[٨٢]. بەشی زۆری عەشیرەتی شکاك لە ناو سنووری ئێراندا و عەشیرەتی ئەرتۆشیش کە بەسەر چەندین قۆڵدا دابەش دەبێت، لە کوردستانی عوسمانی نیشتەجێ بوون.

بەپێی نامەی بە فارسی نووسراوی سەرداری (خۆی) بۆ سلێمان پاشای فەرمانڕەوای وان لە ١٢٤١/S/٢٨ (١٨٢٥/١٠/١١)، سەربارى کێشەکانی دەڤەری هەکاری، عوسمان ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی ئەرتۆشیش هۆکاری ئاژاوەگێڕان بووە لەو دەڤەرە. سەرداری (خۆی) داوای کردووە دەوڵەتی عوسمانی ڕێ لەو ئاژاوەیە بگرێت بۆ ئەوەی تەنگاسی لە نێوان هەردوو وڵاتدا ڕوو نەدات. سەردار هەواڵی ئەوەی داوە کە سەرۆکی عەشیرەتی شکاك لەسەر دەستی کوردەکان کوژراوە و ئیسماعیل خان بەگی ناردووە بۆ لای سلێمان پاشای فەرمانڕەوای شاری وان بەمەبەستی وەرگرتنی بەهای خوێنی سەرۆکی عەشیرەتی شکاك. ئەوەی زانراوە، سەرۆکی عەشیرەتی شکاك لەسەر دەستی عەشیرەتی ئەرتۆشیی کوردی عوسمانی کوژراوە.

یەکێك لە ڕووداوە گرنگەکانی ئەو سەردەمە کە بە ئەندازەیەکی زۆر کاری لە قۆناغی دواتریش کرد، دەرکەوتنی مەحموود خانی میری مویکویس بوو لەسەر شانۆی مێژوو. مەحموود خانی نیشتەجێ لە وەستان[٨٣]، لە نامەیەکدا بە زمانی فارسی[٨٤] کە ڕۆژی ١٨٢٥/٩/٢٨ بۆ غالیب پاشای والیی

ئەرزەڕۆمی نووسیوە، دەڵێت لەو ڕۆژەوەی لە خاکی وان نیشتەجێ بووە، لە خزمەتی دەوڵەتی عەلییەدا بووە و گوێڕایەڵی بووە و داوا دەکات دەوڵەت لە بەرانبەر هێرشەکانی عەجەم[85] هاوکاری بکات. مەحموود خان ئارەزوو دەکات غالیب پاشا فەرمان بدات بە فەرمانڕەوای وان و موتەسەڕیفی مووش خۆیان لەم بکەن بە خاوەن. ئەم نامەیەی ساڵی ١٨٢٥ یەکەم بەڵگەنامەی تایبەتە بە مەحموود خان.

لە ئاکامی گفتوگۆکانی عوسمانی و ئێراندا سەرداری (خۆی) بە فەرمانی جێنشینی تەختی پاشایەتیی ئێران هەرێمەکە ڕادەستی میرەکانی هەکاری و خۆشاب دەکات، کە بەڕێوەبەرانی سرووشتیی ئەو هەرێمە بوون و پابەندبوونی خۆیان بە دەوڵەتی عوسمانییەوە ڕاگەیاندبوو. میری هەکاری نوورڵڵا بەگ نامەیەك بە زمانی فارسی لەو بارەیەوە بۆ دەرسەعات دەنێرێت. کورتەی ئەو نامەیەی ناو ئەرشیڤی عوسمانییەکان بەم جۆرەیە:[86]

"... خەڵکی دێرینی هەکاری گوێڕایەڵی دەوڵەتی عەلییەن و دەستیان گرتەوە بەسەر گشت ئەو قەڵا و ناوچانەی کە چەند ساڵێك بوو لە ژێر دەستی عەجەمدا بوون. موتەسەڕیف نوورڵڵا بەگ لەبەر ئەوەی هێزی بەرگریکردنی نەبوو، لەلایەن دەوڵەتی عەلییەوە سەرپەرشتیی بینی و لە کاتێکدا چاوەڕوانی ڕزگاربوون بوو، بە لێهاتوویی ئەحمەد پاشا قەڵای هەکاری و دەوروبەری لە دەستی عەجەم ڕزگار کرا و گەڕێندرایەوە بۆ نوورڵڵا بەگ و ڕادەستی کرا. تەواوی دانشیتووان بە گەورە و بچووکەوە لە پای ڕزگاربوونی یەکجارییان لە دەستی عەجەم هەموویان بەیەك دەنگ سوپاسی ''سەلتەنەتی سەنییە'' دەکەن و لە ڕێی خزمەتکردن بە دەوڵەتی عەلییە و پابەندبوون پێیەوە لانادەن و گوێڕایەڵی گشت فەرمان و قەدەغەکانی ''سەلتەنەتی سەنییە''ن و خەڵکی هەکاری کەسێکیان بەناوی عەبدوڵڵا نارد بۆ لای غالیب پاشا بۆ ئەوەی پابەندبوون و سوپاسیان بخاتە ڕوو..."

میرەکانی هەکاری کە پێشتر لە سەردەمی دەروێش پاشادا پابەندبوونی خۆیان بە ئێرانەوە ڕاگەیاندبوو، لە ئەنجامی هەوڵەکانی ئەحمەد پاشادا

سەرلەنوێ پابەندبوونی خۆیان بە دەوڵەتی عوسمانییەوە ڕاگەیاند و لایەنی ئێرانی کشایەوە و دەڤەرەکەی ڕادەستی نوورڵڵا بەگ کرد.

میرزا عەباسی جێنشینی تەختی پاشایەتیی ئێران گۆڕانکاریی لە دەقی ئەو پەیماننامەیەی ئاشتیدا کردووە کە دواتر ڕێککەوتنی لەسەر کراوە و دوو دانەی بە هەردوو زمانی فارسی و تورکی بۆ دەرسەعادەت نێردراوە. میرزا عەباس ناوچەی دەریکی دەڤەری هەکاری و قەڵای ئیبکای[87] ناوچەی خۆشابی لە تۆماری دەستنیشانکردنی سنوور دەرهێناوە و بە پێویستی زانیوە ئەو قەڵایانە لە دیوی ئێران بمێننەوە. ئەم کێشەیە بوو بە هۆی بەردەوامبوونی ناکۆکی و درێژبوونەوەی ماوەی دانوستاندنەکان. هەرچەندە لە ئاکامی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەدا لایەنەکان ڕێك کەوتن قەڵای دەریك لە سنووری ئێراندا بمێنێتەوە، بەڵام هەردوو قەڵای چەریك و قوتور بوون بە مایەی ناکۆکی و بەمەش بارگرژیی نێوان هەردوو دەوڵەت گەورە بووەوە و هیچ کاتێك لەو بارەیەوە نەگەیشتنە ڕێککەوتن.

چارەسەرکردنی کێشەکانی سنوور و دانوستاندنەکانی سنوور کە دوای گەڕانەوەی دەڤەرەکانی هەکاری و خۆشاب بۆ ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دەستیان پێ کرد، بە هۆی شەڕەکانی ئێران و ڕووسیاو و عوسمانی و ڕووسیاوە ماوەی چوار پێنج ساڵانیان خایەند. بەپێی ڕاپۆرتی[88] غالیب پاشای والیی ئەرزەڕۆم لە ١٨٢٧/٩/٢٣ لە یەك نەگەیشتن سەبارەت بەو قەڵا ناوهێندراوانە بەردەوام بووە. بانگەشەی هەردوو دەوڵەت سەبارەت بە مافی موڵکداریی ئەو قەڵایانە و شەڕەکانی ئێران و ڕووسیا بوو بە هۆی دواکەوتنی مۆرکردنی پەیماننامەی ئاشتی. غالیب پاشا ڕاشکاوانە دەری دەبڕێت کە بە هیچ جۆرێك متمانە بە لایەنی ئێرانی ناکات. داوا لە کۆشکی عوسمانی دەکات متمانە بە عەباس میرزای جێنشینی تەختی پاشایەتیی ئێران نەکات و ئەگەر پێویست بکات، پەیماننامەی ئاشتی لەلایەن پادشای ئێرانەوە پشتڕاست بکرێتەوە.

پاشا داخوازەکانی لایەنی ئێرانی لە دەڤەریی هەکاری گرێ دەدات بە هەڵوێستی میرەکانی هەکارییەوە و دەڵێت:

"... میرەکانی هەکاری سەردەمانێکی درێژ مەیلیان بەلای عەجەمدا بووە و پابەندی ئەوان بوون و ئەو دەڤەرە وەك خاکی خۆیانی لێ هاتووە."

وەك پێشتر ڕوون کرایەوە، مستەفا بەگی میری ئەو سەردەمەی هەکاری لە سەروبەندی یاخیبوونی دەروێش پاشای فەرمانڕەوای واندا پابەندبوونی خۆی بەلایەنی ئێرانییەوە ڕاگەیاندبوو. وا دەردەکەوێت ئەو دۆخە تا ساڵی ١٨٢٧ درێژەی کێشاوە. میرەکانی هەکاری بەم هەڵوێستەیان دیمەنێکی سەربەخۆیی خۆیان لە ویست و بڕیاری دەوڵەتی عوسمانی خستووەتە ڕوو. زانیاریی هاوشێوە پێشتر لەلایەن ئاغا حەسەنی بەڕێوەبەری دانوستاندنەکانی ئێرانیشەوە ڕاگەیەندراوە[٨٩] و میرەکانی سنوور جارێك مەیلیان بەلای دەوڵەتی ئێرانی و جارێکیش بەلای دەوڵەتی عوسمانیدا بووە و ئەمەش کارێکی وای کردووە شتێکی دژوار بێت بزانرێت دەڤەرەکان سەر بە کام دەوڵەتن.

هەردوو قەڵای گرنگی چەریك و قوتور هۆکاری کێشە بوون لەگەڵ ئێراندا. قەڵای چەریك لە چوارچێوەی سنووری ئێراندا مایەوە. فەرمانڕەوای قوتوریش مووسا بەگی ئامۆزای مەحموود بەگ بوو. ئەم بەگە سەر بە دەوڵەتی ئێران بوو و تەنانەت ناسناوی خانی لەوان وەرگرتووە و بە مووسا خانیش ناسراوە.[٩٠]

خاڵێکی تر کە نیگەرانیی زۆری بۆ دەوڵەتی عوسمانی دروست کردبوو، کاریگەریی ڕوو لە زیادبوونی ڕووس بوو لە هەرێمەکە. زیادبوونی دەسەڵاتی ڕووسەکان بەسەر دەوڵەتی ئێرانەوە ئەندێشەی ئەوەی خەڵقاندبوو ڕووسەکان بە هاندانی ئێرانییەکان بانگەشەی خاوەندارییی قەڵاکانی سەر سنوور بکەن. لەگەڵ چەقینی دانوستاندنەکاندا لایەنی عوسمانی شەڕی ڕووس و ئێرانی بە هەل زانی و لە کۆتایی ساڵی ١٨٢٧دا لەگەڵ میرەکانی کورددا ڕێککەوت و توانی دەڤەرە ئاماژە بۆ کراوەکان بە خۆیەوە گرێ بداتەوە. دەوڵەتی عوسمانی بە ڕاکێشانی میرەکانی هەرێمەکە و ڕێزلێنان و دڵدانەوەیان توانی ئیسحاق پاشای قایمقامی وان، قەڵاکانی دەریك، ئیبکا، چەریك و قوتوری سەنجەقەکانی خۆشاب و هەکاری کە لە ژێر دەستی ئێراندا

مابوونەوە، بەدەست بخاتەوە و غالیب پاشای والیی ئەرزەڕۆم ئەم هەواڵەی وەك مزگێنی گەیاندووە بە دەرسەعادەت.[91]

### میرایەتیی مەحموودی و ڕەوشی قەڵای خۆشاب

میرنشینی مەحموودی کە دەکەوتە باکووری هەکاری و دەڤەری نێوان وان و ئێران، وەك میرنشینی هەکاری هەمیشە ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە پەیوەندییەکانی عوسمانی و ئێراندا. میرنشینی مەحموودی لەبەر ئەوەی هاوسێی ئێران بوو، لە سەردەمەکانی یاوز سوڵتان و سلێمانی قانوونیدا یەکێك بوو لە بەرچاوترین میرنشینەکانی هەرێمی کوردستان (کوردستانی عوسمانی... وەرگێڕ).[92] میرنشینی کوردیی مەحموودی بەدرێژاییی شەڕی سەدان ساڵەی عوسمانی و ئێرانی بەردەوام هێزی لە دەست دەدا و لەگەڵ هاتنی ساڵی ١٨٢٧دا کەوتە دۆخێکی زۆر دوور لە هێزی کۆنی خۆیەوە.[93] پاش ساڵی ١٨٢٧ و لەگەڵ کشانەوەی ئێراندا لەو دەڤەرە، محەمەد ئەمین بەگی میری مەحموودی پەیوەندی کرد بە والی ئەرزەڕۆمەوە و پابەندبوونی خۆی ڕاگەیاند.

غالیب پاشای والیی ئەرزەڕۆم لە نووسراوی ١٨٢٧/١١/١٣دا بۆ دەرسەعادەت باسی محەمەد ئەمین بەگی میری سەنجەقی خۆشاب دەکات و ڕوونی دەکاتەوە ئەگەرچی پێشتر خۆیان سەروەری خۆیان بوون، بەڵام کوڕی خۆی ناردووەتە لای والی بەمەبەستی بەیانکردنی پابەندبوونی و گوێڕایەڵیی خۆی ڕاگەیاندووە. ڕاپۆرتەکەی غالیب پاشا بەم جۆرەیە:

"خۆشاب و هەکاری کە بە گرێدراوی ویلایەتی وان دەژمێردرێن، هەرچەندە میرەکانیان زۆر لە مێژە نەك بۆ ئەرزەڕۆم، بگرە سەریان لە وانیش نەداوە. بەڵام لە سایەی ''وەلی نیعمەت''دا دڵی محەمەد ئەمین بەگی میری سەنجەقی خۆشاب درایەوە و کوڕی خۆی نارد بۆ لای بەندەتان. زانراوە قەڵای خۆشاب لە شوێنێکی حەوت هەشت سەعات دوور لە وان هەڵکەوتووە، لە جێیەکی یاخیدایە و شوێنێکی پێویستە.

لەبەر ئەو هۆیە بۆ تێگەیشتن لـە حـاڵی محەمـەد ئـەمین بـەگ و ڕەوشـی قەڵای ئاماژە بـۆ کـراو، سـەرباری ئـەوەی نەخۆشـە و چـووەتە سـاڵەوە، لـە ڕابـردوودا لەسـەر ویـستی ئێمـە هاتـە لامـان و پێـشانی دا بەنـدە و تکاکـاری دەوڵەتی عەلییە.

باسی ئەوەی کرد کە باپیرانی هـەوڵیان داوە خزمـەتی دەوڵـەت بکـەن و پێشتر کاتێك کوڕەکەی هاتە لامان، نووسراوێکی داپێمان و تیایدا هاتووە بـە لێهاتوویی کەسـێکی شـارەزا و بـە پـشتبەستن بـە داواکردنـی بـاجی قـەڵای خۆشاب لیستی نۆژەنکردنەوەی قەڵای ئاماژە بۆ کراوی دەرهێنـاوە و ڕوونـی کردووەتەوە گشت نۆژەنکردنەوەکە بیست و دوو هەزار قروشی تێ دەچێت.

بڕێك ''بەرائەتی شەریف'' (فەرمانی سوڵتانەکانی عوسمـانی سـەبارەت بە دامەزراندن و بەخشینی ناسناو... وەرگێڕ)ی کۆنی تایبەت بـە میرایـەتی و میراتگری و تاپۆکانی باوباپیرانی هێنا و دووبارە تکای کرد وەك ڕێزگـرتن لـە پای پیرایەتی و خزمەتەکانی ڕابردوو بە دیـاری پێـشکێش بـە دەرسـەعادەت بکرێت. هەمان کات لەمەودوا لە ناو هاوتاکانی خۆیدا داهات و خزمەتی خـۆی بۆ ''سەلتەنەتی سەنییە'' زیـاد دەکـات تکـای کـرد بـۆ مـەیل و دەسـەڵاتی خۆی بە شێوەی ڕابردوو وەك میری میران شاگردی بکات.

پێشتر لەلایەن بەندە فەرمانڕەوای و وان و بەندەی خۆتانیـشەوە ئامـاژە کرا بۆ ئەوەی کارێکی بەکەڵك دەبێت ئەگەر لە هەریەك لە سەنجەقی خۆشاب و ئەو قەڵایانـەی لای ئـەلباك لـە دەسـتی ئێـران دەرهێنـدراون، مـیری مـیران دابندرێت."

وەك ئەوەی لە گێڕانەوەکانی غالیب پاشاشدا بەدی دەکرێت، دەسـەڵاتی عوسمـانی بەسـەر میرەکـانی کوردسـتانەوە ماوەیـەکی درێـژ نادیـار و بـێ کاریگـەری بـووە. میرەکـانی هـەکاری و مـەحمودی هەڵوێـستێکی نزیـك لـە سەربەخۆییان لە بەرانبەر دەوڵەتی عوسمانی بەیان کـردووە. تەنانـەت وەك ئـەوەی پێـشتر لایـەنی ئێـرانیش ڕوونـی کردووەتـەوە، ئـەو مـیرە کوردانـە ماوەیەك سەر بە ئێران و دەمێکیش سـەر بـە دەوڵـەتی عوسمـانی بـوون. لـە

کاتێکدا میری مەحموودی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوو، مووسا خانی ئامۆزای وەك فەرمانڕەوای قوتور سەر بە ئێران بوو. عالیب پاشا ڕوونی دەکاتەوە فەرمانڕەوای وانیش پلەی "میری میران"ی بەدەست هێناوە و دەڵێت هاوتاکردنی لەگەڵ میری مەحموودیدا گونجاو نابێت. غالیب پاشا لە ''بەرائەت''ە کۆنەکان دەکۆڵێتەوە، سەیر دەکات هەندێك جار پلەی ''میرلیوا'' و هەندێك جاریش پلەی ''میری میران''یان هەبووە، بەڵام دەگاتە باوەڕێك کە دۆخەکە زۆر ڕوون نییە و داوا لە دەرسەعادەت دەکات میرنشینەکە وەك ''میرلیوا'' بە ڕابەرایەتیی محەمەد ئەمین بەگ پەسەند بکات. غالیب پاشا بە دەرسەعادەت ڕادەگەیەنێت دواتر پیاوانی ڕاسپێردراوی خۆی دەنێرێت بۆ دەڤەرەکە بەمەبەستی نۆژەنکردنەوەی قەڵای مەحموودی (خۆشاب)ی هەڵکەوتوو لە شوێنێکی زۆر گرنگ و ئاشکرای دەکات دواتریش تۆپ و کەرەستەی تری بۆ دەنێرێت.

### میرایەتیی هەکاری لە پاش ئاشتیی ئێران و عوسمانی و مەسەلەی کانزای زەرنیخ

لە میانەی دانوستاندنەکانی ئاشتیدا کە تا ساڵی ١٨٣٢یان خایەند، دەبینرێت قەڵاکانی قوتور و چەریك لای ئێران ماونەتەوە.[٩٥] هەر لەو ماوەیەدا، لە ساڵی ١٨٢٨ شەڕەکانی عوسمانی و ڕووسیا دەستیان پێ کرد و هێزەکانی ڕووس لە هەمان ساڵدا بە فەرماندەییی ژەنەراڵ پاسکۆڤیچ دایان بەسەر ئەرزەڕۆمدا. ساڵح پاشای والیی ئەرزەڕۆم بەرگری پێ نەکرا و لە ١٨٢٨/٧/٨ شاری ڕادەستی ڕووسەکان کرد. داگیرکاریی ڕووس نزیکەی ساڵێکی خایەند و پاش واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ئەدرنە، ڕووسەکان لە ١٨٢٩/٩/١٤ لەو شارە کشانەوە. لە پاش ئەو شەڕانە قەڵای ئەرزەڕۆم وێران بوو. دەبینرێت بەشێك لە دانیشتووانیش هاوکات لەگەڵ ڕووسەکاندا کشاونەتەوە و ئەگەری ئەوە هەیە ئەوانە ئەرمەنی بووبن.[٩٦] شەڕەکانی

عوسمانی و ڕووسیا بوون بـه هـۆی درێژبوونـەوەی مـاوەی دانوسـتاندنەکانی سـنوور لـە نێـوان دەوڵـەتی عوسمـانی و ئێرانـدا و ڕووسـەکانیش پێـشانی هـەردوولایان داوە ڕووسـیا لـەوەودوا فاکتـەرێکی گرنگـە لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاستدا.

لە سەروبەندی شەڕەکانی عوسمانی و ڕووسیادا دەوڵەتی عوسمانی قایل بوو بەوەی نوورڵڵا بـەگ دەڤـەری هـەکاری بـەڕێوە ببـات. کـانزای زەرنیخـی گرانبەهای ئەو دەڤەرە کە دەوڵـەتی عوسمـانی بایـەخی زۆری پـێ دەدا، بـە شێوەیەکی سرووشتی لە ژێر دەستی میردا بوو.[97]

ئەو کانزایەش بوو بە یەکێك لە بابەتـە بنەڕەتییـەکانی دانوسـتاندنەکانی سنوور لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا. لێپرسراوانی عوسمـانی دیـاریی جۆراوجۆریان دا بە لێپرسراوانی ئێرانی بەمەبەستی ئەوەی مادەکە لـە دیـوی عوسمانی بمێنێتەوە. لەو بـوارەدا بڕیـار درا دوو سـەد هـەزار قـروش و پێـنج سەد باتمـان مـس بدرێت بـە مـیرزا عەباسـی جێنشینی تـەختی پاشـایەتیی ئێران، پازدە هەزار قـروش بـدرێت بـە سـەرداری ڕەڤـان (یـەریڤان)، حەڤـدە هەزار قروش بدرێت بە حەسەن ئاغای پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئێران لـە ئەرزەڕۆم و پێنج هەزار قروشیش بدرێت بە زەینەلعابدین بـەگ. غالیـب پاشـا بیری لەوە دەکردەوە ئەو بـڕە پارانـە لـە داهـاتی دەرهێنـانی کانزاکـە دابـین دەکات و حەفتا هەزار قروشی خەرج کرد و ئەرکی دەرهێنانی کانزاکەی دا بە تەیموور بەگی وانی کە لەو کاتەدا لە ئەرزەڕۆم دادەنیشت.

بەڵام کانزای ئاماژە بۆ کراو لە ژێر دەستی نوورڵڵا بەگی مـیری هەکاریـدا بوو و هەرچـەندە پێـشتر پابەنـدبوونی خـۆی بـە دەوڵەتـەوە بـەیان کردبـوو، وەلـێ داهاتـەکانی کانزاکـەی لەگـەڵ دەوڵەتـدا دابـەش نـەکرد. بـە هـۆی شەڕەکانی عوسمانی و ڕووسیا – ڕووسیا و ئێرانەوە ناڕوونی باڵی بەسەر ئەو مەسەلەیەدا کێشا و مـیری هـەکاری مـاوەی نزیکـەی ٤–٥ سـاڵ دوای ئـەوە داهاتەکانی کانزای زەرنیخی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا بەش نەکرد.[98]

هەرچەندە ئەو کێشەیە بیرۆکەی ڕێکخستنی پەلامارێکی سەربازی بۆ سەر میری هەکاری هێنایە ئاراوە، بەڵام پاشاکانی عوسمانی لە ئەرزەڕۆم بوێریی ئەوەیان تێدا نەبوو. محمەد ساڵح پاشا کە دوای غالیب پاشا بوو بە والیی ئەرزەڕۆم، ڕوونی دەکاتەوە کانزای زەرنیخ لەو دەڤەرە لە ژێر دەستی میری هەکاریدایە و بە ئارەزووی خۆی بەکاری دەهێنێت، بەڵام سەرباری ئەوەش والی دەڵێت ڕێکخستنی هەڵمەتێکی سەربازی بۆ سەر ئەو دەڤەرە کارێکی دژوار دەبێت. هەر لەو ماوەیەدا لایەنی ئێرانی ڕوونی دەکاتەوە سەرجەم ئەو پارانەیان وەرنەگرتووە کە غالیب پاشا لە بەرانبەر کانزای زەرنیخ بەڵێنی پێ دابوون و داوا لە لایەنی عوسمانی دەکات پاشماوەی پارەکانیان پێ بدات. بەپێی ڕاپۆرتەکانی ١٨٢٩/٣/١٠، پاشاکانی عوسمانی لەبەر ئەوەی نەیانتوانیوە کانزاکە دەربهێنن، نەیانتوانیوە ئەو پارانە بدەن.[٩٩]

ساڵی ١٨٣٢ لە دوای دانوستاندنەکانی ئاشتی، قەڵاکانی هەردوو دەڤەری هەکاری و خۆشاب کە خاوەن بایەخێکی زۆر بوون بەلای دەوڵەتی عوسمانییەوە، ئەم دۆخەی خوارەوەیان وەرگرت. ڕاپۆرتی ساڵی ١٢٤٧ کۆچی (١٨٣٢) لەو بارەیەوە بەم جۆرەیە:[١٠٠]

"ڕەوشی قەڵاکانی هەڵکەوتوو لە سەنجەقەکانی هەکاری و خۆشاب کە بە سەرپەرشتیی ڕاپەڕێنەری کاروبارەکانی غالیب پاشای کۆچکردوو پاش ڕێککەوتن لەگەڵ ئێراندا لەلایەن ئێرانەوە بۆ هەتاهەتایە ڕادەستی دەوڵەتی عەلییە کرانەوە:

قەڵای دەریکی هەڵکەوتوو لە سەنجەقی هەکاری: لە ژێر دەستی میری ناوبراو (نوورڵڵا بەگ)دایە.

قەڵای پیزانی هەڵکەوتوو لە سەنجەقی هەکاری: لە ژێر دەستی میری ناوبراو (نوورڵڵا بەگ)دایە.

قەڵای باشکلانی[١٠١] هەڵکەوتوو لە سەنجەقی هەکاری: لە ژێر دەستی نوورڵڵا بەگدایە.

کانزای زەرنیخی هەڵکەوتوو لە سەنجەقی هەکاری: لە ژێر دەستی نوورڵڵا بەگی میری هەکاریدایە.

قەڵای چەریکی هەڵکەوتوو لە سەنجەقی هەکاری: لە ژێر دەستی یەحیا بەگی خزمی میری ناوبراو (نوورڵڵا بەگ)دایە و ئەو قەڵایەیە کە بەمەبەستی مانەوەی لە ئێراندا خراوەتە ئەو بەڵگەنامەیەوە کە بڕیار وایە ئاڵوگۆڕ بکرێت.

قەڵای ئەرجی—ی هەڵکەوتوو لە سەنجەقی هەکاری: لە ژێر دەستی میری ناوبراو (نوورڵڵا بەگ)دایە.

قەڵای لۆریکانی هەڵکەوتوو لە سەنجەقی هەکاری: لە ژێر دەستی میری ناوبراو (نوورڵڵا بەگ)دایە.

قەڵای خۆشابی هەڵکەوتوو لە سەنجەقی خۆشاب: قەڵای ئاماژە بۆ کراو ئێستا لە ژێر دەستی تەیمور پاشای فەرمانڕەوای واندایە.

قەڵای خۆشابی هەڵکەوتوو لە سەنجەقی مەحموودی: قەڵای ئاماژە بۆ کراو ئێستا لە ژێر دەستی تەیمور پاشای فەرمانڕەوای واندایە.

قەڵای ساتمانیسی هەڵکەوتوو لە سەنجەقی مەحموودی: وێرانەیە و لەم کاتەدا لە ژێر دەستی واندایە.

قەڵای مەلا حەسەنی هەڵکەوتوو لە سەنجەقی مەحموودی: وێرانەیە و لەم کاتەدا لە ژێر دەستی واندایە.

قەڵای قوتوری هەڵکەوتوو لە سەنجەقی مەحموودی: قەڵای ئاماژە بۆ کراو هەرچەندە دوای ڕێککەوتن لەلایەن ئێرانییەکانەوە گەڕێندرایەوە بۆ دەوڵەتی عەلییە، بەڵام دواتر کەوتەوە ژێر دەستی ئێران و ئەو قەڵایەیە کە لە نووسراوی کۆنتر لەم نووسراوەدا ئاماژەی بۆ کراوە و بەمەبەستی مانەوەی لە دیوی ئێران لەگەڵ قەڵای چەریکدا خراوەتە ئەو بەڵگەنامەیەوە کە بڕیار وایە ئاڵوگۆڕ بکرێت."

وەك سەرنج دەدرێت لەگەڵ هاتنی ساڵی ١٨٣٢دا میرنشینی لە مێژینەی کوردی، واتا میرنشینی مەحموودیی لەسەر شانۆی مێژوو نەماوە و قەڵای بەناوبانگی خۆشاب و قەڵا و قەزاکانی تری دەڤەری هەکاری خراونەتە ژێر

دەستی فەرمانڕەوای وان. بەو جۆرە محەمەد ئەمین بەگ بوو بە دوایین میری میرنشینی مەحموودی، کە میرنشینێکی کوردیی کلاسیك بوو. میرنشینی هەکاری لە قۆناغی نوێدا بایەخی خۆی پاراست و لە دەوڵەتی عوسمانیدا لە بەرانبەر ئێران فاکتەرێکی لەبەرچاو بوو. نووروڵڵا بەگی میری هەکاری لەو ڕووەوە یەکێك بوو لە گەورەترین میرە کوردەکانی ئەو سەردەمە، کە پێکهاتەی باوی میرنشینەکەی خۆی پاراست. هەبوونی کانزای زەرنیخ لە دەڤەری هەکاری بووبوو بە هۆی ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی بایەخێکی تایبەت بەو دەڤەرە بدات.

بەپێی ڕاپۆرتی ئەسەد پاشای والیی نوێی ئەرزەڕۆم کە مێژووی ۱۸۳۱/٦/۳۰ی بەسەرەوەیە و تایبەتە بە میرنشینی هەکاری، بیر لەوە کراوەتەوە پەلاماری سەربازی بۆ سەر نووروڵڵا بەگ ئەنجام بدرێت، چونکە پاش ڕێککەوتنی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێران بە سەربەخۆیی ماوەتەوە و داهاتەکانی دەرهێنانی کانزای زەرنیخی لەگەڵ دەوڵەتدا بەش نەکردووە.[۱۰۲]

بەپێی لێکۆڵینەوەی ناو ئەو ڕاپۆرتە، "ئەگەر کانزای زەرنیخ لە دەستی میری هەکاری ڕزگار بکرێت، ساڵانە چەند سەد توورەکەیەك ئاقچە داهاتی دەبێت. هەکاری قەزایەکی سەر بە وانە و ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی بیست هەزار کەسە و دەڤەرێکی شاخاوی و سەختە." ئەسەد پاشا ڕوونی دەکاتەوە تا بە میری هەکاری نەوێرن، نە دەتوانن ببن بە خاوەنی کانزای زەرنیخ، نە قەڵاکان. پاشا ڕوونی دەکاتەوە میری هەکاری قەڵاکانی وەك باشکلان، پیزان، دەریك، ئەرجی، زەرنیخ[۱۰۳] و لۆریکانی لە ژێر دەستدایە و دواتر دەنووسێت بەلایەنی کەمەوە دە پازدە هەزار سەرباز و تا ڕادەی پێویست تۆپ و کەرەستەی شەڕ و جبەخانە پێویستە بۆ ئەنجامدانی پەلامارێکی سەربازی.

### یاخیبوونی ئیسحاق پاشای پاسەوانی وان و
### پەنابردنی پاشا بۆ مەحموود خانی میری مویکویس

لە کاتێکدا کێشە لە نێوان عوسمانییەکان و ئێران و میری هەکاریدا هەبوو، یاخیبوونی ئیسحاق پاشای قایمقامی وان لە هەمان سەردەمدا یەکێك بوو لە ڕووداوە گرنگەکانی تری ئەو دەڤەرە. ئەگەر یاخیبوونی دەمیر پاشای[١٠٤] فەرمانڕەوای وانیش حسێب بکەین کە لە هەمان ساڵدا ڕوویدا، دەبینین شاری وان لە ٣٠ ساڵی سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا بووە بە مەیدانی یاخیبوونی سێ پاشای دامەزرێندراو لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە.

ئیسحاق پاش لە کاتێکدا ساڵی ١٨٣٠ فەرمانڕەوای وان بوو، وەك جێگری والیی قارس هاتە دامەزراندن[١٠٥] و تەیموور بەگی وانی لە جێی دانرا کە یەکێك بوو لە فەرمانڕەواکانی پێشووتری وان. ئیسحاق پاشا ناڕەزایی لە بەرانبەر گواستنەوەی بۆ قارس دەربڕی و لە کاتێکدا بەرەو قارس بەڕێوە بوو، لە نیوەی ڕێگا گەڕایەوە و چووە لای حوسێن ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی زیلان لە دیوی ئێران و پشتیووانیی ئەوی بەدەست هێنا و پەلاماری شاری وانی دا. ئیسحاق پاشا توانی پشتیووانیی خەڵکی وانیش بەدەست بهێنێت، بەڵام پاش ئەوەی حوسێن ئاغای سەرۆکی زیلان پشتیووانیی خۆی کێشایەوە، ئیسحاق پاشا پەنای برد بۆ لای مەحموود خانی میری مویکویس.

زۆرێك لە عەشیرەت و میرەکانی ئەو دەڤەرە پشتیووانییان لە مەحموود خان دەکرد، بۆیە دەوڵەتی عوسمانی نەیتوانی هێرشی سەربازی بکاتە سەری. خاڵێکی گرنگ لەم ڕووەوە ئەوەیە کە مەحموود خان و نوورڵڵا بەگی میری هەکاری لە بابەتی ئیسحاق پاشادا کۆك بوون. یاخیبوونی ئیسحاق پاشا یەکەم مەسەلەی گرنگ بوو کە مەحموود خان و دەوڵەتی عوسمانیی ڕووبەڕووی یەکتر کردەوە. تێوەگلانی ئەمین پاشای مووشیش لەو مەسەلەیە بوو بە هۆی ڕەنجان و دلگرانبوونی والیی ئەرزەڕۆم. ئەمە سەرەڕای ئەوەی

ئـەمین پاشـا پەیوەنـدیی بـەو یاخیبوونـەوە نـەبوو و سـەرباری داخـوازی مەحموود خان، ئەم لە فەرمانی والیی ئەرزەڕۆم دەرنەچوو.

محەمــەد ئــەمین پاشــای موتەســەڕیفی مــووش ڕۆژی ١٨٣٠/١٠/١٤ نووسراوێك سەبارەت بەو مەسەلەیە بۆ والیی ئـەرزەڕۆم و دەنێرێت و دەقـی ئەو بەڵگەنامەیە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:[١٠٦]

"ئـەمجار لـە ڕێـی بەنـدەی پەیكبـەرەوە ''ئەمرنامـەی عـالی''مـان پـێ گەیشت بەمەبەستی پرسیارکردن سەبارەت بەوەی ئیسحاق پاشا مەبەستی چییە و نیـازی چ ڕەوش و بزاوتێكـی هەیـە و شـوێنی مانـەوەی لـە كوێیـە؟ پێشتر بە شێوەیەكی تایبەت سیخوڕ بەڕێ كران تا بزانرێت ئیسحاق پاشا لە دوای هەڵهاتن ڕووی لە كوێ كردووە، لە چ دۆخێكدایـە و بـە چ جۆرێك زاتـی كردووە ئەو بزاوتە بكات. ئەو هەواڵانەی لەم كاتەدا دەگـەن، بـە ڕاسـتی بـەم جۆرەن:

جگە لە پیاوەكانی ژێر دەسەڵاتی خۆی، بڕێك سـەربازی لـە پیاوەكـانی حوسێن ئاغای زیلان و لە عەشیرەتەكانی وان كۆ كردووەتەوەو ڕایگەیانـدووە بە فەرمانی ''حەزرەتی خاوەن نیعمەت''مان بۆ وان نێردراوە. كاتێك لەگەڵ دەســتەیەك خــەڵك و كــەمێك ســەربازدا دەگاتــە دەروازەی وان، لەگــەڵ سـەربازەكانی تـەیموور پاشـادا ڕووبـەڕوو دەبنـەوە و پێكـدادانێكی بـچووك دەقەومێت و چەند ئەسپێكی سەربازەكانی تەیمور پاشا دەبرێت.

نامـەم بـۆ حوسـێن ئاغـای زیـلان نووسـی و ڕوونم كـردەوە ''حـەزرەتی خاوەن نیعمەت''مان لە هەڵهاتنی ئیسحاق پاشا بێ ئاگایـە و بەتایبـەتی بـە پیاوێكدا ئەم هەواڵەم بۆ نارد: ''ئاغا، هەرچییەك بكەن، لە ئاكامدا بێهێزی و پەشیمانی دەچێژن.''

ئاغـای نـاوبراو (حوسـێن ئاغـا) ئاگـادار كرایـەوە و بـۆی ڕوون كرایـەوە مەسەلە تەنیا وەقفە و ئەویش هەواڵی نارد و سەربازەكانی كێشایەوە و لەبەر ئەو هۆیە ئیسحاق پاشـاش نـەیتوانی بـچێتە وانـەوە. لـە سـیخوڕەكانمانەوە هەواڵی ڕاستمان پێ گەیشت سەبارەت بەوەی ئیـسحاق پاشـا چـووە بـۆ لای

مەحموود خانی میری سەنجەقی مویکویس کە یەکێکە لە سەنجەقەکانی هەکاریی سەر بە ویلایەتی وان و قەڵایەکی بەهێز و پتەوە و لە شوێنێکی ناوەوەی کوردستانە و ئیسحاق پاشا لای میری ناوبراو (مەحموود خان) دانیشتووە.

هەواڵدەران هەواڵیان دا کە بەندەگەل تەیموور پاشا، براکەی و کەدخودا بەگ و حەمزە ئاغای خەزێنەداری ئەندەروون و تەتەر بە سەلامەتی گەیشتوونەتە وان. بە لەبەر چاوگرتنی ئەگەری ئەوەی فەرمان بفەرموون، کاغەز دابەش کراوە بەمەبەستی کۆکردنەوەی سەربازی عەشیرەت و هۆزەکان و سەربازەکانیش ساز و ئامادە کراون. بەم جۆرە ئیسحاق پاشا لای میری ناوبراو (مەحموود خان) و لە قەڵای ئاماژە بۆ کراوە.

بە چ شێوەیەك فەرمان و ویست بفەرموون، بەو شێوەیە کار و بزاوت دەکرێت. لەبەر ئەوەی بەندە و کۆیلەی حەزرەتی ئەفەندیی دەوڵەتی خاوەن نیعمەتمانم، لەلایەن بەندەی خۆتانەوە دەزانرێت لەبەر هەندێك دووزمانی و درۆ لەم بەندەیەی خۆتان دلگرانن. تکام وایە بە بەخشندەیی و میهرەبانیتان لە بەندەی خۆتان زویر مەبن و هەڵسوکەوتی لێخۆشبوونم لە تەکدا بکەن و میهرەبانی بفەرموون و خۆتان دەزانن گیان و سەرم لە ڕێتاندایە و کەمتەرخەمی نانوێنم لە خزمەتکردنتان."

دوای ئەوەی ئەمین پاشا ئەو نامەیەی سەرەوەی بۆ ئەرزەڕۆم نارد، پیاوەکانی مەحموود خان یەکسەر بە نامەوە گەیشتنە لای. مەحموود خان لە نامەیەکی بە فارسی نووسراودا بۆ ئەمین بەگ ڕوونی دەکاتەوە ئیسحاق پاشا لە ڕووی پابەندبوون بە فەرمانی خۆیەوە گەڕاوەتەوە بۆ وان و تەیموور پاشا دژ بەم هەنگاوە بووە. مەحموود خان بۆ ئەمین بەگ دەنووسێت هەکاری و خەڵکی عەشیرەتەکانی وڵات بۆ ئیسحاق پاشا کۆ بوونەتەوە و داوا لەویش دەکات بێتە ئەم ڕیزەوە.[١٠٧] بەڵام ئەمین پاشای موتەسەڕیفی مووش بەدەنگ ئەو بانگهێشتەوە نەچوو و یەکەم کاردانەوەی بریتی بوو لە گەیاندنی ئەو ڕەوشە و نامەکەی مەحموود خان بە والیی ئەرزەڕۆم و بە نووسراوێك کە

مێژووی ١٨٣٠/١٠/١٥ی بەسەرەوەیە، باسی ڕووداوە نوێیەکانی گەیاندووە بە والیی ئەرزەڕۆم. بەپێی ئەو نووسراوە، ئیسحاق پاشا لە مویکویس لای مەحموود خانە و لەگەڵ سەربازەکانی میرگەلی عەشیرەتەکانی هۆمەری، حەنیفی و ئەرتۆشیدا خۆی داوەتە پاڵ مەحموود خان و تا قەڵای ئەدرەمیت هاتوون. عەشیرەکانی شکاك، تاکۆری و بەراڤیش گەیشتوونەتە لای مەحموود خان. هەواڵ هاتووە کە میری هەکاری و هەندێك لە میرەکانی ژێر فەرمانی ئەویش بەو نزیکانە دەچنە پاڵ مەحموود خان. ئەمین پاشا ڕوونی دەکاتەوە لە ڕێی سیخوڕەکانییەوە زانیاریی پێ گەیشتووە کە لەو کاتەدا تا نزیکەی سێ هەزار ئەسپسوار و چوار هەزار پیادە لای مەحموود خانن.

خاڵی سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەیە میری هەکاری چووەتە ڕیزی میری مویکویس، ئەگەرچی ئەمەی دووەمیان لەو کاتەدا سەر بە میری هەکاری بووە. ئەگەری ئەوە هەیە پشتیوانیی خەڵکی دەڤەرەکە و عەشیرەتەکان بۆ ئیسحاق پاشا هۆکاری یەکخستنی ئەو دوو میرە بووبێت لە یەك ڕیزدا. خاڵێکی تری سەرنجڕاکێشی ناو نامەگۆڕینەوەکانی تایبەت بەو مەسەلەیە ئەوەیە وەك جۆرێك لەسەر ڕاهاتن مویکویس بە بەشێك لە دەڤەری هەکاری دانراوە. دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێی مەحموود خانەوە گوشاری نەخستووەتە سەر پاشای یاخیبوو و ئەمەش خاڵێکی تری مایەی سەرنجڕاکێشانە.

### پەیوەندیی نێوان ئیسحاق پاشا و نوورڵڵا بەگی میری هەکاری

لەگەڵ هاتنی ساڵی ١٨٣١دا فەرمانڕەوای پێشووتری وان، واتا ئیسحاق پاشای یاخیبوو لای مەحموود خان نەما و لای نوورڵڵا بەگی میری هەکاری نیشتەجێ بوو.

بەپێی ڕاپۆرتی ئەسەد پاشا لە ١٨٣١/٦/١٠، لە دەرسەعادەتەوە نامە نووسراوە بۆ والی و میرەکانی ئەو دەڤەرە بۆ ئەوەی مەسەلەی گیرسانەوەی ئیسحاق پاشای یاخیبوو لای میری هەکاری چارەسەر بکەن و نەهێڵن ببێت بە هۆی ئاڵۆزییەکی گەورە.[١٠٨] عەلی ئاغا فەرمانامەی ئاماژە بۆ کراوی

گەیاندووە بە ئەسەد پاشا و ئەویش داوێتی بە خەزێنەداری خۆی و لەگەڵ عەلی ئاغادا بۆ نوورڵڵا بەگی ناردووە. چ لە ڕێی زانیارییەکانی ئەوان و چ لە ڕێی نامەکانی میری هەکارییەوە ڕوون دەبێتەوە ئیسحاق پاشا لای میری هەکاری نیشتەجێ بووە. بەڵام باس لەوە دەکرێت کۆکردنەوەی هێز و پەلاماردانی وان و دروستکردنی ئالۆزی لە ئارادا نییە و داوا دەکرێت دەست نەخرێتە ئەو مەسەلەیەوە. والیی ئەرزەڕۆم لە نامەیەکدا بۆ دەرسەعادەت دەنووسێت "میری هەکاری بەردەوام دەبێت لەسەر پابەندبوونی بە دەوڵەتەوە، پاش کەمێك نەرمبوونەوەی کێشەکە بە نهێنی قسەی لەگەڵ دەکەم و مەسەلەی ئیسحاق پاشا بێ کێشە چارەسەر دەبێت."

بێ هیچ گومانێك هەڵوێستی نادیاری نوورڵڵا بەگ لەو سەردەمەدا سەبارەت بە پابەندبوونی بە دەوڵەتەوە بوو بە هۆی کێشەیەکی گەورە بۆ دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام سەرباری ئەوەش دەوڵەت نەیتوانیوە هەڵێك بدۆزێتەوە بۆ دەستێوەردانی گەرم لە مەسەلەکە. دەتوانرێت لە کێشەی کوشتنی فەرەنسییەکانیشدا لە دەڤەری هەکاری هەست بەو ڕەوشە بکرێت. بەپێی ڕاپۆرتی والیی ئەرزەڕۆم لە ١٨٣١/٦/٣٠ بۆ دەرسەعادەت [١٠٩]، ڕوون دەبێتەوە هاوکات لەگەڵ کێشەی ئیسحاق پاشادا، کوژرانی چەند فەرەنسی و ئێرانییەك لە دەڤەری هەکاری مەسەلەیەکی تری گرنگ بووە کە میری هەکاری و هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی ڕووبەڕووی یەکدی کردووەتەوە. دەوڵەتی ئێران جەخت دەکات ئەو کەسانە بە دەستی پیاوەکانی نوورڵڵا بەگ کوژراون. نوورڵڵا بەگیش بە نووسینی نامەیەك بۆ جێنشینی تەختی پاشایەتی ئێران دەڵێت بکوژەکان کەسانی ترن و ئەمان نەیانتوانیوە دەستگیریان بکەن و دەڵێت دوای ڕووداوەکە شتومەکی کەسەکانی بۆ لایەنی ئێرانی ناردووەتەوە. بە هۆی گەورەبوونەوەی کێشەکەوە والیی ئەرزەڕۆم حەسەن ئاغای بەڕێوەبەری گفتوگۆکانی ئێران بانگ دەکات بۆ ئەرزەڕۆم. حەسەن ئاغا ڕاشکاوانە بە والی دەڵێت ئەوان باوەڕ بە میری هەکاری ناکەن و ئەگەر دەوڵەتی عەلییە چارەسەرێك

نەدۆزێتەوە، ئەگەری ئەوە هەیە ئێران پەلاماری هەکاری بدات. بە بۆچوونی بەڕێوەبەری گفتوگۆکانی ئێران، میری هەکاری بە هیچ جۆرێك گوێڕایەڵی دەوڵەتی عەلییە نابێت. هەروەها کانزای زەرنیخ کە دەیتوانی ببێت بە دەرزاوەیەکی گەورەی داهات بۆ دەوڵەت، لەلایەن میری هەکارییەوە دەردەهێندرا.

میری هەکاری پێشتر بە نووسین پابەندبوونی خۆی بە دەوڵەتەوە بەیان کردبوو، بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان دەری دەخات زۆر پەیوەست نەبووە بەو بەیانکردنەی خۆیەوە. نوورڵڵا بەگ لە مەسەلەکانی کانزای زەرنیخ و فەرەنسییەکاندا دەوڵەتی خافڵاند، بەڵام لە مەسەلەی ئیسحاق پاشادا لە دەوڵەتی عوسمانییەوە نزیك نەبوو. بەپێی ڕاپۆرتی محەمەد ئەسەد پاشای والیی ئەرزەڕۆم لە ١٨٣١/٦/٣٠، داوا لە نوورڵڵا بەگ کراوە زانیاری بدات سەبارەت بە ڕادەستکردنی ئیسحاق پاشا بە تەیموور پاشا لە وان و سەبارەت بە بکوژانی چەند فەرەنسییەکی کوژراو لە دەڤەری هەکاری. نوورڵڵا بەگیش دەڵێت ئیسحاق پاشا کەسێکی خۆشەویستە لە ناو عەشیرەتەکاندا و ڕوونی دەکاتەوە ئێستا پەنای بۆ ئەو هێناوە و ڕادەستکردنی کەسێك کە پەنای بۆ ماڵی ئەم هێنابێت، مایەی قسە لەسەر کردن نییە و داوای لێخۆشبوون بۆ ئیسحاق پاشا لە دەوڵەتی عوسمانی دەکات.

ئیسحاق پاشای پەنابردوو بۆ لای نوورڵڵا بەگ بە تەیفوور بەگی کوڕی کە نیشتەجێی ئەرزەڕۆم دەبێت، ڕادەگەیەنێت ئەگەر ئاوڕ لێدانەوە و پەیوەندی هەبێت و بزانێت ژیانی پارێزراو دەبێت، خۆی ڕادەستی دەوڵەت دەکات. عەلی بەگ لە هەکاری دەگەڕێتەوە و لە وان ڕەوشەکە بۆ تەیموور پاشا دەگێڕێتەوە. تەیموور پاشاش دەڵێت هیچ نیگەرانییەك لە ئارادا نییە سەبارەت بە مانەوەی ئیسحاق پاشا لە هەکاری و بەو شێوەیە کێشەکە ئارام دەبێتەوە.

نـوورڵڵا بـەگیش کـە ئامـادە نابێـت ئیـسحاق پاشـا ڕادەسـتی دەوڵـەتی عوسمانی بکات، سەبارەت بە فەرەنسی و ئێرانییە کوژراوەکان لـەو دەڤـەرە دەنووسێت بکوژەکانیان نەدۆزیتەوە و ساڵی ڕابردوو شتومەکی کوژراوەکانی داوە بە باڵیۆزی بەڕێکراو لەلایەن میرزا عەباسەوە و هیچ شتێکی تر نـەماوە. بـەڵام حەسـەن ئاغـای بەڕێوەبـەری گفتوگۆکـانی ئێـران کـە لـەو کاتـەدا لـە ئەرزەڕۆم دەبێت، نوورڵڵا بەگ بە درۆ دەخاتەوە و دەڵێت بکوژەکان پیاوانی مـیرن و ئەگـەر ڕووداوەکـە ڕوون نەکرێتـەوە، ئـەوا ناهێڵێـت نـوورڵڵا بـەگ ئاسوودە بێت. بەپێی ڕاپۆرتەکان، بە هۆی بەردەوامبوونی ئـەو مەسـەلەیە و بابـەتی کـانزای زەرنیخـەوە بـیر لـە پـەلاماری سـەربازی بـۆ سـەر هـەکاری کراوەتـەوە، بـەڵام سرووشـتی سـەختی دەڤەرەکـە ئـەو هەڵبژاردەیـەی دژوار کردووە.

دۆخـی نیـوە سـەربەخۆی میرەکـانی کـورد و هەڵوێـستیان لـە بەرانبـەر دەوڵەتی عوسمانی بە تێپەڕبوونی کات بوو بە هۆی ئەوەی لە دەرسـەعادەت (ئیستانبوڵ) سیاسەت دابڕێژرێت بەمەبەسـتی دامەزرانـدنی بەڕێوەبەرایـەتیی ناوەندی لە کوردستان و کۆتایی هـاتن بـە میرنـشینە نیـوە سـەربەخۆیەکانی کورد. هەوڵەکانی دەوڵەتی عوسمانیش بۆ بـە ڕۆژئـاواییبوون پێویـستیان بـە دەسـەڵاتێکی ناوەنـدیی بـەهێز هـەبوو و ئـەم پێویـستییە لـە کوردسـتان ڕێکخـستنەوەیەکی نـوێی سـەپاند. ڕووداوە خوێناوییـەکانی یەنیـچەری لـە دەرسـەعادەت لـە چـارەکی یەکـەمی سـەدەی نۆزدەیەمـدا، ئاژاوەکـانی نـاو سەڵتەنەت، بەرخودانی یۆنان لە مۆرا، سەرهەڵدانی وەهابی لە عەرەبـستان و دواتــریش یــاخیبوونی زۆر بەهەنــدی محەمــەد عــەلی پاشــای کاڤــالایی بەرژەوەندییـەکانی دەوڵـەتی عوسمانییـان لـە کوردسـتان تـا سـاڵی ١٨٣٤ دواخست. ساڵی ١٨٣٤ بوو بە سەرەتای سەردەمێکی نوێ و زۆر خوێناوی لە پەیوەندییەکانی کورد و عوسمانیدا.

# بەشی ٣

## شەڕەکانی کورد و عوسمانی لە ١٨٣٤-١٨٣٩ و پەڕینەوە بۆ قۆناغی نوێ

لـە سـەدەی شـازدەیەمدا بەشـی زۆری ڕووبـەری نیـشتمانی کوردسـتان کەوتـە ژێـر دەسـەڵاتی دەوڵـەتی عوسمـانی و لـە نیـوەی یەکـەمی سـەدەی شـازدەیەم تـا چـارەکی یەکـەمی سـەدەی نۆزدەیـەم پێکهاتـەی سیاسـی و کۆمەڵایەتیی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر وەك خـۆی مایـەوە. مـاوەی نێـوان سـاڵانی ١٨٣٤–١٨٣٩ بـوو بـە سـەردەمێکی نـوێی زۆر خوێنـاوی لـە پەیوەندییەکانی کورد و عوسمانیدا. لە بەرانبەر ئـەو گۆڕانکارییانـەی کـە لـە ئەورووپاوە سەریان هەڵدا، دەوڵەتی عوسمـانیش دەسـتی دایـە گۆڕانکـاری و کرۆکی ئەو گۆڕانکارییەش پەیڕەوکردنی سیاسەتی بەستنەوەی کوردستان بە ناوەندەوە بوو. ئینگلیز، فەرەنسی و ڕووسـەکان لـەو سـەردەمەدا بـوون بـە خاوەن بڕیار و دەستپێکردنی لە بناغـەوە ڕووخـانی هاوکێـشەکانی بنیـاتنراو لەسـەر پەیوەندییـە کلاسـیکییەکانی عوسمـانی و ئێـران و کـورد تایبەتمەندییەکی بەرچاوی ئەو سەردەمەیە.

لەو بوارەدا عوسمانی و کـورد لـە پەیوەندییـەکانی خۆیانـدا پێیـان نایـە قۆناغێکی نوێ و پێویستە ئاماژە بکرێت بۆ یاخیبوونی میـسریش کـە یـەکێك بوو لە ڕەگەزە کارتێکەرەکانی ئەو قۆناغە. یاخیبوونی محەمەد عەلی پاشای کاڤالالی والیی میسر زۆر گرینگ بوو، چ یاخیبوونەکە خۆی و چ ئەنجامەکانی زۆر بە قووڵی کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی عوسمانی و کورد و سەرجەم سیاسەتە دەرەکی و ناوخۆییـەکانی دەرسـەعادەت دانـا.[111] محەمـەد عـەلی پاشای کاڤالالی لە ناو ئەو سوپایەدا بوو کە دەوڵەتی عوسمانی سـاڵی ١٧٩٨ لە سەروبەندی داگیرکردنی میسر لەلایەن ناپۆلیۆنەوە بۆ ئەو وڵاتە بەڕێی کرد

و پاش کشانەوەی فەرەنسییەکان لەو وڵاتە، ئەم توانی لە ساڵی ١٨٠٤دا ببێت بە والیی میسر. کاڤالایی دەسەڵاتی دەرەبەگەکانی میسری تەفروتوونا کرد و دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیی لەو وڵاتە سەپاند. لەسەر داوای دەرسەعادەت لە دژی وەهابییەکانیش کە لە ساڵی ١٨١١ تا ١٨١٩ دەستیان بەسەر مەدینەدا گرتبوو، کەوتە شەڕەوە و بەرخودانی وەهابییەکانی سەرکوت کرد. محەمەد عەلی پاشا بە سوود وەرگرتن لە فەرەنسییەکان توانی لە میسر سوپا و جبەخانەیەکی هاوچەرخی گرێدراوی خۆی پێك بهێنێت و یەکێك لە خزمەتە هەرە گەورەکانی لە سەروبەندی ڕاپەڕینی یۆنانییەکاندا بوو لە نیمچە دوورگەی مۆرا "مۆریا" کە ساڵی ١٨٢٦ دەستی پێ کرد. دەرسەعات بەڵێنی بە محەمەد عەلی پاشا دا لە بەرانبەر هاوکاریکردنی لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی یۆنانییەکاندا هەردوو ویلایەتی گریت و سووریای بداتێ. ئەمیش بە سوپا و جبەخانەیەکی زۆرەوە دای بەسەر نیمچە دوورگەی مۆرادا و سەرکەوتنی گەورەی بەسەر هێزە بەرخۆدەرەکاندا بەدەست هێنا و تا ڕادەیەکی بەرچاو بەرخودانەکەی سەرکوت کرد. هەر لەو کاتەدا دەوڵەتەکانی ئەورووپاش هاتنە ناو کێشەکەوە و لە ناڤارین جبەخانەی عوسمانی و میسریان سووتاند و دواجار محەمەد عەلی پاشا هێزەکانی خۆی لە نیمچە دوورگەی مۆرا کێشایەوە. ئەم هەنگاوەش کەلێنی خستە نێوان ئەو و سوڵتانەوە.

هاوکات ئەو سوپا هاوچەرخەی کە لەلایەن محەمەد عەلی پاشاوە دامەزرێندرابوو و ئەو هێزە سەربازییەی بەدەستی هێنابوو، بوو بە بابەتێك لە دەرسەعادەت بە گومانەوە سەیری دەکرا. محەمەد عەلی پاشا لە سەروبەندی شەڕی عوسمانیو ڕووسیادا لە ١٨٢٨ و ١٨٢٩ داوای کرد کوڕەکەی بکرێت بە فەرماندەی سەربازیی ڕومەلی و خۆیشی بکرێت بە فەرماندەی سەربازیی ئەنادۆڵ. بەڵام ئەم داخوازەی بە گونجاو نەزانرا و ئەویش هاوکاری دەوڵەتی عوسمانیی نەکرد. هێزەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیبراهیم پاشای کوڕی محەمەد عەلی پاشا ساڵی ١٨٣٢ دەستیان گرت

بەسەر سەرجەم خاکی سووریادا بە قودس و حەلەب و شامەوە تا ئەنتاکیا. محەمەد عەلی پاشا بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕا بۆ تێگەشتن لەگەڵ سوڵتان محەمەدی دووەمدا و پێشنیازی کرد بەشێوەیەکی فەرمی سووریا بخرێتە ژێر دەستی و هێزەکانی بکێشێتەوە، بەڵام دەرسەعادەت بە گەرمی بۆ ئەو پێشنیازەی نەڕوانی. پاش ئەوە هێزەکانی سوپای عوسمانی ڕۆژی ١٨٣٢/١٢/٢١ لە قۆنیا هێرشیان کردە سەر هێزە میسرییەکانی ژێر فەرماندەییی ئیبراهیم پاشا. ئیبراهیم پاشا هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانیی بەزاند و بەرەو ئیستانبوڵ بەڕێ کەوت. هێزەکانی میسر دەستیان گرت بەسەر دەڤەرەکانی ئورفا و ماراشدا و هێزی پێشەنگی سوپای میسر گەیشتە دەوروبەلای بورسا. یاخیبوونی میسری خەریك بوو بگاتە ئاستی ڕووخاندنی سەڵتەنەتی عوسمانی و ئەمەش پێویستیی دەستتێوەردانی دەوڵەتە ئەوروپییەکانی سەپاند، کە حسابی جۆراوجۆریان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا هەبوو. یاخیبوونی محەمەد عەلی پاشا گەیشتە ئاستی هەڕەشەکردن لە هەبوونی دەوڵەتی عوسمانی، ڕەهەندەکانی ئەو یاخیبوونە کاری لە هەموو لایەنەکان کرد و بوو بە هۆی ئەوەی ئەورووپا و ڕووسیا بکەونە خۆ.

دواجار پاش پرۆسەیەکی لە یەکگەیشتن کە دەوڵەتانی ئەورووپا و ڕووسیاش تیایدا بەشدار بوون، سوڵتان محەمەدی دووەم لە ١٨٣٣/٥/٦ "خەتی شەریف"ێکی بڵاو کردەوە و ڕازی بوو لە پاڵ ویلایەتەکانی میسر و گریتدا ویلایەتی سووریاش بدات بە محەمەد عەلی پاشا و ویلایەتی جەدە و "موحەسیلليك"ی[١١٢] ئەدەنەش بدات بە ئیبراهیم پاشای کوڕی محەمەد عەلی پاشا. ئەو "خەتی شەریف"ە لە ١٨٣٣/٥/١٤ لە کوتاهیا لەلایەن عوسمانییەکان و ئیبراهیم پاشاوە واژۆ کرا و دۆخی پەیماننامەی وەرگرت. ڕێککەوتننامەی کوتاهیا کەشێکی ئاشتیی کاتی لە نێوان میسری و عوسمانییەکاندا هێنایە ئاراوە، دەوڵەتی عوسمانی جارێکی تر ئەو ڕاستییەی بینی کە ناتوانێت لە بەرانبەر سوپایەکی هاوچەرخ خۆی ڕابگرێت و کەوتە پەلەکردن لە کاروباری نۆژەنکردنەوەی سوپادا. ئەنجامێکی تری گرنگی

ڕووداوەکەی میسر ئەوە بوو دەوڵەتی عوسمانی دابەزی بۆ ئاستێك کە نەیتوانی یاخیبوونێکی ناوخۆیی سەرکوت بکات و خەلیفەی ئیسلام مەسەلەکەی ڕادەستی ئەورووپای کرستیان و ڕووسیا کرد. گەیشتنی یەکینەیەکی ٥٠٠٠ سەربازیی ڕووس پێش ڕێکەوتننامەی کوتاهیا بۆ پشت بەیکۆز بۆ خۆی پێشاندەری ڕەوشی ئەو قۆناغەی دەرسەعادەتە.

بە ڕێکەوتننامەی کوتاهیا قۆناغی یەکەمی مەسەلەی میسر کۆتایی هات و هێزەکانی عوسمانی توانیان هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵبمژن و پاشان بە بیانووی چارەسەرکردنی ئاڵۆزییەکانی کوردستان ڕوویان لە هەرێمەکە کرد. نزیکەی هەموو ڕووبەری کوردستان لە ماوەی ١٨٣٤-١٨٣٩دا بوو بە مەیدانی شەڕ و پێکدادانی گەورە لە نێوان سوپاکانی عوسمانی و میرە کوردەکاندا. میرە یاخیبووەکانی کورد؛ میر محەمەدی میری سۆران، ئیسماعیل پاشای ئامێدی و مەحموود خانی میری مویکویس مۆری خۆیان لەو قۆناغە داوە. هەر لەو قۆناغەدا بەدرخان بەگی میری جزیرە هاتە سەر شانۆی مێژوو و پەیوەندیی باشی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا دانا و بەهێز بوو. هەوڵی قڕکردنی کوردە ئێزیدییەکانی دەڤەری گارزان لەسەر دەستی دەوڵەتی عوسمانی و بە هاوکاری هەندێك لە میرە کوردە موسڵمانەکان ڕووداوێکی تری گرنگە کە مۆری خۆی لەو قۆناغە داوە.

### بەرخودانی میر محەمەدی میری سۆران

میرنشینی سۆران یەکێك بوو لە گرنگترین باڵەکانی میرنشینایەتیی کوردی لە باشوور و ناودارترین بەگی ئەو میرنشینەش میر محەمەد بوو.[١١٣] میر محەمەد کە لای عوسمانییەکان بە "محەمەد بەگی ڕەواندوز" ناسرابوو، پاش چەند ناکۆکییەکی خێزانی لە ساڵی ١٢٤٦ی کۆچی (١٨٣١-١٨٣٢) بانگهێشت کرا بۆ موسڵ و هیلاتی لەبەر کرا. (هیلات: جۆرێك پۆشاکی شاهانەیە پاشاکان دەستوور دەدەن بکرێتە بەر کەسانێکی دەستنیشانکراو

لە کاتی ڕێز لێنانیاندا... وەرگێڕ.) ئەمیش بەمەبەستی دەربڕینی سوپاس و پێزان سەردانی والیی بەغدای کرد[114] و پاش ئەوە عوسمانییەکان میرنشینەکەیان بەفەرمی ناسی. میر محەمەد دواتر کەوتە هەوڵی داگیرکردن و بە گرتنی کۆیسەنجەق لە ویلایەتی شارەزوور (کەرکووك)، هەریر، ئالتون کۆپری و قەزاکانی ئەربیل (هەولێر) لە باشوور و جزیرە و بەشێك لە بۆتان لە باکوور، سنووری میرنشینەکەی خۆی فراوان کرد.

والیی بەغدا بەمەبەستی بە چۆکدا هێنانی میری یاخیبوو ساڵی ١٢٤٨ی کۆچی (١٨٣٢-١٨٣٣) بە تەواوی سوپای خۆیەوە پەلاماری دا. بەڵام والی بەغدا بە هۆی ڕاپەڕینی وەهابی لە عەرەبستان، دواتر یاخیبوونی محەمەد عەلی پاشای میسری کە تا سووریا و ئەنادۆڵ کشا و بە هۆی پەیوەندیی باشی میر محەمەد لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا، کە بەشێك لە خاکی میرنشینی بابانی داگیر کردبوو، نەیتوانی لەگەڵ میری سۆراندا سەر دەرببات و ئەنجامی دەستگیر نەبوو. دەوڵەتی عوسمانی لە دۆخێکی لەو جۆرەدا خۆی لە شەڕی گەرم لە دژی ئەو میرە یاخیبووەی کورد کێشایەوە و بۆ ئەوەی پابەندبوونی بە دەوڵەتەوە مسۆگەر بکات، ناسناوی پاشایەتی پێ بەخشی و سەرلەنوێ ڕێی بە فەرمی ناسینی میرنشینی سۆرانی گرتەبەر و پاش ڕێککەوتن، هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی کشانەوە.[115] میر محەمەد پاش ئەوەی والیی بەغدا نەیتوانی لەگەڵیدا سەر دەرببات و دوای بەخشینی ناسناوی پاشایەتی پێی، لەو هەرێمە گەیشتە ئاستێکی بەهێزتر و بەدوای ئەوەدا سەنجەقی ئامێدیی[116] گرت و خستیە سەر میرنشینەکەی خۆی.[117]

میر محەمەد تا ساڵی ١٨٣٥ دەستی گرت بەسەر خاکی میرنشینەکانی بادینان و باباندا و تەنانەت ناوچەی سێرتی ٣٠ سەعاتەڕێ لە دیاربەکرەوە دووریشی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی. لەو ماوەیەدا بەرخودانی جۆراوجۆر لە هەرێمەکە ڕوویان دا و هاوکات لەگەڵ بەرخودانی میری سۆراندا، تەیموور

بەگی سەر بە بەگەکانی زەرکی لـە دەڤـەری دیاربـەکر و عەشـیرەتی کـوردی ترکانلیی نیشتەجێی لای مادەن و ئەغیلی سـەر بـە دیاربـەکر لـە بـەرخودانی بەردەوامدا بوون.[118]

پاشاکانی عوسمانی لە ئاکامی پێشهات و ڕووداوەکانـدا بیریـان کـردەوە ئەگەر بەو شـێوەیە واز لـە مـیری سـۆران بهێـنن، ئـەوا پـێش لێگـرتنی دژوار دەبێـت، بۆیــە دەســتیان کــرد بــە هاویــشتنی هــەنگاوی بەرجەســتە بــۆ چارەسەرکردنی کێشەکە. بێ هیچ گومانێك بەکۆتاهاتنی یاخیبوونی میسر بە ڕێکەوتننامـەی کوتاهیـا کـە لـە ئایـاری سـاڵی ١٨٣٣ واژۆ کـرا و لەسـەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، پەلاماری دەوڵەتی عوسمانیی بۆ سەر میر محەمەد ئاسان کرد. تێبینی دەکرێت لەو قۆناغەدا نامەگۆڕینەوە لە نێوان بەغدا و سـیواس و دەرسەعادەتدا چڕ بووەتەوە.

یەکێك لەو پێشهاتانەی کە ڕێی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی میر محەمـەد کردەوە، خۆکێشانەوەی ئێران و کۆتاییهێنان بوو بە دۆخی داگیرکاری. ئێران پێشتر بە هۆی نـاکۆکیی نێـوان میرەکـانی بابـانی و دەوڵـەتی عوسمانییـەوە بەشێك لە خاکی بابانی داگیر کردبـوو. بـەپێی پەیماننامـەکانی تایبـەت بـەو مەسەلەیە دوایین کارمەنـدەکانی ئێـران سـلێمانییان بـەجێ هێـشت. کۆتـایی هاتنی هەبوونی ئێران لە کوردستانی عوسمانی بە کردەوە و یارمەتی نـەدانی مـیری سـۆران لەلایـەن ئێرانـەوە دەسـتی دەوڵـەتی عوسمـانیی بـەهێز کـرد. هاوکات لە ئاکامی سیاسەتی فراوانخوازیی میری سـۆران لـە کوردسـتان، مـیر دوژمنی زۆری بۆ پەیدا بـوو و ئەمـەش لەلایـەن دەوڵـەتی عوسمانییـەوە وەك خاڵێکی ئـەرێنی هەڵسەنگێندرا بـۆ ئەنجامـدانی پـەلاماری سـەربازی لـە دژی میری سۆران.[119] سوپاکانی عوسمانی ساڵی ١٨٣٥ بە کردەوە دەستیان کـرد بە ئەنجامدانی ئامادەکـاری بـۆ شـەڕ و مـیر محەمـەدیش مـانگی دووی سـاڵی

١٨٣٥ به ١٠٠٠٠ سەربازەوە لە ناوچەی ناڤگیری ٤ سەعاتەڕێ لە موسڵ دوور بنکەی خست.[١٢٠]

## داخوازییەکانی خەڵکی ئامێدی لە ڕەشید پاشا

کەسایەتییە دیارەکانی ئامێدی پاش ئەوەی میری سۆران دەستی بەسەر ناوچەکانیاندا گرت، پابەندبوونی خۆیان بە سوڵتان و دەوڵەتەوە بەیان کرد و لە گازندەی گەیەندراویاندا بە سیواس ڕوونیان کردەوە کە میر محەمەد ستەمی لێیان کردووە و داوای هاوکارییان لە ڕەشید پاشای مووشیری سیواس کرد. ئەو سکاڵانامەیەی خراوەتە بەردەستی ڕەشید پاشا، مۆری ٣٣ کەسایەتیی دیاری تێدایە کە سەلیم خان بەگی برادۆست، مستەفا بەگی پەروارى، عەبدیی ئاغای مزووری، عومەر ئاغای زێباری و موفتی و شێخەکانی زاخۆ و ئاکرێ و ئامێدییان تێدا دەبیندرێت.[١٢١]

ڕەشید پاشا دەڵێت ئەو ستەمە پێچەوانەی ویستی زاتی سوڵتانە و دڵنیایان دەکات هەموو جۆرێکی هاوکاری بۆ گوێڕایەڵانی دەوڵەت دابین بکات. لەبەر ئەوەی ئامێدی سەر بە ویلایەتی بەغدا بوو، ڕەشید پاشا بە نووسراو والیی بەغدا لە ڕەوشەکە ئاگادار دەکاتەوە و داوای لێ دەکات وەك پێویست بەدواداچوون بۆ "میری ڕەواندوز" بکات. ڕەشید پاشا لەو نامەیەدا کە لە ١٨٣٥/٣/٣١ سەبارەت بە سکاڵاکان بۆ کەسایەتییە لە پێشەکانی ئامێدیی نووسیوە، وا دەڵێت:[١٢٢]

"مادام ئێوە پەیوەست بوون بە کۆیلایەتیکردنتانەوە بۆ دەوڵەتی عەلییە، وەك ئاشکرایە حەزرەتی ئەفەندیی سوڵتانمان و خاوەن نیعمەتی ئێمە و جیهان بە هیچ جۆرێك ڕازی نییە لە ستەم و دوژمنکاری لە مەمالیکی مەحسوورەی ئیسلامیەدا ''وڵاتی ئیسلامی عوسمانیدا''. ئەو ستەم و دوژمنکارییەی لەو ماوەیەدا لە دژی ئێوە کراوە، جێی ڕەزامەندیی زاتی شاهانەیان نییە. ئاشکرایە بەهەموو شێوەیەك پارێزگاریتان لێ دەکرێت.

سەنجەقی ئامێدی دەکەوێتە سنووری ویلایـەتی بەغداوە و دیـارە حـەزرەتی والیی بەغدا وەك والیی ئەو هەرێمە هەرگیز ڕەزامەندی لە بەرانبەر ئەو ستەم و لە ڕێ دەرچوونە پێشان نادات. ئێستا لەلایەن ''سـەلتەنەتی سـەنییە''وە ژمارەیەکی یەکجار زۆر ''عەسکەری مونتەزەمەی محەمەدیـە''[١٢٤] ئەرکـدار و ڕەوانە کراون. ناردنی ئەو سەربازانە بۆ گوێبادان و ئامۆژگاریکردنی ناپاکـانی وەك بەگی ڕەواندوز و بۆ ئاسوودەییی تەواوی خـەڵك و هەژارانـە. مەسـەلەکە بۆ والیی بەغدا نووسراوە و خراوەتە بەردەستی ''سەلتەنەتی سەنییە''ش و کۆتایی پێ هاتووە. ئەو نووسراوەی بۆ حەزرەتی والیی بەغدامان نووسـیوە، بۆ ئێوەمان ناردووە و کاتێك دەگاتە دەسـتتان، بـا چـوار پێـنج کەسـایەتیی دیارتـان بـەرەو بەغـدا بـەڕێ بکـەون و نووسـراوەکان بخەنـە بەردەسـتی حەزرەتی والـی. بـەو شـێوەیەی باسـی ڕەوشـی خۆتـان کـردووە، ئاشـکرایە دەفەرموێت بەهەموو جۆرێك هاوکاریتان بکرێت و لەو دوژمنایەتی و زیانانـەی بەسەرتان هێندراوە، دەتانپارێزێت."

ڕەشید پاشا ئەوەش بـۆ کۆتـاییی نامەکـە زیـاد دەکـات کـە ئەگـەر وەك بەندەی دەوڵەت بمێننەوە، ئـەوا خـەڵات دەکرێن و بـەو جـۆرە کەسـایەتییە دیارەکانی ئامێدی بۆ کن والیی بەغدا بەڕێ دەکات.

بێگومان تەنیا بەگ و کەسـایەتییە دیارەکـانی ئامێـدی نـەبوون کـە بـەو هەڵوێستەی میر محەمەد بێزاربوون. پاش ئەوەی میر محەمـەد دەسـتی گـرت بەسەر بەشی زۆری دەڤەرەکانی جزیرە و بۆتانی ژێـر دەسـەڵاتی سـەیفەدین بەگدا[١٢٥]، میرەکانی شیرڤان و گارزانیش بوون بە هاوسنووری مـیر محەمـەد و ترسی ئەوەیان لـێ نیشت مـیری سـۆران دەڤـەرەکانی ئـەوانیش بخاتـە ژێـر دەسەڵاتی خـۆی. عوسمانییـەکان نـەیانتوانی هـیچ تەگەرەیـەکی بەهەنـد بـۆ میری ڕەواندوز دروست بکەن و لەبری ئەوە کەوتنە پەیوەنـدی دانـان لەگـەڵ میرەکانی هەرێمەکە و هـەوڵیان دا ڕێ لـە زیـاتر فراوانبوونـەوەی کاریگـەریی دەسەڵاتی میر محەمەد بگرن. لە پێشهاتێکی پەیوەست بەو بابەتەدا سـەعید بەگی دەسەڵاتداری شیرڤان لە نامەیەکی بـە عـەرەبی نووسـراودا بـۆ ڕەشـید

پاشا ڕوونی دەکاتەوە ئەو دیارییانەی بۆی نێردراوە، وەری گرتوون و دەنووسێت میری ڕەواندوز جزیرەی داگیر کردووە و ئەمان نەبوون بە پێوەنداری ئەو و لە شوێنی خۆیان ماونەتەوە.[126]

## ئیسماعیل پاشای ئامێدی

یەکێك لەو ناوانەی چووبوونە لای ڕەشید پاشا و دواتر ئاڵای یاخیبوونی بەرز کردەوە، ئیسماعیل پاشا بوو، کە یەکێك بوو لە میرەکانی ئامێدی. ئیسماعیل پاشا بۆ ڕەشید پاشای نووسیوە ئەگەر موتەسەرڕیفیەتیی ئامێدی پێ بدرێت، ئەوا ساڵانە ٥٠٠٠ توورەکە باج دەدات، پابەند بە دەوڵەتەوە دەمێنێتەوە، مل دەدات بۆ سەربازگرتن و داخوازییەکانی تر، دانیشتووانی ئامێدیش ئەمیان دەوێت و بەو جۆرەش کێشەی میری ڕەواندوز چارەسەر دەکات. والیی سیواسیش ڕادەگەینێت دەستوەردان لە ناوچەکانی سەر بە ویلایەتی بەغدا کارێکی گونجاو نابێت و ئیسماعیل پاشا لەگەڵ ئالای بەگ و ئەحمەد بەگدا ڕەوانەی بەغدا دەکات. دۆخەکە بۆ دەرسەعادەتیش ڕوون دەکاتەوە.[127] لە ماوەیەکی کورتدا وەڵامی داخوازییەکانی ئیسماعیل پاشا نەدرایەوە، بەدرێژاییی حەوت مانگ لای عەلی پاشای والیی بەغدا مایەوە و پاشان بەمەبەستی ڕاییکردنی کارەکانی ڕەوانەی کن والیی موسڵ کرا. ئیسماعیل پاشا سور دەبێت لەسەر ئەوەی کە خەڵکی ئامێدی ئەمیان دەوێت و لەبەر ئەوەی کارەکانی دوا دەخرێت، لە والییەکانی بەغدا و موسڵ زویر دەبێت و ناتوانێت لە بەرانبەر داخوازییەکانیدا وەڵامێکی ئەرێنی وەربگرێت[128].

## ئاڵۆزیی نێوان سیواس و بەغداد لە پای بەرخودانی میر محەمەد

ڕووداوەکەی میری ڕەواندوز ساردییەکی لە نێوان هەردوو والیی سیواس و بەغدادا دروست کرد ئەگەرچی بچووکیش بوو. والیی بەغدا ڕوونی دەکاتەوە

خۆی کێشەی میری ڕەواندوز چارەسەر دەکات، بە هەوڵی محەمەد پاشای والیی شارەزوور لەگەڵ ئێراندا کێشەی سلێمانیشی چارەسەر کردووە و ئەم مەسەلەیەش چارەسەر دەکەن و لە دەستتێوەردانی والیی سیواس لەم بابەتە نیگەران بووە. لە ڕاستیدا والیی سیواس بەردەوام مەسەلەکەی هەواڵەی والیی بەغدا کردووە، بەڵام وەك لە ڕووداوەکانی ئامێدیشدا دەبیندرێت، زۆرینەی کوردەکان سیواسیان وەك چاوگی چارەسەر بینیوە، نەك بەغدا. دەستگرتنی میر محەمەدی ڕەواندوزی بەسەر بەشێك لە خاکی ئەو دوو ویلایەتەدا، ویلایەتەکانی ناچار کرد دەست بخەنە مەسەلەکەوە، چونکە هەرێمەکانی سۆران، بابان و بادینان سەر بە ویلایەتیی بەغدا بوون و هەرێمەکانی وەك جزیرە، بۆتان، گارزان و شیرڤانیش لە ژێر دەسەڵاتی مووشیری سیواسدا بوون.

ئەو نامانەی کە سەبارەت بەو بابەتە لە بەغدا و سیواسەوە نێردراون، خراونەتە ڕۆژەڤی "مەجلیسی شوورا"وە. والیی بەغدا بۆ دەرسەعادەت دەنووسێت کە محەمەد پاشای والیی شارەزووری ناردووە بۆ موسڵ و دەتوانێت کێشەی ڕەواندوز چارەسەر بکات. مەجلیسی شوورا پێی وا بووە ئەو ئالایەی (یەکینەی سەربازی) بە فەرماندەییی ڕەشید پاشا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە پێك هێندراوە، شتێکی ڕاست نابێت ئەگەر لە پێشدا ڕوو لە بەغدا بکات و پاشان لەوێوە بەرەو ناوچەکانی نزیك دیاربەکر بەڕێ بکەوێت. مەجلیسی شوورا بۆچوونی وا دەبێت کە ئەگەرچی ناوچەی یاخیبوون سەر بە بەغدایە، هەردوو پاشا، بێ ئەوەی ڕێ بدەن کێشە لە نێوانیاندا دروست بێت، پێویستە بە هاوبەشی پەلاماری میری ڕەواندوز بدەن. بەڵام لە ئاکامدا پێشنیازی والیی بەغدا پەسەند دەکرێت، لێپرسراویی ویلایەتی موسڵ دەدرێت بە محەمەد پاشا و ڕەشید پاشا فەرمان دەدات ئەو یەکینە سەربازییەی کە بۆ پەلاماردانی میری ڕەواندوز پێك هێندراوە، ڕەوانە بکرێت بۆ کن محەمەد پاشا لە موسڵ.[١٢٩]

## لەشكركێشیی محەمەد ڕەشید پاشا لە ساڵی ١٨٣٥دا بۆ سەر گارزان

لە كاتێكدا والیی بەغدا نەیتوانی هێرشی سەربازی بۆ سەر میری سۆران ئەنجام بدات، ڕەشید پاشای والیی سیواس لە بەهاری ساڵی ١٨٣٥دا هێرشی كردە سەر دەڤەری گارزان كە زۆرینەی دانیشتووانی كوردی ئێزیدی بوون.[١٣٠] سەرانی عەشیرەتی ئۆمەریانی ناوچەی ماردین لە نامەیەكدا كە لە ١٨٣٥/٨/١٢ بۆ میری ڕەواندوزیان نووسیوە، پێیان ڕاگەیاندووە ڕەشید پاشا دەستی گرتووە بەسەر دەڤەری گارزان و ئێزیدخانەدا، ژمارەیەكی زۆر سەربازی ناونووس كردووە، هاتووەتە دیاربەكر و ئەگەر پاشا بگاتە دەوروبەری ماردین، لەوانەیە سەرۆك عەشیرەتەكان هەڵوێست بگۆڕن.[١٣١] ڕەشید پاشا لە ڕاپۆرتی ١٨٣٥/١١/١دا ئەم زانیارییانە سەبارەت بە شەڕەكانی گارزان دەخاتە ڕوو:[١٣٢]

"كاتێك لەسەر فەرموودەی ''معلوم العالی'' لای گارزانەوە گەڕامەوە، ''ئەكرادی لەعین''[١٣٣] كە بە ''قەومی چیا'' ناو دەبرێن، دیسان ملی ڕێی یاخیبوونیان گرتەبەر. بە ئامانجی ئامۆژگاریكردن و گوێبادانیان، سێ هەزار ئەسپسوار لەلایەن بەندە سەعادەتی ئەمین پاشای موتەسەلیمی مووش و نزیكەی چوار هەزار سەربازی ئولوفەلی[١٣٤] و بێ ئولفەی پیادە و ئەسسپسواریش لەلایەن دیاربەكرەوە دامەزرێندران.

ئەو سەربازە ئامادە بۆ كراوانە لە دوو قوولەوە پەلاماری قەومی باسكراویان دا. چەند جارێك شەڕ و پێكادان ڕووی دا و بە هێرشكردن بۆ سەر دوو سێ گوند چەند لە سێدارەدان و قڕكردنێك ئەنجام دران و دەست گیرا بەسەر گوندەكانی تەختاییدا. لەبەر ئەوەی قەومی ئامادە بۆ كراو داوای گیان پاراستنیان كرد، پەنایان برد بۆ ناوچەكانی خۆیان و لەبەر ئەوەی ناوچەكە شاخاویە، بارمتەیان لێ گیراوە و ''ڕای''[١٣٥] دراوە و لەم كاتەدا بەو جۆرە كۆتایی بە كێشەكە هێندراوە."

ڕەشید پاشا لە درێژەی ڕاپۆرتی خۆیدا بـە دەرسـەعادەت ڕادەگەیـەنێت کـە جزیـرە لـە ژێـر دەسـەڵاتی مـیری ڕەواندوزدایـە و میـدیات و سـێرت و شیرڤانیش ڕووبەڕووی تەنگ پێ هەڵچنین بوونەتەوە. ڕەشـید پاشـا ئـەوەش دەنووسـێت کـە ئەگـەر جزیـرە بەدەسـت نەهێندرێتـەوە، ناتوانرێـت دۆخـی سەرانسەری ویلایەتی دیاربەکر ڕێك بخرێتەوە.[١٣٦]

وەك دەبیندرێت بـە تێپـەڕبوونی کـات کاریگـەریی ڕەشـید پاشـا بەسـەر کوردستانەوە بە ئەنجامـدانی هێـرش و پـەلاماری سـەربازی زیـادی کـردووە. ڕەشـید پاشـا بۆچـوونی وا بـووە جزیـرە ڕۆڵـی سـەرەکی دەگێڕێـت لـە دابینکردنی سەقامگیریدا بۆ هەرێمەکە و لە کۆتاییی سـاڵی ١٨٣٥دا بـە هـۆی هەلومـەرجی دژواری زسـتان و مەسـەلەی میـسرەوە ناچـار بـوو ئـەو کـارە هەنـدێك دوابخـات. هاوکـات ئـەیووب بـەگی سـەرۆکی عەشـیرەتی میللـی کـە پێشتر لە دەست عوسمانییەکان هەڵهاتبوو، داوای پەناهێنانی بۆ لای ڕەشـید پاشا کرد.[١٣٧]

لە سەرێکەوە شەڕەکانی کورد و عوسمانی بەردەوام بوون و لە سەرێکی ترەوە یاخیبوونی محەمەد عەلی پاشای میسر گەیشتە سنوورەکانی عێراق و کوردسـتان و بانـدۆری لەسـەر ڕووداوەکـانی هەرێمەکـە زیـادی کـرد. بـەپێی ڕاپۆرتی ڕەشید پاشا لە ١٨٣٦/٢/١٤دا [١٣٨]، محەمەد عەلی پاشا نیازی بـووە بەغدا بگرێت و سەربازەکانی خـۆی لـە حەڵـەب گـرد کردووەتـەوە و دەسـتی گرتـووە بەسـەر ناوچـەیەکدا بـەناوی ''دیـر'' کـە ٧٠-٨٠ سـەعاتەڕێ لـە بەغداوە دوور بووە. هەرچەندە ڕەشـید پاشـا پێـی وا بـووە شـیمانەی ئـەوە ناکرێت محەمەد عەلی پاشای میسر بتوانێت بدات بەسـەر بەغـدادا، بـەڵام بـە ئاشکرا گوتوویەتی بۆی هەیە ببێت بە ڕەگەزی هاندەری یاخیبوونەکانی ئـەو هەرێمە. والیی سیواس هەندێك عەشیرەتی کوردی ئێزیدی کە خۆی دەڵێت لە ناوچەیەکی چل پەنجا سەعاتەڕێ دوور لە دیاربـەکر ژیـاون، بـەزۆر هێناوەتـە

گوندەکانی چۆڵەوانیی دیاربەکر و لەوێ نیشتەجێی کردوون. کاتێك هەواڵ دەگات وا ئیبراهیم پاشای کوڕی محەمەد عەلی پاشا لە میسر خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی پەلاماری ئورفا بدات، ڕەشید پاشای والیی سیواس کۆتایی بە شەڕ لە دژی ئێزیدییەکان دەهێنێت و ناچار دەبێت ڕوو لە ئورفا بکات.[١٣٩]

## گرتنەوەی جزیرە و ناوچەی جزیرە لە نامەکانی ڕەشید پاشادا

ڕەشید پاشا کە ناچار بوو جاروبار هێرش و جموجووڵی سەربازی بۆ سەر هەرێمی کوردستان (کوردستانی عوسمانی... وەرگێڕ) ڕابگرێت، لە بەهاری ساڵی ١٨٣٦دا دەستی کرد بە سازدانی ئامادەکاری بەمەبەستی کشان بەرەو جزیرە. لە پێشدا کردەیەکی سەربازیی لە دەڤەری دیاربەکر ئەنجام دا و ڕەجەب بەگ و تەیموور بەگ و حوسێن بەگی زەرکی و میرزا ئاغای سیلڤانی [١٤٠] گرت و بۆ ئەدرنە دووری خستنەوە. ئەیووب بەگ و یووسف بەگی سەرانی عەشیرەتی میللیش کە پێشتر داوایان کردبوو خۆیان ڕادەستی ڕەشید پاشا بکەن، بە فەرمانی پاشا دەستگیر کران و لە دیاربەکر زیندانی کران.[١٤١] پاشان پەلاماری جزیرەی دا و توانی شارەکە لە دەستی هێزەکانی میری ڕەواندوز و ژێر دەسەڵاتی میر سەیفەدینی جزیرەیی دەربهێنێت. ئەو نامە کورتانەی لەلایەن کوڕانی ڕەشید پاشاوە نێردراون، هەواڵی دەستگرتنی سوپاکانی عوسمانی بەسەر جزیرەی ژێر دەسەڵاتی میری ڕەواندوزدا دەگەیەنن:[١٤٢]

"ئەو شوێنەی بە جزیرە ناو دەبرێت، زۆر سەختە و گوند و قەڵاکانی بە زیادەوە پتەون و خەڵکەکەی بوێر و جەنگاوەرن. هەرچەندە دژواری و ماندووبوونی زۆریش چێژرا، سوپاس بۆ خوا لە سایەی حەزرەتی پاشادا دەستی بەسەردا گیرا. لەبەر ئەوەی سەرجەم یاخیبووەکان هانایان هێناوە و گوێڕایەڵ بوون، کاتی بە ئەنجام گەیاندنی بەرژەوەندیی ڕەواندوز هاتووە."

لە نامەگەلی هاوشێوەدا کـە لەلایـەن ڕەشـید پاشـاوە بـۆ دەرسـەعادەت نێردراون، زانیاریی فراوان سەبارەت بە دەرهێنانی جزیـرە لـە دەسـتی مـیری ڕەواندوز دراوە. بـەو پێیـە، پـاش مـسۆگەرکردنی گوێڕایـەڵی و پابەنـدبوونی بەگە یاخیبووەکانی جزیرە، سوپاکان ڕوویان لە باشـوور کـرد و لـە ناوچـەی زاخۆ شەڕ و پێکادان لەگەڵ میری ڕەواندوزدا بەردەوام بوو. پاش دەستگرتن بەسەر جزیرەدا، میر و بەگـەکانی ئامێـدیش دەسـتیان کـرد بـە هانـابردن بـۆ سوپا. بە گەیشتنی محەمەد پاشای والیی موسڵ، ڕەشید پاشـا و سـوپاکانی موسڵ و بەغدا نەخشەی ئەوەیان داڕشت لە سێ قۆڵەوە هێـرش بکەنـە سـەر هێزەکانی میری ڕەواندوز.

ڕەشید پاشا زانیاریی سەبارەت بە دەڤەرەکە گەیاندووە و ئەوەشـی بـۆ نووسینەکەی زیاد کردووە کە شەڕی نێوان خەڵکی ئەو دەڤەرە بڕانەوەی بـۆ نییـە و لـە زۆر گونـد بـارووت بەرهـەم دەهێنـدرێت. نامەکـەی ڕەشـید پاشـا سەبارەت بە جزیرە و سەیفەدین بەگی جزیرەیی زانیاریی گرنگ سەبارەت بە کۆمەڵگا و کولتووری ئەو سەردەمەی جزیـرە و میرەکـانی جزیـرە (بنەماڵـەی عەزیزی) کە خۆیان دەبردەوە سەر ڕەچەڵەکی فەرمانـدەی نـاوداری ئیـسلام یاوەر خالیدی کوڕی وەلید، دەخاتە ڕوو. ئەو نامەیەی کـە ڕەشـید پاشـا لـە ١٨٣٦/٥/٧ بۆ برای خۆی نووسیوە، بەم جۆرەیە:[١٤٣]

"کوردەکانی دەڤەری جزیرە لەو کوردانـە ناچـن کـە پـار بینیمـانن. خـۆ ئەمانــە میللــەتێکی چــەندین قــات لــەوان بــەربادترن. ئەمــە بــەو کاغــەزە عەرەبییانەشەوە دیـارە کـە لـە کۆشـکی ئـەو ناپاکـەی بـە سـەیفەدین بـەگی جزیـرە بـانگ دەکرێـت، دەسـتمان بەسـەریاندا گـرت و هـاوپێچ لەگـەڵ ئـەم نووسراوەدا بـۆ ئێوەمـان نـاردووە. ڕەوشـەکە بـەم جۆرەیـە؛ لێـرە تـاقمێکی خراپەکار و ئاژاوەگێڕ هەن بە ''سەید'' و ''شێخ'' گوزارەیان لێ دەکرێـت و بەردەوام بە چیاکاندا دەگەڕێن. بەتەواوی جلوبەرگی سپی دەپۆشـن و ڕوو

له هەر شوێنێك بکەن، هەندێك کەس دەڵێن ''جای شیخنا''[١٤٤] و بڕێکی تر دەڵێن ''شێخێ مە هات''.[١٤٥] ژنان و پیاوان دەستیان ماچ دەکەن و خۆیان بە دامێنی کەوا و سەڵتەکانیاندا هەڵدەواسن. ئەمانە هەرچییەك بە هۆزەکانی خۆیان بڵێن، واتا کاتێك دەڵێن ''لە دژی فلان شەڕ بکەن و لەگەڵ فیساردا ئاشت ببنەوە''، خەڵك بە قسەی ئەوان ڕەفتار دەکات. شتەکە بەم جۆرەیە؛ بۆ نموونە، دوو عەشیرەت لە دژی یەکدی دەکەونە شەڕەوە و هەردوولاش تفەنگ بەکار دەهێنن. کاتێك یەکێك لەو شێخانە دەچێتە نێوانیانەوە، یەکسەر دەنگی تفەنگ دەبڕێت و هەرکەس دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی. بەکورتی، ڕەوشی ئەمانە لای هیچ میللەتێکی تر نەبینراوە. لە کاغەزی ئاماژە بۆ کراودا دەردەکەوێت ناپاکی ناوبراو (سەیفەدین بەگ) لەلایەن شێخەکەیەوە کە لەم ڕۆژانەدا لە چیایە، بۆ ئەم مەسەلەیە هاندراوە و کاغەزەکەشمان بۆتان ناردووە. ئەو هەموو ڕێزگرتنە لە ناپاکی ناوبراو و پابەندبوون پێیەوە لەو سۆنگەیەوەیە گوایە نەوەی ''خالیدی کوڕی وەلید''ە. بەڵام ئایا وایە، وا نییە؟ ناتوانم ئەوەیان بزانم. خوا دەزانێت ئەمانە لە وتارەکانی ڕۆژانی هەینیدا ناوی سوڵتانی ڕێزدارمان ناهێنن. دەستەیەکیان ناوی ڕەواندوزی[١٤٦] و هەرزەکارانی ئەم دەوروبەرەش ناوی سەیفەدینی ناوبراو دەهێنن. چەند دوور و درێژیش بنووسرێت، هێشتا ناتوانرێت وەسفی لەبات و ڕەوشی ئەم مێروانە بکرێت."

بنەماڵەی عەزیزی کە میری جزیرە بوون، وەك لە شەرەفنامەشدا ئاماژەی پێ کراوە، خۆیان بە نەوەی خالیدی کوڕی وەلید دەزانن. بۆیە لە ناو کورددا ناسناوی "خالیدی" بەو میرانە دراوە. ئەو ماوەیەی جزیرە لە ژێر دەسەڵاتی میری ڕەواندوزدا بوو و دواتر کەوتە دەست عوسمانییەکان، میری جزیرە سەیفەدین بەگ بوو کە لە ناو کورددا بە "میر سێڤدین" ناسرابوو. میر سەیفەدین تا پێی کرا ڕەشید پاشای سەرقاڵ کرد و ئەرکی وی گران کرد،

پاش گرتنی جزیرەش هەڵهات و پەنای بۆ عەلی پاشای والیی بەغدا برد. بەو جۆرە دەسەڵاتی سەیفەدین بەگ درا بە بەدرخان بەگی ئامۆزای کە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ عوسمانییەکاندا دانابوو. ڕەشید پاشا، بەدرخان بەگی لە جێی سەیفەدین بەگ کرد بە لێپرسراوی جزیرە. وەك لە بەشەکانی داهاتووشدا ڕوون دەبێتەوە، بەدرخان بەگ بەو متمانەیەی کە ڕەشید پاشا و حافز پاشا پێیان هەبوو و بەو پایەیەی پێی درا، بە تێپەڕبوونی کات بوو بە یەکێك لە دەسەڵاتدارترین میرەکانی کوردستان.[١٤٧] سەیفەدین بەگ ئەگەرچی دواتر بەخشرا و توانی بگەڕێتەوە بۆ جزیرە، بەڵام مەیلی بەلای دەسەڵاتەوە نەبوو.[١٤٨] وەك ئەوەی دواتر ساڵی ١٨٣٨ لە بەرخودانی مەحموود خانیشدا دەبیندرێت، ئەو کاتانەی بەدرخان بەگ لە جزیرە نەبووە، سەیفەدین بەگ جێی گرتووەتەوە و نوێنەری ئەو بووە.

**کۆتایی بەرخودانی میر محەمەد،**
**قۆناغێکی نوێ لە کوردستان لەگەڵ حافز پاشادا**

میری سۆران لە کۆتایی ساڵی ١٨٣٦دا ئیدی توانای بەرەنگاربوونەوەی سوپاکانی عوسمانی نەما و خۆی ڕادەستی ڕەشید پاشا کرد و برایە دەرسەعادەت (ئیستانبوڵ).[١٤٩] محەمەد پاشای والیی نوێی موسڵ لە ڕاپۆرتێکدا سەبارەت بەو بابەتە کە لە ٢٥/ش/١٢٥٢ (١٨٣٦/١٢/٤) نووسیوێتی[١٥٠]، ڕادەگەیەنێت پاش سەرکوتکردنی مەسەلەی ڕەواندوز لەلایەن ڕەشید پاشا و والیی بەغداوە، ئەرکی وەرگرتنەوەی قەڵای ئامێدی بە خۆی سپێردراوە، ڕەسووڵ بەگی برای میر محەمەدی ڕەواندوزی خۆی لە قەڵای ئامێدی قایم کردووە و دوای ئابلۆقەدانێکی بیست ڕۆژە خۆی بەدەستەوە داوە. بەپێی ئەو ڕاپۆرتە، پاش بەدەستهێنانەوەی قەڵای ئامێدی، فەرمانڕەواییی دەڤەری ئامێدی دراوە ئیسماعیل پاشای ئامێدی و خۆیشی، واتا محەمەد عەلی پاشا کراوە بە والیی موسڵ.

ڕەشید پاشای والیی سیواس لە دوای بڕانەوەی بەرخودانی میر محەمـەد لە دیاربەکر مرد.[151] لە پاش ئەو، حافز پاشا کرا بـە والیـی سـیواس. لەگـەڵ خۆبەدەستەوەدانی میر محەمەددا بـەرخودانی گشتیی کـورد لـە باشـوور بـە ئەندازەیەکی زۆر تێکشکێندرا. لە ئەنجامی بەزینی میر محەمەدی ڕەوانـدوزی لـە بەرانبـەر سـوپاکانی عوسمـانی، سـلێمان پاشـای موتەسـەڕیفی بابـان پەسەندی کرد ٦٠٠ سەرباز بدات بە دەوڵەتی عوسمانی و پەیوەنـدی لەگـەڵ ئێراندا بڕی و بەڵێنی دا پابەنـد بێـت بـە دەوڵـەتی عەلییـەوە. لـە پـای ئـەوە خەڵاتێك درا بە ئەحمەد بەگی کوڕی و کوڕێکی تریشی بەناوی ئیبراهیم بـەگ بە پلەی ''بینباشی'' لە سوپای نەزمداری عوسمانی وەرگیرا.

بە هۆی بڕانەوەی کێشەی میر محەمـەد (محەمـەد پاشـای ڕەوانـدوزی) و دوورکەوتنەوەی میر لە کوردستان، بەر لە هەموو کەسێك عەلی پاشای والیی بەغـدا هەناسـەیەکی ئاسـوودەیی هەڵکێـشا. بـەڵام مـیری ڕەوانـدوز لـە دەرسـەعادەت چـاوی کـەوت بـە سـوڵتان و هـیچ سـزایەکی بـۆ دەرنەچـوو، تەنانەت وەك پێشاندانی "عاف عالی – لێبـووردنی بـاڵا" پلـەی "فـەریق"پـێ درا. هەروەها مۆڵەتی پێ درا بگەڕێتەوە بـۆ کوردسـتان و ناوچـەکانی کۆیـە، هەریر، ڕەواندوز، ئالتون کۆپری و هـەولێریش کـە پێـشتر لـە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیدا بوون، بە فەرمی خرانەوە ژێر دەسەڵاتی وی.[152]

حاجی بەکر ئاغای کـەدخودای دەرگـای عـەلی پاشـای والیـی بەغـدا کـە پێکـەوە لەگـەڵ مـیر محەمـەددا چـووبووە دەرسـەعادەت، لـە ڕاپۆرتەکانیـدا سەبارەت بە میری سۆران ددانی پـێ دانـاوە کـە مـیر لـە هەرێمەکـە خـاوەنی دەسەڵاتێکی بەرفراوانە و ئەگەر پابەند بە دەوڵەتەوە بمێنێتـەوە، دەتوانێـت خزمـەتی پـڕ بایـەخ پێـشکێش بکـات. بـەڵام سـەرەڕای ئـەوەش گوتوویـەتی لێبووردن لە میر و ناردنەوەی بۆ هەرێمەکە دەبێت بە هۆی ڕوودانی نیگەرانی و تەگەرەی زۆر.[153]

بڕیاری گەڕانەوەی میری سۆران کە ناوونیشانی نـوێی بووبـوو بـە فـەریق محەمـەد پاشـای ڕەوانـدوزی[154] بـۆ کوردسـتان، بـە شـێوەیەکی تایبـەت

ڕووبەڕووی ناڕەزاییی توندی عەلی پاشای والیی بەغدا بووەوە. میری سۆران ماوەیەکی درێژ لە پاشاکانی عوسمانی یاخی بوو، لە دەڤەرەکانی سۆران و بابانەوە تا بۆتان ڕووبەرێکی بەرفراوانی کوردستانی خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆی و پاش هەوڵدانێکی درێژخایەن ئەوسا توانرابوو بەرخودانی وی بخرێت بەلادا، بۆیە شتێکی سرووشتی بوو بەو جۆرە دڵدانەوە و ڕێزلێنانی میری سۆران لەلایەن پاشاکانی عوسمانییەوە لە هەرێمەکە بە خۆشحاڵی پێشوازی لێ نەکرابێت. هۆی سەرەکیی قەڵسبوونی والیی بەغدا سزانەدان یان بەخشینی پلەی "فەریقی" و دڵدانەوەی میری ڕەواندوز نەبوو، بگرە زیاتر لەبەر ئەگەری گەڕانەوەی میر بوو بۆ کوردستان. والیی بەغدا بیری لەوە دەکردەوە ئەگەر میری سۆران بەو شێوەیە بۆ کوردستان بگەڕێتەوە، دەسەڵات و ناوبانگی لە هەرێمەکە زیاتر گەشە دەکات و دەگاتە ئاستێك کە چی تر نەتوانرێت جڵەوی بگیرێتە دەست.

سەرەڕای ئەوەی سوڵتان لێبووردنی بۆ میر دەرکردبوو، عەلی پاشای والیی بەغدا بەمەبەستی دروستکردنی تەگەرە لە بەردەم گەڕانەوەی میر بەتوندی لە دژی گەڕانەوەی میر بوو بۆ کوردستان، چەندین جار دەرسەعادەتی لە مەترسییەکانی ئەو ئەگەرە هۆشیار کردەوە و بە هەڵوێستی گوشارئامێزانەی خۆی توانی پاڵ بە دەرسەعادەتەوە بنێت بەرەو چارەسەرێکی تر. والیی بەغدا بانگەشەی ئەوەی کردووە کە هەواڵی گەڕانەوەی میر بەلای خەڵکی کوردستانەوە زۆر خۆش نابێت و گوتوویەتی لەو بارەیەوە نامەی بۆ مووشیری مووش نووسیوە و تکای لە دەرسەعادەت کردووە تا بۆچوونی مووشیری مووشی پێ دەگات، میری ڕەواندوز کە لەسەر ڕێگای گەڕانەوە بوو، لە ئەماسیا ڕابگیرێت.[١٥٥]

والیی بەغدا بە پێداگرتنەوە دەڵێت گەڕانەوەی میری ڕەواندوز کارێکی شیاو نییە و ڕوونی دەکاتەوە ناوچەی ئامێدی لەلایەن والیی موسڵەوە بەڕێوە دەبرێت، جزیرە لەبەر ئەوەی گرێدراوی دیاربەکرە، لە ژێر دەسەڵاتی مووشیری مووشدایە و دەڤەرەکانی وەك کۆیە، ئالتون کۆپری، ڕەواندوز و

هەولێر لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدایە و هەوڵ دەدات دەرسەعادەت بەوە قایل بکات کە هەرێمەکە لە پاڵ کێشە و گرفتەکانی تردا پێویستی بە "فەریق محەمەد پاشا" نییە. عەلی پاشا لە ئاکامدا پشتیووانیی والیی سیواسیشی بەدەست هێنا و بەو جۆرە توانی کارێکی وا بکات "تا ڕوونبوونەوەی مەسەلەکە" میری ڕەواندوز لە ئەماسیا ڕابگیرێت.[١٥٦]

لەسەر هەڵوێستی پێداگیرانەی والیی بەغدا ڕۆژی ٢٩/صەفەر/١٢٥٣ (١٨٣٧/٦/٣) فەرماننامەیەك دەرکرا سەبارەت بە مانەوەی فەریق محەمەد پاشا (میر محەمەد) بۆ ماوەیەك لە ئەماسیا.[١٥٧] میر محەمەد لە دەرسەعادەتەوە بەڕێ کەوت و ڕۆژی ٨/ڕەبیعولئەوەل/١٢٥٣ (١٨٣٧/٦/١٢) لەگەڵ حاجی وەلی ئاغادا کە خرابووە خزمەتی ئەم، گەیشتنە ئەماسیا. محەمەد شاکیر بەگی موتەسەڕیفی ئەماسیا فەرماننامەی باسکراو دەخاتە بەر دەستی میر و بێ ئەوەی بهێڵن خۆی هەستی پێ بکات، بەپێی چەند ڕێوشوێنێکی تەناهی کە پێشتر ئامادە کرابوون، نیشتەجێ دەکرێت.[١٥٨]

عەلی پاشا بە نهێنی نامەی بۆ موتەسەڕیفی ئەماسیا نووسی و بە پێویستی زانی میری ڕەواندوز نەترسێندرێت. لە ئاکامدا عەلی پاشای والیی بەغدا توانی بە پشتیوانی والیی سیواس کارێکی وا بکات دەرسەعادەت ڕازی بێت ڕێی ئەنادۆڵ لە میری ڕەواندوزی لە ئەماسیا ڕاگیراو بگیرێت و ڕەوانەی ناوچەیەکی وەك شومنوی هەڵکەوتووی ڕومەلی بکرێت.[١٥٩] (ڕومەلی لە سەردەمی عوسمانیدا بۆ باشووری بالکان بەکار دەهێندرا... وەرگێڕ)

میری ڕەواندوز کە بە پێچەوانەی ویستی سوڵتانەوە بە کاریگەریی والییەکانی سیواس و بەغدا لە ئەماسیا ڕاگیرا، هەرگیز بۆ کوردستان نەگەڕایەوە. دەستمان بە هیچ بەڵگەیەکی ڕوونیش نەگەیشتووە سەبارەت بە چۆنیەتیی مردنی. ئەو بۆچوونەی کە تا ئەمڕۆش برەوی هەیە، ئەوەیە کە میر لە کارێکی تاوانکاریدا بووە بە قوربانی. لە ڕاپۆرتی ٩/شەوال/١٢٥٤ (١٨٣٨/١٢/٢٦)دا بە "متەوەفا"[١٦٠] ئاماژە بۆ میر محەمەدی بەگی ڕەواندوز دەکرێت.[١٦١]

**ئامانجی نوێی سوپاکانی عوسمانی؛**

**کوردە ئێزیدییەکانی گارزان، شەنگال و تەلەعفەر**

لە کاتێکدا نامەگۆڕینەوە سەبارەت بە میری ڕەواندوز درێژەی هەبوو، مووشیری نوێی سیواس حافز پاشا بەمەبەستی پەلاماردانی ئێزیدییەکانی ناوچەی سنجار (شەنگال) لە بەهاری داهاتوودا دەستی کرد بە دابینکردنی ئازوقە و کەرەستەی شەڕ بۆ سەربازەکانی کە لە ڕەققە (ڕاکا) مۆڵدرابوون.[١٦٢] محەمەد پاشای کورد کە لەلایەن حافز پاشاوە ئەرکی پێ سپێردرابوو، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٨٣٧دا دای بەسەر ناوچەکانی جزیرە و شەنگالدا. بێ هیچ گومانێك ئامانج لە هێرشی سوپاکانی عوسمانی بۆ سەر ئەو ناوچانە کە لە بەهاری ئەو ساڵەوە دەستی پێ کرابوو، بریتی بوو لە تێکشکاندنی بەرخودانە خۆجێییەکانی کورد بەر لەوەی تەشەنە بکەن و گەورە ببنەوە. محەمەد پاشای کورد دوای ئەوەی دای بەسەر ناوچەی گارزاندا، ڕووی لە ناوچەی جزیرە کرد. بەدرخان بەگ کە لە شەڕی دەسەڵاتی ناو میرنشینی جزیرەدا سەرکەوتنی بەسەر میر سەیفەدینی ئامۆزایدا بەدەست هێنابوو، گوێڕایەڵیی خۆی بۆ محەمەد پاشای کورد بەیان کرد. پاشان سوپاکانی عوسمانی ڕوویان لە ئێزیدییەکانی چیای شەنگال کرد و ئەمەش گرنگترین ئامانجی ئەو سوپایانە بوو. حافز پاشا دوای هەوڵدانێکی درێژخایەن توانی ئێزیدییەکانی چیای شەنگال بهێنێتە ژێر بار و دوای ئەوەش ڕووی لە قەزای تەلەعفەر کرد کە دانیشتووانی لە کوردی ئێزیدی پێك دەهات. حافز پاشا لە نامەکانی تایبەت بەو مەسەلەیەدا ڕوونی دەکاتەوە تەلەعفەر ١٢ سەعاتەڕێ لە چیای شەنگالەوە دوورە و لە دوو هەزار بنەماڵە پێکدێت و دانیشتووانی وەك شەنگالییەکان ئێزیدین. یەکینەکانی سوپای عوسمانی بە فەرماندەیی میرلیوا میرزا پاشا و میرئالای ئەرسەلان بەگ و بینباشی عەلی ئاغا چیای شەنگالیان بەجێ هێشت و بەرەو تەلەعفەر بەڕێ کەوتن. سوپاکانی عوسمانی قەڵای تەلەعفەریان گەمارۆ دا و ئێزدییەکان

نەیانتوانی خۆیان ڕابگرن، بۆیە ڕێی ڕێککەوتنیان لەگەڵ عوسمانییەکاندا هەڵبژارد و ڕازی بوون باج بدەن و پابەند و گوێڕایەڵی دەوڵەت بن. حافز پاشا بە مەرجی ئەوەی پێشوەخت ١٥٠٠ توورەکە ئاقچە لە بەرانبەر خەرجییەکانی سوپای عوسمانیدا وەربگرێت، پابەندبوونی ئێزیدییەکانی تەلەعفەری پەسەند کرد، هەروەها حافز پاشا دەستی گرت بەسەر ماین و بارگیر و مەڕ و چەندین جۆری تری ئاژەڵی ئێزیدییەکاندا و بە بیانووی ئەوەی گوایە بەشێك لە ئاژەڵەکان نەدراوە بە سوپا و براونەتە دەرەوەی ناوچەکە، ڕێککەوتنەکەی هەڵوەشاندەوە و بە ٥-٦ تابووری سەربازی پیادە قەڵای تەلەعفەری گەمارۆ دا. حافز پاشا لە شەڕێکی خوێناویدا دەستی گرت بەسەر قەڵای تەلەعفەردا و بەناوی سوپای عوسمانییەوە نزیکەی ٣٠٠٠ منداڵیی ئێزدیی بە دیل گرت و وەك سەرباز بەسەر ئالایەکاندا دابەشی کردن.[١٦٣] والیی سیواس حافز پاشا ساڵانە ٧٥٠٠٠ قروش باجی بەسەر قەزای تەلەعفەرەوە کرد بە ماڵ.[١٦٤]

**شەڕەکانی گارزان**

شەڕەکانی عوسمانی و کوردی ئێزیدی کە ساڵی ١٨٣٧ لە ناوچەکانی شەنگال و تەلەعفەر تاویان سەند، لەگەڵ هاتنی ساڵی ١٨٣٨دا لە دەڤەری گارزان، کە پێشتر ڕەشید پاشا بە سوپاکانی خۆیەوە ڕووی تێ کردبوو، درێژەیان هەبوو. وەك پێشتر باسمان کرد، ئەو جموجوڵە سەربازییانە کە ساڵانە لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهاردا دەستیان پێ دەکرا، بەمەبەستی تێشکاندنی هەر بەرخودانێکی کورد بوو کە بۆی هەبوو لە سەروبەندی گەورەبوونەوەی مەسەلەکەی میسردا لە دژی دەوڵەت ڕوو بدات. لە مانگی ئایاری ساڵی ١٨٣٨دا لە پێشدا هێرش برایە سەر سەعید بەگ لە ناوچەی جزیرە. بەدرخان بەگ لەو هێرش و پەلامارانەدا لە ڕیزی عوسمانییەکاندا بوو. سەعید بەگیش ١٢ی مانگی ئایار خۆی ڕادەست کرد.[١٦٥]

دواتر سوپاکانی عوسمانی ڕوویان لە دەڤەری گارزان کرد و ڕووبەڕووی بەرخودانێکی سەختی کوردەکان بوونەوە. نامەکانی مارشالی ئەڵمانی هێلموت فۆن مۆلتکە، کە لە ڕیزی سوپاکانی عوسمانیدا لەو شەڕانەدا بەشدار بوو، پێشاندەری ڕووی ڕاستەقینەی شەڕەکانن. ئەم بەشەی خوارەوە کە لە نامەی مانگی تەمموزی ساڵی ۱۸۳۸ وەرگیراوە، ڕاستییەکانی سەبارەت بە شێوازی شەڕەکان دەخاتە بەر تیشکی هەتاو:[١٦٦]

"جووڵەیەکی تری سەربازی پێویست بوو. ١٤ تیپ و ژمارەیەکی زۆر سەربازی باشبوزوك (سەربازی مووچەوەرگر... وەرگێڕ) ڕەوانە کران تا چواردەوری گردێکی تا ئەوپەڕی ئەندازە قیت بگرن. هەڵشکان بە گردەکەدا پێنج سەعاتی خایەند و سەربازە نیزامییەکان لەو ماوەیەدا شازدە کوژراو و نزیکەی شەست برینداریان دا. تەنانەت ژنانیش تەقەیان لە سەربازانی نیزامی دەکرد. ژنێکی کورد سەربازێکی دایە بەر خەنجەر و کوشتی. سەربازەکان هار بوون و کاتێك گەیشتنە سەرەوە، ئەوەی بەرگری کردبوو، کوشتیان. نزیکەی ٤٠٠–٥٠٠ کورد کوژران. ٥٠ ژن کە سەربازەکان دەیانویست بیانبەن، لە ڕووبارۆکەی هەڵچووی دامێنی چیایەکەدا خنکان.

پاشا داوای کردبوو لەم جووڵەیەدا بەشدار بین. پێویستە ددانی پێدا بنێم ئەمە بۆ منیش زۆر گونجاو بوو. ناکرێت بۆ ئەم شەڕە ئیرەییمان پێ ببەن، لە سەرەتاوە تا کۆتایی قێزەوەن و ترسناك بوو. جگە لە هەزاران سەر ئاژەڵ، ٦٠٠ دیلیشیان هێناوە. نیوەی دیلەکان لە منداڵان و ژنان پێکدێت. فیشەك بەر کوڕێکی ٦–٧ ساڵان کەوتبوو. ئەو فیشەکەی ئێستا لە بەردەممە، لە برینەکەی ئەو دەرمان هێنا. بەڵام ئەگەری ڕزگاربوونی منداڵەکە زۆر بەهێزە. ژنانی بریندار هەن، بەڵام هەبوونی ئەو منداڵانەی کە بە نووکی ڕم بریندار بوون، تیشکێکی تاڵ و پڕ ئازار بەسەر ئەم بزاوتە سەربازییەدا دەکێشێت."

مۆلتکە ئەگەرچی ئەو ڕاستییانەی هێناوەتە زمان، کەچی بەم جۆرەی خوارەوە دەڵێت حافز پاشا کەموکورتیی نەبووە و ناچار بووە هێز بەکار بهێنێت:

"ئەگەر وەك سەربازی مووچەوەرگر خزمەتکاریش هەبن، پێشوەخت دەزانرێت چەندین خراپەکاری هەیە کە ناتواندرێت پێشیان لێ بگیرێت. لە کاتێکدا هێرش پێویست بێت بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەو ڕەوەزە بەردانەی کە خەڵکەکە بە ماڵ و ژن و منداڵەوە پەنایان بۆ بردووە و بۆ گرتنی گوندەکان، شەڕێکی نەرم چۆن کاری لە کردن هاتوو دەبێت؟"

تایبەتمەندییەکی بەرچاو لە شەڕەکانی گارزاندا جێگرتنی کوردی موسڵمانە لە ڕیزەکانی سوپای عوسمانیدا لە دژی کوردی ناموسڵمان. ئەو شەڕانە بوون بە هۆی ئەوەی ئاین لە نێوان کوردەکاندا ببێت بە فاکتەری لەیەك دابڕان و زەمینەیان خۆش کرد بۆ بڕێکی زۆر لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی داهاتوو.

**دوایین بەرخودانەکانی کورد لە ساڵی ١٨٣٨دا؛**

**ئیسماعیل پاشای ئامێدی و مەحموود خانی میری مویکویس**

مەحموود خان لە باکوور کە قەڵای خۆشابی کردبوو بە مەڵبەند و ئیسماعیل پاشای ئامێدی[١٦٧] لە باشوور دوایین ئەو خاڵانە بوون کە دەبوو دوای شەڕەکانی دەڤەری گارزان لەلایەن دەوڵەتەوە لە کوردستان چارەسەر بکرێن. لە کاتێکدا ساڵی ١٨٣٨ بەرخودانی مەحموود خان لە باکوور بەردەوام بوو، ڕووداوی ئیسماعیل پاشای ئامێدی، کە ساڵانێك بوو دەوڵەتی عوسمانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو، بەخێرایی گەورە دەبووە و دۆخی بەرخودانی وەرگرتبوو. ئیسماعیل پاشا کە دوای بەرخودانی میری ڕەواندوز لە سەردەمی ڕەشید پاشادا کرابوو بە دەسەڵاتداری سەنجەقی ئامێدی، بە

هۆی ئەو کێشانەی لەگەڵ محەمەد پاشای والیی موسڵدا هەیبوو، مەیلی دابووە بەرخودان.[168]

زانیارییە سەرەتاییەکانی سەبارەت بە بەرخودانی ئیسماعیل پاشای ئامێدی دەگەڕێنەوە بۆ مانگی دوازدەی ساڵی ١٨٣٦. بەپێی ئەو زانیارییانەی لەلایەن مستەفا ئاغای ئەفسەری زاخۆ و ئیبراهیم ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی سلیڤانەوە گەیەندراون محەمەد ئەمین ئاغای موتەسەلیمی دیاربەکر، سەعید بەگی میری پێشووی جزیرە[169] نزیکەی ٢٠٠ پیاوی خۆی ناردووە بۆ هاوکاریکردنی ئیسماعیل بەگ و ئەویش بە هاوکاری ئەو هێزە هێرشی کردووەتە سەر زاخۆ.[170]

تاوانی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ئیسماعیل پاشادا بەتەنیا نەخراوەتە پاڵ سەعید بەگی میری پێشووی جزیرە. سەعید پاشای میری میرانی پێشووی موسڵیش کە هاوناوی سەعید بەگ بوو، بە بیانووی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ بەرخودانی ئیسماعیل پاشادا تاوانبار کرا و لە دیاربەکر خرایە ژێر چاودێریی تایبەتەوە و بڕیار درا بە خێزانەوە بۆ ڕومەلی دوور بخرێتەوە.[171] حافز پاشای والیی سیواس لە نیسانی ١٨٣٧دا سەعید پاشای لە دیاربەکرەوە ڕەوانەی دەرسەعادەت کرد.[172] ئیسماعیل پاشا کە دوای خۆڕادەستکردنی میری ڕەواندوز لە قەڵای ئاکرێ نیشتەجێ بوو، ئەگەرچی چەندین جار بانگەوازی ئاشتی بۆ کرا، وەڵامی ئەرێنیی نەدایەوە و ئەو بەرخودانەی دەستی پێ کرد، تا ماوەیەکی درێژ نەتوانرا چارەسەر بکرێت. لەبەر ئەوە دەرسەعادەت داوای لە حافز پاشای والیی سیواس و محەمەد عەلی پاشای والیی موسڵ کرد بەدوای چارەی بەدەستخستنی و چارەسەرکردنی کێشەکەدا بگەڕێن و دوای بەدەستخنیشی، لە دەڤەرەکە دووری بخەنەوە بۆ شوێنێکی دوور.[173] بەڵام ئیسماعیل پاشای ئامێدی درێژەی بە کێشەکە داوە.

سەلیم بەگی برای ئیسماعیل پاشا لە ئەیلولی ١٨٣٨دا سەرلەنوێ هێرشی کردە سەر زاخۆ.[174] هەروەها حەلیم ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی

دۆسـکی[١٧٥] کـە گرێـدراوی ئیـسماعیل پاشـا بـوو، دەسـتی گـرت بەسـەر "دەیـەك"ی دوازدە گونـدی دەوروبـەری ناحیـەی بلیکیـی سـەر بـە زاخـۆدا. لەگەڵ گەورەبوونەوەی مەسەلەکەدا والیی بەغدا عەلی پاشـا و والیـی موسـڵ محەمەد پاشا دەستیان کرد بـە سـازدانی تـەدارەك بەمەبەسـتی ئەنجامـدانی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئیسماعیل پاشا. ئـەمیش هـەر ئەوەنـدەی هـەواڵی جموجووڵە سەربازییەکانی پێ گەیشت، دەسـتی کـردە خـۆ ئامـادەکردن بـۆ بەرپەرچدانەوە.[١٧٦]

عەلی پاشای والیی بەغدا مانگی کانوونی دووەمی سـاڵی ١٨٣٨ هێرشـی کردە سەر ئیسماعیل پاشای ئامێدی. عـەلی پاشـا لای ئەربیلـەوە[١٧٧] هـات و محەمەد پاشای والیی موسڵی نارد بۆ نزیك ئامێدی و دهـۆك.[١٧٨] والیـی بەغـدا بە سوپای خۆیەوە پەلاماری قەڵای ئاکرێی دا[١٧٩]. ئیسماعیل پاشا لە بەرانبەر ئەو هێرشەدا خۆی پێ ڕانەگیرا و کشایەوە بۆ قەڵای بارزان. محەمەد پاشـای والیی موسڵیش هێرشی کردە سەر قەڵاکانی بادینان و دهۆك و دەسـتی گـرت بەسەر ئەو نـاوەدا. لەلایـەن والیـی سیواسـەوە فەرماننامـە نێـردرا بـۆ مـیری جزیـرە سـەبارەت بـە هاوکـاریکردن بـۆ دەسـتگیرکردنی ئیـسماعیل پاشـای هەڵهاتوو. پاش ئەوەی ئیسماعیل پاشا کشایەوە بۆ قەڵای بـارزان، ڕەسـووڵ بەگی برای میری ڕەواندوز چووە موسڵ و گوێڕایەڵیی خـۆی بـۆ والیـی بەغـدا بەیان کـرد. والیـی بەغـداش لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو داخوازانـەی لـە دەڤـەری ڕەواندوزەوە بۆی نێردرابوون، سلێمان بەگ کە پێشتر دامەزرێندرابوو، لەسەر کار لابرد و ڕەسووڵ بەگی بە موتەسـەڕیفی ڕەوانـدوز دامەزرانـد.[١٨٠] خـاڵێکی گرنگی مایەی سەرنج لێدان لێرەدا ڕاسـتیی لـە دەسـتدانی پێکهاتـەی بـاو و پێشووی میرنـشینە کوردییـەکانی بابـان و سـۆرانە لـە مـاوەی پـاش کۆتـایی پێهێنانی بەرخودانی میری ڕەواندوزدا.

ئیسماعیل پاشا دوای ئەوەی هـەواڵی پـێ گەیـشت کـە هێـرش دەکرێتـە سەر قەڵای بارزان، لەوێوە پەنای برد بۆ قەڵایەکی ئێزیدی کـە سـەعاتەڕێیەك لە هەکارییـەوە دوور بـوو. سـەلیم بـەگی براشـی بـۆ ئـەوەی بتوانێـت بـچێتە

ئێرانـەوە، بـەرەو شـەمدینان بـەڕێ کـەوت.[181] ڕەسـوولْ بـەگی بـرای مـیری پێشووی ڕەواندوز و چەند کەسێکی تر ئەرکیان پێ سـپێردرا و ڕەوانـەی کـن مـیری هـەکاری و ئاغـای چـالْ[182] کـران و هـەولْی دەسـتگیرکردنی ئیـسماعیل پاشای ئامێدی درا. هەروەها عـەلیخان بـەگیش بـەرەو شـەمدینان ڕۆیـشت و هەولْی دا سەلیم بەگی برای ئیسماعیل پاشا کە خەریك بوو پـەنای بـۆ ئێـران دەبرد، دەستگیر بکات.[183] پاش ئەو ڕووداوانە ئامێدی خرایـە سـەر موسـلْ و خرایە ژێر دەسەڵاتی والیی موسڵەوە.[184]

### مەحموود خان و قەڵای خۆشاب

لـە کاتێکـدا بـەرخودانی ئیـسماعیل پاشـا لـە باشـوور بـەردەوام بـوو، مووشیری ئـەرزەڕۆم عوسمـان نـووری پاشـا خـۆی سەرپەرشـتیی مەسـەلەی مـەحموود خـانی دەکـرد و وەك دەردەکـەوێت، لەبـەر ئـەوەی خـان لەسـەر سنووری ئێـران لـە پێگەیـەکی زۆر سـتراتیجیدا بـوو، عوسمـان نـووری پاشـا نەیتوانی ئەو مانۆڕانە بکـات کـە خـۆی مەبەسـتی بـوو. بایـەخی سـتراتیجیی دەڤەر و قەڵای خۆشاب، هێزی مـەحموود خـان و براکـانی لـە دیـدی ئێـران و کوردسـتان و دەوڵـەتی عوسمانیـدا و سیاسـەتی خـان کـە لەسـەر بناغـەی ناکۆکی و پێکادانی سەدان ساڵەی نێوان ئێران و دەوڵەتی عوسمـانی بنتیـات نرابوو، گەورەترین تەگەرەکانی بەردەم بەئاسانی بەدەستخستنی خان بوون.

ئـەرکی فەرمانـدەییی ئـالای و تابوورەکـانی "عەسـکەری مونتەزەمـەی حەزرەتی شاهانەی" کە لە ئەرزەڕۆم مۆڵـدرابوون، بـەڕێوەبردن و پـشکنینی گفتوگۆ بەردەوامەکانی سـنوور لەگـەڵ ئێرانـدا و چارەسـەکردنی بـەرخودانی مــەحموود خــانی یــاخیبوو لــە دەڤــەری وان بــە عوسمــان نــووری پاشــا سـپێردرا.[185] بەتایبـەتی داوا لـە عوسمـان نـووری پاشـا کـرا پـێش ئـەوەی گرفتێکی گەورە ڕوو بدات، مەحموود خان بەدەست بخات.[186]

مەحموود خان کە پێشتر لـە یـاخیبوونی ئیـسحاق پاشـای فـەرمانڕەوای وانـدا ڕۆڵێکـی گرنگـی لـە ئەسـتۆ گرتبـوو، لەبـەرەوە تـا سـاڵی ١٨٣٨ لـە

ناوچـەکانی مویکـویس، کاڤـاش و وەسـتان چـووە دەرێ، قـەڵای خۆشـابی مەڵبەندی میرنشینی کوردی مەحمودیی کۆنی وەرگرت و لەگەڵ ئێرانـدا بـوو بە هاوسـنوور. مـەحموود خـان بـوو بـە یـەکێك لـە مـیرە هـەرە بـەهێزەکانی کوردستان و سـەرباری هـەبوونی دەوڵـەتی عوسمـانی و میرەکـانی هـەکاری، هیزان، بۆتان و بتلیس لە دەوروبەری، لە گەیشتن بـەو ئاسـتەدا سـەرکەوتنی بەدەست هێنا. ئەو سەرکەوتنەی چ لە کوردستان و چ لای ئێران ناوبانگی بـۆ پەیـدا کـرد و ئـەو ناوبانگـەش چـەندین جـار بـووە بـە بابـەتی ڕاپۆرتـەکانی عوسمان نووری پاشای مووشیری ئەرزەڕۆم.

بابەتێکی تر کە پێویستە لێرەدا هەڵوێستە بکرێت لـە ئاسـتی، ڕەوشـی میرەکـانی هەکارییـە. ئـەمان هەرچـەندە ئامـانجی ڕاسـتەوخۆی سـوپاکانی عوسمانی نەبوون، بەڵام وەك لە ڕاپۆرتەکانیشدا بە ئاشکرا دەردەکـەوێت زۆر حـەز لـە چـارەی میرەکـانی هـەکاری نـەکراوە و تەنانـەت لـە زۆربـەی نووسراوەکاندا بە "یاخی" نـاوبراون. لێپرسـراوانی عوسمـانی لـە ئـەرزەڕۆم، ئەگەرچی مەسەلەکە بەو شێوەیەش کۆتایی نەهات، بـەڵام هەمیـشە گومـانی ئەوەیان هەبوو میرەکانی هەکاری ڕۆژێـك لـە ڕۆژان هاوکـاری مـەحموود خـان بکەن.

دەرسەعادەت لەو لێکۆڵینەوانەدا کـە لـە ڕێـی عوسمـان نـووری پاشـاوە ئەنجامی دا، پرسیاری ئەوەی لـێ کـرا داخـۆ دەکرێـت بـەرخودانی مـەحموود خان بە شێوەیەك چارەسەر بکرێت کە لەسەر سنوور گرفتێکـی گـەورەی لـێ نەکەوێتەوە؟ مووشیری ئەرزەڕۆم لـە ڕاپـۆرتی ١٨٣٨/٦/٦دا کـە لـە وەڵامـی ئەو پرسیارەدا نووسیوێتی[١٨٧]، بەم جـۆرە بـاس لـە مەترسـییەکانی ئەگـەری هێرشی سەربازی بۆ سەر مەحموود خان دەکات:

"لە ئەگەری بەکارهێنانی هێز لە دژی مـەحموود خـان و دەسـتکردن بـە دەرزدادانیـدا، بـۆی هەیـە داوای هاوکـاری لـە مـیرە یاخیبووەکـانی هـەکاریی هاوسێی بکات و بۆی هەیە لەلایـەن ئـەو یـاخیبووە ئامـاژە بـۆ کراوانەشـەوە هاوکاری پێ بگات. جگە لـەوەش، تـاقمی کـورد قـسەیان لەگـەڵ کرداریـان و

کرداریان لەگەڵ قسەیاندا یەك ناگرێتەوە و لەبەر ئەوەی لە تایەفەیەکن کە نازانرێت سەر بە چ مەزهەبێکن و لەبەر ئەوەی لە کاتی تەنگانەدا هەر لایەکیان لیّ هەڵبکەوێت گوێڕایەڵی دەبن، ڕووی بادانەوە بەلای ئێرانیشدا پێشان دەدەن. ئێرانییەکانش بەپێی میزاجی ئاشکرایان بە نهێنی، یان بە ئاشکرا یارمەتی ئەمانە دەدەن. بەوەش ژمارەیان زیاد دەکات و چارەسەرکردنی مەسەلەکە پێویستی بە هەوڵێکی زۆر دەبێت."

عوسمان نووری پاشا کە ترسی ئەوەی هەبوو ئێران و میرەکانی هەکاری پشتیوانی لە مەحموود خان بکەن، نیگەرانی ئەوە بوو بەرخودانی خان لەسەر سنوور وەربگەڕێتە سەر ڕووداوێکی گەورەی نێودەوڵەتی. عوسمان نووری پاشا بە پێویستی زانیوە تا کێشەی سنوور لەگەڵ ئێراندا چارەسەر نەکرێت، دەست نەکرێت بە چارەسەرکردنی چ مەسەلەی مەحموود خان و چ مەسەلەی میرە یاخیبووەکانی هەکاری و ڕوونی دەکاتەوە ئێستا کاتێکی گونجاو نییە بۆ ناردنی سەرباز لەلایەن دەرسەعادەتەوە. عوسمان نووری پاشا، هەروەها دەنووسێت مەحموود خان هەرچەندە کەسێك نییە بە دابینکردن و چاوەڕێکردن ئیدارە بدرێت، بەڵام گرتنەبەری ئەو شێوازەی ڕێوشوێن لەو کاتەدا پێویستە. زانیاریی پێویستیشی داوە بە ئیسحاق پاشای قایمقامی وان بەمەبەستی ڕێگرتن لە ڕوودانی گرفت و ڕوونی کردووەتەوە کە خۆیشی لەو ڕووەوە هاوکاریی قایمقام دەکات.

عوسمان پاشا لە سەرێکەوە سەرقاڵی مەسەلەی مەحموود خان بوو و لە سەرێکی تریشەوە سەرپەشتیی دانوستاندنەکانی سنووری لەگەڵ ئێراندا دەکرد کە لە ئەرزەڕۆم ئەنجام دەدران و تا دەهات درێژ دەبوونەوە. عوسمان پاشا ڕوونی دەکاتەوە نوێنەری ئێران بۆ دانوستاندنەکانی ئەرزەڕۆم عەباس میرزا (پێ دەچێت نووسەر لێرەدا ناوەکانی لیّ تێك چووبێت، چونکە لە بەشەکانی پێشووتردا هاتووە کە ئاغا حەسەن نوێنەری ئێران بووە بۆ دانوستاندنەکانی سنوور و عەباس میرزاش جێنشینی تەختی پاشایەتیی ئێران بوو... وەرگێڕ) لە ئاست ئەو کارەدا نییە و داوا لە دەرسەعادەت

دەکات جۆرێك گوشاری دیپلۆماسی بخاتە سەر ئێران بۆ ئەوەی شاندێکی نویێ و ئاستبەرز بنێردرێت بەمەبەستی بە ئەنجام گەیاندنی دانوستاندنەکان.

### دەستوەشاندنی چاوەڕوان نەکراوی میرەکانی هەکاری و جزیرە

لە کاتێکدا لە ئەرزەڕۆم حسابی ئەوە دەکرا چۆن بیێ دروستبوونی کێشە بەرخودانی مەحموود خان چارەسەر بکرێت، بە هۆی چەند پێشهاتێکەوە کە مووشیر عوسمان نووریش نەیتوانیبوو پێشبینییان بکات، دەوڵەتی عوسمانی لەناکاو چووە دۆخی سوودمەندانەوە، چونکە میرەکانی هەکاری کە بە "یاخیبوو" ناو دەبران و ترسی ئەوە هەبوو لە لێقەوماندا بە هانای مەحموود خانەوە بچن، لەگەڵ میرەکانی جزیرەدا یەکیان گرت و بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو هێرشیان کردە سەر مەحموود خان. نوورڵڵا بەگی هەکاری و سەیفەدین بەگی[188] ئامۆزا و جێنشینی میرئالای بەدرخان بەگی میری جزیرە ڕێك کەوتن و لە ئاڕاستەیەکی چاوەڕوان نەکراوەوە هێرشیان کردە سەر مەحموود خان. خان هەوڵی دەدا لەسەر هێڵێکی زراڤ هاوکێشەکان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا بپارێزێت، بەڵام میرەکانی هەکاری و جزیرە هەموو هاوکێشەکانی ئەویان ژێر و ژوور کرد. لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا کە میرەکانی هەکاری و جزیرە بە هۆی دوژمنایەتیی کۆنەوە کردیانە سەر مەحموود خان، خان ناچار بوو ڕێی ڕێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا هەڵبژرێت و عەبداڵ خانی برای بە چەندین نامەی پێشاندەری نیازی باشەوە ناردە کن عوسمان نووری پاشای مووشیری ئەرزەڕۆم.[189] خان لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٨٣٨دا عەبداڵ خانی برای لە ڕێی ئیسحاق پاشای قایمقامی وانەوە نارد بۆ لای عوسمان نووری پاشا و گوێڕایەڵی و پابەندبوونی خۆی بەیان کرد.[190]

ڕوونیش نییە بۆچی مەحموود خان لە ڕەوشێکی لەو جۆرەدا داوای هاوکاری لە ئێران نەکردووە. بەڵام وەك لە هەندێك لە نووسراوەکانی دواتردا

ڕوون دەبێتەوە، ددان بەوەدا نراوە کە لەو کاتەدا دڵڕەنجان لە نێوان لایەنی ئێرانی و مەحموود خاندا هەبووە. ئەگەری ئەوە هەیە مەحموود خان بیری کردبێتەوە لە دانوستاندنەکانی سنووردا کە لە ئەرزەڕۆم بەڕێوە دەبران، بەکار بهێندرێت، بۆیە مەیلی بەلای ئێراندا نەبووە و متمانەی بە ئێرانییەکان نەکردووە. بەو جۆرە دەوڵەتی عوسمانی لە سایەی میرە کوردەکانی هاوسێی مەحموود خانەوە ڕێی بە چۆکدا هێنانی خانی بۆ تەخت بوو. مەحموود خان بۆی دەرکەوت پێی ناکرێت لە هەمان کاتدا لە دژی هەموو لایەك شەڕ بکات، بۆیە ڕێی ڕێککەوتنی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا هەڵبژارد. پاش ئەوەی مەحموود خان بەدەست خرا، عوسمان نووری پاشا بێئومێدیی ڕۆژانی پێشووی خۆی و ڕەوشی پێشهاتووی چاوەڕواننەکراو بەم شێوەیە کورت دەکاتەوە:[١٩١]

"لەبەر ئەوەی ناوبانگ و باس و خواسی مەحموود خان و عەبداڵ خان لەم دەوروبەرە و لای ئێرانییەکان دەزانرا و گەیشتبووە کەشکەڵانی ئاسمان، هیچ کەسێك لە ئێرانییەکان و خەڵکی ئەم ناوە بە ئومێد نەبوو ئەم کارە بەو ئەندازەیە ئاسان سەربکەوێت."

عوسمان نووری پاشا ویستوویەتی سەرکەوتنی بەدەستهێنانی مەحموود خان و قەڵای خۆشاب کە خاوەن پێگەیەکی ستراتیجی بوو و دەست بەسەرداگرتنی زۆر دژوار بوو، وەسف بکات و زیاد لە قەوارەی خۆی گەورەی بکاتەوە. لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا دەنووسێت لە سایەی سوڵتاندا مەحموود خانی بەدەست هێناوە و خۆشابی قەڵای بەناوبانگی خان بەم شێوەیە وێنا دەکات:

"قەڵای خۆشاب بەسەر ڕەوەزێکی بەرزەوەیە و جگە لە هاوەن و گوشار ئامرازەکانی تری تێکدانی وەك تۆپ و تونێلی پیسایی کاری لێ ناکات. (هەڵکەندنی تونێل لە ژێر قەڵای لایەنی بەرانبەردا و پڕکردنی بە پیسایی و پاشەڕۆی مرۆڤ و ئاژەڵ یەکێك بووە لە تاکتیکەکانی شەڕی سوپای عوسمانی... وەرگێڕ) ئەگەر پێویست بێت یەك دوو هەزار توورەکە ئاقچە

خەرج بکرێت و بە پێنج شەش هەزار سەربازەوە بەتایبەت پەلاماری قەڵای ئاماژە بۆ کراو بدرێت، بە لەبەرچاوگرتنی ناوەوەی و شێوەی دەرەوەی دەکرێت پێشبینی بکرێت ئەگەر دووسەد پیاوی تێدا بێت، پێویستە لەبەر سەختی و دژواری بەلایەنی کەمەوە ماوەی شەش مانگ گەمارۆ بدرێت و ئەگەر بە هاوەن گوشاری بخرێتە سەر، ئەوسا لەوانەیە گرتنی مەیسەر بێت."

لە ڕاستیدا دوو هۆکاری گرنگ لە پشت بەشداربوونی نوورڵڵا بەگ و سەیفەدین بەگەوە لەو جموجوولەدا هەیە. یەکەم، وەك ئەوەی ئەمین پاشای موتەسەڕیفی مووشیش ئاماژەی بۆ کردووە، دوژمنایەتیی کۆنی نێوان میرەکان بوو، چونکە وەك پێشتریش باسمان کردبوو، میرنشینی مویکویس لە ساڵانی سەرەتای سەدەی نۆزدەدا لە نێوان میرنشینەکانی جزیرە و هەکاریدا دابەش کرابوو. دەڤەری مویکویس بە گشتی کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی میرەکانی هەکاری. میرەکانی مویکویس لە سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانوونی و ساڵانی دواتردا وەك ئەنجامی گوشارەکانی میرنشینی هەکاری و تا ڕادەیەکیش میرنشینی جزیرە ئۆتۆنۆمی/سەربەخۆییی خۆیان لە دەست دا. بەڵام لە دوایین چارەکی سەدەی هەژدەیەم و لە سەردەمی ئەیووبخان بەگی باپیری مەحموود خاندا لە یەك کاتدا دەست کرا بە تێکۆشان لە دژی ئەو دوو میرنشینە کوردییە و میرەکانی مویکویس بە تێپەڕبوونی کات دووبارە سەربەخۆییی خۆیان بەدەست هێنایەوە.

هۆکاری دووەمی تێوەگلان لەو ڕووداوە شەڕی دەسەڵات بوو لە ناو ماڵباتەکانی سەیفەدین بەگ و نوورڵڵا بەگدا. پاش ئەوەی محەمەد بەگی میری سۆران لە بەرانبەر عوسمانییەکان دۆڕا و دەڤەری جزیرە لە ژێر دەسەڵاتی ئەو دەرهێندرا، سەیفەدین بەگ لەو سەروبەندەدا بۆ بەغدا هەڵهات. بەدرخان بەگ ئەو هەلەی قۆستەوە و خۆی لە عوسانییەکان نزیك کردەوە، بوو بە میری جزیرە و بەو پلەی میرئالایەی کە وەری گرتبوو، دەسەڵاتی خۆی لە ناو بنەماڵەی خۆی و عەشیرەتەکانی دەڤەرەکەدا بەتەواوی پتەو کرد. سەیفەدین بەگ لە ڕووداوەکەی مەحموود خاندا ڕۆڵێکی

چالاکی گێڕا و ئـارەزووی ئـەوە بـوو لەسـەر ئاسـتی دەوڵـەتی عوسمـانی و میرنشینی جزیرە و هەکاری کە ئەم دەسەڵاتی خۆی تێدا لـە دەسـت دابـوو، خـۆی بگەیەنێتـە دۆخێکـی باشـتر و بـەو جـۆرە کـەمێك خـۆی لـە بەرانبـەر بەدرخان بەگ بەهێز بکات. بۆیە وەك دەبیندرێت ئەو هێرشـە کاتێـك ئـەنجام دراوە کە بەدرخان بەگ لە دەرەوەی جزیرە بووە.

نـوورڵڵا بـەگیش ئامـانجی لـە تێـوەگلان لـەو هێرشـە ئـەوە بـوو مـۆری "یاخیبوو" کە دەوڵـەت لێـی دابـوو، لـە خـۆی بکاتـەوە و لـە دەوڵـەت نزیـك ببێتـەوە و دەسـەڵاتی خـۆی لـە نـاو بنەماڵـەی خۆیـدا، بەتایبـەتی لـە دژی سلێمان بەگی ئامۆزای کە ئەگـەری ئـەوە هـەبوو ببێـت بـە ڕکابـەری، بـەهێز بکات و ئەوەشی بۆ چووە سەر. میرنـشینی هـەکاری لـە هـەبوونی مـەحموود خاندا وەك ڕابردوو بەهێز نەبوو و ئەوەش ڕاستییەکی بەرچاو بوو.

وەك دواتر لە وتەکانی ئەمین پاشای موشیـشدا بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە، مەحموود خان تێ گەیـشتووە لـەوەی کـە میرەکـانی جزیـرە و هـەکاری ئـەو پەلامارە ئەنجام دەدەن و بۆ ڕێگرتن لەو هەنگاوە عەبداڵ بەگی برای ناردووە بـۆ لای عوسمـــان نـــووری پاشـــا بەمەبەســـتی بـــەیانکردنی گوێڕایـــەڵی و پابەنـدبوون. تێـوەگلانی میرەکـانی هاوسـێ لـەو مەسـەلەیە بـوو بـە هـۆی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان عوسمان نووری پاشای مووشیری ئـەرزەڕۆم و حافز پاشای والیی سیواسدا، چونکە ئیسحاق پاشا و مـەحموود خـان، کـە بەمەبەستی سەلماندنی پابەندبوون، برای خۆی ڕەوانـەی ئـەرزەڕۆم کردبـوو، لـە ئـەرزەڕۆم سـکاڵایان لـە دەسـت میرەکـانی جزیـرە و هـەکاری کردبـوو. عوسمان نووری پاشا لە ڕاپۆرتێکدا[١٩٢] کە لە ١٨٣٨/٩/١٨ بۆ والیی سیواسـی نووسیوە، دەڵێت خەریکە مەسـەلەکە بـە شـێوەیەك چارەسـەر دەکرێـت کـە گـرفتی لـێ نەکەوێتـەوە و بـەم قـسانەی خـوارەوە هـەوڵ دەدات لـە کرۆکـی کارەکە بگات:

"لەبەر ئەوەی بەندە سەیفەدین بەگی جێنـشینی بـەدرخان بـەگی مـیری جزیـرە لەگـەڵ نـوورڵڵا بـەگی مـیری هەکاریـدا یـەکیان گـرت و بـە تاقمێـك

سەربازی کوردەوە قەزاکانی مکویس و وەستانی[193] ژێر دەسەڵاتی مەحموود خانی ناوبراویان داگیر کرد و مەیلی تازەکردنەوەی دوژمنایەتیی کۆنی نێوان خۆیان هەیە، لەلایەن ئیسحاق پاشاوە پیاو بۆ کن نوورللا بەگ و سەیفەدین بەگ بەڕێ کرا بۆ بۆ ئەوەی بزانرێت داخۆ لەلایەن ئێوەوە ئەرکیان پێ سپێردراوە، یاخۆ نا..."

عوسمان پاشا بەو هەڵوێستە چاوەڕوان نەکراوەی میرەکانی جزیرە و هەکاری نیگەران بووە و ترسی ئەوەی هەبووە نەخشەکەی خۆی سەبارەت بە مەحموود خان تێك بچێت. مووشیر پاشا خۆشحاڵ بوو لە پای ئەوەی کە خان گوێڕایەڵیی خۆی بۆی بەیان کردبوو و بیری لەوە دەکردەوە ئەگەر خان پابەند بە دەوڵەتەوە بمێنێتەوە، ئەوا لە کوردستان و لەسەر سنووری ئێران زۆر بەکەڵك دێت. عوسمان پاشا لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا بەم جۆرە دەنووسێت:

"ئەگەر لەم لاوە کەس خۆی لە مەحموود خان نەکات بە خاوەن، لەبەر ئەوەی شوێنە ناوبراوەکانی ئەو لەگەڵ ئێراندا هاوسنوورە، ئاشکرایە دەتوانێت دەست بکات بە داواکردنی هاوکاری لە ئێرانییەکان. هەرچەندە فەرمانبەرەکانی ئێران وا دێنە بەرچاو وەك ئەوەی لەم کاتەدا لە ناوبراو زویر بن، ئەگەر ڕەوشەکە بگۆڕێت، ئاشکرایە بەپێی هەڵوێستی ناڕوونیان بەردەوام بوێری خۆ لێ بە خاوەنکردن و لە ڕێ لادانیان تێدایە.

نوورللا بەگی میری هەکاری لە میرە یاخیبووەکانی هەکارییە و هەرچەندە لە دۆخی ئێستادا بە مەحموود خانی ناوبراوی وێراوە، بەڵام ''نابێت بە پێلاوی پێی ڕاست'' و هەر کاتێك لێی بقەومێت، بۆی هەیە دۆستایەتیی ئێرانییەکان بکات. بە هۆی ئەوەی مەسەلەی باسکراوی سنوور یەکلایی نەکراوەتەوە، بە خەیاڵی بەندەی بێجوورمتاندا هات ئەگەر لەم کاتەدا دەست بکرێت بە دەرزدادانی ئەوانە، دەبێت بە هۆی ڕوودانی قسە و قسەلۆك لەگەڵ ئێراندا."

عوسمان پاشا لە درێژەی ئەو ڕاپۆرتەدا پرسیار دەکات ئەگەر ئەو دوو میرە لە خۆیانەوە کارەکەیان کردبێت، هۆشیارکردنەوەی پێویست بۆ سەیفەدین بەگ لەلایەن کێوە دەدرێت؟ لەبەر ئەوەی میرنشینی جزیرە-بۆتان لە دەرەوەی دەسەڵاتی والیی ئەرزەڕۆم بوو، لەو ڕووەوە والیی سیواسی ئاگادار کردووەتەوە. وەك دەبیندرێت عوسمان پاشا متمانەی بە نوورڵڵا بەگی میری هەکاریش نەکردووە و بە پێویستی زانیوە دەوڵەت سەرباری هەموو شتێك خاوەنداری لە مەحموود خان بکات، ئەگەر نا، ناتوانێت خان لە دەستی خۆیدا ڕابگرێت و دوور نییە ڕوو لە ئێران بکات.

کاتێك عوسمان نووری پاشا دەزانێت حافز پاشا ئاگای لە مەسەلەکە هەیە، زیزبوونی خۆی لە ناوبراو ناشارێتەوە، بەڵام زانیوێتی سوود لە ڕەوشە تازەکەش وەربگرێت، چونکە مەحموود خان ڕازی بوو باج بە عوسمان پاشا بدات و تەنانەت سەربازیشی بۆ ناونووس بکات و ئەمەش وای کرد ناوبراو داخوازی تریشی ڕووبەڕوو بکاتەوە. عوسمان نووری پاشا داوای کرد یەکێك لە براکانی مەحموود خان وەك بارمتە بدرێت بە خۆی، یان لە وان بدرێت بە ئیسحاق پاشا و خوازیاریش بوو مەحموود خان بەڵێنەکانی بکات بە بەڵگەنامەیەکی مۆرکراو.[١٩٤]

**مەحموود خان لە وتەکانی ئەمین پاشای مووشیدا**

وەك پێشتر ئامازەمان بۆ کرد، فەرمانڕەوای وان ئیسحاق پاشا لە سەردەمی یاخیبوونی خۆیدا پەنای بۆ میری سەنجەقی مویکویس مەحموود خان برد و ئەمین پاشای مووشی، سەرەڕای داواکاریی مەحموود خان، هاوکاری یاخیبووەکانی نەکرد. بەڵام هێزی ئەوەشی نەبوو خۆی لە قەرەی مەحموود خان بدات. مەحموود خان بە تێپەڕبوونی کات سنووری دەسەڵاتی خۆی لە دەڤەرەکە فراوان دەکردەوە و بێگومان ئەمەش بەگەکانی مووشی نیگەران کرد و ڕێی خۆش کرد بۆ ئەوەی بەردەوام مەودایەك بخەنە نێوان خۆیان و مەحموود خانەوە.

موتەسەلیمی مووش ئەمین پاشا لەو سەروبەندەدا لە ئیستانبوڵ دەبێت و بیر لەوە دەکرێتەوە کە سەبارەت بە هێرشی میرەکانی جزیرە و هەکاری بۆ سەر مەحموود خان زانیاریی لا بێت، بۆیە لەو ڕووەوە داوای زانیاری لێ دەکرێت. ئەمین پاشا[195] دەبرێتە بابی عالی و لەوێ زانیاریی زۆر ورد لەسەر مەحموود خان دەدات. بەیاناتی ئەمین پاشا لە مێژووی ١٨٣٨/١٠/٢٣دا بەم جۆرەیە:[196]

"مەحموود خانی ناوبراو سی ساڵ، سی و پێنج ساڵە لەو دەڤەرە نیشتەجێیە. لە هەر گوندێك لە گوندەکانی ئەو ناوە لە سێسەد پارە زیاتر و هەموو داهاتەکانی دەڤەری ناوبراوی لە ماوەی باسکراودا وەك سەرچاوەی بژێوی خۆی داناوە، دیاریی بەنرخی بۆ مووشیرەکانی ئەرزەڕۆم ناردووە و داهاتی تری ساڵانەشی نزیکەی دەهەزار قروش بووە. پێشتر لە سەروبەندی داگیرکردن و تاڵانکردنی کلێساکانی ئاکدەمار و چارپاناکی هاوسنووری دەڤەری ئامازە بۆ کراودا بە بردنی سێ هەزار کیسە زیو و زێڕ و قاپ و قاچاخدا خۆی کرد بە خاوەن سامان و دەوڵەمەندی و بۆ کۆی دوو هەزار سەرباز بوو بە خاوەنی توانا و بەزەیی و دانایی. "

ئەمین پاشا ڕوونی دەکاتەوە مەحموود خانی خاوەن قەڵاگەلی سەخت و قایم سڵ لە قایمقامی وان و مووشیرەکانی ئەرزەڕۆم دەکاتەوە و ئەگەر لەلایەنێکەوە تەنگاو نەکرێت، لەوانە نییە گوێڕایەڵی دەوڵەت بێت. ئەمین پاشا بەردەوام دەبێت و دەنووسێت:

"تەنانەت ناردنی براکەشی بۆ ئەرزەڕۆم بۆ هەواڵ گەیاندن بوو سەبارەت بە هێرشی سەیفەدین بەگ و نوورڵڵا بەگی ناوبراو بۆ سەر ئەم و بۆ ئەوە بوو لە کاتی پێویستدا بیکات بە هۆکار بۆ داواکردنی کۆمەك."

ئەمین پاشا ڕوونی دەکاتەوە سەیفەدین بەگی ئامۆزای بەدرخان بەگ، کە پێشتر پلەی میرئالای پێ دراوە و نوورڵڵا بەگی میری هەکاری بە ڕێککەوتن دەستیان داوەتە ئەو کارە و لەو هەنگاوەشدا پشتیان بە حسابخوازیی دوژمنایەتیی کۆن بەستووە. ئەمین پاشا دەنووسێت:

"میری هـەکاری حسابی بەشێك لـە پێوەنـدارانی خـۆی بـۆ باوبـاپیرانی مەحموود خانی ناوبراو و ئەو دەکرد، بەڵام دواتر مەحموود خان بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەو دەوروبەرەی داگیر کرد و کەوتە شـوێن دۆزی سـەربەخۆیی. ئەم بزاوتەی میری هەکاری بە ئاراستەی تۆڵەکردنەوە بوو لەو هەنگاوە."

وەك دەبینـدرێت، دەتـوانین لـە میانـەی وتـەکانی ئـەمین پاشـای موتەسەڕیفی مووشەوە بگەین بـە زانیـاریی گـرنگ سـەبارەت بـە پەیوەنـدیی میرەکانی کورد لە نێـوان خۆیانـدا، هـەروەها سـەبارەت بـە هێرشـەکەیان بـۆ سـەر مـەحموود خـان. لـە کاتێکـدا مـەحموود خـان وەك کەسـێکی سـەر بـە میرنـشینی هـەکاری حـسابی بـۆ دەکـرا، هەوڵـەکانی بـۆ بەدەسـتهێنانی سەربەخۆیی و زۆر بەرفراوانکردنەوەی دەسەڵاتی لە دەڤەرەکە بۆ دەرەوەی سـنووری مویکـویس بـوو بـە هـۆی چـاندنی تـۆوی دوژمنایـەتی لـە نێـوان میرنشینەکانی هەکاری و مویکویسدا و دروستبوونی ڕق و قین لای میرەکـانی هەکاری.

خالێکی تریش کە ئەمین پاشا ئاماژەی بۆ کـردووە، مـەحموود خـان بـۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشی ئەو دوو میرە برای خۆی ناردووە بـۆ ئـەرزەڕۆم و هەوڵی داوە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا ڕێك بکەوێت. واتا پەلاماری میرەکانی جزیرە و هەکاری مەحموود خانی ناچـار کـرد خـۆی لـە دەوڵـەتی عوسمـانی نزیك بخاتەوە.

لە وردەکارییەکی تردا باس لـەوە دەکرێـت کـە مـەحموود خـان دەسـتی هەبووبێت لە داگیرکـردن و بـەتاڵانبردنی کلێـساکانی دوورگـەکانی ئاکدامار و چارپاناك کـە لـە ناوەنـدە ئاینییـە گـەورەکانی ئەرمـەنی بـوون. کلێـساکانی ئاکدامار و چارپاناکی ئەرمەنی لە سەر دوو دوورگەن بە هەمان ئەو ناوانـەوە. دوورگـەی ئاکـدامار دەکەوێتـە باشـووری دەریاچـەی وان و ٣ کیلۆمـەتر لـە پێدەشـتی ناوچـەی کاڤاشـەوە دوورە. دوورگـەی چـارپاناکیش دەکەوێتـە باکووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی وان و باکووری ناوەندی شاری وانەوە.

تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نییە سەبارەت بە هەبوونی کێشە لە نێوان مەحموود خان و ئەرمەنیەکاندا. بە پێچەوانەوە، وا دەزانرا پەیوەندییەکی باش لە نێوان مەحموود خان و ئەرمەنییەکاندا هەبووە. مویکویسی زێدی باپیرانی مەحموود خان و ناوچەکانی کاڤاش و وەستان کە دواتر خستنیە ژێر دەسەڵاتی خۆی، مەڵبەندی شانشینی کۆنی ڤاسپورکارانی ئەرمەنی و میرنشینەکانی سەر بەو شانشینە بوون و بەشی زۆری دانیشتووانیان ئەرمەنین. لەو دەڤەرە چەندین شوێنی ئاینیی ئەرمەنی هەیە و هەموویان دەکەونە دەرەوەی کاڤاش و سەر بە کلێسای دوورگەی ئاکدامارن. ئاران ئەفەندیی ئەرمەنی یەکێك بوو لە ڕاوێژکارانی مەحموود خان. وەقفی میر حەسەنێ وەلی کە بەدەست بنەماڵەی مەحموود خانەوەیە، لای کۆمەڵگەی ئەرمەنی جێگەی ڕێزێکی زۆرە.

وەکو تر دەست نەگەیشت بە هیچ زانیاری و بەڵگەنامەیەکی تر بۆ پشتڕاستکردنەوەی وتەکانی ئەمین پاشا لەو بارەیەوە.

## کۆتاییی بەرخودانی مەحموود خان
## لە ساڵی ١٨٣٨دا و فاکتەری حافز پاشا

لە ئەنجامی هێرشی میرەکانی جزیرە و هەکاری لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٨٣٨دا بۆ سەر مەحموود خان، خان چارەی نەما و لەسەر بانگهێشتی پێداگیرانەی عوسمان نووری پاشا و ئیسحاق پاشای قایمقامی وان بەمەبەستی چوون بۆ ئەرزەڕۆم چووە لای ئیسحاق پاشا و دەستەودامێنی بوو. ڕاپۆرتی مووشیری والیی سیواس حافز محەمەد پاشا کە دواتر لە ١٨٣٨/١١/٢١دا سەبارەت بە هێرشی میرەکانی جزیرە و هەکاری بۆ دەرسەعادەتی نووسیوە، مەسەلەکە بە تەواوی ڕوون دەکاتەوە.[١٩٧] بەو پێیە، حافز محەمەد پاشای والیی سیواس پەیوەندیی باشی لەگەڵ بەدرخان بەگی میرئالای جزیرەدا هەبووە و هێرشی میرەکانی جزیرە بۆ سەر مەحموود

خان به ئاگاداری و فـەرمانی حـافز پاشـا ئـەنجام دراوە. حـافز پاشـا ڕوونـی دەکاتەوە پێی گوتراوە هەندێك کێشەی کۆن لە نێوان میری پێشووی جزیـرە و بۆتان و سەیفەدین بەگ و مـەحموود خانـدا هـەبووە و هێزەکـانی سـەر بـە مەحموود خان زیانیان بـە هەنـدێك لـە ناوچـەکانی سـەر بـە جزیـرە و بۆتـان گەیاندووە و بەشێکیان لێ داگیر کردووە.[198] بۆ ئەوەی مەحموود خـان لـەوە زیاتر بەهێز نەبێت و پێشی لـێ بگیرێـت و بترسـێندرێت و کـارێکی وا بکرێـت دەسـت لـەو ناوچـانە هـەڵبگرێت، حـافز محەمـەد پاشـا خـۆی فـەرمانی بـە بـەدرخان بـەگی میرئـالآی جزیـرە داوە بـێ ئـەوەی گرفـت دروسـت ببێـت، مەسەلەکە چارەسەر بکات. فەرمانێکی تـری حـافز پاشـا بـۆ بـەدرخان بـەگ ئەوە بووە کە دوای چارەسەرکردنی کێشەی مـەحموود خـان، لـەو ناوچـەیە سەرباز بۆ دەوڵـەت کـۆ بکاتـەوە. دواتـر کاتێـك بـەدرخان بـەگ بەمەبەسـتی تاوتوێکردنی بابەتێکی تر لەگەڵ حافز پاشا ڕوو لە مەلاتیا دەکات[199]، هەواڵی پـێ دەگـات کـە سـەیفەدین بـەگی ئـامۆزای و نـوورڵلا بـەگی مـیری هـەکاری پێکـەوە پـەلاماری مـەحموود خانیـان داوە. حـافز محەمـەد پاشـا داوا لـە بەدرخان بەگ دەکات ئاگادار بێت و پێش ئـەوەی شـەڕەکە گـەورە بێتـەوە، کێشەکە چارەسەر بکات.

بەپێی ڕاپۆرتی ئامـاژە بـۆ کـراو، مووشـیری ئـەرزەڕۆم عوسمـان نـووری پاشـا کـە لـە دوایـین سـاتدا لـە پێـشهاتەکان ئاگـادار دەکرێتـەوە، ڕوونـی دەکاتەوە ئەو ناوچەیەی کە مەحموود خـان خـاوەنێتی، دەکەوێتـە سـنووری لێپرسـراوێتیی ئەمـەوە و لـە پـای ئـەوەی بـێ ئاگادارکردنـەوە دەسـتیان لـە ناوچەکانی ئەو وەرداوە، دڵتەنگی و زیزبـوونی خـۆی بـە مووشـیری سـیواس دەگەیەنێت. حافز محەمەد پاشا ددان بە مافداریی عوسمان پاشادا دەنێت و ڕوونی دەکاتەوە لەو سۆنگەیەوە نامەی بۆ میرئالآی بەدرخان بەگ نووسـیوە و داوای کردووە بـە تـەواوی دەسـت لـە مـەحموود خـان هـەڵبگرن، بـەڵام تـا نامەکـە گەیـشتووەتە ئـەوێ، میرەکـان پـەلاماری مـەحموود خانیـان داوە و تەنگیان پێ هەڵچنیوە. بەپێی هـەمان ڕاپـۆرت، مـەحموود خـان کەوتووەتـە

دۆخێکەوە هیچ چارەیەکی بۆ نەماوەتەوە و ڕێی لە یەکگەیشتنی گرتووەتە بەر لەگەڵ ئەو میرانەدا کە هێرشیان کردووەتە سەری و میرەکانی هەکاری و جزیرە ڕادەگەیەنن بە مەرجێك لە دەڤەرەکە دوور دەکەونەوە ئەگەر مەحموود خان بچێتە وان و دەستەودامێنی ئیسحاق پاشا بێت. حافز پاشا ئەوەشی بۆ ڕاپۆرتەکەی زیاد کردووە کە مەحموود خان ناچار ئەو داوایەی پەسەند کردووە، چووەتە وان و خۆی ڕادەستی ئیسحاق پاشای قایمقامی وان کردووە. حافز پاشا، هەروەها ڕوونی دەکاتەوە لە کاتێکدا پێویست بە هەوڵێکی زۆر هەبوو بۆ لە ناوبردنی کێشەی مەحموود خان، بەو شێوەیە بەئاسانی چارەسەر کرا.

مەحموود خان لەسەر بانگهێشتی ئیسحاق پاشا چووە شوێنێکی نیو سەعاتەڕێ دوور لە وان کە بە باخی وان[200] ناو دەبرا و لەوێ خۆی بەدەستەوە دا.[201]

مرۆڤ ڕووبەڕووی دەیان ڕاپۆرت و نووسراو دەبێتەوە سەبارەت بە ڕەوانەکردنی مەحموود خان بۆ ئەرزەڕۆم و دەستگیرکردنی. وەك لەم ڕاپۆرتەی خوارەوەدا ڕوون دەبێتەوە، مەحموود خان ڕۆژی ٤ تشرینی دووەمی ١٨٣٨ گەیشتووەتە ئەرزەڕۆم.[202] کاتێك مەحموود خان گەیشتە ئەرزەڕۆم، خۆی و براکانی، عەبداڵ خان و سەیفەدین بەگ، لەلایەن مووشیر عوسمان نووری پاشاوە دەستگیر کران و لە قەڵای ئەرزەڕۆم خرانە زیندانەوە.[203]

خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە مەحموود خان لە وان دەستگیر نەکراوە، بگرە دوای گەیشتنی بە ئەرزەڕۆم بڕیاری دەستگیرکردنی دراوە. پاش گەیشتنی هەواڵی زیندانیکردنی مەحموود خان لە ئەرزەڕۆم، براکانی تری خۆیان لە قەڵای خۆشاب و قەڵا و پایگاکانی تر قایم کرد. ئەمەی خوارەوە چەند بەشێکە لە ڕاپۆرتێك کە مۆری عوسمان نووری پاشا و مێژووی ١٨٣٨/١١/٩ی بەسەرەوەیە و تایبەتە بەو بابەتە:[204]

"پێشتر لەلایەن ئەفەندیی خاوەن سەعادەتی کەدخودای دەرگامەوە بۆ خزمەتی بەڕێزتان نووسرابوو مەحموود خان کە لە ''ئومەرای عەشایر''ە[٢٠٥] و ماوەی بیست ساڵ لە دەوروبەری وان لەسەر زیادەڕۆیی و خراپەکاری ڕاهاتبوو، چۆن خۆی و عەبداڵ خانی برای و میر شەرەف مامی و کەسێکی کەدخودای بەناوی تەرلان لە ڕووی شوێن و زەمانەوە بەئاسانی بەدەست خران.

ناوبراوان مەحموود خان و براکانی، عەبداڵ خان و سەیفەدین خانیش[٢٠٦]، لە مێژوویەکی دواتردا دەستگیر کران. بەو پێیە، قایمقامی ئالای سوارەی تیمارلیی عەسکەری مەنسوورە و بەندەی خۆتان سەلیم بەگی خاوەن عیزەت کە لەم ناوە بوو، بەمەبەستی هێنانی ناوبراوان بۆ ئەرزەڕۆم بە دوو دەستە سەربازەوە ڕەوانەی وان کرا و ناوبراوانی خستە پاڵ خۆی و لە ڕۆژی یەکشەمەی شازدەی ئەم مانگەدا گەیشتنە ئەرزەڕۆم. ناوبراوان لە شوێنێکی پارێزراو دانران و قەرەقۆڵی گونجاو بەسەریانەوە دانرا و فەرمانی پاراستنیان بەردەوام لە کاردایە. بەڵام برا بچووکەکانی تری ناوبراوان مەحموود خان و عەبداڵ خان بە ناوەکانی عەبدولڕەزاق و مەحموودی خۆیان لە قەڵای بەناوی خۆشاب و دوو برای تریشیان خۆیان لە پایگاکانی تر قایم کردووە."

عوسمان نووری پاشا لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا ڕوونی دەکاتەوە کە ڕەوانەکردنی مەحموود خان بۆ دەرسەعادەت شتێکی گونجاو نابێت لە کاتێکدا عەبدولڕەزاق بەگی برای و براکانی تری خۆیان لە قەڵاکان قایم کردووە. عوسمان پاشا بۆ خۆبەدەستەوەدانی عەبدولڕەزاق بەگ داوای هاوکاری لە مەحموود خان کرد و لە بەدەستهێنانی هاوکاریشدا سەرکەوت. مەحموود خان بیری لەوە دەکردەوە براکانی لە بەرانبەر دەوڵەتی عوسمانی و میرە دوژمنەکانی هاوسێ خۆیان پێ ڕاناگیرێت، بۆیە بە ڕەزامەندیی عوسمان پاشا تەرلان ئاغای کەدخودای خۆی بە نامەوە نارد بۆ لای عەبدولڕەزاق بەگ لە قەڵای خۆشاب و داوای لێ کرد خۆی بەدەستەوە بدات. بینباشیی ئالای عەسکەری مەنسوورە عەبدولڕەحمان بەگ لەو گەشتەدا

هاوڕێی تەرلان ئاغا بوو. عوسمان پاشا لەبەر ئەوەی بەڵێنی بە مەحموود خان دابوو، فەرمانی بە قایمقامی وان دا زیان بە گیان وماڵی پاشماوەی خەڵکەکە نەگەیەندرێت.

وەك دەردەکەوێت، عوسمان پاشا لە سەرێکەوە هەوڵی داوە بە ناوبژیوانیی مەحموود خان کێشەکە چارەسەر بکات و لە سەرێکی تریشەوە وەك خۆ ئامادەکردن بۆ هەر ئەگەرێك دەستی کردووە بە خۆسازدان بۆ بزاوتی سەربازی. عوسمان نووری پاشا فەرمانی پێویستی بۆ ئیسحاق پاشای قایمقامی وان نارد تا تۆپ و کەرەستەی تری شەڕ ئامادە بکات بۆ ئەگەری هێرشکردن بەمەبەستی دەستگیرکردنی عەبدولڕەزاق خان و ئەدهەم خانی[٢٠٧] برایانی مەحموود خان و نزیکەی پێنجسەد پیاوی تر کە خۆیان لە قەڵای خۆشاب و قەڵاکانی تر قایم کردبوو.[٢٠٨] میرئالای غالیب بەگیش بۆ ئەو کارە ڕەوانەی لای ئیسحاق پاشا کرا. پاشا بە یەکینە ڕێکخراوەکانی سوپا، ئەوانەی لە وان جێگیر کرابوون، دای بەسەر قەڵاکاندا و لە ئاکامدا و بێ ئەوەی پێکادانی مایەی باسکردن ڕوو بدات، ئەوانەی خۆیان لە قەڵاکان قایم کردبوو، خۆیان بەدەستەوە دا. ئەرکی ناردنی عەبدولڕەزاق بەگ و یاوەرانی بۆ ئەرزەڕۆم بە مستەفا ئاغای بینباشیی تابووری سێیەمی عەسکەری مەنسوورەی ژێر فەرماندەیی میرئالای غالیب بەگ سپێردرا. تەیفوور بەگی کوڕی ئیسحاق پاشاش کە یەکێك بوو لە بینباشییەکانی عەسکەری مەنسوورە، لەو کارەدا ئەرکی پێ سپێردرا.

هەرچەندە عوسمان پاشا فەرمانی بە قایمقامی وان دابوو گیان و ماڵی پاشماوەی خەڵکەکە بپارێزێت، بەڵام ئەو دەستی سەربازەکانی بۆ تاڵانکردنی ماڵ و سامانی خەڵك واڵا کرد.[٢٠٩] ئیسحاق پاشا لە ڕاپۆرتێکدا دەنووسێت ئەو کارە لەلایەن سەربازە کوردەکانی باشبوزوقەوە (سەربازی مووچەوەرگر... وەرگێڕ) ئەنجام دراوە.[٢١٠] ئەم بەشەی خوارەوە لە ڕاپۆرتی عوسمان پاشا سەرەداوی گرنگ سەبارەت بە بەیاناتی سامانی مەحموود خان و براکانی دەخاتە ڕوو:[٢١١]

"...ڕوونیـان کـردەوە لەبـەر ئـەوەی لەگـەڵ پاشـاکانی مـووش و وان و میرەکـانی هـەکاری و سـەر سـنوورەکانی ئێرانـی هاوسـێیاندا دوژمنایـەتییان هـەبووە، پێویـستیان بـە ڕاگـرتنی دوو سـێ هـەزار سـەرباز هـەبووە و ئـەو ئاقچانەی کە ساڵانە لە دانیشتووانی دەڤەری خۆیان وەریان گرتووە، داویانـە بە سەربازەکان. گوایە نەقدیان نییە و مەحموود خـان لـە چـوار هـەزار زێـڕی بیستی زیاتر کە بۆ گەشتی حەجی شەریف دایناوە، هیچ نەقدێکی تـری نییـە و عەبدال خانیش زیاد لـە حـەفتا هەشـتا هـەزار قـروش قـەرزی ئـەم و ئـەوی لایە."

وەك دەبیندرێت، مەحموود خان لەبەر ئەوەی بەردەوام لەگەڵ پاشاکانی عوسمـانی و میرەکـانی هـەکاری و جزیـرەدا لـە دۆخـی دوژمنداریـدا بـووە و هەمیشە لەگەڵ لایەنی ئێرانیدا لە دۆخی پێکاداندا بووە، هـەموو کاتێـك ٢-٣ هەزار سەربازی نیزامیـی دامەزرانـدووە و بەشـی زۆری داهـاتی سـاڵانەی لـەو ڕێیەدا خەرج کردووە. لە وتەکانی ئەمین پاشای موتەسەڕیفی مووشیشدا کـە پێـشتر ئاماژەمـان بۆیـان کردبـوو، بـاس لـەوە کـراوە کـە مـەحموود خـان بەردەوام سەربازی نیزامیی هەبووە.

### خەڵاتکردنی فەرمانڕەوای وان حافز پاشا و میرە ڕەنج بەکاربردووەکان

لەبەر ئەوەی قایمقامی وان ئیسحاق پاشا و پیاوەکانی ڕۆڵێکـی گرنگیـان هـەبوو لـە کۆتـایی پێهێنـانی بـەرخودانی مـەحموود خـان لەسـەر دەسـتی والییەکانی سیواس و ئەرزەڕۆم، ژمارەیـەکی زۆر نووسـراو بـۆ دەرسـەعادەت نێـردراوە تـا لـە پـای ئـەو خزمەتـەیان نیـشان و پلـەیان پـێ بـدرێت. وەك دەبیندرێت، ئیسحاق پاشا کـە پـێش چـەندین سـاڵ یـاخی بـوو و پـەنای بـۆ مەحموود خان برد، دوای چـەندین سـاڵ لـە پـای ئـەوەی لـە سـەرکوتکردنی مەحموود خاندا سوودی گەیاندووە، خەڵات کراوە.

لە ڕاپۆرتێکی عوسمان پاشـادا کـە لـە ١٨٣٩/٢/١٠دا بـۆ دەرسـەعادەتی نووسیوە[٢١٢]، پێشنیاز دەکات لە پای هـەوڵی زۆری بـۆ لـە نـاوبردنی کێـشەی مەحموود خان و گرتنی قەڵای خۆشاب خەڵاتێك بـدرێت بـە ئیـسحاق پاشـا و

پلەی ''سەرگەورەی دەرگاوانی دەرگاهی عالی''یش بدرێت بە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی عەلی ئاغا کە هەرچەندە پەیوەندیی بەو مەسەلەیەشەوە نەبووە، بەڵام لە ماوەی مانەوەیدا لە وان وەك پێویست تێکۆشاوە. بەتەنیا ئیسحاق پاشا و فەرمانبەرەکانی نەبوون کە عوسمان پاشا داوای کردووە بە ڕێز لێنان و خەڵاتی جۆراوجۆر خەڵات بکرێن.

عوسمان نووری پاشا ویستوویەتی سەیفەدین بەگیش کە لە دامرکاندنەوەی ئەو بەرخودانەدا ڕۆڵی هەبووە، خەڵات بکرێت. ناوبراو لە نووسراوی ١٨٣٨/١١/٢١دا بۆ دەرسەعادەت[٢١٣]، ڕوونی دەکاتەوە سەیفەدین بەگ، کە لە میرەکانی جزیرەیە، پێشتر لە سەردەمی ڕەشید پاشای کۆچکردوودا بۆ بەغدا هەڵهاتووە، دواتر بەدەست هێندراوەتەوە و لە ماڵی خۆی لە جزیرە نیشتەجێ کراوە و لەسەر دوعاکردن بۆ سوڵتان بەردەوام بووە. عوسمان پاشا لەو ڕاپۆرتەدا داوا دەکات سەیفەدین بەگ لە پای هەوڵ و تێکۆشانی لە مەسەلەی مەحموود خاندا و لەبەر ئەوەی لەمەودواش ڕاستگۆیانە خزمەتی دەوڵەت دەکات، بە بەخشینی پلەی "سەرگەورەی دەرگاوانی دەرگاهی عالی" خەڵات بکرێت.

والی سیواسیش داخوازی لەو شێوەیەی سەبارەت بە سەیفەدین بەگ دەربڕیوە.[٢١٤] مووشیرەکانی ئەرزەڕۆم و سیواس چەندین جار پێشنیازیان بۆ دەرسەعادەت کردووە شان بەشانی سەیفەدین بەگ، پێویستە نوورڵڵا بەگی میری هەکاریش لە پای خزمەتەکانی خەڵات بکرێت.[٢١٥]

### یەکەم دوورخستنەوەی مەحموود خان و براکانی

لێپرسراوانی عوسمانی لەمەڕ بابەتی ئەو شوێنەی کە دەیانویست مەحموود خانی بۆ دوور بخەنەوە، بێ بڕیار بوون. گرنگترین هۆکاری ئەمەش، وەك ئەوەی لە نامەگۆڕینەوەکانی دواتردا زۆر جاران باس کراوە، دەسەڵاتی مەحموود خان لە هەرێمی کوردستان (کوردستانی عوسمانی... وەرگێڕ) و توانای ئەو بووە بۆ کۆنترۆڵکردنی سنووری ئێران. لێپرسراوانی

عوسمانی ددانیان پێدا ناوە ئەگەر بتوانرێت مەحموود خان بەلای دەوڵەتدا ڕابکێشرێت، ئەوا بۆی هەیە ببێت بە هۆکاری جێگیرکردنی هەبوونی دەوڵەت لە کوردستان، بەتایبەتیش لە ناوچەکانی سەر سنووری ئێران. لێپرسراوانی عوسمانی لە باشوور بە هەبوونی بەدرخان بەگ گەشەیان بە دەسەڵاتی دەوڵەت دابوو. بیریان لەوە دەکردەوە لە باکووریش دەتوانن لەگەڵ مەحموود خاندا لە هەمان شتدا سەرکەوتوو بن.

مووشیری ئەرزەڕۆم عوسمان پاشا دۆخەکە دەخاتە بەردەستی حافز عەلی پاشای مووشیری سیواس و ڕوونی دەکاتەوە بەپێی ئەو بۆچوونەی کە لەوەوە پێی دەگات، هەڵسوکەوت دەکات.[٢١٦] دەرسەعادەتیش بڕیاری کۆتایی بۆ والیی سیواس هێشتووەتەوە.[٢١٧] حافز محەمەد پاشا ڕوونی دەکاتەوە شتێکی گونجاو دەبێت ئەگەر مەحموود خان و نزیکەکانی ڕەوانەی ئیستانبوڵ بکرێن و تا خۆ چاك کردن''ئیسلاحی نەفس'' لەوێ بهێڵدرێنەوە.[٢١٨]

عوسمان نووری پاشا لە نامەیەکدا بۆ دەرسەعادەت کە مێژووی ٢٥/Za/١٢٥٤ (١٨٣٩/٢/١٠)ی بەسەرەوەیە[٢١٩]، ڕوونی دەکاتەوە پاش دەرچوونی بڕیاری ڕەوانەکردن بۆ ئیستانبوڵ مەحموود خان لای ئەم تکای کردووە، پەشیمانی دەربڕیوە، داوای کردووە دوو برایان لە ئیستانبوڵ ڕانەگیرێن بۆ ئەوەی بنەماڵە و خزمەکانیان پەرێشان نەبن و بگەڕێندرێنەوە و لەگەڵ بنەماڵە و لایەنگرانیاندا لە شوێنێکی بە گونجاو زانراو نیشتەجێ بکرێن. مەحموود خان و براکانی خرانە ڕێ بەرەو ئیستانبوڵ و عوسمان پاشاش بەڵێنی پێیان دا ئەو داخوازەیان بگەیەنێت بە دەرسەعادەت. عوسمان پاشا لە ڕاپۆرتێکدا کە لەو بارەیەوە بۆ دەرسەعادەتی نووسیوە، وا دەڵێت:

"لە ڕاستیدا ئەمانە بنەماڵەیەکی گەورەن، وەك خاوەن کوڕ و خزم و ئاشنا لە ناو عەشیرەتەکاندا و لەسەر ئاستی ئێران بە جوامێری و بوێری ناسراون و ناوبانگیان لای هەمووان ئاشکرایە و لە کوردستان خاوەن توانای

جێبەجێکردنی هەڕەشەکانیان. سەنجەقی بایەزید کە یەکێکە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی من، ناوچەکی وێرانە. ئاشکرایە دەتوانن سەد دووسەد بنەماڵەی خزم و نزیکانی خۆیان کە بە خزمەتکار ناویان دەبن و زۆر بنەماڵەی تریش بەکێش بکەن. بەتایبەتی دوورخستنەوەی خێزان و خزمەکانی ئەمان لای وان کارێکی پێویست و بەسوود دەبێت. هەرچەندە ناوبراو مەحموود خان لە ناو ئەواندا بە چەتەگەری ناوبانگی پەیدا کردووە، بەپێی لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو و هەواڵە گەیشتووەکان دەرکەوتووە کە عەبدال خان بە شێوەیەکی گشتی لە ڕابەرایەتیکردندا لە پێشترە. بەپشتبەستن بەمە، بۆ نموونە دەتوانرێت عەبدال خان و عەبدولڕەزاق لە دەرسەعادەت ڕابگیرێن و مەحموود خان و میر سەیفەدین بۆ ئەم ناوە بەڕێ بکرێنەوە. لەم ڕەوشەدا، بیرمان لەوە کردووەتەوە پاش ئەوەی گشت خێزان و خزمەکانیان لای وانەوە بۆ ئەم ناوە دەهێنن، حەرەمی مەحموود خان و کوڕەکانی و میر سەیفەدین وەك بارمتە لە ئەرزەڕۆم ڕادەگرین و ناوبراو مەحموود خان و هەموو خزمەکانی و پیاوان و خزمەتکارانی لە شوێنێکی سەنجەقی بایەزید نیشتەجێ دەکەین. لەم بابەتەدا لەسەر تکای ناوبراوان لەم لایەنەوە بەڵێنیان پێ درا کە داخوازەکانیان بۆ دەرسەعادەت دەنووسرێت."

وەك دەبیندرێت، عوسمان نووری پاشا داوای کردووە دووان لە براکان لە ئیستانبوڵ ڕابگیرێن، برایەك و خێزانی مەحموود خانیش وەك بارمتە لە ئەرزەڕۆم ڕابگیرێن و مەحموود خانی خاوەن ناوبانگ لە کوردستان لە دەوروبەری بایەزید بکات بە سپەر لە دژی ئێران. ئەگەری ئەوە هەیە مەحموود خان بەڵێنی پێ دابێت پابەند بە دەوڵەتەوە بمێنێتەوە. عوسمان نووری پاشا بە پێویستی زانیوە ئەوەش بۆ ڕاپۆرتەکەی زیاد بکات کە لە پای گەیاندنی ئەو داخوازەی مەحموود خان بە دەرسەعادەت بەرتیلی لە ناوبراو وەرنەگرتووە.

خاڵێکی شاردراوەی نێوان دێڕەکانی ئەو ڕاپۆرتە قسەکانی عوسمان نووری پاشایە سەبارەت بە عەبدالّ خان. بە بۆچوونی وی، هەرچەندە مەحموود خان ناوبانگی دەرکردووە، بەپێی لێکۆڵینەوەکان عەبدالّ خان لە ڕاپەڕایەتیکردندا باڵادەستیی بەسەر براکانی تریدا بەدەست هێناوە. لەبەر ئەوەی پەیوەندیی مەحموود خان و عەبدالّ خان نموونەیە بۆ چەندین بنەماڵەی میر، بابەتێکە پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە. فیدراسیۆنی برایان کە لەلایەن مەحموود خانەوە هاتە دامەزراندن، ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لەوەی کە میرە کوردەکانی مویکویس لە ماوەیەکی کورتدا ببن بە خاوەن بڕیار لە کوردستان و گەیشتنە ئاستێك لە بەرانبەر دەوڵەتی عوسمانی ڕابوەستن. عەبدالّ خان و عەبدولڕەزاق بەگ ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە بزووتنەوەکەی مەحموود خانی براياندا. بەتایبەتی عەبدالّ خان دوای گرتنی قەڵای خۆشاب بە شێوەیەکی بەردەوام لەوێ دانیشت و لە دوای مەحموود خان گرنگترین کەسایەتیی ناو بزووتنەوەکە بوو. ئەم ڕەوشەش وای کردووە جاروبار گرژی لە نێوانیاندا دروست ببێت. وەك ئەوەی لە بەشەکانی داهاتوودا دەیبینین، عوسمانییەکان هەستیان بە هێزی عەبدالّ خان کردووە و دووبەرەکییان خستووەتە نێوان جووتە براوە و لە سەرکوتکردنی بەرخودانی ساڵی ١٨٤٧دا تا ڕادەیەکی زۆر سوودیان لەو دووبەرەکییە وەرگرتووە.

مەحموود خان و براکانی، عەبدالّ خان، عەبدولڕەزاق بەگ و سەیفەدین بەگ بە یاوەریی خورشید ئەفەندی برانە ئیستانبوڵ و لە چاوەڕوانیی یەکلاییکردنەوەی کارەکانیاندا لە کۆشکی خورشید ئەفەندی نیشتەجێ کران.[220] خورشید ئەفەندی کەدخودای عوسمان نووری پاشا و کارمەندی "هاجەگانی دیوانی هەمایۆن" بوو. وا دەردەکەوێت مەحموود خان و براکانی لە مانگی ئاداری ساڵی ١٨٣٩دا گەیشتبنە ئیستانبوڵ.

لەو زانیارییانەدا کە خورشید ئەفەندی گەیاندوونی، هاوتەریب لەگەڵ ڕاپۆرتەکانی پێشووتری عوسمان نووری پاشادا ئاماژە دەکات بۆ

بەدەستهێنانی مەحموود خان و براکانی سەرباری هەموو دژوارییەکان و ڕوونی دەکاتەوە مەحموود خان و براکانی هەرچەندە زۆریش متمانەیان پێ ناکرێت، بەڵام لەو دۆخەدا دەتوانن خزمەتی دەوڵەت بکەن. خورشید ئەفەندی داخوازیی عوسمان نووری پاشای سەبارەت بە نیشتەجێکردنی دووان لە براکانی لە بایەزید دووبارە کردووەتەوە.[٢٢١]

بە بڕیاری "مەجلیسی مووشیران" لە ٢٢ موحەڕەمی ١٢٥٥ (١٨٣٩/٤/٧)[٢٢٢]، تکای عوسمان نووری پاشا سەبارەت بە خەڵاتکردنی ئیسحاق پاشای قایمقامی وان، عەلی ئاغای بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی، خورشید ئەفەندی و نوورڵڵا بەگی میری هەکاری لە پای بەشداربوونیان لە چارەسەرکردنی مەحموود خانی کورد پەسەند کرا.

داخوازەکەی عوسمان پاشاش سەبارەت بە مەحموود خان بە گونجاو زانراوە، بەڵام ڕوون کراوەتەوە بە پێویست نازانرێت دووان لە براکان لە ئیستانبوڵ ڕابگیرێن.

بەپێی نامەگۆڕینەوەکان لەگەڵ عوسمان پاشادا بڕیار دراوە ئەگەر هەر پێویست بێت بۆ ئەرزەڕۆم ڕەوانە نەکرێن، ئەوا پێویستە لە ئەدرنە نیشتەجێ بکرێن. بەو پێیە وا بڕیار درا ئەگەر عەبداڵ خان و سەیفەدین بەگ لە ئەدرنە نیشتەجێ بکرێن، ئەوا والییەکانی هەرێمەکە بە لێهاتوویی خۆیان داهاتی موڵکەکانیان بۆ دەنێرن. هەروەها بۆ ئەوەی جووتە برا لە ئەدرنە وەك تەلیبەگزادە ڕەجەب بەگی پێشتر لە ئەدرنە نیشتەجێکراو پەرێشان نەبن، لە تۆماردا ئاماژە کراوە بۆ نووسینی نامەی پێویست بۆ والیی ئەدرنە.

## ئەنجام

لە ئەنجامی شـەڕەکانی مـاوەی نێـوان ١٨٣٤-١٨٣٩ی نێـوان دەوڵـەتی عوسمانی و کورددا سوپای دەوڵـەتی عوسمـانی چـووە دەڤـەری وەهـاوە لـە نیشتمانی کوردان کە سەدان ساڵ بوو هیچ سوپایەك خـۆی پێدا نـەکردبوو و هەرێمەکە بوو بە شانۆی ڕووداوگەلی خوێناوی. میرەکانی جزیـرە کـە لەگـەڵ لە ئارادا نەهێشتنی میر محەمەدی میری سۆراندا چـوونە ڕیزەکـانی دەوڵـەتی عوسمانییەوە، دەسەڵاتی زۆریان بەدەست هێنا و هێزە باوەکانی کوردسـتان بـە بەدەسـتهێنانی پـشتیووانیی دەوڵـەتی عوسمـانی بـوون بـە خـاوەن دەسەڵاتێکی گرنگ. وەك ئەوەی لە بەشی داهاتوودا بە دوور و درێژی ڕوونـی دەکەینەوە، سوپاکانی عوسمـانی بـە فەرمانـدەیی حـافز محەمـەد پاشـا لـە تەمووزی ساڵی ١٨٣٩ و لە شەڕی نیزیپدا بـە سـەختی لـە بەرانبـەر ئیـبراهیم پاشـای کـوڕی محەمـەد عـەلی پاشـای میـسر دۆڕان و ئـەو شـەڕە بـوو بـە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندیی نێـوان دەوڵـەتی عوسمـانی و کـورد. ئەو دۆڕانە هێزی سەربازیی دەوڵەتی عوسمـانی لـە نیـشتمانی کوردسـتان تـا ڕادەیەك تێکشکاند و بوو بـە هـۆی خۆڕێکخـستنەوەیەکی نـوێی نێـوان مـیرە کوردەکان. ڕاگەیانـدنی تـەنزیماتیش پێـشهاتێکی تـری کاریگـەر بـوو لەسـەر پەیوەندیی نێـوان کـورد و دەوڵـەتی عوسمـانی. لـە ئـەنجامی قۆناغێکدا کـە لەگەڵ شەڕی نیزیپدا دەستی پێکرد و ئینگلیزەکـان بـە شـێوەیەکی تایبـەت ڕۆڵێکـی چـالاکیان تێـدا گێـڕا، تـەنزیمات ڕاگەیەنـدرا و بـە دوای ئەوەشـدا عوسمانییەکان بەپێی پەیماننامەی لەندەن حکوومـەتی ئۆتۆنـۆمیی محەمـەد عـەلی پاشـایان پەسـەند کـرد و بـەوەش کێـشەی میـسر کۆتـایی پـێ هـات. ڕاگەیاندنی فەرمانی تەنزیمات بوو بـە سـەرەتایەکی نـوێی پەیوەنـدیی نێـوان دەوڵـەتی عوسمـانی و کـوردیش، چـونکە ئـەو سـەردەمەی کـە هاوکێـشەی کلاسیکیی عوسمانی و کورد و ئێرانی لەسەر بنیات نرابوو، بەسەرچوو و ئـەو نوێکارییانەی کە فەرمانی تەنزیمان سەبارەت بە ناموسـڵمانان لەگـەڵ خۆیـدا

هێنـابووی، ئـەورووپای کرسـتیانییان کـرد بـە لایـەنێکی یەکلاکـەرەوە لـە پەیوەندیی عوسمانی و کورددا. قۆناغی دوای تەنزیماتیش لە کوردستانی ئەو سەردەمەدا بوو بە سـەردەمی گەیشتنی شـەڕەکانی کـورد و ناموسـڵمان بـە بەرزترین ئاست.

کاتێکیش باس دێتەوە سەر مەحموود خانی بـۆ ئیـستانبوڵ دوورخـراوە، ئەو مەحموود خانەی سەردەمانێکی درێـژ دەوڵـەتی عوسمـانیی بـە خۆیـەوە سەرقاڵ کرد، لەو قۆناغە نوێیەدا لە گەڕانـەوەدا بـۆ کوردسـتان سـەرکەوتنی بەدەست هێنا. لەگەڵ ئەوەشدا کە بەتـەواوی نازانرێـت مـاوەی مانـەوەی لـە ئیستانبوڵ چەند بووە، زانراوە لەلایەن سوڵتانەوە لێبووردنیان بۆ دەرچـووە و توانیویانـە پـێش شـەڕی نیزیـپ بگەڕێنـەوە بـۆ ناوچـەکانی خۆیـان. هـیچ زانیارییـەکیش لەبـەر دەسـتدا نییـە سـەبارەت بـە دوورخـستنەوە، یـان نەخستنەوەی براکـانی مـەحموود خـان لـە ئیـستانبوڵەوە بـۆ ئەدرنـە، یـاخۆ سەبارەت بە بارمتە گرتن، یان نەگرتنی سەیفەدین بەگی برای لـە ئـەرزەڕۆم. هەروەها دەست بە هیچ زانیارییەکیش نەگەیشتووە سەبارەت بـە سـەیفەدین بـەگ لـە قۆنـاغی دواتـردا. لەگـەڵ هاتنـە بـەرەوەی سـاڵی ١٨٤١دا دەبیـنین مـەحموود خـان و براکـانی کـە لـە دەڤـەری وان بـوون، دەسـت دەدەنـە بزووتنەوەیەکی تری بەرخودان.

# بەشی ٤

## پەیوەندیی عوسمانی و کورد لە قۆناغی ١٨٣٩-١٨٤٢دا

## فەرمانی ''تەنزیمات'' و کاریگەرییەکانی لە کوردستان

پێش ئەوەی بچینە سەر باسی پەیوەندیی عوسمانی و کورد لە قۆناغی نوێدا، پێویستە ئاماژە بکەین بۆ "فەرمانی تەنزیمات" کە تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەریی بەسەر سیاسەت و هەڵوێستی هەردوولاوە هەبوو و پێویستە لە ئاست قۆناغی دووەمی یاخیبوونی میسردا کە یەکێك بوو لە گرنگترین هۆکارە بەرجەستەکانی پاڵپێوەنەری دەوڵەتی عوسمانی بەرەو ڕاگەیاندنی تەنزیمات، هەڵوێستە بکەین. ڕێککەوتننامەی کوتاهیا کە ساڵی ١٨٣٣ لە نێوان محەمەد عەلی پاشا و عوسمانییەکاندا واژۆ کرا، دەسەڵاتی عوسمانی پێی پەسەند نەکرا و لایەنی میسریش بەمەی دەزانی. لەو ماوەیەدا چەند هەنگاوێکی نوێبوونەوە لە سوپای عوسمانیدا ئەنجام درا، مارشاڵی پروسیایی هێلموت فۆن مۆلتکە بۆ ئیستانبوڵ بانگ کرا و لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی ئەودا چەند ڕێکخستەوەیەك ئەنجام درا. سوڵتان مەحمودی دووەم بەمەبەستی سڕینەوەی شوێنەواری دۆڕانەکەی ساڵی ١٨٣٣، لە بەهاری ساڵی ١٨٣٩دا ڕووی سوپاکانی لە نیزیپ کرد. لە شەڕەکانی دژ بە سوپای میسردا بە فەرماندەیی ئیبراهیم پاشا کە لە مانگی حوزەیرانی ١٨٣٩دا ڕوویان دا، سوپاکانی عوسمانی تووشی دۆڕانێکی گران هاتن، سوڵتان مەحمودی دووەم پێش ئەوەی هەواڵی ئەو دۆڕانەی پێ بگات، مرد و عەبدول مەجیدی ١٦ ساڵان لە شوێنی ئەو لەسەر تەختی عوسمانی دانیشت. ئەحمەد پاشای "کاپتانی دەریا"ش هێزی دەریایی برد و ڕادەستی محەمەد عەلی پاشای کرد و ئەمەش بوو بە کارەساتێکی گەورەتر لە ناو بنەماڵەی عوسمانیدا.[٢٢٣]

ئەو سەرکەوتنە یەکلاکەرەوەیەی محەمەد عەلی پاشا سەرلەنوێ ڕێی سوپاکانی پاشای میسری بەرەو ئیستانبوڵ ئاوەڵا کرد و هەمان کات بوو بە هۆی ئەوەی کە وڵاتانی ئەورووپا و ڕووسیا بە شێوەیەکی جیدیتر دەست بخەنە مەسەلەکەوە. بەتایبەتی لە ئەنجامی هاتوچۆی چڕی دیپلۆماسیی ئینگلتەرادا باڵوێزەکانی ئینگلتەرا، فەرەنسا، نەمسا و ڕووسیا لە ئیستانبوڵ ڕۆژی ٢٧ی تەممووزی ١٨٣٩ یاداشتێکیان دا بە دەرسەعادەت و تیایدا ڕایانگەیاند کە "ڕێککەوتنی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات"یان هەڵگرتووە و داوایان کرد دەوڵەتی عوسمانی بێ پشتیوانیی ئەوان نەچێتە هیچ دانوستاندنێکەوە. ئەو داخوازە ئەگەری ڕێککەوتنی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و محەمەد عەلی پاشای کرد بە کاری لە کردن نەهاتوو و هەمان کات دەوڵەتی عوسمانیی خستە ژێر سەرپەرشتی (ویسایەت)ی ئەو دەوڵەتانەوە. دەوڵەتی عوسمانی لەو قۆناغە بەدواوە لە هەموو ڕوویەکەوە زیاتر بە ئەورووپاوە بەسترایەوە.

کێشەی میسر و دەوڵەتی عوسمانی لە ئەنجامی گفتوگۆی نێوان ئەو دوو لایەنەدا نا، بگرە دوای کۆبوونەوەی چڕی نێودەوڵەتی و هاتوچۆی دیپلۆماسی بەسەرپەرشتیی وڵاتانی ئەورووپا و ڕووسیا و بە فەرمانەکانی سوڵتانی عوسمانی لە ١٣ی شوباتی ١٨٤١ و بە پرۆتۆکۆڵی لەندەن کە لە ١٠ی تەممووزی ١٨٤١ لەبەر ڕۆشناییی ئەو فەرمانانەدا واژۆ کرا، کۆتایی پێ هات. شێوەی کۆتایی ئەو ڕێککەوتننامەیە لەسەر بنەمای داهاتووی دەوڵەتی عوسمانی و دابەشکردنی و بەپێی کێشمەکێش و بۆربۆرینی نێوان ئەو دەوڵەتانە داڕێژرا. لە پاڵ ئەوەشدا فەرمانی تەنزیمات کە دەوڵەتی عوسمانی لە دوای شەڕی نیزیپ ڕایگەیاند، بوو بە هۆی ئەوەی وڵاتانی ئەورووپا و ڕووسیا کە بە بەهێزبوونی محەمەد عەلی پاشا خۆشحاڵ نەبوون و لەگەڵ مانەوەی بەمەرجی سەڵتەنەتدا بوون، زیاتر چاودێریی دەوڵەتی عوسمانی بکەن. لە ئەنجامدا محەمەد عەلی پاشا هەرچەندە ڕیزێك سەرکەوتنی بەسەر

سوپای عوسمانیدا بەدەست هێنا، بەڵام ناچار بوو تەنیا بە دەسەڵاتی میسر ڕازی بێت. مەرجەکانی ڕێککەوتننامەکە بەکورتی بەم جۆرە بوون:[٢٢٤]

١. دەسەڵاتی میسر بە میرات لە کوڕە گەورەی محەمەد عەلی پاشاوە دەدرێت بە کوڕە گەورەی کوڕی محەمەد عەلی پاشا.
٢. سوپای میسر نابێت لە ١٨٠٠٠ سەرباز زیاتر بێت.
٣. ئەو ئەفسەرانەی پلەیان تا (ئەلبای)ە، دەکرێت لەلایەن والیی میسرەوە دابمەزرێندرێن.
٤. لە میسر باج بەناوی سوڵتانی عوسمانییەوە کۆ دەکرێتەوە و یەك لەسەر چواری دەنێردرێت بۆ گەنجینەی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ.
٥. لە میسر پارە بەناوی سوڵتانی عوسمانییەوە چاپ دەکرێت.
٦. خەتی هەمایۆنی گویلخانە (فەرمانی تەنزیمات) و ئەو ڕێککەوتننامانەی تر کە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە واژۆ کراون، لە میسریش دەخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە.
٧. بەڕێوەبردنی ویلایەتەکانی دارفور، نوبیا، کوردۆڤان و سەناعار "بەمەرجی قەیدی حەیات" دەدرێت بە محەمەد عەلی پاشا.

وەك سەرنج دەدرێت محەمەد عەلی پاشا لە ئەنجامدا نەیتوانیوە خواستی خۆی بەدەست بهێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆی نەکراوە بەرەنگاری گوشاری ئەورووپا و ڕووسیا ببێتەوە. یەکێك لەو فاکتەرە هەرە گرنگانەی کە کاریگەریی بەسەر ئەنجامی ئەم ڕێککەوتننامەیە و پەیوەندییەکانی عوسمانی و کوردەوە هەبوو، خەتی هەمایۆنی گویلخانە (فەرمانی تەنزیمات) بوو کە وەك پێداویستیی سیاسەتیی بە ڕۆژئاواییبوونی دەوڵەتی عوسمانی پێگەیشت و لە سێبەری دۆڕاندنی شەڕی نیزیپدا هاتە دارشتن. خەتی هەمایۆنی گویلخانە لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمای وەکهەڤی بۆ

هاووڵاتیانی موسڵمان و ناموسڵمانانی دەڕوانی، لە ئەورووپای کرستیان و ڕووسیا وەك هەنگاوێکی زۆر ئەرێنی و گرنگ پێشوازی لێ کرا.

خەتی هەمایۆن کە بزووتنەوەیەکی زۆر گرنگی پرۆسەی نوێخوازیی سوڵتان عەبدول مەجید بوو، لە ئاڵۆزترین سەردەمی کێشەی میسردا ڕۆژی ٣ی تشرینی دوەمی ١٨٣٩ لە مەیدانی گویلخانە و لە کەشێکدا بە ئامادەبوونی سوڵتان، نازیرەکان (وەزیرەکان)، زانایانی ئاینی، فەرمانبەرانی سەربازی و مەدەنی، نوێنەرانی کرستیانەکان، ڕێکخراوەکانی پیشەکاران، باڵیۆزانی بیانی و جەماوەر لەلایەن مستەفا ڕەشید پاشای نازیرەی خارجییە (وەزیری دەرەوە)وە خوێندرایەوە و ڕاگەیەندرا. ئەو فەرمانە بە خەتی هەمایۆنی گویلخانە و بە فەرمانی تەنزیمات ناو برا.

دەکرێت فەرمانی تەنزیمات بەسەر پێنج بەشدا دابەش بکرێت. لە بەشی یەکەمدا ڕوون کراوەتەوە کە دەوڵەت لەبەر ئەوەی هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە پابەندی حوکمەکانی قورئان و شەریعەت بووە، بەهێز بووە و گەیشتووە بە ئاستی خۆشگوزەرانی. لە بەشی دووەمدا گوتراوە لەبەر ئەوەی ماوەی سەدوپەنجا ساڵە بایەخ بە شەریعەت و یاسای بەسوود نەدراوە، دەوڵەت کەوتووەتە دۆخی بێهێزی و هەژارییەوە. لە بەشی سێیەمیشدا ئاماژە کراوە بۆ پێویستیی دانانی یاسای نوێ بەمەبەستی سەرلەنوێ بەهێزکردنەوەی دەوڵەت. بەشی چوارەم گرنگترین بەشە و بنەماکانی پێویست بۆ جێبەجێکردن بەم جۆرە ڕیز دەکات:

أ) دابینکردنی ئاسایشی شەرەف، ناموس، گیان و ماڵی هاووڵاتیانی موسڵمان و ناموسڵمان،

ب) کۆکردنەوەی باج بەپێی سیستەمێکی ڕێکوپێك،

ت) ڕێکخستنەوەی سەربازیکردن بە شێوەیەکی ڕێکوپێك.

لە دوایین بەشیشدا باس لە دانانی ئەو یاسایانە و ڕێوشوێنەکانی جێبەجێکردنیان دەکرێت. لە فەرمانی تەنزیماتدا هاتووە کە هاووڵاتیانی موسڵمان و ناموسڵمان بێ جیاوازی لە بەندەکانی ئەم فەرمانە سوودمەند دەبن و بەم جۆرە گوزارە لە یەکسانبوونی هاووڵاتیانی موسڵمان و ناموسڵمان کراوە و لەبەر ئەم هۆیەش ئەورووپا و ڕووسیا پشتیووانییان لە فەرمانی تەنزیمات کرد. مادەی چواری فەرمانی تەنزیمات بوو بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ سیاسەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی بە ئاڕاستەی لە ناوبردنی میرنشینەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان و بەهێزکردنی نوێنەرایەتیی دەسەڵاتی ناوەندی لەو هەرێمە. هەمان مادە پشتیووانیی ڕای گشتیی ئەورووپاشی بۆ ئەو هەوڵانە دابین کرد. جێبەجێکردنی بەندەکانی تەنزیمات میرەکانی کوردی، کە بەدرێژاییی کات پێکهاتەی باوی خۆیان پاراستبوو، ڕووبەڕووی دەوڵەتی عوسمانی کردەوە. بەدرخان بەگی موتەسەلیمی جزیرە دیارترین نموونەی ئەو ڕاستیە بوو. وەك ئەوەی لە بەشەکانی تردا بە دوور و درێژی باسی دەکەین، بەدرخان بەگ کە ساڵانێکی درێژ گرنگترین پایەی دەوڵەتی عوسمانی بوو لە هەرێمی کوردستان (کوردستانی عوسمانی... وەرگێڕ)، لە ئەنجامی فەرمانی تەنزیماتدا نێوانی لەگەڵ دەوڵەتدا تێکچوو و جگە لە پەیوەندیکردن بە میرە کوردە ڕاپەڕیوەکانەوە هیچ ڕێگەیەکی تری بۆ نەمایەوە. جێبەجێکردنە نوێیەکانی فەرمانی تەنزیمات کە لە کوردستان بە ناڕەزایی دەربڕینەوە پێشوازی لێ کرا، دەکرێت بەم شێوەیە کورت بکرێنەوە:

١. ئەنجامدانی نوێکاری لە ڕێکسختنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکاندا و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی سنوورەکانی ویلایەت، سەنجەق و قەزاکان،
٢. دانانی فەرمانڕەوایەك (موحافیز) لای هەر والییەك بۆ سەرکردایەتیکردنی هێزەکانی دەڤەرەکە و دانانی دەفتەردارێك بۆ کاروباری دارایی،
٣. دامەزراندنی ئەنجوومەنی خۆجێیی لە ویلایەت و سەنجەقەکان، نوێنەرایەتیکردنی موسڵمان و کرستیانەکان بەپێی ژمارەیان لەو ئەنجوومەنانەدا.

٤. کۆکردنەوەی باجی دەیەك (عەشار) لەلایەن فەرمانبەرانی داراییەوە و کۆکردنەوەی باجی (جزیە)ش لەلایەن پەتریکخانەکانەوە.

بە ڕوونی دیارە سەرجەم ئەو جێبەجێکردنە نوێیانەی فەرمانی تەنزیمات پێچەوانەی پێکهاتەی باوی کوردستان بوو، چونکە میرنشینەکانی کورد لە دەرەوەی بازنەی دابەشکردنی فەرمیی زەوی خاوەنی سنووری کلاسیك بوون، هەموو باجەکان، بە جزیەی ناموسڵمانانیشەوە، لەلایەن میرەوە کۆ دەکرایەوە، میر لەبری ئەنجوومەن، دیوەخانی تایبەت بە خۆی هەبوو و تەنانەت ناموسڵمانانیش دەیانتوانی ببن بە ئەندامی دیوەخانی میر.[٢٢٥] جگە لەوەش میر خۆی هێزەکانی هەرێمی ژێر دەسەڵاتی خۆی پێك دەهێنا و هەر خۆیشی بە فەرماندەی سرووشتییان بوو. هاوکات دەبیندرێت ئەو دەسەڵاتانەی بە ڕێی میراتگری دەستاودەستیان پێ دەکرا، لە سەردەمی ڕاگەیاندنی تەنزیماتدا لە بەشێکی زۆری کوردستان هێشتا بەردەوام بوون. دەوڵەتی عوسمانی لە کاتی دەستخستنە ناو ئەو پێکهاتانە یان کەسێکی بنەماڵەی فەرمانڕەوای دادەمەزراند، یاخۆ هەبوونی دەسەڵاتەکانی پەسەند دەکرد و هاوکێشەکانی هەرێمەکەی دەپاراست و دەستێوەردانی دەوڵەت لەوە زیاتر تێ نەدەپەڕی. بۆ نموونە، پاش بڕاندنەوەی بەرخودانی میر محەمەد، ڕەسووڵ بەگی برای لە جێی دانرا، لە میرنشینی جزیرە پاش میر سەیفەدین بەگ، بەدرخان بەگی ئامۆزای لە شوێنی دانرا و لە دوای کۆتاییهاتنی بەرخودانی سۆرانیش ئیسماعیل پاشای ئامێدی لەو قەزایە دامەزرێندرا. کاریگەرییەکانی تەنزیمات و سیاسەتی بە ناوەندیکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی یەکیان گرت و لە ماوەی چەند ساڵێکدا لە کوردستان خۆیان خستە ڕوو. بەتایبەتی دابەشکردنی نوێی زەوی[٢٢٦] و مەسەلەی نەستووری بە ڕابەرایەتیی مار شەمعون کە لەگەڵ ڕاگەیاندنی تەنزیماتدا خۆی لە سایەی پاراستنی ئەورووپای کرستیاندا دەبینی، بەوپەڕی ڕوونی کەوتە ڕوو.

## بەرگرییە نوێیەکانی مەحموود خان و ئیسماعیل پاشای ئامێدی و پێگەی بەدرخان بەگی جزیرەیی

بەپێی نووسراوەکانی خەلیل کەمال پاشای والیی ئەرزەڕۆم لە ساڵانی ١٨٤١-١٨٤٢دا و بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی "مەجلیسی ڤالا"[٢٢٧]، مەحموود خان و براکانی کە ساڵی ١٨٣٨ لەلایەن عوسمان نووری پاشاوە دەستگیر و ڕەوانەی ئیستانبوڵ کرابوون، سوڵتان لێبووردنی بۆیان دەرکردووە و دیسان بۆ کوردستان گەڕانەتەوە. لە ئاکامدا، ناوچەکانی وەك مەحموودی، هاڤاسۆر، مویکویس، کاڤاش، وەستان، قارچکان و ئاکچەقەڵا کە پێشتر بەدەستی خۆیانەوە بوو، سەرلەنوێ لەلایەن حافز پاشاوە بەفەرمی خرانەوە ژێر دەسەڵاتی مەحموود خان و براکانی. وەك دەبیندرێت پێشنیازی عوسمان نووری پاشا سەبارەت بە نیشتەجێکردنی مەحموود خان لە بایەزید و بە بارمتەگرتنی دووان لە براکانی، نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە. هەرچەندە نازانرێت مەحموود خان ماوەی چەند لە ئیستانبوڵ ماوەتەوە، بەڵام زانراوە توانیوێتی پێش شەڕی نیزیپ بۆ کوردستان بگەڕێتەوە، چونکە دوای دۆڕانی سوپاکانی عوسمانی لە شەڕی نیزیپ، پۆستی فەرماندەییی هێزەکانی سوپا لە حافز پاشا سەندرایەوە و لە زۆربەی دەسەڵاتەکانی بێبەش کرا. سەیرترین بابەتی سەرنجبزوێن لێرەدا ئەوەیە کە ئەگەرچی مەحموود خان بە لێبوردنی سوڵتان بۆ کوردستان گەڕاوەتەوە، کەچی حافز پاشا لە گەڕاندنەوەی دەڤەرەکەدا بۆ ژێر دەسەڵاتی مەحموود خان و براکانی لەبەر ڕۆشناییی بۆچوونی ئەرێنیی بەدرخان بەگدا هەڵسوکەوتی کردووە. لە کاتێکدا یاخیبوونی محەمەد عەلی پاشای میسر ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی وەرگرتبوو، حافز پاشای پشووکورت بەرانبەر بە شەڕی نێوان میرەکانی کورد لە کوردستان، بۆ ئەوەی ڕێ لە مەحموود خان بگرێت تا بیر لە تۆڵەکردنەوە لە میری بۆتان نەکاتەوە، ئاشتبوونەوەی مەحموود خان و

بەدرخان بەگی کرد بە مەرج، چونکە بەدرخان بـەگ بـە زامنکـەری دەوڵـەتی عوسمـانی لـە کوردسـتان دادەنـرا. وەك دواتـر بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە، لـە وتەکانی مەحموود خاندا لە ۱۸٤۷ بۆمان دەردەکەوێت میری مویکویس خۆی چووە بـۆ جزیـرە و لەگـەڵ بـەدرخان بەگدا ئاشـت بووەتـەوە و پـاش ئـەوە هەموو ئەو ناوچـانەی کـە پـێش دوورخـستنەوەی لـە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیـدا بوون، لەلایەن حافز پاشاوە بـە فـەرمی بـۆی گەڕێندراونەتـەوە. لـە ڕاسـتیدا حافز پاشا بێ ئەوەی هەستی پێ بکـات، بـەم هەڵوێستەی زەمینـەی خـۆش کردووە بۆ هاوپەیمانیی داهاتووی نێوان ئەو دوو میرەی کورد، کـە ئـەو کاتـە ئەگـەری ئـەوە هـەبوو دوژمنایـەتیی نێوانیـان ماوەیـەکی درێـژتر بخایـەنێت. خەلیل کەمال پاشا، حافز پاشای جێگرەوەی خۆی بە گەڕانەوەی مـەحموود خان بۆ کوردستان و پێدانەوەی ناوچـەکانی پێـشووی تاوانبـار کـرد، چـونکە خان سەرلەنوێ دەستی دابووە بەرخودان.

مەحموود خان کە لەلایەن حافز پاشاوە مۆڵەتی گەڕانەوەی کوردسـتانی پێ درابوو، مەرجی ئەوەی بۆ دانرابـوو کـە لـە قـەڵای خۆشـاب دانەنیـشێت. یەکینەیەکی سوپای ڕێکخراوی عوسمانی لـەو قەڵایـە جـێگیر کـرا. سـەرەڕای ئەوەش، مەحموود خان و براکانی نزیکـەی دوای سـاڵێك لـە گەڕانـەوەیان بـۆ کوردسـتان شـەوێك لـە پەلامارێکـدا دەسـتیان بەسـەر قەڵاکانـدا گرتـەوە و سەرلەنوێ کەوتنەوە سەر ڕێی بەرخودان.

هەرچەندە ڕاپۆرتەکانی ئەو ساڵانە زانیاریی ناکۆك لـە خـۆدەگرن، بـەڵام یەکەم زانیارییەکانی تایبەت بە هاوپەیمانیی میرەکـانی کوردیـان تێـدا بـەدی دەکرێت. ئەو میرانە تا چەند ساڵێك بەر لەو کاتە دوژمنی یەکدی بوون، بۆیـە بانگەشەی کۆبوونەوەیان بەمەبەسـتی سـەرلەنوێ دەسـتپێکردنی بـەرخودان لەلایەن مەحموود خانەوە، خاڵێکی سەرنجڕاکێـشە. پاشـاکانی عوسمـانی لـە نووسراوەکانی خۆیاندا بە پێداگرتنەوە بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە مـیری

جزیره میرئالای بەدرخان بەگ و میری هەکاری نوورڵڵا بەگ لەو بەرخودانە نوێیەدا پشتیوانی لە مەحموود خان دەکەن و ڕێککەوتن لە نێوانیاندا هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نە بەدرخان بەگ، و نە نوورڵڵا بەگ ئەو بانگەشانەیان پەسەند کردووە. بەتایبەتی بەدرخان بەگ کە لەلایەن دەوڵەتەوە پلەی میرئالای پێ درابوو و بە زامنکەری هەبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت لە باشوور دادەنرا، لەلایەن والییەکانی ئەرزەڕۆم و دیاربەکر و موسڵەوە بە خۆ نزیککردنەوە لە مەحموود خان تاوانبار کراوە. وەك دواتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە، بەدرخان بەگ سەرجەم ئەو بانگەشانەی ڕەت کردووەتەوە و تەنانەت بەمەبەستی نزیکخستنەوەی مەحموود خان لە دەوڵەت ناوبژیشی کردووە. بگرە داوای کردووە مۆڵەتی پێ بدەن تا بە بەکارهێنانی هێز ئەو کێشەیە چارەسەر بکات. ئەو داخواز و لێدوانە فەرمییانەی بەدرخان بانگەشەکانی پاشاکانی عوسمانی سەبارەت بە پشتیوانیکردنی بەدرخان بەگ لە بەرخودانی مەحموود خان لە ١٨٤١–١٨٤٢دا پووچەڵ دەکەنەوە. لەگەڵ چوونی مەحموود خاندا بۆ جزیرە هەنگاوێك نرا بەرەو دۆستایەتی لە نێوان بەدرخان بەگ و مەحموود خاندا و ئەمە ڕاستییەکە، چونکە بەدرخان بەگیش دوای ئەو سەردانە چووە مویکویس و کاڤاش و وەڵامی سەردانی دایەوە و بوو بە میوانی مەحموود خان. مەسەلەیەکی تر کە ڕۆڵی پردی لە نێوان بەدرخان بەگ و مەحموود خاندا دەگێڕا، عەشیرەتە کۆچەرەکانی بۆتان بوو. دوودێری و ئالکی کە لە عەشیرەتە گەورەکانی بۆتان بوون، وەرزی هاوینیان لە کوێستانەکانی مویکویس و کاڤاش بەسەر دەبرد. دایکی مەحموود خان لە عشیرەتی ئالکی بوو. بۆیە لەگەڵ بۆتانییەکاندا خزمایەتی لە نێواندا هەبوو. ئەو عەشیرەتانە لە زۆربەی بزووتنەوەکاندا پشتیووانیی جدییان لە مەحموود خان کردبوو. بخوازرێت و نەخوازرێت ئەو تایبەتمەندییە بوو بە هۆی دروستکردنی جۆرێك لە نزیکبوونەوە لە نێوان ئەو دوو میرەدا.

سەرەڕای ڕەتکردنەوەکانی بەدرخان بەگ بە پێداگرتنەوە، لە ئاکامدا دەوڵەت لە مەسەلەی مەحموود خاندا زۆر متمانەی پێ نەکرد. هاوپەیمانیی ڕاستەقینەی نێوان بەدرخان بەگ و مەحموود خان لە دوای ساڵی ١٨٤٢ لە سەروبەندی لکاندنی جزیرە بە موسڵەوە پێك هات. ئەو ڕەوشە ڕێی خۆش کرد بۆ دروستبوونی کێشەی بێمتمانەیی لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و بەدرخان بەگدا و ئەم خۆی زیاتر لە مەحموود خان نزیك کردەوە. عەبداڵ خان بەگی برای مەحموود خانیش بە هۆی ڕووداوەکانی ساڵی ١٨٣٨وە هیچ کاتێك بە گەرمی بۆ بەدرخان بەگی نەدەڕوانی.

والیی ئەرزەڕۆم خەلیل کەمال پاشا کە بە دوای ڕێگەی چارەسەرکردنی مەسەلەکەدا دەگەڕا، لە سەرێکەوە نامەی لەگەڵ بەدرخان بەگدا دەگۆڕییەوە و لە سەرێکی ترەوە و بەمەبەستی سوودوەرگرتن لێی لە سەرکوتکردنی بەرخودانی مەحموود خاندا جارێکی تر ئیسحاق پاشای بە قایمقامی وان دامەزراند. ئیسحاق پاشا ڕۆڵێکی کارای گێڕابوو لە سەرکوتکردنی بەرخودانەکەی ساڵی ١٢٥٤ (١٨٣٨)ی مەحموود خاندا و دواتر لە ئەرزەڕۆم نیشتەجێ کرابوو. بەو جۆرە بیر لەوە کرایەوە مەحموود خان لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ بدرێت و تەنگاو بکرێت. هەرچی بانگەشەکانی والیی ئەرزەڕۆمیشە سەبارەت بەوەی کە نووروڵڵا بەگی میری هەکاریش لەو ساڵانەدا پشتیوانی لە مەحموود خان کردووە، زۆر نزیك نین لە ڕاستییەوە.

کەمال پاشا ڕوونی دەکاتەوە کە ئامانجیی سەرەکیی مەحموود خان گرتنی قەڵای وان و کردنێتی بە مەڵبەندی حوکمڕانیی خۆی و دەڵێت بەدرخان بەگی میری جزیرە و نووروڵڵا بەگی میری هەکاری لە خانەوە نزیکن، پەیمانیان بەستووە و ئەگەر پێشیان لێ نەگیرێت، هەریەکەیان بە ئومێدی بەرپاکردنی ئاژاوەیەکە لە کوردستان. لە نامەکاندا دەردەکەوێت دەوڵەتی عوسمانی لە بەرانبەر ئەگەری پشتگیریکردنی یەحیا خانی دەسەڵاتداری

شاری سەڵماسی ئێرانی، چەندین جار لایەنی ئێرانیی هۆشیار کردووەتەوە. هەرچەندە لایەنی ئێرانی ڕایگەیاندبوو کە پشتیوانی لە میرەکانی کورد ناکات، بەڵام ئەو بەڵێنانە زۆر جێی متمانە نەبوون لای عوسمانییەکان.[٢٢٨] خەلیل کەمال پاشا وتەکانی گاڤاس ئۆغلۆ مستەفای وانیشی سەبارەت بەو مەسەلەیە کردووە بە بەڵگە و بە پێداگرتنەوە داوای کردووە پێش فراوانبوونەوەی بەرخودانی مەحموود خان فەرمانی "ئەمری عالی"ی پێویستی بۆ بنێردرێت.[٢٢٩] گاڤاس ئۆغلۆ مستەفای وانی لەو کاتەدا لە دەرسەعادەت بوو. ئالای شازدەیەمی پیادە و چەند پارچە تۆپێك و سەربازە سوارە ناوخۆییەکانی لای مووش لە ئامادەییدا ڕاگیران بۆ ئەگەری ئەنجامدانی پەلاماری سەربازی بۆ سەر مەحموود خان.[٢٣٠]

### سەرلەنوێ گرتنەوەی قەڵای خۆشاب

### لەلایەن مەحموود خانەوە و پەلامار بۆ سەر بتلیس

خەلیل کەمال پاشا لە نامەی ١٨٤١/٧/١٩دا[٢٣١]، زانیاریی سەرنجڕاکێش دەدات سەبارەت بە چۆنیەتیی گرتنی قەڵای خۆشاب لەلایەن مەحموود خانەوە و سەبارەت بە پەلاماری سەر بتلیس. وەك دەبیندرێت، عەبداڵ خان ڕۆڵێکی زۆر گەورەی لەو مەسەلەیەدا گێڕاوە.

"عەبداڵ خان دوو سەرباز لە سەربازە ڕێکخراوەکانی پاسەوانی قەڵای ئامارژە بۆ کراو بە شێوەیەك لە شێوەکان تەنگاو دەکات و بەدەستیان دەخات. ئەم دوو کەسە شەو پەیژەی گوریس لە دیواری قەڵاوە شۆڕ دەکەنەوە و کوردەکانی پێ سەردەخەن. ژمارەی کوردەکان لە ژمارەی پاسەوانەکان زیاتر دەبێت. پاسەوانەکانی تر، ئەگەرچی دەکەونە شەڕیشەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بێ ئاگا دەبن، ناتوانن بەرگری بکەن. قەڵای ناوبراو بەو جۆرە کەوتە دەستی ئەوان."

بەدەستهێنانەوەی قەڵای خۆشاب بەو جۆرە ناوبانگی عەبداڵ خانی لەو دەڤەرە ئەوەندەی تر زیاد کرد. مەحموود خان دوای ئەو ڕووداوە دەروێش بەگی برابچووکی خۆی نارد بدات بەسەر بتلیسدا.

"دەروێش بەگ کە برایەکی ترێتی، لەگەڵ تاقمێك مێرووی هابیسیندا[٢٣٢] نارد بۆ دەوروبەری بتلیس و ویستیان هەندێك گوند تاڵان بکەن و زیان بە دانیشتووانیان بگەیەنن و لە شوێنی خۆیان هەڵیان بکەنن. بەڵام لەو کاتەدا ئەسپسوارانی عەشیرەتەکان لەلایەن مووشەوە ساز دران. بەندەی خۆتان خورشید بەگی خاوەن عیزەتی قاپیچیباشی و برای ئەمین پاشا کە وەك فەرماندەی هێز دەستنیشان کرا، گەیشتە سەریان و شەڕ بەرپا بوو.

هەندێك لە چەتەکان گەیشتن بە سزای ڕەوای خۆیان و پاشماوەکەی تریشیان تێکشکان و بڵاوەیان لێ کرد. ئەو بەندەیەی خۆتان کە بە ئەگەری ئەوەی بە ئامۆژگاری دەست لە خراپەکاریی هەڵبگرێت و بە ئومێدی ئەوەی بێتە ناو بازنەی گوێڕایەڵییەوە، دڵی درایەوە، چووەتە لای بەدرخان بەگ و لەوێوە دووهەزار سەربازی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. هەرچەندە ئەم ژمارەیە زۆریش نییە، بەڵام لەلایەن بەندەی خۆتانەوە حسابی پشتیوانی بۆ دەکرێت. سەربازەکانی عەسکەری مونتەزەمە و سنفەکانی تری سەرباز هێرشیان کردە سەریان، ماوەی حەوت سەعات شەڕ کرا و تێکشکێندران.

لەبەر ئەوە، یەحیا خان و ناوبراو نووروڵلا بەگ وێراوویانە بە ئاشکرا بە ناردنی سەرباز بە هانای مەحموود خانەوە بچن، خۆیان لێ کردووە بە خاوەن و بە شتی وەك چەك و جبەخانە هاوکاری دەکەن. مەحموود خان بە هاوکاری نووروڵلا بەگ و کەسە میزاجییەکانی هاوشێوەی ئەو هێزی بە ئاژاوەگێڕیی خۆی بەخشیوە. وەك یەدەك لای قارسەوە سوارەی باشبوزوق و پیادە بۆ لای وان بەڕێ کران و دواتریش بەندەی خۆتان میرئالای ئەحمەد بەگی خاوەن سەعادەت بەمەبەستی کردنی بە فەرمانددەی عەسکەری مونتەزەمەی شاهانە[٢٣٣]، لەگەڵ دەستەیەك سەربازدا بەڕێ کرا."

وەك دەبینین، والیی ئەرزەڕۆم دەڵێت بەدرخان بەگ و نووروڵڵا بەگ و یەحیا خانی دەسەڵاتداری سەڵماس لەو بەرخودانە و لە پەلاماردا بۆ سەر بتلیس بە ئاشکرا هاوکاری مەحموود خانیان کردووە. ئەو هێزە ۲۰۰۰ کەسییەی کە بانگەشەی ئەوە دەکرێت مەحموود خان لای بەدرخان بەگەوە هێناویێتی، لە ڕاستیدا لە عەشیرەتە کۆچەرەکانی وەك دوودێر و ئالکیی بۆتان بوون کە وەك پێشتر باسمان کرد، مانگەکانی هاوینیان لە زۆزانەکانی مویکویس بەسەر دەبرد. ڕوون نییە داخۆ ئەو هۆزانە بە ئاگاداری بەدرخان بەگ ڕۆیشتوون، یاخۆ نا، بۆیە بەدرخان بەگیش ئەوەی ڕەت کردووەتەوە. ئەو هاوکارییەشی کە لە هەکاری و ئێرانەوە هاتووە، لە عەشیرەتی شکاکی هاوپەیمانیی هەمیشەییی عەبدال خانەوە بووە. بۆیە پێ دەچێت والیی ئەرزەڕۆم خەلیل کەمال پاشا لە هاوپەیمانێتییەکی هەبوو نا، بگرە لە هاوپەیمانێتییەك کە ئەگەری گرێدانی لە ئارادا بووە، ترساوە و لەبەر ئەوەش ئەو زانیارییانەی ڕاگەیاندووە.

خەلیل کەمال پاشا لە درێژەی نامەکەیدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو میرانە خۆیان لە مەحموود خان نزیك خستووەتەوە و دەڵێت بە ئاشکرا باسی ئەو مەسەلەیە دەکەن و بەو شێوەیەش هەڕەشە لە دوڵەت دەکەن. خەلیل کەمال پاشا دەڵێت مەحموود خان لەوەش زیاتر زیادەڕۆیی کردووە و بڕیاری دەوڵەتی دەرهەق بە خۆی ڕەت کردووەتەوە و دەنووسێت مەحموود خان گوتوویەتی:

"گوتراوە فەرمانی عالی دەرهەق بە من دەرکراوە! کوا کێ دیویێتی؟!"

خەلیل کەمال پاشا دواتر ڕوونی دەکاتەوە هاتنی ''ئەمری عالی'' لە ئیستانبوڵەوە بەلایەنی کەمەوە ۳۰ ڕۆژی پێ دەچێت، لەبەر ئەوە لای خۆیەوە نامەی سەبارەت بە دەرچوونی ''ئەمری عالی'' بۆ هەرێمەکە ناردووە و بەو هۆیەوە دووبەرەکی لە نێوان کوردەکاندا دروست بووە و ئەو بابەتە بەم جۆرە ڕوون دەکاتەوە:

"چـەتەکان لـە دەوروبـەری مـووش و بتلـیس گوێیـان لـە خوێندنـەوەی ''ئەمری شەریف''ی ئاماژە بۆ کراو بووە، دووبەرەکی کەوتووەتـە نێوانیـان و گوتوویانە، مەحموود خان گوتی من دەچم بۆ شەڕی کورد و ئێمەی لەگـەڵ خۆیدا برد. سەرپێچیکردن لە فەرمانی سوڵتان و بەرەنگاربوونەوەی وەزیـر و سەربازەکانی بۆ ئێمە سنووربەزاندنە و ئێمە سـنوور نابـەزێنین!.– تەنانـەت بەدرخان ئەو سەربازانەی کێشایەوە کە بۆ بەهاناچوون ناردبوونی."

والیـی ئـەرزەڕۆم ڕوونـی دەکاتـەوە ئـەو فەرمانـەی کـە سـەبارەت بـە مەحموود خان بـۆ هەرێمەکـە نێردرابـوو، بـەو جـۆرە دووبـەرەکیی لـە نێـوان کوردەکاندا دروست کردووە و دەنووسێت لەبەر ئەوەی خان کشاوەتەوە بـۆ کۆشکی خۆی لە کاڤاش و لەوەش خراپتر لەبەر ئەوەی بەفر بـاریوە، ئـەمان نەیانتوانیوە پەلاماری بدەن. لەم نامەیەدا ڕوون کراوەتەوە کە کەرەستەکانی شەڕ بە بەلەم بـە دەریاچـەی وانـدا گوێزراوەتـەوە بـۆ وان و نەخـشەی ئـەوە داڕێژراوە دوای مۆڵدان لە وان لە قۆڵێکەوە هێرش بکەنە سەر قەڵای خۆشـاب و لە قولێکی ترەوە پەلاماری مەحموود خان بدەن.

لەو سەردەمەدا تەنیا مەحموود خان نەبوو کـە دەوڵـەتی عوسمـانیی بـە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو. هەمان سـەردەم ئیسماعیل پاشـای مـیری کـوردی ئامێـدیش لەبـەر ئـەوەی لـە باشـوور دانـووی لەگـەڵ محەمـەد عـەلی پاشـای موسڵدا نەدەکوڵا، لە دۆخی بەرخودانـدا بـوو، هـەروەها چـەند عەشـیرەتێکی کوردی سەر سنووری ئێران و عوسمانی هەنـدێك گرفتیـان بـەرپا کردبـوو کـە بـوو بـە هـۆی دروسـتبوونی تەنگژە لـە نێـوان هـەردوو وڵاتـدا. بەتایبـەتی عەشـــیرەتەکانی دەڤـــەری ئـــەرزەڕۆم و بایەزیـــد کـــە ڕێگـــانی کـــۆچ و کوێـستانەکانیان دەکەوتـــە دەرەوەی ســـنوورەکان، بـــەردەوام هۆکـــاری خولقانـدنی کێـشە بـوون. زانیمـان پێـشتر عەشـیرەتەکانی سـپکی، زیـلان و حەیدەران لە باکووری دەریاچەی وان نـاکۆکیی نێـوان ئێـران و عوسمانییـان قوڵەتر کردبووەوە و لە هەندێك شـوێن بـوون بـە هـۆی شـەڕی سەرسـنوور و

تەنانەت دەست بەسەرداگرتن و داگیرکردنیش. ئەمجار عەشیرەتی کوردی جەلالی لە ساڵی ١٨٤١دا بوو بە هۆکاری ئاڵۆزییەکی هاوشێوە.

والیی ئەرزەڕۆم حافز محەمەد عەلی پاشا لە ڕاپۆرتی ١٨٤١/٢/٥دا بابەتەکەی بە دەرسەعادەت گەیاندووە و نامەگۆڕینەوەیەکی چڕ لەو بارەیەوە ئەنجام دراوە.[٢٣٤]

کاتێك عەشیرەتی جەلالیی نیشتەجێی ناو سنووری ئێران هاتە ناو خاکی عوسمانییەوە، حکوومەتی ئێران لە مەسەلەکە ئاگادار کرایەوە، فەرماندەی سەربازیی ئێران ئەمیر نیزام بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکە هاتە دەڤەرەکە و توانی ٣٠–٤٠ ماڵی جەلالی لەگەڵ خۆیدا بباتەوە، بەڵام پاشماوەی عەشیرەت گەیشتبووە چیای ئاگری. پیاوانی عەشیرەتی جەلالی دوای تالانکردنی گوندی گولتەپەی سەر بە سەنجەقی بایەزید، گوندێکی ناوچەی چالکلاری سەر عەشیرەتی ئەدەمانلی-یان [٢٣٥] تالان کرد و ١٠٠٠ سەر مەڕیان دزی. محەمەد ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی ئەدەمانلی لە دامێنی چیای ئاگری گەیشتە سەریان و دوای شەڕێکی دوو سێ سەعاتی، مەڕەکانی لێیان سەندەوە و چەند کەسێکیش لەو شەڕەدا کوژران. بەهلوول پاشای قایمقامی بایەزید و کورەکەی هەواڵی تێکچوونی بارودۆخی ناوچەکە و سەرهەڵدانی شەڕی نێوان عەشیرەتەکانیان گەیاندە ئەرزەڕۆم.

دەوڵەتی عوسمانی بەمەبەستی ڕێگرتن لە خراپتربوونی بارودۆخەکە لە ڕێی باڵیۆزی تەبریزەوە ڕەوشەکەی گەیاندە لایەنی ئێرانی و بەدوای چارەسەردا گەڕا و هەر لەو بارەیەوە زانیاری دا بە لایەنی ڕووسیش. بەڵام لەبەر ئەوەی عەشیرەتی جەلالی لە دیوی ئێرانیش بەهەمان شێوە کێشە و گرفتی دەخولقاند، نەتوانرا چارەسەرێکی گونجاو بدۆزرێتەوە. ئەو ڕووداوە خۆجێییانە بوون بە هۆی بەردەوامبوونی کێشەکانی سنووری نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێران و هەمیشە کاریگەری بەسەر ئەو سیاسەتەوە هەبوو کە دەوڵەتی عوسمانی لە کوردستان پەیڕەوی دەکرد. لەلایەکی ترەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئاڵۆزییەکانی هەرێمەکە تەنیا لە چوارچێوەی مەسەلەی

عەشیرەتەکانی سەرسنووردا نەبووە. خەلیل کەمال پاشای والیی ئەرزەڕۆم لە ڕاپۆرتی ١٨٤٢/١/٩دا ڕوونی دەکاتەوە چ لە ناو ئەرزەڕۆم و چ لە ناوچەکانی دەوروبەر نائارامی کە ئەو بە "بزووتنەوەی چەتە" ناوی دەبات، درێژەی هەیە.[٢٣٦]

## گرێدانی سنجەقی جزیرە بە موسڵەوە و پەیوەندیی نێوان محموود خان و بەدرخان بەگ

بێگومان پەیوەندیی نێوان مەحموود خان و بەدرخان بەگ ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە دوایین گەورەترین بەرخودانی کورددا کە ساڵی ١٨٤٧ سەرکوت کرا و دابڕینی جزیرەش لە دیاربەکر و لکاندنی بە موسڵەوە ڕۆڵێکی گەورەی لە پەیوەندیی نێوان ئەو دوو میرەدا هەبوو. ئەوە یەکێك بوو لە ئەنجامەکانی دابەشکردنی سەرلەنوێی زەوی بەپێی فەرمانی تەنزیمات، بەڵام بەدرخان بەگ پێی پەسەند نەکرا و ئەو ڕەوشە بوو بە هۆی دوورەکەوتنەوەی ئەو لە عوسمانییەکان. بەدرخان بەگ ساڵی ١٢٥٨ (١٨٤٢) وەك "موتەسەلیم"ی قەزاکانی جزیرە، بۆتان، حاجی بەهرام و میدیات تێکڕا ١٧٠٠ توورەکە باجی دا بە والییەکانی موسڵ و دیاربەکر. لە ساڵی ١٢٥٩ (١٨٤٣)شدا سەرجەم ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی بەدرخان بەگ خرانە سەر موسڵ و ٢٠٠٠ توورەکە باجیان خرایە سەر. بەدرخان بەگ ئەگەرچی ئەو ڕەوشەی بەدڵیش نەبوو، بەڵام بۆ ئەوەی خزمەتەکانی ڕابردووی بەفیڕۆ نەچێت، بە نارەزای دڵ پەسەندی کرد و بە ئاشکرا ڕەزامەندیی خۆی بە والییەکانی بەغدا و موسڵ ڕاگەیاند.[٢٣٧] بەدرخان بەگ ڕوونی دەکاتەوە گومانی لە محەمەد پاشای والیی موسڵ هەیە و بۆ والیی ئەرزەڕۆمی نووسیوە ئەگەر ناوچەکانی ئەم بخرێنە سەر ئەرزەڕۆم، ئەوا ئەم لای بڕی باج بەخشین زیاد دەکات.[٢٣٨] هەبوونی گومانی بەدرخان بەگ لە والیی موسڵ و ویستی ئەو بۆ نەچوونە ژێر دەسەڵاتیی ناوبراو کێشەیەکی گەورەی لێ

کەوتـەوە و بـوو بـە هـۆی ئـەوەی والیـی موسـڵ بـەردەوام نامـەی نـەرێنی سەبارەت بە میری جزیرە بنووسێت.

کاری سەرەکیی پاشاکانی عوسمانی لەو قۆناغـە نوێیـەدا بـریتی بـوو لـە هەڵوێستەکردن لە ئاست پەیوەندیی نێوان بەدرخان بـەگ و مـەحموود خـان. بەدرخان بەگی هەڵگری پلەی میرئالای بە داشکانەوە بەلای مـەحموود خـانی یاخیبوودا تاوانبار دەکرا. والیی ئەرزەڕۆم خـەلیل کـەمال پاشـا لـە ڕاپـۆرتی ۱۸٤۲/۱/۷دا [۲۳۹] زانیاریی سەبارەت بە مەحموود خـانی سـەرهەڵداو دەدات و تاوانیش دەخاتە پاڵ بـەدرخان بـەگ. کـەمال پاشـا ڕوونـی دەکاتـەوە حـافز پاشا لە سـەروبەندی بەسـەرکردنەوەی دەوروبـەری دیاربـەکردا متمانـەی بـە بەدرخان بەگ کە قەزاکانی جزیـرە و بۆتـانی سـەر بـە موسـڵ خراونەتـە ژێـر دەسەڵاتی و پلەی میرئالای پێ دراوە، کـردووە و سـەبارەت بـە دووبـارە بـە هاتنەوە سەر دەسەڵاتی مەحموود خان لە هەرێمەکـە، ڕاوێـژی پـێ کـردووە. کەمال پاشا لەو بارەیەوە دەنووسێت:

"حـافز پاشـا کـە دواتـر بـوو بـە مووشـیری ئـەرزەڕۆم، لەبـەر ئـەوەی بەدرخان بەگ هەر لە ئەزەلەوە هاوپەیمان بووە، ئەم پـشتی بـە ڕاوێـژەکانی بەست سەبارەت بە سەرکێشی عەشیرەتی لای وان مەحموود خـان و عەبـداڵ خـانی بـرای و قـەزا و ناوچـەکانی هاڤاسـۆر، کاڤـاش، وەسـتان، قارچـکان، مەحموودی، ئاکچەقالە و مویکویسی بەو ناوبراوانە بەخشی."

وەك ئـەوەی والییـەکانی موسـڵ و دیاربـەکریش دواتـر هـەوڵیان بـۆ دا، کــەمال پاشــا نــاڕازی بــووە بــە مانــەوەی دەســەڵاتی بــەدرخان بــەگ و ویستوویەتی پەیوەندی لە نێوان ئەو و مەحموود خانی سەرهەڵدێردا دابنێت. ڕاستیش ئەوەیە بەدرخان بەگ هەرچەندە بەفەرمی ددانی پێدا نەناوە، بەڵام لە بەرخودانی سـاڵی ۱۸٤۱ی مـەحموود خانـدا دوژمنایـەتیی کـۆنی لاداوەتـە لاوە و لەگەڵ مەحموود خاندا پەیوەندی داناوە. بێگومان هـەنگاوی یەکـەمی ئەو ڕێککەوتنە ئەو کاتە پێك هـات کـە مـەحموود خـان و پیاوەکـانی چـوونە جزیرە و لەوێ چاوی بە بەدرخان بەگ کەوت.[۲٤۰] والیی ئەرزەڕۆم هەوڵی داوە

بیسەلمێنێت میرئالای بەدرخان بەگ لەگەڵ مەحموود خانی یاخیبوودا لە پەیوەندیدایە و لەو بارەیەوە دەنووسێت:

"تەنانەت میرئالای بەدرخان بەگ لە ڕابردوودا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر سەربازدا چووەتە ماڵی مەحموود خانی ناوبراو و بوو بە میوانی."

کەمال پاشا بەردەوام دەبێت و دەڵێت بەدرخان بەگ لە بازنەی گوێڕایەڵی و پابەندبوون دەرچووە و ئەگەرچی سەر بە والیی موسڵە، بەڵام لە فەرمانی والی دەرچووە.

عەبدال خانی برای مەحموود خان زۆر بە گەرمی بۆ هەنگاوەکانی دۆستایەتیی نوێی نێوان بەدرخان بەگ و مەحموود خانی نەدەڕوانی و هیچ کاتێك لە میرەکانی جزیرە و بۆتان خۆش نەبوو، چونکە ئەوان لە ساڵی ١٢٥٤ (١٨٣٨)دا بووبوون بە هۆی دۆڕانی مەحموود خان لە بەرانبەر عوسمانییەکان. لەو سۆنگەیەوە عەبداڵ خان بەردەوام هەڵوێستێکی سارد و مەوداری لە بەرانبەر بەدرخان بەگ گرتەبەر و هیچ بە گەرمی بەپیر ئەو دۆستایەتییەوە نەچوو کە کاکی لەگەڵ میری جزیرەدا دانابوو. وەك لە بەشەکانی داهاتوودا دەرەکەوێت، ئەو ڕەوشە هۆکارێکی گرنگ بوو لە دیاریکردنی چارەنووسی بەرخودانی مەحموود خاندا کە ساڵی ١٨٤٧ بڕایەوە.

پێگەی میرئالای بەدرخان بەگی میری جزیرە چ لە ناو کورددا و چ لەسەر ئاستی دەوڵەتی عوسمانی خاڵێکی گرنگ بوو. بەدرخان بەگ بەو خزمەتانەی کە چەندین ساڵ بوو پێشکێش بە دەوڵەتی دەکرد، بووبوو بە یەکێك لە میرە بەهێزەکانی کوردستان. بەڵام کاتێك دەڤەری جزیرە لە دیاربەکر دابڕدرا و خرایە سەر موسڵ، کێشە لە نێوان بەدرخان بەگ و دەوڵەتی عوسمانیدا سەری هەڵدا. تاوانبارکردنی میری جزیرە بە دانانی پەیوەندی لەگەڵ بەرخودانەکانی مەحموود خان و ئیسماعیل پاشادا، ئەگەرچی خۆی ئەوەی ڕەت دەکردەوە، میری خستە دۆخێکی دژوارەوە. بەتایبەتی محەمەد پاشای والیی موسڵ بەدرخان بەگی بە پشتیوانیکردن لە مەحموود خان و ئیسماعیل

پاشا و هاندانیان تاوانبار دەکرد. ژمارەیەکی زۆر نووسین و نامەگۆڕینەوەی چ بەدرخان بەگ و چ والییەکانی هەرێمەکە لەو بارەیەوە لە ئارادا هەن. بەدرخان بەگ "لە بەرانبەر بانگەشەکانی سەبارەت بە یارمەتیدانی مەحموود خان لە پەلاماردا بۆ سەر بتلیس"، بەکورتی چەندین جار ڕوونی کردووەتەوە کە هیچ پەیوەندییەکی بەو دوو بەرخودانەوە نییە و ئامادەیی دەربڕیوە ئەگەر پێویست بکات ئامادەیە تەنانەت لە سەرکوتکردنی بەرخودانەکاندا خزمەتی دەوڵەت بکات. هەمان کات چەندین جار ڕوونی کردووەتەوە کە گومانی لە محەمەد پاشا هەیە و داوای کردووە جزیرە سەرلەنوێ بخرێتەوە سەر دیاربەکر.

### بڕیارەکانی دەرسەعادەت سەبارەت
### بە پەیوەندییەکانی نێوان مەحموود خان و بەدرخان بەگ

ئەو ڕاپۆرتانەی لە والیی ئەرزەڕۆمەوە گەیشتبوونە ئیستانبوڵ و نووسراوەکانی تایبەت بە بەرخودانی مەحموود خان و پشتیووانیی ئێران و میرە کوردەکانی تر بۆ مەحموود خان و "ئەمری عالی"ی داواکراو، لە "مەجلیسی عالی" و "مەجلیسی ڤالا" تاوتوێ کران و چەندین بڕیاری جۆراوجۆر سەبارەت بە پێشگرتن لە بەرخودانەکە و ڕێگرتن لە تەشەنەکردنی درا.[241] ئەوەی هەرە زیاد لێپرسراوانی عوسمانی لەسەری ڕاوەستاون و گومانیان لێی هەبووە، ئەگەری هەبوونی هاوپەیمانی بووە لە نێوان بەدرخان بەگ و مەحموود خاندا. لێپرسراوانی عوسمانی کە چەندین ساڵ لەسەر بنەمای پڕوپاگەندە لە هەرێمەکە کاری زۆریان بە بەدرخان بەگ ڕاپەڕاندبوو، لە مەترسیی ئەو ڕەوشە بەئاگا بوون و دڵیان لێی ڕەنجابوو و هەوڵیان دەدا پێش لەو ئەگەرە بگرن. لەو بارەیەوە نامە نێردرا بۆ والییەکانی ترابزۆن، ئەرزەڕۆم، سیواس، دیاربەکر و موسڵ و ئامانج لەو هەنگاوە بە پلەی یەکەم ئەوە بوو پێش لە پەیوەندیی نێوان بەدرخان بەگ و مەحموود خان بگیرێت و

بـە شـێوەیەك لـە شـێوەكان دڵـی بـەدرخان بـەگ بدرێتـەوە. لـەو ڕووەوە گەورەترین هەوڵدان لە وەجیهی پاشای والیی دیاربەكر چاوەڕێ كرا. داوا لـە والیی ئەرزەڕۆم كرا كاری پێویست بكات بەمەبەستی ئەوەی مـەحمود خـان بەلای ئێراندا با نەداتەوە، هەمان كات قەڵای وان بپارێزێت و قـەڵای خۆشـاب ڕزگار بكات. فەرمان بە والییەكانی تریش درا ئەگەر پێویستی كرد، ئامادە بن بۆ ناردنی سەرباز. یاداشتی ئاماژە بۆ كـراو خرایـە بەردەسـتی سـوڵتان و لـە مێژووی ٢٣/M/١٢٥٨ (١٨٤٢/٣/٦)دا وەك "ئیرادەی سەنییە" پەسەند كرا و نێردرا بۆ سەرجەم والییەكانی هەرێمەكە بە والیی ترابزۆنیشەوە.

بەدرخان بـەگ لـە نامەیەكـدا[٢٤٢] كـە ڕۆژی ١٨٤٢/٤/٢٠ لـە ڕێـی یووسـف ئەفەندییـەوە بـۆ وەجیهـی پاشـای والیـی دیاربـەكری نـاردووە، بـە ئاشـكرا دەریبڕیوە كە قەزای جزیرە لە دیاربەكر دابڕدراوە و خراوەتـە سـەر موسـڵ و دەنووسێت ئەوان بـەو ڕەوشـە نیگـەرانن و هـەمان كـات لـە محەمـەد پاشـای والیی موسڵ دەترسن. هاوكات باسی ئەوەی كردووە كە لـە بەدبـەختیی ئـەو ئیسماعیل پاشای ئامێدی لە دەست محەمەد پاشا هـەڵهاتووە، گەیـشتووەتە جزیـرە و گوتوویـەتی دەیـەوێت بـچێت بـۆ ئیـستانبوڵ، بـەڵام دواتـر بەهـەر شـێوەیەك بێـت ڕووی لـە بادینـان كـردووە و دەسـتی داوەتـە بـەرخودان. بەدرخان بەگ دەنووسێت محەمـەد پاشـای والیـی ئیـستانبوڵ لێپرسـراوێتیی ئەو ڕووداوەی خستووەتە ئەستۆی ئەم و لەو ڕووەوە نەفرەت لەم دەكات.

بەدرخان بەگ بە زمانێكی یەكلاكـەرەوە گـشت تۆمەتـەكانی تایبـەت بـە هەبوونی پەیوەندی لەگـەڵ ئیـسماعیل پاشـادا ڕەت دەكاتـەوە و ئامـاژە بـۆ مەسەلەی مەحموود خانیش دەكات. بـەدرخان بـەگ ئـەو زانیارییانـە بـە درۆ دەخاتـەوە كـە گەیەنـدراون بـە مووشـیری ئـەرزەڕۆم و بـاس لـەوە دەكـەن مەحموود خان لەسەر پێشنیاز و بە هاندانی ئەم دەستی دابێتـە بـەرخودان و دەیان جار دووبارەی دەكاتەوە كـە ئـەو بەدرێـژاییی چـەندین سـاڵ پابەنـدی دەوڵەت بووە و بە پابەندیش دەمێنێتەوە. والیەكانی موسڵ و ئەرزەڕۆم نامە بـۆ بـەدرخان بـەگ دەنێـرن و بـەوە تاوانبـاری دەكـەن كـە پەیوەنـدی بـە

بەرخودانـەکانی هەرێمـەکانی ئەوانـەوە هەیـە. ئـەمیش بـۆ والییـەکانی ڕوون دەکاتەوە هـیچ پەیوەندییـەکی بـە بـەرخودانی مـەحموود خـان و ئیـسماعیل پاشاوە نییە و ئاگای لێیان نییە و دەڵێت ئەگەر نامە، یان پیـاوێکی ئـەم لای ئەوان بدۆزرێتەوە و هەبوونی پەیوەندیی ئەم بە ئەوانەوە بسەلمێندرێت، ئەوا ئەم هەموو شێوازێکی سزادان پەسەند دەکات.

بەدرخان بەگ دەڵێت ئەو لـەو کاتـەدا لەلایـەن سـێ والییـەوە[٢٤٣] تـەنگاو کراوە و ڕوونی دەکاتەوە تکای لە دەرسـەعادەت کـردووە جزیـرە بخرێتـەوە سەر دیاربەکر، بەڵام هێـشتا وەڵامـی وەرنەگرتووەتـەوە. بـەدرخان بـەگ بـە ئاشکرا دەڵێت ئەگەر تکاکەی پەسەند بکرێت، ئەوا لە جزیـرە دەمێنێتـەوە و لەسـەر خزمـەتکردن بـەردەوام دەبێـت، ئەگـەر پەسـەندیش نـەکرێت، ئـەوا بێهوودە لە جزیرە نامێنێت و لەگەڵ بنەماڵەی خۆیدا بۆ دیاربەکر بار دەکـات و لەوێ نیشتەجێ دەبێت. دیارە بەدرخان بەگ زۆر نیگەران بووە بـە قـسە و قـسەلۆکی تایبـەت بـە هـەبوونی پەیوەنـدیی ئـەو بـە یاخیبوونەکانـەوە و لـە کۆتاییی نامەکەیدا دەنووسێت باشترین چارەسەر ئەوەیە بچێت لـە دیاربـەکر دابنیشێت و ئەمە باشترە لـەوەی کـە مووشـیرەکانی ئـەرزەڕۆم و موسـڵ بـە قسەی کەسانی دەوروبەریان ناوی ئەم بلکێنن بە یاخیبووانەوە.

وەك دەبیندرێت، بەدرخان بەگ هەبوونی پەیوەندی بە بەرخودانەکانەوە ڕەت کردووەتەوە و تەنانەت ڕایگەیاندووە جزیرە کە ئەم خۆی موتەسـەڕیفی بـووە، ئەگـەر لەسـەر موسـڵ بمێنێتـەوە، ئـەوا ئـەم بەتـەواوی دەسـت لـە بەگایەتی هەڵدەگرێت و بۆ دیاربەکر بار دەکات.

والیـی دیاربـەکریش وەك کەسـێکی شـارەزای ئـەو کێـشەیە ڕاپـۆرتی سـەبارەت بـە گرنگیـی کێـشەکە بـۆ دەرسـەعادەت نووسـیوە و ڕوونـی کردووەتەوە کە هەوڵی داوە بۆ هێورکردنەوەی بەدرخان بـەگ و ڕێگـرتن لـە تێوەگلانی لە بەرخودانی کورد. والیی دیاربەکر لە وەڵامی نامەکەی بەدرخان بەگدا نامەیەك[٢٤٤] دەنووسێت کە مێژووی ١٨٤٢/٥/٨ی بەسەرەوەیە و تیایـدا ڕوونی دەکاتەوە لە دەرسەعادەت بڕیـار دراوە جزیـرە سـەرلەنوێ بخرێتـەوە

سەر دیاربەکر، بەڵام لەبەر چەند هۆیەك فەرمانەکە تا ئەو کاتە هێشتا نەگەیشتووە و چاوەڕێ دەکرێت لەو ڕۆژانەدا بگات.

والیی دیاربەکر بۆ بەدرخان بەگی ڕوون دەکاتەوە کە کەسێکی ڕاستگۆیە، هیچ پەیوەندییەکی بە مەحموود خان و ئیسماعیل پاشاوە نییە و دەزانێت تەنانەت ئەگەر پێویست بکات، ئامادەیە لە ڕووی لە گۆڕینانی ئەو گرفتانەوە خزمەت بکات و ئەگەر بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکات، کەس زیانی پێ ناگەیەنێت و هێز و ناوبانگی زیاد دەکات و دەستی هاوکاری بۆ درێژ دەکرێت.

وەجیهی پاشا ڕوونی دەکاتەوە بەدرخان بەگ کەوتووەتە دۆخێکەوە کە گرێدراوی سێ پاشایە و لەم ڕووەوە گلەیییەکانی میری جزیرە بە ڕاست دەزانێت و دەڵێت والیی ئەرزەڕۆم هیچ پەیوەندی بە هەرێمەکەوە نییە و تەنیا بە هۆی بەرخودانی مەحموود خانەوە پەیوەندی بەمانەوە کردووە، هەروەها دەنووسێت ئەو دەزانێت ئەگەر دەوڵەت مۆڵەت بدات، بەدرخان بەگ تا ڕادەی سەرکوتکردنی بەرخودانی مەحموود خان ئامادەی خزمەتە لە کاتی پێویستدا.

والیی دیاربەکر لە درێژەی نامەکەدا بۆ بەدرخان بەگ دەنووسێت لەبەر ئەوەی گوێڕایەڵی دەوڵەتە و بە هۆی ئەوەی جزیرە لەو کاتەدا سەر بە ویلایەتیی موسڵە، ئەگەر والیی موسڵ داوای سەرباز و داوای تری لێی هەبوو، پێویستە ئەم داخوازەکان بە شێوەیەکی ئاسایی وەربگرێت. وەجیهی پاشا بە پێداگرتنەوە داوای لە بەدرخان بەگ کردووە ڕاستگۆیانە لەگەڵ دەوڵەتدا کار بکات، تا گەیشتنی فەرماننامەی تایبەت بە جزیرە دڵ لە دڵ نەدات و لە خزمەتکردن بەردەوام بێت.

بەدرخان بەگ وەك ئەوەی بۆ دەوڵەتی عوسمانیشی ڕوون کردووەتەوە، هیچ پەیوەندییەکی بە بەرخودانەکانەوە نەبووە و تەنانەت هەوڵی داوە بۆ ڕاگرتنیان. هەروەها لەسەر ویستی خەلیل کەمال پاشای والیی ئەو سەردەمەی ئەرزەڕۆم لە نێوان دەوڵەت و مەحموود خاندا ناوبژیی کردووە.

لـه نامەیـەکی تـری بـەدرخان بەگـدا[٢٤٥] کـە لـە ١٨٤٢/٤/٢٠ بـۆ والیـی دیاربـــەکری نووســـیوە، ڕوون دەبێتـــەوە مـــەحموود خـــان بەمەبەســـتی گوێڕایەڵبوونی دەوڵەت لە ڕێی بەدرخان بەگەوە نامەیەکی بـۆ خـەلیل کـەمال پاشای والیی ئەرزەڕۆم ناردووە. کەمال پاشا، مـەحموود خـانی بـە "ناپـاك" ناوبردووە. بەپێی ئەو نامەیە، ئەگەر گوێڕایەڵبوونی مەحموود خـان پەسـەند بکرێت، ئەوا پێویستە زیان بە خۆی، بنەماڵـەی، سـامان و گیـان و نامووسـی نەگات. ئەگەر ئارەزوو بکات لای کەمال پاشای مووشیری ئەرزەڕۆم، یـان لـە دەرسەعادەت نیشتەجێ دەکرێت. بەدرخان بەگ ڕوونی دەکاتەوە مووشـیری ئەرزەڕۆم نامەکەی پێ گەیشتووە و دەڵێت خۆیـشی هـەوڵی داوە بـۆ ئـەوەی مەحموود خان پابەندی دەوڵەت بێت و لەو ڕووەوە دەنووسێت:

"پێشتریش بەتایبەت لەلایەن بەندەی خۆتانەوە پیاو ڕەوانە کـرا بـۆ لای ناوبراو بەمەبەستی گێڕانـەوەی بـۆ نـاو بازنـەی گوێڕایـەڵی. بەنـدەی خۆتـان بەهەموو شێوەیەك هەوڵی داوە و ئامۆژگـاری کـردووە و هەرچـی لـە دەسـتی هاتووە، کردوویەتی تا لەو نەگونجانە پاشگەز بێتـەوە کـە وێـراوێتی دەسـتی بداتێ، بەڵام ناوبراو (مەحموود خان) نەیتوانیوە ئاسایشی گیانی خۆی دابین بکات."

بـەدرخان بـەگ ڕوونـی دەکاتـەوە دیـسانەوە پیاوەکـانی خـۆی ڕەوانـە کردووە بۆ لای مـەحموود خـان بـۆ ئـەوەی نامەکـەی خـەلیل کـەمال پاشـای بدەنێ و ئامۆژگاری بکەن و لەو بارەیەوە دەنووسێت:

"ئەگەر ناوبراو (مەحموود خان) ئەم جارەش ئامۆژگاری پەسـەند نـەکرد و لەو نەگونجانە پاشگەز نەبێتەوە کە وێراوێتی دەستی بداتێ، ئەوا ئەگـەر چ لەلایـەن حـەزرەتی مووشـیری ئـەرزەڕۆم، یـان چ لەلایـەن زاتـی دەوڵەتـەوە مۆڵەت بەم بەندەیەی خۆتان بدرێت، ئەو کاتە هیچ کێماسییەك لە ڕاستگۆیی و خزمەتی بەندەتاندا ڕوو نادات."

بەدرخان بەگ بە ئاشکرا ڕوونی دەکاتەوە ئەگەر مۆڵەتی پـێ بـدرێت بـۆ لە ئارادا نەهێشتنی مەسەلەی مەحموود خـان، ئـەوا ئەگـەر بـە بـەکارهێنانی

هێزیش بووبێت، ئەو کارەی پێ مەیسەر دەکرێت. وەجیهی پاشا نامەیەکی لە وەڵامی ئەو نامەیەی سەرەوەی بەدرخان بەگدا نووسیوە و وێنەی نامەکە بە مێژووی ١٨٤٢/٥/٨ لە ئەرشیڤەکاندا پارێزراوە.[٢٤٦] نامەکەی وەجیهی پاشا بەم جۆرە دەست پێ دەکات:

"بەمەبەستی ئەوەی مەحموود خان لەو نەگونجانە پاشگەز بێتەوە کە ویراوێتی دەستی بداتێ و بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی دەوڵەتی عەلییە شوێنی ئاسوودەیی بێت، پێشتر لەلایەن سەعادەتی دەوڵەتی عەلییەوە پیاو نێردرایە کنی و دواتریش لەلایەن حەزرەتی برامان مووشیری ئەرزەڕۆم خەلیل کەمال پاشای دەوڵەتییەوە فەرمانێك بۆ ناوبراو نێردرا کە ''ڕای و ئەمانی''[٢٤٧] لە خۆ دەگرێت. لەبەر ئەوە؛ بۆ ئەوەی دووبارە ناوبراو ئامۆژگاری بکرێت و بهێندرێتەوە ژێر باری گوێڕایەڵی و بهێندرێتە لای ئێوە، فەرمانی ئاماژە بۆ کراو و پیاو بنێرن بۆ لای و بەهەموو شێوەیەك هەوڵ بدەن بۆ دڵنیاکردن و دڵدانەوە و هێنانەوەی بۆ ژێر باری گوێڕایەڵی. ئەگەر ئامۆژگاری پەسەند کرد، دەنێردرێت بۆ کن من، یان بۆ لای حەزرەتی ''موشارون ئیلەیهی'' (خەلیل کەمال پاشا). خۆ ئەگەر هەر گوێی نەگرت و لەسەر نەگونجانی خۆی بەردەوام بوو، ئەوا لە نامەی لە ئێوەوە هاتوودا زانیمان داوای مۆڵەت دەکەن بۆ لێکۆڵینەوە لە پێویستیی بەکارهێنانی هێز."

وەجیهی پاشا خۆشحاڵیی خۆی لە بەرانبەر خزمەتەکانی بەدرخان بەگ و هەوڵەکانی ئەو لەو بوارەدا دەردەبڕێت و دەڵێت ئەگەر مەحموود خان پابەند و گوێڕایەڵی دەوڵەت بێت، لە دنیا و لە قیامەت ئاسوودەیی دەبینێتەوە و هیچ زیانێك بە سامان و ژیانی ناگات. وەجیهی پاشا داوا لە بەدرخان بەگ دەکات بۆ مەحموود خان بنووسێت، کە لە ئەگەری گوێڕایەڵیدا نەکەوێتە دوودڵی و ترسەوە و ئەگەر دەخوازێت، با لە پێشدا بچێتە کن بەدرخان بەگ و پاشان لەوێوە ڕوو لە دیاربەکر بکات، یان ئەگەر دەخوازێت یەکسەر بچێتە وان، یاخۆ لای مووشیری ئەرزەڕۆم و دەتوانێت داوای دەستەودامێنبوون بکات و هیچ زیانێکی پێ ناگات.

بابـەتێکی تـر کـە لـە نامەکـەی وەجیهـی پاشـادا ئامـاژەی بـۆ کـراوە، پەیوەسـتە بـەو هێـزە سـەربازییانەی کـە لـەو سـەردەمەدا لـە مووشـەوە نێردرابوونـە سـەر مـەحموود خـان. لـە نێـوان یەکینـە سـەربازییەکانی لـە مووشەوە نێردراو و هێزەکانی مـەحموود خانـدا بـە فەرمانـدەیی یـەکێك لـە براکـانی خـان شـەڕ ڕووی دا و ئـەو هێزانـەی کرابوونـە سـەر مـەحموود پاشەکشەیان پێ کرا.[248]

وەجیهی پاشا داوا دەکات بەدرخان بەگ بۆ مەحموود خان بنووسێت کە وا بیر نەکاتەوە دەوڵەت لە پای ئەو شەڕە لێی خۆش نابێـت، چـونکە ئەوانـە هەر چۆنێك بێـت سـەربازی باشـبوزوق (سـەربازی مووچـەوەرگر... وەرگێـڕ) بوون و دەوڵەت بایەخ بەو شەڕە نادات.

بە بۆچوونی وەجیهی پاشا، ئەگەر مەحموود خان سـەرەڕای گشت ئـەو هەنگاوانە گوێ لە قسە نـەگرێت و پـێ دابگرێـت و شـەڕ و شـتی لـەو جـۆرە بکات، ئەوا ئەو بڕیارەی کە بۆ دەرچووە، حسابی پووچەڵکراوی بۆ دەکرێت. لـەو حاڵەتـەدا بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو مەسـەلەیە قسە لەگـەڵ مووشـیری ئەرزەڕۆمـدا دەکرێـت، ئـەوەی پێویسـت بێـت دەکرێـت و بـەدرخان بـەگ بـە ژمارەی پێویستی سەربازەوە ئـەرکی چارەسـەرکردنی ئـەو مەسـەلەیەی پـێ دەسپێردرێت.

وەك دەبیندرێت، سـێ پاشـای گـەورەی کوردسـتان بـەدوای بـەرخودانی مـەحموود خانـەوە بـوون و سـەرەڕای هـەموو شـتێك دەوڵـەت ڕێگەچـارەی پەلاماری سەربازی بۆ سەر مەحموود خـان هێـشتووەتەوە بـۆ هـەرە دوایـی. بەدرخان بەگیش کە نەیویستووە پێگەی خۆی لە جزیرە ون بکات و لە هێڵی دەوڵـەت لا بـدات، هـەوڵێکی تایبـەتی داوە بـۆ چارەسـەرکردنی مەسـەلەی مەحموود خان.

ڕووداوی ئەو سـەربازانەش کـە لای مووشـەوە کرابوونـە سـەر مـەحموود خان، وەك ئەوەی لە کتێبی پێشووترماندا[249] ئاماژەمـان بـۆ کـردووە، بـریتی بوو لە مەسەلەی عەشیرەتەکانی هەلاجی و ڕۆژکی کە بـە فەرمانـدەیی مـەم

ئاغا لای مووش و بتلیسەوە هێرشێکی کتوپڕیان کردە سەر مەحموود خان. وەك ئاشکرا دەبێت، ئەو پەلامارە بە ئاگاداریی والیی ئەرزەڕۆم و بە فەرمانی قایمقامی مووش ئەنجام دراوە. ئەو یەکینە سەربازییانە تا قەڵای پاخڤاسی ناوچەی کاڤاش کە شوێنی مانەوەی مەحموود خان بوو، پێشڕەوییان کرد. بەڵام عەبداڵ خان بە خۆی و ئەسپسوارە بەناوبانگەکانی هەردوو عەشیرەتی شکاکی و محەمەدییەوە[250] بە هانای کاکییەوە چوو، هێزەکانی مەم ئاغای تێکشکاند و تا تەتوان ڕاوی نان.[251]

وەك دەبیندرێت میری جزیرە میرئالای بەدرخان بەگ بە هۆی بەرخودانەکانی کوردەوە لە باشوور و باکوور لە ڕەوشێکی دژواردا بووە. هەرچەندە لە خزمەتکردنی دەوڵەتدا کێماسی نەنواندووە، پاشاکانی عوسمانی بەردەوام بە چاوی گومانەوە بۆیان ڕوانیوە و ڕوون دەبێتەوە کە گومانی هەبوونی پەیوەندی لە نێوان بەدرخان بەگ و میرە کوردەکانی تردا لەناو نەچووە. لە ڕاستیدا بەدرخان بەگ لە گومانکردندا لە محەمەد پاشای والیی موسڵ لەسەر هەق بوو. وەك ئەوەی لە نامەکانی دواتریدا ڕوون دەبێتەوە، محەمەد پاشا بە هۆی ڕەفتارەکانییەوە کەوتووەتە بەر نەفرەتی کوردەکانی هەرێمی باشوور و نەك تەنها کوردەکانی ئامێدی، بگرە خەڵکی موسڵیش حەزیان بە چارەی نەکردووە و ئەویش لەو سۆنگەیەوە لە قشڵەیەکی دەرەوەی موسڵ کە بە سەلامەتتری زانیوە، نیشتەجێ بووە.[252]

والیی دیاربەکر لە سەرێکەوە لە هەرێمەکە ئامادەکاریی سەربازی ئەنجام دەدا بۆ سەرکوتکردنی بەرخودانەکانی کورد لە ناو سنووری ویلایەتی موسڵدا[253] و لە سەرێکی ترەوە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی دەدا کە بە هۆی گرێدانی جزیرە بە موسڵەوە لەگەڵ بەدرخان بەگدا سەریان هەڵدا بوو.[254]

هاوکات لەگەڵ سەرجەم ئەو ڕووداوانەدا، والیی موسڵ پێشهاتەکانی تایبەت بە هەرێمەکە و بەرخودانی ئیسماعیل پاشای ئامێدیی بە دەرسەعادەت گەیاندووە. نامەی والیی موسڵ لە ١٨٤٢/٤/٢٦دا زانیاریی

بـەرفراوان سـەبارەت بـە بـەرخودانی ئیـسماعیل پاشـا لـەخۆ دەگرێـت.[٢٥٥] محەمەد پاشا دوای ئاماژەکردن بۆ ڕەوشی ''عەسکەری نیزامیە'' کـە بڕیار بووە لای دیاربەکر و مادەنەوە بۆ هەرێمی بەغدا ڕەوانە بکرێن و پاش ئەوەی ڕوونی دەکاتەوە هەروەك چۆن تا ئێستا لە خزمەتکردنی والیـی بەغدا عـەلی ڕەزا پاشادا کەمتەرخەمی نەنواندووە، لەمەودواش وەك پێویست لە خزمـەتی نـەجیب پاشـای والیـی نـوێی بەغـدادا دەبێـت. ئـەمجار دێتـە سـەر باسـی بەرخودانەکانی کورد لە هەرێمی ژێر دەسەڵاتی خۆی:

"وەك ئـەوەی لـە ڕابـردوودا بـۆ ''هـەقپای وەکالەتپـەنا''م نووسـیبوو، ئیسماعیل پاشای ئامێدی، لەگـەڵ هەندێك کـەس و کـوردە یاخیبووەکـان و عەشیرەتەکانی ئامێدیدا هاوپـەیمانی بەسـتووە و ئـەمجار دەسـتیان داوەتـە ئاژاوەگێڕیی جۆراوجۆر. تەنانەت دەستوپێوەندەکانی موتەسـەلیمی ئامێـدی لەبەر ئەوەی لە تایەفەی کوردن، ناپاکییان لە موتەسەلیم کردووە و لە کاتی شـەودا حەوتـسەد هەشتـسەت سـەربازی کوردیـان بردووەتـە نـاو قـەڵاوە. ئیـسماعیل پاشـا دووسـەد و پـەنجا سـەربازی ''عەسـکەری زابیتـە''ی پاسەوانی ناوەوەی قەڵای کوشتووە و دوای ئەوەی دەسـتی گرتـووە بەسـەر قەڵاکـەدا، فـەرمان و بڕیـاری سـەختەی بـۆ هـەموو لایـەك نـاردووە و گوتوویـەتی:— فـەرمانی والیـی موسـڵە و لەلایـەن دەوڵـەتی عەلییـەوە بـۆم هاتووە! پێنج شەش هـەزار جـڕ و جانـەوەری کـۆ کردووەتـەوە و بـە نیـازی هـاتن بـەرەو موسـڵ چـەتەگەریی نوانـدووە و زۆربـەی گونـدەکانی سـەر بـە موسڵی تالان کردووە."

محەمەد پاشا ئەرکی سەرکوتکردنی ئـەو بەرخودانـەی داوە بـە مـستەفا پاشـای بـرازای و خەزێنـەداری خـۆی و نووسـیوێتی لـە کـاتی شـەڕەکانی پەلاماری سەر ئامێدیدا ئیسماعیل پاشـای "ناپـاك" بـەرگری کـردووە. پاشـا ڕوونـی دەکاتـەوە تـا قـەڵای ئامێـدی لـە کوردەکـان نەسـێندرێتەوە، ئـەو بەرخودانە سەرکوت ناکرێت، بۆیە داوای کردووە ئـەو سـەربازە ڕێکخراوانـەی

کە بڕیار وایە لە دیاربەکر و مادەنەوە بۆ بەغدا بنێردرێن، بەپەلە ڕەوانەی موسڵ بکرێن.

وەك ئەوەی محەمەد پاشاش ئاماژەی بۆ کردووە، ئیسماعیل پاشای ئامێدی بەرگری کردووە و دوای دەستگرتن بەسەر قەڵای ئامێدیدا نامەی جۆراوجۆری بە فارسی سەبارەت بە گرتنی قەڵای ئامێدی و قەڵاکانی دەوروبەر بۆ زۆر کەسایەتیی ناوداری کوردی ئەو دەڤەرە ناردووە، بەدوای شێوەیەك لە هاوپەیمانیدا گەڕاوە و مەیدانبازی لەگەڵ والیی موسڵدا کردووە. ئیسماعیل پاشا لەو نامانەدا کە بۆ ڕەسووڵ بەگی برای میر محەمەدی کۆچکردووی میری پێشووتری ڕەواندوز و بۆ نوورڵڵا بەگی میری هەکاری ناردووە، ئاماژەی کردووە بۆ ئەوەی کە بابەتەکە مەسەلەی کوردستانە. لە ڕاستیدا کێشەی میرەکانی ئامێدی لەگەڵ دەڵەتی عوسمانیدا مێژوویەکی کۆنی هەبوو، پێشتر لە سەردەمی ئینجە بایراقدار محەمەد پاشای والیی موسڵدا کاتێك ئامێدی خرایە سەر موسڵ، بنەماڵەی میری ئامێدی ناچار کرا لە موسڵ نیشتەجێ بێت.[٢٥٦] ئیسماعیل پاشا بۆی ڕەخسا دواجار بە ئەرکی فەرمی بۆ ئامێدی بگەڕێتەوە و لەوێ ئاڵای بەرخودانی بەرز کردەوە و ماوەیەکی درێژ پاشاکانی موسڵ و بەغدای بە خۆیەوە سەرقاڵ کرد.

نامەکانی ئیسماعیل پاشا زانیاریی وایان تێدایە کە والیی موسڵیان خستووەتە دۆخێکی دژوارەوە، چونکە دەڵێت بزووتنەوەکەی ئەو لە دژی دەوڵەتی عەلییە نییە و ڕوونی دەکاتەوە ئەو شەڕە لە ئەنجامی هەڵوێستی چەوتی والیی موسڵ و ستەمی ئەوەوە لە دژی خەڵك سەری هەڵداوە و لەسەر داخوازیی خەڵکی هەرێمەکە بووە. ئیسماعیل پاشاش وەك میرە کوردەکانی تر لە نامەنووسیندا زمانی فارسی بەکار هێناوە. ئەمانەی خوارەوە هەندێك لەو ناوانەن کە ئیسماعیل پاشا لە کاتی جیاوازدا نامەی بۆیان ناردووە و بەدوای پشتیوانیدا گەڕاوە لایان.[٢٥٧]

میری خۆشناو محەمەد بەگ لە کۆیسەنجەق، سلێمان بەگ کە ئەویش لە هەمان ناوچە بووە، نائیبی قەزای هەولێر ئیبراهیم ئەفەندی، حوسێن ئاغا و

عەلی ئاغای مزووری، میری هەکاری نوورڵڵا بەگ، ڕەسووڵ بەگی برای میر محەمەد کوڕەی میری پێشووتری ڕەواندوز، هەندێك لە ئاغاکانی زێباری، شێخ یووسف عەبدی ئاغای زاخۆیی، شێخ نوورەدین و شێخ تەها.[258]

ناوەڕۆکی ئەو نامەیەی کە ئیسماعیل پاشا بۆ ئەو کەسایەتییە ناودارانەی کوردی ناردووە، بەم جۆرەیە؛

"پێشتر هەواڵی گرتنی قەڵاکانی ئامێدی، کامەری، چالك[259] و شێخۆم بۆتان نووسیبوو. ئەمجار گوندی قوشیشم گرت و لێرەوە تا چیای مەقلوب[260] هەرچی گوند هەیە هەر هەموویم تالان کرد و دانیشتووانیانم کوشت. هەندێکیشیانم بە دیل گرت. قەڵای ئاکرێشم [261] گرت و دوو میرم تێدا بەجێ کرد. تا ئەودیوی چیای مەقلوب سەربازی زۆرمان هەیە و هەر هەموویان بە هۆز و عەشیرەتەوە لە گوندی شێخان جێگیر کراون.

کەس توانای ئەوەی نییە لە ویستی ئێمە لا بدات. ئێوەش غیرەت بنوێنن و کاتێك ئەم نووسراوەمان دەگاتە لاتان، بەپێی توانا بە سەربازی پیادە و سوارەوەو ڕوو لە ئێمە بکەن. ڕۆژی خزمەت ئەمڕۆیە. ئەوەی لەم مەسەلەیەدا خزمەت بکات، بەری ڕەنجی خۆی دەبینێت. ئەو کەسەشی کە نووسراوی ئێمەتان بۆ دەهێنێت، هەندێك قسەی زارەکی دەکات."

وەك دەبیندرێت ئیسماعیل پاشا تەنیا قەڵای ئامێدی نا، قەڵای ئاکرێ و چەندینی تریشی گرتووە. شانازی بەو کۆمەڵکوژیانەوە کردووە کە ئەنجامیانی داوە و بە هەڕەشەوە داوای پشتیوانی لە کەسایەتییە ناودارەکانی ئەو دەڤەرە کردووە. پێ دەچێت زۆربەی ئەو کەسانەی لەو دەڤەرە کوشتوونی، کوردی ئێزدی بوون.

محەمەد پاشای والیی موسڵ لە ڕێی پیاوانیی ئاینیی وەك شێخ نورەدین، شێخ تەها و شێخ یووسفەوە کە کەسانی خاوەن دەسەڵات بوون لەو دەڤەرە، بانگەوازی ئاشتیی ئاڕاستەی ئیسماعیل پاشا کرد. هەروەها شێخ تەها چەند نامەیەکی نارد بۆ کەسانێك بەناوی زەینەڵ بەگ و عەبدولڕەحمان بەگ کە لە ژێر فەرمانی ئیسماعیل پاشادا بوون و

ئامۆژگاریانی کرد لەو بزووتنەوەیە پاشگەز ببنەوە. ئیسماعیل پاشا لە وەڵامی شێخ تەهادا نووسیوێتی هیچ داوایەکی لە دژی دەوڵەت نییە و بە هۆی والیی موسڵەوە بارودۆخ بەو ئاستە گەیشتووە. نامەکەی ئیسماعیل پاشا بە زمانی فارسی نووسراوە و تیایدا دەڵێت بەم زووانە نوورڵڵا بەگی میری هەکاریش دێتە پاڵ ئەم. ئیسماعیل پاشا لەو نامەیەدا دەڵێت:[٢٦٢]

"نامەکەتان سەبارەت بە داخوازی حەزرەتی والیی موسڵ بۆ ئاشتبوونەوە و سەبارەت بەوەی کە کەسانی ئاژاوەگێڕ شایەنی سزادانن، گەیشتە دەستمان. بەڵام لای ئێوە ئاشکرایە کە دەوڵەتی عەلییە پارێزەر و وەلیی جیهان و مرۆگەلە. ئەم وڵاتەی وەك موڵك بەخێر پێم بەخشی. تەنانەت پێش ئەوەی بەندەی خۆتان بگاتە موسڵ، دەوڵەتی عەلییە لە رووی ئاراستەکردنەوە ''فەرمانی عالی''ی دەرکرد بۆ ئەوەی ئامێدی بخرێتە ژێر دەسەڵاتی ئێمەوە. بە پشتبەستن بەوە، والیی بەغدا حەزرەتی عەلی پاشا خۆی بەمەبەستی جێبەجێکردنی ''ئەمری عالی'' منی ناردە خزمەتی والیی موسڵ. لە موسڵ چوار مانگ ڕاگیرام. تەماشام کرد لە موسڵ فەرمانی دەوڵەتی عەلییە و ویستی والیی بەغدا جێبەجێ ناکرێت. هەرچی هەژار و سەید و مەلای ئامێدی هەیە بەرگەی ستەمیان نەگرت و داوای بەندەی خۆتانیان کرد. منی بەندەی خۆتانیش لەبەر خاتری ئەوان وێرام دەست بدەمە ئەم کارە. بۆیە لەم ڕووەوە گەیشتنم بەم قۆناغە پێچەوانەی فەرمانی دەوڵەتی عەلییە نییە. هەرچیم لە دەست بێت درێغی ناکەم لە ئەنجامدانی. ژمارەی سەربازەکانم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد دەکات. میری هەکاریش لە ماوەی دوو سێ ڕۆژدا دەگات. من هیچ شتێکی باش، یان خراپم بەدەستەوە نییە، ئەوە هەر لە دەستی ئێوە و وەزیرەکان دێت. پەندێکی بەناوبانگ دەڵێت ''با تەمەنت کورت بێت و سەرت بڵند بێت.'' بە ئاشتی ڕازیم، بەڵام با بزانم بە چ شێوەیەك دەبێت؟"

وەك دەبینین ئیسماعیل پاشا بانگەشەی ئەوە دەکات ئامێدی خراوەتە ژێر دەسەڵاتی ئەو، بەوردی ڕوونی دەکاتەوە ئەم بۆیە سەری ناوەتە ڕێی ئەو

دۆزە، چونکە محەمەد پاشای والیی موسڵ لەگەڵ ویستی دەرسەعادەتدا یەك ناگرێتەوە و ئاشکرای دەکات لە دژی دەوڵەت نییە. ئیسماعیل پاشا لە ڕووی متمانــە بەخۆبوونــەوە هەڵوێــست دەردەبڕێــت و لــە درێــژەی نامەکەیــدا دەنووسێت بە گەرمی بۆ زەمینەی ئاشتییەکی گونجاو دەڕوانێت.

ئیسماعیل پاشا لە وەڵامی ئەو نامەیەشدا کە شێخ تـەها بـۆ پیاوەکـانی ئـەمی نـاردووە و تیایـدا ئامۆژگارییـان دەکـات لـەو بزووتنەوەیـە پاشـگەز ببنەوە[٢٦٣]، دەنووسێت دوای گەیشتنی هـەواڵی دۆڕانـی حـافز پاشـا و مردنـی سوڵتان مەحموود خان ئەم بەنیازی خزمەتکردنی دەوڵەت بە گیان و بە سەر چووەتە بەغدا و چوار ساڵ لەوێ ماوەتەوە، بەڵام لە بەرانبەر ئەوەدا هیچی لە پاشاکان نـەبینیوە. ئیـسماعیل پاشـا ڕوونـی دەکاتـەوە عەشـیرەتەکان و دانیشتووانی دەڤەری بادینان لەبەر ئەوەی ستەمیان لێ کراوە، هـەواڵیان بـۆ ئەم ناردووە و بانگهێشتیان کردووە و بزووتنەوەکـە بـەو جـۆرە دەسـتی پـێ کـردووە. هـەروەها دەنووسـێت بـەڵێنی بـە خـەڵکی بادینـان داوە، چـووەتە پاڵیـان و لـە مـاوەی دە ڕۆژدا دەسـتی گرتـووە بەسـەر قـەڵاکانی ئامێـدی، کامــەری، شــیخۆ و چــالکدا. ئیــسماعیل پاشــا دەڵێــت مــستەفا پاشــا سەرکردایەتیی هەندێك لە هێزەکان دەکات و خۆیشی ڕووی لە موسڵ کردووە و نووسوێتی سەرەڕای هەموو شتێك ئەو بزووتنەوەیە لە دژی دەوڵەت نییە و ئەو هەموو کاتێك ئامادەیە خزمەتی دەوڵەت بکات.

ڕەسـووڵ بـەگی ڕەوانـدوزی کـە ئیـسماعیل پاشـا لـە پەیوەندیـدا بـوو لەگەڵیدا، لە وەڵامی نامەی ناوبراودا دەنووسێت:

"ئەو نامەیەمان پێ گەیشت کە زانیاریی ئەوە لە خۆ دەگرێت عەلی بەگ و ئاغاکانی زێباری بە هەواڵی گرتنی قـەڵای ئامێـدی و قەڵاگـەلی شـوێنەکانی ترەوە هاتوونەتە لاتـان و تیایدا دەڵێت ئەمـە هـەوڵی کوردسـتانە و داوا لـە ئێمــەش دەکــەن هــەوڵی پێویــست بــدەین و داوا دەکــەن لــە دەوروبــەور کەموکورتی و خاوبوونەوە ڕوو نەدات."

وەك دەبیندرێت، ئیسماعیل پاشا بۆ یەكەمجار بەرخودانێكی هەرێمی وەك بەرخودانی كوردستان باس دەكات و بەپێی ئەوە داوای هاوكاری دەكات. ڕەسووڵ بەگ لە درێژەی نامەكەیدا دەنووسێت كەسی نامەبەر زانیاریی زارەكیشی گەیاندووە و بە ڕوونی پشتیووانیی دەرنەبڕیوە، بەڵام ئامۆژگاریی ئیسماعیل پاشا دەكات ڕەفتاری لەگەڵ عەشیرەت و دانیشتووان و خەڵك و هەژارانی ناوچەكەدا باش بێت و پێی دەڵێت بەهەر شێوەیەك بووە پێویستە ڕەزامەندیی سەدری ئەعزەم بەدەست بهێنێت.

لە نامەیەكی تری ئیسماعیل پاشادا كە پێشتر ئاماژەمان بۆ كرد، پاشا ڕایگەیاندووە نوورڵڵا بەگی میری هەكاری پەیوەندی پێوە دەكات. نوورڵڵا بەگ دوایین وەڵامی خۆی لەو بارەیەوە بە شێوەی زارەكی بۆ ئیسماعیل پاشا ناردووە. وەك دەزانرێت دەڤەری بادینان كە ئیسماعیل پاشا لە ئەنجامی ڕاپەڕیندا خستبوویە ژێر دەسەڵاتی خۆی، ڕاستەوخۆ دەكەوتە باشووری دەڤەری هەكاری. ئەگەری ئەوە هەیە میری هەكاری پێی وا بووبێت نووسین و نامە لە داهاتوودا گرفتی بۆ دروست دەكات، بۆیە ئەو شێوەیەی هەڵبژاردووە بۆ وەڵامدانەوەی ئیسماعیل پاشای یاخیبوو.[٢٦٤] وەك ئاشكراش دەبێت پشتیوانی لە ئیسماعیل پاشا نەكردووە. سەرجەم ئەو پێشهاتانەی كوردستان لەبەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتێكی والیی دیاربەكردا كە مێژووی ٢٢/٤/١٨٤٢ی بەسەرەوەیە، لە "مەجلیسی ڤالا" لە ئیستانبوڵ خرانە ڕۆژەڤەوە و بە دوور و درێژی هەڵسەنگێندران.[٢٦٥]

والیی دیاربەكر سەبارەت بە گرنگیی بابەتەكە لە نامەی خۆیدا ڕوونی دەكاتەوە لەو كاتەدا بەدرخان بەگی هێور كردووەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دانیشتووانی هەرێمەكە لە كورد پێك هاتوون، ئەگەر چارەسەر نەدۆزرێتەوە، ئەوا ئەگەری ڕوودانی كاردانەوە لە ئارادا هەیە. هەروەها دەڵێت لەبەر ئەوە گرێدانی جزیرە بە دیاربەكرەوە كارێكی گونجاوتر دەبێت.

والیی دیاربەكر دیسان دەڵێت شەڕی نێوان محەمەد پاشای والیی موسڵ و ئیسماعیل پاشا درێژەی هەیە و پاشای موسڵ بەسەرجەم ''عەسكەری

ڕەدیف'' (سەربازی یەدەك)ەوە هێرشی كردووە بۆ سەر ئیسماعیل پاشا. والیی دیاربەكر ڕوونی دەكاتەوە سەربازە یەدەكەكانی محەمەد عەلی پاشا وەك سەربازی ڕێكخراو نین و لە كوردەكانی ئەو دەڤەرە پێك هێندراون و پاشا ئەمە وەك خاڵێكی دژبەر لێك دەداتەوە. هەر لەو كاتەدا دەست گیراوە بەسەر هەندێك لەو نامانەدا كە ئیسماعیل پاشا بۆ كەسایەتییە ناودارەكانی ئەو هەرێمەی ناردووە و حسابی بەڵگەی "ئاژاوەگێڕی"ی نەخشە بۆ كێشراویان بۆ كراوە.

ئاڵۆزییەكی تری هەرێمەكە لە سلێمانی هاتە ئاراوە. ئەحمەد پاشای بابان دەچێتە كن عەلی پاشای والیی پێشووتری بەغدا و لە پای هەندێك دوژمنایەتیی كۆن لەلایەن پاشاوە دەخرێتە زیندانەوە. لەبەر ئەوە كوڕەكەی ئەحمەد پاشا هاوشان لەگەڵ كوردەكانی دەڤەری سلێمانیدا دەست دەكات بە خۆ ئامادەكردن بەمەبەستی هێرشكردن بۆ سەر عەلی پاشا. عەلی پاشاش بە سوپاوە ڕوو لە سلێمانی دەكات. لە ئەنجامی شەڕەكاندا باسی نەفرەتكردنی دانیشتووانی هەرێمەكە لە عەلی پاشا و محەمەد پاشای والیی موسڵ بووە بە یەكێك لە برگەكانی ڕاپۆرتی "مەجلیسی ڤالا". باس لەوە كراوە زیاتر ئەگەری ئەوە هەیە كوردەكان لەو هەرێمە پەلاماری محەمەد پاشا بدەن نەك عەلی پاشا و گوتراوە لەبەر ئەوەی محەمەد پاشا هیچ هەڵوێستێكی بەسوودی نییە، باشتر وایە لە كار بخرێت و موسڵ ڕاستەوخۆ بە بەغداوە گرێ بدرێت.

لەو سەروبەندەدا فایەق ئەفەندی لە هەرێمەكەوە دەچێتە ئیستانبوڵ و لە "مەجلیسی ڤالا" سەبارەت بە مەسەلەی جزیرە گوێ لە وتەكانی دەگیرێت و بەو زانیارییانەی كە ڕایاندەگەیەت زانیارییەكانی پێشووتری بەدرخان بەگ سەبارەت بە والیی موسڵ پشتڕاست دەكاتەوە. فایەق ئەفەندی دەڵێت نێوانی والیی موسڵ و بەدرخان بەگ تێكچووە، هەرچەندە بەدرخان بەگ بە "پێڵاوی پێی ڕاست"یش[٢٦٦] ناو نەبرێت، بە گوێڕایەڵییەوە خزمەتی والیی دیاربەكر دەكات و لە ئەگەری گەڕاندنەوەی جزیرەدا بۆ سەر

دیاربەکر ئاشکرایە دەوڵەت دەتوانێت بەدرخان بەگ بەکار بهێنێت. بە قسەی فایەق ئەفەندی ئەگەر ئارەزووی بەدرخان بەگ سەبارەت بە گەڕاندنەوەی جزیرە بۆ سەر دیاربەکر پشتگوێ بخرێت و بەو جۆرە بهێڵدرێتەوە، ئەوا ناتوانێت خۆی لە هاندانی دەوروبەور بپارێزێت و لە هەر شوێنێك ئاڵۆزی هەبێت، دەستی هاوکاری بۆ درێژ دەکات.

"مەجلیسی ڤالا" لەبەر ڕۆشناییی وتەکانی فایەق بەگ و ئەو هەواڵانەی لە هەرێمەکەوە گەیشتبوون، بە پێویستی زانی جزیرە بخرێتەوە سەر دیاربەکر، هەروەها بە پێویستی زانی محەمەد پاشا لەبەر ئەوەی بەدرخان بەگ و عەشیرەتە کوردەکانی تریش لێی زویر بوون، لە کار بخرێت. محەمەد پاشا چ لە مەسەلەی بەدرخان بەگ و چ لە بەرخودانی ئیسماعیل پاشای ئامێدیدا بە هاندان و ئاژاوەگێڕان تۆمەتبار کرا. بەم شێوەیەی خوارەوە گوزارە لەوە کراوە کە ئەو ڕەوشە هاوپەیمانیی کوردی لێ دەکەوێتەوە:

"ترساندنی ناوبراو بەدرخان بەگ لەم کاتەدا بە واتای هاوپەیمانکردنێتی لەگەڵ مەحموود خان، نوورڵلا بەگ و ناوبراو ئیسماعیل پاشا و عەشیرەتە کوردەکانی ئەو دەوروبەردا."

بەو دەبڕینە پەنجە خراوەتە سەر ئەو ڕاستییەی کە ئیسماعیل پاشا و بەدرخان بەگ بە هۆی والیی موسڵەوە لە دەوڵەت دوور کەوتوونەتەوە و لەگەڵ عەشیرەتە کوردەکانی تردا زەمینەی پێکهێنانی هاوپەیمانییان خۆش کردووە. والیی دیاربەکر وەجیهی پاشا ڕایگەیاندووە ئەگەر جزیرە وەك ڕابردوو بخرێتەوە سەر دیاربەکر، ئەوا مەسەلەی بەدرخان بەگ دەکەوێتە سەر ڕێی خۆی. "مەجلیسی ڤالا" بڕیار دەدات مەسەلەی لە کارخستنی والیی موسڵ لەگەڵ نەجیب پاشای والیی نوێی بەغدادا تاوتوێ بکرێت و لەبەر ڕۆشناییی بۆچوونەکانی ئەودا یەکلایی بکرێتەوە.

بەڵام والیی پێشووی شام نەجیب پاشا کە تازە کرابوو بە والیی بەغدا، لەو کاتەدا هێشتا نەگەیشتبووە بەغدا. عەلی پاشای والیی پێشووی بەغداش کرابوو بە والیی شام و دەبوایە پاش گەیشتنی نەجیب پاشا بۆ بەغدا، ئەوسا

ئەم دەستی بە ئەرکی نویێ بکردایە.[٢٦٧] بەو هۆیەوە بڕیاردانی یەکلاکەرەوە سەبارەت بە محەمەد پاشای والیی موسڵ و بەرخودانی ئیسماعیل پاشا و مەسەلەی جزیرە مایەوە بۆ دوای گەیشتنی والیی نوێی بەغدا بۆ شوێنی کاری خۆی. سەرەڕای ئەوە وەجیهی پاشای والیی موسڵ چەندین جار بۆ دەرسەعادەتی ڕوون کردووەتەوە کە لە کارخستنی محەمەد پاشا دەبێتە هۆی کۆتاییهێنان بە ئاڵۆزییەکانی هەرێمەکە. نەگەیشتنی نەجیب پاشا لە شامەوە بۆ بەغدا و ئاڵۆزییەکانی دەڤەری موسڵ بوون بە هۆی دواخستنی بیرۆکەی لە کارخستنی محەمەد پاشا و بە باش زانرا دوایین بڕیار بخرێتە دوای گەیشتنی نەجیب پاشا بۆ بەغدا و تا لەوێ لێکۆڵینەوە ئەنجام بدات و لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی ئەودا بڕیار بدرێت. بیر لە ناردنی ژمارەیەکی زۆر سەربازی ڕێکخراو دەکرایەوە بۆ دەڤەرەکە بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی ئیسماعیل پاشا کە لە قەڵای ئامێدیدا لە دۆخی بەرخودانیدا بوو. لە ئاکامدا بڕیار درا ئەوەش لەو بڕیارانەدا ڕوون بکرێتەوە کە چاوەڕێ دەکرا والیی نوێی بەغدا نەجیب پاشا لە موسڵ دەریان بکات.[٢٦٨]

ڕەوشی بەدرخان بەگ بابەتێك بوو کە دەبوو لەو خاڵەدا پشتگوێ نەخرێت. بەدرخان بەگ هەرچەندە لایەنگری دەوڵەتیش بوو، بەڵام لە دۆخێکدا بوو دەیتوانی بە بادانەوەیەك هەموو هاوکێشەکان بشێوێنێت. پێگەی جزیرە وەك خاڵی بە یەکگەیاندنی کوردستانی باکوور و کوردستانی باشوور هۆکاری سەرەکیی ئەو پێشبینیکردنە بوو. یەکگرتنی بەرخودانی مەحموود خان لە باکوور و ئیسماعیل پاشا لە باشوور و دەڤەری بۆتانی نێوانیان و هەڵوێستی میری ئەو دەڤەرە لە دەستی بەدرخان بەگدا بوو. ئەم پەیوەندی لەگەڵ هەردوو دەڤەردا هەبوو و ئەگەر دەستی لەو کارە وەربدایە، سەرجەم هێزەکانی بەرخودانی کوردی یەکدەخست و لە باکوورەوە تا باشوور بەهەموو کوردستاندا بڵاویانی دەکردەوە. میرەکانی هەکاریش ئەگەرچی خاوەن پێگەی گرنگ بوون، بەڵام بە گشتی هەڵوێستی خۆیان لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی بەدرخان بەگ دارشتبوو. لە ئەستۆ نەگرتنی

ئەو ڕۆڵە لەلایەن بەدرخان بەگەوە بوو بە تەگەرەی بەردەم یەکگرتنی هێـزی بەرخودانەکانی کورد.

والیی نوێی بەغدا کە چاوەڕێ دەکرا مەسـەلەی والیـی موسـڵ یـەکلایی بکاتەوە، لە نامەکانیدا بۆ دەرسەعادەت بە پێچەوانەوە پـشتیوانی لـە والیـی موسڵ دەکات، والیی دیاربەکر تاوانبار دەکات و خۆی لە والیی موسڵ دەکات بە خاوەن.

پاش ئـەوەی والیـی نـوێی بەغـدا نـەجیب پاشـا دەسـتی بـە ڕاپەڕانـدنی ئەرکەکانی کرد و نامەکانی سەبارەت بەو مەسەلەیە گەیشتنە دەرسەعادەت، سەرلەنوێ بابەتەکە خرایەوە ڕۆژەڤی "مەجلیـسی ڤـالا". دەبینـدرێت والیـی دیاربەکر لەو کاتەدا گواستراوەتەوە بۆ حەڵەب. ڕاپۆرتی "مەجلیسی ڤالا" لە مانگی ڕەمەزانیساڵی ١٢٥٨ (تشرینی یەکەمی ١٨٤٢) مەسەلەکە بەم جۆرە پوخت دەکاتەوە: [٢٦٩]

"وەجیهی پاشای والیی حەڵەب ئەو سەردەمەی کـە مووشـیری دیاربـەکر بـوو، چـەندین جـار ڕاپـۆرتی نـاردووە سـەبارەت بـە گەڕاندنـەوەی جزیـرە و قەزاکانی تر بۆ سەر دیاربـەکر و سـەبارەت بـە لـە کارخـستنی والیـی موسـڵ محەمـــەد پاشـــای خـــاوەن ســـۆز لەبـــەر ئـــەوەی بـــەدرخان بـــەگ و مـــیرە هاوشێوەکانی عەشیرەتگەلی ترساندووە و بووە بە هۆی دوورکەوتنەوەیان.

ئـەو کاتـە لەسـەر داوای ''ئـەحکامی عەدلیـەی مەجلیـسی ڤـالا'' لـە کارخستنی محەمەد پاشا بە پێویست زانرا، بەڵام لەبەر مەسـەلەی ئامێـدی و گرفتی مەحموود خان و بە هۆی ئـەوەی محەمـەد پاشـا سـەرقاڵی مەسـەلەی ئامێـدی بـوو، لـە کارخـستنی محەمـەد پاشـا و گرێدانـەوەی جزیـرە بـە دیاربەکرەوە بە گونجاو نەزانرا."

"مەجلیـسی ڤـالا" ڕاپۆرتـەکانی والیـی نـوێی بەغـدا نـەجیب پاشـای خستووەتە ڕۆژەڤی کۆبوونەوەکانەوە و سـەرلەنوێ ڕوونـی کردووەتـەوە کـە نەجیب پاشا دوای گەیشتنی بە شوێنی کاری خۆی، لەو بارەیەوە لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدات و بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدات.

یەکەم نووسراوی نەجیب پاشای والیی بەغدا سەبارەت بەو مەسەلەیە لە ١٨٤٢/١٠/٨دا نووسـراوە.[٢٧٠] نـەجیب پاشـا ڕوونـی دەکاتـەوە جزیـرە ٥٥ سەعاتەڕێ لـە دیاربـەکرەوە و ٢٤ سـەعاتەڕێ لـە موسـڵەوە دوورە و دەڵێـت ئێـستا لـەو هەلومەرجـەدا مانـەوەی لەسـەر موسـڵ گونجـاوترە. هـەروەها دەنووسـێت لـە سـەردەمی زەکـەریا پاشـای والیـی کۆچـکردووی دیاربـەکردا جزیرە بەسەر سێ ناوچەی بۆتان و حاجی بەهرام و ئەشنیدا دابەش کرابـوو، بەڵام کار بـەو دابەشـکردنە نـەکرابوو. نـاوبراو دەنووسـێت وەجیبهـی پاشـاش بانگەشـەی پێویـستیی گرێـدانی جزیـرەی بـە دیاربـەکرەوە کـردووە، بـەڵام مەسەلەکە بەلایەکدا نەخراوە. والیی بەغدا ڕوونی دەکاتەوە ئەو باوەڕی وایـە ئەگەر جزیرە بخرێتە سەر دیاربەکر، بە هۆی دووریی جزیرە لە دیاربـەکرەوە بەڕێوەبردنی کوردەکانی ئـەو دەڤـەرە کـارێکی دژوار دەبێـت. نـەجیب پاشـا باس لەوەش دەکات کە پێویستە بە هـۆی مەسـەلەی ئێرانـەوە سـەقامگیریی هەرێمەکە باشتر دابین بکرێت و ڕوونی دەکاتەوە بە پشتبەستن بەو هۆکارانـە گونجاوتر وایە جزیرە سەر بە موسڵ بمێنێتەوە.

ڕاپـۆرتێکی تـری والیـی بەغـدا مێـژووی ١٨٤٢/١٠/١٦ی بەسـەرەوەیە و ئەویش هەر سەبارەت بە محەمەد پاشـای والیـی موسـڵە.[٢٧١] نـەجیب پاشـای والیی بەغدا لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژە دەکات بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری سەربازی لە موسڵ و دەڵێت محەمەد پاشـا هـیچ بزاوتێکـی هەڵـەی بەرانبـەر بـە دەوڵـەت نەکردووە. نەجیب پاشا ستایشی محەمەد پاشا دەکات و دەنووسێت پاشا لە موسڵ کارگەیەکی تواندنـەوە و لـە قاڵبـدانی بـە دروسـتکردن داوە و بـۆ ئـەو مەبەستە بەلایەنی کەمـەوە ١٢٠٠٠ توورەکـە ئاقـچەی خـەرج کـردووە. والیـی بەغدا ڕوونی دەکاتەوە خـەڵکی ئـەو ناوچـەیە خـاوەن ئاکـاری چـەتەگەرین و متمانەیان پێ ناکرێت و جـەخت دەکـات محەمـەد پاشـا بـەو کارانـە خـەڵکی هێناوەتـە ژێـر بـاری گوێڕایـەڵی. نـەجیب پاشـا هـەوڵی داوە بـەو جـۆرە دەسـتەواژەکانی "زۆردار و سـتەمکار"ی دژ بـە محەمـەد پاشـا پـەردەپۆش بکات و ڕوونـی بکاتـەوە ئـەو هەڵوێـستە بـۆ بـەڕێوەبردنی دانیـشتووانی ئـەو

دەڤەرە پێویستە. والیی بەغدا بە پێویستی دەزانێت محەمەد پاشا لە موسڵ درێژە بە ئەرکی خۆی بدات و بێ سڵکردنەوە دەنووسێت هەواڵە بێناغەکانی سەبارەت بە لە کارخستنی محەمەد پاشا مایەی دڵتەنگین. هەروەها داوا دەکات بەمەبەستی ڕەواندنەوەی ناڕوونیی بارودۆخ یاداشتێك بڵاو بكرێتەوە و تیایدا ئاماژە بکرێت بۆ بەردەوامبوونی محەمەد پاشا لەسەر ئەرکی خۆی و بۆ ئەوەی کە جزیرە و ناوچەکانی دەوروبەری لە ژێر دەسەڵاتی پاشای موسڵدان.

نووسراوێکی هاوشێوەش بە هەمان مێژوو لە محەمەد پاشای والیی موسڵەوە بۆ دەرسەعادەت نێردراوە.[٢٧٢] محەمەد پاشا گلەیی لەوە دەکات کە زانیاریی بێبناغە سەبارەت بەوی بە دەرسەعادەت گەیەندراوە. والیی موسڵ دەنووسێت ئەو جۆرە هەواڵانە بۆ بێهێزکردنی ئەوە و ڕوونی دەکاتەوە بەدرخان بەگ کەسێکە مایەی متمانە پێکردن نییە و دەڵێت والیی ئەرزەڕۆمیش چەندین جار گازندەی لە دەستی کردووە. محەمەد پاشا تەنانەت وەجیهی پاشای والیی (پێشوو)ی دیاربەکریشی بە گوێگرتن لە بەدرخان بەگ تۆمەتبار کردووە. پاشا دەنووسێت هەواڵی لە جۆری دەرهێنانی جزیرە و ماردینی لە ژێر دەسەڵاتی ئەم و گرێدانیان بە دیاربەکرەوە و هەواڵی لە کارخستنی خۆی بیستووە و وەجیهی پاشای خاوەن ئەو بیرۆکەیەی بە وەرگرتنی بەرتیل لە بەدرخان بەگ تۆمەتبار کردووە.

لە ئەنجامی سەرجەم ئەو نامەگۆڕینەوە چڕ و پڕەدا محەمەد پاشا توانی وەك والیی موسڵ بمێنێتەوە، هەروەها جزیرەش لەسەر موسڵ مایەوە. ئەو ڕەوشە بە گەرمی لەلایەن بەدرخان بەگەوە پێشوازی لێ نەکرا و بوو بە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەرخودانی ساڵی ١٢٦٣ی کۆچی.

لەلایەکی ترەوە، لە کاتێکدا بەرخودانی مەحموود خان لە باکوور درێژەی هەبوو، ئیسماعیل پاشای ئامێدی کە دەوڵەتی عوسمانیی زۆر بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو، نەیتوانی پشتیوانی میرە کوردەکانی دەوروبەر

بەدەست بهێنێت، بۆیە ڕێی گفتوگۆی لەگەڵ عوسمانییەکاندا گرتەبەر. هەرچەندە هەڵوێستێکی بە خۆباوەڕی پێشان دابوو، بەڵام خۆی و سەعید پاشا و سەراجەدین پاشای برای خۆیان ڕادەستی والیی موسڵ کرد. سەرەتا بیر لەوە کرایەوە میری ئامێدی بۆ ڕومەلی دوور بخرێتەوە، بەڵام دواتر لە بەغدا نیشتەجێ کرا.[٢٧٣] بەو جۆرە کۆتایی بە بەرخودانی باشوور هات، بەڵام پەیوەندی نێوان مەحموود خان و بەدرخان بەگ وەرگەڕایە سەر هاوپەیمانی و پەردەیەکی نوێ لەسەر بەرخودانەکانی کورد هەڵدرایەوە.

# بەشی ٥

## دوایین قۆناغی پەیوەندییەکانی عوسمانی و میرەکانی کورد له ١٨٤٣-١٨٤٦ و پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردەکان

بۆ باشتر تێگەیشتن لەو قۆناغی بەرەو بەرخودانی ساڵی ١٨٤٧، پێویستە باش تێ بگەین هاوپەیمانیی میرەکانی کورد کە لەگەڵ نزیکبوونەوەی ساڵی ١٨٤٦دا بەتەواوی بەرجەستە بوو، لەسەر چ زەمینێك و لە چ هەلومەرجێکدا هاتە ئاراوە؟ وەك ئەوەی لەم بەشەدا بە دوور و درێژی دەکەوێتە بەرچاو، ئەو پێکهاتەیە کە بە هۆی هەبوونی نوورڵڵا بەگی هەکاری تیایدا تەنانەت بە هاوپەیمانیی سێقۆڵی ناوبراوە، لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای پەیوەندی نێوان مەحموود خان و بەدرخان بەگ زەمینەی بۆ ڕەخسابوو. ئەو هاوپەیمانییە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە بەدرخان بەگ لەو قۆناغەدا بە ئاشکرا بەرەنگاری دەوڵەتی عوسمانی بووەتەوە. میری جزیرە کە تا ئەو کاتەش پێی باش نەبوو ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی دەوڵەتی عوسمانی ببێتەوە، بوو بە ڕابەری هاوپەیمانی و بەرخودانی دوایین قۆناغ. ئەنجامی کوشتوبڕی نەستوورییەکان ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە بادانەوەی بەدرخان بەگ بەلای ئەو هاوپەیمانییەدا.

### بەدرخان بەگی جزیرەیی و کوشتوبڕی نەستووری لە ساڵی ١٨٤٣دا

ئاسوورییەکان لە نەتەوە دێرینەکانی کوردستانن، سەر بە ئاینی کرستیانین و بە هۆی ئەو ڕێبازە ئاینییەی لە سەری دەڕۆن، بە نەستووری-ش ناسراون. بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە کوردستانەوە بۆ دەرسەعادەت نێردراون، نەستوورییەکان لە ساڵانی ١٨٤٠ لەو ناوچانە ژیاون کە لە باکووری دۆڵەکانی ئامێدی و ڕەواندوزەوە دەست پێ دەکەن و تا چیایەکانی نێوان

وان و دەریاچەی ئورمیە درێژ دەبنەوە. "تیاری" گەورەترین عەشیرەتیان بوو کە لە هەردوو بەری کەناری زێ نیشتەجێ بوو، هەروەها چەند عەشیرەتێکی تریشیان هەبوو بە ناوەکانی تخوب[٢٧٤]، باز، ڕیش و جەلۆ[٢٧٥]، [٢٧٦]. ئەو ناوچانەی باس کران، بەزۆری دەوکەنە سنووری دەڤەری هەکارییەوە. سەرانی نەستوورییەکان کە بە "مەلیک"یش ناو دەبرێن، هەمان کات پاتریکیشن و ئەو سەردەمە بە شێوەیەکی گشتی لە ناوچەی ئاشیتان[٢٧٧] نیشتەجێ بوون، پاتریك مار شەمعۆن بە سەرکردەی سرووشتیی نەستوورییەکانی کوردستانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی و نەستوورییەکانی کوردستانی ئێرانیش دادەنرا. گرووپە مزگێنیدەرەکان لە دوای فەرمانی تەنزیمات دەیانتوانی بە شێوەیەکی ئاسانتر بێنە کوردستان و مار شەمعۆنیش لەگەڵیاندا کۆ دەبووەوە. بە تێپەڕبوونی کات مار شەمعۆن گەیشتە ئاستێك کە کاتۆلیك و پرۆتێستانەکان شەڕ و کێبەرکێیان لەسەر دەکرد.

عەشیرەتی تیاری وەك گەورەترین عەشیرەتی نەستووری لە دوای فەرمانی تەنزیمات نزیکبوونەوەی ئەورووپای کرستیانی و ئەمریکایان بە هەل زانی و خۆیان لە باج بەخشین بە میرە کوردەکانی هەرێمەکە و دەوڵەتی عوسمانی دزییەوە. فەرمانی تەنزیمات پێناسەی یەکسانبوونی موسڵمانان و ناموسڵمانانی لە خۆ دەگرت و ئەمەش بوو بە هۆی یاخیبوونی نەستوورییەکان لە میرە کوردەکان و دان نەنان بە دەسەڵاتەکانیاندا ئەگەرچی چەندین ساڵیش بوو ئەوان لە ژێر دەسەڵاتی ئەو میرانەدا بوون. هەروەها بوو بە هۆی ئەوەی نەستوورییەکان لە پەنای پارێزگاریکردنی ئینگلیز و فەرەنسییەکان لێیاندا دەست بە بانگەشەی ئاینی بکەن. ئەو هەڵوێستە ڕۆڵێکی زۆر یەکلاکەرەوەی هەبوو لە هەڵوێستی بەدرخان بەگ و میرە کوردەکانی تردا لە بەرانبەر نەستوورییەکان.

بەپێی ڕاپۆرتەکانی عوسمانی، هەرچەندە ئاسووریەکان سەر بە ڕێبازی ئاینیی نەستووری بوون، کەچی مار شەمعۆن لە کۆبوونەوە و چاوپێکەوتن

لەگەڵ فەرەنسییەکاندا هەڵوێستێکی نزیك لە کاتۆلیکی و لەگەڵ ئینگلیز و ئەمریکییەکاندا هەڵوێستێکی نزیك لە پرۆتیستانی پێشان داوە. پاتریك هەولّی داوە بەو شێوەیە سوود لە هەدوو لا وەربگرێت. بەتایبەتیش پەیوەندی نێوان ئینگلیزەکان و مار شەمعۆن گەیشتە ئاستێکی زۆر چڕ و نامەگۆڕینەوەیەکی جۆراوجۆر لە نێوان پیاوانی ئاینیی ئینگلیز و مار شەمعۆندا بەدی هات. ئەوەندەی دەزانرێت، مار شەمعۆن باڵادەستیی سیاسەتی ئینگلیزی لەسەر ئاستی جیهان لەبەر چاو گرتووە و هەولّی داوە زیاتر خۆی لە دەوڵەتی ئینگلتەرا نزیك بخاتەوە. تەنانەت لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییانەدا دەستیان کرد بە دروستکردنی "کولییە – قوتابخانەی ئاینیی سەر بە کلێسا"یەکی نوێی ئاینی.[٢٧٨] دەڤەری نەستوورییەکان سەرەتا لە ژێر دەسەڵاتی نووروڵڵا بەگی میری هەکاریدا بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی نەستوورییەکان سالآنی ١٨٤٠ چی دی گوێڕایەڵی نووروڵڵا بەگ نەبوون، میری هەکاری داوای هاوکاری لە بەدرخان بەگی میری جزیرە کرد و ئەو دەڤەرەی بۆ وی بەجێ هێشت.

لێپرسراوانی عوسمانیش بیریان لە چارەسەرێك بۆ ئەو کێشەیە دەکردەوە، بەڵام لە ترسی ئەوەی نەبادا لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەورووپا ببێت بە کێشە، بەردەوام ڕێگەچارەکانیان دوادەخست. والیی موسڵ دەنووسێت بەڕێوەبردنی ئەو دەڤەرە لە ئەرزەڕۆمەوە کارێکی زۆر سەختە و پێشنیاز بۆ دەرسەعادەت دەکات هەکاری لە ڕێی ئامێدییەوە بخرێتە سەر موسڵ. وەك پێشتر باس کرا، شوێنی ژیان بەسەربردنی نەستوورییەکان دەکەوتە دەڤەری هەکارییەوە و سەنجەقی هەکاریش سەر بە ویلایەتی ئەرزەڕۆم بوو. والیی موسڵ دەڵێت ئەگەر ئەو دەڤەرە بخرێتە ژێر دەسەڵاتی ئەم، دەتوانێت بیخاتە ژێر باری گوێڕاڵبوونەوە و دەنووسێت بە ناوبژیی ئیسماعیل پاشای موتەسەلیمی ئامێدی ئەو بابەتەی لەگەڵ تیارییەکاندا باس کردووە و دەتوانێت لەو ڕووەوە قایلیان بکات.

له كاتێكدا عوسمانییەكان بیریان له چارەسەرێك دەكردەوە كه وڵاتانی ئەورووپا نەڕەنجێنێت، ڕووداوێكی هیچ چاوەڕوان نەكراو قەوما. بەدرخان بەگ بەمەبەستی گەڕاندنەوەی نەستوورییەكان بۆ ژێر باری گوێڕایەڵی بە سوپاوە دای بەسەر ناوچەكانیاندا و ئەو دەڤەرە بوو بە مەیدانی چەندین شەڕی خوێناوی. بەدرخان بەگ كولییەی لەلایەن مار شەمعۆنەوە بنیاتنراویشی ڕووخاند، ژمارەیەكی زۆر ژن و منداڵی بەدیل گرت و هێنایانی بۆ جزیره و لەوێ فرۆشتنی.[279] له ئەنجامی هێرشی بەدرخان بەگدا بۆ سەر عەشیرەتی تیاری له ساڵی ١٨٤٣دا مار شەمعۆن به دژواری ژیانی خۆی ڕزگار كرد و توانی بگاتە موسڵ و پەنای بۆ ئینگلیزەكان برد. بەو جۆرە كێشەی كورد–نەستووری لەسەر دەستی بەدرخان بەگ دەستی پێ كرد و ئینگلیزەكانیش به كردەوە بوون به هاوبەش تێیدا.[280]

بەدرخان بەگ له نامەیەكدا[281] كه مێژووی ١٨٤٣/١٠/٩ی بەسەرەوەیە و وەڵامە بۆ ڕەخنەكانی خەلیل كەمال پاشای والیی ئەرزەڕۆم سەبارەت بە مەسەلەی نەستووری، دڵتەنگی و نیگەرانیی خۆی دەردەبڕێت سەبارەت بەوەی كه ناوچەكانی جزیره، میدیات[282]، بۆتان[283] و حاجی بەهرامی[284] ژێر دەسەڵاتی ئەم له ساڵی ١٨٤٣دا بەتەواوی خراونەتە سەر موسڵ. بەدرخان بەگ ڕوونی دەكاتەوە له ترسی ئەوەی نەبادا خزمەتەكانی تا ئەو ڕۆژەی بۆ دەوڵەت به فیڕۆ بڕوات، به ناچاری ئەو مەسەلەیەی پەسەند كردووە. میری جزیره دەنووسێت وەك ئەوەی له مەسەلەی مەحموود خاندا كردوویەتی، له كوردستان خزمەتی گەورەی دەوڵەتی كردووە [285] و ناڕازیبوونی خۆی لەو ڕەفتارە دەردەبڕێت كه دەوڵەت له بەرانبەر خزمەتەكانی ئەم نواندوویەتی. بەدرخان بەگ له درێژەی نامەكەیدا سەبارەت به نەستوورییەكان دەڵێت:

"تیارییەكان نزیكەی پەنجا سەیدیان كوشت و ئەمەشیان بە هاندانی حكوومەتی ئینگلتەرا كرد. گوێڕایەڵی بەگی هەكاری نەبوون و ماڵ و تاڵانی ئەویان به پێش دەرگای ماڵەكەیدا بەكێش كرد و برد. زانیم ئاكامی ئەمە خراپ دەبێت و سەرئێشە بۆ دەوڵەتی عەلییە دروست دەبێت! لەبەر ئەوەی

شوێنی بەکارهێنانی تۆپ و گالیسکە نییە و ڕۆژ بە ڕۆژیش بەرخودانەکەیان تاوی دەسەند، پشووم نەما و خۆم پێ ڕانەگیرا و دام بە سەریاندا. لە سایەی سوڵتانماندا تا ڕادەیەك سنووری خۆیانم پێشانیان دا."

بەدرخان بەگ بەو لێدوانانە بەرگری لە خۆی دەکات و ڕوونی دەکاتەوە تیارییەکان کە دەوڵەتی عوسمانی و میری هەکاری نەیانتوانیوە بیانخەنە ژێر باری گوێڕایەڵییەوە، ئەم بە ناچاری و بەناوی خزمەتکردنی دەوڵەتەوە داوێتی بەسەریاندا. عەلی پاشای والیی بەغداش ئاماژەی کردووە بۆ پەیوەندیی ئەنجام نادیاری نەستوورییەکان لەگەڵ ئینگلیز و فەرەنسییەکاندا و ڕوونی دەکاتەوە شتێکی گونجاو نابێت ئەگەر بەدرخان بەگ بە تۆمەتی هێرشکردنە سەر ئەو تایەفەیە سزا بدرێت.[٢٨٦] دەبینرێت خەلیل کەمال پاشای والیی ئەرزەڕۆمیش لە سەرەتادا بەهەمان شێوە بیری کردووەتەوە. ئەوە بوو ناوبراو لە ساڵی ١٨٤٢دا پێی لەسەر هەبوونی پەیوەندی لە نێوان مەحموود خان و بەدرخان بەگدا دادەگرت، بەڵام نەیتوانیبوو بیسەلمێنێت. کەچی ئەمجار سەبارەت بە بەدرخان بەگ دەنووسێت: "بە ناچاری داوێتی بەسەر نەستوورییەکاندا چونکە لە گوێڕایەڵی یاخی بوون." خەلیل کەمال پاشا ڕوونی دەکاتەوە هێشتا بەشێك لە نەستوورییەکان لە دۆخی بەرخودانداندان و هەواڵ دەگەیەنێت کە نەستوورییەکان شەو داویانە بەسەر زەینەڵ بەگدا لە باڵەخانەی کولییە و پێنج پیاوی ناوبراویان کوشتووە. زەینەڵ بەگ بە فەرمانی بەدرخان بەگ و نووروڵڵا بەگ کولییەی نەستوورییەکانی ڕووخاندبوو و هێزەکانی خۆی لەوێ مۆڵ دابوو. خەلیل کەمال پاشا هەوڵی داوە مافداریی بەدرخان بەگ لە هێرشی سەر نەستوورییەکاندا بەم شێوەیە بۆ دەرسەعادەت بسەلمێنێت:[٢٨٧]

"بەدرخان بەگ جگە لە گەڕاندنەوەی تایەفەی باسکراو بۆ ژێر باری گوێڕایەڵی، هیچ تاوانێکی تری نییە. هۆکاری ئەو بوێریەش: وەك پێشتریش بۆ خزمەتی پایەبڵندتان نووسرابوو، تایەفەی تیاری ماوەیەکی درێژ بوو سەرکێشییان دەکرد و لە هەموو لایەك هەڵگەڕانەوە و دەرچوون لە

گوێڕایەڵییان کردبوو بە پیشە و بە هاوکاری هەندێك لایەن[288] و بە ئاژاوەگێڕیی ئێران هەر هەموویان لە دەست دەرچووبوون. بە کەڵەگایی ڕیزێك گوندیان لە سەنجەقی هەکاری تالان کرد و مزگەوتەکانیان کردبوو بە کولییە."

والیی ئەرزەڕۆم بەو جۆرە باس لە ڕەوشی نەستوورییەکان دەکات و ڕوونی دەکاتەوە بە پشتبەستن بەو ڕەوشە پێویستە بەدرخان بەگ لە پای هێرش بۆ سەر نەستوورییەکان تاوانبار نەکرێت. چ والیی بەغدا و چ والیی ئەرزەڕۆم بوو ئاماژە دەکەن بۆ ئەوەی کە بەدرخان بەگ لەو سەردەمەدا بەهێزترین میری کوردە و هەوڵیان داوە پێویستیی هەبوونی ئەو لە کوردستان دەربڕن. والیی ئەرزەڕۆم دەنووسێت بەدرخان بەگ لای ئێرانییەکانیش مایەی ڕێزە، یەحیا خانی دەسەڵاتداری سەلماس لە زووەوە چاوی لە هەکاری بڕیوە، بەڵام لەبەر هەبوونی بەدرخان بەگ ناوێرێت بەو ئاڕاستەیەدا هەنگاو بنێت.[289] والییەکانی ئەرزەڕۆم و بەغدا لایەنگری بەردەوامبوونی هەبوونی بەدرخان بەگ بوون. ئەو ڕەوشەش بوێری زیاتری بەخشی بە بەدرخان بەگ لە بەرانبەر نەستوورییەکان.

لەبەر ڕۆشنایی زانیاریگەلی گەیشتوو لەلایەن پاشاکانی هەرێمەکەوە، مەسەلەی نەستووری لە دەرسەعادەت تاوتوێ کرا و بڕیار بۆ والییەکانی ئەرزەڕۆم و بەغدا و موسڵ دەرچوو "بەدرخان بەگ نەترسێنن، بەڵام هەمان کات هەوڵ بدەن بۆ ڕێگرتن لە زیاتر بەهێزبوونی و کار بکەن بۆ بەکارهێنانی لە خزمەتی دەوڵەتدا."

محەمەد پاشای والیی موسڵ بە پێچەوانەی والیگەلی هەرێمەکانی ترەوە لەبەر ئەوەی بەدرخان بەگ حەزی بە چارەی نەدەکرد، لە مەسەلەی نەستوورییەکاندا میری جزیرەی بە تاوانبار داناوە. بۆیە لە نامەی وەڵامدا بۆ دەرسەعادەت کە مێژووی ١٨٤٣/١١/٨ی بەسەرەوەیە [290]، لە مەسەلەی نەستوورییەکاندا بەدرخان بەگ تاوانبار دەکات، نیگەرانیی لێپرسراوانی دەوڵەتانی بیانی لەو ڕووەوە دەهێنێتە زمان و ئەو نووسراوانەی لە

باڵیۆزخانەکانی ئینگلتەرا و فەرەنساوە بۆی نێردراوە، ئەم دەیاننێرێت بۆ دەرسەعادەت. ئینگلیزەکان بەڵێنیان داوە ئەگەر بەدرخان بەگ لەو دەڤەرە دوور بخرێتەوە، ئەوا نەستوورییەکان گوێڕایەڵی دەوڵەت دەبن. بەڵام ئەو هەنگاوە لای عوسمانییەکان نائارامی خوڵقاند و گومانی ئەوەی لەکن دەرسەعادەت دروست کرد کە لەوانەیە فەرەنسییەکانیش خۆیان لە کلدانییەکان بکەن بە خاوەن.[291] والیی موسڵ دەنووسێت بەدرخان بەگ لە ناوچەکانی خۆی دەستی کردووە بە بنیاتنانی قەڵا بەمەبەستی بەکارهێنانیان لە داهاتوودا و ڕوونی دەکاتەوە کە میری جزیرە نەخشەی ترسناکی بەدەستەوەیە بۆ داهاتوو. محەمەد پاشا سەرەڕای گشت ئەو ڕوونکردنەوانە، لەبەر ڕۆشنایی فەرمانی گەیشتوودا بە پیاوەکانی خۆیدا دیاری ناردووە بۆ بەدرخان بەگ بەمەبەستی گەرم ڕاگرتنی پەیوەندی لەگەڵیدا و لە مەسەلەی بەخشینی باجیشدا زۆر پێی دانەگرتووە.

ئینگلیزەکان پشتیووانییان لە نەستوورییەکان و فەرەنسییەکان لە کلدانییەکان کرد و دەرسەعادەت ئەوەی بەدەستخستنە ناو کاروباری دەوڵەتی عوسمانی دانا و ناڕەزایی دەربڕی. لە ڕاپۆرتی "مەجلیسی ڤالا"دا ئەم بڕگانە سەبارەت بەو بابەتە جێیان گرتووە؛[292]

"ئاشکرایە گەڕاندنەوەی هۆزی ناوبراو بۆ ژێر باری گوێڕایەڵی پێویستی بە دارایی و هێزە. هەرچەندە لایەنەکانی ئینگلیز و فەرەنسایی تا ئەو ئەندازەیە پشتیووانی و خاوەنداری پێشانی هۆزی ئاماژە بۆ کراویش بدەن، بە هۆی شوێنەکەوە ناتوانن بە سەربەستی دەست بخەنە مەسەلەکەوە. ئەوان دەوڵەتی عوسمانی ناچار دەکەن ئەوانە بخاتە چوارچێوەی حوکمی هاووڵاتیبوون و هەوڵ بدات بۆ شێوازی بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاسایشیان. بەڵام نیازی شاراوەیان ئەوەیە خۆیان چۆنیان دەوێت بەو شێوەیە بچنە ئەو دەڤەرە و دەیانەوێت خەڵکی ئەو ناوە وا لێ بکەن بەلای ئاین و ڕێبازە ئاینییەکانی ئەواندا با بدەنەوە. لەبەر ئەوە وا بە باش دەزانرێت گوێ بە قسەکانیان نەدرێت و بە حاڵی خۆیانەوە وازیان لێ بهێندرێت."

وەك ئاشــكرايە دەرســەعات زۆر بێــزار بــوو لــە گوشــاری ئینگلیــز و فەرەنــسییەکان و ئامــانجی ڕاســتەقینەی لێپرســراوانی باڵیۆزخانــەکان و مــسیۆنێرەکانی بــەو شــێوەیە لێـك داوەتــەوە. دەرســەعات لــە ڕاپۆرتــەکانی "مەجلیـسی ڤـالا"دا دەڵێـت ئـەو قەومـە پێوەنـداری دەوڵـەتی عوسمـانین و ئەگەر کێشەیەك هەیە، ئەوا پێویستە بێ هەواڵەکردنی بۆ دەوڵەتانی دەرەوە چارەسەر بکرێت. هەرچەندە بیر لـەوە کرایـەوە پلـەی بـەدرخان بـەگ بـەرز بکرێتەوە بۆ ئەوەی لـە دەوڵـەت دوور نەکەوێتـەوە، بـەڵام لەبـەر پێـداگرتنی والیی موسڵ دەست لەو بیرۆکەیە هەڵگیرا. داخوازی بەدرخان بەگ سـەبارەت بە گرێدانی ناوچەکانی ژێر دەسـەڵاتی ئـەو بـە دیاربـەکر، یـان ئەرزەڕۆمـەوە پەسەند نەکرا، چونکە دەوڵەت پێی وا بـوو جڵـەوکردنی ناوچـەکان بـە هـۆی دووری لە ئەرزەڕۆمەوە کارێکی دژوار دەبێت، هەروەها ترسی ئەوە لە ئارادار بوو کە پەسەندکردنی داواکەی بەدرخان بەگ دەبێت بە "سازشکردن بۆی". "مەجلیسی ڤـالا" کـەمال ئەفەنـدیی ڕاسـپارد بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە مەسـەلەی بەدرخان بەگ و نەستوورییەکان.

بەدرخان بەگ، ئەو دیلانەی لە ئەنجامی هێرشەکاندا گرتبوونی، ناردیانی بۆ بەغدا و دیاربەکر و لەوێ فرۆشران. بـەو فەرمانـەی کـە بەدەسـتی کـەمال ئەفەندیدا بۆ پاشاکانی هەرێمەکە نێردرا، فـەرمان درابـوو ئـەو مرۆڤـە دیلانـە بدۆزرێنەوە و ڕەوانەی ناوچەکانی خۆیان بکرێنەوە.[٢٩٣]

سـەرباری هۆشـیارکردنەوەکانی لێپرسـراوانی عوسمـانی، دوژمنایـەتیی نێوان بەدرخان بەگ و نەستوورییەکان و هێرش و پەلاماری بەدرخان بەگ بۆ سەر ناوچەکانی نەستووری درێژەی هەبوو. بەڵگەنامـە و یاداشـتەکانی سـاڵی ١٨٤٤ تایبەتن بە ستەمکارییەکانی بـەدرخان بـەگ لـە دژی نەسـتوورییەکانی نیـشتەجێی نـاو سـنووری ویلایـەتی موسـڵ. ئەگـەری ئـەوە هەیـە ئەوانـە نەستوورییەکانی ناوچـەی چـاڵی تایەفـەی نەسـتووری بـوون. ئـەو ناوچـەیە دەکەوتە باکووری دەڤەری بە موسڵەوە لێکێندراو و هاوسنووری ناوچـەکانی نەستووریی تیاری و ئاشیتان بـوو لـە باشـووری هـەکاری. بەڵگەنامەیـەك کـە

مێـژووی ١٨٤٤/٢/٢٨ی بەسـەرەوەیە، بـەم جـۆرە ئامـاژە بـۆ ئـەو بابەتـە دەکات؛[٢٩٤]

"لە شەڕەکانی نێوان بەدرخان بەگ و نەستوورییەکان لـە نـاو سـنووری ویلایەتی موسڵدا بەدرخان بەگ بڕێك دیلی لە تایەفەی ناوبراو گرت و بەشـێك لەوانە گواسترانەوە بۆ بەغدا و بـڕێکیش نێردرانـە دیاربـەکر و حەڵـەب و بـە دانیـشتووانی موسـڵمان فرۆشـران. تەنانـەت دواتـر لـە ڕێـی لێکۆڵینـەوە و هەوڵدانەوە زانرا هەندێك لـە دیلـەکان لای ئـەم و ئـەو لـە دەوروبـەری موسـڵ دۆزراونەتەوە."

وەك دەبینـدرێت بـەدرخان بـەگ بەشـێك لـە دیلـە نەسـتوورییەکانی لـە شەڕدا گیراوی فرۆشتووە. ئـەو ژمارەیـە لـە نووسـراوێکی تـردا بـە ٣٠ کـەس دانراوە. لـە چـەند یاداشـتێکدا لـە دەرسـەعادەتەوە بـۆ والییـەکانی موسـڵ، دیاربەکر و بەغدا نووسراوە ئـەو نەسـتوورییانەی کـە ئـەو ڕەفتارەیـان لـە دژ ئەنجام دراوە، هاووڵاتیی عوسمانین و نابێت بە دیل بگیرێـن و فـەرمان دراوە دیلەکان یەکسەر بدۆزرێنـەوە و ڕەوانـەی ناوچـەکانی خۆیـان بکرێنـەوە. لـە بەشـــەکانی داهـــاتوودا بۆمـــان ڕوون دەبێتـــەوە بـــەدرخان بـــەگ بەتـــەنیا نەســـتوورییەکان نـــا، بگـــرە ســـتەمی زۆری لـــە یاقووبییـــەکان و کـــوردە ئێزیدییەکانی ناوچەی گـارزانیش کـردووە. هێـرش و پـەلامارەکانی بـەدرخان بەگ بۆ سەر ناوچەی گارزان بوو بە هۆی ئەوەی بەگەکانی گارزان و شـیرڤان ساڵی ١٨٤٧ پشتیووانی لە بەرخودانی بەدرخان بەگ نەکەن.[٢٩٥]

ئەورووپا و ئەمریکا لەمەڕ نەستوورییەکان زۆر هەستیار بـوون، بـەڵام لـە بەرانبەر کوردە ئێزیدییەکان هەمان هەستیارییان پێشان نەدا. بەدرخان بەگ کۆمەڵکوژیی هاوشێوەی بە کۆمەڵکوشـتنی نەسـتوورییەکانی لـە دژی کـوردە ئێزیدییـەکانیش ئـەنجام دەدا، بـەڵام تەنانـەت لـە قۆنـاغی دوای فـەرمانی تەنزیماتیشدا لەلایەن دەوڵەتەوە نارەزایی لە دژی دەنەبڕدرا. لە کاتێکدا شەڕ و پێکادانەکانی کورد و نەستووری لە دەڤەری هەکاری درێـژەیان هـەبوو، لـە ناوەڕاستی ساڵی ١٨٤٥دا سوپاکانی عوسمانی بە فەرمانـدەییی حـاجی بـەکر

ئاغا لە موسڵەوە بەرەو چیای سنجار (شەنگال)ی مەڵبەندی سەرەکیی کوردە ئێزدییەکان بەڕێ کران و ناوچەکەیان ئابڵۆقە دا. سوپاکانی عوسمانی لە هەندێك گوندی دژوار و قایمی وەك "میرگان" ڕووبەڕووی بەرگریی توند بوونەوە و دوای هەوڵێکی زۆر ئەوسا توانیان دەڤەرەکە بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان. پاش سەرکەوتنی ئەو هێرشە پلەی حاجی بەکر ئاغا لە "گەورەی دەرگاوانی دەروازەی باڵا"یەوە بۆ "میرئالای" بەرز کرایەوە.[٢٩٦]

**بەرخودانی وان لە ساڵی ١٨٤٥دا**

لەگەڵ هاتنی ساڵی ١٨٤٥دا بەرخودانەکانی کوردستان ڕووبەرێکی بەرفراوانیان گرتبووەوە و دانیشتووانی ناوەندی شاری وان ڕایانگەیاند ئەو ڕێکخستنەوە نوێیانەی کە بەپێی فەرمانی تەنزیمات ئەنجام درابوون، پەسەند ناکەن و ئەوانیش دەستیان دایە بەرخودان. بنەماڵەی تەیموور خانی[٢٩٧] قایمقامی پێشووتری وان کە یەکێك بوو لە هاوپەیمانەکانی مەحموود خان، سەروکاری ئەو بەرخودانەی دەکرد. ڕاپۆرتی ئەسەد نووری پاشا کە مێژووی ١٨٤٥/٦/٢٨ی بەسەرەوەیە و تایبەتە بە ڕووداوەکانی ساڵی ١٨٤٥، زانیاریی گرنگ سەبارەت بە بەرخودانی ناوەندی شاری وان لە خۆ دەگرێت. باس لە پەیوەندیی بەدرخان بەگ بە بەرخودانی ناو شاری وانیشەوە کراوە، بەڵام ئەو لای خۆیەوە ئەو تۆمەتەی ڕەتکردەوە. لە ڕاپۆرتی ئاماژە بۆ کراودا هاتووە؛[٢٩٨]

"وەك ئەوەی لەو یاداشتەدا هاتووە کە ئەمجار لەلایەن حەزرەتی دەوڵەتلی سامی پاشای والیی ئەرزەڕۆمەوە بۆ مەقامی ڤالای سەدری ئەعزەم و بۆ خزمەتی حەزرەتی فەرمانداری سوپا بەرز کراوەتەوە؛

بەندەی خۆتان عزەتلی تەیفوور بەگی ئیسحاق پاشازادەی وانی کە یەکێکە لە بینباشییەکانی سوارەی عەسکەری مونتەزەمە و ڕەوانە کرابوو تا ئاژاوە و دووبەرەکی لە وان بەدیهاتوو بە شێوەیەکی جوان لە ناو ببات، بێ ئەنجامدانی هیچ کارێك گەڕاوەتەوە. ئەمجار خەڵکی وان، محەمەد ئەفەندیی

وانی کە پێشتر پەیوەندی کردووە بە عەسکەری نیزامییەوە[299] و یەکێکە لە سەرتیپەکانی سوارەی تیمارلی و یەکێك لە قەرەباشەکانی ئەرمەنی گوتوویانە –ئێوە هەواڵ بۆ ئەرزەڕۆم دەنووسن– و بەو جۆرە هێزەکان بڵاوەیان پێ کراوە. ئەگەر هێزەکانی ئەوان بڵاوەیان لێ نەکردبایە، ئەوا بە ویلایەتی چلدر و مووش و سەنجەقەکانی بایەزیددا بڵاو دەبوونەوە.

لەبەر ئەو هۆیە بەندەی خۆتان حەزرەتی سامی پاشا گوتوویەتی و بەیانی کردووە کە بیر لەوە دەکرێتەوە قایمقامیەتی وان لە میری میرانی کەرام وەربگیرێتەوە و بدرێت بە بەندەی خۆتان حەزرەتی بەهلوول پاشای قایمقامی سەنجەقی بایەزید، تابووری ئەسپسوارانی عەسکەری نیزامییەی حەزرەتی شاهانە بە فەرماندەییی بەندەی خۆتان حەزرەتی فەریق بەحری پاشا بەڕێ بکرێت و لە ناو عەشیرەتە کوردەکانیشدا، بە بەهلوول پاشاشەوە، هەزار ئەسپسوار ساز بدرێن.

لەو ڕووەوە داوام لێ کراوە بەدواداچوون بکەم و بەپێی قسە و قسەلۆك و لێکۆڵینەوەکان؛

لەبەر ئەوەی ژمارەی دانیشتووانی ناوەندی وان لە چوار پێنج هەزار کەس پێکدێت، تەنانەت یەك تابووری عەسکەری نیزامییە بەسە بۆ گوێبادان و ئامۆژگاریکردنیان، بەڵام وەك لای ئێوەی پایەبەرزیش زانراوە، هاوپەیمانی و یەکگرتوویی دانیشتووانی ئامـاژە بۆ کراو لەگەڵ میرە کوردەکاندا وەك هەواڵێکی زۆر ئاشکرا و بەهێز باس دەکرێت و دەگێڕدرێتەوە. جۆری ئەوەی لە یاداشتی باسکراودا هاتووە، لە نامەی گەیشتووی ئەمجاری تۆسون ئاغای مۆرداری حەزرەتی ''موشارون ئیلەیهی''دا ڕوون کراوەتەوە کە بەدرخان بەگی میری بۆتان ئاگای لە ڕووداوەکەی وان نییە و دەستی ئەوی تێدا نییە و بەیانی کردووە ئەگەر لە دەستی بێت، لەو بابەتەدا ئیبرازی حوسن و خزمەت دەکات. لە وەڵامنامەی ''مەوما ئیلەیهی'' (بەدرخان بەگ)ەوە هاتووشدا جێی ئەو بابەتە کراوەتەوە و بەبیر هێندراوەتەوە.

بەهلوول پاشا لەبەر ئەوەی لە باوباپیرانەوە موتەسەرپیفی بایەزید بـوون، کەسێکە لە ناو عەشیرەتەکان و کوردەکاندا خاتری دەگیرێت. بۆیە بەخشینی قایمقامییەتی وان بەو بە کارێکی گونجاو دەزانرێت.

هەرچەندە تەیفوور بەگ پێشتر ڕەوانەی وان کـرا و بـێ ڕاپەڕانـدنی هـیچ کارێك گەڕایەوە و ئەگەرچی مۆڵەتی پێ درابوو بە چ شـێوەیەك هەڵسوکەوت بکات، کەچی تا ئێستا نەتوانراوە هیچ وەڵامێك بەدەست بهێنـدرێت. شـوێنی ڕاستەقینەی تێڕوانین لەو بابەتە هاوکاریکردنی دانیشتووانی ئاماژە بۆ کـراوە لەلایەن میرە کوردەکان و تایەفەی کوردەوە. لەبەر ئەوە؛

پێویستە بەحری پاشـا لەگـەڵ تـابووری باسـکراودا یەکسەر ڕوو لـە وان نەکات، بگرە بەرەو دەوروبەری ئەلەشکردی ناو سنووری بایەزید و سەر ڕێگا بکەوێتە ڕێ، لەوێ لەگەڵ بەهەلوول پاشادا ڕێك بکەوێت، پیاو و نامە بۆ میرە کوردەکان و کەسانی ناودار و پێویستی تر بنێردرێت و هەوڵ بـدرێت ئومێـدی گەیشتنی کوردەکـان بـۆ یارمەتیـدانی دانیـشتووانی ئامـاژە بـۆ کـراو لـە نـاو ببرێت.

بەحری پاشا و بەهەلوول پاشـا بـە نامـە ئـەو ئەرکـە بـۆ بـەدرخان بـەگ دەنووسـن و پێـشنیازی بـۆ دەکـەن، وەك ئـەوەی خـۆی بـەڵێنی داوە، لـەو بابەتەدا ئیبرازی حوسنی خزمەتی خۆی پێشان بدات. ئەگـەر بەدەستخستنە ناو دەستی بەحری پاشا و بەهلوول پاشا بـەو جـۆرە ڕێـی هاوکـاریی کـورد و عەشیرەتەکان لە دانیـشتووانی ئامـاژە بـۆ کـراو بگیرێـت، ئـەوا بـە هـەڵهاتنی چەند کەسێکی سەرکێشی ئەو ئاژاوەیە لە وان بەئاسـانی ئـەو گرفتـە لـە نـاو دەبرێت.

خۆ ئەگەر نەتوانرێت ڕێ لە هاوکاریی مـیرە کوردەکـان و عەشـیرەتەکان بۆ دانیـشتووانی بـەرخۆدەر بگیرێـت و دانیـشتووانی ئامـاژە بـۆ کـراو لەسـەر بزاوتی خۆیان بەردەوام بن، ئەوا تا ئەو کاتە وەڵامـی یاداشـتنامەی باسـکراو ئاشـکرا دەبێـت و مـن گوتوومـە ڕەفتـارکردن بـەپێی ئـەوە کـارێکی گونجـاو دەبێت."

وەك دەبینـدرێت، لـە وان بـەرخودانێك لـە دژی دەسـەڵاتی عوسمـانی دەسـتی پـێ کـردووە و تـەیفوور بـەگی کـوڕی ئیـسحاق پاشـای قایمقـامی پێـشووتری وان بـۆ ئـەو مەبەسـتە ئەرکـدار کـراوە، بـەڵام نـەیتوانیوە بەرخودانەکە سەرکوت بکات. بۆیە دەوڵەتی عوسمانی ویستوویەتی بـەهلوول پاشای قایمقامی سەنجەقی بایەزید لەبەر ئەوەی لـە نـاو کوردەکانـدا خـاوەن کەسایەتی بووە، بکات بە قایمقامی وان.

بابـەتێکی سـەرەکی کـە بەدرێـژایی ئـەو قۆناغـە دەوڵـەتی عوسمـانیی نیگـەران کـرد، ترسـی پـشتووانیکردنی میرەکـانی کـورد لـەو بەرخودانـە و بەشداریکردنیان تیایدا و بوونیان بە هۆکار بۆ فراوانبوونەوەی بەرخودانەکە و ئەگەری تەشەنەکردنی بووە بە دەڤەرەکانی چـلدر و مـووش و بایەزیـد. وەك ئەوەی لە ڕاپۆرتی سەرەوەشدا دەبیندرێت، بەدرخان بـەگ هـیچ ئاگـاداری و پەیوەندییەکی بە بەرخودانی وانەوە نەبووە و بە ئاشکرا ڕوونی کردووەتەوە، ئەگەر پێویست بکات، ئامادەیە لەو بابەتەدا خزمەتی دەوڵەت بکات.

## ڕێککەوتنی میرە کوردەکان لە ساڵی ١٨٤٦دا

دەبینین لەگەڵ هاتنی ساڵی ١٨٤٦دا پەیوەندیی نێوان بـەدرخان بـەگ و مەحموود خـان لـە هەرێمەکـە وەرگەڕاوەتـە سـەر هاوپـەیمانیی نێـوان مـیرە کوردەکـان. وەك ئـەوەی لـە بەشـەکانی داهـاتوودا وردەکاریـیـەکانیمان دەکەوێتـە پـێش چـاو، ئامـاژەکردن بـۆ ڕاسـتییەکانی ڕووی نـاوەوەی هاوپەیمانیی نێوان میرە کوردەکان کارێکی بەجێ دەبێت. ئەو پێکهاتەیە بـە پەیمانی پیرۆز، یان بە هۆی بەشداربوونی نوورڵڵا بەگەوە بە پەیمانی سێقۆڵی ناو دەبرا و لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای پەیوەندی دووقـۆڵی نێـوان مـەحموود خان و بەدرخان بەگ پێکهاتبوو. دەستەواژەی لـە جـۆری "بـەدرخان بـەگ و مەحموود خان بوون بە ناوەندی پشتیووانیکردنی یاخیبووەکانی کوردستان" لە ڕاپۆرتـەکانی سـاڵانی دواتـردا جێـی گرتـووە.[٣٠٠] چـەند فاکتـەرێکی گـرنگ ڕۆڵیان هەبوو لە دانانی بناغەی ئەو هاوپەیمانییەی نێوان مـیرە کوردەکانـدا.

فاکتەری یەکەم هەبوونی مەحموود خان بوو. خان دوای دوورخستنەوەی ساڵی ١٨٣٨ یەکسەر دەستی دایە بەرخودان و بوو بە کەسایەتییەك کە دەوڵەت چەندین ساڵ نەیتوانی دەستی بۆ ببات. دەتوانرێت سەرنج بدرێت کە بە هۆی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ بەدرخان بەگدا کاریگەریی لەسەر ئەویش داناوە. هەڵوێستی بەدرخان بەگ لە بەرانبەر دەوڵەتی عوسمانی بوو بە چەقی ڕاکێشان بۆ ئەو میرانەی تر کە نێوانیان لەگەڵ دەوڵەتدا تێکچووبوو.

فاکتەری گرنگی دووەم بریتی بوو لە کێشەکانی نێوان بەدرخان بەگ و دەوڵەتی عوسمانی و ئیدی هەبوونی بەدرخان بەگیش بەلای عوسمانییەکانەوە مایەی نیگەرانی بوو بۆ ئەو نەزمە نوێیەی کە دەوڵەت دەیویست لە دوای ڕاگەیاندنی فەرمانی تەنزیمات لە کوردستان پەیڕەوی بکات. ئەو قۆناغە لەگەڵ دابەشکردنی نوێی بەڕێوەبردن و گرێدانی جزیرە بە موسڵەوە دەستی پێ کرد و بەدرخان بەگی لە مەحموود خانی بەرخۆدەر زیاتر نزیك کردەوە. هاوکات ناموسڵمانەکانی کوردستان لە دوای ڕاگەیاندنی فەرمانی تەنزیمات بە ئامۆژگاری و ڕێنمایی ئەورووپای کرستیان کەوتبوونە خۆ و ئەو شەڕەی کە بەدرخان بەگ وەك کاردانەوە لە بەرانبەر ئەو هەنگاوە کردی و گەیشتە ئاستی ستەمکاری، بەدرخان بەگی کرد بە گرنگترین ئامانجی ئەورووپای کرستیانی و لێپرسراوانی دەوڵەتی عوسمانی. بە هۆی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکان لە کوردستان کە هەوڵ دەدرا بەپێی فەرمانی تەنزیمات ئەنجام بدرێت، میری جزیرە کۆتایی بە لایەنگریی دەوڵەت هێنا و لەگەڵ مەحموود خان و میرە کوردەکانی تردا هاوپەیمانی بەست و کەوتە سەر ڕێی بەدەستهێنانی هێز. بۆیە دەکرێت بەشداربوونی بەدرخان بەگ لە بەرخودانی کوردیدا وەك کاردانەوەیەك بەرانبەر بە فەرمانی تەنزیمات و دەرئەنجامەکانی ئەو فەرمانە لە کوردستان لێك بدرێتەوە. ئەو بزاوتی بەرخودانەی کە بەدرخان بەگ لە ساڵی ١٨٤٦دا بە ئاشکرا چووە ناوی، بوو بە هۆی کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە بزووتنەوەکانی بەرخودان

لەسەر ئاستی کوردستان بە گشتی لە ژێر یەك چەتردا. وەك ئەوەی لە بەشەکانی داهاتوودا وردەکارییەکانیمان بۆ ئاشکرا دەبێت، پشتبەستنی مەحموود خان بە بەدرخان بەگ لەو بزووتنەوەیەدا و پەیوەستبوونی پێوەی بوو بە فاکتەرێك لە فاکتەرەکانی بوونی بەدرخان بەگ بە ڕابەری بەرخودانی کوردی.

لەم خاڵەدا پێویستە ئاماژە بکرێت بۆ هەندێك ناوی تر کە بەلای هەندێك لە مێژوونووسانەوە پایەکانی تری هاوپەیمانیی میرە کوردەکانن. نووروڵڵا بەگی میری هەکاری هەرچەندە بە یەکێك لە پایە گرنگەکانی هاوپەیمانیی میرە کوردەکان دەزانرێت، بەڵام هیچ کاتێك گرانییەکی هێژای باسی لەو هاوپەیمانییەدا نەخوڵقاند. بەدرخان بەگ و مەحموود خان دوو میری هەرە بەهێزی کوردستان و هاوسێی میری هەکاری بوون و وەك دەردەکەوێت نووروڵڵا بەگ پێی باش بووە لێیان دوور نەکەوێتەوە. میری هەکاری پاش ئەوەی نەیتوانی کێشەی نەستووری لە سنووری دەڤەری خۆیدا چارەسەر بکات، مەسەلەکەی هەواڵەی بەدرخان بەگ کرد و پێویستیی ئەو بە بەدرخان بەگ وای خواست لەو هاوپەیمانییەدا ببیندرێت. دواجار بەدرخان بەگ دەستی کرد بە بەکۆمەڵکوشتنی نەستوورییەکان و بەو کارە زەمینەی خۆش کرد بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی خۆی و دەروازەکانی پشتیووانیی نێودەوڵەتی لەسەر کورد داخست. وەك ئەوەی لە بەشەکانی داهاتوودا وردەکاریەکانیمان بۆ ئاشکرا دەبێت، میری هەکاری لە دوایین شەڕی ساڵی ١٨٤٧دا بە ئەرێنی وەڵامی بانگەوازی مووشیر عوسمان پاشای دایەوە و هەردوو میرە کوردەکەی بەتەنیا بەجێ هێشت و دەستەودامێنی سوپای ئەنادۆڵ بوو. لە بەرانبەر ئەوەدا بە پلەی "سەرگەورەی دەرگاوانی دەرگاهی عالی" کرا بە بەڕێوەبەری هەکاری.

پێ دەچێت بە هۆی کەمیی زانیاری و سەرچاوەوە چەندین زانیاریی جیاواز و هەڵەی وەك ئەوەی سەرەوە سەبارەت بە هاوپەیمانیی میرە کوردەکان لە کتێبەکانی مێژوودا جێگەیان کرابێتەوە. یەکێك لەو بابەتانە

تایبەتە بە بەگی هیزان[٣٠١]. گوتراوە خالید بەگی هیزانیش لەو هاوپەمانییەدا بەشدار بووە، بەڵام ئەوە زانیارییەکی هەڵەیە، چونکە خالید بەگ میری هیزان نەبوو، بگرە میری میرنشینی کیسان (کێسان)ی هەڵکەوتووی باکووری هیزان و هەمان کات کوڕی خەزووری مەحموود خان بوو.[٣٠٢]

ناوچەی کیسان دەکەوێتە باکووری هیزان و شوێنی گەیاندنی هیزان، قارچکان[٣٠٣] و ئاغاکیسە[٣٠٤] بەیەك[٣٠٥]. میرەکانی کیسان بە هۆی ڕایەڵەی خزمایەتی لەگەڵ میرانی مویکویسدا هەمیشە پشتیووانییان لە مەحموود خان کردووە و خەلیل بەگی میری کیسان لەو هاوپەیمانییەدا جێی گرت و لە دوایین دوورخستنەوەشدا لەگەڵ مەحموود خاندا بوو. بەگی هیزانیش لەو سەردەمەدا شەرافەدین بەگ[٣٠٦] بوو. ئەم نەچووە هاوپەیمانیی میرەکانی کوردەوە، بگرە بە هۆی ئەوەی بەدرخان بەگ دواتر ناوچەی نەمرانی[٣٠٧] سەر بە میرنشینی هیزانی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، شەرافەدین بەگ چەندین جار لەسەر ئاستی دەوڵەتی عوسمانی گازندەی لە دەستی کرد.[٣٠٨]

گرووپێکی تر کە پشتیووانییان لە مەحموود خان کرد و چوونە ناو هاوپەیمانییەکەوە و بە ئاشکرا ناویان لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا نەهاتووە، میرەکانی سپایەرت بوون. میرنشینی سپایەرت دەکەوتە ناوچەیەکی نێوان دەڤەرەکانی مویکویس و هیزان و لە سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانوونیدا یەکێك بوو لە میرنشینە ئۆتۆنۆمەکانی کورد.[٣٠٩] میرەکانی سپایەرت بە خزمی میرەکانی مویکویس و هیزان دادەنران و میرئانێتە خانم[٣١٠] یەکێك بوو لە هۆکارە گرنگەکانی پشتیووانیکردنی ئەمان لە مەحموود خان. میرئانێتە خانم کچی ئەیوبخانی مویکویسی و پووری مەحموود خان و هاوسەری عەبدی بەگی میری سپایەرت بوو.[٣١١] دامەزراندنی مەدرەسەی (تاخ)ی بەناوبانگی سپایەرت لەلایەن میرئانێتەوە ئەو خاتوونەی لەو دەڤەرە کردبوو بە کەسێکی جیاواز. میرئانێتە خانم نموونەیەکی مەدرەسەی میر حەسەنی دەڤەری مویکویسی لە سپایەرت بە بنیاتنان دا و بەو جۆرە،

لەلایەك، ناوێکی سەنگینی بۆ خۆی پەیدا کرد و لەلایەکی تریش، زەمینەی خۆش کرد بۆ هاوپەیمانیی هەمیشەییی نێوان هەردوو میرنشین.[312]

کاتێکیش باس دێتە سەر کوێر حوسێن بەگ[313] و بەرخودانی وی، وەك لە بەشەکانی داهاتوودا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، ئەو بەرخودانە کە لە ئاجارا ڕووی دا، لە ڕاستیدا هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە هاوپەیمانیی میرەکانی کوردەوە نەبوو. کوێر حوسێن بەگ پەیوەندی لەگەڵ مەحموود خاندا هەبووە. ماوەیەك لە وان لەکن وی دانیشت و پاشان چووە ئاجارا و دەستی دایە بەرخودان. بە قسەی ئینگلیزەکان مەحموود خان هاندەر و پشتیووانی بەرخودانی ئاجارا بووە و پێیان وا بووە لەبەر ئەو هۆیە سەرکوتکردنی کارێکی دژوار دەبێت.

شەریف بەگی مووشی ناوێکی ترە لە ناوەکان. شەریف بەگ (پاشا)ش یەکێکە لەو ناوانەی کە لە ڕێی مەحموود خانەوە لە هاوپەیمانیی میرەکانی کورد نزیك بووەتەوە. سەرەڕای دوژمنایەتیی کۆنی میرەکانی مووش لەگەڵ مەحموود خاندا، شەریف بەگ چووە قەڵای پاخواسی شوێنی نیشتەجێبوونی مەحموود خان لە کاڤاش و بوو بە میوانی، باس خزمایەتیی نێوان خۆیانی کرد و دۆستایەتیی خۆی بەیان کرد.[314] بەڵام ئەنجامی نزیکبوونەوەی شەریف بەگی قایمقامی مووش لە ئەنجامی ڕەفتارەکەی میری هەکاری جوداتر نەبوو.

مستەفا بەگ و تەیموورئۆغلۆی وانی سەر بە بنەماڵەی (تەیموور پاشازادە)ش ناویان لەگەڵ هاوپەیمانیی میرەکانی کورددا هاتووە. بنەماڵەی تەیموور پاشازادە هەمیشە بە پشتیووانیکردنی مەحموود خان تاوانبار کراوە. وەك لە بەشەکانی داهاتوودا بۆمان دەردەکەوێت، ساڵی ١٨٤٦ ڕابەرایەتیی ناوەندی شاری وان لە مەحموود خان سەندرایەوە و درا بە فازل بەگی سەر بەو بنەماڵەیە. بەگی ئەخلات مستەفا بەگیش لە ڕێی عەبدولڕەزاق بەگی برای مەحموود خانەوە چووە هاوپەیمانیی میرەکانی کوردەوە.

ناوەکانی تریش، عەبدالْ خان، دەروێش بەگ و عەبدولڕەزاق بەگی برایانی مەحموود خانن.

وەك دەبینـدرێت هاوپـەیمانیی کـورد لەسـەر بنـەمای پەیوەنـدی نێـوان مـەحموود خـان و بـەدرخان بـەگ پێکهـاتووە و مـەحموود خـان گرانییـەکی بەهەندی هەبووە تیایدا. تەنانەت دەشێت بگوترێت پێگەی مەحموود خـان و پەیوەنـدی ئـەو لەگـەلْ بـەدرخان بەگـدا ڕێـی بـۆ هـەنگاونان بـەرەو ئـەو هاوپەیمانییـە خـۆش کـردووە. پـشتبەستنی مـەحموود خـان بـە بـەدرخان (ئەمەش بووە هۆی تێکچوونی نێوانی مەحموود خان و عەبدالْ خـانی بـرای) و پێگەی میری جزیـرە وەك بـەهێزترین و دەسـەڵاتدارترین مـیری کوردسـتان ئـەویان کـرد بـە ڕابـەری سرووشـتیی ئـەو هاوپەیمانییـە. وەك ئـەوەی لـە بەشەکانی داهاتوودا بۆمان ئاشکرا دەبێت، مـەحموود خـان سـەرەڕای گشت هەوڵەکانی دەوڵەتی عوسمانی و سەرباری ناپاکیکردنی عەبدالْ خـانی بـرای، تا کۆتایی لەسەر سوێندی خۆی بۆ بەدرخان بەگ مایەوە.

ئەسـەد نـووری پاشـا لـە نامـەکانی ١٨٤٦/٢/٢٢دا جێـی بـۆ زانیـاریی بەرفراوان سەبارەت بە هاوپەیمانیی میرەکانی کورد کردووەتەوە؛[٣١٥]

"لەبەر ئەوەی چەند قەزایەکی سـەر بـە وان لـە کـاتی ژماردنـدا لەلایـەن فەرمانبـەرانی ''دایـەرەی تـەنزیماتی خەیریـە''ی ویلایـەتی ئەرزەڕۆمـەوە بەهەر هۆیەك بێت نەتوانراوە ئەژمار بکرێن، مەحموود خان لە پێنج دە سـالْ لەمەوبەرەوە بەڕێوەبردنی ئـەو قەزایانـەی خـستووەتە ژێـر دەسـتی خـۆی و داگیری کردوون. نوورڵڵا بەگیش ماوەی پازدە بیـست سـاڵە هەڵـسوکەوت بـە هەکارییەوە دەکات. مەحموود خان و نوورڵڵا بەگ سەرەتا لە نێـوان خۆیانـدا ڕێـك کـەوتن، هـەواڵیان نـارد بـۆ مـستەفا بـەگی هـەڵقۆزەرەوەی نـاڕەزاییی ناوەنـدی وان و ئەنـدامی بنەماڵـەی تـەیموورئۆغڵو و پـەیمانیان بەسـت بـۆ سەرپێچیکردن لە ''ئیرادەی دەوڵەتی عەلییە''. ئەمان نامـە و هـەواڵیان بـۆ بەدرخان بـەگ نـاردووە و بـەڵێن و پـەیمانیان داوە ئەگـەر دەوڵـەت ئـارەزوو بفەرموێت بۆ دەرزدادانی هەرکەسێکیان، ئەوانی تر هاوکاری بکەن. بـەدرخان

بەگ بەڕێوەبەری قەزاکانی جزیرە و بۆتانی نـاو سـنووری ویلایـەتی موسـڵ و هاوسنووری ویلایەتی وان و قەزاکانی تری ئەو دەوروبەرەیە و لـە پێـنج سـاڵ لەمەوبەرەوە دەستی داوەتە سەرپێچیکردن و چەتەگەری."

ئەسەد پاشا بەو جۆرە ئامـاژە بـۆ وردەکارییـەکانی هاوپـەیمانیی مـیرە کوردەکان دەکات و دەڵێت شەریف بـەگی قایمقـامی مـووش، ئەگەرچـی لـەو هاوپـەیمانییەشـدا بەشـدار نـەبوو، چـاوی بـە ناپاکـان کـەوتووە و پەیوەنـدی لەگەڵیاندا هەیە. ئەسەد پاشا لە نامەی خۆیدا بە ئاشکرا دەڵێت پێویستە لـە یەك کاتدا بدرێت بەسەر وان و بەدرخان بەگدا، ئەگەر نا، لایەنەکان هاوکـاری یەکدی دەکەن و ناتوانرێت مەسەلەکە چارەسەر بکرێت. وەك ئاشکرا دەبێت، مووشیریەتی سـوپای ئـەنادۆڵ و والییـەکانی موسـڵ و دیاربـەکر و ئـەرزەڕۆم نامەی زۆریان سەبارەت بەو بابەتە نووسیوە.

والیی ئەرزەڕۆم ئەسەد پاشا بـۆی دەرکـەوت ئـەو بەرخودانـەی لەلایـەن مەحموود خانەوە دەستی پێ کـرا و دواتـر وانیـشی گرتـەوە، وا خـەریکـە بـە پێکهاتنی هاوپەیمانیی میرە کوردەکان فراوان دەبێتەوە، بۆیە لـە سـەرەتادا هـەوڵی دا مەسـەلەکە لـە ڕێـی دانوسـتاندنەوە چارەسـەر بکـات. وەك لـە ڕاپۆرتێکی تری هەمان مێژوودا بەرچاو دەکەوێت، ئەو ئەرکە بە کەنعان بەگی فەرمانبـەری گەنجینـە دەسـپێرێت و هەنـدێك لـە کەسـایەتییە ناودارەکـانی ناوەندی شـاری وان بـۆ ئـەرزەڕۆم بانگهێـشت دەکـات.[316] ئـەرکی بنـەڕەتیی کەنعان بەگ بریتی بوو لە هێنانی مەحموود خان یان یەکێك لە براکانی لەبری وی بـۆ ئـەرزەڕۆم. کـەنعان بـەگ ئەگەرچـی نـەیتوانی مـەحموود خـان بـە سەردانی ئەرزەڕۆم قایل بکات، بەڵام توانی دەستەیەکی ٧-٨ کەسـی[317] لـە ئەشرافەکانی ناوەندی شاری وان بۆ ئەرزەڕۆم بهێنێت. ئەسەد پاشـا دەڵێـت خۆی لە ئەرزەڕۆم میوانداریی ئەو کەسانەی کردووە، هـەموو جـۆرە نیـازێکی باشـی پێـشان داوە، چـەند جارێـك چـاوی پێیـان کـەوتووە و داخـواز و ئامۆژگاریی پێویستی سـەبارەت بـە کۆتاییهێنـان بـە بەرخودانەکـەی پێیـان ڕاگەیانـدووە. ئەسـەد پاشـا داوای لـەو دەسـتەیەی لـە وانـەوە هـاتوو کـرد

بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان و ڕەوشەکە بۆ مەحموود خان و ئەوانی تر باس بکەن و لە ٢٢/Z/١٢٦١ (١٨٤٥/١٢/٢٢)وە ٤٠ ڕۆژی بۆیان دیاری کردووە بەمەبەستی گەڕانەوەیان بۆ ناو بازنەی پابەندبوون بە دەوڵەتەوە. بەڵام وەك ئەوەی لە نامەکەشدا هاتووە، ٤٠ ڕۆژەکە بەسەر دەچێت و ٢٢ ڕۆژی تریشی دەچێتە سەر، کەچی لە هەرێمەکەوە هیچ هەواڵێکی ئەرێنی پێ ناگات.

بابەتێکی تر کە ئەسعەد پاشا ئاماژەی بۆ کردووە، مەسەلەی کوێرحوسێن بەگی یەکێك لە میرەکانی چڵدره[٣١٨] کە سەرلەنوێ سەری هەڵداوەتەوە. کوێر حوسێن بەگ پێشتر برابووە دەرسەعادەت، لەوێشەوە بۆ میسر دوورخرابووەوە و بەزۆر لەوێ نیشتەجێ کرابوو. محەمەد عەلی بەگی کوڕی کوێر حوسێن بەگیش ئەو ماوەیە بۆ دڵنیایی لە ئەرزەڕۆم لای ئەسەد پاشا نیشتەجێ کرابوو. حوسێن بەگ ڕێگایەکی دۆزییەوە و لە میسر هەڵهات، چووە وان و خۆی گەیاندە کن مەحموود خان. ئەسەد پاشا دەڵێت حوسێن بەگ نامەی بۆ محەمەد عەلی بەگی کوڕی خۆی نووسیوە و ئەویش نامەکانی ڕادەستی ئەم کردووە. هەروەها دەڵێت هۆکاری هاتنی حوسێن بەگ بۆ وان ئەوەیە بزانێت داخۆ بەرخودانی وان چۆن ڕووی داوە و هەرچەندە ناوێرێت بۆ چڵدر بگەڕێتەوە، بەڵام نیازی وایە سوود لەو بەرخودانەی وان وەربگرێت و ڕێگا بدۆزێتەوە بۆ نوێکردنەوەی ئاژاوەگێڕانی سەردەمانی زووی خۆی. والیی ئەرزەڕۆم ئەسەد پاشا ڕوونی دەکاتەوە کە سەرانی بەرخۆدەری وانیش هاوکاری دەکەن و یەکێك لە پیاوەکانی خۆی ناردووە بە حوسێن بەگ ڕابگەیەنێت ئەگەر بێتە ئەرزەڕۆم، ئەوا ئەم بۆ دەرسەعادەت دەنووسێت لێبووردنی بۆ دەربکرێت. ئەسەد پاشا دەنووسێت بەڵام هێشتا پیاوەکە نەگەڕاوەتەوە. ئەسەد پاشا لە وەڵامی گشت ئەو هەوڵانەیدا لە بەرانبەر بەرخودانی ناوەندی وان هیچ نیازێکی باشی نەدی، بۆیە ڕوونی دەکاتەوە کە وادەی بەکارهێنانی هێزی ناچاری هاتووە و دەڵێت؛

"ئەو کەسەی کە بەناوی مستەفا بەگ لە ناو ئەواندا پلەی ڕابەرایەتی بەدەست هێناوە و مەحموود خانی ناوبراو، نووڕڵلا بەگی میری هەکاری و هەموو ئەوانی تریش کە خۆتان دەیزانن، لەگەڵ بەدرخان بەگی هاوسێیاندا پەیمانیان بەستووە بۆ سەرپێچیکردن لە ''ئیرادەی سەنییە''."

لە نامەکەی تریدا کە هەمان مێژووی بەسەرەوەیە[٣١٩]، ڕووبەرێکی بەرفراوانتر بەو بابەتە دەدات و دەڵێت؛

"بەندەی خۆتان لەو کاتەوەی ئەرکی پێ سپێردراوە، درێغی نەکردووە لە ئامۆژگاری و هۆشیارکردنەوە بەمەبەستی بە جوانی لە ناوبردنی ئەو قسە و قسەلۆك و داگیرکارییەی کە ماوەیەکە لە ناو خەڵکی ناوەندی وان و قەزاکاندا سەری هەڵداوە. سەرەڕای ئەوەش، ئەو کەسەی بەناوی مستەفا بەگ ڕابەرایەتیی دانیشتووانی وانی گرتووەتە دەست، مەحموود خان، نووڕڵلا بەگی میری هەکاری و هەموو ئەو کەسانەی تر کە خۆتان دەیزانن، لەگەڵ بەدرخان بەگی هاوسێیاندا دژی ''ئیرادەی سەنییە'' سەرپێچییان کردووە. ئامۆژگارییە باسکراوەکان بەهیچ جۆرێك کاری لێیان نەکردووە، لە بازنەی گوێڕایەڵی دەرچوون و بەپێی شەرع و قانوون شایەنی سزای توندن."

ئەسەد پاشا زانیاریی سەبارەت بە شەریف بەگی قایمقامی مووشیش دەدات و قایمقامی خۆی بە ئەنجامدانی دیدار لەگەڵ مەحموود خاندا تاوانبار دەکات؛

"تەنانەت شەریف بەگیش کە لە کاتی خەلیل کەمال پاشای پێش مندا هەرچۆنێك بێت پلەی قایمقامی مووشی پێ دراوە و بەندەی خۆتانیش بەپێی پێویست لە جێی خۆی هێشتوویەتییەوە و لەم کاتەدا لە کارخستن و گۆڕینی بە پێویست نازانێت، دەگێڕدرێتەوە کە لەگەڵ مەحموود خانی ناوبراودا لە پەیوەندیدایە."

ئەسەد پاشا ئاماژە دەکات بۆ ئەو پەلامارە سەربازییەی کە پێویستە بکرێتە سەر ئەو کەسانە؛

"ئەگەر عەسکەری شاهانە بکرێتە سەریان، خۆیان لە قەڵای وان و قەڵای مەحموودی (خۆشاب)ی هەڵکەوتوو لە قەزاکەی مەحموود خان قایم دەکەن. بەدرخان بەگیش لای خۆیەوە هاوکارییان دەکات."

ئەسەد پاشا بەپێویستی دەزانێت هێرشی سەربازیی پێویست بۆ سەرکوتکردنی بەرخودانەکە دوا نەخرێت و دەنووسێت؛

"بەکارهێنانی هێزی ناچاری لە دژی مستەفا بەگ کە لە وان ڕابەرایەتیی بەدەست هێناوە، مەحموود خان و بەدرخان بەگ و سزای شایەن بە خۆیان و لەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنی پێویست، خوا یار بێت، دوا ناخرێت بۆ وەرزی بەهار کە خەریکە نزیک دەبێتەوە. ئەگەر کەمێك کات بڕوات، ئەمانە لەبەر ئەوەی سات بە سات ئاژاوە و ڕەفتاری نابەجێ دەکەن، بەزۆر شوێندا تەشەنە دەکەن."

وەك دەبیندرێت، ئەسەد پاشا بەهەندبوونی ڕەوشەکە و پێویستیی بەکارهێنانی هێزی ناچاری بە دەرسەعادەت دەگەیەنێت. هاوکات شەریف بەگی قایمقامی مووشیش دوژمنایەتیی کۆنی ناوەتە لاوە، پەیوەندی بە مەحموود خانەوە کردووە، چووەتە کۆشکی وی لە کاڤاش و بووە بە میوانی. شەریف بەگ بە مەحموود خانی گوتووە ئەوان خزمی یەکدین و دۆستایەتیی خۆی بۆی دەربڕیوە. هەردوو میری کورد لەو چاوپێکەوتنەدا بەڵێنیان داوە پەیمان ببەستن.[320]

بێگومان ئەو ڕاپۆرتانەی کە سەبارەت بە هەرێمەکە بە دەرسەعادەت گەیشتوون، تەنیا لەلایەن ئەسەد پاشاوە ئامادە نەکراون. کۆنسوڵخانەکانی ڕووس و ئینگلیزیش لە ئەرزەڕۆم بە پەرۆشەوە بەدواداچوونیان بۆ بەرخودانەکە کردووە و سەبارەت بە هەرچی زووتر سەرکوتکردنی بەرخۆدەران، ئامۆژگاری دەوڵەتی عوسمانییان کردووە. ئاماژە کراوە بۆ مەترسیی ئەوەی ئەگەر میرە کوردەکانی وەك مەحموود خان و بەدرخان بەگ لە بەرخودانی دانیشتووانی ناوەندی شاری واندا بەشداری بکەن، ئەوا دۆخێك دێتە ئاراوە ڕزگاربوون لێی کارێکی دژوار دەبێت. ڕاپۆرتی جێگری

کۆنسوڵی ڕووس لە ئەرزەڕۆم سەبارەت بە بەرخودانەکەی ناوەندی وان بەم جۆرەیە؛[٣٢١]

"ئەگەر هەیە لەلایەن دەوڵەتی عەلییەوە سەرباز بکرێتە سەر یاخیبووەکانی وان و ئەگەر بڕیار لەسەر ئەو مادەیە بدرێت، کوردەکانی مووش و بتلیس لەلایەن مەحموود خان و بەدرخان بەگەوە هاوکاری دەکرێن و ئەمانە لە بیرۆکەی هاوپەیمانیکردن لەگەڵ یاخیبوواندا دوور نین. دۆخێکی واش دەبێت بە هۆی ئازایەتی و بوێری بۆ گشت سەرۆکە بەهێزەکانی کوردستان. ئەگەر دەوڵەتی عەلییە ڕێوشوێنی پێویست نەگرێتە بەر بۆ ڕێگرتن لە بەدیهاتنی ئەو پێشبینیکردنە، ڕەفتاری نەگونجاوی ئەو گرووپە ئاماژە بۆ کراوە لەو ویلایەتە ناوبراوە ئەنجامی زۆر خراپی دەبێت."

بابەتێکی تر کە ڕووسەکان هەڵوێستەیان لە ئاستیدا کردووە، کوێر حوسێن بەگە. ڕووسەکان لەو بابەتەدا والیی ئەرزەڕۆمیان تاوانبار کردووە و بە ئاشکرا گوتوویانە بانگهێشتکردنی کەسێکی متمانە پێ نەکراوی وەک ئەو مرۆڤە لەلایەن ئەسەد پاشاوە و نامەنووسین بۆ دەرسەعادەت بەمەبەستی دەرکردنی فەرمانی لێبووردن بۆی، ڕەفتارێکی فرە هەڵەیە. ئەمە لە کاتێکدا هەوڵی ئەسەد پاشا بۆ ئەوە بوو حوسێن بەگ لە وان دەربکات و ڕێ لە ئەگەری ڕوودانی بەرخودان لە ئاجارا و چڵدر بگرێت. حوسێن بەگیش نەچوو بەپیر بانگەوازەکەوە و وەک لە بەشەکانی داهاتوودا دەبینین، گەیشتە ئاجارا و لەوێ دەستی دایە بەرخودان.

وەک ئاشکرا دەبێت، ئەو وەڵامەی کە لێپرسراوانی عوسمانی لە دانیشتووانی وان چاوەڕێیان دەکرد، ئەگەرچی درەنگیش بێت، بەڵام گەیشتووە. دوای ئەو نامانە لە وانەوە وەڵامنامەیەک گەیشتە ئەرزەڕۆم کە مۆری ٣٨ موسڵمان و ١٦ ناموسڵمان بە دامێنییەوە بوو.[٣٢٢] دانیشتووانی وان لە نامەکەدا نووسیویانە ئەو داخوازە زارەکی و نووسراوانەیان تاوتوێ کردووە، کە لە ئەرزەڕۆم خرابوونە بەردەستی شاندی ئەشرافەکانی وان و تیایاندا هاتووە وەک ئەوەی لە ئەرزەڕۆم و مووش و بایەزید پەیڕەو کراوە،

وانیش بخرێتە چوارچێوەی ''تەنزیماتی خەیریە''یەوە و یەك دوو تابوور سەربازیش بۆ قەڵای وان ڕەوانە بکرێت.

ئەشرافەکانی وان لەو نامەیەدا ڕەتی دەکەنەوە ئەوان لە دۆخی بەرخوداندا بن و بە پێداگرتنەوە ئاماژە بۆ هەژاری و پەرێشانیی خەڵك دەکەن و دەڵێن لەبەر ئەو هۆیە باجیان نەداوە، هەروەها دەنوسن ئەگەر ببیندرێت تەنزیماتی خەیریە خێری بۆ هەژار و نەداران تێدایە، ئەوا هەمووان بە شێوەیەکی ئاسایی پەسەندی دەکەن. ئەشرافەکانی وان داوا دەکەن بۆ ئەو مەبەستە ماوەیەك مۆڵەتیان پێ بدرێت و هاوکات ناردنی سەرباز بۆ وان پەسەند ناکەن و دەنووسن قەڵای وان لە ژێر پاراستنی تۆپچییەکانی خەڵکی شاردایە. ئەشرافەکانی وان داخوازەکانی خۆیان بەم جۆرەی خوارەوە کورت کردووەتەوە؛

"لە ڕووی لوتف و میهرەبانیتانەوە با لەم کاتەدا چاوپۆشی بکرێت لە مەسەلەی ڕاپۆرتی تەنزیماتی خەیریە و ناردنی عەسکەری نیزامیە ''سەربازی ڕێکخراو'' بۆ قەڵای ناوبراو.

خەزێنەی جەلیلە ''گەنجینە'' چەند ئاقچە بە گونجاو دەفەرموێت، ئەگەر بە نووسراو پێمان بگات، ئەو کاتە لەم ناوە بە هەوڵی هەمووان و بەپێی حاڵ و سامانی هەرکەسێك کۆ دەکرێتەوە و ڕەوانەی گەنجینە دەکرێت."

وەك ئاشکرا دەبێت خەڵکی وان نەزمی نوێی عوسمانی (تەنزیماتی خەیریە) یان پەسەند نەکردووە و خۆیان لە وەڵامێکی بەرجەستە و ئەرێنی بۆ داخوازەکانی والیی ئەرزەڕۆم دزیوەتەوە.

ڕاپۆرتەکانی ئەسعەد پاشا و ئەو ڕاپۆرتانەی کە کۆنسوڵخانەکانی ئینگلتەرا و ڕووسیا لە ئەرزەڕۆم سەبارەت بە بەرخودانی کورد و کوێر حوسێن بەگی سەلیم پاشازادەی ئاجاراپی نووسیبوویان، ڕۆژی ١٢٦٢/R/١٧ (١٨٤٦/٤/١٤) بە دوور و درێژی لە "مەجلیسی ڤالا" تاوتوێ کران و ئاشکرا دەبێت ئەندامانی "مەجلیسی ڤالا" لەسەر ئەگەری فراوانبوونەوەی

بـەرخودانی وان و شـیمانەی گەیـشتنی بـە سـیواس و دەوروبـەری و لەسـەر ڕێگەچـارەکان ڕاوەسـتاون. ئـەو ڕاپۆرتانـەی لێپرسـراوانی ئینگلیـز لـە ئەرزەڕۆمەوە ناردوویانە، هەندێك بڕگەیان تێدایە سەبارەت بە تاوانبـارکردنی ئەسـەد پاشـای والیـی ئـەرزەڕۆم لـە پـای سـەرنەکەوتنی لـە سـەرکوتکردنی بەرخودانەکەدا.

لـە ڕاپـۆرتی "مەجلیـسی ڤـالا"دا هـاتووە: بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو مەسـەلەیە پێویـستە بـەر لـە هـەموو شـتێك پـشتیووانیی بـەدرخان بـەگ لـە بـەرخودانی دەڤـەری وان ببڕدرێـت. بـەو پێیـە، بڕیـار بـوو پـاش دەرهێنـانی بەدرخان بـەگ لـە هاوپـەیمانیی میرەکـانی کـورد، ئەوسا هێرشـی سـەربازی بکرێتە سەر وان، مەحموود خان، شەریف بەگ و نوورڵلا بـەگ. بڕیـاریش درا ئەگـەر نـەتوانرێت هاوپـەیمانیی مـیرە کوردەکـان بـەو جـۆرە تێـك بـدرێت، دەوڵەت هەموو تواناکانی خۆی سەفەربەر دەکات و لە هەمان کاتدا بە هێـزی گەورەوە دەدات بەسەر هەموو ئەو دەڤەرانەدا کە بەرخودانیان تێدایە. بـەڵام سـەرەڕای هەوڵـەکانی دەوڵـەتی عوسمـانی، بـەرخودانی کـورد هـەموو کوردستانی گرتەوە.[٣٢٣]

پشتگیریکردنی میرە کوردەکان لە بەرخودانی وان ڕەهەندی مەسەلەکەی گۆڕی و لە ڕاپۆرتەکانی تایبەت بەو بابەتـەدا بـەردەوام بـە پێویـست زانـراوە ئـەو بزووتنەوەیـە تـەنیا بـە بـەرخودانی وان دانـەنرێت. دەوڵـەتی عوسمـانی هـەوڵی دا بـەر لـە هـەموو شـتێك تەگـەرە بـۆ هاوپـەیمانیی مـیرە کوردەکـان دروسـت بکـات و مەسـەلەکە پـێش ئـەوەی زۆر گـەورە ببێتـەوە، چارەسـەر بکات. بۆ ئەو مەبەستەش بەدوای ڕێگەلێکدا گەڕا بـۆ ئـەوەی بـەر لـە هـەموو شتێك بەدرخان بەگ لە هاوپەیمانیی میرە کوردەکانی باکوور جیا بکاتەوە.

ڕاپۆرتێکی تری سەبارەت بەو بابەتە کە بـۆ مووشـیری سـوپای ئـەنادۆڵ نووسراوە و مێـژووی ١٢/٦/١٨٤٦ی بەسـەرەوەیە، بـەم جـۆرە دەسـت پـێ دەکات؛[٣٢٤]

"وێنــەی نامەیــەکی مووشــیری ئــەرزەڕۆم ســەبارەت بــەو ڕێوشــوێنانەی ئەمجار لە ڕێـی شـەریف ئاغـاوە[٣٢٥] لـە بەرانبـەر دانیـشتووانی وان لەبەرچـاو گـیراون و سـەبارەت بـە ڕوونکردنـەوەی وردکارییـەکانی ئـەو بزووتنەوەیـەی لەلایەن مەحموود خانەوە بەرپا کراوە و بووە بە هۆی دروستبوونی نائـارامی لە وان و سەبارەت بە بەخشینی مۆڵەت و ئەرك لە چوارچێوەی ''تەفریقـەی جەمعیەت''ی مەحموود خاندا بە فەرماندەی عەسکەری نیزامییـەی شـاهانە خاوەن سەعادەت فەریق ئەحمەد پاشا کە بڕیار وایە بگاتـە دەوروبـەری وان و؛ هەروەها وێنەی دوو نامە بۆ جەنابی عالیتان[٣٢٦] دەنێرین کە بە والییەکانی ئەرزەڕۆم و بەغـدا گەیـشتوون و هەنـدێك بیرۆکـە سـەبارەت بـە لـە نـاوبردنی گرفتی میری ناوبراو و لە خـۆ دەگـرن و تیایانـدا هـاتووە بـە لەبەرچـاوگرتنی پشتیووانیی مانەوی و ڕایەڵەی تایەفەی کـورد و بەمەبەسـتی گـرتنی جڵـەوی عەشـیرەتە کوردەکـانی بەغـدا و دەوروبـەری، لـە کـاتی هێرشـی سـەربازیی چاوەڕوانکراودا بۆ سەر مەحموود خان بڕێك عەسکەری نیزامییەی شاهانە لـە دەوروبەری ئەربیل دابمەزرێندرێن."

لــە درێــژەی نامەکــەدا داوا دەکرێــت ئــەو خاڵانــەی کــە مووشــیرەکانی ئــەرزەڕۆم و بەغـدا دەسنیـشانیان کـردوون، هەڵبـسەنگێندرێن و کاروبـاری پێویست ئەنجام بدرێت. وەك دەردەکەوێت دەوڵەتی عوسمانی لە سەرێکەوە هــەوڵی داوە بــۆ ســەرکوتکردنی بــەرخودانی ناوەنــدی وان و لــە ســەرێکی تریشەوە تێکۆشاوە بەرخودانی میرە کوردە پەیمانبەستووەکان لەناو ببـات. ئەرکی سەرکوتکردنی بەرخودانەکـە بـە فـەریق ئەحمـەد پاشـای لای مـووش سپێردراوە. لەلایەکی تر دەردەکەوێت ئامادەکاریی سەرەتایی ئـەنجام دراوە بۆ پـەلاماردانی بـەدرخان بـەگ و هـەوڵ دراوە ڕێ نـەدرێت لـە دەوروبـەرەوە پـشتیووانی لـێ بکرێـت. هـەوڵیش دراوە لـە ڕێـی شـەریف ئاغـای وانـەوە دووبەرەکی بخرێتە نێوان مەحموود خان و دانیشتووانی وانەوە.

دەرسەعادەت لە ١٨٤٦/٨/١٠ ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە بەرخودانی وان بۆ والیی ئەرزەڕۆم نووسیوە کە زانیاری بەرفراوان سەبارەت بەو بابەتـە لـە خـۆ

دەگرێت.[٣٢٧] یاخیبووەکانی وان، مەحموود خان و بەدرخان بەگ، خالید بەگی میری کیسانی سەر بە میرنشینی هیزانی دەڤەری مووش، ڕەزوان ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی هاسەنانلی لە قەزای مەلازگردی سەر بە سەنجەقی مووش و کوێر حوسێن بەگی ئاجارایی لەو ناوانانەن کە لەو ڕاپۆرتەدا بەدی دەکرێن.

بەپێی ئەو نووسراوە، ڕەزوان ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی هاسەنانلیی قەزای مەلازگرلادی سەر بە سەنجەقی مووش بەزۆر پارەی لە خەڵك وەرگرتووە و کۆکردووەتەوە و ئاڵۆزی ناوەتەوە و حسابی ئەوە کراوە هێرشی سەربازی بکرێتە سەری، یان لە ڕێی شەریف بەگی قایمقامی زۆر باوەڕ پێ نەکراوی مووشەوە دەستگیر بکرێت.

کوێر حوسێن بەگی ئاجاری ناوێکی ترە لەوانەی کە لە بەرخودانەوە ئالاون. وەك لە بەشەکانی داهاتوودا ڕوونی دەکەینەوە، حوسێن بەگ کە دواتر لە ناوچەی ئاجارا دەستی دایە بەرخودان، پێشتر دڵنیایی بە دەوڵەتی عوسمانی دابوو دەست نەداتە بەرخودان، بەڵام دەوڵەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەرێك دەستی کردبوو بە سازدانی تەدارەکی سەربازی.

دەرسەعادەت داوای لە مووشیری ئەرزەڕۆم کردووە بەرخودانی وان بە جۆرێك چارەسەر بکات کە زیان بە پەیوەندییەکانی دەوڵەت لەگەڵ ئێراندا نەگەیەنێت و بوار نەدات گرفتی زیاتر ڕوو بدات. دەرسەعادەت دەنووسێت ئەگەر پێویست بکات بەرخودانەکە بە شەڕ چارەسەر بکرێت، بڕیاری پێویست دراوە بۆ ئەو ڕێوشوێنانەی کە دەبێت بگیرێنە بەر، لە ڕەوشی پێویستدا بەلایەنی کەمەوە دە هەزار سەباز لە پاڵ هێزەکانی ئەرزەڕۆمدا پێویستە، ئەوەش سوپای هەمایۆنی ئەنادۆڵ جۆری دەکات، لەبەر ئەوە بڕیار دراوە لە خارپووت و دیاربەکر و مادەنەوە هەشت تابووری پیادە و شەش پارچە تۆپ دابین بکرێت، هەروەها دووەمین ئالایی سوارەی سوپا لای ئەرزەڕۆم و شەشەمین ئالایی پیادە کە لە سێ تابوور پێك هاتووە و لەلایەکی

تریشەوە سێ تابوور هێزی پیادە و دوو جووت یەکینەی سوارە بنێردرێت و شەش پارچە قورسەکەی ئەرزەڕۆمیش بگوازرێتەوە و سەرجەمی سوپا لە دەشتی مووش مۆڵ بدرێت.

لە کاتێکدا ئەو ئامادەکارییانە بۆ هەرێمەکە ئەنجام دەدرا، لە خەلیل پاشای والیی ترابزۆنەوە هەواڵ بە دەرسەعادەت گەیشتووە کە کوێر حوسێن بەگ بە ئاشکرا ڕێی بەرخودانی گرتووەتە بەر. کوێر حوسێن بەگ لەگەڵ سەربازەکانیدا پەلاماری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی محەمەد پاشای دا و لەگەڵ ئەو سەربازانەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو نێردرابوون، کەوتە شەڕەوە. والیی ترابزۆن بە پێویستی زانی سەرباز بۆ گرفتی ئاماژە بۆ کراو ساز بدرێت و ڕەوانە بکرێن. ئەو لەبەر ئەوەی دەیزانی لە ڕووی چەند هۆیەکی زانراوەوە ناردنی هێزی سەربازی لە ئەرزەڕۆمەوە دوادەکەوێت، داوای هاوکاری کرد بۆ سازدانی سەربازی پێویست بۆ شەڕ.

### بەرخودانی ئاجارا[328] و مەحموود خان

ڕووداوی کوێر حوسێن سەلیم پاشازادەی ئاجاراییی کە لە ساڵی ١٨٤٦دا وەك بەرخودان کەوتە پێش چاو، لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەکی زۆر لەوە پێشتر. ئاجارا[329]ی سەر بە ویلایەتی ترابزۆن بە هۆی شوێنی هەڵکەوتنی لەسەر سنووری ڕووس ئالۆزی لەو دەڤەرە لای دەوڵەتی عوسمانی مەسەلەیەکی مایەی بایەخ پێدانی زۆر بوو. زانیارییە سەرەتاییەکانی تایبەت بە حوسێن بەگی میری ئاجارا لە ناوەڕاستی ساڵی ١٨٤٠ و لە سەروبەندی یەکەم دوورخستنەوەی مەحموود خاندا دەکەوێتە بەرچاو.[330] حوسێن بەگ ئەو کاتەی موتەسەڕیفی تەبین و ئۆلتو بوو، بە ستەمکردن لە خەڵکی خۆی تاوانبار کرا و پاشان چووە ناوچەکانی چڵدر و ئاردانوچ[331] و ئالۆزی نایەوە.[332] ناکۆکیی نێوان حوسێن بەگ و عەبدی بەگی برای وەرگەڕایە سەر ئالۆزی و کاریگەری لەسەر ناوچەکە دانا. پاش ئەوەی عەبدی بەگ ناوچەکەی بەجێ هێشت، ڕەوش تا ڕادەیەك ئارام بووەوە، بەڵام

حوسێن بەگ درێژەی بە بەرخودان دا. لەبەر ئەوەی ناوچەکە لەسەر سنووری ڕووس بوو، هەتا لە دەست هات لە شەڕی گەرم پارێزرا. بەپێی نامەگۆڕینەوەکانی نێوان حافز محەمەد پاشای مووشیری ئەرزەڕۆم و عوسمان پاشای والیی ترابزۆن و دەرسەعادەت، بە هۆی هەڵکەوتەی ناوچەکە لەسەر سنووری ڕووسیا خۆ لە شەڕی گەرم لادراوە و هەوڵ دراوە بوار بە گرفتی حوسێن بەگ نەدرێت و بەلای دەوڵەتدا بەکێش بکرێت و تەنانەت دڵیشی دراوەتەوە. بەڵام ئەنجامی ویستراو بەدەست نەخرا و ئەگەرچی حوسێن بەگ خۆی ڕەتی کردووەتەوە، بەڵام بەوە تاوانبار کراوە کە بەبیانووی نۆژەنکردنەوەی قەڵا لە ناو کەسانی ژێر دەسەڵاتی خۆی و لە ناو خەڵکدا باجی کۆ کردووەتەوە. یووسف بەگ کە یەکێك بوو لە کەسایەتییە ناسراوەکانی چڵدر و کرابوو بە موتەسەلیمی لیڤانە، لەلایەن عەلی ئاغاوە پلەی موتەسەلیمی لێ وەرگیرایەوە. لەبەر ئەوە حوسێن بەگ پەلاماری عەلی ئاغای دا و پێنج کەس لە پیاوەکانی ناوبراوی بە دیل گرت.

ئەوەندەی ڕوون دەبێتەوە، ناوچەکە لەبەر ئەوەی لەسەر سنووری ڕووس بووە، بۆ دەوڵەتی عوسمانی مایەی نیگەرانی بووە و ئەمەش هێرش و پەلاماری سەربازیی پێویستی بۆ سەر حوسێن بەگ دژوار کردووە. حافز محەمەد پاشا لە ڕاپۆرتی ١٨٤٠/٧/١٦دا دەنووسێت گرفتی حوسێن بەگ بەردەوامە، ناوبراو چاوی لە ویلایەتی چڵدر بڕیوە، دەستی کردووە بە کۆکردنەوەی سەرباز و ئەگەر چارەسەری بۆ نەدۆزرێتەوە، بەرخودانەکەی لەسەر ئاستی ویلایەت بەهەموو دەڤەرەکەدا تەشەنە دەکات. محەمەد حافز پاشا، عەبدی بەگی برای حوسێن بەگ و میری ئەردەهانی وەك سەرچاوەی ئەو زانیارییانە پێشان داوە.[٣٣٣]

دواجار دەست کرا بە بەکێشکردنی سەرباز بۆ دەڤەرەکە و یەکینەیەکی ١٥٠٠ کەسی لە ئەرزەڕۆمەوە بۆ ویلایەتی ترابزۆن بەڕێ کرا، فەرمانبەرەکانی ڕووس ئاگادار کرانەوە و هێزەکان بە فەرماندەیی محەمەد ئاغا ئۆزونزادەی ترابزۆنی بەرەو ناوچەی ئاجارا بەڕێ کران.[٣٣٤]

ئەوەندەی زانراوە، ئەو بزووتنەوەیەی کە ساڵی ١٨٤٠ لە ئاجارا دەستی پێ کرد، بە دەرچوونی حوسێن بەگ لە ناوچەکە ڕاوەستا. بەڵام ساڵی ١٨٤٦ هاوکات لەگەڵ ئاڵۆزییەکانی واندا حوسێن بەگ گەڕایەوە بۆ ناوچەکە و بەرخودانی ئاجارا سەرلەنوێ دەستی پێ کردەوە.

وەك لە ڕاپۆرتەکانی دوای ئەو مێژووەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کوێر حوسێن بەگ ماوەیەك لە وان لای مەحموود خان گیرساوەتەوە و دواتر دەستی داوەتە بەرخودانێك کە ناوچەکانی ئاجارا، قارس، ئەرزەڕۆم و ترابزۆنی گرتەوە.

دەقی وەرگێڕدراوی نامەی کۆنسوڵی ئینگلیز لە ترابزۆن سەبارەت بە بەرخودانی کوێر حوسێن بەگ کە بۆ مسیۆ فانین-ی[٣٣٥] ناردووە و مێژووی ١٨٤٠/٧/٢٢ی بەسەرەیەوە و لە تۆمارەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا پارێزراوە، بەم جۆرەیە؛[٣٣٦]

"لە ناو سەنجەقی ئاجارادا کە ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا خرایە سەر ویلایەتی ترابزۆن، ترسی چەند یاخیبوونێکی گەورە هاتە ئاراوە و بە جەنابی باڵیۆزمەقامتان ڕادەگەیەنم کە ئەو یاخیبوونانە لەگەڵ هاتنەوەی کوێر حوسێن بەگدا ڕوویان دا. ناوبراو پێشتریش هەوڵی دابوو لە ناو ئەو سەنجەقەدا هەندێك یاخیبوون بخولقێنێت.

میری ناوبراو (کوێر حوسێن بەگ) تا ماوەیەکی کورتی لەمەوبەر لەگەڵ ڕێبەری کورد مەحموود خاندا لە وان دادەنیشت و ئەمجار دوای هاتنەوەی بۆ ئاجارا هەموو خزم و لایەنگرانی خۆی دۆزییەوە و ئەوانی جووڵاند و هانی دان بۆ بەرخودانی ئامادە بۆ کراو. هەرچەندە والیی ترابزۆن حەزرەتی خەلیل پاشا ناوبراوی بۆ ترابزۆن بانگهێشت کرد و بەڵێنی پێ دا دڵی نەڕەنجێنێت، بەڵام میری ناوبراو ئەوەی پەسەند نەکرد. چ لێرە و چ لە لازستان سەرباز کۆ دەکرێتەوە بۆ پەلاماردانی ناوبراو. تەنانەت خەلیل پاشا نامەی بۆ مووشیری سوپای ئەنادۆڵ نووسی و داوای لێ کرد لە ئەرزەڕۆمەوە برێك سەرباز بە فەرماندەیی بەهرام پاشا بۆ ئێرە بەڕێ بکرێن بۆ ئەوەی لەگەڵ

سەربازەكانی ئێرەدا بچن بۆ بەرگریكردن. بەمەوە ژمارەی ئەو سەربازە ئاماژە بۆ كراوانە سەرجەم حەوت هەزار پیاون و كەشتییەكی نەمساییش بەناوی ئیستانبولّ پێنجسەد پیاوی گواستەوە بۆ لەنگەرگەی باتوون.

وەك ئەوەی باس دەكرێت، لەبەر ئەوەی ژمارەیەكی زۆری هێزی سوارەی مەحموود خان لای حوسێن بەگە، گومانم هەیە لە توانادابێ بەئاسانی ناوبراو (كوێر حوسێن بەگ) دەستگیربكرێت."

ئەو نووسراوەی كۆنسولّی ئینگلیز زۆر ڕاستی سەبارەت بە كوێر حوسێن بەگ دەخاتە ڕوو. كۆنسولّ دەڵێت حوسێن بەگ دوای ماوەیەك نیشتەجێبوون لای مەحموود خان لە وان گەڕاوەتەوە بۆ ئاجارا و هەموو خزم و لایەنگرانی خۆی بۆ بەرخودان هان داوە. بەو جۆرەیە دەیەوێت ڕوونی بكاتەوە كە خاڵی دەستپێكردنی بەرخودانەكە بە مەحموود خانەوە پەیوەستە. كۆنسولّی ئینگلیز بە ئاشكرا دەنووسێت حوسێن بەگ هاوپەیمانی مەحموود خان بووە و لەبەر ئەوەی هێزەكانی سوارەی مەحموود خان لای حوسێن بەگ بوون، كۆنسوّل ترسی ئەوەی هەبووە سەرەڕای هەموو هەوڵەكان نەتوانرێت بەرخودانی حوسێن بەگ بەئاسانی سەركوت بكرێت.

**ڕەوشی بەدرخان بەگ و نەستوورییەكان لە ساڵی ١٨٤٦دا**

وەك دەردەكەوێت هێرش و پەلاماری بەدرخان بەگ بۆ سەر نەستوورییەكان لە دوای هاوپەیمانیی میرە كوردەكانیش هەر درێژەی هەبووە. میری جزیرە سەرەڕای هۆشیاریدانەكانی دەوڵەتی عوسمانی و ئینگلیزەكان ئەو پەلامارانەی ئەنجام دەدا و لەبەر ئەوەش ڕووبەڕووی ناڕەزایی توند بووەوە. لە ڕاپۆرتگەلی ئینگلیزەكاندا میرەكانی كورد بە گشتی تاوانبار دەكرێن، بەڵام بەدرخان بەگ و نووروڵڵا بەگ و عەبدولحەمید پەرواری وەك سەرگەورەی ڕاستەقینەی ئەو كارە ناویان دێت. هیچ زانیارییەكیش لەبەر دەستدا نییە سەبارەت بە تێوەگلانی مەحموود خان و میرە كوردەكانی تر لە كۆمەڵكوژیی نەستوورییەكان. بەپێی ڕاپۆرتی ئینگلیزەكان، شێخ محەمەدی موسڵی و شێخ یووسفی زاخۆیی هانی میرە

کوردەکانی تریان داوە لەو کارەدا هاوکاری بەدرخان بەگ بکەن. ڕاپۆرتی کۆنسولی ئینگلیز لە موسڵ سەبارەت بەو بابەتە کە مێژووی ١٨٤٦/٩/١٩ی بەسەرەوەیە، بەم جۆرەیە؛[٣٣٧]

"بۆ جەنابی باڵیۆزمەقامتان دەنووسم نەستوورییەکانی قەزای تخوبی کە پێشتر سەر بە نوورڵڵا بەگی موتەسەلیمی هەکاری بوون و پاشان ئەم لای خۆیەوە بۆ بەدرخان بەجێی هێشتن، ترسی ئەوە لە ئارادایە بەدرخان بەگی ناوبراو کۆمەڵکوژییەکی زۆر توندتر لەوەی تایەفەی تیاری بەسەریان هێنابێت. نەستوورییەکان هەواڵیان هێناوە کە بەدرخان بەگ بەنیازی فرۆشتن دیل دەگرێت و سەرجەم ژنان و منداڵان تیرباران دەکات و لەم کاتەدا سەرباز کۆ دەکاتەوە و سەرقاڵی زەخیرە کۆکردنەوەیە. کرستیانەکان کەوتوونەتە ترس و نیگەرانییەکی ئەوتۆوە بە جۆرێك خۆیان ئامادە دەکەن پەنا بۆ خاکی ئێران ببەن. هەرچەندە بەمەبەستی تکاکردن بۆ پاراستنی تەیار پاشا چەند کەسێکی ناودار یان لەگەڵ دوو ڕاهیبدا بۆ موسڵ ناردووە، ناوبراوان نەگەیشتوونەتە موسڵ، یان لەو ڕێگا پەرێشان بوون، یاخۆ ئەگەری ئەوە هەیە نەیانتوانیبێت بە ناوچەی پەرواریدا تێپەڕن و گەڕابنەوە. عەبدولحەمید بەگ کە لە مەسەلەی تیاریدا ناوبانگی دەرکردووە، هەموو ئەو نەستوورییانە دەکوژێت کە هەوڵ دەدەن بە خاکی ئەودا بگەنە موسڵ و تەنانەت لەم ماوەیەی دواییدا حەوت کەسی لە ناو بردووە. بەپێی ئەو نەخشەیەی ئەمجار بە هاوپەیمانیی میرەکانی دەوروبەر لە دژی نەستوورییەکان ئامادە کراوە، هێرشی ئەمجاری سەر نەستوورییەکان لە پەلاماری پێشوو زۆر کاریگەرتر دەبێت.

سەرگەورەی ئەو بەگانە بەدرخان بەگ و نوورڵڵا بەگ و عەبدولحەمید بەگە. میرەکانی کورد لە کاتێکدا هەموویان لە ناو خۆیاندا دوژمنی یەکترن، لەلایەن شێخ محەمەدی موسڵییەوە کە بە نەوەی ئەولیاکان دادەنرێت و لەلایەن شێخ یووسف زاخۆییەوە ئامۆژگاری کراون سەرجەم کوردان دوژمنایەتیی نێوان خۆیان بخەنە لاوە و بۆ لە ناوبردنی کرستیانەکان لەگەڵ بەدرخان بەگدا یەکبگرن و دواتر بگەڕێنەوە سەر کێشەکانی نێوان خۆیان."

له درێژەی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە نەستوورییەکان ناچارن له هەمان کاتدا جزیە بدەن بە نوورڵڵا بەگ و بەدرخان بەگ و نووسراوە پیاو بەڕێ کراوە بۆ دەڤەری پەرواری بەمەبەستی سۆراخکردنی تەیار پاشا. لە بەشێکی تری ئەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە ناوچەکانی شوێنی ژیانی کرستیانەکان بە هۆی هەکارییەوە لەسەر ئەرزەڕۆمن، بەڵام لەبەر ئەوەی لە چیایەکانی نێوان ئەو ناوچانە و ئەرزەڕۆمدا دوژمنانی نەستوورییەکان دەژین، هەلی ڕۆیشتن بۆ ئەوێ لە ئارادا نییە. لە درێژەی نامەکەدا هاتووە:

"ئەو کەسانەی لەسەر بیرکردنەوە و ئاکاری عەبدولڕەحمان بەگ و ئەو دوو شێخە ناوبراوەی سەرەوەن، پێویستە لەم ناوە دوور بخرێنەوە و نابێت بەدرخان بەگیش لە پێگەیەکی سەربەخۆی لەو جۆرەدا بهێڵدرێتەوە. ''سەڵتەنەتی سەنییە'' بە دەسەڵات و هێزی ''موما ئیلەیهی'' کە زیاتر خەیاڵە نەك ڕاستی، فریوی خواردووە و ڕێزگرتنی لە شێخەکان قەدەغە کردووە و بەدرخان بەگیش دوژمنی زۆری هەیە کە دەتوانرێت لە دژی وی سوودیان لێ وەربگیرێت. پاش دوورخستنەوەی شێخەکان، پنیانشی و زێباری هەموو عەشیرەتەکانی تر لەلایەن دەوڵەتی عەلییەوە بەدەست دەخرێن و پێویستە بەم نزیکانە لە چیایەکانەوە بپەڕێندرێنەوە. پێویستە لە تخوم و جیلۆ و هەندێك قەزای تردا لە ناو ئەو نەستوورییانەی کە لەسەر هەڵگرتنی چەك ڕاهاتوون، چەند هەزار تفەنگچییەکی باش بدۆزرێنەوە. دەکرێت ئەوانیش بێنە دامەزراندن. حەزرەتی تەیار پاشا بەنیازە لە دوای جەژن گەشتێك بکات و تا جزیرە بڕوات و لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر سەربازی لەگەڵدایە، چاوەڕێ دەکرێت بەدرخان بەگ نەتوانێت ڕووبەڕووی ببێتەوە، یاخۆ تا تەیار پاشا لە پێدەشتەکان بێت، بەدرخان بەگ ناتوانێت بە هانای مەحموود خانەوە بچێت."

وەك ئەوەی دەکەوێتە پێش چاو، دەوڵەتی ئینگلتەرا لە ڕێی کۆنسوڵخانەکانییەوە لە ئەرزەڕۆم و موسڵ لە نزیکەوە بەدواداچوونی بۆ هێرشی سەربازیی بەدرخان بەگ بۆ سەر هاووڵاتیانی کرستیان کردووە و ڕێی پێشانی دەوڵەتی عوسمانی داوە. وەك ئەوەی لە ڕاپۆرتەکانیشدا ئاشکرا دەبێت ئەو شێخە ناوبراوانەی کە بەدرخان بەگیان بۆ ئەو بزووتنەوەیە هان

داوە، خاوەن کاریگەرییەکی گەورە بوون. ئینگلیزەکان هەروەها گوتوویانە ئەگەر بەدرخان بەگ لێ بدرێت، ئەوا ئیتر ناتوانێت هاوکاری مەحموود خانی بەرخۆدەر لە باکوور بکات.

ڕاپۆرتی دەرسەعادەت لە مێژووی ١٨٤٦/١١/١٧دا سەبارەت بەو بابەتە بۆ ویلایەتی ئەرزەڕۆم بەم شێوەیە دەست پێ دەکات؛[٣٣٨]

"حەزرەتی والیی موسڵ بە نووسراو ئاماژەی کردووە بۆ ئەوەی کە بەدرخان بەگی موتەسەلیمی جزیرە بە دە هەزار سەربازی کوردەوە هێرشی کردووەتە سەر عەشیرەتەکانی تخوبی و تیاری دانیشتووی سەنجەقی هەکاریی سەر بە ویلایەتی ئەرزەڕۆم و بوێریی بە خۆی داوە ژمارەیەکی زۆریان لێ بکوژێت و تیرباران بکات."

والیی موسڵ هەواڵی ئەو کۆمەڵکوژییەی گەیاند و بەدرخان بەگ لە دەرسەعادەت ڕووبەڕووی ناڕەزایییەکی زۆر توند بووەوە. کار گەیشت بەوەی بەمەبەستی لە ناوبردنی یەکجارەکیی بەدرخان بەگ ڕاوێژ بە موشیری سوپای ئەنادۆڵ عوسمان پاشا، والیی سیواس و پاشاکانی دیاربەکر و موسڵ کرا و داوایان لێ کرا دەست بە جموجووڵی پێویست بکەن. هاوکات بەرخودانی ناوەندی شاری وان بەردەوام بوو. دەوڵەت پێی وا بوو تا مەسەلەی بەدرخان بەگ چارەسەر نەکرێت، سەرکوتکردنی بەرخودانی وان یان دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆی، کارێکی مەحاڵە. لەبەر ئەوە بڕیار درا تا مەسەلەی بەدرخان بەگ چارەسەر دەکرێت، خەڵکی وان بخافڵێندرێت.[٣٣٩]

# بەشی ٦

## دوایین شەڕەکانی بەدرخان بەگ و مەحموود خان
## لە دژی عوسمانی لە سێبەری نا پاکییەکانی ساڵی ١٨٤٧دا

وەك ئاشکرا دەبێت لە کۆتایی ساڵی ١٨٤٦دا دەست کراوە بە هێرشی سەربازیی گەورە بۆ سەر بەرخودانەکانی ڕۆژهەلات. یەکەم هێرش کرایە سەر کوێر حوسێن بەگی ئاجارایی کە کۆنسوڵی ئینگلیز پێی وا بوو لەبەر ئەوەی مەحموود خان پشتیووانی لێ دەکات، بەزاندنی کارێکی دژوارە. بەڵام دەست کرا بە ناردنی سەرباز بۆ سەرکوتکردنی بەرخودانی کوێر حوسێن بەگ[٣٤٠] و بەپێی ڕاپۆرتی ١٨٤٦/١١/٢٨، بەرخودانی ناوبراو لە ناوچەی ئاجارای سەر بە ترابزۆن سەرکوت کراوە. کوێر حوسێن بەگ دەستگیر کرا، لە قەڵای سامسۆن زیندانی کرا و سزای هەتاهەتایی سەوڵ لێدانی بۆ بڕدرایەوە.[٣٤١] ناوبراو داوای کرد سزایەکی لەو جۆرە بەسەر کەسانی هاوشێوەی ئەودا نەسەپێندرێت و خواستی خۆی و بنەماڵەکەی لە ناوچەیەکی بە گونجاو زانراو نیشتەجێ بکرێن. بەدوای ئەوەدا لە کۆتایی ساڵی ١٨٤٦دا بۆ ئیستانبوڵ بەڕێ کرا. بەپێی ڕاپۆرتی ١٨٤٨/٥/١١، بڕیار دراوە کوێر حوسێن بەگ بۆ دوورگەی کریت دوور بخرێتەوەو نامە بۆ مستەفا پاشای والیی کریت نووسرا و بە پێویست زانرا ناوبراو بەردەوام بخرێتە ژێر چاودێرییەوە و ڕێی هەڵهاتنی لێ بگیرێت. بەڵام حوسێن بەگ پێش ئەوەی ڕەوانەی کریت بکرێت، کۆچی دوایی کرد.

لە سەروبەندی دامرکاندنەوەی بەرخودانی کوێر حوسێن بەگدا لە باکوور، لە ناوچەی مەلازگرد جموجووڵ دەستی پێ کرد و ڕەزوان ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی هاسەنانلی کە یەکێك بوو لە عەشیرەتە گەورەکان، ناوی تێکەڵ بە بزووتنەوەکانی بەرخودان بوو. بەپێی ڕاپۆرتی والیی ئەرزەڕووم ئەحمەد

عیزەت پاشا لە ١٢٦٣/M/١٠ (١٨٤٦/١٢/٢٩)، ڕەزوان ئاغا ترسی ئەوەی لیّ نیشتووە دەوڵەت دەستگیری بکات، لەبەر ئەوە هەڵهاتووە و چووەتە وان و پەنای بۆ مەحموود خان بردووە.[٣٤٢]

دوای سەرکوتکردنی بەرخودانی کوێر حوسێن بەگ، مووشیری سوپای ئەنادۆڵ عوسمان پاشا دەستی کرد بە ئەنجامدانی هێرشی سەربازیی نەخشە بۆ کێشراو بۆ سەر مەحموود خان و بەدرخان بەگ و تابوورەکانی سوپای ڕێکخراوی لە ئەرزەڕۆمەوە بۆ مووش و بتلیس گواستەوە. لە باکوور سوپای ئەنادۆڵ بە فەرماندەیی مووشیر عوسمان پاشا و لە باشوور سوپای عەرەبستان بە فەرماندەیی مووشیر نامیق پاشا دەستیان کرد بە سازدانی تەدارەك بۆ هێرش و شەڕ. یەکینەکانی سوپای ئەنادۆڵ بە فەرماندەیی فەریق ئەحمەد پاشا بەمەبەستی پەلاماردانی مەحموود خان بۆ لای ئەرزەڕۆم و مووش گوازرانەوە[٣٤٣] و یەکینەکانی سوپای عەرەبستانیش بە فەرماندەیی فەریق عومەر پاشا ئەرکی کشان بەرەو جزیرەیان پیّ سپێردرا.[٣٤٤]

## هەوڵەکانی بەدرخان بەگ بۆ ئاشتی

لە کۆتایی ساڵی ١٨٤٦دا ئیسماعیل نازم ئەفەندی لە لایەن دەرسەعادەتەوە ڕاسپێردرا بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆ و بە فەرماننامەی پێویست و زانیاریی زارەکییەوە ڕەوانەی جزیرە کرا بۆ کن بەدرخان بەگ. میری جزیرە بەدرخان بەگیش نەیدەویست لەگەڵ سوپای عوسمانیدا بچێتە شەڕی گەرمەوە و باوەڕی وا بوو بە گرتنەبەری ڕێگەی گفتوگۆ دەکرێت چارەسەر بدۆزرێتەوە، بۆیە لەگەڵ ئیسماعیل نازم ئەفەندیدا گفتوگۆی بەرفراوانیان سەبارەت بە چەندین بابەتی جۆراوجۆر ئەنجام دا. بەدرخان بەگ لە ١٢٦٣/S/٥ (١٨٤٧/١/٢٢) نامەیەکی بۆ دەرسەعادەت نووسیوە و تیایدا ڕوونی کردووەتەوە کە لەگەڵ نازم ئەفەندیدا لەسەر یەك بە یەکی مادە دەستنیشانکراوەکان هاوبیرن و دەڵێت ئەم بەهەموو شێوەیەك پێیانەوە

پابەند دەبێت، هەروەها بە مەرجەکانی پێشوو داوای لێبووردنی کردووە و نووسیوێتی: "هەزار گیانیشم هەبێت، ئاشکرایە بۆ جەنابی شاهانە (سوڵتان) بەختی دەکەم" و بەم قسانەی، بە شێوەیەکی ئاشکرا ویستی خۆی بۆ ئاشتی دەربڕیوە.[345] ئیسماعیل نازم ئەفەندیش لە نامەی ڕۆژی ١٦/S/١٢٦٣ (١٨٤٧/٢/٢)دا بۆ دەرسەعادەت زانیاری سەبارەت بە دانوستاندنەکانی نێوان بەدرخان بەگ و خۆی بە دەرسەعادەت گەیاندووە و دەنووسێت ئەسەد پاشای والیی موسڵیش بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە بارودۆخ، دوای ئەم، نووسیاری خۆی بۆ دیاربەکر ناردووە. نازم ئەفەندی ئەوەشی لە نامەکەی زیاد کردووە کە بەدرخان بەگ بە ئەندازەی ئەوەی باس دەکرێت، بەهێز نییە. وەك زانراوە، نازم ئەفەندی لەوێوە چووەتە وان و لە ڕەوشی باکوور کۆڵیوەتەوە.[346] ئەو مادانەی کە بەدرخان بەگ و نازم ئەفەندی لەسەریان هاوبیر بوون و پابەندبوونی بەدرخان بەگیان بە دەوڵەتەوە بەیان دەکرد و هەوڵێك بوون بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکان بێ ئەوەی سوپای عوسمانی بچێتە هەرێمەکەوە، بەم جۆرە کراون بە ڕاپۆرت؛[347]

١. لە ئەگەری بەخشینی موتەسەلیمییەتی جزیرەدا لەلایەن دەرسەعادەتەوە بە کەسێکی تر، بەدرخان بەگ بە مەرجی زیان نەگەیاندن بە شکۆ و گیان و سامانی، لە ماڵی خۆی لە جزیرە دادەنیشێت و ئەمە پەسەند دەکات، یان ئەگەر دەرسەعادەت بە گونجاوی بزانێت، ئەرکی کەدخودای موتەسەلیمی نوێی پێ دەسپێرێت.
٢. ئەگەر دەرسەعادەت بخوازێت، ئەوانەی بە هۆی ڕووداوەکانی پێشووترەوە ناوچەکانی خۆیان بەجێ هێشتووە و ڕوویان لە قەزاکانی تر کردووە، گەڕاندنەوەیان مسۆگەر دەکرێت.
٣. ئەو باجەی کە بەدرخان بەگ پێویستە بە هۆی لکاندنی قەزاکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بە موسڵەوە بیدات، پێویستە تا دوایین ئاقچە بیدات.

٤. پێویسته بەپێی ڕێژەی دانیشتووانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی سەباز بدات بە سوپای عوسمانی.
٥. فەرمانبەرێك لەلایەن والیی موسڵەوە دێتە دامەزراندن بۆ دەستنیشانی ئەو جزیەی کە لە ناموسڵمانان (نەستووریيەکان) وەردەگیرێت. ئەگەر پێویست بێت، بەدرخان بەگ لەم کارەدا هاوکاری دەکات، ئەگەر نا، لەوەو پاش بۆی نییە دەست بخاتە کۆکردنەوەی جزیەوە (واتە دەست ناخاتە کاروباری نەستووریيەکانەوە.)
٦. جزیرە ئەگەرچی سەر بە موسڵە، بەڵام لەبەر ئەوەی دراوسێی ویلایەتەکانی دیاربەکر و ئەرزەرۆمە، والییەکانی ئەو ویلایەتانەش لە ڕابردوودا دەستیان خستووەتە کاروبارییەوە. وەلێ لەمەودوا تەنیا سەر بە ویلایەتی موسڵ دەبێت، جگە لە فەرمانی والیی موسڵ، والییەکانی تر هیچ داخوازێکیان لە بەدرخان بەگ نابێت.

نامە و ڕاپۆرتەکانی بەدرخان بەگ و نازم ئەفەندی لە ئەنجومەنی تایبەت "مەجلیسی خاصە" تاوتوێ کران و سەرەڕای گشت سازشەکانی، بەڵێنەکانی بەدرخان بەگ بە مایەی متمانە پێ نەکردن دانران، جەخت لەسەر ئەوە کرا کە نابێت گوێڕایەڵی و پابەندبوون بە مەرجەوە گرێ بدرێت و باس لە پێویستی نەمانی بەدرخان بەگ لە جزیرە کرا. ئەنجوومەنی ئاماژە بۆ کراو پێی وا بوو بەدرخان بەگ بە ڕەفتارەکانی خۆی سەبارەت بە پابەندبوون بە دەوڵەتەوە نازم ئەفەندی لە خشتە بردووە و لەبەر ئەوەی دەزانێت دەوڵەت سەرقاڵی ئەنجامدانی هێرشی سەربازییە بۆ سەری، بە ناچاری خۆی وەك گوێڕایەڵی دەوڵەت دەخاتە ڕوو و خراپەکارییەکانی ڕابردوو لە بیر خۆی دەباتەوە. دەوڵەت پێی وا بوو بەدرخان بەگ دەیەوێت کات بەدەست بخات، بۆیە داوای لێ کرا لە گیان و سامانی خۆی دڵنیا بێت و گوێڕایەڵبوونی خۆی بەیان بکات، ئەگەر نا، پێویستە کۆتایی بە هەبوونی بهێندرێت لەو دەڤەرە و بۆ ئەو مەبەستەش بڕیار درا دەست بە هێرشی سەبازی بکرێت. بڕیار درا

نامەیەك بۆ بەدرخان بنێردرێت و تیایدا داوای لێ بکرێت بە مەرجی پاراستنی گیان و سامانی، گوێڕایەڵبوونی خۆی بەیان بکات و ئەگەر هەفتەیەك دوای گەیشتنی نامەکە دەستەودامێن نەبوو، بە هێزی سەربازی بەسەریدا دەدرێت.[348]

لەبەر هەڵوێستی پێداگری عوسمانییەکان سەبارەت بە کۆتاییهێنان بە هەبوونی بەدرخان بەگ و ئەنجام نەدانی دانوستاندن لەگەڵیدا، بەدرخان بەگ نەیتوانی لە گفتوگۆکانی ئاشتی لەگەڵ عوسمانیگەلدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. بۆیە کەوتە هەوڵی بەکێشکردنی ئینگلیزەکان و لە ڕێی شێخ یووسفەوە داخواز و مەرجەکانی خۆی نارد بۆ کۆنسوڵی ئینگلیز لە موسڵ.[349] ئینگلیزەکان، هەرچەندە لەبەر مەسەلەی نەستوورییەکان پشتیووانییان لە پەلاماری سەربازیی عوسمانییەکان بۆ سەر بەرخۆدەرانی کورد دەکرد، بەڵام ڕوونکردنەوەکان و بانگەوازی ئاشتیی بەدرخان بەگیان لە ڕێی والیی موسڵەوە گەیاندە عوسمانییەکان. بەدرخان بەگ لە ڕێی شێخ یووسفەوە بە ئینگلیزەکانی ڕاگەیاندووە کە ئەم مەرجانەی خوارەوە پەسەند دەکات. بەپێی ئەوە بەدرخان بەگ؛

١. دەچێت بۆ دەرسەعادەت ئەگەر کۆنسوڵی ئینگتەرا کەفالەتی بە ساغ و سەلامەتی گەڕانەوەی بکات.
٢. دەست لە تیربارانکردن و کوشتن هەڵدەگرێت و دیلەکان ئازاد دەکات.
٣. دەست بۆ نەستوورییەکان نابات و هەمان مامەڵەی هاووڵاتیانی موسڵمانیان لەگەڵدا دەکات.
٤. ناهێڵێت وتاری هەینی بەناوی خۆیەوە بخوێندرێتەوە.
٥. ئەو باجەی پێویستە بە دەوڵەت بدرێت، دەیدات.
٦. مار شەمعۆن وەك پاتریکی بندەستەکانی خۆی (نەستوورییەکان) پەسەند دەکات و بەهیچ جۆرێك پەلاماری نادات.

بەدرخان بەگ کراوەییی خۆی بۆ هەر داخوازێکی تری لە دەوڵەتەوە هاتوو ڕادەگەیەنێت و وا دەردەکەوێت لە هەوڵی ئەوەدا بووبێت بەو جۆرە ئینگلیزەکان قایل بکات و زەمینە خۆش بکات بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا و ڕێ لە هاتنی سوپای عوسمانی بۆ هەرێمەکە بگرێت.[350] داخوازە نوێیەکانی بەدرخان بەگ لە ڕێی ئینگلیزەکانەوە گەیەندرانە دەرسەعادەت و لەوێ تاوتوێ کران، بەڵام دیسان هەمان بۆچوونی سەبارەت بە بەسەرچوونی کاتی دانوستاندن و بڕیاری بە یەکجاری لە ناوبردنی هەبوونی بەدرخان بەگ دووپات کرایەوە. ئەو خاڵەی کە لە هەموو خاڵەکانی تر زیاتر لای عوسمانییەکان مایەی پەسەند نەکردن بوو، هەوڵدانی بەدرخان بەگ بوو بۆ خۆشکردنی زەمینەی گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتدا سەرباری گشت کردەوەکانی. دەرسەعادەت ڕوونکردنەوەکانی بەدرخان بەگی بەم جۆرە لێك دایەوە: لە کاتێکدا خەلیفەی ئیسلام لە ئارادا بێت، خوێندنەوەی وتاری هەینی بەناوی بەدرخان بەگەوە تاوانە، کوشتنی نەستوورییەکان بێ ڕەزامەندیی دەرسەعادەت ئەنجام دراوە و بەدرخان بەگ بەو زانیارییانە وێنەیەکی پێچەوانەی ڕاستی دەخاتە ڕوو و هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی ئینگلیزەکان دەدات.

هاوکات نازم ئەفەندی گەیشتەوە دەرسەعادەت و بۆچوونەکانی خۆی بە زارەکیش بە ئەنجوومەن گەیاند و ڕوونی کردەوە: بەدرخان بەگ بە ئەندازەی ئەوەی باس دەکرێت، بەهێز نییە، لە ئەگەری بە جووڵەکەوتنی سوپای عوسمانیدا زۆربەی ئەوانەی دەوروبەری سەنگەر دەگۆڕن و چاوەڕێش دەکرێت بەدرخان لەو قەڵایەی لای هەکاری کە ئێستا بەهێزی دەکات[351]، بکشێتەوە. نازم ئەفەندی لە ڕاپۆرتی خۆیدا دەنووسێت بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی لە وان ئەنجامی داوە، لە ئەگەری ڕووخاندنی بەدرخان بەگدا لای وانیش بەئاسانی دەڕووخێت، شەریف پاشای مووشی کەسێکی مایەی متمانە پێکردن نییە، بەڵام پێویستە لەبەر ڕۆشناییی هەلومەرجەکاندا تا چارەسەرکردنی مەسەلەکە دەستی پێوە بگیرێت.

وەك ئاشكرا دەبێت، دەوڵەتی عوسمانی ئیدی لەبری گرتنەبەری ڕێگەی تێگەیشتن لەگەڵ میرە کوردەکاندا، بە گونجاوی زانیوە سوپاکانی ئەنادۆڵ و عەرەبستان بۆ هەرێمەکە ڕەوانە بکات و بە یەکجاری کۆتایی بە هەبوونی میرەکان بهێنێت. بۆیە تەنانەت ڕازیبوونی بەدرخان بەگی بەرخۆدەریش بە کشانەوە لە بەڕێوەبەرایەتیی جزیرە نەبووە بە هۆی دڵنیابوونی لێپرسراوانی عوسمانی. عوسمانیگەل دەیانزانی ئەگەر لەگەڵ بەدرخان بەگدا ڕێك بکەون، بە واتای ئەوەیە لەگەڵ بەشێکی زۆر لە هاوپەیمانەکانیشیدا ڕێك کەوتبن، بۆیە سەرەڕای هەموو بەڵێنەکانیشی، داوایان لێ کرد بێ مەرج خۆی بەدەستەوە بدات و بەو جۆرە ئومێدی ئاشتییان گەیاندە کۆڵانێکی داخراو. لە ئاکامیشدا زنجیرە شەڕی کورد و عوسمانی خۆی سەپاند.

ڕاپۆرتی عوسمان پاشای مووشیری سوپای ئەنادۆڵ لە ٢/٥/١٨٤٧دا تیشك دەخاتە سەر سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی لەمەڕ میرەکانی کورد.[٣٥٢] بەو پێیە، یەکێك لە کارە گرنگەکانی عوسمان پاشا بریتی بوو لە هەوڵدان بۆ تێکدانی هاوپەیمانیی میرەکانی کورد. یەکەم کاری بریتی بوو لە بەخشینی پلە بە شەریف بەگی قایمقامی مووش و بەکارهێنانی لەو کارەدا. وەك دەزانرێت قایمقامی مووش جێی متمانەی دەوڵەت نەبوو. ئەوەی زانراوە، عوسمان پاشا لە خارپووت بنکە و بارەگای داناوە، چاوی بە فەریق ئەحمەد پاشا کەوتووە و شەش تابووری سوپای ڕێکخراو و چوار یەکینەی ئەسپسواری بۆ ناوبراو تەرخان کردووە. هەروەها بڕیار درا لە ترابزۆن و مووش و بتلیس سەربازی باشبوزوق کۆ بکرێنەوە. هاوکات دوازدە پارچە تۆپ بۆ سوپای لەلایەن فەریق ئەحمەد پاشا پێکهێندراوەوە تەرخان کرا. عوسمان پاشاڕایگەیاندووە کە فەرمانی زارەکی و نووسراویی سەبارەت بە کارەکان داوە بە فەریق ئەحمەد پاشا. سەلیم پاشای میرلیوای سوارە و میرئالای مستەفا بەگیش خرانە ژێر فەرمانی فەریق ئەحمەد پاشاوە.

سوپای عوسمانی لە سەرێکەوە خۆی بۆ دوایین شەڕ ئامادە دەکرد و لە سەرێکی تریشەوە هەوڵی دەدا بەگرتنەبەری ڕێی دیپلۆماسی هاوپەیمانیی

میرە کوردەکان هەڵبوەشێنێتەوە. لە فەرماننامەی ١٨٤٧/٤/٢٥دا کە لەلایەن عوسمان پاشای مووشیری سوپای ئەنادۆڵەوە دراوە بە فەریق ئەحمەد پاشا[٣٥٣]، باس لەوە دەکرێت بۆ دوایین جار پیاو ڕەوانەی لای بەدرخان بەگ کراوە بۆ ئەوەی لە بەرخودان پاشگەز ببێتەوە، ئەگەر نا، دەست بە بزاوتی سەربازی دەکرێت. بۆیە داوا لە فەریق ئەحمەد پاشا کراوە بەمەبەستی جووڵەکردنی سوپا بۆ ئەو ناوە دەستوبرد بکات لە تەواوکردنی کارەکانیدا. عوسمان پاشا لەو فەرماننامەیەدا داوا دەکات ئەحمەد پاشا جیاوازی لە نێوان بەرخۆدەران و بەرخۆنەدەراندا بکات، لە خوازیارانی داوای لێبووردن ببوورێت و هەموو شتێکی پێویستیش بکات بۆ سەرکوتکردنی بەرخودانی ئەوانەی گوێ لە ئامۆژگاری ناگرن و پێ لەسەر بەرخودان دادەگرن.

سەرنجراکێشترین خاڵی ئەو ڕاپۆرتەی سەرەوەی عوسمان پاشا هەوڵدانە بۆ بەدەستخستنی شەریف بەگی قایمقامی مووش. شەریف بەگی مووشی[٣٥٤] کە بە تێوەگلان لە هاوپەیمانیی کورد تاوانبار دەکرا، لەلایەن فەریق ئەحمەد پاشاوە بانگ کرا و بەو جۆرە یەکەم هەنگاو نرا بەرەو هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانیی میرە کوردەکان. نیشان و دیاری درا بە شەریف بەگ و براکانی و گەڕانەوەیان بۆ ڕیزی دەوڵەت مسۆگەر کرا. عوسمان پاشا لە ڕاپۆرتی خۆیدا بەم جۆرە باس لەو ڕەوشە دەکات؛

"ڕێز و ناوبانگی شەریف بەگ لەو دەڤەرە ئاشکرایە. هەروەها یەکێکە لە دۆستەکانی بەدرخان بەگ و لەگەڵ نوورڵڵا بەگی میری هەکاری و مەحموود خان و کەسانی تردا پەیوەندی هەیە. بۆیە بیر کرایەوە ئەگەر دانەیەک نیشانی پێ بدرێت، سوودی دەبێت بۆ بەدەستخستنی ناوبراوان و هەموو میرە کوردە ئیرەیی پێبەرەکانی تر.

بەپێی ئەوە؛ دانەیەک ''نیشانی زیشان''ی تایبەت بە ئەستەبلی ئامیرە ''ئاخووڕی تایبەت'' درا بە شەریف بەگ و دوو دانە شمشێریش درا بە موراد بەگ و خورشید بەگی برای."

لە درێژەی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە فەرمان و هۆشیارکردنەوەی پێویست سەبارەت بە هێرشی سەربازیی چاوەڕوانکراو دراوە بە شەریف بەگ و لەو فەرماننامەیەدا کە ڕادەستی شەریف بەگ کرا، نووسراوە ئەگەر بۆ دوایین جار پیاو بۆ کن بەدرخان بەگ ڕەوانە کرا بەمەبەستی قایلکردنی بە پاشگەزبوونەوە لە بەرخودان و پەسەندی نەکرد، ئەوا بزاوتی سەربازی دەست پێ دەکات. داوا لە شەریف بەگ کرا بە هەماهەنگی لەگەڵ فەریق ئەحمەد پاشادا کار بکات، بەهەموو جۆرێك پشتیووانی بکات و هەر لە ئێستاوە سوارە و پیادە و تۆپچی و سەربازی ئامادە بکات.[٣٥٥]

بێگومان شەریف بەگ تاکە میری کورد نییە کە پێش دوایین شەڕەکان بە پێدانی خەڵات (نیشان) بە دەست خراوە. بەهلوول پاشای قایمقامی بایەزیدیش کە هەر لە کۆنەوە بە نەریتی موڵکداری و میراتگری دەسەڵاتی بایەزیدی بەڕێوە دەبرد، بەهەمان شێوە بەدەست خرا.[٣٥٦] لە ڕاپۆرتی ١٨٤٧/٤/٩دا کە مۆری ئەحمەد عیزەت پاشای والیی ئەرزەڕۆم و عەلی تۆفیقی دەفتەرداری ئەرزەڕۆمی پێوەیە[٣٥٧]، هاتووە؛ بەهلوول پاشا لەبەر ئەوەی بەر لە هەموو میرە کوردەکانی تر لایەنی دەوڵەتی گرتووە و بووە بە خاوەن پلەیەکی نزیك لە سوڵتان و تەنزیماتی خەیریەی پەسەند کردووە و بەپێی ئەوە هەڵسوکەوتی کردووە و بە حاڵی ئاشتیخوازانەی خۆیەوە لە ناو کوردەکاندا لە دەڤەرەکە ڕێزی لێ دەگیرێت، پێویستە خەڵات بکرێت. بۆیە داوا کراوە پلەکەی لە میرلیواوە بەرز بکرێتەوە بۆ "میری میران". داخوازەکەی ئەرزەڕۆم لە "مەجلیسی ڤالا" لە دەرسەعادەت تاوتوێ کرا، بۆچوون وا بوو بەپێی ڕەوشی هەیی کارێکی گونجاو دەبێت و بە بڕیارنامەی ١٢٦٣/C/٤ (١٨٤٧/٥/١٩) پەسەند کرا.[٣٥٨]

مووشیری سوپای ئەنادۆڵ عوسمان پاشا دوو نامەی بۆ مەحموود خان و نوورڵڵا بەگ نووسی و دای بە شەریف بەگ بۆ ئەوەی پێیان بگەیەنێت و ئەویش گەیاندنی. لە نامەکاندا نووسرابوو ئەگەر بێنە پاڵ دەوڵەت، وەك شەریف بەگ خەڵات دەکرێن. عوسمان پاشا لە دوو نامەی هاوناوەڕۆکدا بۆ

مەحموود خان و نوورڵڵا بەگی دوو پایەی هەرە گرنگی هاوپەیمانیی کورد کە مێـژووی ١٨٤٧/٤/٢٧یـان بەسـەرەیەوەیە[٣٥٩]، دەنووسـێت شـەریف بـەگ هاتووەتە لای ئەم و پابەندبوونی خۆی پێشان داوە و لـە پـای ئـەوە پلـەی بەڕێوەبـەری ئەسـتەبلی ئـامیرە "ئـاخووڕی تایبـەت" و نیـشانێکی پـێ درا. نامەکەی عوسمان پاشا بەم جۆرە بەردەوام دەبێت؛

"مومـا ئیلـەیهی (شـەریف بـەگ) گـوتی ئێـوەی بـەڕێزیش دەتانـەوێت خزمـەتی سـەڵتەنەتی سـەنییە بکـەن. دەزانـن کـە بـەپێی خێـر و فـەڕ و پایەبەرزی هەڵسوکەوتتان لەگەڵدا دەکرێت. بۆیە متمانە بە قسەکانی شەریف بەگ بکەن و هەر کاتێك ئەم نووسـراوەمان گەیـشتە لاتـان، بەپەلـە وەرن بـۆ لای خۆشەویستی ئێمە. خۆ ئەگەر بە قسەی ئەم و ئەو فریو بخۆن و پشت بە قسەکانی شەریف بەگ نەبەستن و نەیەن، دواتر پەشیمانی داد نادات.

هەرکەسـێك لـە ئـاین و دەوڵـەتی عەلییـە هـەڵهاتبێت، لـە ئاکامـدا چارەنووسی هەر تیاچوون بووە. لەبەر ئـەوەی لەلایـەن سـوڵتانەوە فـەرمانم پێ دراوە، کەفیلم کە هـیچ زیانێـك بـە سـامان و گیـان و شـکۆ و نامووسـتان ناگات.

دواتریش قسەی لە جۆری ''ترسام، یان بە قسەی فلان فریوم خوارد''، نـایخوات. لـە کاتێکـدا دەرگاکـانی لێبـووردنی ئامـادە، میهرەبـانی، فـەڕ و پایەبەرزی کراوەن و بۆ ئەوەی سبەینێ لـە ڕۆژی حەشـردا هـیچ قـسەیەکتان نەبێت بۆ کردن، من بەهەموو شێوەیەك ڕێگاتان پێشان دەدەم.

لەگەڵ بیرکردنەوەدا لەمانە، پشت بە قسەکانی شەریف بـەگ ببەسـتن و بـە قـسەی کـەس فریـو مـەخۆن و ڕێوشـوێنی تایبـەت نووسـراوە بـۆ ئـەوەی یەکسەر بێن بۆ لامان و بە خۆڕایی ئەم خێر و ڕێز لێنانە[٣٦٠] لە دەست خۆتـان مەدەن.

خوای بانی سەران یار بێت و وەك خۆتانیش دەزانن، ئارەزوو و چـاوەڕێ دەکەین بەو شێوەیەی کە نووسراوە، هەڵسوکەوت بکەن."

عوسمان پاشا ویستوویەتی بەو نامە هەڕەشەئامێزە کە بۆ مەحموود خان و نوورڵڵا بەگی ناردووە، میرە کوردەکان بەناوی خەڵات و نیشانەوە ڕام بکات و هەوڵی داوە بەو جۆرە هاوپەیمانیی ئەوان لەگەڵ بەدرخان بەگدا لەبار ببات. وەك لە بەشەکانی داهاتوودا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، ئەو بانگهێشتەی عوسمان پاشا لەلایەن مەحموود خانەوە بایەخی پێ نەدراوە، بەڵام توانیوێتی نوورڵڵا بەگ لە پەل و پۆ بخات. نوورڵڵا بەگ لە دوای ئەو دیدارانە هیچ بەشدارییەکی بەرجەستەی لە شەڕەکانی کورد و عوسمانیدا نەکرد و پاش ناپاکیکردنی ئێزدین شێری زاوای ئەم لە بەدرخان بەگ، میری جزیرە بەردەوام بوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای ئەنادۆڵ، بەڵام نوورڵڵا بەگ پشتی لە بەدرخان بەگ و مەحموود خان کرد و گوێڕایەڵیی خۆی بۆ عوسمان پاشا ڕاگەیاند. عوسمان پاشای مووشیری سوپای ئەنادۆڵیش لە پای ئەوە پلەی "سەرگەورەی دەرگاوانی دەرگاهی عالی"ی بە نوورڵڵا بەگ بەخشی و دوای سەرکوتکردنی بەرخودانەکە وەك بەرێوەبەری هەکاری هاتە دامەزراندن و بەو جۆرە مانەوەی دەسەڵاتی مسۆگەر کرا. ئیبراهیم خانی کوڕیشی لە سوپادا وەرگیرا.

لێپرساوانی عوسمانی توانیان بەو هەوڵانە نوورڵڵا بەگ لە ڕیز دەربپەڕێنن و هەمان کات درێژەیان بە هەوڵەکانیان دا بۆ پاشگەزکردنەوەی مەحموود خان لە بەرخودان. شەریف بەگی قایمقامی مووش کە هەوڵەکانی پێشووی بێ ئەنجام مابوونەوە، دیسان هاتە دەستنیشانکردن بۆ کۆکردنەوەی باجەکانی وان و قەزاکانی و لە سەرکوتکردنی بەرخوداندا ئەرکی ناوبژیکردنی پێ سپێردرا و ڕەوانەی لای مەحموود خان کرا. شەریف بەگ بەمەبەستی بە یەکجاری کۆتاییهێنان بە بەرخودان و کۆکردنەوەی باجەکان دە ڕۆژ لای مەحموود خان مایەوە و گفتوگۆی لەگەڵدا کرد و هەوڵی دا قایلی بکات. شەریف بەگ هەوڵی دەدا بۆ ڕێکخستنی مەحموود خان و یاخیبووەکانی وان لەگەڵ دەوڵەتدا و داوای لە والیی ئەرزەڕۆم کرد ئەگەر لەو کارەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، قایمقامییەتی وان بدرێت بە خۆی یان

یەکێك لە براکانی. بەڵام لێپرسراوانی عوسمانی نەیانتوانی مەحموود خان بەو شێوەیە قایل بکەن و هیچ ئەنجامێکیان دەستگیر نەبوو.[٣٦١] لێپرسراوانی عوسمانی دوای ئەوەی نەیانتوانی لە ڕێی شەریف بەگەوە چارەسەر بدۆزنەوە، ئەمجار بە نهێنی لەگەڵ شەریف ئاغا تۆپچووزادە کە یەکێك بوو لە کەسایەتییەکانی ناو شاری وان، دەستیان بە گفتوگۆر کرد و هەوڵیان دا لەو ڕێگایەوە دووبەرەکی بخەنە نێوان بەرخۆدەرانی وانەوە. هاوکات ئاشکرا دەبێت مەحموود خان لە ساڵی ١٨٤٦دا ناوەندی شاری وانی بەتەواوی خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. مەحموود خان ساڵی ١٨٤٧ لە جێی کوێر مستەفا بەگی تەیموور پاشازادە، فازل بەگی نەوەی هەمان بنەماڵەی کرد بە بەڕێوەبەری وان.

شەریف ئاغا تۆپچووزادەی[٣٦٢] خەڵکی وان کە لێپرسراوانی عوسمانی توانیبوویان خۆیانی پێ بگەیەنن، چووە ئەرزەڕۆم و بە نهێنی چاوی بە والیی ئەرزەڕۆم کەوت و زانیاریی سەبارەت بە بارودۆخی وان بە والی گەیاند. لێپرسراوانی عوسمانی دەیانویست لە ڕێی شەریف ئاغاوە لە وان بەرەیەکی نەیار دژ بە مەحموود خان پێك بهێنن. شەریف ئاغا لە ئەرزەڕۆم فەرمانی وەرگرت و بۆ وان گەڕایەوە وڕایگەیاند ئەگەر کۆتایی بە بەرخودان بهێندرێت، دەوڵەت لە تاوانەکانی ڕابردوو دەبوورێت. بەو جۆرە شەریف ئاغا هەوڵی دا بە ئامۆژگاریکردن مەحموود خان لە دەوڵەت نزیك بخاتەوە و دووبەرەکی لە نێوان ئەو و بەدرخان بەگدا دروست بکات. مەحموود خان بە خوێنساردی و بێبایەخانە پێشوازی لە داخوازەکەی شەریف ئاغا کرد، بەڵام دواجار پێی گوت "سوێندی خواردووە لەگەڵ بەدرخان بەگدا لە "خلاف"دا[٣٦٣] نەبێت، سەبارەت بە چۆنیەتیی هەڵسوکەوت ڕاوێژ بە بەدرخان بەگ دەکات و بەپێی ئەوە ڕەفتار دەکات." مەحموود خان لە ئاکامدا داخوازەکەی شەریف ئاغای ڕەت کردەوە. شەریف ئاغا پاش ئەوەی نەیتوانی بەو شێوەیە مەحموود خان قایل بکات، ئەمجار مەسەلەکەی لەگەڵ کوێر مستەفا بەگی تەیموور پاشازادەدا تاوتوێ کرد، هەوڵی دا پشتیووانیی ئەو بەدەست بهێنێت و

تەنانەت پێی گوت لە ئەگەری بەردەوامبوونی بەرخودانی مەحموود خاندا لە دەڤەرەکە کۆچ دەکەن. کوێر مستەفا بەگ داخوازەکانی شەریف ئاغای ڕەت کردەوە و هەواڵی گشت داخواز و هەوڵەکانی شەریف ئاغای بۆ مەحموود خان نارد کە ئەو کاتە لە دەرەوەی وان دادەنیشت. مەحموود خان پێشتر ئەو داخوازانەی ڕەت کردبووەوە، کەچی شەریف ئاغا دەیخستنە بەردەستی کەسایەتییە ناودارەکانی وان و لە پای ئەوە خان زۆر بەتوندی لێی تووڕە بوو و عەبدولڕەزاق بەگی برای و ڕەزوان ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی هاسەنانلی بە سەربازی سوارە و پیادەوە نارد بۆ ماڵی شەریف ئاغا بەمەبەستی دەستگیرکردنی. بەڵام شەریف ئاغا پێش ئەو بەسەردادانە هەواڵی پێ گەیشت و ناچار بوو بە خێزانەوە لە وانەوە بۆ ئەرزەڕۆم هەڵبێت.[٣٦٤] یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی ئەو هەموو بایەخدانەی لێپرسراوانی عوسمانی لەبەر ترسی ئەوە بوو ئەگەر بەدرخان بەگ لە باشوور تێك بشکێت، ئەگەری ئەوە هەیە بچێتە لای هاوپەیمانەکانی لە باکوور و خۆی لە قەڵای وان قایم بکات. لە ڕاپۆرتی "مەجلیسی خاصە"دا لە ١٨٤٧/٥/٢٤ سەبارەت بە بەدرخان بەگ و مەحموود خان نووسراوە؛

"بەدرخان بەگ لە بەرانبەر ئۆردووی هەمایۆن بەرگری پێ ناکرێت و ئاشکرایە هەڵدێت و ئەو کاتە بۆ خۆقایمکردن دەچێتە قەڵای وانەوە. بۆ ڕێگرتن لەو ئەگەرە، بڵاوەپێکردنی تاقمی مەحموود خان و دابینکردنی ئاسایشی وان کارێکی گونجاو دەبێت."

بەو جۆرە داوا دەکرێت بەر لەوەی بەدرخان بەگ پەنای بۆ ببات، بەرخودانی مەحموود خان سەرکوت بکرێت.[٣٦٥]

### ناپاکیی عەبداڵ خان

لێپرسراوانی عوسمانی لە هەوڵەکانیاندا بۆ پووچەڵکردنەوەی هاوپەیمانیی میرەکانی کورد ئەنجامێکیان دەستگیر بوو کە هەرگیز چاوەڕێی نەبوون و توانیان عەبداڵ خان بەلای دەوڵەتدا ڕابکێشن. پەیوەندیی نێوان

میرەکـانی کـوردیش لــە پـاڵ هــەوڵی لێپرســراوانی عوسمــانی فاکتــەرێکی چارەنووسساز بوو لەو سەرکەوتنەی عوسمانییەکاندا. مەحموود خان و فـازل بـەگ تـەیموورزادەی بەڕێوەبـەری وان[٣٦٦] و بـەدرخان بـەگ هاتنـە سـەر ئـەو باوەڕەی کە لە جزیرە بەرگری ناکرێت و وا ڕێك کەوتن بـەدرخان بـەگ خـۆی لە قەڵای خۆشاب قایم بکات و مەحموود خانیش لە قەڵای وان بەرگری بکات. بەڵام ئەو حسابەی میرە کوردەکان کردیان، بـە شـێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لەلایەن عەبداڵ خانی برای مەحموود خانـەوە شـێوێندرا. وەك لـە بەشـەکانی پێشوودا ڕوونمان کردەوە، سـاڵی ١٨٣٨ کاتێـك مـەحموود خـان لـە ترۆپکی بەرخوداندا بوو لە دژی دەوڵەتی عوسمانی، بە شێوەیەکی چـاوەڕوان نـەکراو لەلایەن میرەکانی بۆتان و هەکارییەوە بەزێندران و ئەمەش گرنگترین هۆکاری ئەو هەڵوێست وەرگرتنەی عەبداڵ خـان بـوو. ئـەو ڕوودواوە کـە بـوو بـە هـۆی یەکەم دوورخستنەوەی مەحموود خان و براکانی، هیچ کاتێك لەلایەن عەبـداڵ خانەوە لە بیر نەکرا و لە ساڵانی دواتریشدا زۆر بە ساردی بۆ بەدرخان بـەگی دەڕوانی و هەڵوێـستێکی دوورەپەرێزانـەی لـە بەرانبـەری گرتەبـەر. تەنانـەت هاوپـەیمانیی مـەحموود خـان لەگـەڵ بـەدرخان بەگدا بـوو بـە هـۆی ئـەوەی ساردی بکەوێتە نێوان هەردوو براوە.

لەبەر ئەو هۆیانە کاتێك عەبداڵ خان هـەواڵی پـێ گەیـشت کـە بـەدرخان بەگ لەگەڵ مـەحموود خانـدا ڕێککـەوتووە و خـۆی لـە قـەڵای خۆشـاب قـایم دەکات، زۆر نیگەران بوو. هاتنی بەدرخانی بەگی بۆ قەڵای خۆشـاب پەسـەند نەکرد و لە ڕقی ئەوە و بە پێچەوانەی ویستی مـەحموود خانـەوە گوێڕایـەڵیی خۆی بۆ ئەو لێپرسراوانەی دەوڵەتی عوسمانی دەربڕی پەیوەندییان لەگەڵیدا هەبوو. ئەو هەستە نەرێنییەی بەرانبەر بەدرخان بەگ هەیبوو، بەسەر ڕێزیـدا بۆ مەحموود خانی بـرای سـەرکەوت و بـوو بـە هـۆی ئـەوەی لـە کـاتێکی زۆر هەستیاردا ناپاکی بکات. بـەپێی قسەی والیـی ئـەرزەڕۆم، بـەدرخان بـەگ و مەحموود خان بە لەهەڤهاتنیان عەبداڵ خانیان فـەرامۆش کـردووە و ئـەویش ئەمەی پێ پەسەند نەکراوە و چووەتە ڕیزەکانی دەوڵەتی عوسمانییـەوە.[٣٦٧]

وەك ئاشكرا دەبێت، لەو سەروبەندەدا مەحموود خان بەڕێوەبردنی قەزای خۆشابی بە میر محەمەدی کوڕی عەبداڵ خان بەخشیوە و عەبداڵ خانیش لە قەڵای سەتمانیسی چوار سەعاتەڕێ دوور لە سنووری ئێران دانیشتووە.[٣٦٨]
بەو پێیە عەبداڵ خان پەیوەندی بە عوسمانییەکانەوە کرد و لە کاتێکدا لە قەڵای سەتمانیس دادەنیشت، لە بەهاری ساڵی ١٨٤٧دا کە هەستیارترین قۆناغی بەرخودان بوو، چووە قەڵای خۆشاب و بە ئاشکراڕایگەیاند قەڵای خۆشاب دەپارێزێت و ڕووبەڕووی داخوازەکانی مەحموود خانی برای و بەدرخان بەگ دەبێتەوە.

مەحموود خان بەم ناپاکییەی عەبداڵ خان بەتەواوی شڵەژا و هەموو نەخشەکانی ژێر و ژوور بوون و لە ڕێی ناوبژیوانانەوە نامەی بۆ براکەی نارد تا دەست لەو بزاوتە هەڵبگرێت و هەوڵی دا قایلی بکات. شەڕەکانی ئەو کاتە لە دژی دەوڵەتی عوسمانی و هێزی عەبداڵ خان لەو ناوچەیە پێشتر کارێکی وایان کردبوو کردنەوەی بەرەیەکی نوێ لە دژی مەحموود خان و بەرپاکردنی شەڕێکی گەرم کارێکی مەحاڵ بێت. مەحموود خان لە نامەیەکدا ڕوونی دەکاتەوە ئەگەرچی خۆشابی خستووەتە ژێر دەسەڵاتی میر محەمەدەوە، بەڵام هەواڵی پێ گەیشتووە کە ناوبراو بە شێوەیەکی ناڕەوا دەست دەخاتە کاروباری ناوچەکە و ستەم لە دانیشتووان دەکات و ئەمیش داوای لێ کردووە دەست لەو ڕەفتارانە هەڵبگرێت. مەحموود لە درێژەی نامەی ١٨٤٧/٥/١دا بەمەبەستی پاشگەزکردنەوەی براکەی لە ناپاکی دەنووسێت؛[٣٦٩]

"ئەگەر ناوچەت دەوێت، با ناوچەت بدەینێ. نابێت لەمەودوا دەست بخەیتە بەرژەوەندیی هەژارانەوە. ئەگەر گوندت دەوێت، با گوندێکت بدەینێ و نیشتەجێ بیت. ئەگەر متمانەشمان پێ ناکەیت، با کارێکی وا بکەین بڕوا بکەیت و قایل بیت. وەرە لەکن من بحەوێرەوە، بخۆ و بخۆرەوە و نۆشی گیان بێت. ئەگەر لەمەودوا پارە و ئاقچە لە هەژاران وەربگریت، لێت قەبوڵ ناکەم. لەگەڵ ئەم تێبینییەدا یەکسەر بە ئاوەز هەڵسوکەوت بکە و دڵت کوێ دەخوازێت، یان ئەگەر دەتەوێت لای من دابنیشیت، یان ئەگەر ئارەزوو

دەکـەیت لـە گونـدێك، یـان لـە ناوچـەیەکی ئـەم دەوروبـەرە دابنیـشیت، دەستبەجێ وەڵامم بۆ بنێرە."

مەحموود خان لە درێژەی نامەکەیدا ڕوونـی دەکاتـەوە خـەڵکی هـەژار و نەدار بەو جۆرە زیانیان پێ گەیشتووە و دەڵێت ئەوە کارێکی گونجاو نییـە و داوا دەکـات دەسـتی لـێ هـەڵبگیرێت. مـەحموود خـان بـەوەوە نەوەسـتا و نامەیەکی بەهـەمان نـاوەرۆك و داخوازییـەوە نـارد بـۆ یـەکێك لـە پیاوەکـانی عەبداڵ خان بەناوی حاجی عەبدی ئەفەندی و داوای لێ کرد لە عەبـداڵ خـان بخوازێت دەست نەخاتە "بەرژوەندیی وڵات و کورد"ەوە.[370]

عەبداڵ خان وەڵامی ئەرێنیی ئامۆژگاری و داخوازەکانی مەحموود خـانی بـرا گــەورەی خــۆی نەدایــەوە و هەڵوێــستی ئــەو گــشت هاوکێــشەکانی دەڤەرەکەی قلْپ کردەوە و میرە کوردە یاخیبووەکـانی خـستە دۆخێکـی تـا بڵێیــت دژوارەوە. داخــوازێکی هــەمان شــێوە لــە بــەدرخان بــەگی مــیری جزیرەشەوە بۆ عەبداڵ خان چوو. بەدرخان بەگ کەسێك لە پیاوەکانی خـۆی بەناوی میرزا و یەکێك لە ئاغاکانی عەشیرەتی دوودێری[371] بەناوی عەلی ئاغـا ڕەوانەی لای عەبداڵ خان کرد و داوای لێ کـرد پەیوەنـدی بەمانـەوە بکـات و قەڵای خۆشاب ڕادەستی ئەم بکات. نامەی عەرەبیی بەدرخان بەگ بۆ عەبداڵ خان کە مێژووی ١٨٤٧/٥/٧ی بەسەرەوەیە، بەم جۆرەیە؛[372]

"میعراجی شەریفتان و سەلامەتیی زاتی خۆتان دەپرسین. ئاشکرایە لای جەنابتان ماوەیەك لەمەوبەر لە چەند کەسایەتیمان بیـست دەسـتتان بەسـەر قەڵای خۆشابدا گرتـووە و زەوتتـان کـردووە. نـەمانتوانی بـزانین لەبـەر چـی هۆیەك بووە. تەنانەت لەبەر ئەوەی خزمەتکارەکـەی ئێرەشـتان هۆکارەکـەی پێمان نـەگوت، ئـەمجار عـەلی ئاغـام نـاردە لاتـان. بـا لـەوێ لەگـەڵ ئێـوەدا دابنیشێت. لـەم ڕۆژانـەدا لای ڕۆم–ەوە[373] پێـشهات و وەڵامـی خـۆش دێـت. ئەگەر لە نێوان ئێمە و ڕۆمدا ڕێککەوتن بکرێت و بـزانین قـسەکانیان ڕاسـتە، ئەو کاتە فەرمان دەدەم عەلی ئاغا بگەڕێتەوە. ئەگـەر پێچەوانە ڕوو بـدات و لە نێوان ئێمە و ڕۆمدا دوژمنایەتی دەربکەوێت، تکاتان لێ دەکەم بێن بۆ ئەم

ناوه بۆ ئەوەی بتانبینم. لە ئاستی یەکدیدا دادەنیشین. با عەلی ئاغا تا کاتی گەڕانەوەی ئێوە لەوێ لە قەڵا چاوەڕێ بکات."

وا دەردەکەوێت بەدرخان بەگ لەگەڵ عوسمانییەکاندا دەستی بە دانوستاندنی ئاشتی کردبێت و لە کۆتاییی نامەکەیدا دەنووسێت هەندێك ڕوونکردنەوەی زارەکیشی ناردووە. وەك ئاشکرا دەبێت، بەدرخان بەگ و مەحموود خان هەوڵێکی چڕ و پڕیان داوە بۆ قایلکردنی عەبداڵ خان و باوەڕیان وا بووە قەڵای خۆشابی دراوسێی هەکاری و خاکی ئێران شوێنێکی زۆر پێویستە بۆ ئەوەی لە دوایین ساتدا پەنای بۆ ببرێت و لێیەوە درێژە بە بەرخودان بدرێت. بەڵام عەبداڵ خان بەهیچ جۆرێك گوێی لە داخوازەکانی کاکی و میری جزیرە نەگرت و یەکسەر ئەرزەڕۆمی لە پێشهاتەکان ئاگادار کردەوە.

ئەو نامەیەی کە عەبداڵ خان سەبارەت بەو بابەتە بۆ ئەرزەڕۆمی نووسیوە و مێژووی ١٢٦٣/Ca/٢٩ (١٨٤٧/٥/١٥)ی بەسەرەوەیە، وردەکاریی گرنگ لە خۆ دەگرێت.[٣٧٤] خان عەبداڵ کە لە وانەوە و لە ڕێی شەریف ئاغاوە بەناوی دەوڵەتی عوسمانییەوە پێشنیازی بۆ برابوو، لەو نامەیەدا بە شێوەیەکی تایبەت ڕوونی دەکاتەوە ئەو هیچ پەیوەندییەکی نییە بەو بەرخودانەی کە ماوەی نزیکەی سێ ساڵە لە دەڤەری وان هاتووەتە ئاراوە و ڕوونی دەکاتەوە ئەو جگە لە خزمەتکردنی سوڵتان هیچ ئومێدێکی تری نییە. ئەم قسانە ئەوە دەخەنە ڕوو کە عەبداڵ خان پێشتریش خۆی دوورەپەرێز گرتووە لەو هاوپەیمانییەی کە بە ڕابەرایەتیی بەدرخان بەگ پێکهاتبوو. عەبداڵ خان دوای چەند سەودا و مامەڵەیەك لەگەڵ عوسمانییەکاندا لە قەڵای سەتمانیسەوە چووە قەڵای خۆشاب، لەوێ دانیشت و بە جۆرێك لە جۆرەکان زەوتی کرد و گوێڕایەڵیی خۆی بۆ دەوڵەتی عوسمانی بەیان کرد. هەرچی زانیارییەکیشی لەسەر هاوپەیمانیی میرە کوردەکان هەبوو دای بە عوسمانییەکان و ئاشکرای کرد بەدرخان بەگ نیازی هەیە خۆی لە قەڵای خۆشاب قایم بکات، بەڵام لە نامەکانیدا ڕوونی دەکاتەوە ئەو بوار بە

هەنگاوێکی لەو جۆرە نادات. عەبدالْ خان ئاماژە بۆ شەریف بەگی قایمقامی مووشیش دەکات و زۆر بە ئاشکرا دەنووسێت شەریف بەگ سێ ساڵ لەوەوبەر هاتووە بۆ ماڵی مەحموود خانی کاکی ئەم و بووە بە میوان و جەختی کردووە کە خزمی میرەکانە و سوێندی هاوپەیمانیی خواردووە. بەدرخان بەگ، وەك پێشتر باس کرا، عەلی ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی دوودێری و کەسێك لە پیاوەکانی خۆی بەناوی میرزا ناردبووە لای عەبدالْ بەگ و داوای کردبوو قەڵای خۆشاب ڕادەستی ئەم بکرێت، بەڵام عەبدالْ خان ئەو داوایەی پەسەند نەکرد و نوێنەرەکانی گێڕایە دواوە. عەلی ئاغا بۆ جزیرە گەڕایەوە و میرزاش چوو بۆ قەڵای وان. عەبدالْ خان بە ئاشکرا دەنووسێت مەحموود خانی براشی داوای لێ کردووە قەڵای خۆشاب ڕادەست بکات، بەڵام ئەم پەسەندی نەکردووە و دەڵێت تەنانەت نامەی بۆ تەیموورزادەکانیش ناردووە و پێیانی گوتووە قەڵای وانیش ڕادەست نەکەن. عەبدالْ خان داوای لە دەوڵەتی عوسمانی کرد لە بەرانبەر ئەو کارەدا پلەی "میری میران"ی پێ بدرێت.[٣٧٥] بەو جۆرە نەخشەی بەدرخان بەگ و مەحموود خان سەبارەت بە خۆ قایمکردن لە قەڵای خۆشاب و بەتەواوی مکوومکردنی قەڵای وان و گواستنەوەی بەرخودان بۆ دەڤەرەکانی وان و خۆشاب پووچەڵ بووەوە. مەیدانبازیی عەبدالْ خان لە بەرانبەر مەحموود خانی کاکی و بەدرخان بەگ و بەتایبەتیش پەیوەندییە نهێنییەکانی لەگەڵ فازل بەگ تەیموورزادەی ناو هاوپەیمانیی کوردی و ئامۆژگارییەکانی بۆ ناوبراو، لەبەریەك هەڵوەشانەوەی ڕیزەکانی مەحموود خانی خێراتر کرد.

عەبدالْ خان بەردەوام لێپرسراوانی عوسمانیی لە هەڵوێستی خۆی لە بەرانبەر مەحموود خانی کاکی و میری جزیرە و چۆنیەتیی دەست بەسەرداگرتنی قەڵای خۆشاب و پاراستنی و لە پێشهاتەکان ئاگادار دەکردەوە. لە نامەی ١٨٤٧/٥/٢٠دا[٣٧٦] دەنووسێت بە شێوەیەکی یەکجاری بە نەرێنی وەڵامی داخوازەکانی مەحموود خانی کاکی داوەتەوە. عەبدالْ خان دەڵێت بەدرخان بەگیش نامەی بۆ نووسیووە و پیاوی بۆ لای ناردووە.

عەبدالڵ خان لەو هەمان نامەدا داوای کردووە لەگەڵ ناسر ئاغادا کە بۆ ئەرزەڕۆمی ناردووە، هێزی یاریدەدەری بۆ بنێرن. خانی ناوبراو لە پێشدا لە بەرانبەر ئەو خزمەتانە داوای پلەی "میری میران"ی لە والیی ئەرزەڕۆم کردبوو، بەڵام دواتر بە پلەی "بەڕێوەبەری ئەستەبلی ئامێرە — ئاخووڕی تایبەت" ڕازی بوو. فەرماننامەی تایبەت بە بەخشینی پلەی ئاماژە بۆ کراو بە عەبدالڵ خان لە پای خزمەتەکانی کە داوا کرابوو لە ئیستانبوڵەوە بنێردرێت، هەروەها جلوبەرگ و دیاریی جۆراوجۆر بە عەلی ئاغادا بۆ عەبدالڵ خان نێردرا. خان بە نزیکەی ٤٠٠ ئەسپسوارەوە چووە پێشوازیی میوانەکان، هەورانیی بەدیاری نێردراوی (جۆرێکە لە جلوبەرگی لە پێستەی تووکن دروستکراو) پۆشی و فەرماننامەی گەیشتووی لە بەردەم عەشیرەتەکان بە خوێندنەوە دا.[٣٧٧] بەو جۆرە خزمەتی عەبدالڵ خان بۆ دەوڵەت خرایە قاڵبی فەرمیبوونەوە، بەڵام لێپرسراوانی عوسمانی بە درێژاییی کات خلافاندیان و دواجار عەبدالڵ خان لە بەدەستهێنانی پلەی "بەڕێوەبەری ئەستەبلی ئامێرە — ئاخووڕی تایبەت"یشدا سەرکەوتوو نەبوو.

### شەڕەکانی مەحموود خان و عوسمانییان لە ئەخلات و مەلازگرد

لە مانگی مایسدا باشوور و باکوور بوون بە مەیدانی چەندین شەڕی جۆراوجۆر. مەحموود خان هەریەك لە ڕەزوان ئاغا و عەبدولڕەزاق بەگی برای و عەبدولعەزیز بەگی کوڕی نارد بۆ ناوچەی کارموچ[٣٧٨] و خۆیشی دواتر بەرەو ناوچەکە کەوتە ڕێ.[٣٧٩] هێزەکانی مەحموود خان لە ناوچەی کارموچ جێگیر کران و پێش ئەوەش ڕەشید بەگی خزمی شەریف ئاغا تۆپچووزادەی لە وانەوە بۆ ئەرزەڕۆم هەڵهاتوو کە لە ڕیزەکانی شەریف بەگی مووشیدا بوو، لە ناوچەکە دوورخرابووەوە.[٣٨٩]

عەشیرەتی هەلاجی[٣٨١] کە چەندین ساڵ بوو ددانیان بە دەسەڵاتی مەحموود خاندا نەدەنا، لە دژی کەوتنە شەڕەوە و ئەگەرچی لە سەرەتادا بەرگرییان کرد، بەڵام دواتر باڵادەستیی خانیان پەسەند کرد. مەحموود خان

ئەو ناوچەیەی ڕۆژئاوای خستە ژێر دەستی خۆی و ڕێگاکانی بەرەو وانی گرت و ویستی بەو شێوەیە ڕێگا لە گەیشتنی سوپاکانی عوسمانی بۆ وان بگرێت. هاوکات یەکێك لە قایمقامەکانی سوپای ئەنادۆڵ بەناوی محەمەد بەگ بە شەش تابوور و تۆپێکەوە کە لە بتلیس وەری گرتبوو، پەلاماری مەحموود خانی دا، بەڵام بەرپەرچی هێرشەکەی درایەوە. بەرپاکردنی ڕووداوی "کارموچ" لەلایەن مەحموود خانەوە و کشانی بەرەو بتلیس لە کاتێکدا فەریق ئەحمەد پاشا بە خۆی و سوپاکەیەوە لە مووش بووە، مایەی خۆشحاڵیی دەرسەعادەت نەبوو. فەریق ئەحمەد پاشا لەو ڕووەوە هۆشیار کرایەوە.[٣٨٢]

هاوکات یەکینەکانی ژێر فەرماندەییی عەبدولڕەزاق بەگی برا و عەبدولعەزیز بەگی کوڕی مەحموود خان لای مووش لەگەڵ سوپای عوسمانیدا کەوتنە شەڕەوە. ڕەزوان ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی حەسەنانلی و ئیبراهیم ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی حەیدەران کە پێشتر پەنایان بۆ مەحموود خان بردبوو، لەو شەڕەدا ڕۆڵی چالاکیان گێڕا. وەك ئەوەی لە نامەی ١٨٤٧/٥/١٥ی مەحموود خاندا دەردەکەوێت[٣٨٣]، عەبدولڕەزاق بەگی برای، عەبدولعەزیز بەگی کوڕی، ڕەزوان ئاغا و ئیبراهیم ئاغا بەنیاز بوون لە ڕێی مەلازگردەوە بچنە مووش و بۆ ئەو مەبەستە داوای مۆڵەتیان لە خان کردووە. مەحموود خان ڕوونی دەکاتەوە کە مۆڵەتی پێیان داوە و ویستویەتی بە ناردنی نامە ئازایەتییان بخاتە بەر. خان لەو نامەیەدا ڕوونی دەکاتەوە حەزی لە کاری هەڵە نییە تەنانەت ئەگەر براکەی، یان کوڕەکەشی بیکات و دەنووسێت؛

"کاتێك سەرباز هێرشتان بۆ دەکەن، لەوانەیە ژمارەیان کەم بێت و لەوانەشە لە زۆر زۆرتر بێت. وا نەکەن کاتێك سەربازی زۆرتان بۆ دێت بکشێنەوە و دوژمن دڵخۆش بکەن."

مەحموود خان لەو نامەیەدا دەنووسێت هێزی یاریدەدەریان بۆ دەنێرێت و ڕوونی دەکاتەوە خۆیشی بەرەو بتلیس بەڕێوەیە، هەروەها هەندێك لە

پیاوەکانی خۆی لە پای ئەوەی بە هانای ئیبراهیم ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی حەیدەرانەوە نەچوون، بەتوندی سەرکۆنە کردووە.

### ناپاکیی فازل بەگ تەیموورزادەی وانی

شـــەڕەکانی عوسمـــانی و کـــورد ڕۆژ لـــە دەوای ڕۆژ گـــەرمتر دەبـــوون و سەنگەر گۆڕینی عەبدالّ خان و شەریف بەگی مووشـی و زیـادبوونی بانـدۆری گوشـارەکانی عوسمـانی بـوو بـە هـۆی خێرابـوونی داپـچڕان لـە نـاو لایـەنی کوردیدا. فەریق ئەحمەد پاشا لە ڕاپۆرتی ڕۆژی ۱۲٦۳/C/۲۲ (۱۸٤۷/٦/٦)دا هەواڵ دەگەیەنێت کە مامۆستای ناوچەی عادلجەواز، سلێمان ئاغـا، قارەمـان بـەگ، شـاڤی بـەگ و حوسـێن ئاغـا دەسـتەودامێنی سـوپای ئـەنادۆڵ بـوون. ئەحمەد پاشا هەمان کـات دەنووسـێت نامـەی بـۆ عەبـدولڕەزاق بـەگی بـرای مەحموود خانیش ناردووە بۆ ئەوەی خۆی بەدەستەوە بدات.

لە دوای ناپاکییەکەی عەبدالّ خانی برای، گەورەترین ناپاکی بەرانبەر بە مەحموود خان لەلایەن فازل بەگەوە کرا کە مەحموود خان لـە دوای مـستەفا بـەگ کردبـووی بـە بەڕێوەبـەری وان. عەبـدالّ خـان خـاوەن کاریگەرییـەکی بەرچاو بوو لە سەنگەر گۆڕینی فازل بەگدا. عەبدالّ خان پاش ئـەوەی چـووە پالّ عوسمانییەکان، لەگەڵ فازل بەگدا کەوتە نامەگۆڕینەوە و داوای لیّ کرد، وەك پێشتر بەڵێنی پیّ داوە، قەلای وان ڕادەستی بـەدرخان بـەگ نـەکات.[۳۸٤] ئەو هەڵوێستەی عەبدالّ خان بـوو بـە هـۆی کەوتنـەوەی دووبـەرەکی لـە نـاو خـەڵکی وانـدا سـەبارەت بـە مـەحموود خـان.[۳۸٥] لـەو ڕاپۆرتانـەوە کـە لـە دەڤەرەکەوە نێـردراون، ئاشـکرا دەبێـت فـازل بـەگ تـەیموورزادە بـە نهـێنی چاوی بـە لێپرسـراوانی عوسمـانی کـەوتووە. بڕگـەی تایبـەت بـەو بابەتـە لـە نامـەی والیـی ئـەرزەڕۆم و دەفتـەرداری ویـدا کـە مێـژووی ۱۸٤۷/٥/۲۹ی بەسەرەوەیە، بە جوانی بارودۆخەکە دەخاتە پێش چاو؛[۳۸٦]

"فازل بەگ کە یەکێکە لە کەسانی سەرکێشی ''ئەهلی فەساد''ی وان و لــە ڕابــردوودا لەلایــەن مــەحموود خانــەوە وەك ســەرۆکی چــەتەکانی وان

دامەزرێندرابوو، هەرچەندە لە ژێر گوشاری مەحموود خاندا پلەی ڕابەرایەتی پەسەند کردووە، بەڵام مەبەستی سەرەکیی ئەو خزمەتکردنی سەلتەنەتی سەنییە بووە. لەبەر ئەوە بۆمانی نووسیووە: بڕیاری داوە لەمەودوا لە نەیاریکردن پەشیمان بێتەوە و تەنانەت بێتە ژێر باری گوێڕایەڵی، مەحموود خان بەنیازی زەوتکردنی قەڵای وان هاتووەتە وان و ئەم بە فێڵ دووری خستووەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کوردەکان بە گوشار درێژە بە دەسەڵاتی خۆیان دەدەن، ئەم ناتوانێت بە ئاشکرا گوێڕایەڵی بکات، ئەگەر چەند تابوورێك عەسکەری نیزامییە بۆ دەوروبەری وان بنێردرێت، ئەم بێ شەڕ خۆی بەدەستەوە دەدات و گوێڕایەڵی ئەو قایمقامە دەبێت کە ئەرکی پێ دەسپێردرێت."

مەحموود خان پێش ئەوەی ڕوو لە جزیرە بکات بۆ یارمەتیدانی بەدرخان بەگ، چووبووە وان. بەو ڕاپۆتەی سەرەوەدا و بە نامەکانی تردا دەردەکەوێت فازل بەگ بە مەحموود خانی گوتووە کاروباری وان باش بەڕێوە دەچێت و خانی دڵنیا کردووە و قایلی کردووە لەوێ نەمێنێتەوە. مەحموود خان لەو کاتەدا هێشتا پەی بە ناپاکی فازل بەگ تەیموورزادە نەبردبوو و بەمەبەستی بەهاناچوونی بەدرخان بەگی هاوپەیمانییەوە ڕۆژی ١٢٦٣/C/٥ (١٨٤٧/٥/٢٠) لە وانەوە بەرەو جزیرە بەڕێ کەوت.[٣٨٧]

### پەیوەندیکردنەکانی بەدرخان بەگ بە ئێرانەوە و هەڵهاتنی ڕەسووڵ پاشای ڕەواندوزی بۆ ئێران

لەگەڵ ناپاکیکردنی عەبداڵ خاندا ئەگەری پەنابردنی بەدرخان بۆ قەڵای خۆشاب لە ئارادا نەما و ئەمەش ناچاری کرد پەیوەندی بە ئێرانەوە بکات. میری جزیرە حسابی ئەوەی دەکرد لە ئەگەری بەزیندا بۆ دیوی ئێران بپەڕێتەوە. لەو سەروبەندەدا لە باشووری کوردستانیش چەند پێشهاتێك قەومان. قایمقامی سەنجەقی هەریر ڕەسووڵ پاشا و قایمقامی سلێمانی

ئەحمەد پاشا بە هۆی ئالۆزییەکانی کوردستانەوە بۆ ئێران هەڵهاتن.[388] وەك پێشتریش باسمان کردبوو، ڕەسووڵ پاشا برای میر محەمەد کوڕەی میری کۆچکردووی ڕەواندوز بوو و دوای سەرکوتکردنی بەرخودانی کورد لە ساڵی ١٨٣٦دا کرابوو بە قایمقامی سەنجەقی هەریر. زانراوە ڕەسووڵ پاشا چووەتە ناوچەی "شنۆ"[389]ی بیست سەعاتەڕێ دوور لە ڕەواندوز و لەوێشەوە ڕووی لە تەورێز کردووە. دەوڵەتی عوسمانی هەڵهاتنی ڕەسووڵ پاشای بە مەترسییەکی زۆر گەورە دانا، بابەتەکە لە "مەجلیسی ڤالا" تاوتوێ کرا و دەوڵەت ترسی ئەوەی هەبوو ئەوانە تا لە سنووری کوردستانەوە نزیك بن، دەتوانن دنەی بەرخودانەکانی کوردستان بدەن، بۆیە باڵیۆزانی ئێران و ئینگلتەرا لە بەغدا لە ڕەوشەکە ئاگادار کرانەوە و داوای ڕادەستکردنەوەی ڕەسووڵ پاشا و یاوەرانی کرا. لێپرسراوانی دەوڵەتی عوسمانی باسیان لەوە کردووە کە بەپێی مادەی چوارەم لە پەیماننامەی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەت پێویستە هەڵهاتووەکان ڕادەست بکرێنەوە.

یەحیا خانی دەسەڵاتداری ورمێ[390]ی نزیك لە تەورێز پەیوەندی بە ڕەسووڵ پاشاوە کرد، نامەیەکی فارسی بۆ نارد و تیایدا ڕوونی کردەوە ئەگەر ڕەسووڵ پاشا لە دیوی ئێران بمێنێتەوە، ئەم هەموو ئاسانکارییەکی بۆ دەکات. نامەکەی یەحیا خان بەکورتی بەم جۆرەیە؛[391]

"مەرج و پەیمان بێت و خوا یار بێت وا دەکەین و سەرەتا ئێوە لەگەڵ خۆمدا دەبەم بۆ ورمێ. مادام ئێوە بە ویستی خۆتان ناتانەوێت خزمەتی دەوڵەتی عوسمانی بکەن، ئاشکرایە ئەگەر بۆ شوێنێکی تر نەچن، ئێمە بەزۆر ڕادەستی هیچ کەسێکتان ناکەین. ئەگەر خۆتان و بنەماڵە و دەستوپێوەندەکانت لای من بمێننەوە، ئاشکرایە لە نێوان خۆم و ئێوەدا جیاوازی ناکەم. خوای بانی سەر یار بێت، لە بواری تەرخانکردنی مووچەیەکی شایەن بە ئێوەدا کەمتەرخەمی نانوێندرێت. لە هیچ بابەتێکدا خۆتان سەغڵەت مەکەن. با ئەم کاغەزەی منتان وەك سەنەد پێ بێت. خوا یار بێت، چۆن نووسراوە، ئاواش کاری پێ دەکرێت."

یەحیا خـان لـە درێـژەی نامەکـەدا دەنووسـێت لـە ئاسـتی شـازادە و لـە شوێنە پێویـستەکانی تـر بەهـەموو شـێوەیەك دەبێـت بـە کـەفیلی ڕەسـووڵ پاشا. وەك ئاشکرا دەبێت، ڕەسووڵ پاشا بڕوای بە بەڵێنـەکانی یـەحیا خـان نـەکردووە. بـەپێی نامـەی عـەلی ڕاسـم بـەگی جێگـری کۆنـسوڵی دەوڵـەتی عوسمانی لە تەورێز لە ١٨٤٧/٦/٣، دوای چاوپێکەوتنی بـە ڕەسـووڵ پاشـا، بەڵێنی لە ناوبراو وەرگرتووە.[٣٩٢] ڕەسووڵ پاشا بە عەلی گوتووە یەحیا خـان بەڵێنی پێ داوە، بەڵام ئەم گوێی بۆ هیچ دنەدانێك شـل نـەکردووە. هـەروەها گوتوویەتی گومانی لە ئێران هەیە، دەیەوێت بگەڕێتەوە و ئەگەر مۆڵەتی پـێ بدرێت، تا ڕوونبوونەوەی بڕیاری سـەبارەت بـە خـۆی دەیـەوێت لـەکن سـەید تەها[٣٩٣] بمێنێتەوە.

بابەتێکی تر کە ڕەسووڵ پاشا ئاماژەی بۆ کردووە، هەوڵەکانی بەدرخان بەگ بووە بە گەشەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا. بە قسەی ئەو، یەکێك لە پیاوە نزیکەکانی مـیر بـەدرخان بـەگ بـەناوی شـێخ عەبدولغـەنی دوو نامـەی لەلایەن بەدرخان بەگەوە مۆرکراوی گەیاندووە بە یەحیا خـانی دەسـەڵاتداری ورمێ. ڕەسووڵ پاشا گوتوویـەتی ئـەو نامانـەی دیـوە و ڕوونـی کردووەتـەوە ناوەڕۆکی پەیوەندییان بە بەرخودانی ئەو کاتەوە نەبووە. عـەلی ڕاسـم بـەگ لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا بۆی ئاشکرا بوو نـوور محەمـەد خـانی خـاڵی شـای ئێران پار چووەتە حیجاز، دواتـر لـە جزیـرەوە گەڕاوەتـەوە و وەك پێویـست ڕێزی لێ نـەگیراوە. لەبـەر ئـەوە شـێخ عەبدولغـەنی بـۆ دڵدانـەوەی چـووەتە ئێران. بەڵام وەك لە نووسـراوەکانی دواتـردا دەبینـدرێت، هۆکـاری سـەردانی شێخ عەبدولغەنی بۆ ئێران ئەوە بووە ئەگەر پێویست بکـات بـەدرخان بـەگ پەنا بۆ ئێران ببات، ئەم زەمینەی پێویستی بۆ ئامادە بکات.[٣٩٤]

بـاڵیۆزی دەوڵـەتی عوسمـانی لـە تـەورێز عـەلی نـامیق بـەگ لـە نامـەی ١٢٦٣/C/٢١ (١٨٤٧/٦/٥)دا بـە دەرسـەعادەت ڕادەگەیـەنێت لـە ئـەنجامی گفتوگۆکاندا ئێران ڕەسووڵ پاشای لە ڕێی کۆنـسوڵی ئینگلتـەراوە بـۆ بەغـدا ناردووەتەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی ئەسەد نووری پاشا لە ١٨٤٧/٦/١٦، ڕەسووڵ پاشا چووەتە بەغدا و خۆی ڕادەست کردووە.[٣٩٥] ئەسەد نووری پاشا دەنووسێت بەپێی ئەو نامانەی لە جێگری باڵیۆز لە تەورێزەوە بەدەستی گەیشتوون، دەردەکەوێت بەدرخان بەگ داوای هاتنە ناوەوەی لە ئێران کردووە، هەروەها دەنووسێت کۆنسوڵی ڕووس لە بەغدا سەردانی ئەمی کردووە و پێی گوتووە نامەیەکی لە نوێنەری خۆیانەوە لە تەورێز پێ گەیشتووە کە تیایدا دەردەکەوێت بەدرخان بەگ دەیەوێت یارمەتی لە ئێران وەربگرێت و پەنا بۆ ئەو دەوڵەتە ببات. کۆنسوڵی ڕووس گوتوویەتی لێی ڕوونە ئەو دۆخە کێشەی نێودەوڵەتی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە لێپرسراوانی ڕووس ئێرانیان هۆشیار کردووەتەوە خۆی لە بەدرخان بەگ نەکات بە خاوەن. دواجار بەدرخان بەگ بە مەرام نەگەیشت و دەوڵەتی ئێران لەبەر هەلومەرجی نێودەوڵەتیی ئەو کاتە دەرگاکانی خۆی بە ڕووی بەرخۆدەرانی کورددا کلۆم کرد.

### کارتی نەقشبەندی لە دژی بەدرخان بەگ

بەدەر لە شەڕی گەرم، زۆر شێوازی تر بۆ خۆبەدەستەوەدانی بەدرخان بەگ لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە گیرایەبەر و هەوڵی جیاواز درا. یەکێك لەوانە هەوڵدان بوو بۆ سوودوەرگرتن لە شێخەکانی ڕێبازی خالیدیی نەقشبەندی. وەك دەزانرێت لە ڕێی مەولانا خالیدەوە ڕێبازی نەقشبەندی بەخێرایی بەناو کوردانادا بڵاو بووەوە.[٣٩٦] وەك ئەوەی لای زۆربەی میرە کوردەکانی تریش باو بوو، زانراوە لە دیوەخانی بەدرخان بەگیشدا شێخ هەبوون و ئەمانە لە پێگەی ڕاوێژکاری شەرعیی میردا بوون. خەیرەدین پاشای والیی دیاربەکر کە خۆیشی سەر بە ڕێبازی نەقشبەندی بوو، ویستی سوود لەو دۆخە وەربگرێت و بۆ ئەو مەبەستە نامەی بۆ شێخ ساڵح و شێخ ئیبراهیم و شێخ عەزرای کە لە شێخەکانی جزیرە بوون، نووسی و تکای لێیان کرد ئامۆژگاری بەدرخان بەگ بکەن بۆ ئەوەی لە بەرخودان پاشگەز

ببێتـەوە.[٣٩٧] خـەیرەدین پاشـا نموونـەی ڕووداوی جۆراوجـۆر دەهێنێتـەوە و هەوڵ دەدات شێخەکان قایل بکات و بۆیان دەنووسێت؛

"لـە شـەریعەت و ڕێبـازی ئێمـەدا مـل کەچکردن بـۆ فـەرمانی سـوڵتانی موسـڵمانان، ئیمـامی محیـەدین و خەلیفـەی رب العـالمین و پادشـای ئیـسلام ئەرکی هەموو موسڵمانێکە."

خەیرەدین پاشا هەوڵی داوە جەخت بکات کە ڕاگەیانـدنی بـەرخودان لـە دژی خەلیفەی ئیسلام بەپێی ئاین ڕەفتارێکی هەڵەیە. والیی دیاربەکر دەڵێت ئـەو دەزانێـت کـە بـەدرخان بـەگیش سـەر بـە ڕێبـازی نەقـشبەندییە و دەنووسێت؛

"بە پشتبەستن بەم نامەیەم ئامۆژگـاری بـەدرخان بـەگ بکـەن. ببن بـە هۆکار بۆ ڕزگاربوونی هەژار و داماوان. ئەگەر بـەدرخان بـەگ ترسـی سـامان، گیـان، سـەربەرزی و خزمـەکانی هەیـە، ئـەوا مـن ''ئـەمان''م دا پێـی![٣٩٨] بەناوی حەزرەتی سوڵتانمانەوە بەڵێن دەدەم با بەدرخان بەگ لەگەڵ ئێـوەدا بێتـە لامـان و مـن دەینێـرم بـۆ دەروازەی بـاڵا (ئیـستانبوڵ). سـوڵتانی پایەبڵنـدمان پلـەی بڵنـدی بـەخێر پـێ دەدات. ئەگـەر ئامۆژگارییـەکانتانی پەسەند نەکرد، بکشێنەوە، لەگەڵیدا مەبن."

وەك دەبینـدرێت، والیـی دیاربـەکر دەڵێـت بـەدرخان بـەگ لـە حاڵـەتی خۆبەدەسـتەوەداندا لێبـووردنی بـۆ دەردەچـێت و بگـرە پلەشـی بـەرز دەکرێتەوە. داواش لە شێخەکان دەکات میر قایل بکەن و ئەگەر قایل نـەبوو، پشتیووانی خۆیانی لێ بکێشنەوە. خـەیرەدین پاشـا لـە نامـەی تایبـەت بـەو بابەتەدا بۆ دەرسەعادەت کە مێژووی ١٨٤٧/٥/٣دا بەسەرەوەیە، دەنووسێت لەو شێخە ناوبراوانەوە وەڵامی بۆ هاتووەتـەوە. بـە قسەی والـی، شـێخەکان هـەوڵیان داوە بـەدرخان بـەگ قایـل بکـەن و پێیـان گوتـووە ئەگـەر لەسـەر بـەرخودان بـەردەوام بێـت، ئـەوا ئـەمان بـە خۆیـان و موریدەکانیانـەوە کـە ژمارەیان بیست هەزار کەسە، دەستەودامێنی دەوڵەت دەبن. خەیرەدین پاشا دەنووسـێت هـەواڵی پـێ گەیـشتووە بـەدرخان بـەگ بـە هـۆی کێشانەوەی

پشتیوانیی ڕێبازی خالیدییەی نەقشبەندی چارەی نەماوە و بەم نزیکانە بۆ قەڵایەك دەکشێتەوە و خۆی تێدا قایم دەکات.[399] ئەو زانیارییانەی کە والیی دیاربەکر سەبارەت بە شێخەکان گەیاندوونی، بەتەواوی هەموویان بەدی نەهاتوون، چونکە وەك لە بەشەکانی داهاتوودا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، شێخ عەزرای کە یەکێك بوو لە ناوبژیوانانی والی، لەگەڵ بەدرخان بەگدا خۆی بەدەستەوە دا و دوورخرایەوە.

## ناپاکیی ئێزدین شێر بەگ

وەك ڕوون دەبێتەوە، ئەرکی دامرکاندنەوەی بەرخودانی باکوور بە فەریق ئەحمەد پاشا سپێردراوە و عوسمان پاشای مووشیری سوپای ئەنادۆڵیش بەمەبەستی ئاراستەکردنی جموجووڵی سەربازی لە باشوور، چووەتە دیاربەکر. ئەمین پاشا و عومەر پاشاش لەگەڵ ئەحمەد پاشادا لە بزاوتی سەربازیی چاوەڕوانکراودا بۆ سەر جزیرە بەشدار بوون. سوپاکانی باشوور کە لە دیاربەکر مۆڵ درابوون، ڕۆژی یەکشەمە، ڕێککەوتی ١٨٤٧/٥/٢٤ بەرەو جزیرە بەڕێ کەوتن.[400]

بێ هیچ گومانێك خراپترین ڕەوش کە لە سەروبەندی ئەو جموجووڵە سەربازییەدا تووشی بەدرخان بەگ بوو، ناپاکیکردنی ئێزدین شێر بەگ (یا یەزدانشێر– وەرگێڕ) بوو. لەبەر ئەوەی ئێزدین شێر بەگ کوڕی میر سەیفەدینی گەورە پیاوی بنەماڵەی عەزیزی و میری پێشووی جزیرە بوو، ئەم هەڵوێستەی بوو بە هۆی شکاندنی کاریگەریی بەدرخان بەگ لە ناو بنەماڵەی خۆی و نێو عەشیرەتەکاندا.

والیی موسڵ ئەسعەد پاشا لە نامەی ١٨٤٧/٥/٢٩دا دەنووسێت ئێزدین شێر بەگی کوڕی سەیفەدین بەگی گەورەی بنەماڵەی بەدرخان بەگ خۆی گەیاندە سوپای عوسمانی و گوێڕایەڵیی خۆی ڕاگەیاند.[401] سوپای عوسمانی بە ئەندازەیەکی زۆر پێویستی بە ئازوقە بوو، بەڵام لەگەڵ خۆ ڕادەستکردنی ئێزدین شێر بەگدا لەو تەنگانەیە ڕزگاری بوو.[402] یەکێك لە ئەنجامە دیارەکانی ڕووداوی ئێزدین شێر بەگ دانانی کاریگەری بوو لەسەر نووروڵلا بەگی میری

هەكاری. ئێزدین شێر بەگ زاوای نوورڵڵا بەگ بوو. پاش دەستەودامێنبوونی ئێزدین شێر بەگ، نامە بۆ نوورڵڵا بەگی خەزووری و هەندێك لە كەسایەتیی عەشیرەتەكان نووسرا و بۆ گوێڕایەڵبوون بانگهێشت كران. وەك ئاشكرا دەبێت و جۆری ئەوەی پێشتر ڕوونمان كردەوە، نوورڵڵا بەگی میری هەكاری كە لەگەڵ شەریف بەگی مووشیدا لە پەیوەندیدا بوو، پاش پەنابردنی ئێزیدین شێر بەگی زاوای ئەوسا بە یەكجاری سەنگەری گۆڕیوە، هەروەها لە وەڵامی ئەو بانگەوازەدا میر محمەدی[٤٠٣] خەڵكی ناوچەی حاجی بەهرام كە یەكێك بوو لە پیاوەكانی بەدرخان بەگ و زوبێر ئاغای سەرۆكی عەشیرەتی زەهیدی هەڵهاتن و چوونە ڕیزەكانی سوپای عوسمانییەوە.

### ناپاكیی نوێ لە ڕیزەكانی مەحموود خاندا

پاش ئەوەی مەحموود خان بەمەبەستی بەهاناوەچوونی بەدرخان بەگ بەرەو باشوور بەڕێ كەوت، لە ڕیزەكانی ئەودا لە باكوور هەڵوەشانەوە دەستی پێ كرد. ڕاپۆرتی فەریق ئەحمەد پاشا لە ١٨٤٧/٦/٣دا وردەكاری سەبارەت بە هەڵوەشانەوەكانی ناو ڕیزەكانی مەحموود خان لە خۆ دەگرێت.[٤٠٤] پەیوەندیكردنی عەبداڵ خان بە ڕیزەكانی سوپای عوسمانییەوە ڕۆڵێكی كاریگەری هەبوو لەو هەڵوەشاندنەوانەدا. لەبەر ئەوەی ناوبراو بەرەی شەڕی لە دژی كاكی كردبووەوە، مانەوەی كەسانی تر لە پاڵ مەحموود خاندا كارێكی هێندە ئاسان نەبوو. فەریق ئەحمەد پاشا بەمەبەستی دەرپەڕاندنیان لە ڕیزەكانی مەحموود خان نامە و ناوبژیوانی نارد بۆ لای ڕەزوان ئاغای سەرۆكی عەشیرەتی حەسەنانلی و ئیبراهیم ئاغای سەرۆكی عەشیرەتی حەیدەران و مستەفا بەگی میری . ڕەزوان ئاغا یەكێك بوو لە پشتیووانە گەورەكانی مەحموود خان لە باكوور و پێشتر لە مەلازگرد هەڵهاتبوو پەنای بۆ خان بردبوو. ڕەزوان ئاغا لە كاتێكدا خەریك بوو داخوازەكانی فەریق ئەحمەد پاشا ڕەت بكاتەوە، ڕاوێژی بە ئاغاكانی عەشیرەتی شكاك كرد. ئاغاكانی شكاك لەبەر ئەوەی هاوبیری عەبداڵ خان بوون، ئەگەری ئەوە هەیە باندۆریان بەسەر بڕیاری ڕەزوان ئاغاوە هەبووبێت،

بۆیـه لـه ئاكامـدا نـاوبراو و عـەباس ئاغـای ئـامۆزای بـه ٢٠٠ ئەسپـسوارەوە دەستەودامێنی فەریق ئەحمەد پاشا بوون. سـەنگەر گۆڕینی ڕەزوان ئاغا و ئەوان كاتێك ڕووی دا مەحموود خان بەرەو جزیره بـه ڕێگـاوه بـوو. هاوكـات مـستەفا ئاغـای بـرازای ئیـبراهیم ئاغـای سـەرۆكی عەشـیرەتی حەیـدەران و مستەفا بەگ ئەحمەد پاشازادەی گوێڕایەڵیی خۆیان بۆ دەوڵەت بـەیان كـرد. ئیبراهیم ئاغای سەرۆكی عەشیرەتی حەیدەرانیش كەوتە ڕێ بۆ كن براكەی لە ئێران، بەڵام لە كاتی تێپەڕین بە سەنجەقی بایەزیددا ڕاگیرا و بەر لـەوەی بـۆ ئێران بگەڕێتەوە، خرایە ژێر باری گوێڕایەڵی.

## شەڕەكانی بامەرد و قەسری گەلی

وەك پێشتریش باسمان كرد، لە كاتێكدا خـەریك بـوو شـەڕی باشـوور بـە كردەوە دەستی پێ دەكرد، مەحموود خان سەرەڕای بەرپێكەوتنی سـوپاكانی بـاكوور لـە ئـەرزەڕۆم و مووشـەوە بـەرەو لای وان و سـەرباری ناپـاكیكردنی عەبدالّ خانی برای، بەرەو جزیره بەڕێ كەوتبوو بۆ بەهاناوەچوونی بەدرخان بەگ و ناوچەكانی باكووری بە عەبدولڕەزاقی بـرای و عەبدولعـەزیزی كـوڕی و فـازل بـەگی وانـی سپاردبوو. مـەحموود خـان بـەو هێـزی پـشتگیرییەوە كـە لەلایـەن بـەدرخان بەگـەوە پێـی گەیـشتبوو، ڕۆژی هـەینی، ڕێككـەوتی ١٨٤٧/٦/١١ لە شوێنێك كە بە "بامـەرد"[٤٠٥] نـاو دەبـرا، هێرشـی كـردە سـەر سوپای عوسمانی بە فەرمانـدەیی سـەرگەورەی دەرگـاوانی دەرگـاهی عـالی ئیـسماعیل بـەگ شـێخزادە محەمـەد بـەیئۆغلۆ. زۆربـەی سـەربازەكانی ئـەو سوپایەی عوسمانی بە پارە بەكرێ گیرابوون و لە دیاربەكرەوە هێنـدرابوون. زەینەلّ بەگی برازای ئیسماعیل پاشای ئامێدی كـە لەگـەلّ مـەحموود خانـدا بوو، لەو شەڕەدا گیانی لـە دەسـت دا.[٤٠٦] بـەپێی ڕاپۆرتـەكان، ١٨ سـەربازی مەحموود خان لەلایەن عوسمانییەكانەوە بە دیل گـیران، نزیكـەی ٦٠یـان لـە ئاودا خنكان و زیاد لە ١٠٠ كەسیشیان كوژران. هەر لەو شەڕەدا ١٨ سەربازی عوسمانیش كوژران.[٤٠٧] سـەربازە كوردەكـان لـە كاتێكـدا بـە ژمارەیـەكی زۆر

بەسەر پردی سەر ڕووباردا دەپەڕینەوە، کەوتنە بەر ئاگری تۆپی سوپای عوسمانی و ئەو زیانانەیان لێ کەوت. هێزەکانی کورد بە ڕابەرایەتیی مەحموود خان لە بەرانبەر سوپای عوسمانی خۆیان پێ ڕانەگیرا و لە ئاکامدا ناچاری کشانەوە بوون.[٤٠٨]

لە ناوچەی جزیرەش شەڕ و پێکادانەکانی عوسمانی و کورد بەردەوام بوو. هێزێکی سەر بە بەدرخان کە لە نزیکەی چوار هەزار کەس پێك دەهات و لە ژێر فەرماندەییی تەلی بەگدا بوو، سەعات دەوروبەری چواری دەمەوبەیانی ١٨٤٧/٦/١٣ لە ناوچەی بەناو کەلێ زەیتون "زەیتنلك بۆغازی"ی هەڵکەوتوو لە لای ڕاستی قەڵای قەسری گەلی[٤٠٩] لەناکاو هەڵی کوتایە سەر سوپای عوسمانی. ئەو سوپایە لە ئالایەکی سوپای عەرەبستان و دوو تابووری سوپای دەرسەعادەت پێکهاتبوو و لە ژێر فەرماندەییی فەریق عومەر پاشادا بوو. هێزەکانی سوپای عوسمانی لە بەرانبەر هێرشی کتوپڕی هێزەکانی کورددا کەوتنە بەرگریکردن و تۆپخانەی عوسمانی زیانێکی زۆری بە کوردەکان گەیاند. تەلی بەگ بەمەبەستی لە کارخستنی تۆپەکان هێرشی بردە سەر یەکینەی تۆپخانە، بەڵام بە شمشێری بینباشیی تابووری دووەمی سوپای عەرەبستان کوژرا. پاش کوژرانی تەلی بەگ، هێزەکانی کورد بە هۆی تۆپخانەی سوپای عوسمانییەوە زیانی زۆریان لێ کەوت، بۆیە بڵاوەیان کرد و کشانەوە. سوپای عوسمانی لەو هێرشەدا یوزباشییەك و ١٨ سەربازی خەڵکی ئەو دەڤەرەی لە دەست دا.[٤١٠] لە دوای ئەو ڕووداوە بەدرخان بەگ لە دەرگولەوە بۆ قەڵای ئۆراك (ئەروەخ) کشایەوە.[٤١١]

### قەڵای ئۆراك (ئەروەخ) و خۆبەدەستەوەدانی بەدرخان بەگ

بەدرخان بەگ لە جزیرە بەزێندرا، لەوێوە چووە دەرگول، لەوێش خۆی پێ ڕانەگیرا و بۆ قەڵای ئۆراك هەڵهات کە خۆی بە "جای سەلامەت"[٤١٢] ناوی دەبرد و وەك شوێنێکی دەست پێڕانەگەیشتوو شانازی پێوە دەکرد. ئەو قەڵایەی کە بەدرخان بەگ لە سوپای ئەنادۆڵ هەڵهات و پەنای بۆ برد و دواتر

تیایدا خۆی بەدەستەوە دا، لە نووسراوەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا بە "قەڵای ئۆراك" ناو دەبرێت. ئەو قەولا بەناوبانگە بە کوردی ناوی قەڵای ئەروەخە و زۆرێك لە مێژووناسان ناو و شوێنی ئەویان بە هەڵە گەیاندووە.[٤١٣] قەڵای ئەروەخ[٤١٤] دەکەوێتە نێوان چاتاك[٤١٥] و پەرواری[٤١٦] لە باکووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی بۆتان و دامێنی باکووری چیای کۆرقەندیلی[٤١٧] هەڵکەوتوو لە شوێنی یەکخەری خاکی هەرێمی بۆتان. چیای کۆرقەندیل بە شێوەیەکی گشتی چیایەکی بەردینە و لای باشووری قەڵاکەوە چیای هەرکۆلی (هەرەکول) پشت تەختاییی "بەستان" و لای باکوورەوە چیای ئارنۆسی[٤١٨] باشووری مویکویس و لای ڕۆژهەڵاتیشەوە چیایەکانی دەڤەری هەکاری دەبینرێن. هەروەها پاشماوەی قەڵای دێرینی ئەرمیشات-یش[٤١٩] دەکەوێتە خاڵی کۆتاییی دۆڵی چاتاك لە باکووری چیای کۆرقەندیل.

ئاوی "ماسیرۆ"[٤٢٠] لە باشووری ڕۆژهەڵات و ئاوی "چەمێ کارێ"[٤٢١] لە باشووری ڕۆژئاوای چیای سەخت و بەردنی کۆرقەندیلەوە دەڕژێن، لە دامێنی باکووری چیایەکە تێکەڵ دەبن، ئاوەکە هەڵدێرێکی قووڵ پێکدەهێنێت، دوای چەند میلێك دەگاتە ئاوی چاتاك لە باکوور و دیسانەوە ڕوو لە باشوور دەکاتەوە. قەڵای ئەروەخ لەسەر ڕووبەرێکی لێژی سێگۆشەییی باکووری ئەو هەڵدێرەی کە ڕووبارۆکەکان دروستیان کردووە، بنیات نراوە. شوێنی قەڵاکە ٨٠-١٠٠ مەتر لە ڕووی ڕووبارەکەوە بەرزە. گوندێك بەهەمان ناوەوە لەبەری ڕۆژئاوای قەڵاکەیە و ئێستاش شوێنی نیشتەجێبوون و ژیانە.[٤٢٢] لای باشووری ئەو هەڵدێرەی قەڵاکە لە نزیکی بنیات نراوە، گردی "خلۆر" هەیە کە بە مەیلێکی کەم ڕووە و باکوور بەرز دەبێتەوە. بەرزایی لووتکەی گردەکە و قەڵای ئەروەخی ئەوبەری ڕووبارەکە لە نزیکی هەمان ئاستدان. مرۆڤ تەنیا بە توولەڕێیەکی زۆر تیژدا لە دیوی چیای کۆرقەندیلەوە دەگەیشتە قەڵای ئەروەخ، بۆیە زەوتکردنی مەحاڵ بوو. بەڵام ئەوەی بەدرخان بەگ حسابی بۆ نەکردبوو، ئەوە بوو سوپای عوسمانی تۆپی قورسی تا ئەروەخ هێنا و لەسەر گردی "خلۆر" دایمەزراند.

فەریق ئەحمەد پاشا کە لە باکوور سەرقاڵی مەحموود خان بوو، لە ڕاپۆرتێکدا سەبارەت بەو بابەتە بە دەرسەعادەتی ڕاگەیاندووە قەڵای ئۆراك کە بەدرخان بەگ بە "جای سەلامەت"ی دادەنا، سوپا لە دەرگولەوە پێشڕەوی بۆ کردووە، ئابلۆقەی داوە و بە تۆپی گەورەی "بالیەمەز" کە ڕۆژی ١٨٤٧/٦/٢٩ (١٢٦٣/B/١٦) لە موسڵەوە گەیشت، تۆپباران کراوە.[٤٢٣] ئەحمەد پاشا دەنووسێت سەبارەت بە بەدرخان بەگ هێشتا ئەنجامی پێ نەگەیشتووە و بە دەرسەعادەت دەڵێت بە پشتبەستن بەو زانیارییانەی لە "عەبدال بەگ"ی وەرگرتووە، مەحموود خان لەو دۆخەدا تاك و تەنیا ماوەتەوە و بەو نزیکانە خۆی ڕادەست دەکات.[٤٢٤] لەبەر ئەوەی قەڵای ئۆراك کەوتە بەر ئاگری تۆپخانەی سوپای عوسمانی، زانراوە بەدرخان بەگ ڕۆژی ١٨٤٧/٦/٢٩ یان ڕۆژی دواتر خۆی ڕادەستی سوپای عوسمانی کردووە.

ئاگاه ئەفەندیی دەفتەرداری سوپای ئەنادۆڵ لە ڕاپۆرتی ١٢٦٣/R/٢٢ (١٨٤٧/٧/٥)دا دەنووسێت هەواڵی پێ گەیشتووە بەدرخان بەگ لەگەڵ خێزان و کەسوکاریدا لە قەڵای ئەروەخ خۆی بەدەستەوە داوە و تا بە ئەنجامگەیاندنی ئامادەکارییەکانی ناردنی بۆ ئیستانبوڵ، لە "زمییە"یەك[٤٢٥] ڕاگیراوە.[٤٢٦]

### خۆبەدەستەوەدانی مەحموود خان

دوای جێگیرکردنی سوپاکانی عوسمانی لە دەڤەری مووش و سەپاندنی دەسەڵاتیان، پشتیووانە گەورەکانی مەحموود خان لە ژێر کاریگەریی عەبدال خاندا سەنگەریان گۆڕی و مەحموود خانیان لە ڕەوشێکی دژواردا بەجێ هێشت. دەستگرتنی عوسمانییەکان بەسەر بۆتاندا و ناپاکیی عەبدال خان، نوورڵڵا بەگی میری هەکاری، فازل بەگی وانی و ئەوانی تر مەحموود خانی خزاندە باشووری دەریاچەی وانەوە. لە ڕاپۆرتی ئەحمەد پاشادا سەبارەت بەو بابەتە هاتووە کە مەحموود خان پاش بەزینەکەی بۆتان ڕووی لە باکوور کردووە، لە هەوڵدایە بۆ درێژەپێدانی بەرخودان و دەستی کردووە بە

قایمکردنی قەڵاکانی کاڤاش[٤٢٧]، پاخوانیس[٤٢٨]، قارچکان و ئەجناس[٤٢٩] کە هێشتا لە ژێر دەستی خۆیدان. فەریق پاشا دەنووسێت نابژیوان و نامەی جۆراوجۆری ناردووە بۆ مەحموود خانی مکوڕ لەسەر درێژەپێدانی بەرخودان و داوای لێ کردووە خۆی ڕادەست بکات.[٤٣٠] مەحموود خان پاش ئەو ناپاکییانەی لێی کرا و لە ئەنجامی تێکشکانەکانی لە بەرانبەر سوپای عوسمانیی خاوەن چەکی قورس و دواتر قەتیسمانی خۆی و پاشماوەی هێزەکانی لە باشووری دەریاچەی وان و پاش بیستنی هەواڵی خۆبەدەستەوەدانی بەدرخان بەگ لە قەڵای ئەروەخ، خۆی و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، ڕۆژی ١٨٤٧/٧/٤ لە تەتوان[٤٣١] خۆیان ڕادەستی عوسمانییەکان کرد.[٤٣٢] فەریق ئەحمەد پاشا لە ڕاپۆرتێکی تایبەت بەو بابەتەدا خۆبەدەستەوەدانی مەحموود خان بەم جۆرە بە پاشای فەرماندەی سوپا[٤٣٣] دەگەیەنێت؛

"پاش ئەوەی چارەنووسی بەدرخان بەگی ناپاك بە پەشیمانی کۆتایی هات، مەحموود خانی هاوبەشیشی هات و دەستەودامێن بوو."[٤٣٤]

فەریق ئەحمەد پاشا لە دوای ئەو پێشهاتانە لە نامەی ١٨٤٧/٧/٤دا بەم جۆرەی لای خوارەوە ڕوونی دەکاتەوە مەحموود خان بەچ جۆرێك وەڵامی ئەو بانگەوازەی داوەتەوە و لەگەڵ کێدا و چۆن خۆی بەدەستەوە داوە؛[٤٣٥]

"خەڵکی وان و لایەنگرانی مەحموود خان لەگەڵ ''ئیسترحامی ئەمنییەت'' و فازل بەگ تەیموور پاشازادەی سەر بە خانەدانەکانی وان و مەحموود خان بەجیا پیاویان بە نامەوە نارد و داوایان کرد کەسێکی سەنگین بنێردرێت بۆ لایان. بەندەی خۆتان بینباشی ئیسماعیل بەگێ بۆ لای مەحموود خان ڕەوانە کرا. لە ئاکامدا مەحموود خان، دەروێش بەگی برای، خالید بەگی میری کیسان، سەلیم بەگ و فەتاح بەگی سەر بە میرەکانی هەکاری[٤٣٦]، موفتیی پێشوو و نایب ئەفەندیی سەر بە کەسایەتییە لە پێشەکانی وان، عەبدوڵا ئاغا شاترزادەی سەر بە خانەدانەکان، نوعمان ئاغای جاموشچووزادە، ڕۆستەم ئاغا و حەسەن ئاغای بازرگان و دوو پیاوماقوڵ و

زمییەی ''ئایا میللەت'' بە ناوەکانی مگردیچ و مارینك پێکەوە لەگەڵ مەحموود خانی ناوبراودا هاتنە عەسکەری شاهانە و ئەمڕۆ بە تکای لێبووردن و بەزەیی و بە پەشیمانییەوە هاتنە کن بەندەی خۆتان.

وەك ئەوەی پێشتر بۆ فازل بەگ نووسرابوو، لە وانەوە چەند بەلەمێك نێردراوە. بەندەی خۆتان سەربازی پیادە و تۆپەکانی شاخ لەگەڵ خۆیدا دەبات و لە کاڤاشی شوێنی نیشتەجێبوونی مەحموود خانەوە بەرەو وان بەڕێ دەکەوم. میرلیوا سەلیم پاشاش بە سەربازی سوارە، تۆپچی، تابوورێك پیادە، زۆربەی کەرەستە سەربازییەکان و تۆپە گەورەکانەوە لە قەزای ئەرجیشەوە[٤٣٧] بە دەریادا ڕوو لە وان دەکات و دوو ڕۆژ دوای ئەم مێژووە بەڕێ دەکەوێت. هەندێك لە کەرەستە سەربازییەکان و بەشێکی زۆری شتومەکەکانی تر بە بەلەم بە دەریادا بەڕێ دەکرێت. لە سایەی ''ملوکانە و ئاسیفانە''دا سێ پێنج ڕۆژ پاش بەڕێکەوتنمان عەسکەری شاهانە دەچێتە قەڵای وانەوە."

وەك دەبیندرێت، دووان لەوانەی لەگەڵ مەحموود خاندا خۆیان بەدەستەوە داوە، لە پیاوماقوڵانی ئەرمەنین. فەریق ئەحمەد پاشا ڕووی لە کاڤاش کرد و "قەڵای پاخواس"ی شوێنی نیشتەجێبوونی مەحموود خانی بە تۆپ وێران کرد. هەروەها ئەگەرچی لەو بەڵگەنامەیەدا ئاماژەی بۆ نەکراوە، قەڵاکانی کیسان و سپایەرتیش لەو سەردەمەدا وێران کراون. مەحموود خان و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، دوای خۆبەدەستەوەدان برانە وان. دەروێش بەگی برا بچووکی مەحموود خان لەو سەروبەندەدا ڕێگایەکی دۆزییەوە و توانی هەڵبێت. دواتر چووە نەهری و پەنای بۆ شێخ تەها برد و بە ناوبژیی شێخ لە دوورخستنەوە ڕزگاری بوو.[٤٣٨]

هەرچەندە لە ڕاپۆرتەکاندا ئاماژەی بۆ نەکراوە، بەڵام بنەماڵەی تەیمووریاشازادە (تەیمووریۆغلو) کە فازل بەگیش یەکێك بوو لەوان، ڕۆڵێکی چالاکیان هەبوو لە گفتوگۆکانی خۆبەدەستەوەدانی مەحموود خاندا و سەرەڕای ئەوەی بەڵێنی پاراستنی گیان و سامان بە مەحموود خان درا،

بەڵام ئەو بەڵێنە نەبرایە سەر و خان لە وان ئەشکەنجە درا. وەك ئـەوەی لـە وتەکانی مەحموود خان لە بەشەکانی داهاتوودا ئاشکرا دەبێت، بـە درێـژاییی ڕێگا و ماوەی مانەوە لە گرتووخانە "زەبتییە"ی ئیستانبوڵ کۆت و زنجیر بە تۆپە ئاسنی قورسەوە خراوەتە پێی مەحموود خان و کەسوکاری.

**ڕاستییەکانی پشتەوەی بەزین و ناپاکییەکان**

ئەگـەر سـەرنجی جوگرافیـای ئـەو سـەردەمەی کوردسـتان بـدرێت، دەبیندرێت بایەزید، وان، مەحموودی (خۆشاب)، هـەکاری، بۆتـان، بادینـان، سۆران و بابان لە باکوورەوە بۆ باشوور هێڵێکی شاقوڵی لەسەر سنووری عوسمانی و ئێران پێك دەهێنن. ئـەو هەرێمـە هـەرە سـەخت و دەسـت پێڕانەگەیشتووانەی سـەر تـەوەری بـاکوور–باشووری کوردسـتان لەگـەڵ گۆڕینی سیاسیەتی دەوڵەتی عوسمانیدا بەرانبەر بە هەرێمەکە بە تێپەڕبوونی کات، بوو بە مەیدانی بەرخودانی کوردیی کاریگـەر. دەوڵـەتی عوسمـانی لـە سـەردەمی یـاوز سـوڵتان سـەلیمدا هـەوڵی دا بـەرەو ڕۆژهـەڵات بکشێت و گرنگترین پایەی ئەو هەوڵانەش ڕێککەوتن لەگەڵ کوردەکاندا بوو. بـەڵام ئـەو ڕەوشە لە کۆتاییی سەدەی هەژدەیەمدا گۆڕانی بەسەردا هات و لە سەردەمی نوێدا بەرخودان و شەڕ جێگـای "ڕێککـەوتن"ی گرتـەوە. یـەکێك لـە هۆکـارە بنەڕەتییەکانی چڕبوونەوەی بەرخودانـەکان لـەو هەرێمـە هـەبوونی دەوڵـەتی ئێرانی دراوسێی دەوڵەتی عوسمانی بوو. لەو سەردەمەدا کارتی ئێران بووبوو بە کاریگەرترین کارت بە دەست کوردە بەرخۆدەرەکانەوە.

هـەروەها نـەگونجانی پەیماننامـەی قەسـری شـیرین وەك سـەرەکیترین پەیماننامـەی سـنووری نێـوان ئێـران و عوسمـانی لەگـەڵ پێکهاتـەی کۆمەڵایەتیدا، کاریگەری بەسەر ڕوودانی بەرخودانەکانەوە هەبوو، چـونکە لـە هەردوو دیوی سنوور کوردی سونە (شـافیعی) دەژیـان و لـە هـەمان کاتـدا زۆرینـەی ئەوانـە خـزم بـوون و ئـەم ڕەوشـەش پەیوەنـدیی کۆمەڵایـەتی

دەسەپاند و ئەمەش لە سەرووی پەیوەندیی نێوان دەوڵەتانەوە بوو. بۆ نموونە، پێوەندارانی عەشیرەتەکانی وەك شکاك، حەیدران و جەلالی هەمان کات لە خاکی عوسمانی و ئێرانیش دەژیان. هەروەها لەبەر ئەوەی پێکهاتەی ئابووری بەزۆری پشتی بە کۆچبەری و ئاژەڵداری دەبەست، عەشیرەتە کوردەکان نەیاندەتوانی دەستبەرداری سنوورە سرووشتییەکانی کۆمەڵایەتی و جوگرافی ببن. ئەم کاریگەرییە دووسەرە کارێکی وای دەکرد کوردەکان ببن بە هۆی سەرهەڵدانی کێشە لە نێوان دەوڵەتانی ئێران و عوسمانیدا. دەوڵەتی ئێران لە سۆنگەی سیاسەتی دوژمنکارانەیەوە بەرانبەر بە دەوڵەتی عوسمانی، ئەگەر بە ئاشکراش نەبووبێت، بە نهێنی پشتیووانی لە بەرخۆدەرانی کورد دەکرد و هەوڵ دەدرا لە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتاندا سوود لەو ڕەوشە وەربگیرێت.

لەو قۆناغەدا کە لە دوای ڕووداوەکەی میسر و ڕاگەیاندنی تەنزیماتی دەرهاویشتەی ڕووداوی میسردا هاتە ئاراوە، ئینگلیز، فەرەنسی، ڕووس و تەنانەت بە تێپەڕبوونی کات ئەمریکاییەکانیش لە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانیدا لەمەڕ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بوون بە خاوەن قسە و بڕیار. لەبەر ئەوە بەرخودانەکانی کورد کەوتنە قالبێکی نێودەوڵەتییەوە و بەتەنیا کۆشك و سەراکانی ئێران و عوسمانی جێی تاوتوێکردنیان نەبوون. داخوازی دەوڵەتی عوسمانی بۆ پاراستنی هاوولاتیانی کرستیانی، ئەورووپا و ڕووسیای لە مەسەلەکانی کوردستاندا کرد بە خاوەن قسە و لایەنی دەست تێوەردەر. هەروەها لە ئەنجامی شەڕەکانی نێوان لایەنی ڕووسی و ئێراندا، ڕووسیا بوو بە خاوەنی دەسەلاتێکی زۆر بەسەر حکوومەتی ئێرانەوە. بە هۆی پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ئێران و بەپێی پەیماننامەکانی نێوان هەرسێ دەوڵەت، لایەنی ئێران لە بەرخودانی ساڵی ١٨٤٧دا "یارمەتی کوردی نەدا- نەیتوانی یارمەتی کورد بدات" و بەم جۆرە کوردەکان لە کارتی باو و لە مێژینەی ئێران بێبەش بوون. میرە کوردەکانیش دژوارییان دەچێشت لە حالیبوون لە دەسەلاتی ئینگلیز و فەرەنسییەکان بەسەر دەوڵەتی

عوسمانییەوە کە لە دوای فەرمانی تەنزیمات ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەی دەسەند و بەو جۆرە میرانی کورد بە "دۆڕانەوە" بە ڕووی نوێی جیهانی گۆڕاو ئاشنا بوون. وەك ئەوەی لە مەسەلەی نەستوورییەکاندا ڕووی دا، گوشار و پەلامارەکانی کورد بۆ سەر هاوولاتیانی ناموسلمانی ناو دەوڵەتی عوسمانی میرەکانی کوردی کرد بە ئامانجی ئەورووپا و ئەم ڕەوشە بوو بە کالآیەکی گرانبەها بۆ دەوڵەتانی ئەورووپا کە لە هەولی گەشەپێدانی دەسەلات و کاریگەرییەکاندا بوون لە هەرێمەکە. هەروەها چەوساندنەوەی ناموسلمانان لەسەر دەستی کورد، لە ڕای گشتیی ئەورووپادا ڕەوایی بەهەر جۆرە هێرش و پەلامارێك بەخشی کە دەوڵەتی عوسمانی بۆ سەر "کوردەکانی دوژمنی کرستیانەکان" ئەنجامی دەدا. بەو جۆرە بزووتنەوەی کورد کە ڕێبازێکی پێچەوانەی ڕەوتی جیهانی گرتبووەبەر، بە دۆڕان کۆتایی پێ هات.

دەتوانین ئەمەش بلێین؛ هێرش و پەلاماری وێرانکارانەی بەدرخان بەگی جزیرەیی بۆ سەر نەستوورییەکان بە شێوەیەکی زۆر نەرێنی کاری لە هەلوێستی ئەرمەنییەکانی، گەورەترین گەلی ناموسلمانی هەرێمەکە لە بەرانبەر کورد دانا و بوو بە یەکەم تۆوی ئەو ساردی و دابڕانەی کە سالآنی دواتر لە نێوان هەردوو گەلدا هاتە ئاراوە. فاکتەری ئاین لە کوردستان بوو بە هۆکاری شەڕی ناوخۆیی توندی تا ڕادەی کۆمەلکوژی و ئەمەش زیانی بە متمانەی ئەرمەنییەکان بە کورد گەیاند و بە تێپەڕبوونی کات ڕایەلەکانی پەیوەندیی نێوان هەردوو گەلی شل کردەوە.

یەکێك لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی تری دۆڕانی یاخیبووانی کورد لە شەڕی دژ بە دەوڵەتی عوسمانیدا بێبەشبوونیان بوو لە کەرەستەی پێویستی سەربازی بۆ بەرەنگاربوونەوەی سوپاکانی عوسمانی. چوونە مەیدانی شەڕ بە چەکی سووك و کەرەستەی باوبەسەرچوو و کۆنەوە لە بەرانبەر سوپایەکی لەلایەن ئەورووپای نوێوە پشتیووانی لێکراو یەکێك لە خالە هەرە بەزیانەکانی میرەکانی کورد بوو لە مەیدانەکانی شەڕدا. دەشێت بگوترێت تۆپی چیایی

قورسی عوسمانی بە شێوەیەکی تایبەت کاریگەرییەکی بەهەندی هەبوو لە دەستنیشانکردنی ئەنجامی شەڕەکاندا. ئەو کوردانەی سەنگەریان گۆڕیبوو و دەستەودامێنی سوپای عوسمانی بوون، بە هۆی ئەوەی بەباشی شارەزای ناوچەکان بوون، کارێکی وایان کرد سوپای عوسمانی تۆپەکانی خۆی بگەیەنێتە دوورترین شوێنی وەك قەلای (ئەروەخ). بەو جۆرە میرە کوردەکان بژاردەی خاکی شاخاوییان لە دەست دا و قەلا کۆنەکانیش کە سیمبولی دەسەلاتداری بوون، بوون بە ئامانجی تۆپەکان و وێران کران و لەناو بردران.

هۆکارێکی تری بنەڕەتیی دۆڕانەکانی بەدرخان بەگ و مەحموود خان وەك پێشتریش بە دوور و درێژی باسمان کرد، بێ هیچ گومانێك ئەو ناپاکییانە بوو کە بەرانبەریان کران. سەنگەر گۆڕینی ئێزدین شێر بەگ و نوورللا بەگ لە بەرەی بەدرخان بەگ و سەنگەر گۆڕینی عەبدالّ خانی برا لە بەرەی مەحموود خان زەبرێکی گورچکبڕی لە میرەکانی کورد وەشاند. بەتایبەتیش ئەو هەلوێستەی عەبدالّ خان و ئێزدین شێر بەگ گرتیانەبەر، بوو بە هۆی ناپاکیکردنی زۆر کەسی تر. یەکێك لەو هۆیانەی کە بوو بە هۆی پەنابردن بۆ ناپاکی لە بەرخودانی کورداندا، پشتیووانی نەکردنی لایەنی ئێرانی بوو لە بەرخودانی کوردی. بەدرخان بەگ سەرەڕای هەولّی دیپلۆماسیی چڕ نەیتوانی کارتی ئێران لە دژی دەولّەتی عوسمانی بەکار بهێنێت و نەبوونی توانای بەرەنگاربوونەوەی سوپای عوسمانیی بالادەست لە رووی تەکنەلۆجییەوە، بوو بە هۆی تێکشکانی لایەنی کوردی لە رووی دەروونییەوە. هەلوێستی ئێران هۆکاری سەرەکیی کشانەوەی نوورللا بەگ و پەنابردنی بوو بۆ سوپای ئەنادۆلّ. خزمایەتیی نوورللا بەگ لەگەلّ شای ئێران و یەحیا خاندا ڕۆلّێکی کاریگەری هەبوو لە گرتنەبەری ئەو هەلوێستەیدا.

خالّێکی تری مایەی سەرنج کە لەم بابەتەدا بەرچاومان دەکەوێت، زۆربەی ئەو میرە کوردانەی کە ناپاکییان لە بەدرخان بەگ و مەحموود خان کرد، لە ڕێی ژن و ژنخوازییەوە خزمی یەکدی بوون: نوورللا بەگ و شای

ئێران زاوای یەحیا خانی فەرمانڕەوای ئورومییە بوون و بەو جۆرە ڕایەڵەی خزمایەتی لە نێوان شا و یەحیا خان و نوورڵڵا بەگدا هاتووەتە ئاراوە. یەکێك لە هاوسەرەکانی تری نوورڵڵا بەگی میری هەکاری کچی تەیموور پاشای قایمقامی پێشووتری وان بوو کە ئەگەری ئەوە هەیە خوشکی فازل بەگ تەیموورزادە بووبێت. ئێزدین شێر بەگی ئەنجامدەری ناپاکیش لە دژی بەدرخان بەگ زاوای نوورڵڵا بەگ بوو. بەم جۆرە دەبینەدرێت خزمایەتیی نێوان ئێزدین شێر بەگ و فازل بەگ تەیموورزادەی وانی کاریگەریی هەبووە لە وەرگرتنی هەڵوێستێکی هاوبەشدا. هەروەها لایەنی ئێرانی بە هۆی ئەوەی نەیتوانی لەبەر پەیمانە نێودەوڵەتییەکان پشتیووانی لە کورد بکات، ئەگەرێکی بەهێز هەیە شای ئێران و/یان یەحیا خان ئامۆژگاری نوورڵڵا بەگی میری هەکارییان کردبێت لە هاوپەیمانیی کوردی بێتە دەرێ.

# بەشی ٧

## دوورخستنەوەی میرەکان

مووشـیری سـوپای ئـەنادۆڵ عوسمـان پاشـا چـەند بەڵگەنامەیـەکی بـە مـەحموود خـان و بـەدرخان و ئەنـدامانی خێزانـەکانیان و پیاوەکانیـان و هەرکەسێك لەوانەی کە بە جۆرێك لـە جۆرەکـان لـە بەرخودانـەوە گلابـوون و خۆیان ڕادەستی سوپای ئەنادۆڵ کردبوو، بە واژۆکردن دا و لە بەڵگەنامەکاندا هـاتبوو کـە دوای خـۆ ڕادەسـتکردن زیـان بـە سـامان و سـەربەرزی و گیـانی ناوبراوان نەگەیەندراوە. یەکێك لە نووسراوەکانی عوسمان پاشـا کـە تایبەتـە بـە وەرگـرتنی بەڵگەنامـەی واژۆکـراو لـە مـەحموود خـان و پیاوەکـانی و بـۆ دەرسەعادەتی ناردووە، بەم جۆرەی خوارەوەیە؛[٤٣٩]

"ئـەو کەسـانەی لێـرە ناویـان تۆمـار کـراوە و خـزم، موتەعـەلیقات[٤٤٠]، پێوەندار و هاوکاری مەحموود خانن و خۆیان ڕادەسـتی ئـۆردووی هـەمایۆنی لای وان کـردووە، لـە سـایەی حـەزرەتی شـاهانەدا[٤٤١] و لـە ئاکـامی هـەوڵ و هیمەتـی مووشـیری ئـۆردووی هـەمایۆنی ئـەنادۆڵ حـەزرەتی دەوڵـەتلی پاشـا (عوسمان پاشا)دا لە هیچ لایەکەوە خەلەل[٤٤٢] بەسامان و گیان و سەربەرزیان نەگەیەندراوە و؛

حـەزرەتی مووشـیری موشـارون ئیلـەیهی (عوسمـان پاشـا) بـەجیا فەرمانبەری ڕاسپارد بۆ کۆکردنەوەی سامان و ئاقچەی نەقد و کەلوپەل و ئەو شتومەك و ئاژەڵانەی بۆ لای عەشیرەتەکان لە هەندێك شوێنی تر نێـردراون و لای هەندێك کەس دانراون و کەسانی ناوبراویش پیاوی باوەڕ پێکراوی خۆیان خستە پاڵ فەرمانبەرەکان و شتومەکەکان کۆ کرانەوە و ڕادەسـتی نـاوبراوان کران.

بـەپێی شـەرعی شـەریفیش بـەجیا بریکـار دەستنیـشان کـراوە بـۆ کۆکردنەوەی پاشماوەی شتومەك و ئاژەڵەکان و ... ناوبراوان ئەم بەڵگەنامـە مۆرکراوانەیان سەبارەت بە زیان نەگەیاندن بە شـتومەك و سـامان و گیانیـان

پێشکێش کردووه. تەنانەت لە هیچ لایەکەوە دەستدرێژی نەکراوەتە سەر هیچ حەلالێکی ئەوانە."

بەڵگەنامەی هەمان شێوە سەبارەت بە بەدرخان بەگ و لایەنگرانیشی ڕێك خراوە و پێیان واژۆ کراوە.

### ناردنی میرەکان بۆ دەرسەعادەت

ڕاپۆرتی مووشیری سوپای ئەنادۆڵ عوسمان پاشا لە ١٨٤٧/٨/١١ بە "بەدرخان و مەحموود خان کە بە چەتەگەری و ستەمکاریی خۆیان لە هەرێمی کوردستان (کوردستانی عوسمانی... وەرگێڕ) و ناوەندی وان و ناوچەکانی دەوروبەری بووبوون بە هۆی زیان گەیاندن بە هەژاران و چەوساندنەوەیان، بە لوتفی خوا و لە سایەی سوڵتاندا بەیەکجاری کۆتایی بە کێشەکانیان هێندرا" دەست پێ دەکات.[٤٤٣] عوسمان پاشا لە درێژەی ڕاپۆرتەکەدا هەواڵی ناردنی هەردوو میری بەرخۆدەر بۆ ئیستانبوڵ ڕادەگەیەنێت و دەنووسێت؛

"خۆیان و پەنجا شەست کەس لە موتەعەلیقات و هاوکارانیان ڕادەستی قایماقامی پێشووی دیاربەکر عیزەتلی محەمەد ڕەشید بەگ کە یەکێکە لە هەڵگرانی پلەی بەڕێوەبەری ئەستەبلی ئامیرە (ئاخووڕی تایبەت) کران و بە پارێزراوی ڕەوانەی دەرسەعادەت کران."

میرەکانی کورد مانگی ڕەمەزانیان بە ڕێگاوە بەسەر برد و لەگەڵ دوو تابووری پیادە و دوو تابووری سوارەدا بە فەرماندەیی محەمەد ڕەشید بەگ لە ڕێگای سامسۆنەوە ڕەوانەی ئیستانبوڵ کران. لە سەروبەندی شەڕەکانی کوردستان و ماوەی دواتریشدا پەتای کۆلێرا بەناو هەردوو سوپای ئەنادۆڵ و عەرەبستاندا بڵاو بووەوە و ژمارەیەکی زۆری سەرباز بەو نەخۆشییە مردن. بەپێی نووسراوی ١٨٤٦/١٢/١١ی فەرماندەیی سوپای عەرەبستان لە حەڵەب و شام نەخۆشیی کۆلێرا بڵاو بووەتەوە و ئەگەر بە دژواریش بووبێت، پێشی لێ گیراوە.[٤٤٤]

بــه گــوێرەی ڕاپۆرتــەکانی ١٨٤٧/١٠/٢٠ کــە دوای دامرکاندنــەوەی بــەرخودانی کــورد نووســراون، ســەربازەکانی لای مــووش و ئــەرزەڕۆم چادرەکانیان گواستووەتەوە بۆ شوێنی ئاو و هەوا خاوێن و هەوڵیان داوە بەو جۆرە سنوور بۆ نەخۆشیی کۆلێرا دابنێن.[٤٤٥] کۆلێرا تـەنیا لـە بـاکوور نـا، لـە باشووریش بەناو ئەو سوپایانەدا تەشەنەی کـرد کـە لـە دوای سـەرکوتکردنی بەرخودانی کوردی لە موسـڵ مـۆڵ درابـوون.[٤٤٦] ئـەوەی زانـراوە، نەخۆشـیی کـۆلێرا لـەو سـەردەمەدا زیـانی گیـانیی زۆر گـەورەی بـە سـوپای عوسمـانی گەیانـدووە. عوسمـان پاشـا لـە دوای کۆتاییهێنـان بـە کێـشەی کوردسـتان دەستی کرد بە کاروباری بەخشینی مۆڵەت و پشوو بە سـەربازەکانی سـوپای ئەنادۆڵ.[٤٤٧]

### ناوی بەڕێکراوەکان بۆ ئیستانبوڵ

ســەرجەم ١٢٥ کــەس لەگــەڵ مــەحموود خــان و بــەدرخان بەگــدا بــۆ دەرسەعادەت ڕەوانە کران. ١١ کەس لەوانە سەر بە تاقمی مەحموود خـان و ١١٤ کەسیشیان لـە دەسـتە و تـاقمی بـەدرخان بـەگ بـوون.[٤٤٨] خێزانـەکانی مەحموود خان و براکانی دواتر ڕەوانەی دەرسەعادەت کران، بۆیە ناویان لەم لیستەدا نییە. ناوی ١١ کەسەکەی سەر بە مەحموود خان لە لیـستەکەدا بـەم جۆرەیە؛

مەحموود خان، عەبدولعەزیزی کوڕی، عەبداڵ بەگی برای (عەبداڵ خان)، میر شێخۆی برای (میر شـەمدین)، عەبـدولڕەزاقی بـرای، خالیـد بـەگی مـیری کیسان، مستەفا بـەگی مـیری ، مـستەفا و ئەسـەد و محەمـەدی خزمـەتکاری مەحموود خان و  هاوولاتی ئیبراهیم.

وەك دەبیندرێت عەبداڵ خان سەرەڕای ئەوەی ناپاکیی لـە کـاکی کـرد و ڕۆڵیکی گرنگی هەبوو لە دامرکاندنەوەی بەرخودانی کـورردا، عوسمانییـەکان پابەندی ئەو بەڵێنانە نەبوون کە پێیان دابوو و لەگەڵ مەحموود خانی برایـدا دووریان خستەوە.

لیستی ناوی بەدرخان و لایەنگران و دەستوپێوەندەکانیشی کە لە هەمان ڕاپۆرتدایـە، لیـستێکی زۆر درێـژە. نـاوی ١٣ کـەس لـە ئەنـدامانی بنەماڵـەی بەدرخان لە لیستی یەکەمدا بەم جۆرەیە؛

بەدرخان بەگ، تێلی بەگی کوڕی، نەجیب بـەگی کـوڕی، مـستەفا بـەگی کوڕی، بەدر بەگی کوڕی، بەدرەدین بەگی کوڕی، ساڵح بـەگی بـرای، ئەسـەد بەگی بـرای، ئیـبراهیم بـەگی بـرازای، عەبدولکـەریم بـەگی بـرای و عەبـدوڵای مامی. هەروەها ناوی ٤ ژن و ١٠ کچ و ٩ کەنیزەك و ١٠ خزمەتکاری بـەدرخان بەگ، ٣ ژنی ساڵح بەگی برای و ژنی ٤ کۆیلەی ئەوان و کچێکیان لە لیستێکی تردا تۆمار کراون.

ناوی ١١ کەس لەوانەی کە لـە لیـستێکدا وەك یاریـدەری بـەدرخان بـەگ تۆمار کراون، بەم جۆرەیە؛ موفتی عەبدولقودسی ئەفەندی، ئەفەنـدی ئاغـای خەزێنەدار، شێخ عەزرای، شێخ عەبدولغەنی و عەبدولخالقی کوڕی، عوسمـان ئەفەندیی نووسیار و عیزەتی کوڕی، ''زابیت''ی جزیرە تاهیر و عەلی ئاغای برای، زابیتی پێشووتری میدیات حاجی ئاغـا و تەتـەر (هەواڵگەیەنـەر) عـەلی ئاغا. لە دوایـین لیستیـشدا نـاوی ٤٩ کـەس وەك پێوەنـداری بـەدرخان بـەگ تۆمار کراوە.

### وتەکانی بەدرخان بەگ و مەحموود خان لە ''زەبتیە''دا

مـیرە بـەرخۆدەرەکانی کـورد مـەحموود خـان و بـەدرخان بـەگ لـە ئیستانبوڵ لە باڵەخانەی زەبتیە (گرتووخانـە)ی ئـەو سـەردەمە ڕاگـیران. لـە ڕۆژی چـواردەیەمدا دەسـت کـرا بـە وەرگـرتنی وتـەکانی بـەدرخان بـەگ و مەحموود خان و کەسە ناودار و لە پێشەکانی تر و هـەموو وتـەکان کـران بـە ڕاپۆرت.[٤٤٩] میرەکانی کورد لە وتەکانیاندا تکای زۆریان لە سوڵتان کـردووە و بۆ لێبووردن پاڕاونەتەوە. میرەکانی کورد هەرچـەندە بەرخودانیـشیان بـەرپا کردبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لە سیستەمی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی عوسمانیدا هـاووڵاتی هـەمان کـات بەنـدەی سـوڵتانیش بـوو، بـە شـێوەیەکی گـشتی لـە

وتەکانیانــدا ستایــشی ســولّتانیان کــردووە و گــەورەیان کردووەتــەوە و پەشیمانییان دەربڕیوە. بەڵام دەبیندرێت لەگەڵ ئەوەشدا تا ڕادەیەك تـاوانی هەڵگێرسانی بەرخودانەکانیانیان خستووەتە ئەستۆی پاشاکانی عوسمانی لە هەرێمەکـە. وتـەکانی بـەدرخان بـەگی جزیـری لـە زەبتیـە بـەم جـۆرە تۆمـار کراوە؛

"لـە سـایەی سـولّتانەوە لـە هـەموو لایەنێکـەوە ئاسـوودەم. خـواردن و خواردنەوەم تەواوە و بەهیچ شێوەیەك نائاسوودە نـیم. چـواردە ڕۆژ دەبێـت هاتووین و لەسەر فەرمانی سولّتان لە دەرگای ئەم ژووره نەچـوومەتە دەرێ. من سێ پێنج ساڵە تەنزیماتم بیستوە. نەمدەزانی وایە. ئەگەر بمزانیبا، پێـنج ســاڵ لەمەوبــەر دەهــاتم بــۆ دەرســەعادەت. هــەر مرۆڤێــك نەیــەت بــۆ دەرسەعادەت، لە ڕەگەزی مرۆڤ نییە. من بایەخ پێدان و خێری سـولّتانم دی. حــافز پاشــا پلــەی میرئــالای بــۆ مــن وەرگــرت. لەبــەر ئــەوەی لــە نــاو عەشــیرەتەکاندا ســەربەرز و دیــار بــووم، تەعــەلوقاتی خــۆم و بــەگی عەشیرەتەکانی تر منیان پێ پەسەند نەکرا. ویلایەتی ئێمە دەکەوێتـە نێـوان سێ مووشیرەوە. هەر کامیـان تووشـی تەنگانـە و گرفـت دەبـوو، مـنی بـانگ دەکـرد. محەمـەد پاشـای ئینجـە بایراقـدارئۆغلۆ داوای دووهـەزار توورەکـە ئاقچەی لێم کرد. منیش گوتم بۆچـی بیـدەم و هۆکـار چـییە؟ ئـەو هـەر پێـی داگرت و گوتی ''دەبێت بیدەیت!''، منیش لە وەڵامدا گوتم ''نایدەم!''.

زیاد لە دە مووشیر هاتن و من هـەر نەچـووم. ئـەمجار عوسمـان پاشـاش داوای کرد. لەبەر ئەوەی نەچووم، بە هاندانی کەسانی دەوروبەری ئـەم کـارە خراپــە قــەوما و مــن پێویــستم بــە لێبــووردنی ســولّتانانە هەیــە و لەبــەری دەپارێمەوە.

نەمــدەزانی ئیــستانبوڵ بــەم جۆرەیــە، ئێــستا زانــیم. بــە خێــزان و کوڕەکانمەوە هاتم بۆ سێبەری سایەی شاهانە و پەنام هێنا. ئـەمر و فـەرمان بەدەست خۆیەتی. مـن کۆیلـەی سـولّتانم و ڕازی نـابم ئـازادم بکـات، خێـزانم کەنیزەکی سولّتانە و کوڕەکانیشم کۆیلەزادەی وین و ئەگەر ئـارەزوو دەکـات

با هەموومان فڕێ بداتە دەریاوە، یان ئەگەر ئارەزوو دەکات لە ڕووی میهرەبانییەوە لێبووردن بفەرمووێت. هەرچییەك بۆ شەئنی شاهانە گونجاوە، با بفەرمووێت وا بکرێت. بەگشتی ئەگەر پیاوی بچووك کاری نابەجێ بکات، کاری پیاوی گەورە لێبووردنە.

**نا کرده گنه در این جهان کیست؟ بگو رەب**

**ان کس گنه نکرد در ان جهان زیست ؟ بگو رەب**

**من بد کنم و تو بد مکافات دهی**

**پس فرق میان من و تو چیست؟ بگو رەب** [٤٥٠]

من تاوانم گەلێك زۆرە. واتا بە ئەندازەی چیایەك تاوانم هەیە. لەبەر ئەوەی لێبووردەییی سوڵتانمان زۆر گەورەیە، هەر تاوانێکی من لە چاو لێبووردنی سوڵتانانەدا هێندەی گەردیلەیەکیش نابێت. من پیاوێکی بچووك و ڕەشۆکیم. سوڵتانم چەندین شوانی وەك منی هەیە. بە هەقی خوا ئەگەر بمزانیبا سوڵتانمان ئەوەندە میهرەبانە، پێنج ساڵ لەمەوبەر لەسەر سك دەکشام و دەهاتم. چواردە ڕۆژ دەبێت هاتووین و ئەگەرچی لە دەرگای ئەم ژوورە نەچوومەتە دەرەوە، خەیاڵ دەکەم و دەڵێم خوا یار بێت لێبووردنم بۆ دەردەچێت و هەموو شوێنێکی ئیستانبوڵ دەگەڕێم. لەبەر ئەوەی سوڵتانمان لێبووردنیش و غەزەبیشی گەورەیە، ترسی ئەوەشم هەیە لەگەڵ خێزان و کوڕەکانمدا فرێمان بدەنە لایەك. سوێند بە خوای گەورە ئاواتی من''وەك چۆن لە ئاسیتانە لە سایەی شاهانەدا ئەو هەموو تاوانکارە بەخشراون و دانیشتوون'' داوەتی شاهانەیە بۆ نیشتەجێبوونم لە گۆشەیەکی ئاسیتانە و هەرگیز ڕوو لە ویلایەتی خۆم ناکەم. بە هەقی خوا من مەرحەمەتی شاهانە و تەنزیماتی خەیریەم نەدەزانی، ئێستا تێگەیشتم. هەموو جۆرە تاوانێك گوناهی منە، چ پێویستە بگوترێت هی ئەمە، یان هی ئەوە؟ خوا یار بێت فەرمووم لێ دەکەن و ئەو کاتە بە وردەکارییەوە وتەی خۆم دەدەم. من ئێستا گەورەییی سوڵتانمان دەزانم. لە هیچ چاخ و سەردەمێکدا سوڵتانی وا میهرەبان نەهاتووە. کاتێك عوسمان پاشا هات و دەوری قەڵای گەمارۆ دا،

وەك دامـاوی لێبـووردنی سـوڵتان یەكـسەر داوای ''ڕای''م كـرد و خـۆم بەدەسـتەوە دا. مـاڵ و موڵكمـان لـەو لایەیـە. خـوا یـار بێـت مزگێنیـی ''بەخـشرایت، لـە ئاسـیتانە دەمینێتـەوە''م پـێ دەفـەرموون. ئـەو كاتـە دڵخۆش دەبم و سەبارەت بەهەموو شتێك وتە دەدەم."

وەك دەبیندرێت بەدرخان بەگ ئیستانبوڵی زۆر بەدڵ بووە، ویستوویەتی لەوێ بمێنێتەوە و وەك هۆكاری بەرخودانیش ئامـاژەی كـردووە بـۆ محەمـەد پاشا و عوسمان پاشا. لە شیعرێكی فارسیدا كە وەك ئاماژە بۆ سوڵتان لەبەر گوتوویـەتی، بـە شـێوەیەكی سـەرنجڕاكێش دەریـدەبڕێت كـە وەڵامدانـەوەی خراپەكارییەكانی ئەم بە چاكە، دەكەوێتە خانەی مەرجی گەورەییەوە.

ڕاپۆرتەكانی تایبەت بە وتەی میرەكـانی كـورد دوو وتەنامـەی مـەحموود خان لە خۆ دەگرن. خان بە شێوەیەكی گشتی لە وتەكانیدا براكـانی تاوانبـار ناكات و دەڵێت تەنیا خۆی پەیوەندی لەگـەڵ بـەدرخان بەگدا هـەبووە و لـە وتەكانیـدا هـەموو تاوانـەكانی تاقمەكـەی خـۆی دەخاتـە ئەسـتۆی خـۆی. مەحموود خان گازندە لە كۆت و زنجیری[٤٥١] پێی خۆی و تاقمەكەی دەكـات و كەسایەتیی ئاینپەروەرانەی ئەو لـە وتەكانیـدا ڕەنگـی داوەتـەوە. وتەنامـەی یەكەمی مەحموود خان بەم جۆرەیە؛

"لە سایەی شاهانەدا[٤٥٢] ئاسوودەییمان لە هەموو ڕوویەكەوە لە جێدایـە، خواردن و خواردنەوەمان لەوپەڕی تەواودایە. ئێمە بەندەی هەژار و ئاسـاییی سـوڵتانمانین. یـاخیبوون سـنووری ئێمـە نییـە و مـن یـاخی نـەبووم. مـن پێـشتریش هـاتووم بـۆ ''(بـابی عـالی) دەروازەی بـالاَ- ئیـستانبوڵ''.[٤٥٣] سوڵتانمان دەناسم و ئاشنای میهرەبانییانم. مـن ڕووم لـە ئـەرزەڕۆم كـرد و یەكـسەر گەیـشتمە لای فـەریق ئەحمـەد پاشـا و خـۆم بەدەسـتەوە دا. جلـی سەربازیم لەبەر كرا و كوڕی خۆمیشم لە سوپادا ناونووس كرد. حەوت هەشت كوڕی تریشم هەن. هەر هەموویان بەندە و كۆیلـەی سـوڵتانمانن. خـۆ ئەگـەر لەم ڕووەوە تاوانمان هەبێت، لەبەر سوڵتانی خـاوەن نیعمـەتی جیهانمـان بـۆ لێبووردن دەپاڕێینەوە.

دوو شێخ لەکن بەدرخان بەگن. با یەکێکیان بێت بۆ ژووری ئێمە بۆ ئەوەی بە کۆمەڵ نوێژ بکرێت، چونکە لەبەر ئەوەی لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا بەڕێوە بووین و نەمانتوانی ڕۆژوو بگرین، ئێستا بە قەزا دەیگێڕینەوە. هەروەها لە سایەی شاهانەدا خواردن و بەربانگێکی زۆر جوانمان پێشکێش دەکرێت. تاکە کێماسیمان نوێژ نەکردنمانە بە کۆمەڵ. لەبەر ئەوەی کۆت و زنجیر لە پێی براکان و کوڕەکەمدایە، بە دژواری نوێژ دەکەن. با کۆت و زنجیری ئەمان بکرێتەوە و لەگەڵ یەکێك لەو شێخە ناوبراوانەدا نوێژ بکەین تا بۆ سوڵتانمان بپارێینەوە. پەروەردگارم، تەمەنی ئەبەدی و شەوکەت بە سوڵتانی ئەفەندیمان بفەرموو.

من بەهیچ شێوەیەك تاوانم نەکردووە. بەڵام ئەگەر بگوترێت تاوانی کردووە، ئەوە تاوانی منە، چارە چییە؟ ئیدی وای لێ هات! من بەندەیەکی هەژار و ئاسایی سوڵتانمانم. هەر فەرمانێك بدات، بە هەر هەمووی ڕازیم و بەهیچ شێوەیەك لە خزمەتکردنی سوڵتانمان درێغی ناکەم. خێزان و منداڵ و ماڵ و موڵکم هەر هەمووی لەوێیە. تەنانەت یەك ئاقچە پارەی نەقدم نییە. پێش هاتنمان هەزار و پێنجسەد قرووشم بە قەرد وەرگرت. تەنانەت لەوەش یەك ئاقچەم نەماوە. ئاواتی سەرەکیم هاتنی یەکێك لە شێخەکان و کردنەوەی کۆت و زنجیری پێی براکانم و کوڕەکەم و پاڕانەوەیە بۆ لێبووردن بە چاوپۆشین لە تاوانەکانمان. ئێمە بەندە و کۆیلەی سوڵتانی ئەفەندیمانین. ئەمر و فەرمان بەدەست خۆیەتی."

وتەنامەی دووەمی مەحموود خان بە ئەندازەیەکی زۆر تیشك دەخاتە سەر پەیوەندی و هاوپەیمانیی ئەو لەگەڵ بەدرخان بەگدا و بەم جۆرەیە؛

"پێش چەند ساڵێك نێوانمان لەگەڵ بەدرخان بەگدا تێکچووبوو. دواتر لە ڕووی پێویستییەوە هەڵسام و چوومە جزیرە و ئاشت بووینەوە. ئەو کاتە لەلایەن میری ''موما ئیلەیهی''یەوە بەڕێوەبردنی چەند ناوچەیەك خرایە ژێر دەسەڵاتی ئێمە.[٤٥٤] ئەمجار لە کاتی ڕوودانی بەرخودانی بەدرخان بەگدا هەڵسام و لەگەڵ سێ خزمەتکاری خۆمدا چوومە کنی. ''موما ئیلەیهی''

سێسەد پێنجسەد کوردی دایە پاڵم و منی نارد بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو سەربازانەی کە هێرشیان بۆ سەر ئەم دەهێنا. منیش هەڵسام ئەو کوردانەم کرد بە پاسەوانی خۆم و ڕۆیشتم و خۆمان لە بەرانبەر هێرشی سەربازەکاندا پێ ڕانەگیرا و نزیکەی سەدوپەنجا کورد لە ئاوی ڕووباردا خنکان.[455] هەر لەو کاتەدا بەدرخان بەگیش بۆ قەڵای ئۆراك هەڵهات. منیش لەبەر ئەوەی دووان لە سێ خزمەتکارەکانم لە ئاودا خنکان و تەنیا خزمەتکارێکم مایەوە، لەوێ هەڵهاتم و یەکسەر دەستەودامێنی حەزرەتی فەریق ئەحمەد پاشا بووم.

براکانم بەهیچ جۆرێك دەستیان لەم کارەدا نییە. بەتایبەتی عەبداڵ بەگ (عەبداڵ خان) لە دوو مانگ لەمەوبەرەوە لەگەڵ فەرمانبەرەکانی[456] سەلتەنەتی شاهانەدایە. خەلیل بەگیش قەزای کیسانی ڕادەست کردووە و مستەفا بەگی میری بۆ بینینی عەبدولڕەزاق بەگی برام هاتبوو و میر شێخۆ بەگیش (میر شەمدین) لە کاتێکدا بە حاڵی خۆیانەوە دانیشتبوون، گوترا ئەمانە ''برا و یاریدەدەری مەحموود خانن'' و هەریەکەیان لە شوێنێکەوە هێندران و ڕەوانە کران.

بەپێی ئەو بڕیارەی دابووم، تەنیا خۆم بەڵێنی هاوکاریکردنم بە بەدرخان بەگ دابوو. دواتر زۆر باش تێبینم کرد ئەم بزووتنەوەیە بێبناغەیە و چووم و دەستەودامێن بووم. ڕووداوی ئەو دۆخە بەو جۆرە تەنیا بۆ بینینی پەرێشانی و بۆ ئەوەیە چارەنووس جێگەی خۆی بدۆزێتەوە. ئەوەتا لەو کاتەوە پێیەکانم بە هۆی کۆت و زنجیرەوە ئاوساون و لە پێنج شەش لاوە کونیان تێ بووە. سوڵتانمان سەلامەت بێت! دوای جیابوونەوەمان لە سوپا و تا گەیشتینە ئێرە، هیچ ناخۆشییەکمان نەدی. لەگەڵ سێ خزمەتکارمدا چوومە کن بەدرخان بەگ و دووچاری ئەم دۆخە بووم. درێغیم کرد و پاشان دەستەودامێن بووم و زۆر لە حەزرەتی فەریق ئەحمەد پاشا پاڕامەوە و گوتم ''بمنێرن بۆ دارول سەلتەنەتی ئاسیتانە و ئەگەر سوڵتانمان ئارەزوو بکات بڵێت بکوژرێت و ئەگەر مەیل بکات، بڵێت با ئازاد بکرێت!'' براکانم بێتاوانن.

ناهەقی لە بەرانبەر ئەمانە کرا و بۆ ئێمە گرفتاری ئەم دۆخە بوون و پەرێشان بوون."

وەك دەبینـدرێت، مـەحمود خـان نەیویـستووە براکـانی تێکـەڵ بـە هاوپەیمانیی خـۆی و بـەدرخان بـەگ بکـات و هـەموو تاوانەکـەی خـستووەتە ئەستۆی خۆی. سەیرترین ئەو وتانەی دراون، وتەنامـەی عەبـدولڕەزاق بـەگی بـرای مـەحموود خانـە. عەبـدولڕەزاق بـەگ ڕوونـی دەکاتـەوە ئـەوان هـیچ پەیوەندییەکیان بە مەسەلەی مەحموود خانی برایان و بەدرخان بەگەوە نییە و بەیانی دەکات ئەو بەڵگەنامانەی کە پێشتر باسیان کـرا، بـەزۆر بـەمان واژۆ کراون. ناوبراو بێ ئـەوەی ناویـان بهێنێـت، عوسمـان پاشـا و شـەریف بـەگی قایمقامی مووشیـشی بـەوە تاوانبـار کـردووە کـە بـە هـۆی ئیرەیـی پێبردنـی کۆنیانــەوە ئاژاوەیــان ناوەتــەوە و ئــەمانیان خــستووەتە ئــەم دۆخــەوە. وتەنامەکەی عەبدولڕەزاق بەگ بەم جۆرەیە؛

"من بە حـاڵی خۆمـەوە دانیـشتبووم و نـە هاوکـاری بـرام[٤٥٧] بـووم و نـە هاوکاری بەدرخان. تەنانەت ئێمە چوار براین.[٤٥٨] نەك هەر لە ناو خۆماندا ڕێك نەبووین، بگرە ئیرەیشمان بەیەك دەبرد. ئەم مەسەلەیە ڕووی دا. هاتن و لـە شوێنی خۆم دەستگیرمیان کرد. شەش سندووق ماڵ و شتومەکم هەمووی لـە ناوچوو. منیان تالان کرد. سەدوپەنجا قرووش لامان دۆزرایـەوە. خـەریك بـوو ئـەوەش ببـەن، بـەڵام تکـام کـرد و پاڕامـەوە و نەمـدا پێیـان. بەڵگەنامـەیان سەبارەت بە لە ناونەچوونی سامانی هەر هەموومان هێنـا و گوتیـان ''مـۆری بکە!'' و بردیان. من مۆرم نەکرد. بەزۆر پەنجەمیان خستە سەری. ئێمـەش گوتمان ''لە حاڵەتی نەزدا[٤٥٩] وەسێت شەرعی نییە'' و ئەوسا بەڵگەنامـەمان دا.[٤٦٠] سـوپاس بـۆ خـوا ئێـرە دارول ئـەمان و  دارول سـەڵتەنەی سـەنییەیە. دەمانەوێت جارێکی تر لە ''ئەحکامی عەدلییە'' بەرگری لە خۆمـان بکـەین، بەڵام لەم دۆخەدا شتێك نییە بۆ گوتن. ئەگـەر دادگاییمـان بکـەن، تاوانبـار و بێتاوان ئاشکرا دەبن. یەك ئاقچە ماڵی میریمان لا نـەماوە و هـەر هـەموویمان پێـشکێش کـردووە.[٤٦١] مـەحموود خـان بـەڵێنی هاوکـاری بـە بـەدرخان بـەگ

دابـوو، تـاوانی ئێمـه چـییه؟ هەریەکـەمانیان لـه شـوێنێك کـۆ کـردەوه و هێنامانیـان و مـاڵ و شـتومەکەکانمان تیاچـوون. تەنانـەت بواریـان نـەدا هەریەکـەمان چـەند ئاقـچەیەك لەگـەڵ خۆمانـدا هـەڵبگرین. ئـەوەی ئێمـەی گرفتـاری ئـەم دۆخـه کـرد، ''نەفسانیەت''[٤٦٣] ئـەو بەگەیـه کـه حـەزرەتی مووشیر پاشا لەو دەوروبەره ڕایگرتووه و نیشانی داوه پێی،[٤٦٢] چونکه ئەوه هەر له کۆنەوه ''نەفسانییەت''ی له بەرانبەر ئێمه هەیه."

خالید بەگی میری کیسان و مستەفا بەگی میری یش وتـەی هاوشـێوەیان داوه. له وتەنامەکانیانەوه ئاشـکرا دەبێـت گوتوویانـه تـەنیا مـەحموود خـان هاوپەیمانیی لەگەڵ بەدرخان بەگدا بەستووه و هەر ئەو بەڵێنی هاوکاریکردنی پێ داوه. ویـستی مـیره کوردەکـان بـۆ لێبـووردن لەلایـەن سـوڵتانەوه وەڵام نەدرایـەوه. عەبـدولڕەزاق بـەگ و ئـەوانی تـر بانگەشـەی ئـەوەیان کـردووه پەیوەندییان به بەرخودانەکەوه نەبووه، بـەڵام وەك لـه بەشـەکانی پێـشوودا چـەند نموونەیـەکمان لـێ خـسته ڕوو، نامـەی نێـوان مـیره کوردەکـان کـه کـەوتبووه دەسـتی عوسمانییـەکان و زانیارییـەکانی هـەواڵگری هـەموو ڕاستییەکانی تایبەت به بەرخودانەکەیان دەخسته بەرچاوان. له ئاکامدا بڕیار درا بـەدرخان بـەگ و تایەفەکـەی بـۆ دوورگـەی کریـت و مـەحموود خـان و تاقمەکەشی بۆ شاری ڕوسچوکی [٤٦٤] ناو سنووری ویلایەتی سیلیستره * دوور بخرێنەوه.

بەپێی یاداشتی ١٢٦٣/L/٢٩ (١٨٤٧/١٠/٩)[٤٦٥] کۆبوونەوەی پێویست لـه نێوان سەرلەشکر پاشا و کاپتان (فەرماندەی هێزی دەریایی) پاشا و والییـه پەیوەندیدارەکاندا ئەنجام درا و بڕیار درا کەشتیی ئەرەغلی ئاماده بکرێت بۆ گواستنەوەی بەدرخان بەگ بۆ دوورگەی کریت و کەشتی ''سەیری بەحری'' سـاز بـدرێت بـۆ گواسـتنەوەی مـەحموود خـان بـۆ ڤارنـا و بـۆ هەریەکـەیان بیناباشییەك و ژمارەی پێویـست سـەرباز جـۆر بکرێت. لەبـەر ئـەوەی بڕیـار درابوو مەحموود خان له ڤارناوه به ڕێـی وشـکانیدا بـۆ ڕوسـچوك بنێردرێـت،

بڕیار درا یەکینەیەکی سەربازی لە شومنوەوە ڕەوانەی ڤارنا بکرێت و لەوێ چاوەڕێی مەحموود خان و تاقمەکەی بکات.

سەرنجڕاکێشترین خاڵی ناو ئەو یاداشتە سەبارەت بە بانگکردنی هەردوو میرە کوردەکەیە بۆ دەروازەی باڵا (بابی عالی). بەتەنیا مەحموود خان و بەدرخان بەگ برانە بابی عالی و جارێکی تر پێیان گوترا ئەو هەڵسوکەوتەی لە بەرانبەر خراپەکارییەکانی ئەواندا کراوە، لوتف و خێری سوڵتانە بۆ ئەوان. داوایان لێ کرا لە شوێنی نوێی نیشتەجێبوونیان تا کۆتایی ژیان سەرقاڵی حاڵی خۆیان بن و پەیوەندیکردنیان بە کوردستانەوە بەهەموو شێوەیەك قەدەغە کرا.[٤٦٦]

وەك دەزانرێت بەمەبەستی وەرگرتنی قەردی دەوڵەت لە میرە کوردەکان تۆمار بۆ سامان و شتومەکەکانیان دانرا، بریکار هاتنە دامەزراندن و قەردەکان لە ڕێی فرۆشتنی ماڵ و شتومەکەوە بەدەست خران. بەپێی ڕاپۆرتی Za/١٠ ١٢٦٣ (١٨٤٧/١٠/٢٠)[٤٦٧]، بەدرخان بەگ پاش ئەوەی بڕیاری دوورخستنەوەی بۆ دوورگەی کریت یەکلایی بووەوە، داوای کرد سەبارەت بە سامان و ئاقچە و شتومەك و شتەکانی تر چاوی بە حەرەمی خۆی (هاوسەری) بکەوێت و ئەو داوایەی پەسەند کرا. بەدرخان لەو پاپۆڕەدا کە ئەوی بۆ دوورگەی کریت دەگواستەوە، زانیاریی وردی سەبارەت بە سامان و موڵکی خۆی دا بە هاوسەرەکەی و نامەیەك و لیستێکی دوور و درێژی بۆ مەلا سادق نارد کە بەدرخان بەگ کردبووی بە بریکار بۆ فرۆشتن و کۆکردنەوەی ماڵ و موڵکەکان لە کاتی پێویستدا.[٤٦٨]

### مەدالیا و ڕێزلێنان بۆ ڕەنج بەکاربردووەکان

دەوڵەتی عوسمانی دوای دامرکاندنەوەی بەرخودانی کوردستان لە سەرێکەوە نیشان و دیاریی دا بە فەرمانبەران و ئەندامانی ڕەنج بەکاربردووی سوپا ئەگەرچی پلەی جۆراوجۆریش بوون و لە سەرێکی تریشەوە نیشانەی میری میران کە لەلایەن حافز پاشاوە درابوو بە بەدرخان بەگ، لێی

سەندرایەوە و گەڕێندرایەوە بۆ "زەربخانە."[٤٦٩] بەپێی فەرمانی ١٨٤٨/٣/٢٦ سەرو نیشان درا بە سەدری ئەعزەم مستەفا ڕەشید پاشا و سەرلەشکر محەمەد سەعید پاشا لە پای خزمەتەکانیان لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردستاندا.[٤٧٠] بەپێی بەڵگەنامەی ١٨٤٩/٢/٨ نیشانەکانی تەرخانکراو بۆ ئەو ئەفسەر و سەربازانەی کە زۆر کاریان کردبوو بۆ خاوێنکردنەوەی کوردستان لە چەتەکان و مەدالیا و شمشێری تەرخانکراو بۆ ئەو فەرمانبەرانەی لە سەرکوتکردنی بەرخوداندا ڕەنجیان دابوو، ڕەوانە کراون بۆ فەرماندەییی سوپا تا لەوێوە بۆ شوێنی مەبەست بنێردرێن.[٤٧١]

## مەحموود خان لە ڕوسچوك

مەحموود خان و ١١ کەسی تاقمەکەی گەیشتنە ڤارنا و بە یاوەریی ١١٨ سەربازی ئەسپسوار کە ١٢٦٣/Za/١١ (١٨٤٧/١٠/٢١) لە شومنوەوە گەیشتن، ڕەوانەی لای ڕوسچوك کران.[٤٧٢] ئەو یەکینە ئەسپسوارەی کە مەحموود خان و تاقمەکەی لە ڤارناوە گەیاندە ڕوسچوك، ١٨٤٧/١٠/١١ بۆ شومنو گەڕایەوە.[٤٧٣]

لە ئاکامدا ژن و منداڵانی مەحموود خان و براکانیشی گەیەندرانە ئیستانبوڵ. لە ڕاپۆرتی ١٨٤٨/١/١دا[٤٧٤] ئاماژە کراوە بۆ هێنانی ژن و منداڵەکانی مەحموود خان و عەبدولڕەزاق بەگی برای و ڕاگرتنیان لە مووشیرییەتی زەبتیە. لەبەر ئەوەی لەو وەرزەدا گەشتی دەریایی نەدەکرا و ئەمانیش هەموو ژن و منداڵ بوون و نەدەکرا بەڕێی وشکانیدا بۆ ڤارنا بەڕێ بکرێن، بڕیار درا تا دەست پێکردنەوەی گەشتە دەرياييیەکان لە ئیستانبوڵ نیشتەجێ بکرێن. بۆ ئەو مەبەستە نامە بۆ والیی سیلیسترە نووسرا تا مەحموود خانی لە ڕوسچوك نیشتەجێ لەو ڕەوشە ئاگادار بکاتەوە. خێزانەکان دوای نزیکەی سێ مانگ نیشتەجێکردنیان لە ئیستانبوڵ، ڕۆژی ١٢٦٤/R/٢١ (١٨٤٨/٣/٢٧) بە کەشتی لە ئیستانبوڵەوە بەرەو ڕوسچوکی

شوێنی دوورخستنەوەیان بەڕێ کەوتن.[475] لەلایەن گەنجینەوە ٤٠٠٠ قرووش بۆ کرێی کەشتی ئەوان و ٣٠٠٠ قرووش بۆ کرێی ڕێبوارەکانی تر دابین کرا.

مەحموود خان بە پێچەوانەی میرە گەورەکانی ترەوە دواتر نەبەخشرا و تا مردن لە ڕوسچوك نیشتەجێ کرا و هەموو ڕێوشوێنێك گیرایەبەر بۆ ڕێگرتن لە پەیوەندیکرنی بە کوردستانەوە و بۆ ئاستەنگکردنی هەڵهاتنی. بەتایبەتیش سالانی دواتر لە سەروبەندی بەرخودانەکانی کوردستاندا ڕێوشوێنی زیاتر گیرایەبەر بۆ توندوتۆڵکردنی چاودێری کردنی خان.

مەحموود خان و کەسوکاری بە درێژاییی مانەوەیان لە تاراوگە بە نیمچە مووچەیەك کە لەلایەن دەوڵەتەوە بۆیان بڕدرابووەوە، ژیانیان بەسەر برد. ڕۆژی ١٢٦٤/S/١٦ (١٨٤٨/١/٢٣) لە سندووقی دەوڵەت لە ویلایەتی سیلیستره بڕی ١١٠٠ قرووش بۆ مەحموود خان بڕدرایەوە.[476] بڕیار درا پارەی ئەو مووچەیە لە داهاتی فرۆشتنی ماڵ و موڵکە دەستبەسەرداگیراوەکانی خان دابین بکرێت. دواتر لەبەر ئەوەی برایەکی بە خۆی و دیوەخانەوە لەگەڵ مەحموود بەگدا یەکیان گرت، مەسەلەی زیادکردنی مووچەکە هاتە ڕۆژەوە.[477] هاوکات بەشێك لە موڵك و ماڵە بەجێماوەکانی خان فرۆشران و دەرسەعادەت تەنانەت خەرجییەکانی گواستنەوەی مەحموود خانیشی بۆ ڕوسچوك لەو داهاتە بڕی. مووچەی خان کرا بە ٤٠٠٠ قرووش[478]، بەڵام دواتر دیسان کەم کرایەوە بۆ ١١٠٠ قرووش[479]. ئەو پارانەی لە ئابی ١٢٦٤وە تا تشرینی یەکەمی ١٢٦٥ لە ڕێی دوورخستنەوەیاندا خەرج کرابوون و ئەو مووچانەی تا ئەو کاتە وەریانگرتبوو و نزیکەی ٦٠٠٠٠ هەزار قرووش بوو، هەر هەمووی لەلایەن دەوڵەتەوە لە داهاتی ماڵ و موڵکە فرۆشراوەکانی مەحموود خان و کەسوکاری دەرهێندرا و دوای ئەوە بەردەوام ١١٠٠ قرووش وەك مووچە درا بە مەحموود خان.[480] لەبەر ئەوەی لە کۆتایی ئەم کتێبەکەدا بە دوور و درێژی باسی سالانی تاراوگەی مەحموود خان و میرە کوردەکانی تر کراوە، لێرەدا وردەکاریی زیاتر ناخەینە ڕوو.

# بەشی ٨

## دامەزراندنی ویلایەتی کوردستان و دوورخستنەوەی نوێ لە قۆناغی ١٨٤٨- ١٨٤٩دا

ئـەنجامی شـەڕەکانی عوسمـانی و کـورد لـە ١٨٤٦–١٨٤٧ کـە بـە دوورخستنەوەی میرەکانی کورد بەدرخان بەگ و مەحموود خان کۆتـایی پـێ هـات، لـە بەڵگەنامـەکانی عوسمانیـدا وەك "سـەرلەنوێ فەتحکردنـەوەی کوردستان" تۆمـار کـراوە. پـاش دوورخـستنەوەی میرەکـان یەکسەر لەبـەر ڕۆشنایيی ئەو نزیکبوونەوە نوێیانەی لەگەڵ تەنزیماتدا هاتبوون، دەست کرا بەڕێکخستنەوەیەکی نوێ بەمەبەستی دامەزراندنی نـەزم لـە هەرێمەکـە. وەك ئاشکرا دەبێت عوسمان پاشای مووشیری سوپای ئەنادۆڵ وەك کەسێکی زۆر شارەزای هەرێمەکە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لەو سەرلەنوێ ڕێکخـستنەوەیەدا. بەو پێیە ویلایەتی هەکاری، سەنجەقەکانی وان، مووش و هـەکاری، جزیـرە و بۆتان و قەزاکانی ماردین یـەك خـران و ویلایـەتێکی نـوێ دامەزرێنـدرا و وەك یادگارییەك بۆ سەرکوتکردنی بەرخودانی میرە کوردەکان کـە سـەردەمانێکی درێژ دەوڵەتیان بە خۆیانەوە سەرقاڵ کرد و بـۆ ئـەوەی نـاوی سـوڵتانی ئـەو سەردەمە (سوڵتان عەبدولمەجیـد) وەك "فـاتیحی ڕاسـتەقینەی کوردسـتان" وەبیر بهێنێتەوە، ناوی "ویلایەتی کوردستان" لەو ویلایەتە نوێیە نرا.

دەتوانرێت دامەزراندنی ویلایەتی کوردسـتان بـە کۆتـایی ئـەو سـەردەمە دابنرێت کە لەگەڵ یاوز سوڵتان سەلیمدا دەسـتی پـێ کـرد و لەسـەر بناغـەی میرنشینە ئۆتۆنۆمەکانی کورد بنیات نرابوو. ئەگەر شەڕی چاڵدێران لـە ١٥١٤ بە دەستپێك و سـاڵی ١٨٤٧ی سـاڵی دامەزرانـدنی ویلایـەتی کوردسـتان وەك مێژووی بەکۆتاهاتن دابنێین، بۆمـان دەردەکـەوێت میرنـشینە ئۆتۆنۆمـەکانی ناو پێکهاتەی دەوڵەتی عوسمانی ماوەی نزیکەی ٣٣٣ ساڵ بەردەوام بوون.

لە سەروبەندی دامەزراندنی ویلایـەتی نوێدا هـەرە زیـاد گفتوگـۆ لەسـەر ئەوە کرا داخۆ کویێ بکرێت بـە ناوەنـدی ویلایـەت. لـە کاتێکدا لێپرسـراوانی دەوڵەت بۆ شوێنێك دەگەڕان، بیر لە پێویستیی جێگیرکردنی سوپای ئەنادۆڵ لـە هـەمان شـوێن دەکرایـەوە. لـە ئاکامـدا ڕاگەیەنـدرا ناوچـەی لـە کـەناری دەریاچەی وان "لە نـاو جەرگـەی کوردسـتاندایە" و وەك ناوەنـدی ویلایـەتی نـویێ و سـوپای ئـەنادۆڵ هاتـە هەڵبـژاردن. وەك لـە یاداشـتی بڕیارەکەشـدا دەردەکەوێت، نزیکیی لـە سـنوورەکانی ئێـران و ڕووسـەوە و هەڵکـەوتنی لـە ناوەڕاستی کوردستاندا و بیرۆکەی ئەوەی کە سوپای عوسمانی هەموو کاتێك دەتوانێت وەك هێزێکی بەرپەرچدەرەوە گوشار بخاتە سەر کوردەکان، ڕۆڵـی هەبوو لـەو هەڵبژاردنـەدا.[٤٨١] ویلایـەتی کوردسـتان بـە یاداشـتی ٢٦/Z/١٢٦٣ (١٨٤٧/١٢/٥) هاتە دامەزراندن و ئەسەد موخلیس پاشـای والیـی موسـڵ بـە یەکەم والیـی کوردسـتان دامەزرێنـدرا.[٤٨٢] یاداشـتی تایبـەت بـەو بابەتـە بـەم جۆرە دەست پێ دەکات؛

"حەزرەتی پاشای دەوڵەتلی مووشیری سوپای هەمایۆنی ئەنادۆڵ چـەند لێکۆڵینـــەوە و قـــسەیەکی ســـەبارەت بـــە داهـــاتووی هـــەرێمی کوردســـتان (کوردستانی عوسمانی... وەرگێڕ) هەبوو کە وەك شاکاری حەزرەتی شـاهانە ئەمجارە لە دەستی چەتەکان ڕزگار کرا و لەوانەیـە (بـەم جـۆرە) سـەرلەنویێ فەتح کرابێتەوە.

تاوتوێکردن بە پێویست زانرا و بەمەبەستی خستنە پێش چاوی هـەقپای عالی، پێریێ دەوڵەتلی سەرلەشکر پاشا، فەتحی پاشا، ڕەیس پاشا، مووشـیر پاشـای موشـارون ئیلـەیهی (عوسمـان پاشـا)، عاتیفـەتلی نـازر ئەفەنـدی و حەزرەتی ڕاوێژکاران لە بابی عالی کۆ بوونەوە و گفتوگۆیان کرد.

لەبەر ئەوەی مووشیری موشارون ئیلەیهی لە وتەی پێشووتریدا گوتبووی ناوچـەی خـارپووت شـوێنێکی لـەبارە بـۆ جێگیرکردنـی سـوپای هـەمایۆنی ئەنادۆڵ، ئێستا سوپای هەمایۆن لە کەناری ئەو بازنە ناوبراوەیە.

ناوچەی  کە دەکەوێتە کەناری ئەوبەری دەریاچەی وانەوە، لە ڕووی ئاو و هەوا و خێر و فەڕەوە سوودی دەبێت و ئاسانکاری دەکات بۆ جێگیرکردنی سەرباز. لە ڕووی پێگەوە بەتەواوی لە ناوەڕاستی بازنەی سوپای هەمایۆنی ئەنادۆڵدایە و لەم ڕووەوە بە بەراورد لەگەڵ ناوەندی پێشوودا (خارپووت)، لە سنوورەکانی ئێران و ڕووسیاوە نزیکترە. لەبەر ئەوەی؛

ئاسانە بۆ پێگەی سەربازی و کاروباری شەڕ و ناردنی سەرباز بۆ هەموو لایەك و بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی لە ناو جەرگەی کوردستاندایە و کوتەکی سوپای هەمایۆنی ئەنادۆڵ بەسەر سەری کوردەکانەوە دەبێت کە پێویستە لە ڕووی مەیلیانەوە بۆ یاخیبوون چاودێری بکرێن؛

مووشیر پاشا سەبارەت بە پێویستی و چۆنیەتیی کردنی ناوچەی ناوبراو بە ناوەندی لەمەودوای سوپای هەمایۆنی ئەنادۆڵ پشتی بە زانیاریی سەربازی و خۆجێیی بەستووە و لەبەر ئەوەی ئەمە دەکەوێتە خانەی کاروباری سەربازییەوە، بڕیار درا جارێکیش لە شوورای سەربازی تاوتوێ بکرێت و پاش ڕاوێژکردن بە زاتی شاهانە کار لەسەر جێبەجێکردنی ئەنجامەکان بکرێت.

وتەکانی تری مووشیر پاشا لە پلەی دووەمدان، واتا دەستی کردووە بە گفتوگۆی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتیی مەدەنیی هەرێمەکە. بۆچوونی مووشیر پاشا لەم بارەیەوە ئەوەیە بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی نەزم و دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری بۆ هەرێمی کوردستانی (کوردستانی عوسمانی... وەرگێڕ)  ئەمجار بەدەست خراو؛

ئێرە بکرێت بە بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت و سەربەخۆ، زاتێکی خاوەن درایەت و زانا بکرێت بە لێپرسراوی، واتا ویلایەتی دیاربەکر، سەنجەقەکانی وان، مووش و هەکاری و قەزاکانی جزیرە و بۆتان و ماردین یەك بخرێن و ویلایەتێك پێك بهێندرێت.

دامەزراندنی سیستەمی هەمیشەییی کوردستان بەندە بە هیمەتی هاوبەشی سوپای هۆمایۆن و ئەو زاتەی کە دەبێت بە فەرمانبەری کاروباری

مەدەنی. لەبەر ئەوە بوونی والیی ویلایەتی نویێ لە ناوەندی سوپای هەمایۆن کارێکی زۆر بەسوود دەبێت. ناوچەی کە پێشبینی کراوە بکرێت بە ناوەندی سوپای هەمایۆن، بیر لەوە کراوەتەوە بکرێت بە ناوەندی ویلایەتی جێگەی باسیش.

دامەزراندنی نەزمی هەمیشەیی هەرێمی کوردستان (کوردستانی عوسمانی... وەرگێڕ) کە لە ئاکامی موەفەقیەتی سەنییە و بەرەکەتی سوڵتانماندا لە دەستی تاقمێك موتەغالیب[٤٨٣] و ستەمکار دەرهێندرا، بۆ کامەرانی و خۆشگوزەرانی و ئاسایشی دانیشتووان پێویستە و لەبەر ئەوەی دەزانرێت کە ئەوەش بە ڕێکخستنەوەی هەرێمەکە لە بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتدا مەیسەر دەبێت؛

ئەم شوێنانە وەك ویلایەتێك نەخشەی بۆ دادەڕێژرێت و بەمەبەستی ئەوەی بیرهێنەرەوە بێت بۆ ئەوەی کە جەنابی سوڵتانمان فاتحی ڕاستەقینەی ئەم دەوروبەرەیە، ناوی دەنرێت ''ویلایەتی کوردستان'' و ئەگەر شووڕای سەربازی بڕیار بدات بکرێت بە ناوەندی سوپا، بە پێویست دەزانرێت ناوەندی ویلایەتیش هەر لەوێ بێت و زاتێکی بژاردە و خاوەن ئەزموون لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ بەڕێوەبردنی ویلایەت بێتە دامەزراندن.

والیی موسڵ عاتیفەتلی ئەسعەد پاشا کە بە درایەت و بەناموسی و ڕاستگۆیی ناسراوە و کاتێکی زۆر لەم دەوروبەرە خزمەتی کردووە و زاتێکی شارەزای بارودۆخی مەملەکەتە، هەڵبژێردراوە بۆ ویلایەتی کوردستان و مووشیر پاشاش سەبارەت بەم زاتە گەواهی باشەی داوە. لەبەر ئەوەی هەردوو کارەکە پێکەوە دەبێت، ئەگەر ئارەزوو لەسەر دامەزراندنی ئەسعەد پاشا هەبێت و فەرمانی دامەزراندنی ئەسعەد پاشا بە والیی کوردستان لەلایەن زاتی شاهانەوە دەربچێت، ئەو کاتە نۆرە دێتە سەر پێویستیی دامەزراندنی کەسێکی تر بۆ موسڵ."

له درێژەی یاداشتنامەکەدا ئاماژە دەکرێت بۆ دامەزراندنەکانی هەرێمی کوردستان. بەو جۆرە بڕیار درا وەجیهی پاشای والیی پێشووتری بەلگراد بکرێت بە والیی موسڵ، حەمدی پاشا بە والیی ئەرزەڕۆم، سەبری پاشا بە والیی خارپووت، محەمەد ڕەشید پاشا بە قایمقامی وان و سلێمان پاشا بە قایمقامی دیاربەکر، هەروەها بڕیار درا قەزاکانی جزیرە—بۆتان و ماردین یەك بخرێن و مستەفا پاشای قایمقامی ئەو کاتەی وان بۆ ئەوێ دابمەزرێندرێت و تۆفیق ئەفەندیی دەفتەرداری ئەرزەڕومیش وەك دەفتەرداری ویلایەتی کوردستان بێتە دامەزراندن.

شاری لەسەر کەناری باکووری دەریاچەی وان ماوەی چوار ساڵ ناوەندی ئەو ویلایەتە بوو تا لە تەمووزی ساڵی ١٨٥١دا قایمقامیەتیی دیاربەکر هەڵوەشێندرایەوە و ناوەندی ویلایەتی کوردستان بۆ دیاربەکر گوازرایەوە.[٤٨٤] شاری دیاربەکر نزیکەی ١٦ ساڵ ناوەندی ویلایەتی کوردستان بوو. بەپێی ڕێکخستنێکی نوێ کە ساڵی ١٨٦٧ دەستی پێ کرا، ویلایەتی کوردستان و ویلایەتەکانی "ماموریەتولعەزیز" یەکخران و ویلایەتێکی نوێ بەناوی دیاربەکر پێکهێندرا. بەو جۆرە دوای نزیکەی ٢٠ ساڵ بە شێوەیەکی فەرمی کۆتایی بە ویلایەتی کوردستان هات.[٤٨٥]

### ڕەوشی ئێزیدی و نەستوورییەکان لە پاش دوورخستنەوەی میرەکان

ئەوە زانراوە کە دەزانرا بەدرخان بەگ ئەو ماوەیەی موتەسەلیمی جزیرە بووە، کومەڵکوژیی لە دژی نەستوورییەکان ئەنجام داوە. بەڵام لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامە نوێیەکاندا ئاشکرا دەبێت بەدرخان بەگ تەنیا نەستوورییەکانی بەرەچەڵەك ئاسووریی نەکردووە بە ئامانج، بگرە هەمان شتی بەسەر یاقووبی و کوردە ئێزیدییەکانیش هێناوە. بەڵام لەبەر ئەوەی نەستوورییەکان کرستیان بوون، ئەورووپای کرستیانی و لایەنەکانی تر تەنیا لەسەر مەسەلەی نەستووری ڕاوەستاون و مایەی داخە کە ستەمی دژ بە

کوردە ئێزیدییەکان لە ئەورووپا و دەرسەعادەت وەك پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە.

پاش دوورخستنەوەی بەدرخان بەگ و لەسەر داخوازی بالێۆزی ئینگلتەرا بە یاداشتنامەی ١٢٦٤/M/١٨ (١٨٤٧/١٢/٢٦) داوا لە قایمقامی دیاربەکر کرا سەرلەنوێ لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بە مەسەلەی نەستوورییەکان ئەنجام بدات. لەو فەرمانننامەیەدا داوا کرابوو پرسیاری چارەنووسی ئەو نەستووری و یاقووبی و ئێزیدییانە بکرێت کە پێشتر لەلایەن بەدرخان بەگەوە دەستگیر کرابوون و بزانرێت ئایا دوای شەڕ بۆ ناوچەکانی خۆیان گەڕاونەتەوە یاخۆ نا و ئەگەر کەسیان ماوە، بارودۆخیان بە دەرسەعادەت ڕابگەیەندرێت. قایمقامی دیاربەکر لە ڕاپۆرتی ١٨٤٨/٢/٢٢دا[٤٨٦] ڕادەگەیەنێت لە نەستووری و یاقووبییەکان کەس نەماوە نەگەڕابێتەوە ناوچەی خۆی، بەڵام کەسانی ئێزیدی هەن کە نەگەڕابنەوە ناوچەکانی خۆیان. لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی ئێزیدییەکان بە لێهاتوویی "هامەر" کە یەکێك بوو لە گەورە پیاوانی ئێزیدی لە قەزای بەشیری، ئەنجام درا.[٤٨٧] لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوەش هاتووە کە بەشێك لە ئێزیدییەکان بوون بە موسڵمان. وەڵامی قایمقامی دیاربەکر بە بڕیاری ١٢٦٤/Ca/٢ (١٨٤٨/٤/٦)ی "مەجلیسی ڤالا" بۆ لێپرسراوانی پایەبڵند بەرز کرایەوە. لە ئاکامدا، لەبەر ڕۆشنایی هەموو نامەگۆڕینەوەکان و بڕیاری "مەجلیسی ڤالا"دا بە یاداشتنامەی ١٢٦٤/Ca/١٥ (١٨٤٨/٤/١٩) بڕیار درا یاداشتنامەی تایبەت دەربکرێت بۆ گەڕاندنەوەی ئێزیدییەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان.[٤٨٨]

### مەلەسەی نوورڵڵا بەگی هەکاری و عەبداڵ بەگی مویکویس

وەك چۆن دوورخستنەوەی مەحموود خان و بەدرخان بەگ و دامەزراندنی ویلایەتی کوردستان سەقامیگریی بە ئامانج خواستراوی لەگەڵ خۆیدا نەهێنا، ئاڵۆزییەکانی پەیوەندیی عوسمانی و ئێرانیش درێژەیان هەبوو. بەتایبەتی لە دەڤەرەکانی خۆشاب و هەکاری تەنگژە لەگەڵ ئێراندا

بەردەوام بوو. هەڵوێستی سنوورنەناسی عەشیرەتە کوردەکانی نیشتەجێی ئەمبەر و ئەوبەری سنوور و هەواڵی دەستبەسەرداگرتنی ناوچەیەکی ئەمبەر لەلایەن ئەوبەرەوە و بە پێچەوانەشەوە، ئاڵۆزییەکانی قووڵتر دەکردەوە. جارێکی تر دەستگرتنی عەشیرەتە ئێرانییەکان بەسەر دەڤەری مەحموودی و قەڵای خۆشابدا هاتە ئاراوە.

دەوڵەتی عوسمانی پاش دوورخستنەوەی مەحموود خان و بەدرخان بەگ بیری لە کەسانێك دەکردەوە کە توانای پڕکردنەوەی بۆشاییی ئەوانیان هەبێت بۆ ئەوەی وەك بەڕێوەبەری ئەو ناوچانە بێنە دامەزراندن. ئامانج لەو هەوڵانە پاراستنی هاوکێشەکانی هەرێمەکە بوو تا گەیشتن بە هەلومەرجی گونجاو بۆ دامەزراندنی نەزمی نوێ بەپێی فەرمانی تەنزیمات. دەوڵەتی عوسمانی لە کاتێکدا ئەو سیاسەتەی پەیڕەو دەکرد، بە شێوەیەکی گشتی هەوڵی دەدا کەسانی پاشماوە و خاوەن دەسەڵاتی بنەماڵەی میرە دوورخراوەکان هەڵبژێرێت. ئامانج لەو هەوڵانە ئەوە بوو کەسانی پاشماوە و خاوەن دەسەڵاتی بنەماڵەی میرە کوردە دوورخراوەکان لەگەڵ دەوڵەتدا لە ئاشتیدا بن و هەوڵ درا بەو جۆرە ڕێ لە ئەگەری بەرخودانی نوێی بنەماڵەکانی ئەو میرانە بگیرێت. کەسە هەڵبژێردراوەکان لەوانە بوون کە لە کاتی بەرخودانەکەدا چووبوونە ڕیزەکانی دەوڵەتی عوسمانییەوە و لە دامرکاندنەوەیدا هاوکارییان کردبوو، یان کەسانێك بوون کە لەو مەسەلەیەدا بێلایەن بوون.[489]

لە دوای سەرکوتکردنی بەرخودانی ساڵی ١٨٤٧ کە بە دوورخستنەوەی میرە کوردەکان کۆتایی هات، ئێزدین شێر بەگی کوڕی سەیفەدین بەگی ئامۆزای بەدرخان بەگ وەك موتەسەلیمی جزیرە هاتە دامەزراندن. هەر بەو شێوەیە عەبداڵ بەگی برازازای مەحموود خان (نەوەی کاکی) بە بەڕێوەبەری ناوچەی مویکویس دەستنیشان کرا.[490]

وەك دەبیندرێت، دەوڵەتی عوسمانی پاش دامرکاندنەوەی بەرخودانی کورد لە ساڵی ١٨٤٧دا لە بەشێکی بەرفراوانی جوگرافیای کوردستان

بەڕێوەبەرایەتیی ناوەندیی پێك هێناوە و بە شێوەی دامەزراندن بەڕێوەبەری بۆ زۆر شوێن دەستنیشان کردووە. بەمەبەستی کەمکردنەوەی باندۆری یاخیبوون و دوورخستنەوە لە هەندێك ناوچەی وەك مویکویس و جزیرە چەند کەسێك دامەزرێندران بۆ پڕکردنەوەی شوێنی میرە یاخیبووەکان، یان وەك ئەوەی لە مووش و هەکاری ئەنجام درا، بەردەوامبوونی بەڕێوەبەرایەتییەکانی دڵسۆز بە دەوڵەت مسۆگەر کرا. بەڵام دوای ماوەیەکی کورت هەبوونی ئەوانەش بوو بە هۆی نائارامی لای دەوڵەت و هەوڵ درا لەگەڵ لەباربوونی هەلومەرجدا بەڕێوەبەراتییە کوردییەکانی قۆناغی نوێ لەناو ببرێن.

پاش تێپەڕبوونی نزیکەی ساڵێك بەسەر دوورخستنەوەی میرەکاندا، عەبدالڵ بەگی مویکویسی، شەریف پاشای قایمقامی مووش کە پێشتر خزمەتی زۆری بە دەوڵەتی عوسمانی کردبوو و نوورڵڵا بەگی میری هەکاری کە لە بەرخودانی ساڵی ١٨٤٧دا هاوپەیمانەکانی لە نیوەی ڕێگا بەجێ هێشت و گوێڕایەڵیی خۆی بۆ عوسمان پاشا بەیان کرد و وەك بەڕێوەبەری هەکاری هاتە دامەزراندن، ئاڵۆزی کەوتە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ والیی کوردستاندا. سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی لەمەڕ کوردستان ساڵێك دوای دوورخستنەوە، کۆتایی بە هەبوونی هەرسێ میرە کوردەکان هێنا. وەك ئەوەی لەم بڕگەیەی خوارەوەدا بەرچاو دەکەوێت، مووشیری سوپای ئەنادۆڵ لە ڕاپۆرتی ١٨٤٨/٨/٢١دا دەڵێت میرەکانی کورد لەبەر ئەوەی دەستیان داوەتە بەرخودان، پێویستە لە ئارادا نەهێڵدرێن؛[٤٩١]

"نوورڵڵا بەگی بەڕێوەبەری هەکاری پێشتر لە سەردەمی خوالێخۆشبوو عوسمان پاشای پێش مندا دەستەودامێنی سوپای هەمایۆن بوو، گوێڕایەڵیی خۆی بەیان کرد، هەڵسوکەوتی جوانی لەگەڵدا کرا و عینایەتی عالییە ڕەزامەندیی دەربڕی و وەك بەڕێوەبەری هەکاری هاتبووە دامەزراندن. دواتر لەبەرەوە هەڵوێست و حاڵی پێشووی خۆی گۆڕی و بوێریی بە خۆی دا ستەمی جۆراوجۆر لە دانیشتووان و هەژاران بکات. تەنانەت ئەو چەتەیەی کە

ناوی عەبداڵە و بەڕێوەبەری قەزای مویکویسە، لەلایەکەوە هان دراوە و بەو جۆرە دەستی بە بەرخودان کردووە."

پاش گەیشتنی ئەو فەرماننامەیە، لێپرسراوانی عوسمانی بەمەبەستی دەستگیرکردنی نوورڵڵا بەگ لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٨٤٨دا چوونە هەکاری. ئەو کارەش بە عومەر بەگی ئەندامی ئەنجوومەنی دیاربەکر و حافز بەگی سەر بە سوپای ئەنادۆڵ سپێردرا. بینباشی ئیسماعیل بەگ کە لێپرسراوانی عوسمانی پێشتر بۆ لای نوورڵڵا بەگ ناردبوویان، هەموو جۆرە دڵنیاییەکی بە بەڕێوەبەری هەکاری بەخشیبوو، نوورڵڵا بەگیش سەرەتا هەڵوێستێکی نەرمی پێشان دا، بەڵام دواتر هەڵوێستی خۆی گۆڕی.[٤٩٢] نوورڵڵا بەگ گومانەکانی خۆی هێناوەتە زمان، "لەبەر ئەوەی لە کوردستان هیچ کەسێك لە ئاستی ئەودا نەماوە"، خوازیار بووە لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە و نەیویستوە تووشی هەمان چارەنووسی بەدرخان بەگ و مەحموود خان بێت. نوورڵڵا بەگی هەکاری کەوتە سەر ڕێی سوودوەرگرتن لە خزمایەتیی خۆی لەگەڵ شای ئێرانیشدا، چونکە یەکێك لە ژنەکانی نوورڵڵا بەگ و دانەیەك لە ژنەکانی شای ئێران خوشکی یەحیا خانی فەرمانڕەوای سەڵماس و ئورومییە بوون. بەڕێوەبەری هەکاری هەوڵی دا بە پشتبەستن بەوە کارتی ئێران لە دژی عوسمانییەکان بەکار بهێنێت. نوورڵڵا بەگ نەچووە شەڕەوە لە بەرانبەر هێزەکانی عوسمانی، ڕایگەیاند لە پێشدا لەگەڵ عەشیرەتەکانی هەکاریدا گفتوگۆ دەکات و پاشان خۆی ڕادەستی لێپرسراوانی عوسمانی دەکات. بەڕێوەبەری هەکاری دەیویست بەو جۆرە کات بەدەست بخات. لێپرسراوانی عوسمانی لە نامەی ١٨٤٨/٦/١١دا ئەم وردەکارییانەیان سەبارەت بەو بابەتە خستووەتە ڕوو؛[٤٩٣]

"نوورڵڵا بەگ هەرچەندە وتەکانی بینباشی ئیسماعیل بەگی وەرگرت، بەڵام دواتر لەبەر هەر هۆیەك بێت، هەمان گومان باڵی بەسەردا کێشا. ئەمجار دەڵێت ئەگەر خۆی بێت، تووشی هەمان ئەو هەڵسوکەوتە دەبێت کە بەدرخان بەگ و مەحموود خانی هاوتای ئەم تووشی بوون و لە کوردستان

کەسی لە خۆی گەورەتر نەماوە و ئاغاکان ڕەزامەندییان لەسەر هاتنی دەرنەبڕیوە. هەروەها دەڵێت لەوانەیە لە ئەگەری هاتنی ئەودا زۆربەی عەشیرەتەکان بۆ ئێران هەڵبێن و لەوانەیە مۆڵەتی هاتنی نەدەن و تا ئەوان ڕەزامەندی دەرنەبڕن، ئەم ناوێرێت لە خۆیەوە بێت.

هەروەها دەڵێت ئەگەر سەرەڕای ئەوە گوشاری بخرێتە سەر و پێداگیری بکرێت و لەملا زۆری لێ بکرێت و پێویست بکات مەیلی ئەولا بکات و هەڵبێت، ئەوا لەبەر ئەوەی خوشکێکی یەحیا خانی فەرمانڕەوای سەلماس و ئورومییەی سەر بە ئێران هاوسەری ئەمە و خوشکێکی تری هاوسەری شای ئێرانە، حکوومەتی ئێران شوێنێکی پێ دەدات کە بە ئارەزووی دڵی ئەم بێت. ناوبراو دەڵێت هەرچەندە ڕەوش بەو جۆرەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم تا ئێستا سەرپێچیی لە سەڵتەنەتی سەنییە نەکردووە و هەمیشە گوێڕایەڵانە و ڕازیمەندانە هەڵسوکەوتی کردووە، ئارەزووی ئەودیو ناکات."

نووروڵڵا بەگ بیری لەوە نەدەکردەوە خۆی ڕادەستی عوسمانییەکان بکات و هەوڵی دەدا بە بەکارهێنانی کارتی ئێران کات بەدەست بخات. ئیبراهیم بەگی کوڕی کە تەمەنی ١١ ساڵ بوو، لەگەڵ دوو پیاوی خۆیدا ناردە کن لێپرسراوانی عوسمانی و ڕوونی کردەوە پیاوماقوڵانی عەشیرەت مۆڵەتیان نەداوە، بۆیە خۆی نەیتوانیوە بێت. والیی کوردستان ئەسعەد پاشا کە لە نزیکەوە چاودێریی بارودۆخەکەی دەکرد، بۆ دەرسەعادەتی نووسیوە: لە ئەگەری ڕێگرتن لە دەستێوەردانی ئێراندا ئەم هێزەکانی هەکاری و وان یەک دەخات، کەرەستەی پێویست ئامادە دەکات، تەنانەت سوود لە هاووڵاتیانی تیاری و تخوبیی نەفرەتکەر لە نووروڵڵا بەگیش وەردەگرێت و ئەگەر پێویست بکات، دەتوانێت لای جزیرەشەوە بچێتە هەرێمەکەوە. والیی کوردستان ئەو نەخشەیەی بە دوایین ڕێگەچارە زانی و داوای کرد ئەنجامی گفتوگۆکانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی بۆ بنێرن تا بتوانێت نەخشەی ئاماژە بۆ کراو بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.[٤٩٤]

پەیوەندیی گەرمی نوورڵڵا بەگ لەگەڵ ئێراندا هەمیشە مایەی کێشە بوو بۆ دەوڵەتی عوسمانی، بۆیە دەرسەعادەت هەوڵەکانی دۆزینەوەی چارەسەری چڕ کردەوە.[٤٩٥]

هاوکات قایمقامی وان ڕەشید بەگ و والیی کوردستان ئەسەد پاشا کەوتنە خۆسازدان بۆ هێرشی سەربازی بۆ سەر عەبدال بەگی میری مویکویس کە بە یاخیبوون تاوانبار دەکرا. لێپرسراوانی عوسمانی هەواڵی پەنابردنی عەبداڵ بەگیان بۆ قەڵای ئەنجیناس هەڵسەنگاند و دڵنیاییان داپێی و بەمەبەستی خۆبەدەستەوەدان نامەیان بۆ نارد و پیاویان ناردە کنی. پیاوانی ناو قەڵا لە وەڵامدا گوتوویانە عەبداڵ بەگ لە قەڵا نییە و خۆیانیش ڕادەست نەکرد. بەو جۆرە کار گەیشتە پێویستیی پەنابردن بۆ هێرشی سەربازی.[٤٩٦]

لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٨٤٨دا بە بڕیاری ئەنجوومەنی وان تابوورێکی سەربازی ڕێکخراو و برێك سەربازی باشبوزوق بە فەرماندەیی سەلیم پاشا ڕێکخرا و بەبیانووی ستەمکردن لە خەڵك و هەڵگیرساندنی بەرخودان لە ڕێی وەستانەوە بۆ مویکویس نێردرا. قەڵای ئەنجیناس کە گومان دەکرا عەبداڵ بەگ خۆی تێدا قایم کردبێت، درایە بەر تۆپ. خۆشمێر بەگی خزمی عەبداڵ بەگ لەگەڵ ٣٠ سەربازی خۆیدا بەرگرییان لە قەڵاکە کرد، بەڵام لە ژێر تۆپبارانـدا خۆیان پێ ڕانەگیرا، بەزین و خۆیان بەدەستەوە دا. عوسمانییەکان دەستیان بەسەر قەڵاکەدا گرت، بەڵام دەرکەوت عەبداڵ بەگی تێدا نییە. دوای لێکۆڵینەوە ئاشکرا بوو بەڕێوەبەری مویکویس لای عومەر ئاغای بەڕێوەبەری قەزای چاتاکە. "سەرگەورەی دەرگاوانی دەرگاهی عالی" و ئەندامی ئەنجوومەنی دیاربەکر عومەر بەگ کە یەکێك بوو لە بەڕێوەبەرانی ئەو هێرشە سەربازییە، لەگەڵ ٢٠٠ سەربازی پیادەدا لە قەڵای مویکویس جێگیر کران. عەبداڵ بەگی بەڕێوەبەری مویکویس دوای ئەو ڕووداوە بۆ ئێران هەڵهات.[٤٩٧] سەرجەم قەڵا گەورە و بچووکەکانی ناوچەی مویکویس بە تۆپی عوسمانی ڕووخێندران.[٤٩٨]

نامـەی ١٨٤٨/٩/١١ کـە لـە دەرسـەعادەتەوە بـۆ والیـی کوردسـتان و مووشیری سوپای ئەنادۆڵ نێردراوە،[٤٩٩] زانیاریی گرنگی تێدایە سـەبارەت بـە بەرخودانی بەڕێوەبەری مویکـویس عەبـداڵ بـەگ و شـەریف بـەگی قایمقـامی مووشـی لـە هەڵسوکەوتی نـەگونجاوەوە گـلاو و نـوورڵڵا بـەگی بەڕێوەبـەری هـەکاری. لـە نامەکـەدا ڕوون دەبێتـەوە دوورخـستنەوەی مـەحموود خـان و بەدرخان بەگ کە وەك "پشت و پەنای یاخیبووانی کوردستان" ئاماژەیان بۆ کراوە، سەقامگیریی بۆ هەرێمەکە نەهێناوە. لەو نامەیـەدا نووسـراوە عەبـداڵ بەگی بەڕێوەبەری مویکویس دەستی داوەتە بەرخودان و پابەندی ئەو نامانـە نەبووە کە بۆی نێـردراوە، شـەریف پاشـاش هەرچـەندە خزمـەتی بەسـوودی کردووە، بەڵام لەم کاتەدا هەڵوێستی یاخیبوونی گرتووەتەبەر و لـە ناوچـەکە ستەم لە خەڵك دەکات. بابەتێکی تری گرنگ سەبارەت بە شـەریف بـەگ کـە لەو نامەیەدا باس کراوە، نیشانەی هەوڵدانێتی بۆ هەنگاونان بـەرەو تێکـدانی پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن لـە کوردسـتان، چـونکە نووسـراوە شـەریف بـەگ سـتەمی لـە ئەرمەنییـەکانی ناوچـەی خـۆی کـردووە و وەك ئامـاژە بـۆ ڕووداوی نەستوورییەکان نووسراوە: "ئەمانە هەر لە زووەوە ستەم لە تـاقمی کرستیان دەکەن." میرە کوردێکی تر کـە هـەبوونی بـووە بـە مایـەی کێشە، وەك پێشتر باسمان کرد، نوورڵڵا بەگی هەکاری بوو. لەو نامەیەدا هاتووە کـە نوورڵڵا بـەگ پەیوەنـدی لەگـەڵ شـای ئێرانـدا هەیـە و هـەبوونی ئـەو لەسـەر سنووری ئێران مایەی ترسە. لە نامەکەدا بەم جـۆرە ئامـاژە بـۆ بەڕێوەبـەرە کوردەکانی مویکویس، هەکاری و مووش کراوە؛

"وەلحاسڵ ئەمانە هەرسێکیان ئەو فەلاکەتەیان دی کە بـەدرخان بـەگ و مـەحموود خـانی پـشت و پـەنای یـاخیبووانی کوردسـتان وەك ئـەنجامی سزادانیان بەسەریان هات، کەچی هەر ئاقڵ نـەبوون و دەسـتیان لـە پیـشە و هەڵوێستی کۆنیان هەڵنەگرتووە."

بـەو جـۆرە بـاس لـەوە کـراوە کـە دوورخـستنەوەی مـەحموود خـان و بەدرخان بەگ نەبووە بە پەند بۆ ئەوانەی کـە ماونەتـەوە و ئـەوانیش لەسـەر

هەمان هێڵن. لە درێژەی نامەکەدا ئاماژە کراوە بۆ ناردنی سەرباز بۆ سەر عەبدالّ بەگی بەرخۆدەر و نووسراوە دوو میرەکەی تر لەم کاتەدا پشتیان بە ئارەزووی بەدەستهێنانی کات بەستووە و پێویستە متمانەیان پێ نەکرێت. لە نامەکەدا بە ئاشکرا ڕوون کراوەتەوە کە کوردستان لە سایەی حەزرەتی شاهانەدا[٥٠٠] سەرلەنوێ فەتح کراوە و بەدەست هێندراوەتەوە، بەڵام ئەو کەسانەی لە ناوچە جیاوازەکان بەڕێوەبەرایەتی دەکەن، لەگەڵ ئەنجامی ئەو هەموو هەوڵەدا یەك ناگرنەوە. لەبەر ئەوە پێویستیی ئەنجامدانی پەلاماری سەربازی بۆ سەر عەبدالّ بەگ و دەستگیرکردنی شەریف پاشا و نووڕڵڵا بەگ و دوورخستنەوەیان لەگەڵ ماڵ و منداڵیاندا بە والیی کوردستان و مووشیری سوپای ئەنادۆڵ ڕاگەیەندراوە.

## هێرش بۆ سەر چوێلەمەریك و هەڵهاتنی نووڕڵڵا بەگ

لەبەر ئەوەی نووڕڵڵا بەگ دەوڵەتی عوسمانی دەخلافاند، ویلایەتی کوردستان لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٤٨دا کەوتە خۆ بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی هەکاری. بەمەبەستی چارەسەرکردنی مەسەلەکە بە بەکارهێنانی هێز مووشیری سوپای ئەنادۆڵ خۆی لە ئەرزەڕۆمەوە چووە وان و لەوێشەوە بە هێزەکانی خۆیەوە گەیشتە قەڵای خۆشاب. مووشیر پاشا لە خۆشابەوە بەرەو هەکاری بەڕێ کەوت و ڕۆژی ١٨٤٨/١٢/١ گەیشتە باشقەلا.[٥٠١] لە سەردەمی عوسمان پاشای کۆچکردوودا تابوورێك سەربازی ڕێکخراو لە باشقەلا جێگیر کرابوو. مووشیر پاشا ئەو تابوورەشی لەگەڵ خۆیدا برد و ئەگەرچی بە هۆی هەلومەرجی سەختی زستانەوە دوودڵ بوو لە ڕۆیشتن بەرەو هەکاری، بەڵام لە سۆنگەی دوانەخستنی کارەکەوە بۆ بەهار بەڕێ کەوت. هاوکات ئەمین پاشا کە یەکێك بوو لە فەرماندەکانی سوپای ئەنادۆڵ، لەگەڵ هێزەکانی مۆڵدراویدا لە وان بەڕێ کەوت و لە ڕێی ئاقچەقەلاوە گەیشتە ناوچەی نۆردز[٥٠٢] کە ١٢ سەعاتەڕێ لە هەکارییەوە دوور بوو. والیی کوردستان و مووشیری سوپای ئەنادۆڵ دوایین نامەی

هۆشیارکردنەوەیان بۆ نووڕڵڵا بەگ نووسی و داوایان لێ کرد خۆی بەدەستەوە بدات. بەڵام بەڕێوەبەری هەکاری پاراستنی گیانی کرد بە مەرج و خۆی ڕادەست نەکرد و هەمان کات دەستی کرد بە ئامادەکاری بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشەکان. سەرەڕای گشت ئەو پێشهاتانە، ئەسعەد پاشای والیی کوردستان بۆ دەرسەعادەتی نووسی هێزی بەرگریکردنی نوورڵڵا بەگ بەش ناکات و ئەگەری هەڵهاتنی بۆ ئێران لە ئارادایە.[٥٠٣]

مووشیری سوپای ئەنادۆڵ، سەلیم پاشا و تابووری ڕێکخراوی میرئالای مستەفا بەگی ژێر فەرماندەییی خۆی بە تۆپ و کەرەستەی شەڕەوە بۆ هەکاری نارد. سوپای عوسمانی گەیشتە گوندی "ڕەزان" کە ٩ سەعاتەڕێ لە هەکارییەوە دوور بوو. سەرەڕای هەلومەرجی سەختی زستان سوپای عوسمانی گەیشتە دەوروبەری هەکاری و نوورڵڵا بەگ بۆی دەرکەوت بەرگری پێ ناکرێت، لەگەڵ چەند پیاوێکی خۆیدا بەرەو "گەڤەر"[٥٠٤] هەڵهات. پاش هەڵهاتنی میر، سلێمان بەگی ئامۆزای نوورڵڵا بەگ و خاوەن گرانییەکی گەورە لە ناو بنەماڵەی میردا و چەندین میر و بەگ و سەرۆك عەشیرەت و خەڵکی هەکاری چوونە پێشوازی سوپای عوسمانی و گوێڕایەڵبوونی خۆیان بەیان کرد.[٥٠٥] مووشیری سوپای ئەنادۆڵ بە نامەی ١٨٤٨/١٢/٩ هەواڵی بە دەرسەعادەت گەیاندووە کە دوای هەڵهاتنی میر، سوپای عوسمانی چووەتە چوێلەمەریك-ەوە[٥٠٦] و لە قەلاکەدا جێگیر کراوە. لە دەرسەعادەت بە خۆشحاڵی پێشوازی لە هەواڵی دەستبەسەرداگرتنی قەڵای چوێلەمەرك کرا. هاوکات هەواڵ بە لێپرسراوانی عوسمانی گەیشت کە نوورڵڵا بەگ لە قەڵای "بەردەڕەش"ی ناوچەی گەڤەرە کە دوو سەعاتەڕێ لە سنووری ئێرانەوە دوورە.[٥٠٧] هەڵهاتنی بەڕێوەبەری هەکاری بۆ ناوچەیەکی نزیك لە سنووری ئێران ترسی ئەوەی هێنایە ئاراوە پەیوەندی عوسمانی و ئێران دیسان قۆناغێکی هەستیار بەخۆیەوە ببینێت. لەبەر ئەوە ئەسعەد پاشای والیی کوردستان و مووشیری سوپای ئەنادۆڵ داوای زانیارییان لە دەرسەعادەت

کرد سەبارەت بە چۆنیەتیی هەڵسوکەوتکردن لە بەرانبەر نووروڵڵا بەگی هەڵهاتوو.[508]

نووروڵڵا بەگی هەڵهاتوو لەلایەن عەلی ئەشرەف بەگی فەرمانڕەوای ناوچەی "بەردەسۆر"[509]ی دیوی ئێرانەوە هاوکاری کرا. عەلی ئەشرەف بەگ بە چەند سەد سوارێکەوە چووە خاکی عوسمانییەوە، گەیشتە قەڵای بەردەڕەش لە دیوی عوسمانی و نووروڵڵا بەگی لەگەڵ خۆیدا برد و گەڕایەوە بۆ دیوی ئێران.[510] دەوڵەتی عوسمانی لەڕووی ئەو مەسەلەیەوە لەگەڵ ئێراندا کەوتە پەیوەندییەکی چڕی دیپلۆماسییەوە و هەوڵی دا ئێران خۆی لە نووروڵڵا بەگی هەڵهاتوو نەکات بە خاوەن. لێپرسراوانی عوسمانی لەسەر ئاستی شازادەی ئێران کەوتنە هەوڵدان و پەیوەندییان بە باڵیۆزەکانی ئینگلتەرا و ڕووسیاوە لە تەورێز کرد و هەوڵیان دا بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی ئەو دەوڵەتانە. کۆنسوڵەکانی ڕووس و ئینگلیز داوایان لە قاسم میرزای شازادەی ئێران کرد بەپێی پەیماننامەی سنووری نێوان عوسمانی و ئێران هاوکاری میری هەکاری نەکرێت، دەستگیر بکرێت و ڕادەستی دەوڵەتی عوسمانی بکرێتەوە کە دڵنیاییی پاراستنی سامان و گیان و سەربەزریی میری داوە.[511] لێپرسراوانی عوسمانی هەمان کات نامەیان بۆ نووروڵڵا بەگ نووسی و پێیان ڕاگەیاند لە ئەگەری خۆبەدەستەوەداندا گیان و سامان و خێزانی پارێزراو دەبێت.[512]

ئەو خاڵەی کە لێپرسراوانی عوسمانی هەرە زیاد لێی دەترسان، هاوکاریکردنی نووروڵڵا بەگ بوو لەلایەن نەجەف قولیخانی فەرمانڕەوای ئورومییەوە. شازادەی ئێران و لێپرسراوانی عوسمانی نامەیان بۆ نەجەف قولیخان و عەلی ئەشرەف بەگی فەرمانڕەوای بەردەسۆر نووسی و داوایان لێیان کرد هاوکاری نووروڵڵا بەگ نەکەن و ڕادەستی عوسمانییەکانی بکەن.[513]

هەمان کات نووروڵڵا بەگیش لەبەر ئەوەی متمانەی بە والیی کوردستان و لێپرسراوانی تری عوسمانی لە هەرێمەکە نەبوو، هەوڵی دا پەیوەندی بە کۆشکی عوسمانییەوە بکات و لەو هەوڵەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

نـوورڵڵا بـەگ، ئەسـەد پاشـای والیـی کوردسـتان تۆمـەتبار دەکـات، ڕوونـی دەکاتـەوە ئەسـەد پاشـا ئـەوی بـەو حاڵـە گەیانـدووە و بـە پێداگرتنـەوە دەسـتدانە بـەرخودان ڕەت دەکاتـەوە. مـیری هـەکاری تـوانی یـەکێك لـە پیاوەکانی خۆی بەناوی حاجی محەمـەد ئەفەنـدی بـۆ دەرسـەعادەت ڕەوانـە بکات و بە بیری هێنایەوە لە سـەروبەندی هێرشـی سـوپاکانی عوسمانیـدا بـۆ سەر بەدرخان بەگ، ئەم دەستەودامێنی عوسمـان پاشـا بـووە و گوێڕایـەڵیی خۆی بەیان کردووە. میری هەکاری، هەروەها ئەوەش بە بـیر دەخاتـەوە کـە لەلایەن عوسمان پاشاوە پلەی "سـەرگەورەی دەرگـاوانیی دەرگـاهی عـالی" پێ دراوە و تابوورێکی سەربازی ڕێکخراوی لە باشـقەلا جـێگیر کـردووە و بـە ئاشکرا ڕوونی کردووەتەوە کە ئیبراهیم بەگی کوڕی ئەم بەڕێوەبەری باشقەلا جگە لە خزمەتکردنی دەوڵەت، دەستی لە هیچ کارێکی تر وەرنەداوە.

نوورڵڵا بەگ دەڵێت پێـشتریش ئەسـەد پاشـای والیـی کوردسـتان ئـەمی بانگهێشت کردووە، بەڵام ئەم لە ترسی چارەنووسی خۆی نەڕۆیشتووە و بـە قسەی وەك "لە توخمی من کەس نییە بەرەنگاری دەوڵەتی عەلییە ببێتەوە. مـن خـۆمیش ئەمـە پەسـەند ناکـەم!" بـەرخودان ڕەت دەکاتـەوە و تکـا لـە سوڵتان دەکات دیسان میرنشینی خۆی بدەنەوە. هەروەها بەڕاشکاوی دەڵێت تەنانـەت ئەگـەر ئـەوەش پێـك نەیـەت ئـەم بـەرخودان ناکـات و بـە فـەرمانی سوڵتان دێت و خۆی بەدەستەوە دەدات.[٥١٤]

### نوورڵڵا بەگ و شێخ تەهای نەهری

مانەوەی نوورڵڵا بەگ لە بەردەسۆر بوو بە هۆی کێشەیەکی گەورە لە ناو دەوڵـەتی ئێرانـدا. لێپرسـراوانی دەوڵـەتی عوسمـانی بـە پێداگرتنـەوە داوای نوورڵڵا بەگیان لە لایەنی ئێرانی دەکرد، بەڵام لێپرسـراوانی دەوڵـەتی ئێرانـی دەیـانگوت عـەلی شـەریف بـەگی فـەرمانڕەوای بەردەسـۆر لـە حکوومـەت هەڵگەڕاوەتـەوە و عەشـیرەتی بلباس و چـەند عەشـیرەتێکی تـریش بـەڵێنی هاوکارییـان بـە نـوورڵڵا بـەگ داوە، هـەروەها لێپرسـراوانی ئێـران بـە

عوسمانییەکانیان ڕاگەیاند کە دوو جار هێزی سەربازییان بۆ دەستگیرکردن و ڕادەستکردنەوەی نووروڵڵا بەگ ناردووەتە سەر بەردەسۆر، بەڵام هەردوو جارەکە هێزەکانیان تێکشکێندراوە، خەڵکی (خۆی) و جایی–ش ئارەزووی خۆیان بۆ پشتیووانیکردن لە نووروڵڵا بەگ پێشان داوە و یەحیا خانی فەرمانڕەوای (خۆی) بەرەچەڵەك هەکارییە و خزمی نووروڵڵا بەگە.[515]

بەڵام عوسمانییەکان توانییان بە ڕێگای دیپلۆماسی تەنگ بە ئێران هەڵبچنن و پشتیووانیی ئینگلیز و ڕووسەکانیشیان بەدەست هێنا و گوشارەکانیان سەبارەت بە نووروڵڵا بەگ پاش ماوەیەکی کورت ئەنجامی ئەرێنی لێ کەوتەوە. محەمەد ڕەشید پاشا، بینباشی یووسف بەگی ڕاسپارد چاوی بە نووروڵڵا بەگ بکەوێت و ناوبراو بۆ ئەو مەبەستە چووە ئورمییە و لەوێشەوە چووە بەردەسۆر. سەرەڕای هەموو بەڵێنەکانی دەوڵەتی عوسمانی، نووروڵڵا بەگ متمانەی نەکرد، داوای کرد پەنا ببات بۆ شێخ تەهای[516] نیشتەجێی گوندی نەهری لە ناوچەی شەمزینان و ویستی شێخ بکات بە ناوبژیوان و زامنکەری ئاسایشی ژیانی خۆی. عوسمانییەکانیش ئەو داخوازەیان پەسەند کرد.[517]

مووشیری سوپای ئەنادۆڵ محەمەد ڕەشید پاشا لە سەرەتای ساڵی ١٨٤٩دا توانی نووروڵڵا بەگ لە لای ئێرانەوە بهێنێتەوە، بەڵام وەك دەردەکەوێت دواتر هەڵوێستی خۆی گۆڕیوە. مووشیر پاشا بەبیانووی ئەوەی نووروڵڵا بەگ نیازی هەیە بەڕێوەبەری ناوچەی نەهری موسا بەگ و عەشیرەتەکانی دەوروبەر بۆ بەرخودان هان بدات و نیازی هەڵهاتنی هەیە، هێزەکانی خۆی ناردە سەر ناوچەی نەهری. موسا بەگ چووە پێشوازی سوپای عوسمانی و گوێڕایەڵیی خۆی بەیان کرد.[518] نووروڵڵا بەگ تکای لە مووشیری سوپای ئەنادۆڵ کرد ڕەوانەی دەرسەعادەت نەکرێت و لە هەرێمی هەکاری دابمەزرێندرێت. ئەو تکایە لەلایەن شێخ تەهاشەوە بۆ مووشیر پاشا نووسرا. برایەك و کوڕێکی نووروڵڵا بەگ ڕۆژی ١٨٤٩/٣/١٢ بە نامەیەکی شێخ تەهاوە گەیشتنە لای مووشیری سوپای ئەنادۆڵ لە باشقەلا. مووشیر پاشا لە وەڵامدا

بۆ شێخ تەهای نووسی کە ناچارە بەپێی "فەرمانی عالی" سەبارەت بە نوورڵڵا بەگ هەڵسوکەوت بکات و دووپاتی کردەوە هیچ زیانێکی پێ ناگات و پێویستە خۆی بەدەستەوە بدات و ڕەوانەی دەرسەعادەت بکرێت. مووشیر پاشا کوڕ و براکەی نوورڵڵا بەگ بە وەڵامنامەوە ناردەوە.

نوورڵڵا بەگ لە بەرانبەر ئەو پێشهاتانەدا چارەی نەما و خۆی ڕادەستی لێپرسراوانی عوسمانی کرد و دوو ڕۆژ دواتر لەگەڵ یەکینەیەکی سەربازی ڕێکخراودا بە فەرماندەییی یووسف بەگ برایە وان. لە وانیشەوە بە یاوەریی میرئالای مستەفا بەگ خرایە ڕێ بەمەبەستی بردنی بۆ ترابزۆن لە ڕێی ئەرزەڕۆمەوە.

دوای ناردنی نوورڵڵا بەگ، مووشیری سوپای ئەنادۆڵ ڕوونی دەکاتەوە چەند بەگێك کە خۆیان وەك "عەباسی" دەناسێنن و دەستوپێوەندی ئاغاکانی سەر بەو بەگانە لەبەر ئەوەی ژمارەیان زۆرە، ناردنی هەموویان بۆ دەرسەعادەت کارێکی مەحاڵە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سلێمان بەگ کە پێشتر چووبووە لای هێزەکانی عوسمانی و پابەندبوونی خۆی بەیان کردبوو، لە دوورخستنەوە ڕزگاری نەبوو. مووشیر پاشا ئەگەرچی سلێمان بەگی بە مووچەیەکی ١٠٠٠ قرووشی لای خۆی دامەزراندبوو، بەڵام بەڕاشکاوی دەڵێت متمانەی پێ نەبووە. ئەنجوومەنی هەکاری داوای کرد سلێمان بەگ لە هەکاری بمێنێتەوە و گەرانتیی دا کە دەست ناخاتە هیچ کاروبارێکەوە، بەڵام ئەو هەڵوێستانە بەس نەبوون بۆ هێشتنەوەی سلێمان بەگی دوایین بەهێزترینی بەگەکانی هەکاری لە چوێلەمەریك. لە ئاکامی نامەگۆڕینەوە لەگەڵ ئەسەد پاشای والیی کوردستاندا بیر لەوە کراوەتەوە سلێمان بەگ لەبەر ئەوەی گوێڕایەڵیی خۆی بۆ دەوڵەت ڕاگەیاندووە، ناردنی لەگەڵ ئاغا خرواداللییەکانی بەرخۆدەری هەرێمی هەکاری و شەریف بەگی موسڵی و براکانیدا کارێکی گونجاو نابێت. لە ئەنجامی هەڵوێستی بڕیاردەرانەی مووشیری سوپای ئەنادۆڵدا بڕیار درا لەسەر ناردنی سلێمان بەگ بۆ

دەرسەعادەت.[519] سلێمان بەگ بەرەو دەرسەعادەت خرایە ڕێ، بەڵام لە ئەرزەڕۆم کۆچی دوایی کرد.[520]

### ناردنی نوورڵڵا بەگی خۆڕادەستکردوو بۆ دەرسەعادەت

پاش خۆبەدەستەوەدانی نوورڵڵا بەگی بەڕێوەبەری هەکاری، سەرەتا بە شێوەیەکی کاتی میرلیوا وەلی پاشا و دواتر فەریق عزەت پاشا کرا بە قایمقامی هەکاری.[521] نوورڵڵا بەگ لە ڕێی ئەرزەڕۆمەوە برایە ترابزۆن و لەوێشەوە گەیەندرایە ئیستانبوڵ.[522] میری هەکاریش وەك بەدرخان بەگ و مەحموود خان لە فەرماندەییی "زەبتیە" نیشتەجێ کرا. بەڕێوەبەری هەکاری لە سکاڵانامەیەکدا کە لە دەرسەعادەت بۆ سوڵتان و لێپرسروانی عوسمانی نووسیوە و مێژووی ١٨٤٩/٥/١٦ی بەسەرەوەیە، بە شێوەی نامەکانی پێشووی ڕوونی دەکاتەوە لە سەردەمی عوسمان پاشادا کاتێك سوپاکانی عوسمانی هێرشیان کردووەتە سەر بەدرخان بەگ، ئەم چووەتە لای دەوڵەت و پابەندبوونی خۆی بەیان کردووە، هەروەها بە پێداگرتنەوە جەخت لەو نیشانەی کە لە عوسمان پاشای وەرگرتووە و لە پابەندبوونی خۆی و باپیرانی بە دەوڵەتەوە دەکات.[523] نوورڵڵا بەگ لە نامەیەکی تردا بۆ لێبووردن لە سوڵتان دەپارێتەوە و دەڵێت ئەو لە بەرخۆدەرانی وەك بەدرخان بەگ و مەحموود خان نییە و تەنانەت بە پشتبەستن بە "ڕەچەڵەکی عەباسی"ی بنەماڵەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوونی دەکاتەوە ئەو لە ڕاستیدا کورد نییە؛[524]

"ئەگەر لە ڕوانگەی تایەفەی کوردەوە سەیرمان دەکرێت، نەعوزوبیلاهی تەعالا ئێمە وەك بەدرخان بەگ و مەحموود خان لە توێژی بەرخۆدەران نین. ئەگەر لە سەردەمی هارون ئەلڕەشیدەوە[525] تا ئێستا کەسێك لە ڕەچەڵەکی ئێمە سنووری بەزاندبێت، یان لە بازنەی پابەندبوون دەرچووبێت، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە تەنانەت کۆیلەی خۆتانیش کورد بێت."

نوورڵڵا بەگ بە پێداگرتنەوە جەخت لە ڕەچەڵەکی عەباسیبوونی خۆیان دەکات و دەڵێت هەرگیز لە بەرانبەر دەوڵەت بەرخودانی نەکردووە و تکا دەکات لەگەڵ بەرخۆدەرانی وەك بەدرخان بەگ و مەحموود خاندا نەخرێتە تای هەمان تەرازووەوە. بەڕێوەبەری هەکاری، سەرباری هەموو تکاکانی، هەڵسوکەوتێکی جیاواز لە میرە کوردەکانی تری لەگەڵدا نەکرا. "مەجلیسی مەخصوصە" لە ١٢٦٥/C/٢٨ (١٨٤٩/٥/٢١) بڕیاری دا پەیوەندیی نوورڵڵا بەگ بە کوردستانەوە بەیەکجاری ببڕدرێت، لەگەڵ خێزان و کەسانی نزیکیدا وەك بەدرخان بەگ لە دوورگەی کریت نیشتەجێ بکرێت، مووچەیەك ببڕدرێتەوە بۆ بژێوی ژیانی و دەست بگیرێت بەسەر پاشماوەی ماڵ و موڵکەکانیدا.[٥٢٦]

بەپێی ڕاپۆرتی "مەجلیسی ڤالا" لە ١٢٦٥/B/١٥ (١٨٤٩/٥/٢١)، نوورڵڵا بەگ پاش یەکلابوونەوەی مەسەلەی دوورخستنەوەی بۆ دوورگەی کریت، بە زمانی فارسی نامەی بۆ کوڕێکی و هەندێك لە کەسانی نزیکی خۆی لە کوردستان نووسیوە و دۆخەکەی بۆیان ڕوون کردووەتەوە.[٥٢٧] مووشیری زەبتیە ئەو نامانە و دەفتەری پێشاندەری ئەو موڵکانەی کە نوورڵڵا بەگ لە هەرێمەکە هەیبوو، وەرگرت و ناردی بۆ والیی کوردستان.

کەشتیی "تەیری بەحر" تەرخان کرا بۆ گواستنەوەی نوورڵڵا بەگ بۆ دوورگەی کریت.[٥٢٨] والیی کریت لە نامەی ١٢٦٥/Ş/١ (١٨٤٩/٦/٢٢)دا هەواڵ دەدات کە نوورڵڵا بەگ لەگەڵ حەوت کەس لە دەستوپێوەندەکانیدا گەیشتووەتە دوورگەی کریت. نوورڵڵا بەگ تا کاتی ناردنی ئەندامانی خێزانەکەی لە کوردستانەوە، لەگەڵ بەدرخان بەگدا لە قەڵای کاندییە ڕاگیرا. دەرسەعادەت لەسەر داوای ئەسەد پاشای والیی کوردستان فەرمانی دا بە والیی کریت نوورڵڵا بەگیش وەك میرە کوردەکانی تری تاراوگە بەهیچ جۆرێك لەگەڵ کوردستاندا هەواڵ نەگۆڕێتەوە.[٥٢٩]

بەپێی ڕاپۆرتی "مەجلیسی ڤالا" لە ١٢٦٥/L/٢٤ (١٨٤٩/٩/١٢)[٥٣٠]، پاش بڕیاری دوورخستنەوەی نوورڵڵا بەگ، والیی کوردستان بە فەرمانێك

داوای لە محەمەد پاشای قایمقامی وان کرد خێزانی نوورڵڵا بەگ لە وانەوە بۆ ئیستانبوڵ بنێرێت.[531] نوورڵڵا بەگ سێ ژنی هەبوو، یەکێك لەوانە کچی تەیموور پاشای وانی بوو و هەوڵی دا لە ماڵی باوکی لە وان بمێنێتەوە.[532] تەیموور پاشای باوکی لەو کاتەدا لە ئیستانبوڵ بوو. ئەو دۆخە سەرنجڕاکێشە بوو بە هۆی نامەگۆڕینەوەیەکی زۆر لە نێوان قایمقامی وان، والیی کوردستان، دەرسەعادەت و والیی کریتدا. دواجار داخوازی ئەو ژنە بۆ مانەوە لە وان پەسەند کرا. خێزان و کەسانی نزیکی نوورڵڵا بەگ بە سەرپەرشتی ئەمینی ئالای حەمزە ئاغا بەرەو دەرسەعادەت بەڕێ کران. ئەو کەسانە لە ١٨٤٩/٩/٢٥ گەیشتنە دەرسەعادەت، لە ماڵی کەسێك بەناوی تاهیر ئەفەندی بوون بە میوان و دواتر بەڕێ کران بۆ دوورگەی کریت.[533]

پاش دوورخستنەوەی نوورڵڵا بەگی هەکاری، بزووتنەوەی دوورخستنەوە لە هەرێمی هەکاری بەردەوام بوو. محەمەد ڕەشید پاشای مووشیری سوپای ئەنادۆڵ میرلیوا وەلی پاشای ڕاسپارد بۆ دەستگیرکردنی چەند ئاغایەك کە لە هەرێمی هەکاری وەك پیاوی نوورڵڵا بەگ ناسرابوون. هەروەها داوای لێ کرا مار شەمعونی نیشتەجێ لە ئورومییە بانگهێشت بکات و بە گوێرەی دەسەڵاتی لە هەرێمی هەکاری وەك پێویست ڕێزی لێ بگیرێت. مار شەمعون لەسەر ئەو بانگهێشتە چووە باشقەڵا و مووشیر بۆچوونی خۆی سەبارەت بە مار شەمعون بۆ دەرسەعادەت نووسی و ڕوونی کردەوە کە ڕێزی لێ گرتووە و هەمان کات داوای کرد مووچەیەکی جێگیری بۆ ببڕدرێتەوە.[534]

محەمەد ئاغا و میرزا ئاغای خروادالی خەڵکی قەزای کاڤار (گەڤەر)[535] و نازر ئاغای بیجانلی لە پیاوانی نوورڵڵا بەگ بوون، لە ئەنجامی بزاوتی سەربازیی ئیسماعیل بەگی بینباشیی تابووری یەکەمی پیادەدا دەستگیر کران. ناوبراوان لە ١٢٦٥/B/١١ (١٨٤٩/٦/٣) دەستگیر کران و برانە باشقەڵا[536] و لەوێشەوە ڕەوانەی لای وان کران.[537]

بە ڕوونی دەردەکەوێت کە دەوڵەتی عوسمانی پاش دوورخستنەوەی میرەکانی کورد وەك ڕەگەزی هاوسەنگی بۆ نەستوورییەکانی ڕوانیوە و

هەوڵی داوە کەڵکیان لێ وەبگرێت. لە ڕاپۆرتەکاندا باس لەوە دەکرێت کە مار شەمعون پاتریکی نەستوورییە و بە هۆی هێرشی بەدرخان بەگ و هەندێك لە سەرانی تری کوردەوە لە ڕابردوودا بۆ ماوەیەکی درێژ لە ناوچەکانی خۆی دەپەڕێندراوە و ناچار بووە لە موسڵ نیشتەجێ بێت. دواتریش چووەتە ئێران و پاش سەقامگیربوونی ئاسایش لە هەرێمەکە، گەڕاوەتەوە. لە ڕاپۆرتەکاندا ڕوون کراوەتەوە کە مار شەمعون دوای ئەو هەموو مەسەلەیە کەسایەتییەکی گرنگە لە هەرێمی هەکاری و داوا کراوە ڕێ لە دووبارە ڕۆیشتنی بگیرێت، ئەگەر نا، شیمانەی ئەوە هەیە لایەنی ئێرانی پێشوازی لێ بکات. لە ئەنجامی ئەوەدا داخوازی مووشیری سوپای ئەنادۆڵ و قایمقامی هەکاری سەبارەت بە ڕێزگرتن لە مار شەمعون و بڕینەوەی مووچە بۆی، لەلایەن "مەجلیسی ڤالا"وە پەسەند کرا.[٥٣٨]

وەك دەردەکەوێت، ئامانج لە خەڵاتکردنی مار شەمعون بۆ باشکردنەوەی پەیوەندیی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و نەستوورییەکان بوو کە لەسەر دەستی کوردە موسڵمانەکان زیانی زۆریان پێ گەیشتبوو. نەستوورییەکان کە خاوەن ژمارەیەکی بەرچاو بوون لە هەرێمی هەکاری، لە ڕاپۆرت و نووسراوەکاندا باس لە ئەگەری پەڕینەوەیان بۆ دیوی ئێران کراوە. بەڵام ئاماژە نەکراوە بۆ شیمانەی بەشداربوونیان لە بەرخودانەکانی کورد لە داهاتوودا، چونکە کۆمەڵکوژییەکانی دژ بە نەستووری (ئاسووری)یەکان لە سەردەمی بەدرخان بەگ و مەحموود خاندا و لەسەر دەستی بەدرخان بەگ ئەو شیمانەیەی بەیەکجاری لە ئارادا نەهێشتبوو.

## دوورخستنەوەی عەبداڵ بەگی مویکویسی

پاش دوورخستنەوەی نوورڵڵا بەگ، عەبداڵ بەگ کە چەند مانگێك بوو لەگەڵ خێزان و کەسوکاریدا لە ئێران بە هەڵهاتوویی دەژیا، لە هاوینی ساڵی ١٨٤٩دا گەڕایەوە و خۆی و پیاوەکانی دایان بەسەر مویکویسدا و بەڕێوەبەری ناوچەیان کوشت. دوای گەڕانەوەی عەبداڵ بەگ، لێپرسراوانی عوسمانی کەوتنە خۆ بۆ دەستگیرکردنی. محەمەد ڕەشید پاشای قایمقامی

وان لە نامەی ١٨٤٩/١٠/١٢دا[539] بۆ والیی کوردستان دەنووسێت کە عەبدالّ بەگ و شەیخیی برای و دووان لە پیاوەکانی لە چیای ساریبولاکی نێوان چاتاك و هاڤاسۆر دەستگیر کراون. قایمقامی وان، هەروەها دەنووسێت ٢٠ کەس لە پیاوەکانی عەبدالّ بەگ کە پێشتر لەلایەن میرلیوا سەلیم پاشاوە دەستگیر کراون، لە وان زیندانی کراون و ئەندامانی خێزانی عەبدالّ بەگ لە قەزای دیلمان لە مالّی عەبدولمەنافی بازرگانی ئێرانین ئەو بابەتەی وەك زانیاری بۆ ڕاپۆرتەکەی زیاد کردووە. والیی کوردستان، عەبدالّ بەگی بەڕێوەبەری قەزای مویکویس بە چەتەگەری تاوانبار دەکات و ڕاپۆرتی ئەو سەبارەت بە عەبدالّ بەگ بۆ دەرسەعادەت کە مێژووی ١٨٤٩/١١/٢٩ی بەسەرەوەیە، وردەکاریی گرنگ سەبارەت بە بەرخودانی بەگی ناوبراو لە خۆ دەگرێت؛[540]

"پاش لە ناوبردنی کێشەی مەحموود خانی سەنجەقی وان لە سایەی حەزرەتی شاهانەدا[541]، چەتەی بەناو عەبدالّ بەگ کە خزمی ناوبراوە و یەکێکە لە میرەکانی کورد و لەلایەن عوسمان پاشای کۆچکردووەوە کرابوو بە بەڕێوەبەری سەنجەقی مویکویس، پێش مەسەلەکەی نوورللّا بەگ و وەك پێداویستیی ڕەچەڵەکی ڕاستەقینەی خۆی سالّی ڕابردوو تاقمێك چەتەی ڕیسوای کوردی کۆ کردەوە و بوو بە سەرگەورەیان و وێرایان ستەمی جۆراوجۆر لە خەڵك و هەژاران بکەن و زیانیان پێ بگەیەنن.

لەبەر ئەوە بەندەی خۆتان حەزرەتی دەولّەتلی پاشای مووشیری سوپای هەمایۆنی ئەنادۆلّی ئاگادار کردەوە و نامە نووسرا بۆ سەعادەتی محەمەد پاشای قایمقامی وان بەمەبەستی لە ناوبردنی کێشەی چەتەی ناوبراو. بەدوای ئەوەدا بەندەی خۆتان قایمقامی وان لەگەلّ میرلیوا سەلیم پاشادا کە لە وان بوو، گفتوگۆی کرد و سەلیم پاشا بە ژمارەی پێویستی عەسکەری نیزامییەی شاهانە[542] و تۆپ و کەرەستەی پێویستەوە ڕووی لە قەلّای جێی خۆحەشاردانی چەتەی ناوبراو کرد. دوای پێنج دە ڕۆژ شەڕ و پێکادان

چەتەی ناوبراو بۆی دەرکەوت لە بەرانبەر سەربازەکانی حەزرەتی سوڵتان بەرگری پێ ناکرێت و بەرەو ئێران هەڵهات.

دوای ئەوە قەڵای ئاماژە بۆ کراو ڕووخێندرا و بڕی سەربازی پێویست بۆ قەزای ناوبراو بەجێ هێڵدرا و ئەم زانیارییانە خرابوونە بەردەستی هەقپای عالی وەکالەتپەناهی.

بۆ هەقپای شامی سەدارەتپەناتان ڕوون کرابووەوە کە عەبدالّ بەگی ناوبراو لەبەر ئەوەی لە چەتە بەناوبانگەکانە، ناوبەناو نامەی بۆ هەندێك کەس لە دەوروبەری وان ناردووە و هەندێك لە میرە کوردەکان و عەشیرەتەکانی دەوروبەری قەزای باس کراو لە هاندان و ئاژاوەگێڕی دوور نابن و؛ ناوبراو دوو مانگ لەمەوبەر بە شێوەیەك لە شێوەکان هاتەوە ئەمبەر و لەگەڵ ڕیسوایانی هەڵهاتووی گرتووخانەی مووش یەکیان گرت و هێرشی کردە سەر بارەگای بەڕێوەبەری قەزای ئاماژە بۆ کراو و بوێری شەڕی بە خۆی بەخشی و؛

قایمقام محەمەد پاشا ئاماژەی دا بە بەندەی خۆتان کە دواتر نیو تابوور عەسکەری نیزامییەی حەزرەتی شاهانە و دوو پارچە تۆپی لەگەڵ میرلیوا سەلیم پاشادا ناردووە و؛

لە وەڵامدا قایمقام محەمەد پاشا ڕاسپێردرا بێ ڕوودانی هیچ کێشەیەك چەتەی ناوبراو دەستگیر بکات.

قایمقام محەمەد پاشا بە بەندەی خۆتانی ڕاگەیاند لەبەر هەڵهاتنی چەتەی ناوبراو فەرمانبەر و سیخووڕ بۆ هەندێك شوێن نێردراون و لە کاتی گەڕان بەدوای چەتەی باسکراودا ئاشکرا بووە لە چیای سەخت و بەردینی ساریبولاکی نێوان قەزای چاتاك و ناوچەی هاڤاسۆرەو[٥٤٣] ؛ عەلی ئاغای قەزای ئاماژە بۆ کراو بە جۆرێك فڕوفێڵ چەتەی ناوبراو و شەیخی بەگی برای دەستگیر کردووە و هێناویانی بۆ وان و لەبەر ئەوەی نامەی نووسیوە بۆ ئەدهەم خانی فەرمانڕەوای (خۆی) و داوای لێ کردووە ئەندامانی خێزانی

ناوبراو لە دیوی ئێرانـەوە بـۆ وان بنێرێـت، ئێـستا چـاوەڕێی هـاتنی خێزانـی ناوبراو دەکرێت و؛

قایمقــام محەمــەد پاشــا ڕایگەیانــدووە ڕوونــی کردووەتــەوە کــە چارەسەرکردن و چۆنیەتی خەرجییەکانی ئەو بوارەی بۆ حەزرەتی موشارون ئیلیـەیهی-ش نووسـیوە و چـۆنیەتیی هەڵـسوکەوتی پێویـستی لەگـەڵ ئـەو مەسەلەیەدا خستووەتە بەردەستی بەندەی خۆتان."

والیـی کوردسـتان ئەسـەد مـوخلێس پاشـا مەسـەلەی عەبـداڵ بـەگ بـە چەتەگەری لە قەڵەم دەدات و لە درێژەی نامەکەدا دەڵێت ئەوانەی ڕێیـان بـۆ ئاڵۆزییەکان خۆش کردووە پێویستە پەیوەندییان بە ناوچەکانیانەوە ببڕدرێت و لە شوێنێکی دوور نیشتەجێ بکرێن. بەو جۆرە بڕیار درا ئەگەر خێزانەکـەی هات هـەموویان پێکـەوە و ئەگـەر خێزانەکـەی نـەهات، خـۆی و هەنـدێك لـەو چـەتانەی لـە وان دەسـتگیر کـراون، ببرێنـە ئـەرزەڕۆم و تـا فـەرمانیان بـۆ دەردەچێت لەوێ ڕابگیرێن. والیی کوردستان لە کۆتایی نامەکەدا دەنووسـێت میرلیـوا سـەلیم پاشـا و قایمقـامی وان محەمـەد پاشـا کاریـان کـردووە بـۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە و شایەنی ڕێز لێنانن.[٥٤٤]

جێگری کۆنسوڵی فەرەنسا لە ئەرزەڕۆم لە ڕاپۆرتێکدا بۆ دەرسـەعادەت کە مێژووی ١٨٤٩/١١/١٢ی بەسەرەوەیە، دەنووسـێت بزووتنـەوەی نائـارامی بە ڕابەرایەتی میری کورد عەبداڵ بەگ لە ئەنجامی خراپیـی بەڕێوەبەرایـەتیی خراپــی ئەســەد پاشــای والیــی کوردســتانەوە ســەری هەڵــداوە. هــەروەها دەنووسێت کوردەکان بە هۆی خراپیی بەڕێوەبەرایـەتیی ئەسـەد پاشـاوە لـە نائارامیدان و ئەگەر ڕەوش بەو جۆرە درێژە بخایەنێت، ئاڵۆزییەکان تەشـەنە دەکـەن بـۆ ناوچـەکانی تـریش.[٥٤٥] محەمـەد و نـازر و مـیرزا خروادالیئۆغڵۆی قەزای کاڤار (گەڤەر)ی هەکاری کە لە بەرخودانی عەبـداڵ بەگـەوە گلابـوون، لەو کاتەدا لە ئەرزەڕۆم دەستبەسەر بـوون و بینباشـی حوسـێن بـەگیش کـە یەکێك بوو لە بینباشییەکانی سوپای هەمایۆنی دەرسـەعادەت، ڕەوانـەی وان کرا بۆ هێنانی خێزان و کەسوکاری عەبداڵ بەگ.[٥٤٦]

بـــەپێی نووســـراوی قایمقـــامی وان محەمـــەد پاشـــا لـــە ١٨٥٠/٣/٢٩، فەرماننامەی تایبەت بە دوورخستنەوەی عەبدالٚ بەگی بۆ دوورگەی کریت پێ گەیشتووە.[٥٤٧] عەبدالٚ بەگ و خێزانەکەی لە ژێر چاودێریی بیناباشیی سوپای هەمایۆنی دەرسەعادەت حوسێن ئاغادا بۆ دەرسەعادەت بەڕێ کران. هەندێك لـە پیاوەکانیـشی لـە وان دەسـتگیر کرابـوون و ئەوانـەیان کـە "ئیـسلاحی نەفس"یان کردبوو، ئازاد کـران. شـتومەك و مـالٚ و مـولٚکی عەبـدالٚ بـەگ بـە سەرپەرشـتی ئەنجوومـەنی خـۆجێیی فرۆشـرا. محەمـەد و نـازر و مـیرزا خروادالیئۆغلۆی قەزای گەڤەریش بە خۆیان و خێزانەوە لەگەلٚ عەبدالٚ بەگدا ڕەوانەی دەرسەعادەت کران.[٥٤٨] بەپێی ڕاپۆرتی ١٨٥٠/٥/١٢ عەبـدالٚ بـەگ و ئاغاکانی قەزای گەڤەر پاش گەیشتنیان بە دەرسەعادەت لە بەڕێوەبەرایەتیی زەبتیە بەجێ کراون. سەرجەم ئەو شتومەك و مولٚکانەی کە عەبدالٚ بـەگ لـە پـاش خـۆی بـەجێی هێـشتبوون، بـە خـشلٚی ژنەکەشـیەوە، فرۆشـران و قەردەکانی لەو داهاتـە بەدەسـت خرانـەوە.[٥٤٩] تاقمەکـەی عەبـدالٚ بـەگ لـەم ناوانە پێك هاتبوو؛[٥٥٠]

عەبدالٚ بـەگ، شـەیخی بـەگی چـواردە سـاڵانی بـرای[٥٥١]، سـلێمان بـەگی سـیازدە سـاڵانی بـرای، شـەریف بـەگی بـرای[٥٥٢]، گـولٚیزار خـاتوونی دایکـی، جەواهیری خوشکی، حەنیفەی خوشکی، فاتمە خاتوونی هاوسەری و لەگەلٚ ٤ کـەس لـە دەسـتوپێوەندەکانیدا سـەرجەم ١٤ کـەس بـوون. (تێبـینی: کـۆی ناوەکان دەکاتە ١٢ کەس، بەڵام نوسەر ١٤ کەسی نووسیوە... وەرگێڕ.)

هەرچـــەندە بـــەپێی یاداشـــتی ١٢٦٦/B/٢١ (١٨٥٠/٦/٢) کـــە لەبـــەر ڕۆشنایی بڕیاری ١٨٥٠/٥/٢٩ی "مەجلیسی ڤالا" ئامـادە کـرا[٥٥٣]، بڕیـار درا عەبدالٚ بەگ و کەسوکاری بۆ دوورگەی کریت دوور بخرێنەوە، بەڵام دواتر ئەو بڕیـارە بـە مەترسـیدار دانـرا. هۆکـاری گـۆڕینی بڕیارەکـە بـریتی بـوو لـە نیشتەجێبوونی بـەدرخان بـەگی مـیری پێـشووی جزیـرە و بۆتـان لـە هـەمان دوورگە.[٥٥٤] دەوڵەتی عوسمانی پێکەوەبوونی میرەکانی کوردی لـە بەندیـشدا بە مەترسیدار دەزانی، لەبەر ئـەوە بڕیـاری دا عەبـدالٚ بـەگ و تاقمەکـەی بـۆ

دوورگـەی ڕۆدۆس دوور بخاتـەوە.[555] بڕێکـی زۆری نامـەی والیـی هـەکاری ئەحمەد عزەت پاشا، قایمقامی وان محەمەد ڕەشـید پاشـا و والیـی جزیـرەی (بـەحری سـەفید)[556] محەمـەد ڕاغـب پاشـا سـەربارەت بـە سـەرجەم ئـەو پێـشهاتانە لەبـەر دەسـتدان. عەبـدالڵ بـەگ و ئاغاکـانی قـەزای گەڤـەر و دەسـتوپێوەندەکانیان پـاش گەیـشتنیان بـۆ دوورگـەی ڕۆدۆس بەمەبەسـتی دابینکردنی بژێوی ژیانیان مووچەیان بۆ بڕدرایەوە. عەبدالڵ بەگ مانگانە ٢٥٠ قـرووش و ئـەوانی تـریش ١٥٠ قرووشـیان وەردەگـرت.[557] خێـزان و دەستوپێوەندەکانی عەبدالڵ بەگ لە ١٧ کەس پێك هاتبوون.[558]

# بەشی ٩

## ئێزدین شێر بەگی جزیرەیی

ئێــزدین شــێر بــەگ کــە هاوکارییــەکی پــڕ بایــەخی هــەبوو لــە خۆبەدەستەوەدانی بەدرخان بەگدا، پـاش دەسـتگیرکردنی بـەدرخان بـەگ و مـەحموود خـان، وەك خـەڵات لەلایـەن عوسمـان پاشـای مووشـیری سـوپای ئەنادۆلەوە پلەی بەڕێوەبەری ئەستەبلی ئامیرە (ئاخووڕی تایبەت)ی پـێ درا و بە مووچەیەکی ٣٥٠٠ قرووشی کرا بـە موتەسـەلیمی جزیـرە.[٥٥٩] بـەڵام ئـەو ڕەوشەی ئێزدین شێر بەگ زۆری نەخایەند و هەبوونی ئەو بـوو بـە کێشە بـۆ ئەو نوێکارییانەی کە لەگەڵ دامەزراندنی ویلایەتی کوردسـتاندا ئـەنجام دران، چـونکە لەگـەڵ سـەرلەنوێ ڕێکخستنەوەدا مـستەفا پاشـا کـرا بـە قایمقـامی جزیرە و پێویست بە بەکارهێنانی ئێزدین شێر بـەگ نـەما.[٥٦٠] نامـەی ئەسـەد پاشای والیی کوردستان بۆ دەرسەعادەت بە مێژووی ١٨٤٩/٤/٢٦، زانیـاریی ورد سەبارەت بە یەکەم کێشە لەگەڵ ئێزدین شێر بەگدا دەخاتـە بەرچـاوان. نامەکە بەم جۆرە دەست پێ دەکات؛[٥٦١]

" میر سەڤدینزادە (سیفەدین زادە)[٥٦٢] ئێزدین شێر بەگ کە خزمی مـیری نـاوبراوە و لــە خانەدانــەکانی دەوروبــەری جزیرەیــە، ســاڵی ڕابــردوو لــە سەروبەندی دەستپێکردنی لـە نـاوبردنی کێـشەی بـەدرخان بـەگ لـە سـایەی حــەزرەتی شاهنــشاهانەدا دەســتەودامێنی ســەلتەنەتی ســەنییە بــوو و پابەندبوونی خۆی بەیان کرد. بەو بۆنەیەوە وەك خـەڵات پلـەی بەڕێوەبـەری ئەستەبڵی ئامیرە (ئاخووڕی تایبەت)ی پێ درا و فەرمان درا بـە مووچـەیەکی ٣٥٠٠ قرووشـی موتەسـەلیمییەتی جزیـرە بخرێتـە ژێـر دەسـەڵاتی و کۆتـایی مانگی شوباتی سـاڵی شەسـت و سـێ ئـەو مووچـەیەی لـە سـندووقی دارایـی جزیرە وەرگرت. بەڵام لەبەر ئەوەی دواتر قایمقامییەتی لیوای ئاماژە بۆ کراو درا بە مستەفا پاشا، موما ئیلەیهی (ئێزدین شێر بەگ) ترۆ کرا."

ئەم مەسەلەیە وەك ئەوەی ئەسەد موخلّیس پاشا لە سەرەوە پوختی کردووەتەوە، لە نامەکەدا هاتووە کە پێشتر بۆ دەرسەعادەت ڕوون کراوەتەوە و گوتراوە ئەو کارە مەترسی بەدواوە دەبێت و ترۆکردنی ئێزدین شێربەگی پابەندی دەوڵەت کارێکی گونجاو نابێت و پێشنیاز کراوە ناوبراو وەك کەدخوادی قایمقامی جزیرە بێتە دامەزراندن و لە دەرسەعادەتەوە مووچەی بۆ ببڕدرێتەوە. بەپێی ئەوەی لە نامەکەوە ئاشکرا دەبێت، والیی کوردستان بە فەرماننامەی ٢٦/Za/١٢٦٤ (١٨٤٨/١٠/٢٤) وەڵامی نووسراوی یەکەمی داوەتەوە. "مەجلیسی ڤالا" مەسەلەکەی تاوتوێ کرد و گەیشتە بڕیاری ئەوەی کە مانەوەی ئێزدین شێر بەگی خزمی بەدرخان بەگ لە هەرێمەکە و هێز کۆکردنەوە و دەسەڵات پەیداکردنی، کارێکی گونجاو نابێت. بڕیار درا ئەگەر ئەسەد پاشای والیی کوردستانیش پێی باش بێت، ئێزدین شێر بەگ ببرێتە ئیستانبوڵ و یان لەوێ، یان لە شوێنێکی تری گونجاو نیشتەجێ بکرێت و دابمەزرێندرێت و و والیی کوردستانیش لەو بڕیارە ئاگادار کرایەوە.

ئەسەد پاشا لە درێژەی نامەکەدا دەڵێت ئەو بڕیارەی هەڵسەنگاندووە و بە گونجاوی دەزانێت و دەڵێت بەپێی ئەوە ئێزدین شێر بەگ ڕاگیرا و بە یاوەریی یووسف ئاغای ئەندامی ئەنجوومەن بۆ ئیستانبوڵ بەڕێ کرا. ئەسەد پاشا دەنووسێت ئەگەر بخوازرێت، دەتوانێت خێزانەکەشی بنێرێت. ئێزدین شێر بەگ کە وەك دەردەکەوێت لە مانگی ئاداری ساڵی ١٨٤٩دا ڕەوانەی ئیستانبوڵ کراوە، داوای کرد ١٠٠٠ قرووش لە مووچەکەی بدرێت بە مەنسوور بەگی ١٤-١٥ ساڵانی برای کە لە جزیرە مابووەوە و پاشماوەکەشی لە ئیستانبوڵ بدرێت بە خۆی. ئەم داخوازەی وی بە حاجی مودیر ئاغای قایمقامی ئەو سەردەمەی جزیرە ڕاگەیەندرا و خرایە بواری جێبەجێکردنەوە.

وەك دەردەکەوێت، لە کاتی ناردنی ئێزیدن شێر بەگدا لەلایەن والیی کوردستانەوە بۆ ئیستانبوڵ، دیسان لە دەرسەعادەت بابەتەکە تاوتوێ کراوە و جیاوازیی لە بیر و بۆچووندا کەوتووەتە ڕوو. بەپێی بڕیاری "مەجلیسی

ڤـالا" لــه ١٢٦٥/C/١٢ (١٨٤٩/٥/٥)، ئێـزدین شـێر بـەگ لەبـەر ئـەوەی "وەقف"ی ئەو کاروباری "مولکی"یە نییـە کـە لـە دەرسـەعادەت کـاری پـێ دەکرێت، دامەزرانـدنی لـە ئیـستانبولّ بـە گونجـاو نـەزانراوە. مانەوەشـی لـە ناوچەکانی خۆی لەلایەن دەوڵەتەوە وەك کێشە دەبیندرا، چـونکە دەبـوو بـە هـۆی پەیـداکردنی دەسـەڵات. بۆیـە مەسـەلەکە دیـسان هەواڵـەی والیـی کوردسـتان کرایـەوە و داوای لـێ کـرا بـە لەبەرچـاوگرتنی هـەموو ڕەهەنـدە نەرێنییەکان لای خۆی لە کارێکی گونجاودا دایبەمەزرێنێت.[٥٦٣]

### بەرخودانی ئێزدین شێر بەگ

لە ساڵی ١٨٥٤دا ئاشکرا دەبێت کـە ئێـزدین شـێر بـەگ سـاڵی ١٨٤٩ لـە دەرسـەعادەتەوە بـۆ کوردسـتان بـەڕێ کراوەتـەوە، بـەڵام لـە کوردسـتان نیشتەجێ نەکراوە و وەك ئەندامی سوپا لە موسڵ نیـشتەجێ کـراوە. سـاڵی ١٨٥٤ لە سەروبەندی شەڕەکانی عوسمانی و ڕووسدا لەسەر داوای والییەکانی وان و هەکاری بڕیار درا لە ناوچەکانی موسڵ و جزیرە سەرباز کۆ بکرێتەوە و ڕەوانـەی سـوپای لـە بایەزیـد بکـرێن. ئـەو ئەرکـە بـە ئێـزدین شـێر بـەگی دانیشتووی موسڵ سپێردرا. ئێـزدین شـێر بـەگی خـاوەن پلـەی بەڕێوەبـەری ئەسـتەبلی ئـامیرە (ئـاخوورِی تایبـەت) بـە نزیکـەی ٢٠٠ سـەربازی سـوارە و پیادەوە کە لە موسڵ کۆی کردبوونەوە، چووە جزیرە و لە ناوچەکانی جزیرە و بۆتان نزیکەی ٩٠٠ سەربازی ناونووس کرد.

ئێزدین شێر بەگ ئەو گەڕانەوەیەی بە هەل زانـی و بـە عوسمـان پاشـای قایمقـامی مـاردین و کـەنعان پاشـای قایمقـامی سـێرت و لێپرسـراوانی تـری ڕاگەیاند پارەی تەرخانکراو بۆ ناونووسکردنی سەرباز بەشـی نـەکردووە و تـا گەیـشتنی بـڕی ٢٠٠٠٠٠ هـەزار قرووشـی پاشمـاوەی پارەکـە لـە جزیـرە دەمێنێتەوە. ئەو ڕەوشە پاشاکانی هەرێمەکەی بەرەو نیگەرانی بەکێش کـرد و لەو بۆچوونەشیاندا بەهەڵەدا نەچووبوون. بەپێی دەیان نامە و نووسراو کـە تیشك دەخەنـە سـەر ئـەو بابەتـە، بـەرخودانی ئێـزدین شـێر بـەگ دوای ئـەو

پێشهاتە ڕووی داوە. ئێزدین شێر بەگ بەمەبەستی دابینکردنی چەردە پارەی پێویست، بەڕێوەبەری جزیرەی نارد بۆ لای عوسمان پاشای قایمقامی وان کە لەو کاتەدا لە زاخۆ بوو. دواتریش لە وتەنامەی خۆیدا دەڵێت لە سۆنگەی ئەو هەڵوێستەوە کە پاشاکانی عوسمانی لە هەرێمەکە لە بەرانبەر ئەم هەیانبووە، ڕێی بەرخودانی گرتووەتە بەر. وەك دەبنیدرێت، بەرخودانی ئێزدین شێر بەگ لە کاتێکدا ڕووی نەداوە کە موتەسەلیمی جزیرە بووە، بگرە کاتێك بەرپابوو کە خۆی یەکێك بووە لە فەرماندەکانی سوپای عوسمانی.[٥٦٤]

### کاریگەریی ڕووسەکان بەسەر بەرخودانەکەوە

هەڵوێستی خراپی پاشاکانی عوسمانی کە ئێزدین شێر بەگ ئاماژەی بۆ کردووە، تاکە هۆکاری بەرخودانەکە نەبوو. بەردەوامبوونی دەسەڵاتی لە مێژینەی بنەماڵەی عەزیزی (بەدرخانییەکانیش لەوان بوون) لە ناوچەکانی جزیرە و بۆتان یەکێك بوو لە گرنگترین دوو هۆکاری زەمینە خۆشکەر بۆ بەرخودانی ئێزدین شێر بەگ، چونکە وەك دواتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە، هەندێك لە کەسایەتییە لە پێشەکانی جزیرە و بۆتان داوایان کرد هەرێمەکە سەرلەنوێ بخرێتەوە ژێر دەسەڵاتی ئێزدین شێر بەگ. بنەماڵەی ئێزدین شێر بەگ دەسەڵاتی لە مێژینەی خۆیان خستە کار و بێ گوێدانە پاشاکانی عوسمانی لە ماوەیەکی کورتدا دەستیان گرت بەسەر ناوچەکانی جزیرە، بۆتان، سێرت، گارزان و شیرڤاندا. هۆکارێکی تری گرنگی بەرپابوونی بەرخودانی ئێزدین شێر بەگ هاندانی میرەکانی کورد بوو بۆ بەرخودان لەلایەن ڕووسەکانەوە کە ئەو کاتە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا لە شەڕدا بوون. ئەم بەڵگەنامەیەی خوارەوە تیشك دەخاتە سەر دەستپێکی بەرخودانەکەی ئێزدین شێر بەگ. نامەی فەرماندەی ویلایەتی ڕەڤانی (یەریڤانی) ڕووسی ''میرئالای سوچیفیرت'' لە ١٨٥٤/٨/٢٤ بۆ ئێزدین شێر بەگ بەم جۆرەیە؛[٥٦٥]

"زۆر لە مێژە ڕووسەکان دەستی ڕێککەوتنیان بۆ تایەفەی کورد درێژ کردووە. ئەگەر وایە دواخستنەکانی تایبەت بە پەسەندنەکردنی ئەم داخوازە لەلایەن ئێوەوە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟ بۆچی سەرباز کۆ دەکەیتەوە؟ ئایا پێت وایە ئەو هاوکارییەی ئێمە پێشکێشت دەکەین کەمتر دەبێت لە هاوکاری و پشتیوانیی دەوڵەتی بەلاداهاتوو، تێکچوو و وێرانی عوسمانی کە تەنانەت بۆی هەیە کەسانی دیار و بەرچاوی خۆیشی بخاتە مەترسییەوە؟ نازانرێت مەیلی خوێنڕشتنت هەیە؟ تۆ پیاوێکی بەدرایەتیت. عەشیرەتە کوردەکانی پابەندی تۆ ڕێزت لێ دەگرن و دڵت ڕادەگرن. تۆش مۆڵەت بدە ئەسپسوارەکانت و فەرمانیان پێ بدە سەرقاڵی کاری خۆیان بن. بەڵێن دەدەم پارێزگاری لە ماف و حکوومەتت بکەم و بیسەپێنم. بۆت دەردەکەوێت ئێمە هاوپەیمانی خاوەن چاکە و دۆستی سەرڕاستین. ئارەزووی سەلامەتیت دەکەم و چاوەڕێی وەڵام دەکەم لای تۆوە."[٥٦٦]

وەك ڕوون دەبێتەوە ڕووسەکان هەر لە سەرەتاوە پەیوەندییان بە ئێزدین شێر بەگەوە کردووە، درێژکردنی دەستی دۆستایەتییان بۆی بەیان کردووە، داوایان لێی کردووە سەرباز کۆ نەکاتەوە و لە ڕیزەکانی سوپای عوسمانیدا شەڕ نەکات و پێشنیازی هاوپەیمانیان خستووەتە بەردەستی. ئێزدین شێر بەگ هەرچەند ئەو پێشنیازەی ڕەت نەکردووەتەوە، بەڵام هەستی کردووە ئامادە نییە و وا دەردەکەوێت نەچووەتە ئەو پەیوەندییەوە. بەڵام سەرەڕای ئەوە لە پایزیساڵی ١٨٥٤دا دەستی دایە بەرخودان و بیری لەوە کردەوە تا بەهار پاشاکانی عوسمانی بخافڵێنێت. لەوانەیە بیری لەوەش کردبێتەوە کە تا ئەو کاتە هەلومەرجەکانیش کامڵ دەبن و ڕەوشی ڕووسەکانیش ڕوون دەبێتەوە.

ئێزدین شێر بەگ کە بڕیاری دابوو دەوڵەتی عوسمانی بگرێت بەدەمەوە، لە نووسراوی ١٨٥٤/١١/٩دا[٥٦٧] ڕادەگەیەنێت چووەتە جزیرە و درێژەی بە کاری ناونووسکردنی سەرباز داوە. هەروەها دەنووسێت بەپێی نامەکانی پێشووتری والییەکانی کوردستان و وان ڕوون کراوەتەوە کە بڕی پارەی

پێویست لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی جزیرەوە تەرخان دەکرێت، بەڵام ئەم تا ئێستا تەنیا ٣٠٠٠٠ قرووشی وەرگرتووە و داوا لە والیی کوردستان دەکات بە شێوەیەك لە شێوەکان پاشماوەی بڕی پارەکەی بۆ بنێرێت.

ڕاستی ئەوەیە ئێزدین شێر بەگ وەك پێویست لەلایەن پاشاکانی عوسمانییەوە بایەخی پێ نەدرا و بەمەش هەستی بە تەنگاوی کرد و پارەی داواکراویشی پێ نەگەیشت. ئێزدین شێر بەگ لە جزیرە چاوەڕێی دەکرد و هەلی چاوکەوتن بە خەڵك و کەسایەتییە لە پێشەکانی هەرێمەکەی بۆ ڕەخسابوو. ئەوەی بە پلەی یەکەم مەیلی بەرخودانی خستە بەر ئێزدین شێر بەگ، کەسایەتییە لە پێشەکانی ناوچەی دەرگولی ١٥ سەعاتەڕێ دوور لە جزیرە بوون. عومەر و ڕەمەزان و عەلی و مستەفا ئاغا کە لە ئاغاکانی قەزای دەرگول بوون، مۆڵەتیان لە ئەحمەد ئەفەندیی بەڕێوەبەری دەرگول وەرگرت بۆ چاوکەوتن بە ئێزدین شێر بەگ و چوون بۆ جزیرە. ئەو ئاغایانە بە ئێزدین شێر بەگیان گوت "با جزیرە و بۆتان و حاجی بەهرام بخرێتە ژێر دەسەڵاتی تۆ. ئەگەر نەکرێت، هەموومان ڕادەکەین!" ئێزدین شێر بەگ لەبەر ئەوەی خۆی دڵی لە پاشاکانی عوسمانی ڕەنجابوو، ڕووسەکانیش بوێرییان خستبووە بەر، هاندانی بۆ بەرخودان کارێکی دژوار نەبوو بۆ ئاغاکان. بێزاربوونی خەڵکی هەرێمەکە لەو لێپرسراوە عوسمانییانەی کە دامەزرێندرابوون، تا ڕادەیەکی بەرچاو کاریگەری هەبوو لە تەشەنەکردنی بەرخودانەکە لە ماوەیەکی کورتدا. ئێزدین شێر بەگ بە ئاشکرا لە جزیرە بەرخودانی دەست پێ کرد، هەریەك لە عەبدولحەمید ئاغا، حاجی ئیسماعیل ئاغا، عەبدولڕەحمان ئاغا و ئەحمەد ئاغای ئەندامانی ئەنجوومەنی جزیرەی بە کوشت دا، چونکە بەرەنگاری ئەم بووبوونەوە، لە ناوچەی ''قەسری گەلی''ی دەربەندی دەرگول سەربازی مۆڵ دا[٥٦٨]، پیاوی نارد بۆ دەرگول و داوای لە بەڕێوەبەری ئەوێ کرد گوێڕایەڵیی خۆی بەیان بکات. بەڵام بەڕێوەبەری دەرگول هەر ئەوەندەی هەواڵی هەڵگیرسانی بەرخودانی جزیرەی پێگەیشتبوو، هەڵهاتبوو بۆ سێرت و گەیشتبووە لای کەنعان پاشا.[٥٦٩]

قایمقامی ماردین عوسمان پاشا كه ئەو كاتە لە زاخۆ بوو، بە ڕاپۆرتی ١٨٥٤/١١/١٤ والیی كوردستان لە هەڵگیرسانی بەرخودانی ئێزدین شێر بەگ ئاگادار دەكاتەوە.[٥٧٠] عوسمان پاشا هەواڵ دەگەیەنێت كە ئێزدین شێر بەگ لە موسڵەوە هاتبوو ئەركی ناونووسكردنی سەربازی لە جزیرە و بۆتان بۆ سوپای بایەزید پێ سپێردرابوو، كەچی كەنعان ئەفەندیی بەڕێوەبەری قەزای لەوێ دەرپەڕاندووە و بە نزیكەی هەزار سەربازەوە كە لە جزیرە و بۆتان ناونووسیانی كردووە، دەستی گرتووە بەسەر جزیرەدا. عوسمان پاشا ئەوەشی بۆ نامەكەی زیاد كردووە كە هەواڵی "جزیرە و بۆتان لە دەست دەچن!"ی بۆ موسڵیش ناردووە و داوای كردووە هاوكاری بنێردرێت.

هەواڵی بەرخودانەكە لە ماوەیەكی كورتدا بڵاو بووەوە. قایمقامی سێرت كەنعان پاشا لە نامەی ١٢٧١/S/٢٤ (١٨٥٤/١١/١٥)دا دەنووسێت لەلایەن بەڕێوەبەری ناوچەی دەرگولی دەڤەری بۆتانەوە هەواڵی پێ گەیشتووە كە ئێزدین شێر بەگ دەستی داوەتە بەرخودان. كەنعان پاشا، بەڕێوەبەری دەرگولی بە ٢٠٠ تفەنگچییەوە بەرەو گوندی "تەلمیسار" نارد و لە ڕێی بەڕێوەبەری قەزای ڕەزوانەوە[٥٧١] داوای هاوكاری بەپەلەی لە حامید بەگی گارزان و شێر بەگی شیرڤان كرد. لەبەر ئەوەی گومانی دەكرد سەعید بەگی بەڕێوەبەری پێشووی شیرڤان پەیوەندی بە ئێزدین شێر بەگەوە بكات، بەزۆر لە سێرت نیشتەجێی كرد. كەنعان پاشا بۆچوونی خۆی بۆ والیی كوردستانیش دەردەبڕێت و دەنووسێت ئەو كارە ئەگەر پێشی لێ نەگیرێت، زۆر گەورە دەبێتەوە و لە نامەكەیدا ئاماژەی كردووە بۆ پشتیووانیكردنی خەڵكی ئەروح و پەرواریش لە ئێزدین شێر بەگ.

والیی كوردستان محەمەد حەمدی پاشا لە نووسراوی ١٢٧١/S/٢٦ (١٨٥٤/١١/١٧)دا ڕوونی دەكاتەوە ئێزدین شێر بەگ بەمەبەستی ڕۆیشتن بۆ بایەزید هاتووەتە جزیرە، دەستی داوەتە بەرخودان، جزیرەی تاڵان كردووە و خزمەكانی بەڕێوەبەری جزیرەی بەرەو میدیات دوورخستووەتەوە. والیی كوردستان دەنووسێت ئێزدین شێر بەگ نامەی بۆ ناردووە و نووسیوویەتی

ئامانجی بەرخودان نییە و لەگەڵ نزیکبوونەوەی بەهاردا بە ١٠٠٠٠ سەربازەوە پەیوەندی بە سوپای ئەرزەڕۆمەوە دەکات. محەمەد حەمدی پاشا لە درێژەی نامەکەیدا دەنووسێت، بەڵام ناوبراو بە ئاشکرا دەستی داوەتە بەرخودان و ئەم باوەڕ بە قسەکانی ناکات. والیی کوردستان کە لە نزیکەوە چاودێریی ڕەوشەکەی دەکرد، بەمەبەستی جڵەوکردنی ڕووداوەکە ٦٠٠ ئەسپسواری بە فەرماندەییی حاجی محەمەد ئاغا بۆ لای نووسیبین نارد و هێزەکانی ژێر فەرماندەییی ئەرنائوت (ئەلبان) دەروێش ئاغاشی بەنیازی گەیشتن بۆ لای کەنعان پاشا بەرەو لای بەشیری بەڕێ کرد.[٥٧٢]

ئێزدین شێر بەگ جزیرەی خستە ژێر دەستی خۆی و مەنسوور بەگی بە چەند سەد سەربازێکەوە بەرەو بۆتان بەڕێ کرد. ناوبراو چاوی بڕیبووە قایمقامی ماردین لە زاخۆ و ڕۆژی S/٢٨/١٢٧١ (١٨٥٤/١١/١٩) بە نزیکەی ٤٠٠٠ سەربازەوە هێرشی کردە سەر زاخۆ. عوسمان پاشا نامەی بۆ والیی موسڵ نووسی و پێی ڕاگەیاند ئێزدین شێر بەگ تەنیا بە زاخۆوە ڕاناوەستێت و دەیەوێت دەست بگرێت بەسەر موسڵدا و داوای هاوکاری بەپەلەی لە والیی موسڵ کرد. ئێزدین شێر بەگ توانی تا ماڵەکانی کەناری زاخۆ بچێت، بەڵام لەلایەن عوسمان پاشاوە بەزێندرا و ٢٠٠ دیل و ٣٠٠ کوژراوی لە دوای خۆی بەجێ هێشت و هەڵهات. عوسمانییەکان ماوەی ٤ سەعات بەدوایەوە بوون، بەڵام نەیانتوانی بیگرن.[٥٧٣]

ئێزدین شێر بەگ سەرەڕای گشت ئەو ڕووداوانە بە والیی کوردستان دەڵێت دەستی بە بەرخودان نەکردووە و دەڵێت بەڕێوەبەری جزیرەی بەمەبەستی داواکردنی پارە بۆ زاخۆ بۆ کن عوسمان پاشا ناردووە و ئەوانە قسە و قسەڵۆکی بەرخودانیان هێناوەتە ئاراوە. ئێزدین شێر بەگ ڕوونی دەکاتەوە وەك ئەوەی نەخشەی بۆ کێشاوە، سەرەتای بەهار لەگەڵ سەربازە کۆکراوەکاندا پەیوەندی بە سوپاوە دەکات. بێباکانەش دەنووسێت ئەگەر هێرش بکرێتە سەری، شەڕ دەکات.[٥٧٤] ئەو قسانەی ئێزدین شێر بەگ لەلایەن

والیـی کوردسـتانەوە بایـەخیان پـێ نـەدرا و بۆچـوون وا بـوو کـە بـۆ بەدەستخستنی کاتە.

لە کاتێکدا لە باشوور ئەو ڕووداوانە دەقـەومان، قایمقـامی سـێرت چـووە گوندی "دەهـ"[٥٧٥] و لەوێ بارگەی خست و چاوەڕێی ئەو هێزانەی کرد کـە بـۆ لای دەهـاتن. هاوکـات هـەواڵ زانـرا ئێـزدین شـێر بـەگ پێنجسەد شەشسەد سـەربازی لـە جزیـرە بـەجێ هێـشتووە، چـووەتە گونـدی "ڕەشـتە"ی ٤ سەعاتەڕێ دوور لە گوندی دەهـ، تێکەڵ بـە هێزەکـانی مەنـسوور بـەگی بـرای بـووە و چـاوی بڕیوەتـە سـێرت. کاتێـك کـەنعان پاشـا لـە گونـدی دەهـ بـوو، سەعید بەگی بەڕێوەبەری پێشووی شیرڤان کـە لەلایـەن کـەنعان پاشـاوە لـە سێرت لە دۆخی نیـشتەجێبوونی زۆرەملێـدا بـوو، بـە خێـزان و کەسـوکارەوە هـەڵهات و پەیوەنـدی بـە ئێـزدین شـێر بەگـەوە کـرد. لـە ئـەنجامی ئـەو ڕووداوەشدا کەنعان پاشا لـە شـیرڤانەوە هاوکـاری پـێ نەگەیـشت. هـەروەها ٦٠٠ سەرباز کە کەنعان پاشا بە فەرماندەییی بەڕێوەبەری پەروازی بۆ گوندی ڕەشتە ناردبوونی، سەنگەریان گۆڕی و چوونە ڕیزی هێزەکـانی ئێـزدین شـێر بەگـەوە.[٥٧٦] کـەنعان پاشـا هـەواڵی دا کـە عەشـیرەتەکانی ئـەروح[٥٧٧] و پەرواریش[٥٧٨] پشتیووانی لە ئێزدین شێر بەگ دەکەن و پاش ئـەوەی بیـستی مەنسوور بەگ شەو هێرش دەکاتە سەر دەهـ، بۆ سێرت گەڕایـەوە. قایمقـامی سـێرت کـەنعان پاشـا لـە هـەموو نامەکانیـدا بـە پێداگرتنـەوە بـاس لـە گەورەبوونەوەی بەرخودانەکە دەکات ئەگـەر یەکسەر پێـشی لـێ نـەگیرێت. والیـی کوردسـتان لـە دوای ئـەو پێـشهاتانە حـاڵی دەبێـت تـەنیا سـەربازی باشبوزوق ئەو کارە ئەنجام بدەن و داوا لە سوپای ئـەنادۆڵ دەکات بەپەلـە دوو تابوور سەربازی ڕێکخراو و تۆپ و کەرەستەی پێویست بگەیـەنێت و بـە دەرسەعادەت ڕادەگەیەنێت ئەگەر خەڵکی بۆتان پشتیووانی لە بەرخودانەکە بکات، ئەوا ناتوانرێت پێشی پێ بگیرێت.[٥٧٩]

کەنعان پاشا لە سێرت چاوەڕێی گەیشتنی هاوکاری سەربازی دەکرد و بەمەبەستی ڕێککەوتن لەگەڵ ئێزدین شێر بەگ و بەدەستهێنانی کاتدا ناوبژیوانی بۆ لای نارد. شێخ ئیبراهیم ئەفەندی، موفتی مستەفا ئەفەندی و محەمەد سەعید ئەفەندی وەك ناوبژیوان بۆ لای ئێزدین شێر بەگ بەڕێ کران. بەپێی ڕاپۆرتی کەنعان پاشا لە ١٨٥٤/١١/٣٠، محەمەد سەعید ئەفەندی و شێخ قاسمی کوڕی شێخ سەعات دەوروبەری ٢١ی شەوی ٢٩ی تشرینی دووەم گەڕاونەتەوە و هەواڵیان داوە کە ئێزدین شێر بەگ گەیشتووەتە گوندی "سراه"ی ٣ سەعاتەڕێ دوور لە سێرت.[٥٨٠] ناوبژیوانان ڕوونی دەکەنەوە ئێزدین شێر بەگیان پێ قایل نەکراوە و دەڵێن ناوبراو سوورە لەسەر هاتنە ناوەوەی سێرت و گوتوویەتی "بەمەبەستی ڕزگارکردنی خێزانی خۆی لە موسڵ، کەنعان پاشا و خێزانەکەی دەستگیر دەکات و لە حاڵەتی هەڵهاتنیشیاندا دوایان دەکەوێت و دەیانگرێت." کەنعان پاشا لە دەوروبەرەوە هاوکاری چاوەڕوانکراوی پێ نەگەیشت و لە ترسی هەڕەشەکانی ئێزدین شێر بەگ هەمان شەو خێزانەکەی هەڵگرت و لەگەڵ شێر بەگی بەڕێوەبەری قەزای شیرڤاندا لە سێرتەوە بۆ بەشیری هەڵهات. پاش هەڵهاتنی قایقامی سێرت، ئێزدین شێر بەگ بەئاسانی دەستی بەسەر ئەو شارەدا گرت.

والیی کوردستان حەمدی پاشا[٥٨١] هەواڵی پێشهاتەکانی گەیاندە دەرسەعادەت و ڕوونی کردەوە ترسی بڵاوبوونەوەی بەرخودانەکە لە قەزاکانی دیاربەکر هەیە و نیگەرانیی خۆی دەربڕیوە و دەڵێت ئەگەر سەربازی ڕێکخراو و کەرەستەی داواکراو لە سوپای ئەنادۆڵ نەگات، کارەکە زۆر گەورە دەبێتەوە. حەمدی پاشا ناردنی ئێزدین شێر بەگ لە موسڵەوە بۆ جزیرە بە ئەرکێکی لەو جۆرە وەك هەڵەیەکی گەورە لە قەڵەم دەدات.[٥٨٢] بێگومان دواکەوتنی گەیشتنی سوپا ڕێکخراوەکانی عوسمانی بۆ کوردستان

ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە هاندانی کوردەکاندا بۆ بەردەوامبوون لەسەر بەرخودان. ئێزدین شێر بەگ پەیوەندی بە کوردەکانی بتلیسیشەوە کرد، سەعید بەگی بەڕێوەبەری پێشووی شیرڤانی کرد بە بەگی شیرڤان[583] و لەو قەزایانەش کە خستبوونیە ژێر دەسەتی خۆی، بەڕێوەبەرگەلی نوێی دامەزراند.[584] بەڕێوەبەری قەزای هیزان کاتێك هەواڵی پێ گەیشت وا سەعید بەگ بە ٤٠٠٠ سەربازەوە بەرەو بتلیس بەڕێوەیە، بۆ بتلیس هەڵهات.[585]

بەو جۆرە لە ماوەیەکی کورتدا دەست گیرا بەسەر ناوچەکانی جزیرە، بۆتان، پەرواری، سێرت و شیرڤاندا. مویکویسیش یەکێك بوو لەو ناوچانەی کە ئێزدین شێر بەگ دەستی بەسەردا گرت. بە دوورخستنەوەی عەبداڵ بەگی برازای مەحموود خان و بەڕێوەبەری مویکویس کۆتایی بە دەسەڵاتی لە مێژینەی بنەماڵەی ئەیوبخانبەگی هاتبوو و بۆشاییی ئەو قۆناغە لەلایەن بەدرخان بەگی مویکویسییەوە[586] کە لە قۆڵی "کەلەهی"ی میرەکانی مویکویس بوو، پڕ کرایەوە. بەدرخان بەگی مویکویسیی پشتیووانی لە ئێزدین شێر بەگ کرد و باجەکانی ساڵی ١٢٧٠شی نەدا بە دەوڵەت.[587]

## دەستتێوەردانی ئینگلیز و فەرەنسییەکان

چ والیی کوردستان و چ قایمقامی سێرت هەر لە سەرەتای بەرخودانەکەوە دەستیان کرد بە نامەنووسین بۆ ئێزدین شێر بەگ و داوایان لێ کرد وەك ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی بە سەربازە کۆکراوەکانەوە پەیوەندی بە سوپای بایەزیدەوە بکات، بەو جۆرە وەڵامی چاکەی دەوڵەت لە بەرانبەری نەداتەوە و لە دۆخی بەرخودان پاشگەز ببێتەوە.[588] وەك دەردەکەوێت ئێزدین شێر بەگ دوای گرتنی شاری سێرت، پیاوەکانی خۆی ناردووەتە کن والیی کوردستان و هەوڵی داوە کەناڵی دانوستاندن بکاتەوە. بەپێی ڕاپۆرتی والیی کوردستان لە مێژووی ١٢٧١/Ra/٢١ (١٨٥٤/١٢/١٢)، ئێزدین شێر بەگ هەریەك لە شێخ قاسم، بینباشی مستەفا ئاغا و سەعید ئەفەندیی بۆ

چاوپێکەوتنی ئەم ناردووە. ئێزدین شێر بەگ لە ڕێی ئەو نابژیوانانەوە ڕوونی کردەوە کە وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کردووە، ئەو لە دۆخی بەرخودانداندا نییە و ڕەفتاری خراپی قایمقامەکانی سێرت و ماردین بووە بە هۆی ئەم هەڵوێستەی ئەم و دووپاتی کردەوە کە سەرەتای بەهار پەیوەندی بە سوپاوە دەکات. ئێزدین شێر بەگ هەمان کات داوای لە والیی کوردستان کرد ماردین و سێرت بخرێنە ژێر دەسەڵاتی ئەمەوە. هەرچەندە ئەو داخوازە بۆ دەرسەعادەتیش نێردرا، بەڵام والیی کوردستان پەسەندی نەکرد. لە کاتێکیشدا گفتوگۆکان درێژەیان هەبوو، لای خارپووتەوە کەرەستەی سەربازی بۆ هەرێمەکە نێردرا و لە موسڵیشەوە ناردنی هێزی سەربازی بۆ لای ماردین بەردەوام بوو. ئیسماعیل پاشای والیی ئەرزەڕۆمیش حوسێن پاشای نزیك لە دەوروبەری مووش و قایمقامی مووش و عەلی ئاغای جێگری بەڕێوەبەری بتلیسی ڕاسپارد بۆ هێرشی سەربازیی چاوەڕوانکراو.[589] والیی کوردستان حەمدی پاشا بە چەندین ڕاپۆرت هەواڵی بەرخودانی ئێزدین شێر بەگی گەیاندە دەرسەعات و داوای ڕاوێژی کرد. بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی بۆ فەرماندەییی سوپا هاتن، بە والیی کوردستان ڕاگەیەندرا لە پێشدا داوا لە ئێزدین شێر بەگ بکرێت گوێڕایەڵبوونی خۆی بەیان بەکات و ئەگەر بەپیر ئەو بانگەوازەوە نەهات، با ڕێگەچارەی ناچارکردن بگیرێتەبەر.[590]

لایەنێکی تریش کە خوازیار بوو ئێزدین شێر بەگ لە بەرخودان پاشگەز بێتەوە، ئینگلیزەکان بوون کە بە هاتنە خوارەوەی ڕووسەکان بەرەو باشوور زۆر نیگەران بوون و لە شەڕی عوسمانی و ڕووسیا لە ١٨٥٤-١٨٥٦دا پشتیوانییان لە دەوڵەتی عوسمانی کرد. ویلیامس پاشا کە هاووڵاتیی ئینگلیز بوو و لە سوپای عوسمانیدا خاوەنی پلەی فەریقی هەبوو، لە نامەیەکدا[591] بە مێژووی ١٢٧١/Ca/٩ (١٨٥٥/١/٢٥) بۆ ئێزدین شێر بەگ دەنووسێت؛ تۆ لە کاتێکدا خوازیار بوویت بچیتە سوپاوە و لەلایەن والیی موسڵەوە بە دووسەد سوارەی کوردەوە بۆ جزیرە ڕەوانە کرایتەوە و کەچی

لەوێ دەستت داوەتە بەرخودان و ئینگلیز و فەرەنسییەکان سەریان لەم ڕەفتارەت سووڕماوە. ویلیامس پاشا بەم جۆرە بەردەوام دەبێت؛

"لەم کاتەدا پەیوەندیت بە ئاغاکانی دەوروبەری وان، بتلیس و مووشەوە کردووە و نامەیان بۆ دەنووسیت. با ئەوان وەك تۆ دەست نەدەنە ئەو ئاکار و ئاژاوەیەی کە لە پێکهاتە و ڕەچەڵەکی تۆدا هەیە و نەبن بە ئاژاوەگێڕ و دواتر پەشیمانی نەچێژن. من لە کاتێکدا فەرمانبەری دەوڵەتی ئینگلتەرام و لەلایەن سەلتەنەتی سەنییەوە پلەی فەریقم پێ دراوە، بەتایبەتی و لە ڕووی هۆشیارکردنەوەوە هەواڵت بۆ دەنێرم. بەرەنگاربوونەوەی سێ دەوڵەت دۆخێکە دەکەوێتە دەرەوەی ئەرکی تۆ. منەی ئاسانیی چارەسەری دوورنەکەوتنەوە لە پیشەی ڕاستگۆیی بکە. ئەگەر نا، دواتر پەرێشان دەبیت. دوایی پەشیمانیش سوودی نابێت!"

ویلیامس پاشا بە ئێزدین شێر بەگ دەڵێت دەوڵەتەکانی عوسمانی و ئینگلیز و فەرەنسای ڕووبەڕووی خۆی کردووەتەوە و بەدەم هەڕەشەوە ئامۆژگاری کردووە. لە درێژەی نامەکەیدا دەڵێت ئەگەر لەگەڵ چەتە خۆنەناسەکانی کورددا یەك بگرێت و لەسەر بەرخودان بەردەوام بێت، پەشیمان دەبێتەوە. هەروەها دەنووسێت؛

"بەڵام ئەگەر خۆت بپارێیتەوە و دەستەودامێنی دەوڵەت ببیت، بەناوی هەردوو دەوڵەتی ئینگلتەرا و فەرەنساوە دەبم بە کەفیل کە هیچ کەسێك دەست بۆ سامان و گیانت نەبات."

ویلیامس پاشا داوا لە ئێزدین شێر بەگ دەکات بچێتە ئەرزەڕۆم و خۆی بەدەستەوە بدات و لە درێژەی نامەکەیدا دەنووسێت؛

"خۆ ئەگەر ڕووسەکانیش هەنگوینیان بە گەرووتدا کردووە، با هیچتان بە خەیاڵدا نەیەت، لە سایەی دەوڵەتی عەلییەوە بەهار لە هندستان و شوێنەکانی ترەوە بەشی پێویست سەرباز دەنێرین و دەتبەزێنین."

ویلیامس پاشا بەو شێوەیە هەڕەشە لە ئێزدین شێر بەگ دەکات. نامەی ئاماژە بۆ کراو لە ئەرزەڕۆمەوە بە کەسێکدا بەناوی مەحموود

ئەفەندی[٥٩٢] بۆ ئێزدین شێر بەگ نێردرا. وەك دەبیندرێت، بە دەستتێوەردانی ڕووس و ئینگلیز و فەرەنسییەکان، بەرخودانی ئێزدین شێر بەگ بووە بە مەسەلەیەکی نێودەوڵەتی. هەروەها بە ئاشکرا دیارە ئێزدین شێر بەگ لە هەرێمێکدا کە تا وان و بتلیس و مووش درێژ بووەتەوە، خاوەن دەسەڵات بووە و کاریگەری بەسەر کەسایەتییە لە پێشەکانی هەرێمەکەوە هەبووە.

سەعید بەگی فەرمانڕەوای پێشووی شیرڤان و گەورەترین هاوپەیمانی ئێزدین شێر بەگ لای ئینگلیزەکان ناوێکی تری مایەی بایەخ پێدان بوو. ویلیامس پاشا خۆی لەو سوپایەدا بوو کە دەوڵەتی عوسمانی لە ئەرزەڕۆم لە بەرانبەر ڕووسەکان مۆڵی دابوو و مەحموود حەمدی بەگی نارد بۆ دەوروبەری بتلیس تا سەعید بەگی شیرڤانی قایل بکات و لەگەڵ خۆیدا بیهێنێت بۆ ئەرزەڕۆم. مەحموود حەمدی بەگ بە نامەیەك کە مێژووی ١٨٥٥/٦/١٣ی بەسەرەوەیە[٥٩٣]، سەعید بەگ ئاگادار دەکاتەوە کە بەمەبەستی بینینی ئەو هاتووە بۆ بتلیس و بۆی دەنووسێت ئینگلتەرا ٣٠٠٠٠ سەربازی لە بەغدا مۆڵ داوە و ئەوانە ڕوو لە بۆتان دەکەن، هەروەها لە بتلیس لای باکوور ئامادەکاریی سەربازی بۆ هێرشێکی گەورە ئەنجام دراوە و داوا لە ئێزدین شێر بەگ دەکات خۆی بەدەستەوە بدات. مەحموود حەمدی بەگ بۆ ئێزدین شێر بەگ دەنووسێت ویلیامس پاشا ئەم کارەی بەو سپاردووە و لە ئەگەری خۆبەدەستەوەدانیدا لە ژێر پارێزگاریی ئینگلیزەکاندا دەبێت و هیچ زیانێکی پێ ناگات، ئەگەر نا، دامرکاندنەوەی ئەو بەرخودانە بۆ ئینگلیز و فەرەنسییەکان کارێکی زۆر ئاسانە. خاڵێکی زۆر گرنگی مایەی سەرنج لێدان ئەوەیە کە دەوڵەتی عوسمانی لەو قۆناغەدا تا ڕادەیەکی بەرچاو لە بواری سەربازیدا پابەستەی ئینگلیزەکان بووە. ئینگلیز و فەرەنسییەکان لە ڕووی سیاسەتی ئەو سەردەمەیانەوە نەیاندەویست لە ناو دەوڵەتی عوسمانیدا ئاڵۆزی هەبێت، لە شەڕی قرمدا لە ١٨٥٤-١٨٥٦ پشتیووانییان لە عوسمانییەکان کرد و بەتایبەتی پێیان باش بوو ناوچەکانی نزیك لە سنووری

ڕووسیا لە هەڵبەز و دابەز دوور بن. لەبەر ئەوە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە دژی سەرهەڵدانەکانی کورد بوون.

هەوڵی زۆر درا بۆ بەچڕی پاراستنی مەحموود خان و بەدرخان بەگ کە لە سەروبەندی بەرخودانەکەی ئێزدین شێر بەگدا لە تاراوگە بوون. والیی کوردستان و مووشیری سوپای ئەنادۆڵ داوایان کردووە هەموو ڕێوشوێنێك بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی ئەو دوو میرە هەڵنەیەن و بۆ کوردستان نەگەڕێنەوە. دەرسەعادەت بە فەرماننامەی ١٢٧١/M/١٤ (١٨٥٤/٩/٢٤) بە هۆی پێشهاتەکانی کوردستانەوە داوای لە والییەکانی کریت و سیلیسترە کرد ڕێوشوێنی ئاسایشی میرە کوردەکانی تاراوگە زیاتر بکەن. والییەکان دەرسەعادەتیان لە گەیشتنی فەرماننامەکە ئاگادار کردەوە و ڕوونیان کردەوە هەموو ڕێوشوێنێك لە بەرانبەر مەحموود خان و بەدرخان بەگ لەبەرچاو گیراوە.[٥٩٤]

## دوایین شەڕەکان و خۆبەدەستەوەدانی ئێزدین شێر بەگ بە ئینگلیزەکان

ڕاپۆرتی میرئالای محەمەد ڕەشید بەگی سەر بە سوپای عێراق کە مێژووی ١٨٥٥/٣/٨ی بەسەرەوەیە[٥٩٥]، تایبەتە بە شەڕەکانی دژ بە ئێزدین شێر بەگ. وەك ئاشکرا دەبێت، هێزەکانی عوسمانی لە بەهاری ساڵی ١٨٥٥دا دەستیان بە جموجووڵ کرد. ئەو هێزانە لە موسڵ دەرچوون و گەیشتنە چەلاغە. پاشان لە ناوچەیەك کە "دەروونییە"ی پێ دەگوترا، شەڕێك قەوما، ئێزدین شێر بەگ لەو شەڕەدا بەزێندرا و لەگەڵ چەند ئەسپسوارێکدا بەرەو جزیرە کشایەوە. هاوکات عەشیرەتی دوودێری[٥٩٦] کە یەکێك بوو لە عەشیرەتە گەورەکانی بۆتان و پێشتریش هاوکاری بەدرخان بەگیان کردبوو، کەوتنە دوای ئێزدین شێر بەگ، بۆیە بەگ نەیتوانی لەوێش بمێنێتەوە. ئێزدین شێر بەگ بیری لەوە دەکردەوە لەوانەیە سوپای عوسمانی بچێتە جزیرەوە، بۆیە بە ١٥٠ ئەسپسوارەوە چووە ئەوبەری ئاو و ڕووی لە شاخابوور کرد.[٥٩٧] عزەت ئەفەندیی کەدخودای حلمی پاشای والیی

موسڵ لەگەڵ نزیکەی سێ هەزار سەربازی کورددا لە زاخۆوە بەرەو ئەو ناوچەیە چوو، هەموو ڕێگاکانی هەڵهاتنی ئێزدین شێر بەگی بەرەو عێراق گرت و تا مەودای یەك سەعاتەڕێ و نیو لێی نزیك کەوتەوە. لە کاتێکدا ئێزدین شێر بەگ بواری ڕۆیشتن بۆ هیچ لایەك و هەلی دووبارە کۆکردنەوەی سەربازی بۆ نەمابووەوە و خوازیار بوو دەستەودامێن بێت، بینباشی محەمەد ئاغای یاوەری ئیسماعیل پاشای مووشیری سوپای ئەنادۆڵ چووە کنی و پێی ڕاگەیاند کە لەلایەن ویلیامس پاشەوە هاتووە و ئەگەر خۆی بەدەستەوە بدات و مەیلی لێ بێت ڕەوانەی لای پاشا دەکرێت، یان بۆ موسڵ، یاخۆ بۆ بەغدا دەنێردرێت. ئێزدین شێر بەگ لەسەر ئەو بەڵێنەی بەناوی پادشای ئینگلیزەوە پێی درابوو، ڕازی بوو خۆی ڕادەستی ئینگلیزەکان بکات و ڕۆژی ١٢٧١/C/١١٨ (١٨٥٥/٣/٨) لەگەڵ مەنسوور بەگی برای و مەحموود ئەفەندیدا لە شاخابوورەوە بەرەو موسڵ بەڕێ کەوت. بەو جۆرە ئێزدین شێر بەگ خۆی ڕادەستی عوسمانییەکان نا، ئینگلیزەکان کرد و کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەوان. هێزەکانی عوسمانیش پاش ئەوەی دەستیان گرتەوە بەسەر جزیرەدا، هێزیان نارد بۆ دەوروبەری بۆتان و گۆیان[٥٩٨] بەمەبەستی دەستگیرکردنی عەلی و ئیبراهیم ئاغا و چەند ئاغایەکی تر لەوانەی کە هاوکاری ئێزدین شێر بەگیان کردبوو. هاوکات لە باکوور عەلی پاشا و کەنعان پاشا چووبوونەوە سێرتەوە.

بەدەستخستنی ئێزدین شێر بەگ لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بوو بە هۆی سەرهەڵدانی تەنگژە لە نێوان ئەوان و دەوڵەتی عوسمانیدا، چونکە ئینگلیزەکان پەلەیان نەکردبوو لە ڕاستکردنەوەی ئێزیدین شێر بەگ بە عوسمانییەکان. لە نووسراوی ١٨٥٥/٤/١٩دا[٥٩٩] بۆ باڵیۆزخانەی ئینگلتەرا بە زمانێکی ناسك نووسراوە ئێزدین شێر بەگ لەوەدا بوو خۆی بەدەستەوە بدات، بەڵام بێ ئەوەی پرس بە لێپرسراوانی عوسمانی بکرێت، لەلایەن ویلیامس پاشاوە پیاو ڕەوانە کراوە بۆ لای و وەرگرتنی "ڕای و ئەمان" لێی گونجاو نەبووە. هەروەها نووسراوە دەوڵەتی عوسمانی ئەگەر وەك

دەوڵەتیش لە ئێزدین شێر خۆش بێت، ئەوا لەبەر ئەوەی لە هەرێمەکە بووە بە هۆی کوژرانی چەندین کەس، پێویستە دادگایی بکرێت و پڕ بە پێستی خۆی سزا بدرێت. لێپرسراوانی عوسمانی دڵگران بوون بە پاراستنی ئێزدین شێر بەگ لەلایەن ئینگلیزەکانەوە و داوایان کرد هەرچۆنێك بووە خۆی و خێزانی لەو هەرێمە دوور بخرێنەوە و بۆ ئیستانبوڵ بەڕێ بکرێن. لێپرسراوانی ئینگلیز لە ئیستانبوڵ ڕایانگەیاند بارودۆخەکە بۆ کۆنسوڵی موسڵ ڕوون دەکەنەوە. لێپرسراوانی ئینگلیز ڕوونیان کردەوە لەسەر ناوی پادشای ئینگلتەرا بەڵێن بە ئێزدین شێر بەگ دراوە و بەو شێوەیە خۆی بەدەستەوە داوە و تا لە لەندەنەوە بڕیارێك نەیەت، ئەمان ڕادەستی عوسمانییەکانی ناکەن. دەوڵەتی عوسمانی هەرچەندە نیگەرانی خۆیشی هێناوەتە زمان، بەڵام لەو بابەتەدا خۆی لە تەنگاوکردنی ئینگلیزەکان پاراستووە. بەپێی ڕاپۆرتی[٦٠٠] والیی بەغدا محەمەد ڕەشید پاشا لە ١٨٥٥/٦/٢٨، ئێزدین شێر بەگ تا ئەو کاتە لای کۆنسوڵی بەریتانیا لە موسڵ بووە و وەرنەگیراوەتەوە و دەنووسێت تا وەرنەگیرێتەوە و بۆ دەرسەعادەت ڕەوانە نەکرێت، لە کوردستان کۆتایی بە ئاژاوە نایەت.

ئەگەرچی دەرسەعادەت بە فەرماننامەی ١٢٧١/Ş/١٩ (١٨٥٥/٥/٦) داوای لە والییەکانی بەغدا و موسڵ کرد ئێزدین شێر بەگ وەربگرنەوە و بینێرن بۆ دەرسەعادەت، بەڵام هەوڵەکانی ئەو دوو والییە تا ماوەیەکی درێژ بێ ئەنجام مانەوە. عوسمانییەکان هەوڵیان دا ویلیامس پاشای دانیشتووی ئەرزەڕۆم و لێپرسراوانی تری ئینگلیز و عوسمانی قایل بکەن کە دانیشتنی ئێزدین شێر بەگ لە کوردستان کارێکی هەڵەیە و بەڵێنیان دا هیچ مامەڵەیەکی خراپی لەتەکدا نەکەن، بەڵام نەیانتوانی ئەو لێپرسراوانە قایل بکەن، چونکە ئێزدین شێر بەگ خۆی ڕادەستی ئینگلیزەکان کردبوو، نەك عوسمانییەکان. ئینگلیزەکان ئێزدین شێر بەگیان لە بارەگای کۆنسوڵخانەی خۆیان لە موسڵ نیشتەجێ کردبوو.[٦٠١] والیی موسڵ لە نامەی ١٨٥٥/٧/٢٣دا دەنووسێت سەرەڕای گشت هەوڵەکان وەڵامێکی بەخێری لە لێپرسراوانی

ئینگلیز وەرنەگرتووە و کەمتواناییی دەوڵەتی عوسمانی دەخاتە ڕوو.[٦٠٢] ئەو تەنگژە بچووکە بوو بە نموونە بۆ ئەوەی کە دەوڵەتی عوسمانی لە بەرانبەر ئینگلیزەکان تەنانەت دەسەڵاتی بەسەر کاروباری ناوخۆشەوە نەماوە.

### دانەوەی بە عوسمانییەکان و ڕەوانەکردنی بۆ دەرسەعادەت

وەك ئاشکرا دەبێت، ئینگلیزەکان ئێزدین شێر بەگیان کردووە بە بابەتی هەندێك لە سەودا و مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا و دواجار بەگیان ڕادەستی عوسمانییەکان کردووە. لە نامەی والیی موسڵدا لە ١٨٥٥/٧/٢٧ هاتووە کە ئەرك دابەشکردنی پێویست ئەنجام دراوە بەمەبەستی ناردنی ئێزدین شێر بەگ بۆ دەرسەعادەت.[٦٠٣]

ئێزدین شێر، مەنسوور بەگی برای، بەگانی پێشووی شیرڤان سەعید بەگ و ئیبراهیم بەگ ڕۆژی ١٢٧١/Z/٢١ (١٨٥٥/٩/٣) بە یاوەریی میرئالای عارف بەگ خرانە سەر ڕێی دیاربەکر.[٦٠٤] لە دیاربەکرەوە هێزێکی ١٠٠ سەربازی نێردرابوو بۆ یاوەریکردنی عارف بەگ و لە موسڵ و ماردینیشەوە هێزێکی ٢٠٠ سەربازی پێ درابوو بۆ ئەوەی لە ڕێگا زیانیان پێ نەگات و ڕێ لە هەڵهاتنیان بگیرێت. ئێزدین شێر بەگ لە موسڵەوە بەڕێ کەوت و گەیشتە شاخابووری[٦٠٥] سەر بە زاخۆ، لەوێشەوە بە ڕێگای چۆڵەوانیدا برایە ماردین و لەوێشەوە بە ڕێی ناوچەی شێخاندا[٦٠٦] بۆ دیاربەکر نێردرا.[٦٠٧] هەموو ئەوانەی لە دامرکاندنەوەی بەرخودانەکەدا ئەرکیان هەبوو و خزمەتیان کردبوو، لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە خەڵات کران. میرەکانی گارزان و شیرڤان چ لە مەسەلەی بەدرخان بەگ و چ لە مەسەلەی ئێزدین شێر بەگدا لە ڕیزەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا جێیان گرت. فەتاح بەگی میری گارزان و شێر بەگی شیرڤان لە پای "سەلماندنی ڕاستگۆییان بۆ دەوڵەتی عەلییە و حوسنی خزمەت" بە پلەی بەڕێوەبەری ئەستەبلی ئامیرە خەڵات کران.[٦٠٨]

گرووپی یەکەم کە گەیشتە دەرسەعادەت، لە ١٥ کەس پێك هاتبوو. ئەوانیش؛ ئێزدین شێر بەگ، مەنسوور بەگی برای، سەعید بەگی شیرڤانی، ئیبراهیم بەگی جزیرەیی و ١١ پیاوی ئێزدین شێر بەگ کە هەموویان خەڵکی جزیرە بوون. دواتر گرووپێکی تری ١٣ کەسی بۆ دەرسەعادەت نێردرا و ساڵح بەگی کوڕی سەعید بەگی شیرڤانی و شەریف و سلێمان و عادل بەگی برازای سەعید بەگیان لەگەڵدا بوو.[٦٠٩] پاش دوورخستنەوەی ئێزدین شێر بەگ دەستگیرکردن بەردەوام بوو، لە وان و ئەرزەڕۆم دەیان کەس بەبیانووی پشتیووانیکردن لە ئێزدین شێر خرانە زیندانەوە و دواتریش بڕێك لەوانە بۆ دەرسەعادەت نێردران.[٦١٠] خێزانی ئێزدین شێر بەگیش دوو ساڵ لە موسڵ ڕاگیرا و دواتر بۆ دەرسەعادەت نێردرا و ڕەوانەی شوێنی دوورخستنەوە کرا.

هاوکات لە سەروبەندی شەڕەکانی دژ بە ئێزدین شێر بەگدا لە باشوور، یەکینەیەکی سەربازی لە وانەوە بەرەو مویکویس بەڕێ کەوت، بەڵام بەدرخان بەگی مویکویسیی پشتیووانی بەرخودانی ناوچەکەی بەجێ هێشتبوو. پاش ئەوە دەروێش بەگی برا بچووکی مەحموود خان کە بە هۆی شێخ تەهاوە لە دوورخستنەوە ڕزگاری بووبوو، بە فەرماننامەی ٩/Za/١٢٧١ (١٨٥٥/٧/٢٤) لە سۆنگەی ڕەسەنایەتییەوە وەك بەڕێوەبەری قەزای مویکویس هاتە دامەزراندن.[٦١١]

بەدرخان بەگی مویکویسی توانی ماوەیەك خۆی بشارێتەوە، بەڵام پاش خۆبەدەستەوەدانی ئێزدین شێر بەگ لە ڕێی بەڕێوەبەری ناوچەی قارچکانی سەر بە وانەوە گوێڕایەڵیی خۆی بۆ دەوڵەت ڕاگەیاند و تەنانەت ٢٥٠٠ قرووش باجیش کە پێشتر دەستی بەسەردا گرتبوو، دا بە ناوبراو. والیی وان و هەکاری محەمەد زیا پاشا[٦١٢] لەسەر تکای بەڕێوەبەری قارچکان داوای لێبووردنی بەدرخان بەگی مویکویسی لە دەرسەعادەت کرد[٦١٣] و دوای ئەوە بە "ئیرادەی سەنییە" لە ١٩/S/١٢٧٢ (١٨٥٥/١٠/٣١) بەدرخانی مویکویسی بەخشرا.[٦١٤]

**دوورخستنەوەی ئێزدین شێر بەگ**

بەپێی ڕاپۆرتی "مەجلیسی مەخصوصە" لە ١٢٧٢/C/١٩ (١٨٥٦/٢/٢٦)[٦١٥]، مەسەلەی ئێزدین شێر بەگ تاوتوێ کراوە و لەبەر ئەوەی بوێری بە خۆی بەخشیوە و بەرخودانی کردووە، بڕیار درا؛

"هەرچەندە بەپێی یاسا پێویستە لە دار بدرێت، بەڵام لە سەروبەندی دەستەودامێنبوون و خۆبەدەستەوەداندا دەوڵەتی عەلییە بەڵێنی دابوو لە بەرانبەر خراپەکارییەکانیدا لە دژی دەوڵەت دەست بۆ گیان و سامانی نەبرێت و دڵنیا کرابوو. جا لەبەر ئەوەی دادگایی ناکرێت و بە یاسا سزا نادرێت، پێویستە ناوبراو بۆ جێگەیەك بنێردرێت و بە درێژاییی ژیان لێی بمێنێتەوە. خۆی و دەستوپێوەندەکانی ڕەوانەی ڤیدین دەکرێن و لەبەر ئەوەی پێویست دەکات لە شوێنی نیشتەجێبوونیان لە هەڵهاتن بپارێزرێن، لە ناو قەڵادا زیندانی دەکرێن."

لە درێژەی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە بە نامەی پێویست لەبەرچاوگرتنی هەموو ڕێوشوێنێك بۆ پاراستنی ئەوانە لە شوێنی خۆیان و وردەکارییەکانی تر ئەنجام دەدرێت. ئەو بڕیارە لە ١٢٧٢/C/٢٥ (١٨٥٦/٣/٣) پەسەند کرا و خرایە بواری جێبەجێکردنەوە. وەك دەبیندرێت، خۆڕادەستکردنی ئێزدین شێر بەگ لەبەرچاو گیراوە و ئینگلیزەکان بە مەرجی لە دارنەدانی ڕادەستی عوسمانییەکانیان کردووە. لە دوای ئەو بڕیارە چەندین ڕاپۆرت لە والییەکانی موسڵ و سێرتەوە بە دەیان سکاڵانامەی هاوپێچەوە بۆ دەرسەعادەت نێردرا و زانیاری سەبارەت بە دەیان کەس گەیشت کە ئێزدین شێر بەگ لە کاتی بەرخودانەکەدا کوشتبوونی. والیی موسڵ، ئێزدین شێربەگی بەوە تاوانبار کرد کە لە کاتی بەرخوداندا هەندێك کەسی بە ناڕەوا تیرباران کردووە و دەستی بەسەر ماڵ و سامانیاندا گرتووە. ئێزدین شێر بەگ ماوەیەکی درێژ دەوڵەتی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو، بۆیە والیی موسڵ و هەندێك لە لێپرسراوانی تری عوسمانی لە هەرێمەکە زۆر بە ئەرێنی پێشوازییان لە بڕیاری نەکوشتنی نەکرد.[٦١٦]

**هەڵهاتنی لە ڤیدین و سەرلەنوێ دەستگیرکردنەوەی**

بەگوێرەی بەڵگەنامەی ١٢٧٤/٢٣ (١٨٥٨/١/٩)، ئێزدین شێربەگ و مەنسوور بەگی برای لە شوێنی دوورخستنەوەیان لە ڤیدین هەڵهاتوون. دوای هەڵهاتنیان نامە بۆ زۆر لا نووسراوە و داوای دەستگیرکردنیان کراوە.[٦١٧] دەرکەوت ئێزدین شێر بەگ و براکەی بۆیە هەڵهاتوون تا لە ڕێی دەریاوە بچنە ئەسکەندەروونە و لەوێوە خۆیان بگەیەننە موسڵ و خێزانەکانیان بدۆزنەوە و سەرلەنوێ دەست بە بەرخودان بکەنەوە[٦١٨]. بەڵام دوای ماوەیەکی کورت هەردووکیان لە بۆسنە دەستگیر کران و Ş/١٢٧٤/٢٣ (١٨٥٨/٤/٨) برانەوە ڤیدین.

والیی ڤیدین محەمەد عیسمەت پاشا لە نووسراوی ١٨٥٨/٥/٩دا[٦١٩]، دەنووسێت ڕێوشوێنی پێویست لەبەرچاو گیراوە بۆ ڕێگرتن لە دووبارە هەڵهاتنی ئەوانە. والیی ڤیدین وەك ڕێگرتن لە شیمانەی هەڵهاتن نموونەی مەحموود خانی هێناوەتەوە. والی دەنووسێت خێزانی مەحموود خانیش بۆ ڕوسچوك نێردرا و لەبەر ئەوە خان لەسەر ئەوێ ڕاهات و مەیلی لە هەڵهاتن نییە، بۆیە پێویستە خێزانی ئێزدین شێر بەگیش بنێردرێت. والی دەڵێت ئەگەر خێزانەکانیان لایان نەبن، هەرچەند چاودێریش بکرێن، ئەگەری قەومانی ڕووداوی هاوشێوە هەر هەیە. ئەو ڕەوشە بوو بە بابەتی نامەگۆڕینەوەیەکی زۆر لە نێوان دەرسەعادەت و والییەکانی ڤیدین، موسڵ و کوردستاندا.

هێنانی خێزانی ئێزدین شێر بەگ و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، لە ساڵی ١٢٧٦ی کۆچی پێکهات. بەپێی بەڵگەنامەی Ş/١٢٧٦/٧ (١٨٦٠/٢/٢٩)، گەیشتووەکان بە دەرسەعادەت ژمارەیان ٣٠ کەس بووە.[٦٢٠] هاوسەری ئێزدین شێر بەگ کچی نوورڵڵا بەگ بوو و لەسەر داخوازی خۆی لەگەڵ سێ کەس لە نزیکەکانی خۆیدا چوو بۆ کریت. بەڵام ڕوون دەبێتەوە کە ساڵانی دواتر بۆ ڤیدینیش چووە.

سەرەڕای ئەوەی ئێزدین شێربەگ داوای کرد بۆ ڤیدین بنێردرێن، بەڵام ڕەشید بەگ[٦٢١] و زەینەڵ بەگی برای و دایك و خوشکێکی و ژنێکی خزمەتکاریان لە ئیستانبوڵ گلدرانەوە و بڕیار درا ئەوانی تر بۆ ڤیدین ڕەوانە بکرێن. دواتر ڕەشید بەگ و زەینەڵ بەگ و کەسە نزیکەکانی تریان بۆ دوورگەی کریت نێردران.

# بەشی ١٠

## میرەکانی کورد پاش دوورخستنەوەیان

لە ناو میرە کوردە دوورخراوەکاندا بەدرخان بەگی جزیرەیی، نووڕڵڵا بەگی هەکاری و ئێزدین شێربەگی جزیرەیی لە ساڵانی دواتردا بەخشران و تەنانەت پلەی جۆراوجۆریشیان پێ درا. بەدرخان بەگ و ئێزدین شێربەگ ناسناوی پاشایان وەرگرت. مەحموود خان و براکانیشی هەرگیز نەبەخشران، تا مردن لە ناوچەی ڕوسچوکی شوێنی دوورکەوتنەوەیان ژیان و لەوێ کۆچی دواییان کرد. عەبداڵ بەگی مویکویسی و بەگەکانی مووش و گارزانیش لەو میرانە بوون کە دوای ماوەیەکی دیاریکراو لێبووردنیان بۆ دەرچوو. ئێستا با بچینە سەر ژیانی یەك بەیەکی میرەکانی کورد لە دوای دوورخستنەوەیان بۆ تاراوگە.

### ژیانی مەحموود خان لە دوای دوورخستنەوەی

بەپێی ڕاپۆرتی ئەنجوومەنی ڕوسچوك لە ١٢٧٤/S/٣ (١٨٥٧/٩/٢٢)، لەبەر ئەوەی بڕی ١١٠٠ قرووش مووچەی دەستنیشانکراو بۆ مەحموود خان و تاقمەکەی بەشی بژێوی ژیانیانی نەکردووە، ڕۆژانە ٤٠ پارەی تریان بۆ تەرخان کراوە وەك ٣٠٠ درهەم پارەی نان بۆ هەریەکەیان.[٦٢٢] بەگوێرەی ڕاپۆرتی ١٢٧٤/N/١١ (١٨٥٨/٤/٢٥)، خێزانی مەحموود خان و کەسوکاری لە ڕوسچوك لە ٤٥ کەس پێك هاتوون. مەحموود خان سەرپەرشتی ٢٥ کەس لەوانە و عەبدولڕەزاق بەگی براشی سەرپەرشتی ١٨ کەسیانی کردووە. میر شەمدین و عەبداڵ خان بەجیا دەستبەسەر کرابوون، بەڵام هیچ مووچەیەکیان بۆ تەرخان نەکرابوو. لە مووچەی ١١٠٠ قرووشی، ٦٨٢ قرووشی دەدرا بە مەحموود خان و پاشماوەکەشی دەدرا بە عەبدولڕەزاق بەگ.

عەبدولڕەزاق بەگی برای مەحموود خان ڕوونی کردەوە ماڵ و موڵکی ئەویش فرۆشراوە و داهاتەکەی خراوەتە بەر قەردی براکەی و ٤٠٠ و ئەوەندە قرووش کە وەك مووچە بۆی تەرخان کراوە، بەش ناکات، بۆیە داوای کردووە مۆڵەتیان بدرێت بۆ ماوەی سێ مانگ بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان تا بتوانن پاشماوەی موڵکەکانیان بفرۆشن.[٦٢٣] بە نووسراوی ١٢٧٤/L/٢٥ (١٨٥٨/٦/٨) پرسیاری ئەو بابەتە لە خەلیل کەمال پاشای والیی کوردستان کرا. ئەویش لە نامەی ١٢٧٤/Z/٦ (١٨٥٨/٧/١٧)دا دەنووسێت ئەو کەسانە کە بە هۆی بەرخودانەوە دوورخراونەتەوە، گەڕانەوەیان بۆ کوردستان، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش بێت، مەترسیدار دەبێت. هەروەها دەنووسێت ئەم خۆی لە ئەرزەڕۆمە و زێدی ناوبراوان لە هەرێمی هەکارییە و دەتوانرێت لەو بارەیەوە داوای زانیاری لە والیی هەکاریش بکرێت.

مۆڵەتی گەڕانەوە بۆ کوردستان بە براکانی تریش نەدرا. لەبەر ئەوە مەحموود خان و عەبداڵ خان دوو بریکاریان دەستنیشان کرد و ناردنیان بۆ کوردستان بەمەبەستی فرۆشتنی ئەو موڵکانەی کە لە قەزاکانی مەحموودی[٦٢٤]، هاڤەسۆر[٦٢٥]، وەستان و مویکویس بەدەستیانەوە مابوو. موراد ناوێك بریکاری مەحموود خان و محەمەد بن لوتفوڵاش بریکاری عەبداڵ خان بوو. بریکارەکان ڕۆژی ١٢٧٦/Ş/٦ (١٨٦٠/٢/٢٨) نووسراوێکیان بۆ دەرسەعادەت بەرز کردەوە و داوایان کرد فەرماننامەیەك بۆ موتەسەڕیفییەتی وان بنێردرێت بۆ ئەوەی بە هاوکاری ئەنجوومەنی خۆجێیی موڵکە ئاماژە بۆ کراوەکان بفرۆشرێت.[٦٢٦]

### خوێندنی منداڵەکانی

مەحموود خان پاش دوورخستنەوەی بۆ ڕوسچوك، داوای پێشکێش کردووە بۆ ئەوەی منداڵەکانی لە دەرسەعادەت بخرێنە بەر خوێندن. بەپێی ڕاپۆرتەکانی ٣-١٢٦٧/N/١٨ (٦-١٨٥١/٧/١٨)[٦٢٧]، مەحموود خان داوا دەکات خالید بەگی کوڕی خەزووری و یەکێك لە کوڕەکانی لە سوپای

هەمایۆن وەربگیرێن و کوڕەکانی تریشی لە خوێندنگە ناونووس بکرێن و والی سیلیستره ئەو دووەیانی بۆ ئیستانبوڵ نارد. بەگی کیسان خالید بەگ و عەبدولعەزیز بەگی کوڕی مەحموود خان لەبەر ئەوەی لەبەر خۆدانەوە گلابوون، لە سوپای هەمایۆن وەرنەگیران. سەبارەت بە کوڕەکانی تریشی کە خوازیار بوو لە خوێندنگە ناونووس بکرێن، پاش ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا و پشکنینیان، بە هۆی ئەوەی توانای زانستییان لە ئاستی پێویستدا نەبیندرا، بە شایەنی ناونووسکردن لە قوتابخانەی "مەکتەبی عەسکەرییە" نەبیدران. سەربارى ئەوەش سەرلەشکر پاشا دەڵێت؛

"هەرچەندە بە گونجاویش نەزانرێت، خستنە بەرخوێندن و پەروەردەکردنی منداڵانی ئەو جۆرە پیاوانە بۆ ئەوەی لە گرتنەبەری ئەو ڕێگایە ڕزگار بکرێن کە باوکانیان پیایدا ڕۆیشتوون، لایقی شانی زاتی شاهانە دەبێت."

سەرلەشکر بە مەرجی ئەوەی وەرگرتنی ئەمان نەبێت بە نموونە بۆ کەسانی تر، ناونووسکردنیان بە گونجاو دەزانێت و داواکەی خستووەتە بەر فەرمانی سوڵتان. بۆچوونی سەرلەشکر پاشا بە گونجاو زانرا و کوڕەکانی مەحموود خان لە ١٢٦٧/N/١٩ (١٨٥١/٧/١٩) لە "مەکتەبی ئەعدادیە" وەرگیران.[٦٢٨]

### قەردەکانی دەوڵەت لای و ماڵە فرۆشراوەکانی

ئەو باجانەی کە میرەکانی کورد لە کاتی فەرمانڕەواییی خۆیاندا نەیاندابوو بە دەوڵەت و مەسرەفەکانی کاتی شەڕەکان و دوای شەڕەکان و تەنانەت مەسرەفەکانی ناردنیشیان بۆ شوێنی دوورخستنەوەیان بە قەرد لەسەریان نووسرا و لە داهاتی ماڵ و موڵکە فرۆشراوەکانیان هەڵگیرایەوە. بەپێی ئەو یاداشتانەی کە لە ١٢٦٨/C/١ (١٨٥٢/٣/٢٢) بۆ والیی هەکاری و نەزارەت (وەزارەت)ی دارایی نووسراون، ماڵ و ئاژەڵ و چەکە بەجێماوەکانی مەحموود خان و دەستوپێوەندەکانی فرۆشراون و نزیکەی ٢٢٥٠٠٠ قرووشیان

کـردووه. ۱۷۱۷۸۰ قـرووش لـەو پارەیـە خراوەتـە بـەر قـەرد و ٥٣٤٦٦,٥ قرووشی ماوەتەوە. ئەو "دەیەك"ەی کە مەحموود خـان و بـەدرخان بـەگ و نوورڵڵا بەگ و میرەکانی تر لە قەزاکانی وەستان، کاڤـاش و ئـەرجیش و ئـەو پارەیەی لە بەرانبەر زستانەهەوار لە عەشـیرەتی حەیـدەران وەریـانگرتبوو و ئەو باروت و تۆپ و کەرەستانەی کە لە قـەڵای وان بردبوویـان، بـە ٤٣٨٣٠٠ قـرووش لەسـەریان حـسێب کـرا. لەبـەر ئـەوەی داهـاتی مـاڵ و شـتومەکە فرۆشـراوەکان پـارەی قـەردەکانی دەرنـەهێنا، ئـەمجار بـە سەرپەرشـتی ئەنجوومەنی خۆجێیی دەست کرا بە فرۆشتنی موڵکی میرەکـان.[٦٢٩] هـەروەها بەپێی ڕاپۆرتێکی تـر، ئـەو "دەیـەك"ەی کـە بـەدرخان بـەگ لـە ناوچـەکانی مویکویس و قەرەعەلی کۆی کردبووەوە، بـە ٦٠٠٠٠ قـرووش حـسێب کـرا.[٦٣٠] بـەگوێرەی نووسـراوەکانی تایبـەت بـەو بابەتـە، ئەگـەر سـەرجەم مـاڵ و موڵکەکانیـشیان بفرۆشـرێت، هێـشتا قـەردێکی زۆری دەوڵـەت لای میرەکـان دەمێنێتەوە. ماڵ و موڵکی براکانی مەحموود خانیش فرۆشـران و خرانـە بـەر قەردەکانی ئەو.

### پەیوەندییەکانی بە کوردستانەوە

مەحموود خان لەبەر ئەو دژوارییانەی ئەو ماوەیە لە ڕوسچوك بەسـەریان هـاتبوو، چـەند جارێـك داوای مۆڵـەتی کـرد بـۆ گەڕانـەوە بـۆ ئیـستانبوڵ و نیـشتەجێبوون لـەوێ، بـەڵام داخوازەکـانی پەسـەند نـەکرا. بـەپێی ڕاپـۆرتی ١٢٦٨/R/١٧ (١٨٥٢/٢/٨)[٦٣١]، داخوازی مەحموود خان بۆ نیشتەجێبوون لـە ئیستانبوڵ تاوتوێ کراوە و دەرسەعادەت ئەو بڕیارەی بـۆ والیـی سیلیـسترە بەجێ هێشتووە. ڕەوش بـەو جـۆرە درێـژەی کێـشا و کاتێـك مێـژوو دەکاتـە ساڵی ١٢٧٦ی کۆچی، دەردەکـەوێت داخـوازیی مـەحموود خـان لـەو ڕووەوە هێشتا بەردەوامە و چارەسەر نەکراوە.

لە نامەیەکدا[٦٣٢] کـە لـە مێـژووی ١٢٧٦/S/١٥ (١٨٥٩/٩/١٣)دا بـۆ والیـی سلیسترە نووسراوە، هاتووە نووسراوی مەحموود خـان و براکـانی سـەبارەت

بە پەرێشانی و ناچاربوونیان لە ڕوسچوك و داوای ئەوان لەو ڕووەوە بۆ نیشتەجێبوون لە ئیستانبوڵ، لە "مەجلیسی ڤالا" هەڵسەنگێندراوە و بە گونجاو نەزانراوە و ڕەت کراوەتەوە.

وەك لە بەشەکانی تریشدا باس کرا، مەحموود خان و بەدرخان بەگ کە تەنانەت مۆڵەتی سەردانی ئیستانبوڵیشیان پێ نەدرا، لە تاراوگە خرابوونە ژێر چاودێریی توندەوە و بەتایبەتی لە کاتی ئاڵۆزییەکانی دواتری کوردستاندا والییەکانی کوردستان داوایان دەکرد هەموو ڕێوشوێنێك بگیرێتەبەر بۆ ڕێگرتن لە گەڕانەوەی ئەو دوو میرەی کورد بۆ زێدی خۆیان.

دەبیندرێت لەگەڵ هەر ئاڵۆزبوونێکی بارودۆخی کوردستاندا ڕەوتی نامەگۆڕینەوە لە نێوان والییەکانی کریت و سیلیستره و کوردستاندا چڕ بووەتەوە و لەبەر ڕۆشنایی نامەی والیی کوردستاندا کە مێژووی ١٢٦٧/M/٦ی بەسەرەوەیە، مەحموود خان و کەسوکاری لە شوێنی نیشتەجێبوونیان لە ڕوسچوك خرانە گرتووخانەوە.[٦٣٣] وەك دەردەکەوێت لە سەروبەندی بەرخودانی ئێزدین شێر بەگدا نامەگۆڕینەوەی تایبەت بە چڕکردنەوەی پاراستن و چاودێریکردنی مەحموود خان و بەدرخان بەگ زیاتر بووە. والیی کریت بە نووسراوی ١٢٧١/B/١ (١٨٥٥/٣/٢٠)[٦٣٤]، دەنووسێت "ئیرادەی عالییە"ی بە مێژووی ١٢٧١/M/١٤ (١٨٥٤/٩/٢٤) پێ گەیشتووە بۆ چڕکردنەوەی ڕێشوێنەکانی پاراستنی مەحموود خان و بەدرخان بەگ لەبەر ڕەوشی ئاماژە بۆ کراو. والی دەنووسێت لەبەر ئەوە هەوڵی پێویست بۆ پاراستن و چاودێریکردنی بەدرخان بەگ دراوە. والیی سلیستره‌ش بەهەمان شێوە بە نامەی ١٢٧٢/S/١٥ (١٨٥٥/١٠/٢٧) بە دەرسەعادەتی ڕاگەیاندووە مەحموود خان و کەسوکاری بەجۆرێك خراونەتە ژێر پاسەوانییەوە کە بەهیچ جۆرێك هەلی چالاکیی سەرکەوتوویان نییە.[٦٣٥]

وەك ئەوەی لە ڕاپۆرتی ١٢٧٤/S/٣ (١٨٥٧/٩/٢٢)ی ئەنجومەنی ڕوسچوکەوە ئاشکرا دەبێت، والیی سیلیستره لەسەر فەرمانی دەرسەعادەت فەرمانی لە لێپرسراوانی ڕوسچوك داوە دوورخراوەکان باشتر بپارێزن بۆ

ئەوەی ڕێی گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان لێ بگرن. لە ڕاپـۆرتی ئەنجوومـەنی ڕوسچوکدا هاتووە ڕێوشوێنی پێویست بـۆ ڕێگـرتن لـە هـەڵهاتنیان لەبەرچـاو گیراوە.

هاوکات مستەفا بەگ کە لەگەڵ مەحموود خانـدا دوورخرابـووەوە، داوای مۆڵەتی کرد بۆ گەڕانـەوە بـۆ نیـشتمانی خـۆی. بـەڵام "مەجلیـسی ڤـالا" لـە نامەی ١٢٧٣/S/٣دا بۆ والیی سیلیسترە دەنووسێت لەبەر ئەوەی نـاوبراو لـە بەرخودانــەوە گــلاوە و دەســتوپێوەندی مــەحموود خانــە و بــەو هۆیــەوە دوورخراوەتەوە، داواخوازەکەی ڕەت کراوەتەوە.[٦٣٦]

### مردنی مەحموود خان

مەحموود خان لە ٢٢ تشرینی دووەمی ١٢٨٢ (١٨٦٦/١٢/٤) لە ڕوسچوك کۆچی دوایـی کـرد.[٦٣٧] بـەپێی ڕاپـۆرتی ئەنجوومـەنی لیـوای ڕوسـچوك لـە ٥ کانونی یەکەمی ١٢٨٢، مەحموود خان خێزانێکی ٢٨ کەسیی لـە دوای خـۆی بەجێ هێشتووە.[٦٣٨] چـوار بـووکی مـەحموود خـان خـەڵکی ڕوسـچوك بـوون. عەلی بەگی کـوڕە گـەورەی مـەحموود خـان سـێ سـاڵ پـێش مردنـی بـاوکی مۆڵەتی سەردانی نیشتمانی وەرگرت و هەرگیز بۆ ڕوسچوك نەگەڕایەوە.

ئـەو ٦٨٢ قرووشـەی کـە وەك مووچـە دەدرا بـە مـەحموود خـان، ڕۆژی ١٢٨٣/L/٢٣ (١٨٦٧/٢/٢٨) لەگـەڵ پـارەی نانـدا یـەکخرا و کـرا بـە ١٥٧٧ قرووش. ٤٨١ قرووش لەو بڕە بۆ سەعید بەگی کوڕی خان، ١٧٢ قرووشی بـۆ کوڕێکی تری بەناوی عەبدی بەگ، ٣٤٣ قرووشی بۆ خێزانی عەلی بەگی کوڕە گەورەی خان[٦٣٩] و ٥٨١ قرووشیش بۆ ٣ خێزانی دەستوپێوەندەکان تـەرخان کرا. ئەو خێزانەی لە پاش مەحموود خان بەجێ ما، بەم جۆرە بوو؛

خێزانی سەعید بەگی کوڕی مەحموود خان:

سـەعید، زەهـرای هاوسـەری، موسـای کـوڕی، عـارف کـوڕی، خەدیجـەی کچی، سلێمانی برای، یووسفی برای، فاتمەی خوشکی، حەلیمەی خوشکی.

خێزانی عەبدی بەگی کوڕی مەحموود خان:

عەبدی، فەریدەی هاوسەری، ئیبراهیمی کوڕی.

عەلی بەگی کوڕی مەحموود خانیش کە لە بەڵگەنامەکاندا نووسراوە بە مۆڵەت چووەتەوە بۆ زێدی خۆی و هێشتا نەگەڕاتەوە، ناوی ئەندامانی خێزانەکەی بەم جۆرە ڕیز کراوە:

عەلی، موزەیەنی هاوسەری، عومەری کوڕی، ڕامیزی کوڕی، عەبدولڕەحمانی کوڕی، ئایشەی هاوسەری عەبداڵ خانی کۆچکردوو.[٦٤٠]

خێزانە بەجێماوەکانی تری دوای مەحموود خان وەك ئەحمەد و مستەفا و حوسێنی وانی و خێزانەکانیان تۆمار کراون. ناوی عەبدولعەزیز بەگی کوڕە گەورەی مەحموود خان و بەشداری بەرخودانی باوکی و ناوی عەبدولڕەحمان و عومەر لوتفی بەگ کە دوو کوڕی تری مەحموود خان بوون و ئەوی دواییان ساڵانی دواتر لە چەندین ناوچەی ئەنادۆڵ قایمقامیەتی کرد،، لەو لیستەیەدا نابیندرێت.

**بەگزادە عومەر لوتفی بەگی مەحموود خان**

عومەر لوتفی بەگی کوڕی مەحموود خان کە ساڵێك دوای دوورخستنەوەی باوکی لە تاراوگە لە دایك بوو، پاش مردنی باوکی، لە ڤارنا دەستی کرد بە کاری فەرمانبەری و پاش ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی لە (حەربی ٩٣)دا* ئەو هەرێمەی بۆ هەمیشە بەجێ هێشت، ئەم گەڕایەوە بۆ دەرسەعادەت و لە چەندین قەزای ئەنادۆڵی ناوەوە قایمقامێتی کرد. ئەوەندەی ئێمە بزانین عومەر لوتفی بەگ تاکە کوڕی مەحموود خان بووە کە لەلایەن دەوڵەتەوە دامەزرێندراوە و بە شێوەیەکی جدی کاری فەمانبەریی کردووە. بەڵگەنامەی زۆر سەبارەت بە ژیان و فەرمانبەریی عومەر لوتفی بەگ هەیە و کورتە ژیاننامەی ئەو کە دوای مردنی کراوە بە ئەرشیف سەرجەم ئەو

بەڵگەنامانە لە خۆدەگرێت.[٦٤١] بەپێی ئەو ژیاننامەیە، عومەر لوتفی بەگی کوڕی مەحموود خانساڵی ١٢٦٤ی کۆچی لە ڕوسچوك لە دایك بووە. لە بەڵگەنامەکاندا وا تۆمار کراوە کە عومەر لوتفی بەگ لە "مەکتەبی صبیان"ی ڕوسچوك و لە "مەدرەسە" خوێندوویەتی و لە پاڵ زمانی تورکیدا هەردوو زمانی فارسی و کوردیشی زانیوە. عومەر لوتفی بەگ لە ١٨٧٦/٥/٩ بوو بە سەرۆکی شارەوانیی سەنجەقی ڤارنا و لە ١٨٧٦/٣/١٤یش وەك بەڕێوەبەری ناوچەی یەنیپازاری سەر بە شومنو هاتە دامەزراندن. پاش ئەوەی ڕووس و بولگارەکان لە ١٨٧٧/٤/١٢ دەستیان بەسەر هەرێمەکەدا گرت، عومەر لوتفی بەگ لەوێ دەستی لە فەرمانبەری هەڵگرت و بۆ دەرسەعادەت گەڕایەوە. ڕۆژی ١٨٨٠/٣/١٣ بوو بە قایمقامی قەزای ئاراپسوونی سەر بە سەنجەقی نیغدە. لە ١٨٨١/١٢/١ بوو بە قایمقامی قەزای بۆر و لە ١٨٨٤/٥/١٨ "توجیە رتبە" کراوە[٦٤٢] و لە ١٨٨٥/٨/٣١ کراوە بە قایمقامی ئاڤانۆس.[٦٤٣]

لە ١٨٨٧/٨/١١ کراوە بە قایمقامی قەزای یابانئاباد[٦٤٤]ی سەر بە ویلایەتی ئەنقەرە، لە ١٨٨٩/١/٢٩ کراوە بە قایمقامی قەزای کەسکین[٦٤٥]، لە ١٨٩٢/٨/١٧ش کراوە بە قایمقامی قەزای "سوق العفچ"ی سەر بە بەسرە. عومەر لوتفی بەگ دواتر بە هۆی دۆزێکەوە لە دادگا لە ١٨٩٤/٣/١٤ لەسەر کار لابرا. پاش دوورخستنەوەی لە کار، لەسەر ڕێگای گەڕانەوە بەرەو دەرسەعادەت کۆچی دوایی کرد.

### لێخۆشبوون لە بەدرخان بەگ و نوورڵڵا بەگ

وەك دەزانرێت، بەدرخان بەگ پاش ماوەیەك لە بەسەربردنی ژیان لە تاراوگەی دوورگەی کریت لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بەخشرا.[٦٤٦] نوورڵڵا بەگیش کە لە هەمان دوورگە ژیانێکی ئاسایی بەسەر دەبرد، دەردەکەوێت زۆر دڵگران بووە بە لێخۆشبوون لە بەدرخان بەگ و بردنی بۆ دەرسەعادەت و بەخشینی پلەی میری میران پێی. هۆکاری دڵگرانبوونەکەی لێخۆشبوون لە

بەدرخان بەگ و دانی ئەو پلەیە نەبوو پێی، بگرە لەو سۆنگەیەوە بوو کە ئەمیش خۆی هاوتای ئەو دادەنا و هەمان هەڵسوکەوتی لەگەڵدا نەکرابوو. لە نووسراوی ١٢٧٤/Ca/٣ (١٨٥٧/١٢/٢٠)ی ڕەفعەت پاشای والیی ئەو سەردەمەی دوورگەی کریتەوە ئاشکرا دەبێت کە نوورڵڵا بەگ دەردی دڵی خۆی بۆ والی هەڵڕشتووە. والیی کریت دەرسەعادەت لەوە ئاگادار دەکاتەوە کە نوورڵڵا بەگ لەبەر ئەوەی لێبووردنی بۆ دەرنەچووە و خێری پێ نەکراوە، زۆر دەردەدار و خەمگینە. ڕەفعەت پاشا لە درێژەی نامەکەیدا ڕوونی دەکاتەوە کە موتەسەلیمی پێشووی هەکاری نوورڵڵا بەگ داوا دەکات وەك "بەدرخان پاشا" ئەمیش "مەزهەری لوتفی عالی" پێ بدرێت و لە ڕەوشێکی وادا دەتوانێت تەنانەت لە دوورگەی کریتیش بمێنێتەوە، چونکە بەدرخان بەگیش دوای لێخۆشبوونی و ڕێز لێنانی، بۆ زێدی خۆی نەگەڕایەوە و ئاواتی ئەوەیە لە دوورگەی کریت نیشتەجێ بێت. والیی کریت پاش ئەوەی وەڵامی ئەو نامەیەی وەرنەگرتەوە، لە ١٢٧٤/B/١٣ (١٨٥٨/٢/٢٧) نامەی دووەمی بۆ دەرسەعادەت نارد.[٦٤٧]

### نامەگۆڕینەوەکانی نوورڵڵا بەگ

نوورڵڵا بەگ پاش ئەوەی ئەنجامی ویستراوی لە هەوڵەکانی والیی کریت بەدەست نەهێنا، بە نامەی ١٢٧٥/R/٥ (١٨٥٨/١١/١١) ڕاستەوخۆ ویستی خۆی بۆ دەرسەعادەت نووسی.[٦٤٨] ئەم نامە زۆر سەرنجڕاکێشەی نوورڵڵا بەگ تا ڕادەیەکی زۆر تیشك دەخاتە سەر پەیوەندی نێوان میرە کوردەکان. ئەوەندەی ڕوون دەبێتەوە، نوورڵڵا بەگ دەنووسێت ئەو هیچ کاتێك لە دژی دەوڵەت بەرخودانی نەکردووە و بەردەوام خزمەتی کردووە و بە ناڕەوایی دوورخراوەتەوە و زۆر دلگرانە بە خەڵاتکردنی بەدرخان بەگی "چەتە". نوورڵڵا بەگ بە "بۆ خاتری ڕەسووڵەڵڵا ئەم داوایەم لەبەرچاو بگرن!" دەست پێ دەکات و دەنووسێت خۆی و باوباپیرانی لە سەردەمی "سوڵتان سلێمان خان"ەوە بەندە و کۆیلەی دەوڵەت بوون و کاتێك سوڵتان سلێمان هەرێمی

وانی فەتح کرد (ساڵی ١٥٤٨)، هەرێمی هەکاری بە خێر بە باوباپیرانی ئەم بەخشیوە و دەڵێت لەو ڕۆژەوە تا بە سەردەمی ئەم گەیشتووە، ڕاستگۆیانە خزمەتی دەوڵەتی عەلییەیان کردووە. نووروڵڵا بەگ لە درێژەی نامەکەیدا دەنووسێت کاتێك ساڵی ١٢٦٣ (کۆچی) بەرخودانی بەدرخان بەگ دەستی پێ کرد، ئەم چووەتە ڕیزەکانی سوپای ئەنادۆڵەوە و لە چارەسەرکردنی مەسەلەکەدا هاوکاری کردووە و تەنانەت عوسمان پاشای مووشیری ئەو سەردەمەی سوپای ئەنادۆڵ نیشانێکی لە (ڕوتبەی سالیسە — پلەی سێیەم) بەم بەخشیوە.

ئەم ڕیزە ددان پیێدانانە کە لە نووکی پێنووسی نووروڵڵا بەگ خۆیەوە دەرچوون، گوزارە لە هەڵوێستی میری هەکاری دەکات لە ناو هاوپەیمانیی کوردیی ساڵی ١٨٤٧دا. ئەوەتا میری هەکاری بە پێنووسی خۆی ددانی پێدا دەنێت کە لە سەروبەندی ڕاپەڕینی کوردیدا لە ساڵی ١٨٤٧ هاوپەیمانەکانی خۆی بەجێ هێشتووە و دەستەودامێنی سوپای ئەنادۆڵ بووە و خەڵاتی وەرگرتووە. هەروەها هیچ بەڵگەنامەیەکیش لەبەردەستدا نییە سەبارەت بەوەی دەوڵەت لە دوای دوورخستنەوەی نووروڵڵا بەگ دەستی بەسەر ماڵ و موڵکیدا گرتبێت. میر خۆی بریکارێکی دەستنیشان کردبوو و لە ڕێی ئەوەوە ماڵ و موڵکی خۆی لە هەکاری بەڕێوە دەبرد.[٦٤٩] میر تەنیا لە ناوچەی باشقەڵای سەر بە هەکاری ٢٥ گوندی هەبوو و لە کاتێکدا ئەم لە تاراوگە بوو، گوندەکان لەسەر شێوەی موڵکداری و میراتگری لەسەر ناوی خۆی تۆمار کرابوون.[٦٥٠]

نووروڵڵا بەگ لە درێژەی نامەکەیدا بانگەشەی ئەوە دەکات ڕەشید پاشا[٦٥١] کە لە دوای مردنی عوسمان پاشا کرا بە مووشیری سوپای ئەنادۆڵ، بۆ ئەوەی خۆی وا پیشان بدات کە لە هەرێمەکە کارێکی کردووە، بەبیانووی ئەوەی گوایە ئەم دەستی داوەتە جموجووڵی نەگونجاو، ئەو بە سوپایەکی بچووکەوە چووەتە وان و لەوێوە هێرشی کردووەتە سەر هەکاری و ئەمیش بێ ئەوەی ناڕەزایی پێشان بدات، خۆی بەدەستەوە داوە و بە فەرمانی پاشا

بە یاوەریی میرئالایەك بۆ دەرسەعادەت ڕەوانە کراوە و تەنانەت ئەم لەبەرانبەر ئەوەش نارەزایی دەرنەبڕیوە. میری هەکاری دەنووسێت پاش ماوەیەك لە بڕیاری نیشتەجێکردنی لە دوورگەی کریت، دوورخراوەتەوە بۆ "کاندیە" و گازندەی ئەوە دەکات کە سەرەڕای تێپەڕبوونی دە ساڵ هیچ شتێك لە ڕەوشی ئەمدا نەگۆڕاوە.

نوورڵڵا بەگ قسە دەباتەوە سەر بەدرخان بەگ و بەبیر دەهێنێتەوە کە ئەو ماوەیەك لەوەوبەر بەخشراوە، پلەی میری میرانی پێ دراوە، مووچەیەکی ١٤٠٠٠ قرووشیی بۆ بڕدراوەتەوە و مۆڵەتی پێ دراوە لە شوێنێك کە خۆی ئارەزووی دەکات، نیشتەجێ بێت. نورلله بەگ لە درێژەی نامەکەیدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەم خۆی لە کوردستان لە ڕووی ناوبانگ و ڕێزەوە زۆر لە بەدرخان بەگ بەرزترە و لە ڕووی دارایی و سەربازیشەوە زۆر لە سەرووی ئەوەوەیە و ئەم خۆی و باوباپیرانی هیچ کاتێك "ئەهلی خیانەت" نەبوون و هەموو کەسێك دەزانێت ئەمان لە بەرانبەر دەوڵەت بەرخودانیان نەکردووە. میری هەکاری ویستویەتی بەو ڕستانە بەبیر بهێنێتەوە کە بەدرخان بەگ لەوەو پێشتر ناپاکی لە دەوڵەتی عەلییە کردووە. نوورڵڵا بەگ شێوازی خۆی توندتر دەکات و دەنووسێت ئەگەر هۆکاری خەڵاتکردنی بەدرخان بەگ و ئازادکردنی و هێشتنەوەی ئەم بە بەندکراوی ئەوە بێت کە ئەم وەك بەدرخان بەگ "چەتەگەری" نەکردووە، ئەوا ئەم بەمە دڵگران نابێت. میری هەکاری لە بەردەوامیی نامەکەیدا ئاماژە بۆ بابەتگەلی لەو جۆرە دەکات و دەڵێت ئەم لە هەموو کەسێك زیاتر شایەنی لێبووردن و ڕێز لێنانە و چەندین جار دەپاڕێتەوە ئەمیش وەك "بەدرخان پاشا" ببەخشرێت و خێری پێ بکرێت.

لە پاش ئەو نامەیە لە "مەجلیسی خاصی فوق العادە" هەندێك لە داخوازییەکانی نوورڵڵا بەگ خرانە ڕۆژەڤەوە. بەپێی ڕاپۆرت، تاقمی نوورڵڵا بەگ لە دوورگەی کریت لە ٧ کەس پێك هاتوون. ئەوانیش بریتی بوون لە؛ نوورڵڵا بەگ، زەینەل بەگ، حەمید بەگ، میر سلێمان، میر یووسف، میر

(...ئەم ناوە لە بەڵگەنامەکەدا ناخوێندرێتەوە)، میر شەدید و عەلی ئەفەندی قەرەباشئۆغڵو. ٥٥٠٠ قرووش مووچەی نوورڵڵا بەگ کە بە بڕی جیاواز بەسەر هەمووانـدا دابـەش دەکـرا، بـڕی ٢٥٠٠ قرووشـی بـۆ زیـاد کـرا.[٦٥٢] بـەڵام وەك دەردەکەوێت داخوازەکانی تری نوورڵڵا بەگ سەبارەت بەوەی وەك بـەدرخان بەگ ڕێزی لێ بنرێت، بۆ کاتێکی دواتر دواخراوە.

وەك ئاشکرا دەبێت، نوورڵڵا بەگ لـە ئـەنجامی سـووربوون و پێداگرتنی خۆیەوە بە ویستی خۆی گەیشتووە. ساڵی ١٢٧٦ی کۆچی لە بەرانبەر هێشتا مانەوەی لە دوورگەی کریت پلەی "سەرگەورەی دەرگاوانی دەرگاهی عـالی" پێ دراوە. لـە هـەموو نووسـراوەکانی خۆیـدا و لـە نووسـراوی ٢١/Ş/١٢٧٦ی تایبەت بەو و لەو گشت نووسـراوەکانی دوای ئـەو مێـژووەدا ئـەو ناوونیـشانە بەکار هێندراوە.[٦٥٣]

## مردنی نوورڵڵا بەگ

نوورڵڵا بەگی میری هـەکاری سـاڵی ١٨٦١ لـە ئیـستانبوڵ کۆچـی دوایـی کـرد.[٦٥٤] بـەپێی بەڵگەنامەیـەك کـە مێـژووی ١٦/R/١٢٧٨ (١٨٦١/١٠/٢١)ی بەسەرەوەیە،[٦٥٥] دوای مردنی مـیر، مووچـەکەی هەڵوەشـێندرایەوە و بەسـەر خێزان و کەسە نزیکەکانیدا دابەش کرا. وەك ئاشکرا دەبێت نوورڵڵا بـەگ دوو کـوڕی هــەبووە بــەناوەکانی ئیــبراهیم بــەگ و عەبــدوڵڵا بــەگ. هــەموو کەسوکاریـشی لـە کریـت دەستبەسـەر نـەبوون. کاتێـك نـوورڵڵا بـەگ مـرد، ئیبراهیم بەگی کوڕی لە قوتابخانەی "مەکتەبی جەرییە" دەیخوێند. عەبدوڵڵا بەگی کوڕی، فاتمە و خورشید خـاتوونی هاوسـەرانی مـیر، ئەمینـە خـاتوونی خوشــکی و هاوســەرەکەی لــە شــاری ڤیــدینی عوسمــانی لــە بالکــان دادەنیـشتن.[٦٥٦] محەمـەد سـەلیم ئەفەنـدیی مـامی و بەشـێك لـە خزمـەکانی تریشی لە کاندییە[٦٥٧] دادەنیشتن. مووچەی هەڵوەشێندراوەی مـیر کـە ٨٠٠٠ هەزار قرووش بوو، بەسەر ئەوانەدا دابەش دەکـرا.[٦٥٨] نووسـراوەکانی مـانگی

Ca/١٢٧٨ی سەبارەت بە نوورڵڵا بەگ تایبەتە بە دابەشکردنی میراتی میر لە دوای مردنی لە ناو ئەندامانی خێزانەکەیدا.[٦٥٩]

### لێخۆشبوون لە عەبداڵ بەگی مویکویسی

عەبداڵ بەگ و براکانی کە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٨٥٠دا بۆ دوورگەی ڕۆدۆس دوورخرانەوە، دوای بەسەربردنی دوو ساڵ ژیان لەو تاراوگەیە نووسراوێکیان بۆ والیی جەزایەری بەحری سەفید (دوورگەکانی دەریای سپی) بەرز کردەوە و ڕایانگەیاند دەیانەوێت بەمەرجی لێبووردن خۆیان لە سوپای عوسمانیدا ناونووس بکەن.[٦٦٠] والیش بە یاداشتی ١١/Ş/١٢٦٨ (١٨٥٢/٥/٣١) دەرسەعادەتی لەو داخوازە ئاگادار کردەوە.[٦٦١] ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی "مەجلیسی ڤالا" کە مێژووی ٢٨/Ş/١٢٦٨ (١٨٥٢/٦/١٧)ی بەسەرەوەیە و سەبارەت بەو بابەتەیە و ئاڕاستەی سەرلەشکر پاشا کراوە، بەم جۆرەیە؛[٦٦٢]

"یاداشتی حەزرەتی دەولەتلی پاشای والیی جەزایەری بەحری سەفید سەبارەت بەو نووسراوەی کە عەبداڵ بەگی خزمی مەحموود خان و سێ برای کە ئێستا لە ڕۆدۆس نیشتەجێن و تیایدا داوا دەکەن لە مولکی عەسکەری دابمەزرێندرێن، درا بە ''مەجلیسی ڤالا''، تاوتوێ کرا و بەمەبەستی خستنە بەردەستی فەرماندەییی سوپا هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەماندا نێردرا."

بڕیاری "مەجلیسی ڤالا" لە فەرماندەییی سوپا تاوتوێ کرا و بە گونجاو زانرا. بەڵام هەوڵی عەبداڵ بەگ بۆ ڕزگاربوون لەو ڕێیەوە یەکسەر ئەنجامی لێ نەکەوتەوە. لە ڕاپۆرتی ٤/Za/١٢٦٨ (١٨٥٢/٨/٢٠)ی "مەجلیسی ڤالا"دا[٦٦٣] هاتووە لەبەر ئەوەی ناوبراو هێشتا ڕاستگۆییی خۆی بەتەواوی نەسەلماندووە، چوونی بۆ زێدی خۆی یان ناوچەکانی دەوروبەری زێدی خۆی مەترسیدار دەبێت.

وەك ئەوەی لە ڕاپۆرتی ٤/Ş/١٢٧٠ (١٨٥٤/٥/٢)دا دەردەوکەوێت[٦٦٤]، عەبداڵ بەگ توانیویەتی بەو ڕێگایە لە دوورخستنەوە ڕزگار ببێت و

بەخشراوە و لە ئالای سێیەمی سوارەی سوپای هەمایۆنی دەرسەعادەت دامەزرێندراوە.

عەبدالْ بەگ پاش ماوەیەك مۆڵەتی وەرگرت بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان بە خێزانەوە و دیسان لە مویکویس و کاڤاش لە بواری مەدەنیدا کاری بەڕێوەبەرایەتی کرد. بە یاداشتی ١٢٧٧/Z/٢١ (١٨٦١/٩/١٤) کە ئاڕاستەی رەسوولْ پاشای[٦٦٥] موتەسەڕیفی وان و هەکاری و نەزارەت (وەزارەت)ی دارایی کرا،[٦٦٦] محەمەد ئاغای بەڕێوەبەری قەزای کاڤاش لەسەر کار لابرا و بڕیار درا لە ڕووی ڕەسەنایەتییەوە ئەو ئەرکە بدرێت بە عەبدالْ بەگی خانەدان و جێگری بەڕێوەبەری مویکویس.

### لێخۆشبوون لە ئێزدین شێر بەگ

یەزدانشێر و مەنسوور بەگی برای و ئەوانەی کە لەگەڵیاندا بوون و بۆ ڤیدین دوورخرابوونەوە، لە مانگی مایسی ساڵی ١٨٦٥دا تەواوبوونی ماوەی سزادانیان پەسەند کرا و لێبووردنیان بۆ دەرچوو. بەڵام قەدەغەی سەر گەڕانەوەیان بۆ کوردستان بەردەوام بوو. لەسەر داخوازی والیی ویلایەتی تونا خزمەتەکانی پێشووی ئێزدین شێربەگ و مەنسوور بەگی برای و کەسەکانی نزیکیان ڕەچاو کرا و بڕیار درا بە مەرجی مانەوەیان لە سنووری ویلایەتدا لە کاروباری مەدەنیدا بێنە دامەزراندن. شێربەگی میری پێشووی ناوچەی شیرڤانی کوردستان وەك یەکەم کەسی ئەو گرووپە کرا بە بەڕێوەبەری قەزای ڕاهۆڤای سەر بە ڤیدین.[٦٦٧] ئێزدین شێربەگ کە مۆڵەتی دوورکەوتنەوە لە ویلایەتی تونای پێ نەدرا، دەردەکەوێت لە ساڵانی دواتردا ناوونیشانی پاشایەتیی وەرگرتووە. بەپێی بەڵگەنامەی ١٣٠٣/B/٢٠ (١٨٨٦/٤/٢٥) (ئێزدین شێر پاشای سەر بە ئومەرای ئەکراد — میرانی کورد) بە مووچەیەکی ٢٢٥٠ قرووشی و مەنسوور بەگی برای بە مووچەیەکی ١٢٥٠ قرووشی لە دارایی سەنجەقی ڤیدین دامەزرێندراون.[٦٦٨]

## پەراوێزەکانی بەشی ١

١) واتای بەگەکانی کورد، یان ئەمیرەکانی کورد دەگەیەنێت.

٢) وشەی دەرسەعادەت لە نووسراوەکانی ئەو سەردەمەدا بە واتای ئیستانبوڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی بەکار هێندراوە.

٣) ئەو نووسراو و نامانە لە پاش سەرکوتکردنی بەرخودانەکان لای میرەکانی کورد دەستیان بەسەردا گیراوە و ڕەوانەی دەرسەعادەت 'ئیستانبوڵ' کراون و وەك بەڵگەنامەکانی تر ئەرشیڤ کراون و بەو جۆرە گەیشتوونەتە سەردەمی ئەمڕۆمان.

٤) هەرچەندە ئەدەبیاتی زارەکیی کورد گەیشتن بە زانیاری سەبارەت بە سەردەمە جیاوازەکان مسۆگەر دەکات، بەڵام بەشی ئەوە ناکات بابەتەکان لەسەر بناغەیەکی زانستی ڕێك بخات. جگە لەوە، بە تێپەڕبوونی ساڵان ئەو داستانە میللییانە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و هەر ڕێسایەکی بنیاتنراو لەسەر ئەو زانیارییانە، بخوازین و نەخوازین، ڕێی بۆ ڕوودانی هەڵە خۆش کردووە.

٥) نەزمی سەڤگەن تاکە نووسەرە کە ساڵانێکی درێژ سوودی لە ئەرشیڤی عوسمانی وەرگرتووە. ژەنەراڵی خانەنشین نەزمی سەڤگەن لە زنجیرە نووسینێکدا بە ناوونیشانی 'تورکە کوردەکان' کە بە بەڵگەنامەوە لە گۆڤاری مێژووی تورکدا بڵاوی کردووەتەوە، بەڵگەنامەکانی ئەرشیڤی عوسمانیی وەك سەرچاوە پێشان داوە و ئەمەش بووە بە سەرچاوە بۆ چەندین لێکۆڵەری تر لە دوای ئەو. هەڵوێستی مەبەستدار و لایەنگری سەڤگەن کاریگەری بەسەر لێکۆڵەرانی دوای خۆیەوەش هەبووە.

٦) وەك ئەوەی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە بەردەوامیی ئەم کتێبەدا دەبیندرێت، میری کورد مەحموود خان و نوورڵڵا بەگی هەکاری کە هەردووکیان مۆری خۆیان لە قۆناغی ١٨٣٤–١٨٤٧ داوە، یەکەمیان لە ١٨٦٦ و ئەوی تریان لە ١٨٦١ کۆچی دوایی کردووە. بەدرخان بەگ ساڵی ١٨٥٧ لێبووردنی بۆ دەرچووە و ناسناوی پاشای پێ دراوە. ئێزدین شێر بەگی جزیرەییش ساڵی ١٨٦٥ لێبووردنی بۆ دەرچووە و پاشان ئەویش ناسناوی پاشایەتیی وەرگرتووە. بەم جۆرە بە مردنی میرێکی کوردی وەك مەحموود خان و دەرچوونی لێبووردن بۆ ئەوانی تریان و کردنیان بە لێپرسراوی فەرمی لە سوپای عوسمانیدا و بە گۆڕینی ویلایەتی کوردستان کە وەك ئەنجامی بەرخودانی ساڵی ١٨٤٧ هاتبووە دامەزراندن، بۆ ویلایەتی دیاربەکر لە ساڵی ١٨٦٧دا، بە شێوەیەکی فەرمی کۆتایی بە سەردەمێك هات.

٧) ئەم پەیماننامەیە تا ساڵی ١٧٢٢ کاری پێ کرا و هەرچەندە ساڵی ١٧٢٣ لەگەڵ هەڵگیرساندنی شەڕی عوسمانی و ئێراندا هەڵپەسێردرا، بەڵام لە ساڵی ١٧٤٥وە سەرلەنوێ خرایەوە بواری کار پێکردن.

٨) ئـەولیا چـەلەبی، سـەیاحەتنامە، وەشـانخانەی ئوچـدال، بـەرگی ٤، ل ٤٧٣، (بـە زمـانی تورکی).

٩) بەگایەتییەکانی کورد.

١٠) لە کتێبی شەرەفنامەی شەرەفخانی بتلیسیدا چەندین وردەکـاری سـەبارەت بـە ١٥٠ سـاڵی سەرەتای پەیوەندیی کورد و عوسمانی دەبیندرێت.

١١) بڕوانە: مەم و زین، ئەحمـەدیٚ خـانی، وەرگێڕانـی: م. ئـەمین بۆزئەرسـەلان، وەشـانخانەی حەساد، ١٩٩٠، ئیستانبوڵ، (بە زمانی تورکی).

١٢) لە سەردەمی عوسمانیدا زۆرینەی کوردەکان بە تورکەکانیان گوتووە 'رۆم' و دواتر لە BOA. FON KODU: HATشدا بەهەمان شێوە تۆمار کراوە و ئـەم وشـەیە تـا ئێـستاش لـە بەسەرهات و فۆلکلۆری کۆنی کوردیدا هەبوونی خۆی پاراستووە.

١٣) لەم سەردەمەدا هەمان شارە بە هەمان ناوەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

١٤) لەم سەردەمەدا هەمان قەزایە بە هەمان ناوەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

١٥) لەم سەردەمەدا هەمان قەزایە بە هەمان ناوەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

١٦) ناوی ناوەندی هەرێمی هەکارییە.

١٧) لەم سەردەمەدا دەڤەرێکی باتمان و سیرتە.

١٨) لەم سەردەمەدا قەزای شیرڤانی سەر بە سیرتە.

١٩) لەم سەردەمەدا قەزایەکی پارێزگای وانە و بە فەرمی ناوی باخچەسەرایە. لە ناو کورددا بـە (میکس، موکسی، موسکی)یش ناو دەبرێت.

٢٠) بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە بەگایەتیی مویکویس بڕوانە: سـینان هاکـان، مێـژووی مـیرە کوردەکانی مویکویس و مەحموود خان، وەشانخانەی پەری، ٢٠٠٢، ئیستانبوڵ. (بە زمـانی تورکی).

٢١) دەکرێت بگوترێت بـە ڕاگەیانـدنی 'تـەنزیمات' و کاریگـەریی دواتـری لـە کوردسـتان، بـای گۆڕانکاریی هەڵکردوو لە ئەورووپاوە کوردستانیشی گرتەوە.

٢٢) لــە گەلــە دێرینــەکانی کوردســتانن و وەك دواتــریش ڕوونــی دەکەینــەوە، بــەهۆی مەزهەبەکەیانەوە بە نەستووری ناسراون.

٢٣) لە ڕاستیدا بەرخودانی عەبدولڕەحمان پاشای بابانیش کـە لـە باشـوور ڕووی دا، ئەگەرچـی هاوتای ئەم بوویەرەیە گرنگە، بەڵام پێویستە بەتەنیا بگیرێتە دەست و ئێمە خستوومانەتە دەرەوەی ئەم کتێبە.

٢٤) BOA. FON KODU: HAT D. No: 468 G. No: 22871

٢٥) BOA. FON KODU: HAT D. NO: 452 G. No: 22871 ڕاپـۆرتی عـەلی پاشـای سیواس لە ١٢٣٢/R/٥ (١٨١٧/٢/٢٢)

٢٦) BOA. FON KODU: HAT D. NO: 452 G. No: 22393 ڕاپۆرتی جەلالەدین پاشای والیی ئەرزەڕۆم لە ١٢٣٢/N/٢٤ (١٨١٧/٨/٧).
٢٧) بە ئەگەری زۆر دەبێت قەڵای ساتمانیس بێت.
٢٨) ئەم گوندانە لەم سەردەمەشدا شوێنی نیشتەجێبوونن.
٢٩) BOA. FON KODU: HAT D. No: 451 G. No: 22363-B 25 M 1233 (4/12/1817)
٣٠) لەم سەردەمەدا یەریڤانی پایتەختی ئەرمەنستانە.
٣١) BOA. FON KODU: HAT D. No: 452 G. No: 22395-B
